# تەفسیری زادی

## خواناسی لە سورەتی «فاتیحە»

# تەفسیری زادی

## خواناسی لە سورەتی «فاتیحە»

نووسینی: کرێکار

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسینگەی تەفسیر

چاپی یەکەم ٢٠٢٥ز- ١٤٤٦ك

**نوسینگەی تەفسیر**

بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن

هەولێر ـ شەقامی ٣٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی

+964 750 818 08 65

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

tafseeroffice \

ئامادەکردنی پێڕست - نووسینگەی تەفسیر

کرێکار، نجم الدین فرج أحمد

تەفسیری زادی خواناسی لە سورەتی «فاتیحە»، نجم الدین فرج أحمد (کرێکار) (نووسەر)،

٤٥٦ لاپەڕە

١٧* ٢٤ سم

بابەت: تەفسیری قورئان، سورەتی فاتیحە

ISBN: 978-9922-733-77-7

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارە سپاردنی ( ١٠٦٩)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

"بیروبۆچوونی ئەم کتێبە، مەرج نییە هەمان بیروبۆچوونی نووسینگەی تەفسیر بێت."

دیزایین: نووسینگەی تەفسیر

# تەفسیری زادی

## خواناسی لە سورەتی «فاتیحە»

کرێکار

بسم الله الرحمن الرحيم

الْحَمْدُ للهِ نَحْمَدُه ونستعينُه، ونستغفرُه، ونعوذُ باللهِ من شرورِ أنفسِنا، ومن سيئاتِ أعمالِنا، مَن يَهْدِه اللهُ فلا مُضلَّ له، ومَن يُضْلِلْ فلا هاديَ له، وأشهدُ أن لا إله إلا اللهُ وحدَه لا شريكَ له، وأشهدُ أنَّ مُحَمَّدًا عبدُه ورسولُه.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ (النساء: ١).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ (آل عمران: ١٠٢).

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ (الأحزاب: ٧٠ - ٧١).

أما بعدُ، فإن خيرَ الحديثِ كتابُ اللهِ وخيرَ الهدي هديُ محمدٍ صلَّى اللهُ عليهِ وسلَّمَ وشرَّ الأمورِ محدثاتُها وكلَّ بدعةٍ ضلالةٌ وكلَّ ضلالةٍ في النارِ.

اللَّهـمَّ لَـكَ الحمدُ أنتَ ربُّ السَّـموات والأرضِ ومـن فـيهنَّ، ولَـكَ الحمدُ أنـتَ قيُّومُ السَّموات والأرض ومن فيهنَّ، ولَكَ الحمدُ أنَتَ نور السَّموات والأرض ومن فيهنَّ، أنتَ الحَقُّ، وقولُكَ الحقُّ، ووعدك حقٌّ، والجنَّةُ حقٌّ، والنَّارُ حقٌّ، والنَّبيُّـونَ حقٌّ، ومحمَّدٌ حقٌّ، اللَّهمَّ لَكَ أسلمتُ، وبكَ آمنتُ، وعليْكَ توَكَّلتُ، وإليْكَ أنَبتُ، وبكَ خاصَمتُ، وإليْكَ حاكمتُ، فاغفِر لي ما قدَّمتُ وما أخَّرتُ، وما أسررتُ وما أعلَنتُ، أنتَ إلَهي لاَ إلَهَ إلَّا أنتَ.[1]

تێبینی: که له پەراوێزدا لەنێوان دوو کەوانە نووسراوە (ت)، واتە: نووسینگەی تەفسیر.

---

[1] أخرجه البخاري (٧٤٩٩)، ومسلم (٧٦٩) باختلاف يسير.

### تەفسیری سورەتی «فاتیحە»[(١)]

**الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على رسوله الأمين (محمد) وعلى آله وصحبه أجمعين..**

## ناوی سورەتەکە:

ئیمامی سیووتی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبی (الإتقان في علوم القرآن)ەکەیدا بیست و قسوور ناوی بۆ ئەم سورەتە مەزنە هێناوەتەوە کە دیارە هەندێکیان نازناو (لەقەب)ن و هەندێکی تریان وەسفی سیفەتی سورەتەکەن.

لەناو قورئانەوانان (القراء)دا باو بووە، سورەتەکە وا ناو ببرێت، بەڵام ئەو ناوانەی لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوون، سێ دانەن: (فاتحة الكتاب) و (السَّبعُ المَثاني) و (أمُّ القرآن)، یان (أمُّ الكتاب)، ئێمەش هەر ئەم سێ ناوەی باس دەکەین.

١. **(فاتحة الكتاب):** فەرموودەی زۆر هەیە کە ئەم سورەتە بەم ناوەیەوە باس دەکات:

- بوخاری و موسلیم لە عوبادەی کوڕی سامیت «عبادة بن صامت»ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (لا صَلاةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرأ بِفاتحة الكتابِ).

واتە: "نوێژی هیچ کەسێک دروست نابێت، ئەگەر سورەتی «فاتیحە»ی تێدا نەخوێنرێت."

---

(١) هەندێک کورد دەڵێن: «فاتیحا»، پێم وایە هەڵەیە، کورد زۆر جار «کەسرە» دەکات بە «یاء» و (التاء المدورة/ هائی کۆتایی وشە) دەکات بە ئەلیف.

▪ «فـاتیحە»، نـاوێکی ئەوەنـدە بەناوبانـگ و بەربـڵاوی سـورەتەکەیە کە وەکوو تاکە ناوی لێ هاتووە.

(الفاتحـة) لە ڕووی زمـانەوانییەوە لە (الفتح)ـەوە وەرگیـراوە کە کـرداری ڕابردووەکەی: (فَتَحَ/ يَفْتَحُ، فَتحاً وهو فاتح وذلك مفتوح).

(الفَـتح): لابردنـی بەربەسـتی چـوونە ژوورەوەی جێگـایەکە کە دەخوازرێـت بچنە ناویەوە، مانای شێوازی داڕشتنەکەی ئەوەیە کە وەسفکراوەکە بەربەست لادەدات و ڕێ دەکاتەوە.. بۆ دەستپێکی ڕەفتـار: «گوفتـار و کـردار» بەکاردێت کە وەکوو کردنەوەی دەرگایەک دەبێت بۆ چوونە ژوورەوەی جێگایەک.

▪ هەنـدێک زمـانەوان و ئەهلی تەفسـیر فەرموویـانە: (الفاتحـة) لە ئەسـڵدا هەر بە مانـای (الفتح)ـەکەیە، وەکـوو (الكاذبـة) کە بە مانـای (الكـذِب)، یـان (الباقية) بە مانای (البقاء)ە، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَهَلۡ تَرَىٰ لَهُم مِّنۢ بَاقِيَةٖ ٨﴾ (الحاقة: ٨).

واتە: "بزانە کەسیان لێ دەبینیت مابێتەوە؟!" یان (الطاغية) کە ئیبنو عەبباس (خوا لێیـان ڕازی بێـت) فەرمـووی: (الطغيان)ـە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿فَأَمَّا ثَمُودُ فَأُهۡلِكُواْ بِٱلطَّاغِيَةِ ٥﴾ (الحاقة: ٥).

واتە: بەڵام (سـەموود)، قەومـی سـەییدنا ساڵح (سـەلامی خوای لەسـەر بێت) ئەوە بەو هاوارە تۆقێنەرە فەوتان کە لە سنوور دەرچوو بوو.. ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) فەرمووی: (بطغيانهم)، واتە: بە لە سنوور دەرچوونیان.

هەروەها (الحاقة) بە مانای: (الحق) و (الخاطئة)، بە مانای: (الخطأ)ە.

- (الفاتحـة)، چـونکە لەسـەر وەزنـی (الفاعلـة)یە، چاوگی (الفتح)ـە دەشێت

(مفعول) بێت و بە مانای دەستپێکی ئەنجامدانی ڕەفتار بێت، یان ناوی بکەر (اسم فاعل)ە و بە مانای یەکەمین شت دێت وەکوو پاڵنەری کردنەوەی دەرگا.

ئەسڵەکەشی (فاتِحُ الكتاب)ـە، (هاء التأنيث)ـەکەی چووەتە سەر، تا لە (وەسف)ـەوە بیگۆڕێت بۆ «ناو»، وەکوو تەفتازانی لە شەرحی (الكشاف)دا فەرموویەتی: کە بۆ مێیینەیی (التأنيث) نییە، وەکوو: (الغائبة و العافية و العاقبة) و هاوشێوەیانە، هەر وەکوو دەڵێن: (فلان خاتمة العلماء).

واتە: فلان زانا کۆتایی زنجیرەی زانایانە، پەیوەندیی بە (تأنيث)ەوە نییە.

- بە هەر یەکێک لەو دوو لێکدانەوەیە، (فاتحة) وەسفە دەستپێکی قورئانی پێ وەسف کراوە کە ئیزافە کراوە بۆ (الكتاب) و بوو بە: (فاتحة الكتاب)، هەرچەند زاراوەکە لێکدراوە و دوو وشەیە، بەڵام بە زاڵبوونی بووە بە یەک ناو بۆ سورەتەکە..

- کە وا بوو: (فاتحة الكتاب) دەستپێکی قورئانخوێندنە بۆ ئەو کەسەی کە قورئان لە سەرەتایەوە دەخوێنێت.

- کە دەوترێت: بۆیە پێی وتراوە: (فاتحة الكتاب)، چونکە یەکەمین سورەتە کە هاتووەتە خوارەوە، پێ ناچێت ئەم بۆچوونە پێکابێتی، چونکە لە هەر دوو سەحیحی: بوخاری و موسلیم و لای ئەوانی تریش، فەرمودەی سەحیح هەیە کە دەفەرموێت: یەکەمین ئایەت و سورەت هاتە خوارێ: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ﴾ (العلق: ١) بوو.

- دەوترێت: (سورەتی فاتحة الكتاب) بە ئیزافەکردنی ناوی گشتی، (سورەت)ـە بۆ ناوێکی تایبەتی کە (فاتحة الكتاب)ـە و ئاشکرایە چەند ئایەتێکی دیاریکراوی قورئانە، بە (الحمد لله) دەست پێ دەکات و بە (الضالين) کۆتایی دێت.

- نووسەرانی قورئانیش بە نووسینی سورەتی «فاتیحە»، دەستیان بە نووسینەوەی قورئان کرد.

«فاتیحە» دەستپێکی قورئانخوێندنی ناو نوێژیشە.

لە سەردەمی وەحییەوە ناوی «فاتیحە» بەم سورەتە پیرۆزەوەیە.

- یاوەرە نووسەرەکانی وەحی کە بۆ یەکەمین جار هەموو قورئانیان نووسییەوە، لەوەدا یەکڕا بوون کە سورەتی «فاتیحە» بکەن بە یەکەمین سورەتی دەستپێکی قورئان.

ئەو نووسخانەی ئەوان، بوو بە «قورئانی ئیمام» کە هەموو جارێک و تا ئێستا لەبەر نووسخەی ئەو قورئانە ئەسڵییانە، قورئان دەنووسرایەوە کە لای «خەلیفە» دەبوو.

**٢ - (السَّبعُ المثاني):** ئەم ناوەش هەر بە بەڵگە سەلمێنراوە.

- ئیمامی بوخاری لە سەعیدی کوڕی موعەللا «سعيد بن المعلا»وە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ( «الحمد لله رب العالمين» **هي السبع المثاني والقرآنُ العظيمُ الذي أُوتيتُهُ** ).

واتە: "سورەتی (الحمد لله رب العالمين)، هەر سورەتی حەوت ئایەتە پاڵ یەکدراوەکانە کە لەگەڵ قورئانی مەزندا پێم بەخشراوە."

- ئیمامی ئیبنو کەسیر لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت: ئەوە ڕاستە کە پێی وتراوە: ﴿السَّبْعُ المثَاني﴾، چونکە لە هەمووکاتێکی نوێژدا دەخوێنرێت.

- ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتێکی لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) هێناوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەربارەی (أُمُّ القرآن) فەرمووی:

**.(هي أمُّ القرآن، وهي السَّبعُ المثاني، وهي القرآن العظيم).**

واتە: "سورەتی «فاتیحە»، «أمُّ القرآن» و «السَّبعُ المثاني» و قورئانی مەزنە."

- ئیمامی ئیبنو جەریر لە تەفسیرەکەیدا ڕیوایەتێکی، هەر لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) هێناوە کە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: **(هي أمُّ القرآن، وهي فاتحة الكتاب وهي السَّبعُ المثاني)..**

- ئیمامی زەمەخشەری لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت: "سورەتەکە ناوی تریشی هەیە، لەوانە: (الكنز، الوافية، سورة الحمد، سورة الصلاة)."

- «سەعلەبی» دەفەرموێت: "سوفیانی کوڕی عویەینە دەیفەرموو: (فاتحة الكتاب: الوافية)یە."

- بەیهەقی ڕیوایەتی لە (سەییدنا عەلی و ئیبنو عەبباس و ئەبو هورەیرە)وە (خوا لێیان ڕازی بێت) هێناوەتەوە کە دەستەواژەی: (سَبْعاً من المثاني)یان بە سورەتی «فاتیحە» لێک داوەتەوە.

- وەسفی بە (المثاني): (المثاني) لەسەر وەزنی (مفاعل)ە و کۆی (مُثَنَّى)یە، واتە: (دوان/ دوانە، جووت)، یان (مُثْنى) کە سووکەڵەی (مُثَنَّى)یە، یان (مَثْنى)ی سووکەڵەی (مَثنى)یە؛ وەکوو (مَعْنى)ی سووکەڵەی (مَعني) هەمووشیان، هەر بە مانای بە «دوان» کردنە کە یەک شت دەخرێتە پاڵ شتێکی تر، وەکوو پێنووسی دووەم دەخرێتە پاڵ پێنووسی یەکەم، پێنووسی سێیەم دەخرێتە پاڵ پێنووسی دووەم و... هتد.

- بۆیە سورەتی «فاتیحە» بە (المثاني) وەسف کراوە، لەبەر ئەوەی ئایەتەکانی بە ڕیز لە نوێژدا دەخوێنرێن و لە هەموو ڕکاتێکدا دووپات دەکرێتەوە.

**٣ - (أمُّ القرآن) و (أمُّ الكتاب):** ئەم ناوەشی هەر بە فەرموودە سەلمێنراوە.

- ئیمامی بوخاری له صحیحه‌كه‌یدا (كتاب الطب)، لاپه‌ڕه ٢٢٠، ژماره (١٩)، له ئه‌بو سه‌عیدی خودرییه‌وه كه:

پێیان وتووه: (أمّ القرآن)، وه‌كوو دایكێكیان حسێب كردووه كه ئه‌سڵی منداڵه‌كه‌یه‌تی.

- له فه‌رمووده‌ی سه‌حیحدا هاتووه كه پێغه‌مبه‌ری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فه‌رمووی: (**كُلُّ صَلاةٍ لَمْ يُقرأ فيها بأمِّ القرآن فهي خِداجٌ**).[١]

واته: "هه‌ر نوێژێک (أمُّ القرآن)ی تێدا نه‌خوێنرێت، ئه‌و نوێژه كه‌لێنی تێ كه‌وتووه و نوقسانه."

- قورئانه‌وانان و ئه‌هلی ته‌فسیر، سێ بۆچوونیان له ناونانی سوره‌تی «فاتیحه»دا به (أمُّ القرآن) هه‌بوو:

یه‌كه‌م: له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌ستپێكی نووسینه‌وه و خوێندنه‌وه‌ی قورئانه و وه‌كوو ئه‌سڵ وایه بۆ هه‌موو قورئان، هه‌ر وه‌كوو دایک كه ئه‌سڵی په‌یدابوونی منداڵه‌كانییه‌تی، بۆیه ئه‌هلی ته‌فسیر فه‌رموویانه كه: "سوره‌تی «فاتیحه»ش وه‌كوو دایكه بۆ سوره‌ته‌كانی تر له‌و لایه‌نه‌وه كه پێشتره و سه‌ره‌تای سوره‌ته‌كانی قورئانه."

دووه‌م: ناوه‌ڕۆكی سوره‌ته‌كه هه‌موو مه‌به‌سته‌كانی قورئانی پیرۆزی له خۆ گرتووه، له: عه‌قیده و عیباده‌ت و شه‌ریعه‌ت، له په‌روه‌ردگاریێتی و خوایه‌تی و ناو و سیفاتی خوای گه‌وره و حاكمێتی و ده‌سه‌ڵاتی ڕه‌های ئه‌و.. له ستاییشكردنی خوای گه‌وره و به دوور گرتنی له هه‌موو كه‌موكورتی و نوقسانییه‌ک، له سه‌لماندنی تاكی و پاكیی خوای گه‌وره و سه‌لماندنی زیندووبوونه‌وه و ڕۆژی دوایی و حه‌شر و حساباتی، هه‌روه‌ها له فه‌رمان و به‌رهه‌ڵستی و به‌ڵێن و هه‌ڕه‌شه‌كانی..

---

(١) أخرجه مسلم وأبوداود والترمذي والنسائي وإبن ماجه وأحمد عن أبوهريرة. (ت).

هەمـوو واتاکـانیش جەخـت لە هەوڵـدانی عەبـد دەکەنەوە، تـا سـەرفرازی و بەختەوەری هەر دوو دنیای بەدەست بهێنێت کە بە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و توخن نەکەوتنی بەرهەڵستییەکانی دەبێت.

ئەم فەرمـان و بەرهەڵسـتییەش لەو سـیفەتەیەوە دێـت کە خـوای گەورە، کردگـارە و خـاوەنە و هەر خـۆی مـافی بێسـنووری ئەو فەرمـانکردن و بەرهەڵستیکردنەی هەیە.

بـوونی خـوای گەورە و یەکبـوونی، بەڵگەنەویسـتن. ئەو عەبـدانەی بە سیفەتەکانی تەوحیدییەوە دەیناسن و دەیپەرستن و بەشەریعەتەکەیەوە پابەند دەبن و ڕەفتار و ڕەوشتی خۆیان لەسەر ڕێسا ڕەوشتییەکان و هیی پێغەمبەران (سـەلامی خوایـان لەسـەر بێـت) و یاوەرانیـان دادەڕێـژن کە شـایانی نیعمەتـی هیدایەتدانی زۆرتر و ڕێز و نازی زۆرتر و پاداشتی چاکی قیامەت دەبن.

بە پێچەوانەشەوە، ئەوەی سەرکەش و یاخی دەبێت و گوێ بە وەحی نادات و خـوای گەورە بە ڕاسـت و دروسـت و ڕەوایـی ناناسـێت و ناپەرسـتێت و بەشـەریعەتەکەیەوە پابەنـد نابێت و دەروونـی نەخۆش و بەرەڵـڵا و لاسـەنگ و لاسار دەبێت، ئەوە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا سزای دەدات.

جا هەر وەک چۆن سورەتی ئیخلاس (قُلْ هو الله أحد) سێیەکی قورئـانە، هەر وەک لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە: ئیمامی ئەحمەد و نەسائی لە (اليوم والليلة) و ئەبو عوبەید لە (الفضائل)ەکەیدا و ئیبنو مەنیع و موحەممەدی کوڕی نەصر و ئیبنو مەردەوی لە ئوبەی کوڕی کەعب «ابي بن كعب»ەوە (خوا لێـی ڕازی بێـت) دەگێـڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) فەرمـووی: (مَنْ قرَأَ ﴿قُلْ هو الله أحد﴾ فكأنَّها قرأ ثُلثَ القرآن).

واتە: "هەر کەسێک (قل هو الله أحد) بخوێنێت، وەکوو ئەوەیە کە سێیەکی قورئانی خوێندبێت." هەر وەک چۆن ئەم سورەتە ئاوایە، سورەتی «فاتیحە»ش (أم القرآن)ە، چونکە ئەو هەموو تەوەر و باسە گرنگانەی تێدایە.

**سێیەم:** واتاکانی سورەتی «فاتیحە» و ئاماژەکانی، سەرجەم ماناکانی قورئانی تێدایە لە لایەنی: ئەحکامە کردەوەییەکانەوە، چونکە واتاکانی قورئان، یان زانستییەکن کە دەبێت بزانرێن، یان کۆمەڵێک ئەحکامی شەرعن کە دەبێت لە واقیعی کردەوەییدا بخرێنە کار.

زانستییەکان وەکوو: تەوحید و پێغەمبەرێتی و زیندووبوونەوە و باسەکانیان کە بە ئامۆژگاری و ڕێنیشاندان و پەند و چیرۆک و گێڕانەوەی بەسەرهات دەربڕاون، یان ئەحکامەکانی شەرعن، وەکوو: پەرستنەکان و سەودا و مامەڵە و... هتد، یان پارسەنگکردنی ڕەفتارن بەپاڵفتەی دەروون (تەزکییەی نەفس) و ئاداب و مافەکان.

سورەتی «فاتیحە» هەموو ئەم تەوەر و باسانەی تێدایە:

- هەموو ناو (اسم)ـەکان کە لە ئایەتە سەرەتاییەکانی «فاتیحە»دا هاتوون، وەکوو: (الحمد) و (رب العالمین) و (الرحمن الرحیم) و (مالك یوم الدین)، ڕێساکانی عەقیدە و خواناسی ڕوون دەکەنەوە؛ (إیاك نعبد) و (إیاك نستعین)یش نییەتی خواویستی و پابەندبوون و ڕاپەڕاندنی شەریعەتەکە ڕوون دەکەنەوە.

عیززەددینی کوڕی عەبدولسەلام «عزالدین بن عبدالسلام» (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە بە «سلطان العلماء» بەناوبانگە، لە کتێبەکەیدا (حَلُّ الرموز ومفاتیح الکنوز) دەفەرموێت: "ڕێبازی خواویستی، ڕواڵەت (ظاهر) و ناخ (باطن)ی هەیە؛ ڕواڵەتەکەی: پابەندبوونە بە شەریعەتەکەیەوە، ناخەکەشی (کە ڕەفتاری دڵە): زانینی حەقیقەتە، مەبەستیش لە «شەریعەت» و «حەقیقەت»: پیادەکردنی خواپەرستییە بەو شێوازەی کە لە عەبد داوا کراوە.

هەموو ڕێسا و یاسای شەریعەت و حەقیقەتەکەش وا لە ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾دا، چونکە ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ﴾ شەریعەتەکەیە و ﴿وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾ حەقیقەتەکەیە."

. ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ هەموو بارودۆخێکی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، لە: خواپەرستن و سەودا و مامەڵە و داب و ئاداب و... هتد، ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾ئاماژەیە بۆ بارودۆخی تاک و کۆی قەومە گومڕاکان و چارەنووسیان!

چیرۆک و بەسەرهات و باسی دید و بزاوت و هەڵوێستیانە لە وەحی. باسی گومڕایی و سەرگەردانی و نەفامییانە کە قورئان بە تەفسیلْ باسیان دەکات.

لەم ڕوانگەیەوەیە کە دەوترێت: قورئانی پیرۆز بە شێوەیەکی گشتی وەڵامی هەموو پێداویستییەکانی تاک و کۆی مرۆڤی هەموو کات و هەموو شوێن و نەوەیەک دەداتەوە. لەبەر ئەوەیە کە خوێندنی سورەتی «فاتیحە» لە هەموو ڕکاتێکی نوێژدا فەرزە، تا بەردەوام یادەوەریی موسوڵمانان بێت کە ئەمە دید و ڕێی خواویستییە و ئەوەش ماف و ئەرک و پاداشت و سزاتانە..

## ژمارەی ئایەتەکانی سورەتی «فاتیحە»:

- بە کۆڕای قورئانەوانان و زانایان و شەرعناسان، ژمارەی ئایەتەکانی سورەتی «فاتیحە» حەوتە.

ئیبنو کەسیر لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت: "ئیمامی قورتووبی فەرموویەتی: ئوممەت لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە ژمارەی ئایەتەکانی سورەتی «فاتیحە» حەوتن، بەڵام ئەوەی کە حوسەینی جەعفی فەرموویەتی: ئایەتەکان شەشن، یان ئەوەی کە حەسەنی بەسری و عەمری کوڕی عوبەید فەرموویانە: ئایەتەکانی هەشتن، ڕیزپەڕ (شاذ)ن."

ئەم دوو بەڕێزەی دوایی، (حەسەنی بەسری و ئیبنو عوبەید) فەرموویانە کە (إیاك نعبدُ) و (إیاك نستعین) دوو ئایەتی سەربەخۆن.. ئەم بۆچوونەیان کاریگەریی لەسەر کۆڕا (ئیجماع)ـەکەی ئوممەت نەبووە کە فەرموویانە: ئایەتەکانی سورەتی «فاتیحە» حەوتن. ( إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ )یش یەک ئایەتە.

## سورەتی «فاتیحە» مەککییە، یان مەدەنی؟

ئایا «فاتیحە» لە مەککەی پیرۆز، پێش هیجرەت هاتووەتە خوارێ، یان لە مەدینەی نوورانی و دوای هیجرەت؟

جمهووری ئەهلی تەفسیر لەسەر ئەوە کۆن کە سورەتی «فاتیحە» مەککییە، هەندێکیان فەرموویانە: یەکەمین سورەت بوو کە هاتە خوارەوە، بەڵام

بەڵگەی ڕاست و دروست لەسەر ئەوەیە یەکەمین سورەت کە هاتووەتە خوارێ: سورەتی (العلق)ـە: ﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ ﴾ (العلق: ١)، دوای ئەمیش سورەتی (المدثر) هاتووە، پاشان سورەتی «فاتیحە».

دەشڵێن: سورەتی ﴿ نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ ﴾ (القلم: ١)، پێش «فاتیحە» و سورەتی (المُزَّمِّل) هاتووەتە خوارێ، ڕیوایەتی جابری کوڕی زەید «جابر بن زید» دەفەرموێت: سورەتی "«فاتیحە» پێنجەمین سورەتە لە هاتنە خوارەوەدا."

وتیشیان کە ژمارەی ئایەتەکانی حەوتە و بەڵگەی سەحیحی لەسەرە، وەکوو ئەو فەرموودەیەی لای بوخاری و موسلیمە کە لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە و فەرمووی:

پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ) فەرمووی: **[قالَ اللهُ عزَّوجَلَّ: قَسَمْتُ الصَّلاةَ بَيْني وبينَ عَبْدي نِصْفَيْنِ، فَنِصفُها لي ونِصفُها لِعَبدي، ولِعَبْدي ما سَأَلَ، يقولَ العَبْدُ: (الْحَمْدُ للهِ رَبِّ العالَمينَ)، فأقولُ: حَمِدَني عَبْدي، فإذا قالَ العَبدُ (الرَّحْمَنِ الرَّحيم)، يقول اللهُ: أثْنَى عَلَيَّ عَبْدي، وإذا قالَ العَبدُ: (مالك يَوم الدِّين)، قالَ اللهُ: مَجَّدَني عَبْدي، وإذا قالَ: (إيَّاكَ نَعْبُدُ وإيَّاكَ نَسْتَعينُ) قالَ الله: هذا بَيْني وبينَ عَبْدي، وإذا قالَ: (اهْدنا الصِّراطَ الْمُسْتَقيمَ صِراطَ الَّذينَ أنْعَمْتَ عليهم غيرِ المَغْضُوبِ عليهم ولا الضَّالِّينَ) . الفاتحة: ٢ - ٧. قالَ اللهُ: هؤلاء لِعَبْدي ولِعَبْدي ما سَأَلَ].**

واتە: "خوای گەورە فەرمووی: نوێژم لەنێوان خۆم و عەبدەکەمدا کردووە بە دوو بەشەوە، نیوەی بۆ من و نیوەی بۆ عەبدەکەم، با عەبدەکەشم داواکاریی خۆی پێشکەش بکات.

عەبدەکە دەڵێت: **(الْحَمْدُ للهِ رَبِّ العالَمينَ)**، منیش دەڵێم: عەبدەکەم سوپاس و ستاییشی کردم. کە عەبدەکەم دەڵێت: **(الرَّحْمَنِ الرَّحيم)**، خوای گەورە دەفەرموێت: عەبدەکەم مەدحی کردم. کە عەبدەکەم دەڵێت: **(مالِكِ يَومِ الدِّينِ)**،

خوای گەورە دەفەرموێت: عەبدەکەم بە پیرۆز و مەزنی دانام. کە دەڵێت: **(إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ)**، خوای گەورە دەفەرموێت: با ئەمە لەنێوان من و عەبدەکەمدا بێت. کە دەڵێت: **(اهْدِنا الصِّراطَ المُسْتَقِيمَ صِراطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عليهم غيرِ المَغْضُوبِ عليهم ولا الضَّالِّينَ)**، خوای گەورە دەفەرموێت: ئەوانەش بۆ عەبدەکەم (دەهێنمە دی). عەبدەکەم چیی تری دەوێت، با داوا بکات."

ئاوا دەردەکەوێت کە ئایەتەکان حەوتن، سێی یەکەم، پاشان یەک ئایەتی نێوان، پاشان سێ ئایەتی دوایی کە بۆ عەبدەکانییەتی.

زانایانی مەدینە، بەسمەلە: (بسم الله الرحمن الرحيم) بە ئایەتێک دانانێن و (أنعمتَ عَليهم)یش بە ئایەتێک دادەنێن، بەڵام زانایانی مەککە و کووفە، بەسمەلە بە ئایەتێک دەزانن و (أنعمتَ عَليهم)یش بە بەشێک لە ئایەتێک.

- واحیدی نەیشاپووری لە کتێبەکەیدا (أسباب النزول) و (الثعلبي) لە تەفسیرەکەیدا لە سەییدنا عەلییەوە (خوا لێی ڕازی بێت) ڕیوایەتیان هێناوەتەوە کە (فاتحة الكتاب) لە مەککەی پیرۆز هاتووەتە خوارەوە.

- ئیبنو ئەبو شەیبە لە کتێبەکەیدا (المُصنّف)، هەروەها ئەبو نوعەیم لە کتێبی (دلائل النبوة)کەیدا و بەیهەقی لە کتێبی (دلائل النبوة)ـەکەی خۆیدا، هەروەها واحیدی و (الثعلبي) لە عەمری کوڕی شورەحبیل «عمرو بن الشرحبيل»ـەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە: [أن رسول الله (صلى الله عليه وسلم) لما شكا إلى خديجة ما يجده عند أوائل الوحي، فذهب به إلى (ورقة) فأخبره فقال له: "إِنيِّ إِذَا خَلَوْتُ وَحْدِي سَمِعْتُ نِدَاءً خَلْفِي: يَا مُحَمَّدُ، يَا مُحَمَّدُ. فَأَنْطَلِقُ هَارِبًا فِي الْأَرْضِ». فَقَالَ لَهُ: لَا تَفْعَلْ، إِذَا أَتَاكَ فَاثْبُتْ، حَتَّى تَسْمَعَ مَا يَقُولُ لَكَ، ثُمَّ ائْتِنِي فَأَخْبِرْنِي. فَلَمَّا خَلَا نَادَاهُ: يَا مُحَمَّدُ، قُلْ: ﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ...﴾ حَتَّى بَلَغَ ﴿وَلَا الضَّالِّينَ﴾].

واتە: "کاتێک پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەواڵی دا بە خاتوو

خەدیجە کە چۆن وەحیی بۆ دێت، خاتوو خەدیجە بردی بۆ لای وەرەقەی کوڕی نەوفەل (کە یەکێک بوو لەوانەی خۆیان دوورەپەرێز دەگرت لە: بتپەرستی و داب و نەریتی جاهیلی و هەندێک شارەزایی لە دینە ئاسمانییەکاندا هەبوو).

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە وەرەقەی فەرموو: کاتێک بە تاقی تەنیا بووم، گوێم لە دەنگێک بوو لە دوامەوە بانگی دەکردم: هۆ موحەممەد! هۆ موحەممەد!

منیش هەڵاتم بۆ دەشت و دەر و ڕام کرد لێی!

وەرەقە عەرزی کرد: وا مەکە، ئەمجارە کە هات خۆت ڕابگرە، تا ئەوە ببیستیت کە پێت دەڵێت، پاشان وەرەوە بۆ لام و هەواڵەکەم بدەرێ.

کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەمجارە بە تاقی تەنیا کەوت، هاتەوە و بانگی کرد: هۆ موحەممەد! بفەرموو: (بسم الله الرحمن الرحيم)، تا گەیشتە (ولا الضالين)ی سورەتی «فاتیحە»."

ئەمانە بەڵگەی ئەو زانا بەڕێزانەن کە دەفەرموون: سورەتی «فاتیحە» مەککییە.

ئەوانەش کە دەفەرموون: مەدەنییە، واتە: لە مەدینە (یان دوای هیجرەتی پێغەمبەری خوا - صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - بۆ مەدینە) هاتووەتە خوارەوە، ئەم ڕیوایەتانە هەندێک لە ڕیوایەتەکانیانە:

- ئیمامی ئیبنو ئەبو شەیبە لە (المُصَنَّف)ەکەیدا و ئەبو سەعیدی ئەعرابی لە کتێبەکەیدا (المعجم) و تەبەرانی لە (المعجم الأوسط)ەکەیدا لەڕێی «موجاهید»ەوە لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: "(فاتحة الكتاب) لە مەدینە هاتووەتە خوارەوە."

- ئیمامی ئیبنو ئەبو شەیبە لە (المصنَّف)ەکەیدا و عەبدی کوڕی حومەید

«عبد بن حُمید» و ئیبنولمونزیر و ئەبو نوعەیم لە کتێبەکەیدا (حلیة الأولیاء) و زاناگەلێکی تریش لە موجاهیدەوە گێڕاویانەتەوە کە سورەتی «فاتیحە» لە مەدینە هاتووەتە خوارەوە!

- هەندێک بۆ ڕێکخستنی ئەم ڕیوایەتانە و پێکەوە گونجاندنیان، فەرموویانە: دوو جار هاتووەتە خوارەوە، جاری یەکەم لە مەککە و جاری دووەم لە مەدینە.

❖ پێم وایە بەڵگەکانی پۆلە زانایانی یەکەم زۆر بەهێزترن لە بەڵگەکانی زانایانی پۆلی دووەم، بۆیە ڕای پەسەند: ڕای جمهوورە کە فەرموویانە: سورەتی «فاتیحە» لە مەککەی پیرۆز هاتووەتە خوارەوە (والله أعلم).

## هەندێک فەرموودە لەسەر فەزڵی سورەتی «فاتیحە»:

١. (ئیمامی بوخاری و ئەحمەد و ئەبوداود و نەسائی) ڕیوایەتی ئەبو سەعیدی کوڕی ئەلموعەللایان (خوا لێی ڕازی بێت) هێناوەتەوە کە دەفەرموێت: (كُنْتُ أُصَلِّي فِي الْمَسْجِدِ، فَدَعَانِي رَسولُ اللَّهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ فَلَمْ أُجِبْهُ، فَقُلتُ: يا رَسولَ اللَّهِ، إنِّي كُنْتُ أُصَلِّي، فقالَ: أَلَمْ يَقُلِ اللَّهُ: (اسْتَجِيبُوا لِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُمْ لِمَا يُحْيِيكُمْ) [الأنفال: ٢٤] ثُمَّ قالَ لِي: لَأُعَلِّمَنَّكَ سُورَةً هي أَعْظَمُ السُّوَرِ في القُرْآنِ قَبْلَ أَنْ تَخْرُجَ مِنَ الْمَسْجِدِ. ثُمَّ أَخَذَ بِيَدِي، فَلَمَّا أَرادَ أَنْ يَخْرُجَ، قُلتُ له: أَلَمْ تَقُلْ: لَأُعَلِّمَنَّكَ سُورَةً هي أَعْظَمُ سُورَةٍ في القُرْآنِ؟ قالَ: (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) هي السَّبْعُ الْمَثانِي، والقُرْآنُ العَظِيمُ الذي أُوتِيتُهُ).

واتە: "لە مزگەوت نوێژم دەکرد، پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بانگی کردم، وەڵامم نەدایەوە، پاشان عەرزم کرد ئەی پێغەمبەری خوا! نوێژم دەکرد بۆیە وەڵامم نەدایەوە.

پێغەمبەر (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئەیٚ مەگەر خوای گەورە نافەرموێت: ئەگەر خوای گەورە و پێغەمبەری خوا بانگیان کردن، وەڵامیان بدەنەوە؟!

پاشان فەرمووی: پێش ئەوەی لە مزگەوت بچیتە دەرەوە، سورەتێکت فێر دەکەم کە مەزنترین سورەتە لە قورئاندا، پاشان دەستی گرتم و کە جەنابی (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ویستی تەشریف ببات (لە مزگەوت بچێتە دەرەوە)، عەرزم کرد: جەنابت فەرمووت: سورەتێکت فێر دەکەم کە مەزنترین سورەتە لە قورئاندا. فەرمووی: بەڵێ، ئەوە: (الحمد لله رب العالمين)ـە کە (السَّبْعُ المثاني) و قورئانی مەزنە و پێم بەخشراوە."

- ئیمامی ئەحمەد و نەسائی و ترمزی (کە ڕیوایەتەکەیان بە سەحیح داناوە) فەرموودەکەی لای ئوبەیی کوڕی کەعبیان (خوا لێی ڕازی بێت) هێناوەتەوە کە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو: (**أَتُحِبُّ أَنْ أُعَلِّمُكَ سورةً لَمْ يَنزلْ في التوراةِ ولا في الإنجيل ولا في الزبور ولا في الفرقان مثلها؟ ثُمَّ أخبره أَنَّها الفاتحة**).

واتە: حەز دەکەیت سورەتێکت فێر بکەم کە نە لە «تەورات» و نە لە «ئینجیل» و نە لە «زەبوور» و نە لە «فورقان - قورئان»یشدا سورەتی وەکوو ئەو نییە؟

**پاشان هەواڵی دا کە ئەوە سورەتی «فاتیحە»یە."**

٢. لە هەر دوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە: (أَبـو المتوكِّـل الناجي) لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویەتییەوە کە: (أنَّ ناساً **من أصحاب النبيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) مَرُّوا بحَيٍّ مِنَ العرب، فَلَمْ يَقْرُوهم، وَلَم يُضَيِّفوهم، فَلُدِغَ سيِّدُ الحيِّ، فأتَوهم فقالوا: هل عندكم من رُقيـة؟ أو هلْ فيكُم من راق؟ فقالوا: نَعَمْ، ولكنكم لم تَقْرونا فلا نَفعلُ حتى تجعلُوا لنا جُعْلاً، فَجَعلُوا لهمْ عَلى ذلك قَطيعاً منَ الغَنْم، فَجَعَلَ رَجُلٌ منَّا يَقْرأُ عَلَيْه بفَاتحة الكتاب فَقَام كأن لَمْ يَكُنْ به قَلْبَةٌ، فَقُلْنا لا تَعْجَلوا حتَّى نأتي النبيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ)، فأتيناه فذكرنا لَهُ ذلك فقالَ: ما يُدْريكَ أَنَّها رُقيةٌ؟ واضربوا لي معكم بسهم).**[١]

واتە: "هەندێک لە یاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بە لای هۆزێکی عەرەبیدا تێپەڕین، نە خوڵقیان کردن و نە میواندارێتی و نە هیچیشیان دانێ!

دواتر سەرۆکی هۆزەکە، دووپشک (یان مار) پێوەیدا و کەسانێکی هۆزەکە هاتنە لای یاوەرەکان و پرسییان: ئایا کەستان ڕوقیە (دوعای شیفاخوازی) دەزانێت؟ یان کەستان تێدایە ڕوقییە بخوێنێت؟

[١] بوخاری (٢٢٧٦)، موسلیم (٢٢٠١).

فەرموویان: بەڵێ، بەڵام ئێوە خوڵقتان نەکردین، ئێمەش هیچتان بۆ ناکەین، تا لە بەرانبەریدا شتێکمان بۆ دانەنێین.

وتیان: باشە، پشکتان لە مەڕێک دەدەینێ، ئیتر یەکێکیان سورەتی «فاتیحە»ی بەسەردا خوێند، (کابرا) وا هەستایە سەرپێ، دەتوت پێشتر هیچی نەبووە!

وتمان: با پەلە لە خواردنی مەڕەکەدا نەکەین، تا دەگەینە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و دەپرسین.

کە عەرزمان کرد، پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئەوە چۆنت زانی کە سورەتی «فاتیحە» دوعای ڕوقییەیە؟! باشە بەشێک لە گۆشتی مەڕەکە بۆ منیش دابنێین."

٣. لە هەر دوو سەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە کە ئەبو سەعید (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویەتییەوە کە وەختێک هەواڵیان دا بە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە کابرایەک چارەسەری نەخۆشێکی (بە خوێندنی سورەتی «فاتیحە» بەسەریدا) کردووە. ئەویش فەرمووی: (**وما كان يُدْريهِ أنَّها رُقيةٌ**).

**واتە:** "چۆن زانیویەتی کە سورەتی «فاتیحە» چارەسەری نەخۆشییەکەیەتی و بۆ شیفایە؟!"

٤. ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەیدا و نەسائی لە (السُّنَن)ـەکەیدا، ڕیوایەتێکیان لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: (**بينا رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلم عنده جبريلُ إذ سمِع نَقيضًا من فوقِه، فرفعَ جبريلُ بصرَه إلى السماءِ فقال: هذا بابٌ فُتِح من السماءِ ما فُتِح قطُّ، قال: فنزل منه ملَكٌ فأتى النبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلم فقال: أبشِرْ بنورَين أوتيتُهما لم يؤتَهُما نبيٌّ قبلكَ: فاتحةِ الكتابِ وخواتيمِ سورةِ البقرةِ لن تَقرأَ حرفًا منهما إلَّا أُوتيتَهُ**).

واتە: "لەو کاتەدا کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دانیشتبوو، «جوبرەئیل»یشی لابوو، دەنگێکی (وەکوو دەنگی کردنەوەی دەرگا بوو) بیست کە لە ئاسمانەوە هات، جوبرەئیل (سەلامی خوای لەسەر بێت) سەری بەرز کردەوە (و ڕوانیی) بۆ ئاسمان و فەرمووی: ئەوە دەرگایەکە لە ئاسماندا کرایەوە، هەرگیز لەوەوپێش نەکرابووەوە. فەرمووی: فریشتەیەک لەو دەرگایەوە هاتە خوارێ، هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و عەرزی کرد: مژدەت لێ بێت، دوو نوورت پێ بەخشرا کە بە هیچ پێغەمبەرێکی پێش جەنابت نەبەخشراون: (فاتحة الكتاب) و ئایەتەکانی کۆتایی سورەتی (البقرة)، هەر پیتێکیان لێ بخوێنرێت، هەر لەوەیە کە بەخشراوە پێم."

٥. ئیمامی موسلیم و نەسائی و ترمزی (کە ڕیوایەتەکەیان بە سەحیح داناوە)، فەرمودەکەی لای ئەبو هورەیرەیان (خوا لێی ڕازی بێت) هێناوەتەوە کە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (**مَنْ صلَّى صَلاةً لَمْ يَقْرأ فيها بأمِّ القرآنِ فهي خِداجٌ**).

واتە: "هەر کەسێک نوێژێکی کرد و سورەتی (أُمُّ القرآن: فاتیحە)ی تێدا نەخوێند، ئەوا ئەو نوێژە ناتەواوە."

خِداج: ئەو کۆرپەلەیەیە کە (نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ)ـەکەی تەواو ناکات و لەدایک دەبێت.

**٦.** هەر ئیمامی ئەحمەد لە کتێبە گەورەکەی خۆیدا: (المُسْنَد) کە (٥٢) بەرگی گەورەیە، فەرموودەی لای عەبدوڵڵای کوڕی جابر «عبدالله بن جابر»ی (خوا لێی ڕازی بێت) هێناوەتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو: (**ألا أُخْبِرُكَ بأخيرَ سورةٍ في القرآن؟ قُلتُ: بلى يا رسول الله، قال: إقرأ ﴿الحمد لله رب العَالمينَ﴾ حتَّى تَخْتِمَها**).

واتە: "پێت بڵێم کام سورەتە باشترین سورەتی قورئانە؟

عەرزم کرد بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خوا!

فەرمووی: ﴿الحمد لله رب العالمين﴾، تا کۆتایی بخوێنە.

٧. چەندین ڕیوایەتی تر لە سەعیدی کوڕی مەنسوور «سعيد بن منصور» (مامۆستای ئیمامی موسلیم) و بەیهەقی و تەبەرانی و ئەبو شەیخ و داریمی و... هتد، گێڕدراونەتەوە کە پلەی (حەسەن)ن، دەفەرموون: سورەتی «فاتیحە» [شِفاءٌ مِنْ كُلِّ داءٍ].

واتە: "سورەتی «فاتیحە» چارەسەری هەموو دەرد و نەخۆشییەکە."

## لێكدانەوەی ئایەتەكان:

**ئـایەتی یەكەم: ﴿بســم الله الـرحمن الـرحیم﴾ بە نـاوی خـوای بەخشـندەی بەبەزەیی﴾.**

❖ بەم ئـایەتە دەوترێـت: (بەسـمەلە)، واتە: ﴿بسـم الله﴾ كە دیـارە وشـەیەكی لێكدراوە لە پیتی دوو وشەی: (اسم) و (لەفزی جەلالە: «الله».

بەم شێوازی دارشتنەی وشە دەڵێن: داتاشین (النحت) كە لەسەر وەزنی (فُعْلَلْ) دەبێت، دەشێت لە وشەیەك بێت، یان لە دوو وشە، یان لە ڕستەیەك؛ بۆ ئەوەی ئاسان لەسەر زمانیان بوترێت، وەكوو بۆ (عبد شمس)ی وتوویانە: (عَبشـمي) بـۆ (عبدالدار)ی وتوویـانە: (عَبـدَري) بـۆ (حضـرموت)ی وتوویـانە: (حَضْرَمي) و... هتد.

نەوەكانی دوایی (دوای وەحی) ڕستەیان وا لێ كرد، وەكوو بەسمەلە بۆ ﴿بسم الله﴾.

عومەری كوڕی ئەبو ڕەبیعە «عمر بن ابي ربيعة»ی شاعیر دەڵێت:

لَقَدْ بَسْمَلَتْ ليلى غداة لَقيتُها.

واتە: "كە گەیشتم بە «لەیلا»، (بسم الله)ی لێ كردم!"

واتە: لە ترساندا وتی: وەی (بسم الله!)

پاشـان بەسـمەلە بـۆ هەمـوو (بسـم الله الـرحمن الرحیم)ـەكە بەكـار هـات، هەرچەنـدە بەسـمەلە نە (حـاء)ی تێـدایە و نە (ڕاء)كە لە (الـرحمن) و (الـرحیم)دا هەن.

ئیبنو هاروونی توونسی کە شەرحی (مختصر ابن الحاجب)ی کردووە، فەرموویەتی: "ئەو کردارانەی لە ڕستە وەرگیراون و دوایی بوون بە چاوگ (وەکوو: بَسْمَلَ/ بَسْمَلَة) حەوت کردارن: (بَسْمَلَة) بۆ (بسم الله الرحمن الرحيم)، (سَبْحَلَ) بۆ (سُبْحانَ الله)، (حَيْعَلَ) بۆ (حيِّ على الصلاة)، (حَوْقَلَ) بۆ (لا حولَ ولا قوة إلا بالله)؛ (حَمدَلَ) بۆ (الحمد لله)، (هَلَّلَ) بۆ (لا إله إلا الله)، (جَيْعَلَ) بۆ (جُعْلتُ فِداكَ).

دواتر دوو وشەی تریشیان خستووەتە ڕیزیانەوە کە بریتین لە: (طَيْقَلَ) بۆ (أطالَ اللهُ بقاؤكَ) و (دَمْعَزَ) بۆ (أدامَ اللهُ عِزَّكَ)."

❖ زانستەوانان (ئەهلی عیلم) لەوەدا ڕاجیا بوون کە ئایا بەسمەلە ئایەتێکی سەربەخۆی سورەتی «فاتیحە» و سورەتەکانی ترە، یان هەر ئایەتێکی سەربەخۆی سورەتی «فاتیحە»یە؟

هەروەها لە چۆنێتیی خوێندنیدا لە پێشنوێژییدا ئایا بە چرپە دەخوێنرێت، یان بە دەنگی بەرزی بیستراو؟

ڕاجیایی لەوەدا نییە کە (بسم الله الرحمن الرحيم) لەفزێکی قورئانییە، بەشێکە لە ئایەتی (٣٠)ی سورەتی (النمل) کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ٣٠﴾ (النمل: ٣٠).

شاژنی (سەبەء) وتی: نامەیەکم لە سولەیمانەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت) بۆ هاتووە کە (بسم الله الرحمن الرحيم)ە.

لەوەشدا ڕاجیا نین کە موسوڵمان هەموو ڕەفتارێکی گرنگی خۆی بە (بسم الله الرحمن الرحيم) دەست پێ دەکات، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: **(كُلُّ أمر ذي بالٍ لا يُبدأ فيه ببسم الله الرحمن الرحيم فَهْوَ أَقْطَعُ).**[1]

---

[1] احمد عبدالجواد لە (الدعاء المستجاب/ دار الفكر - بيروت ١٤٢٤ك/ ٢٠٠٣ز/ ل ٢٥)

واتە: "هەر کارێـک کە گرنگییەکـی هەبێـت، بە ﴿بسـم الله الـرحمن الـرحیم﴾ دەست پێ نەکرابێت، ئەوە بەرەکەت بڕاوە."

جمهـووری قورئانەوانـان و ئەهلـی تەفسـیر دەفەرمـوون: "نووسـەرەوەکانی قورئـان بەسـمەلەیان لەنێـوان سـورەتەکاندا نووسـیوەتەوە (جـگە لە دەسـتپێکی سورەتی تەوبە)، بۆ ئەوەی لە یەکتریان جیا بکەنەوە."

لە سـەردەمی یاوەرانـدا بەسـمەلە هەر بەو ڕەنـگە دەنووسـرا کە قورئـانی پـێ دەنووسرایەوە، بەڵام لە سەردەمی تابیعیندا ڕەنگی بەسمەلەیان کرد بە ڕەنگێکی جیاواز لە ڕەنگی مەرەکەبی سورەتەکان.

کەس لەوەدا ڕاجیا نەبووە کە بەسمەلە لە یەکەمین قورئانی نووسراوەدا، لە سەرەتای سورەتی «فاتیحە»دا نووسراوە. ئەمە بەڵگەیەکی ئەو کۆمەڵە زانایانەن کە دەفەرمـوون: بەسـمەلە ئـایەتێکی سـەربەخۆی سـورەتی «فـاتیحە»یە، چـونکە نووسەرانی قورئان لە دەستپێکی «فاتیحە»دا نووسیویانە، خۆ سورەتێکی تر لە پێش «فـاتیحە»دا نییە، تـا لەوە بترسـانایە کە «فـاتیحە» تێکەڵ بە سـورەتێکی تـر دەبوو!

- ئیبنو ڕوشدی حەفید لە کتێبی (بداية المجتهد)ەکەیدا دەفەرمویێت: "ئیمامی مالیـک و ئەوزاعـی و شەرعناسـەکانی عەویـنە و شـام و بەسـرە دەفەرمـوون: بەسمەلە ئایەتێکی سورەتەکانی غەیری «فاتیحە» نییە، جگە لەوەی کە بەشێکە لە ئایەتی (٣٠) سورەتی (النمل)."

ئیمامی شافیعی (لە قەولێکیدا) و ئیمامی ئەحمەد و ئیسحاق و ئەبو سەور و شەرعناسـانی مەکـکە و کـووفە (جـگە لە ئیمامـی ئەبـو حەنـیفە)، دەفەرمـوون: "بەسمەلە هەر لە سورەتی «فاتیحە»دا ئایەتێکی سەربەخۆیە."

---

نووسیویەتی: (رواه عبدالقادر الزهاوي في الأربعين عن أبي هريرة رضي الله عنه).

وقال إبن باز في مجموع فتاواه (٢٥/ ١٣٥): جاء هذا الحديث من طريقين أو أكثر عند إبن حبان وغيره، وقدضعفه بعض أهل العلم، والاقرب انه من باب الحسن لغيره. (ت).

ئیمامی شافیعی لە قەولی دووەمیدا و ئیمامی عەبدوڵڵای کوڕی موبارەک «عبدالله بن مبارك» دەفەرموون: "بەسمەلە ئایەتێکی سەربەخۆی دەستپێکی هەموو سورەتەکانی قورئانە، جگە لە سورەتی «بەرائە» کە «تەوبە»یە."

- ئیمامی ئەبو حەنیفە هەر وەک چۆن ئیمامی زەمەخشەری لە (الکشاف)ەکەیدا نەقڵی کردووە، بەسمەلەی بە ئایەتی سەربەخۆ دانەناوە، نە لە سورەتی «فاتیحە»دا و نە لە سورەتەکانی تریشدا.

**❖ بەڵگەی ئەو زانایانەی فەرموویانە: بەسمەلە ئایەتێکی سەربەخۆی دەستپێکی سورەتەکانی قورئان نییە، نە «فاتیحە» و نە سورەتەکانی تر:**

١- ئیمامی مالیک لە (الموطأ)ـەکەیدا لە عەلائی کوڕی عەبدولڕەحمان «علاء بن عبدالرحمن»ـەوە لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویەتییەوە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: [قال اللهُ تعالى: قَسَّمْتُ الصلاةَ نصْفَين بيني وبينَ عبدي، فَنِصْفُها لي وَنِصفها لعبدي، ولعبدي ما سأل. يقول عبدي ﴿الحمد لله رب العالمين﴾ فأقول: حَمَدَنِي عبدي... الخ].[1]

ئەم پۆلە زانایە دەفەرموون: بەسمەلەی تێدا نییە.

٢. فەرموودەکەی ئوبەی کوڕی کەعب کە لە سەحیحی بوخاری و موسلیمدایە کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو: **(الا أعُلِّمُكَ سورة لَمْ يُنزلْ في التوراةِ ولا في الإنجيل مثلها قَبْلَ أنْ تَخرجَ من المسجد؟ قال: بلى، فلمّا قاربَ الخروجَ قال له: كيف تقرأ إذا إفتَتَحْتَ الصلاةَ؟ قال أُبيّ: فقرأت ﴿الحمد لله رب العالمين﴾ حتى أتيتُ على آخرها).**

واتە: "ئەرێ پێش ئەوەی لە مزگەوت بچیتە دەرەوە، سورەتێکت فێر نەکەم

[1] لە پێشەوە هەموو فەرموودەکە هاتووە بە ماناکەیەوە.

کە هاوشێوەی لە «تەورات» و لە «ئینجیل»یشدا دانەبەزیوە؟

عەرزم کرد: بەڵێ.

کە کاتی چوونە دەرەوە لە مزگەوت هات، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو: کە دەست بە نوێژکردن دەکەیت، چیی تێدا دەخوێنیت؟

ئوبەی دەفەرموێت: ﴿الحمد لله رب العالمين﴾ م تا کۆتاییەکەی بۆ خوێند."

ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە بەسمەلە ئایەتێک نییە لە سەرەتای سورەتی «فاتیحە»دا، ئەگەر ئایەتێکی بوایە، حەتمەن (ئوبەیی) دەیخوێند، یان پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فێری دەکرد، یان بیری دەخستەوە!

٣. ڕیوایەتی ئەنەسی کوڕی مالیک «انس بن مالك» (خوا لێی ڕازی بێت) کە لە هەر دوو سەحیحی بوخاری و موسلیم و سونەنی ئەبوداود و سونەنی نەسائیدایە، هەروەها لە سەرچاوە و زنجیرە سەنەدی جیاوازی گێڕانەوەیدا هاتووە کە ئەنەس فەرمووی: (صَلَّيْتُ خَلْفَ النبيِّ - صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - وأبي بكر وعمر وعثمانَ فكانوا يستفتحون بالحمد لله رب العالمين).

واتە: "نوێژم لە دوای پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کرد، هەروەها لە دوای ئەبوبەکر و عومەر و عوسمانەوە (خوا لێیان ڕازی بێت)، نوێژیان یەکسەر بە ﴿الحمد لله رب العالمين﴾ دەست پێ دەکرد."

لە ڕیوایەتێکیاندا (لای موسلیم) ئەم ئیزافەشی تێدایە: [يستفتحون بالحمد لله رب العالمين لايذكرون ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ لا في أول قراءة ولا في آخرها]. واتە: "(بسم الله الرحمن الرحيم)یان تێدا نەدەخوێند، نە لە سەرەتایدا و نە لە کۆتاییدا."

٤ . هەر لە سەحیحی موسلیمدا ڕیوایەتەکەی خاتوو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە کە دەیفەرموو: **(كان رسولُ الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَفْتَتِحُ الصلاةَ بالتكبير والقراءة بالحمدلله رب العالمين).**

واتە: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەستپێکی نوێژی بە تەکبیر (بە وتنی: الله أكبر) بوو، خوێندنی قورئانیشی بە (الحمد لله رب العالمين) بوو."

٥. ڕیوایەتی لای ترمزی و نەسائی کە لە عەبدوڵڵای کوڕی موغەففەل «عبدالله بن مغفل»ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: **(صَلَّيْتُ مع النبي (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وأبي بكر وعمرَ وعثمانَ فلم أسْمَعْ أحداً منهم يقول ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ إذا أنتَ صَلَّيْتَ فَقُلْ ﴿الحمد لله رب العالمين﴾**.

واتە: "لە پشت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئەبوبەکر و عومەر و عوسمانەوە نوێژم کرد، گوێم لە کەسیان نەبوو بفەرموویێت: ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ تۆیش کە نوێژت دابەست، بڵێ: ﴿الحمد لله رب العالمين﴾.

٦. نوێژکردنی خەڵکی مەدینە لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، لە سەردەمی وەحییەوە، تا زەمانی ئیمامی مالیک (کە ساڵی ١٦٤ک وەفاتی کردووە)، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و خولەفای ڕاشیدین و ئەمیرەکان پێشنوێژییان تێدا کردووە، نوێژ خوێنەکانی پشتیان (مەئموومەکان) یاوەران و تابیعین و زانایان و پێشەوایانی دین بوون، لە کەسیانەوە نەبیستراوە کە بە دەنگی بەرز (بسم الله الرحمن الرحيم)ی لە ئیمامەتیی نوێژەکەیدا خوێندبێت.

ئەمەش بەڵگەیەکی بنبڕە کە بەسمەلە لە دەستپێکی قورئانخوێندنی ناو نوێژدا ناخوێنرێت، چونکە ئەو هەموو پێشەوا بەڕێزانە نەیانخوێندووە، ئەگەر بخوێنرایە، دەبوو بە ڕیوایەتی «تەواتر» کە حەتمەن زۆر بڵاودەبووەوە و خەڵک؛ بەتایبەتیش فەرموودەوانان و شەرعناسان، هەر دەبوو بیزانن.

٧- خاتوو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) کە باسی سەرەتای دەستپێکی وەحیی گێڕاوەتەوە، باسی خوێندنی بەسمەلەی تێدا نییە، دەفەرموێت: **(فَفَجِئَهُ المَلَكُ فقال: إقرأ. قال رسولُ الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ما أنا بقاريء إلى أن قال:**

**فَفَطَّني الثالثة ثم قال: ﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١ ﴾ العلق: ١).**

واتە: "لەپڕێکدا فریشتەکەی لێ دەرکەوت، بە پێغەمبەری خوای (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموو بخوێنەوە! پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی من خوێندەوار نیم.. تا دەگاتە ئەوەی دەفەرموێت: بۆ جاری سێیەم بە سنگی خۆیەوە گوشیمی و فەرمووی: بە ناوی خوای پەروەردگارەوە کە هەموو شتێکی خەلق کردووە."

جوبریل (سەلامی خوای لەسەر بێت) پێی نەفەرموو بەسمەلە بخوێنێت، ئەگەر بەسمەلە لە ئایەتی یەکەمی سورەتەکاندا بوایە، ئەوە دەیفەرموو: (بسم الله الرحمن الرحیم) بخوێنە.

❖ **بەڵگەی ئەو زانایانەی فەرموویانە: بەسمەلە ئایەتێکی سەر بەخۆی سورەتی «فاتیحە» و سورەتەکانی تریشە:**

١. ئیمامی بوخاری لە صەحیحەکەیدا لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێت) ڕیوایەتێکی هێناوە کە پرسیاریان لە ئەنەس کرد: کە قورئانخوێندنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەناو نوێژی ئیمامەتدا چۆن بووە؟

ئەویش فەرمووی: **(كانتْ قِراءتهُ مَدّاً ثُمَّ قرأ بسم الله الرحمن الرحيم يَمُدُّ (بسم الله) ويَمُدُّ (الرحمن) وَيَمُدُّ (الرحيم).**

واتە: خوێندنەکەی وا بوو کە وشەکانی درێژ دەکردنەوە، پاشان (بسم الله الرحمن) کەی درێژ دەکردەوە، هەروەها (الرحمن) و (الرحیم)یش.

٢. ئیمامی ئەحمەد لە «موسنەد»ـەکەیدا و ئەبوداود لە «سونەن»ـەکەیدا و ئیبنو خوزەیمە لە «صەحیح»ـەکەیدا و حاکم لە (المستدرك)ـەکەیدا ڕیوایەتیان لە دایکی ئیمانداران، خاتوو ئوم سەلەمەوە (خوا لێی ڕازی بێت) هێناوە کە

دەیفەرموو: **(کان رسول الله - صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - يُقَطِّعُ قراءتَهُ: «بسم الله الرحمن الرحيم»، «الحمد لله رب العالمين»، «الرحمن الرحيم»، «مالك يوم الدين»).**[١]

واتە: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قورئانخوێندنەکەی (لەناو نوێژدا) لێک جیا دەکردەوە (بەسەر یەکەوە نەیدەخوێندن): (بسم الله الرحمن الرحيم) بە جیا، ئینجا (الحمدلله رب العالمين) بە جیا، ئینجا (الرحمن الرحيم) بە جیا، ئینجا (مالك يوم الدين) بە جیا."

**٣.** ئەبوداود بە سەنەدی سەحیح و حاکم لە (المستدرك)ـەکەیدا لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە کە فەرموویەتی: (أَنَّ رسولَ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كانَ لايعرفُ فَصْلَ السُّورة حتى ينزلَ عليه «بسم الله الرحمن الرحيم».

واتە: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نێوان سورەتەکانی (بۆ لێک جوداکردنەوەیان) نەدەزانی، تا ئەو کاتەی (بسم الله الرحمن الرحيم)ی بۆ دەهاتە خوارەوە."

### ❖ بەڵگەی ئیمامی شافیعی و عەبدوڵڵای کوڕی موبارەک و لایەنگرانیان کە دەفەرموون: "بەسمەلە ئایەتێکی سورەتی «فاتیحە»یە، لە سورەتەکانی تردا بۆ جیاکردنەوە و بەرەکەت نووسراوە."

ئیمامی فەخری ڕازی، حەڤدە خاڵی کردووە بە بەڵگەی ئەم بۆچوونە، بەڵام لە ڕاستیدا زۆرێکیان بۆ ئەوە ناشێن ببنە بەڵگە، چونکە فەرموودەی زەعیفن؛ تەنیا دوو بەڵگەیان موناقەشە کراون:

١. ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا

---

[١] دارەقوتنی دەفەرموێت: (إسناده صحيح).

(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: **[فاتحةُ الكتابِ سَبْع آيات أولاهنَّ ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾].**

واتە: "سورەتی «فاتیحە» حەوت ئایەتە، یەکەمینیان: ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ە.

٢. خاتوو ئوم سەلەمە، خێزانی بەڕێزی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (**قَرَأَ رسولُ الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الفاتحة وعَدَّ ﴿بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله رب العالمين﴾ آية).**

٣- کۆڕا (الإجماع)ی زانایانی ئوممەت لەسەر ئەوەیە کە هەموو ئەوەی لە قورئاندا نووسراون، قورئانن.

زانایانی پۆلی یەکەم کە ئەم بەڵگانەیان ڕەت کردووەتەوە، فەرموویانە:

١. ڕیوایەتەکەی ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت)، کەس لە فەرموودەوانان و ڕاوییانی فەرموودەی سەحیحی لای شەش ئیمامەکە: (بوخاری و موسلیم و ئەبوداود و ترمزی و نەسائی و ئیبنو ماجە)، هەروەها (ئیمامی مالیک و ئیمامی شافیعی و ئیمامی ئەحمەد ) و... هتد، نەیانگێڕاوەتەوە؛ بەڵکوو (تەبەرانی و بەیهەقی و ئیبنو مەردەوەی) گێڕاویانەتەوە. توێژەرەوانی فەرموودەکان فەرموویانە: "هیچیان ناگەنە پلەی سەحیح، ناشکرێت بەرهەڵستیی فەرموودە سەحیحەکانیان پێ بکرێت."

٢. ڕیوایەتەکەی خاتوو ئوم سەلەمە (خوا لێی ڕازی بێت) لای (ئەبوداود و ئیمامی ئەحمەد و بەیهەقی) هەیە، هەندێک گێڕانەوەی بە سەنەدی سەحیحە و هەندێکی تریان ئیمامی تەحاوی بە زەعیفی داناون، چونکە لە سەنەدەکەیدا هاتووە کە ئیبنو ئەبو مولەیکە لە خاتوو سەلەمەی گێڕاوەتەوە، بەڵامئیبنو ئەبو مولەیکە، خاتوو ئوم سەلەمەی نەدیوە!

کە وا بوو: سەنەدەکەی پساو (مقطوع)ـە، ڕیوایەتی تری پێچەوانەی ئەم ڕیوایەتە لە خاتوو ئوم سەلەمەوە گێڕدراوەتەوە.

«شێخولئیسلام زەکەریا» لە حاشییەکەی خۆیدا لە سەر تەفسیری (البیضاوي) فەرموویەتی: "ڕیوایەتەکە بەو لەفزەیش نییە، ئەگەرچی کۆی ڕیوایەتەکانی دەفەرموون: (بسم الله) ئایەتێکی سەربەخۆیە. ئاوا نابێت بەئایەتێک لە «فاتیحە»، چونکە نابێت بە متەواتر، موسوڵمانانیش هەموو قورئانیان لەڕێی ڕیوایاتی متەواترەوە وەرگرتووە."

٣. بەڵام (بەڵگەی کۆڕا)ی ئوممەت لەسەر ئەوەیە کە هەرچی لە دووتوێی قورئاندا نووسرابێتەوە، قورئانە، ئەویش بەو ڕەهاییە نییە، چونکە زۆر لە قورئانەوانان دەفەرموون: "پێناسەی سورەتەکان کامیان مەککییە و کامیان مەدەنییە، کاری نەوەی دوای یاوەرانە، وەکوو: «عەبدولحەکیم» لە حاشیەکەی خۆیدا لەسەر (بیضاوي) باسی کردووە."

ئەگەر  ئەوە بسەلمێت کە هەندێک لە یاوەران پۆلێنکردنی سورەتەکانیان بۆ مەککی و مەدەنی کردووە (وەکوو لە بۆچوونی ئەهلی تەفسیر و قورئانەواناندا دەردەکەوێت)، هەر وەک چۆن «قەستەلانی» لە کتێبەکەیدا (لطائف الإشارات) بەدواداچوونی بۆ باسەکە کردووە.

دیارە ئەوە بەهێزترە، چونکە تابیعیین نەیاندەوێرا هیچ شتێک دەربارەی سورەتەکان بڵێن، یان بنووسن، بەبێ هەبوونی بەڵگەی ئەوەی کە یاوەران وایان کردووە.

بۆ نموونە: تابیعین دڵنیا بوون کە یاوەران بەسمەلەیان لە دەستپێکی سورەتەکان، جگە لە سورەتی «تەوبە»دا دەنووسی و بە هەمان ڕەنگی مەرەکەبی نووسینی سورەتەکان، ئەوەی تابیعیین زیادە کردبوویان، تەنیا جیاوازفی ڕەنگی بەسمەلە بوو لەگەڵ ڕەنگی هەموو سورەتەکان.

٤. هەندێکی تر لە لایەنگرانی ئەم قەولەی (ئیمامی شافیعی و ئیمامی عەبدوڵڵای کوڕی موبارەک) ئەوە دەکەنە بەڵگە کە ئیمامی بوخاری لە

ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویەتییەوە کە ئایا قورئانخوێندنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە پێشنوێژیی نوێژدا چۆن بوو؟

فەرمووی: [كانَتْ هَدًّاً ثم قرأ (بسم الله الرحمن الرحيم) يَمُدُّ (بسم الله) ويمُدُّ (الرحمن) ويَمُدُّ بـ (الرحيم)].

دەفەرموون: ئەمە نابێت بە بەڵگە، چونکە بکەر (فاعل)ی (ثمَّ قرأ) و (يَمُدُّ) دەگەڕێنەوە بۆ ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) کە بەسمەلەی وەکوو نموونە بۆ قسەکانی هێناوەتەوە کە قورئانخوێندنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئاوەها بوو..

٥. ئیمامی عەبدوڵڵای کوڕی موبارەک و لایەنگرانی قەولی دووەمی ئیمامی شافیعی، ئەوەشیان کردووە بە بەڵگەی خۆیان کە ئیمامی موسیلم لە ئەنەسەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویەتییەوە کە فەرموویەتی: **(بَيْنَا رسولُ الله (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَيْنَ أظْهرنا ذاتَ يوم إذْ أغفى - (غفاءةً ثمَّ رفَعَ رأسَهُ مُبتَسِماً فَقُلْنا ما أضْحَكَكَ يا رسولَ اللهِ؟ قال أُنزلَتْ عليَّ سورةٌ آنفاً فقرأ: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴿إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ ١﴾ (الكوثر: ١).**

واتە: "ڕۆژێک پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەناوماندا بوو، ساتێک کپ بوو، پاشان سەری بەرز کردەوە و زەردەخەنەیەکی هاتێ، عەرزمان کرد: ئەی پێغەمبەری خوا! چی خستیتییە پێکەنین؟!

فەرمووی: ئێستا سورەتێکم بۆ هاتە خوارەوە، ئینجا خوێندی: (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴿إِنَّآ أَعْطَيْنَٰكَ ٱلْكَوْثَرَ ١﴾)."

دەفەرموون: "ئەوەش بەڵگەیەکی ترە کە بەسمەلە ئایەتێکی «فاتیحە»یە، چونکە یاوەران ئەوەی ئایەتی قورئان نەبووبێت، لە قورئاندا نەیاننووسیوە، وەکوو: (آمین) کە قورئان نییە و کەسیان لە قورئاندا نەیاننووسیوە."

بەرانبەرانیان لە وەڵامی ئەم بەڵگەیەشدا فەرموویانە: "ئەمەش نابێتە بەلگەی ئەوە کە بەسمەلە ئایەتێکی سورەتی «فاتیحە»یە، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە خوێندوویەتی، لە جیاتیی ئیستیعازە (وتنی أعوذ باللە من الشیطان الرجیم) بووە، لەبەر ئەوەی بەسمەلە لە جیاتیی ئیستیعازەش دێت، ئەگەر خوێنەر بەو مەبەستە بیخوێنێت کە دەبێتە پەنا دەگرم بە ناوی خوای گەورە (أستعیذ بإسم الله)." دەفەرموون: "ئەم ڕیوایەتە دەبێت ئاوا لێک بدرێتەوە، چونکە هەر ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت) ڕیوایەتە سەحیحەکەی گێڕاوەتەوە کە فەرمووی: گوێم لێ نەبووە پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەسمەلەی لە پێشنوێژیدا خوێندبێت."

ئەگەر لایەنگرانی بۆچوونەکەی دووەمی ئیمامی شافیعی و عەبدوڵڵای کوڕی موبارەکیان هەر پێ بەهێز بێت، ئەوا دەکەونە ئەو هەڵوێستەوە کە ڕیوایەتی دووەمی ئەنەس (خوا لێی ڕازی بێت)، پێچەوانەی ڕیوایەتی یەکەمییەتی.

ئەمەش ڕیوایەتی دووەم دەکات بە (مُضْطَرِب)، واتە: ئەو فەرموودەیەی کە پێچەوانەی فەرموودەیەکی تری هاوشێوە، بەڵام سەحیح دەکات.. لەم حاڵەتەی (مضطرب)دا ڕیوایەتی دووەم دەخرێتە کەنارەوە و کار بە ڕیوایەتە سەحیحەکەی یەکەمیان دەکرێت!

- دوای ئەم بەدواداچوونە کورت و خێرایە، ئەوەم لاپەسەندترە کە بەسمەلە ئایەتێکی سەربەخۆی سەرەتای سورەتەکانی قورئان نییە، تەنیا بۆ جوداکردنەوەی سورەتەکان لە یەکتری نووسراوە، تا ببێتە مەودا (فاسڵ)ی نێوان سورەتی ڕابردوو و سورەتی داهاتوو؛ چونکە یاوەران سوور بوون لەسەر ئەوەی غەیری خودی قورئان نەکەنە فاسڵی نێوان سورەتەکان، بۆیە بەسمەلەیان داناوە کە بەشێکە لە ئایەتی سییەمی سورەتی (النمل).

❖ ئەبوداود لە (سونەن)ەکەیدا و ترمزی لە (الجامع)ەکەیدا ڕیوایەتێکیان لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) هێناوەتەوە، ترمزی بە سەحیحی داناوە و دەفەرموێت: ئیبنو عەبباس دەفەرموێت:

(قُلْتُ لعثمان بن عفان: مَا حَمَلَكُمْ عَلى أنْ عَمَدْتُّمْ إلى (بَرَاءة) وهي من المئين، وإلى الأنفال وهي من المثاني، فَجَعَلْتُمُوهُمَا فِي السَّبْعِ الطُّوال، وَلَم تَكْتُبُوا بَيْنَهُمَا سطر (بسم الله الرحمن الرحيم)؟ قالَ عُثمان: كان النبي (صلى الله عليه وسلم) لما تُنْزِلُ عَليه الآياتُ، فَيدعو بَعضَ مَنْ يَكتُبُ لهُ، ويقولُ لَهُ: ضَعْ هذهِ الآية بالسورة التي يذكر فيها كذا وكذا، أو تنزل عليه الآية والآيتان فيقول عثمان ذلك، وكانت الأنفالُ من أولِ ما أنزلَ عليه بالمدينة، وكانت بَراءةُ مِن آخر ما أُنزلَ من القرآن، وكانت قصَّتَهَا شبيهة بقصتها، فَقُبضَ رسول الله (صلى الله عليه وسلم)، ولمْ يُبَينْ لنا أنها منها، فمن هناك وضَعْتُها في السَّبْع الطِّوال، وَلَم أكتُب سطر (بسم الله الرحمن الرحيم)).

واتە: "بە عوسمانی کوڕی عەففانم وت: بۆچی سورەتی بەرائە «تەوبە» کە لە سەد ئایەتییەکانە و سورەتی ئەنفالتان کە لە (المثاني)یە، خستووەتە ڕیزی حەوت سورەتە درێژەکان و دێڕی (بسم الله الرحمن الرحيم)تان لەنێواندا نەنووسیوە؟

عوسمان (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کاتێک چەند ئایەتێکی بۆ دەهاتە خوارێ، بەو نووسەرانەی وەحیی دەفەرموو کە لەوێ بوون: ئەم ئایەتە لەو سورەتەدا بنووسە کە باسی ئەوە و ئەوەی تێدایە. هەروەها کە ئایەتێک، یان دوو ئایەتی بۆ دەهات.

سورەتی (ئەنفال) لەو سورەتە سەرەتاییانە بوو کە لە مەدینەی بۆ هات، سورەتی( بەرائەت)یش لەو سورەتانە بوو کە لە کۆتایی وەحیدا بۆی دابەزی و باسەکانی ئەمیان، هەر وەکوو باسەکانی ئەویانە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، تا کۆچی دواییشی کرد وای نیشان نەدا کە «بەرائەت»، هەر لە «ئەنفال»ـە، من وام زانی عایدی ئەوە، بۆیە لە ڕیزی حەوت سورەتە درێژەکان دام نا و دێڕی (بسم الله الرحمن الرحيم)م لەنێوانیاندا دانەنا."

«عەللامە ئیبنو عاشوور» دوای ئەوەی زۆرینەی ڕاوبۆچوونی ئەهلی تەفسیر و قورئانەوانان و شەرعناسانی هێناوەتەوە و موناقەشەی بەڵگەکانیانی کردووە، دەفەرموێت: لەم ڕیوایەتەوە ئەوەم بۆ دەردەکەوێت: بەسمەلە کە لە سەرەتای سورەتەکاندا نووسرا، جگە لە سورەتی «تەوبە»، هەر لەو کاتەدا بوو کە لە سەردەمی سەییدنا عوسماندا هەموو قورئان کۆکرایەوە و کرا بە یەک موصحەف.

پێشتر لە سەرەتای سورەتەکاندا نەنووسرابوو، وەکوو موصحەفەکەی زەیدی کوڕی سابت (خوا لێی ڕازی بێت) کە لە زەمانی خیلافەتی سەییدنا ئەبوبەکردا (خوا لێی ڕازی بێت) کۆی کردبووەوە و پێشتر، هەر سورەتێک لێک جودا نووسرابوونەوە."

ڕاجیایی قورئانەوانان و ئەهلی تەفسیر و شەرعناسان بریتییە لەوەی کە ئایا بەسمەلە:

١ . ئایەتێکە لە دەستپێکی هەموو سورەتەکاندا، جگە لە سورەتی بەرائە؟ یان:

٢. ئایەتێکە لە دەستپێکی سورەتی «فاتیحە»دا و بەس؟ یان:

٣. ئایەتی دەستپێک نییە، نە لە سورەتی «فاتیحە»دا و نە لە هیچ سورەتێکی تردا؟

ڕاجیاییەکە هەر چۆن و هەر چەندێک بێت، قورئانەوانان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە لە سەرەتای دەستکردن بە قورئانخوێندندا، بەسمەلە دەخوێنرێت

مادام لە سەرەتای سورەتەکەوە بێت، جگە لە سورەتی «تەوبە»، ئەوەشیان لەو زانایانەوە گێڕاوەتەوە کە تابیعین و قورئانخوێندنیان لێوە فێربوون.

بەڵام ئەو کەسانەی لەژێر کاریگەریی تەقلیددا، یان بە ئیجتیهادی خۆیان فەرموویانە کە بەسمەلە ئایەتێکە لە دەستپێکی هەموو سورەتەکاندا، جگە لە سورەتی «تەوبە»؛ ئەوە ڕەفتارەکەیان ڕۆشنە کە بەڵگەیەکیان لەدەستدا نییە بەهێزتر بێت لە بەڵگەی ئایەت نەبوونی بەسمەلە لە سەرەتای هیچ سورەتێکدا.

## خوێندنی بەسمەلە:

بێگومان ڕاوبۆچوونی ئەو زانایانەی کە پێیان وایە: بەسمەلە ئایەتێکی دەستپێکی هەموو سورەتەکانە، جگە لە سورەتی «تەوبە»، ئەوە حەتمەن خوێندنی بەسمەلە بە فەرز دەزانن، لە نوێژ و لە غەیری نوێژدا.

- بەڵام ئەو زانایانەی کە پێیان وایە: بەسمەلە ئایەتێکی دەستپێکی سورەتەکانی قورئان نییە، ڕاوبۆچوونیان وایە کە: خوێندنی بەسمەلە نە فەرزە و نە سوننەت، بەڵام پێیان وایە: بەسمەلە لە دەستپێکی خوێندن و نووسینی سورەتی «فاتیحە»دا بخوێنرێت، چونکە سورەتی «فاتیحە» هیچ سورەتێکی تری لە پێش نییە.

ئەوەش ئیقتیداکردنیانە بە ڕەفتاری نووسەرەوەکانی قورئان، ئەم خوێندنەش فەرز نییە و بەڵگەش نییە لەسەر ئەوەی کە سوننەت بێت، بەڵام مادام یاوەرە نووسەرەکانی وەحی و موصحەفەکانی یەکەمین جار وایان کردووە، ئەمانیش پێیان چاکە وا بکەنەوە.

ئەم خوێندنەی بەسمەلە لای ئەم پۆلە زانایە، وەکوو خوێندنی: (الحمدلله) و (الله أكبر)ە لە کۆتایی سورەتە درێژەکاندا.

بۆیە ئەمان لە قورئانخوێندنی نوێژە فەرزەکاندا بەسمەلە ناکەن، بەڵام ئەوانی تر دەیخوێنن، چونکە لایان فەرزە، یان سوننەت؛ ئەمەش بەپێی تەقلید، یان ئیجتیهادی خۆیان.

## خوێندنی بەسمەلە لەنێوان خوێندنی دوو سورەتدا:

کە خوێندنی سورەتێکت تەواو کرد و بەردەوام بوویت لەسەر خوێندنی قورئانەکە، ئایا بەسمەلە بۆ سورەتی دوای ئەو دەخوێنیت؟

وەکوو ئەوەی سورەتی (الفلق)ت خوێند و دەچوویتە سەر سورەتی (الناس)، ئایا بەسمەلە لەنێوانیاندا دەخوێنیت؟

قورئانەوانان و شەرعناسان لەوەشدا ڕاجیان کە ئایا بەسمەلە لەنێوان خوێندنی دوو سورەتی یەک لە دوای یەکدا دەخوێنرێت؟

- «وەرش» لە «نافیع»ـەوە، هەروەها (ئیبنو عامر و ئەبو عەمر و حەمزە و یەعقوب و خەلەف) کە پۆلە قورئانخوێنانی یەکەمن (ئەهلی قیرائات)، ئەمانە بەسمەلە لە کاتی خوێندنی سورەتی یەک لە دوای یەکدا ناخوێنن.

واتە: لە کۆتایی سورەتی یەکەم و دەستپێکی خوێندنی سورەتی دووەمی دوای ئەو و سێیەم و... هتد، دەفەرموون: ئیقتیدامان بە نووسەرانی وەحی و نووسەرانی موصحەفە یەکەمینەکانی سەردەمی یاوەرانە، دەفەرموون: نووسینی بەسمەلە لە سەرەتای سورەتەکاندا نیشانەی دەستپێکی سورەتەکەیە، نەک نیشانەی جیاکردنەوە.

ئەگەر بۆ جیاکردنەوەی سورەتەکان بوایە، نەدەبوو بەسمەلە لە سەرەتای سورەتی «فاتیحە»دا بنووسرایە.

ئەوان کە پێیان وایە: بەسمەلە ئایەتێکی سەربەخۆی سورەتەکان نییە، نایخوێنن، دەفەرموون: ئیقتیدا لە قورئانخوێنانی نەوەی یەکەمی ئیسلام دەکەین.

- «قالون» لە نافیع و (ئیبنو کەسیری قورئانەوان و عاصیم و کیسائی و ئەبو جەعفەر) کە هەر لە پۆلە قورئانخوێنانی «ئەهلی قورئانن»، لە خوێندنی دوو سورەت و زیاتردا بەسمەلە لەنێوان سورەتەکاندا دەخوێنن، جگە لەنێوان سورەتی (ئەنفال و تەوبە)، چونکە پێیان وایە: سوننەتی قورئانخوێنانی سەرەتایە.

دەفەرموون: ئێمەش وەکوو نووسەرەوەکانی نەوەکانی دواییی قورئان کە بەسمەلەیان لەنێوان دوو سورەتدا، جگە لەنێوان (ئەنفال و تەوبە)دا دەنووسی، تا بزانرێت ئەویان تەواو بوو، دەستکرا بە سورەتی دواتر.

- هەموو لایەکیش لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە سورەتی تەوبە (بەرائەت) بەسمەلە لە سەرەتایدا نییە.

## خاڵێکی گرنگ:

ڕاجیایی قورئانەوانان و ئەهلی قیرائات لە خوێندنی بەسمەلەدا، لە دەستپێک و نێوان سورەتەکاندا، کاریگەریی لەسەر ڕاجیایی شەرعناسان نییە لە حوکمی خوێندنی بەسمەلە لە نوێژدا.

ئەویان لەسەر ڕیوایەتەکانی قورئانخوێندن و نووسینەوەی دەوەستێت و حوکمی فیقهی بەسمەلەی ناو نوێژ لەسەر ڕیوایەت و ئیجتیهادی پێشەوایانی شەرع دەوەستێت.

چۆنێتیی خوێندنەوەی قورئان لە لایەن قورئانەوانان و ئەهلی قیرائات، نەبووەتە سەرچاوەیەکی ئەحکام وەرگرتن لە شەرعدا، وەکوو قورئان و سورەت و کۆڕا (ئیجماع) و بەراورد (قیاس) و ئەوانی تر...

ئەوە هەڵەیە کە هەندێک وا دەزانن ڕاجیایی ئەهلی قیرائات، کاریگەریی لەسەر شەرعناسان هەبووە، بە پێچەوانەوە، قورئانەوانان و ئەهلی قیرائات دەبینی، سەر بە مەزهەبە فیقهییەکانن.

## شیکردنەوەی بەسمەلە:

هەندێک لە ئەهلی تەفسیر، شیکاریی وشە و داڕشتن و مانای بەسمەلەیان لە دەستپێکی لێکدانەوەی سورەتی «فاتیحە»دا کردووە، بەو ئیعتیبارەی کە ئایەتێکی سەربەخۆی سورەتی «فاتیحە»یە.

هەندێکی تریان لێکدانەوەکەیان بردووەتە شەرحی ئایەتی (٣٠)ی سورەتی (النمل) کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ﴾..

هەندێکیشیان لێکدانەوەی (بسم الله)یان لێرەدا، لە دەستپێکی «فاتیحە»دا کردووە و شەرح و لێکدانەوەی (الرحمن الرحيم)یان بردووەتە ئایەتی (٣)ی سورەتی «فاتیحە»، منیش ئەم شێوازەم گرتووەتە بەر.

## • (بسم الله) بە ناوی خوای گەورە:

«باء»ـەکە پەیوەندیی بە لادراوێکەوە هەیە کە دەشێت کردارێک بێت و پێشی کەوتبێت، وەکوو: (أقرأ بسم الله)، یان (أتلو)، یان (أبدأ).

ئەو زانا زمانەوانانەی کرداری پێشینیان بۆ داناوە، فەرموویانە: بۆ بایەخدانە بە کردارەکە، واتە: مادام هەر کارێک کە دەیکەم، هەر بە ناوی خوای گەورەوەیە.

ئەم خوێندنەوەشم، هەر بە ناوی خوای گەورەوە دەست پێ دەکەم.. ئەو زانایانەی تر کە (تەقدیرکردن)یان خستووەتە دوای (اسم)ـەکەوە، وەکوو (بسم الله أبدأُ)، یان (بسم الله بدئي/ قراءتي/ تلاوتي) فەرموویانە، تا هیچ شتێک پێش ناوی خوای گەورە نەکەوێت؛ دەفەرموون: ئەوەی کە خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١﴾ (العلق: ١).

واتە: "بخوێنەوە بە ناوی خوای پەروەردگارتەوە کە هەموو شتێکی خەلق کردووە."

ئەوە فەرمانی تایبەتی خوای گەورە بوو بۆ پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و تایبەتیشە بە خوێندنەوە.

- هەندێک پێشەوای زمانەوانی فەرمووویانە: "«باء»ەکە بۆ (إستعانة: داوای یارمەتیکردن)ـە، واتە: خوایە داوات لێ دەکەم یارمەتیم بدەیت لە خوێندنەوەی قورئانەکەدا."

هەندێکی تریان لەوانە: ئیمامی زەمەخشەری لە (الکشاف)دا فەرمووویانە: "«باء»ەکە بۆ هاوڕێیەتی و وەلدابوون (المصاحبة)یە."

واتە: "ئەی خوای میهرەبان! وەلمان بە، تا ئەم ڕەفتارە کە خوێندنەوەی قورئانە، ئەنجام بدەین"، هەر وایشە بۆ هەموو ڕەفتار (گوفتار و کرار)ێکی تر.

عەللامە ئیبنو عاشور دەفەرموێت: "«باء»ەکە لێرەدا، بۆ هەر سێ چاوگەکەی: (الملابسة والمصاحبة والإلصاق)ـە کە هەر سێکیان مانای یەکتری دەدەن، وەکوو ئەو «باء»ەیە کە خوای گەورە لە وەسفی درەختی بەفەڕی زەیتووندا دەفەرموێت: ﴿تَنۢبُتُ بِٱلدُّهۡنِ﴾ (المؤمنون: ٢٠).

واتە: درەختەکە بەرهەمەکەی خۆی (زەیتوون)ـەکە دەدات، لەگەڵ زەیتەکەشیدا، زەیتەکە هەم هاوڕێی بەرهەمەکەیە، هەم پێوەیەتی و هەم تێکەڵێتی، چونکە «سیبەوەیهی» دەفەرموێت: «باء» سیفەتی پێوەنووسان (الإلصاق)ی لێ ناکرێتەوە."

- (اسم) زمانەوانانی «مەدرەسەی بەسرە» دەفەرموون: "لە (سُمو)ـەوە هاتووە کە بە مانای «بەرزی و بالایی» دێت و ئەسڵەکەشی لە (واو نوقسانەکان)ـە،

وەکـوو: (قـاضٍ/ قاضـي) و (جَـوار/ جـواري)، ئەمـیش لە زۆر بەکارهێنـانی و زەرووڕەتـدا (لاَم الفعل)ـەکەی کە واوەکەیە، لاچـووە و مـاوەتەوە (سُـمْ)؛ لەبەر ئەوەش کە عەرەبەکـان بە پیتـی سـاکن دەسـت پـێ نـاکەن، هەمـزە (أ)یـان بـۆ هێناوەتەوە پێشی و بووە بە (إسم)."

- زمانەوانانی «مەدرەسەی کووفە» دەفەرموون: "ئەسڵەکەی (وِسْم)ە، واتە: (سِمَة) کە (عَلامة)، واتە: نیشان کە لە شت دەخرێت و هاتووەتە جێی، تا بە سێ پیتی بمێنێتەوە." ئەمان دەفەرموون: لە (سمو)ەوە وەرنەگیراوە.

- ئیمامی ئیبنو حەزم لە کتێبی (المِلَل والنحَل)ەکەیدا دەفەرمویٚت: "هیچ کام لەو دوو بۆچوونە نەیانپێکاوە، چونکە ئەسڵی (اسم)، هەر خۆیەتی، لەبەر ئەوەی وشەیەکی (جامد)ە و (مشتق: داتاشراو) نییە."

پـێم وایە: بۆچـوونی یەکەم «مەدرەسـەی بەسرە» پەسـەندتر بێـت، چـونکە لە کاتی کۆی (الاسم)دا، دەبێت بە (أسماء).

واتە: هەمزەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، هەمزەکەش لە «واو»ـەوە هاتووە، لە کۆی کۆیشـیدا (جمـع الجمـع) دەوترێـت: (أسـامي) لە بچووککردنەوەشـیدا دەوترێـت: (سُمَي).

- ناو (اسم)، هەر وەکوو لە کوردی و زمانی تریشدا وایە، لەفزێکە دانراوە بۆ ناونراوێـک (المُسَمَّى)، وەکوو (قلم: پێنووس) و (جبل: شاخ) و (شيء: شت)؛ هەروەها ئەو شتانەش کە لەزاکیرەی گەلاندا هەن و ڕەنگە لە حەقیقەتدا نەبن، وەکوو: (شَبَح: خێو) و (خرافات: ئەفسانە) و... هتد.

- بێگومان «ناو» خودی ناونراوەکە نییە، هەردووکیان یەک شت نین، (قَلَم: پێنووس) ناوی ئامێری نووسینەکەیە، ناوەکەی لە زماندایە و ناونراوەکە شتێکی بەرجەستەیە و لە ناوەکەی جیایە.

سەیرە زاناگەلێکی «ئەشعەری» و «کەڕامییە» و هیی تریش دەفەرموون: "ناو

و ناونراو هەر یەکن." واتە: ناوی سێو، هەر سێوەکەیە، دەفتەر و ناوەکەی، هەر یەکن!

شتێکی سەیرە کە ئەم «باس»ـە بووبووە تەوەری موناقەشەیەکی (علم الکلام). بە سەرنجدانێکی سادە و ئاسان دەزانین کە ناونراو پەیدا بووە و دواتر ناوەکەی لێ نراوە، شتی ماددی بن، یان واتایی..

زەمین دروستبوو، ئینجا ناونرا (زەمین: الأرض)، یان سیفەتە واتاییەکانی وەکوو: ئازایەتی و زیرەکی و جوامێری.. یان پیشەکان، وەکوو: (کرێکاری، ئەندازیاری، زێڕینگەری) لەم سەردەمەی ئێمەشدا ئەمە ڕۆشنتر دەبینن، وەکوو دەڵێن: (تەلەفۆن، تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر).

ئێ دیارە پەیدابوونی ئەم ناوانە دوای داهێنانی ئەم جیهازانەیە، هەروەها سیفەت و پیشەکان، وەکوو: «زەلیلی» و «جاشایەتی».

خوای گەورە شتی خەلق کردبوو، ئینجا ناوەکانیانی بە سەییدنا ئادەم فەرموو، وەکوو دەفەرموێت: ﴿وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا﴾ (البقرة: ٣١).

واتە: "خوای گەورە ئادەمی فێری هەموو ناوەکان کرد، ئەوە فریشتەیە و ئەوە جنۆکەیە، ئەوە ئیبلیسە (دوژمن)تانە (فریو)تان نەدات."

ئاشکرایە کە پێشتر فریشتە و جنۆکە و ئیبلیسی خەلق کردووە و سەییدنا ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بینیونی و زانیونی، ئینجا بۆ جوداکردنەوەی شت لە یەکتری، ناویان لێ نراوە و جەنابیشی (سەلامی خوای لەسەر بێت) فێری ناوەکانیان بووە..

## (بسم الله) بۆ یارمەتی و بەرەکەت و سەرفرازی و ڕەفتاری تر:

خوای گەورە فەرموویەتی: (بسم الله) نەیفەرمووە: (بالله)، چونکە دەبێت هەموو

ڕەفتارێکی ئەهلی تەوحید بە ناوی خوای تاک و پاک دەست پێ بکات، هەر لەبەر ئەوەشە کە ناوی خوای گەورە ئیزافەی لەفزی جەلالە «الله»، یان (ربُّك) دەکرێت؛ وەکوو:

١. ئەو ڕەفتارانەی ئومێدی مەددەدی خوایی و بەرەکەتی ئەویان لێ دەکرێت، وەکوو: ﴿ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ١﴾ (العلق: ١).

٢. تەسبیحاتکردن و خوێندنی ویردەکان، هەر بە ناوی خوای گەورەوە دەبن، بۆیە دەفەرموێت: ﴿فَسَبِّحۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلۡعَظِيمِ ٧٤﴾ (الواقعة: ٧٤).

واتە: "بە ناوی خوای پەروەردگاری مەزنتەوە تەسبیحات بکە، وتنی: (سبحان الله)، واتە: پاک و بێخەوشی (بێ عەیبی) بۆ خوای گەورەیە."

هەروەها: ﴿وَسَبِّحۡهُ﴾ (الإنسان: ٢٦)، فەرمانە، تا خوای پەروەردگار لە نوقسانی بە دوور بگیردرێت، لە زات و سیفاتی.

٣. خواردن و خواردنەوە و ڕەفتاری هاوشێوە، هەر دەبێت بە ناوی خوای گەورەوە بێت، بۆیە دەفەرموێت: ﴿فَكُلُواْ مِمَّا ذُكِرَ ٱسۡمُ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ﴾ (الأنعام: ١١٨).

واتە: "لەو گۆشتە بخۆن کە لە کاتی سەربڕیندا ناوی خوای لێ هێنراوە."

٤. کاتی چوونە سەر پێخەفی نووستن، سوننەتە بوترێت: **(بإسمكَ اللهم أحيا وأموت).**[١]

واتە: "ئەی خوای پەروەردگارم! وا بە ناوی تۆوە دەژیین و دەمرم."

٥. هەموو هەڵسوکەوتێکی تر لە: چوون و سواربوون و... هتد، بۆیە سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی تری کە

[١] بوخاری و موسلیم.

سـواری کەشـتییەکەی دەکـردن، فەرمـوو: ﴿وَقَالَ ٱرۡكَبُواْ فِيهَا بِسۡمِ ٱللَّهِ مَجۡرٜىٰهَا وَمُرۡسَىٰهَآ﴾ (هود: ٤١).

واتە: "بە نـاوی خـوای گەورەوە بچـنە نـاو کەشـتییەکەوە.. هەر ئەو سەرپەرشتیی سەرئاوکەوتن و سەلامەتی و ڕۆیشتن و لەنگەرگرتنی دەکات."

٦. هەروەها: ﴿فَسَبِّحۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلۡعَظِيمِ ٧٤﴾ (الواقعة: ٧٤)، و ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١﴾ (الأعلى: ١).. کە مەبەست لێیان: یادی خوای گەورە و هۆش خستنە لای ناوە جوانەکانییەتی، تا لە دڵەوە هۆشت لای بێت کە ناوی دەهێنێت، وەکوو ئەو کاتانەی لە ناخی دڵ و دەروون و هەست و هۆشی بەئاگاتەوە دەڵێیت: ﴿یا غفورُ یا رحیم﴾، لێم خۆش ببیت و بەزەییت پێمدا بێتەوە.

* جاری وا هەیە «ناو» دەهێنرێت، بەڵام مەبەست لێی «ناو لێ نراو»ەکەیە، وەکوو دەڵێین: "ئەوە پێویستە بنووسرێت."

واتە: نووسین و نووسەری دەوێت.. خوای گەورە لە بەرپەرچی باوەڕ و پەرستنی بتەکانیاندا فەرمووی: ﴿وَجَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ قُلۡ سَمُّوهُمۡ﴾ (الرعد: ٣٣)، خوای گەورە بۆ دەستەوستان کردنی موشریکانی قورەیش و ئەوانی تر، فەرمووی: دەسا باشە، ئەگەر ئەم بتانە خوان، ئادەی با کردگارێتی و ماراندن و ژیاندن و زیندوویەتیی خۆیان و سیفەتەکانی تری خوای گەورە بسەلمێنن!

شتێک خەلق بکەن و ناوی بهێنن.. وجوودی شتێکی دەستکردی خۆتان بهێننە کایەوە و ناوی لێ بنێن! داخۆ دەتوانن؟

نەخێر، ناتوانن.

# لَفْظَ الجَلالة: «الله»

«الله» نـاوی خـوای کردگـاری هەمـوو وجـوودێکی تـرە.. وجـوودی هەمـوو شتێک سنووری کات و شوێنی هەیە، چونکە مەخلووقە، بەڵام وجوودی خوای گەورە زاتییە و بە خۆیەوەیەتی.

بـۆیە ژمـارەیەکی زۆر لە زانایـانی عەقیـدە لە پێناسـەی ئەم نـاوە پیـرۆزەدا فەرموویان: (اسم الذات الواجب الوجود).

واتە: ناوی ئەو زاتەیە کە بوونی حەتمییە.. ناوی ئەو خوایەیە کە کردگار و پەروەدگارە و شایانی هەموو جۆرە پەرستنێکە، تەنیا ئەویش شایانی پەرستنە، چـونکە هەر ئەو کردگـار و خـاوەن و ڕۆزیـدەر و ژیـیەنەر و بەڕێـوەبەر و هەڵسوڕێنەری کاروباری هەر هەموو مەخلووقەکانییەتی.

هـیچ یەکێکـی تـر لە هـیچ سـیفەتێکیدا و بە هـیچ ڕادە و بڕ و هـیچ شـێواز و چۆنێتییەک، لە هیچ سیفەتێکی خوای گەورە ناچن. تەنیا ئەویش سیفەتەکانی تەواو و ڕەها و بێسنوورن.

بۆیە لەم لایەنەشەوە، هەر ئەو شایانی هەموو جۆرە پەرستنێکە کە بەدڵ، یان بە زمان، یان بە کردەوە ئەنجام دەدرێت.

## . وشەکە لە لایەنی زمانەوانییەوە:

ئەسڵی وشـەکە (إلهُ)ـە بە ناسـاندنی بە ئەلف و لام بـووە بە (الإلە: ألئیلاە): نـاوی تـوخمی پەرسـتراوان (خـوای گەورە دەبـوو هەر ئەو بپەرسـترێت و بەس)، بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر شتی تر دەپەرسترێت و ناونراون خوا (إله)، بۆیە وشەکە بووەتە ناوی توخمی خواکان.

. (ألَهَ: يَأْلَهُ، (آلِهَةً)، واتە: عَبَدَ، يَعْبُدُ، عبادَة).. یان: (أَلِهَ) یان: (ألِهَ) کە بەزۆر

مانا دێت، وەکوو: (تَحَيَّرَ: سەرگەردان بوو)، (سَكَنَ: هێدی بووەوە)، (فَزِعَ اليه: لە ترساندا چووە کەنار ئەو)، (وَلَعَ: هۆگری بوو)؛ دەبینیت تەوەری هاوبەشی مانای هەموویان، پەیوەستبوونی ناچاریی و ملکەچییە بۆ مەزن و خاوەن هێز و دەسەڵاتی بەتوانا.

- (إلە) لەسەر وەزنی (فِعال)ـە کە بە مانای: (مفعول)ـە، واتە: (معبود)، وەکوو: (كِتاب) کە بە مانای (مکتوب)ە.

لەبەر ئەوەی عەرەبە موشریکەکان بتەکانی خۆیان بەخوا (إلە) دەزانی و زۆریان هەبوو. «کۆ»یان بۆ ئەم تاکە ناوە داناوە کە (آلهة)یە، بۆیە دەیانوت: (إلاه بني فلان)، واتە: خواکەی فلاّن تیرە و هۆز.

بۆیە ناوی (الإلـه)، واتە: بە ئەلفولامیانەوە لە هیچ بتێک نەنا، چونکە دەیانوت: (الالـه) خواکەی ئاسمانە کە کردگاری هەموو بوونەوەرە. ئەوەش بەڵگەیە لەسەر مانەوەی کاریگەریی (تەوحید) کە پێشتر عەرەبەکانی لەسەر بووە. ئەو کاتە (الإله)یان، هەر وەکوو لەفزی «الله» بەکار دەهێنا، بۆیە لە شیعر و پەندی پێشینانی جاهیلییاندا ئەوە هاتووە کە وتوویانە: (معاذ الإلـه)، وەکوو (معاذ الله)، واتە: پەنا بە خوای گەورە.

- هەندێک زمانەوانانی تر وتوویانە: ئەسڵی لەفزی جەلالە «الله» بریتییە لە: (لاهٌ) کە چاوگی (لاهَ/ يَليهُ، لَيْهاً)ـە، واتە: (إحْتَجَبَ) واتە: لەبەر هەبوونی پەردەی بەربەست دەرناکەوێت.

ئەم مانا و سیفەتەش، هەر دەچێتە ڕیزی ماناکانی تری (ألِهَ) کە لە سەرەوە باسمان کرد.

هەندێکی تر دەڵێن: وشەی (إلـه) لە ئەسڵیدا سریانییە و (لاها)یە، بەڵام عەرەبەکانی پێش ئیسلام، ئەلفی دووەمیان لاداوە و بووە بە (لاه)، ئینجا ئەلفولامیان بۆ ناساندن و زانینی خستووەتە سەر و بووە بە (ألاه).

دواتریش بۆ ئاسان وتنی لامەکان جووت کراون و بووە بە «الله»، ئەوەش بە (ڵ)ی قەڵەو دەخوێنرێتەوە، ئاوا بووە بە «ئەڵڵاھ».

زەجاجیی زمانەوان ئەوەی پێ ڕاستتر و پەسەندتر بووە و فەرمووشییەتی: ئەوە بۆچوونی (خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی و سیبەوەیهی)یە. سیبەوەیهی لە کتێبەکەیدا (الکتاب)، باسی ئەو ئەلفولام و تێهەڵکێشبوونی دوو لامەکە و تەفخیم (قەڵەوکردنی لامەکە)ی کردووە، بەڵام نەیفەرمووە لە زمانی سریانییەوە هاتووە.

- کە وا بوو: زاراوەی: «الله» ناوی زۆر تایبەتی خوای تاک و پاکە، ناشێت لە هیچ کەس و شتێک بنرێت، لە حاڵەتی مەرفووعیدا دەبێت بە «أللهُ» لە حاڵەتی مەنصوبیدا دەبێت بە «اللهَ» و لە حاڵەتی مەجروریدا دەبێت بە بە «اللهِ»، لێرەشدا لەزهر ئەوەی (اسم)ی بۆ ئیزافە کراوە و بووە بە (بِسمِ اللهِ: بیسمیلاهی). بۆ ڕەچاوکردنی ئەدەب لەگەڵ خوای گەورەدا، ئەهلی ئیسلام دەڵێن: (لەفزی جەلالە)، لە جیاتیی وشەی «الله»، بۆ ئەوەی نەڵێن: «الله» مەرفوعە، یان مەنصوبە، یان مەجروور. ئێمەش دەبێت فێر ببین وا بڵێین (إن شاء الله).

## * شیکاریی ئیمامی مەودوودی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بۆ وشەی (الإله)[1]:

### ١. لێکۆڵینەوەی زمانەوانی:

وشەی (إلـه) کە سێ پیتە: (هەمزە، لام، ها) لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا بەم مانایانە هاتووە:

١. (أَلِهْتُ إلى فُلان): واتە: دڵم لە کەناری فلانە کەسدا سوکنایی بۆ هات.

٢. (الِهَ الرَّجُلُ يَألَهُ): پەنای کابرای دا لەوەی لێی؟دەترسا و بێ خەمی کرد لێی.

٣. (ألِـهَ الرَّجُلُ الى الرَّجُلِ): ڕووی کردە کابرا و بەرەو پیریی چوو، چونکە شەیدای بووبوو.

٤. (ألِهَ الفَصيلُ بأُمِّهِ): هۆگری دایکی بوو، چووە کەناری.

٥. (أَلَهَ يالهَهُ وألوهَيةً) پەرستی.

دەڵێن: وشەی «الله» لە (لَاهَ يَليهُ لَيْها)وەیە، بە مانای: دیار نەبوو..

بە تێڕوانینی ئەو مانایانەی سەرەوە، ئەوە دەردەکەوێت کە (أله، يأله، يالهةً) بە مانای: (تألُّه)ـە، واتە: پەرستن، «الله» بە مانای: (معبود) واتە: پەرستراو کە بریتییە لە:

---

[1] کورتەیەک لە شەرحەکەیم وەرگرتووە کە وا لە کتێبی (چوار زاراوەکەی قورئان/ وەرگێڕانی (احمد محمد قەرەنی) چاپی سێیەم ١٤٤١ک/ ٢٠٢٠ز، بڵاوکار: نووسینگەی تەفسیر/ هەولێر.

تێبینی: ئەوی وا لەنێوان کەوانەی [...]دا قسەی من (کرێکار)ن.

١. بەدیهێنـانی پێداویسـتییەکانی کەسـێک لە لایەن یەکێکـی بەتوانـا و خـاوەن ئیـرادەوە، ئەمە پـاڵنەری یەکەمـی پەرسـتنە، چـونکە کەسـەکە مەیلـی بـۆ خاوەن تواناکە دەبێت و حەز بە نزیکبوونەوە دەکات لێی، هێندە هۆگری دەبێت، تا دەیپەرستێت.

٢. کەسێک دەزانێت یەکێـک هەیە پێداویسـتییەکانی بـۆ دەهێنێـتە جـێ و بەهانا و هاواری خەڵکییەوە دەچێت کە وا بوو: خاوەن دەسەڵات و توانا و هێزی زاڵە.

٣. ئەو کەسـەی بەپێـی ڕێسـای سروشـتی، بە شـێوەیەکی ئاشکرا و دیـار بە گرتنە دەستی هۆکارەکان، پێداویستیی کەسانێک جێبەجێ دەکات، ناچێتە ئەو ئاسـتەوە کە بەخـوا دابنرێـت؛ چـونکە خـوا بەدەر لە هۆکارەکـان و لە دەرەوەی سروشت و گەردوونەوە کار جێبەجێ دەکات، لە هەمان کاتیشدا خوا خۆی نابێت دیار بێت، خاوەن هێز و دەسەڵاتێکی نادیاریشە.

٤. بێگومـان مـرۆڤ بە شـەوق و زەوقەوە بەرەو ئەوە دەچێت کە لێـی دڵنیـا بووە و  پێداویسـتییەکانی بـۆ دەبر دەکـات و لە تەنگـانەدا بە هانـایەوە دێت و لە خەم دەیڕەخسێنێت و هێوری دەکاتەوە.

کە وا بوو: ئەو مانا و ڕەفتارانەی وشەی «الله» دەیانگرێتەوە، ئەمانەن:

جێبەجێکردنـی پێداویسـتی، پەنـادان، هێـورکردنەوە، هەبـوونی دەسـەڵاتی بـاڵا و توانای زاڵبوون؛ نادیار، ئەوەی لە تەنگانەدا هاواری دەکەن و پەنـای بۆ دەبەن، هەروەها ئەوەی لە حەز و ویستەوە خۆشیان دەوێت.. ئەمانە مانای (الله: خودا)ن.

## * بیروبۆچوونی ئەهلی جاهیلییەت دەربارەی (ألە):

با بزانین دید و بۆچوونی عەرەبەکان و قەومەکانی تری جاهیلییەت، بەرانبەر وشەی: (إلـە) و (ألوهیـة) چۆن بووە کە قورئانی پیرۆز هیچییانی وەرنەگرت و پێناسە و وەسفی خۆی بۆ (إلە) هێنا؟

[ئەهلی جاهیلییەت کە هاوبەشیان بۆ خوای گەورە دانابوو، لە: بت و جنۆکە و فریشتە و سەرۆکە دەسەڵاتدارەکانیان، چەند ئومێدێکیان بەو (شرکاء)انە هەبوو کە گوایە: بە دەسەڵات و توانای بەدەر لە سروشتی مرۆڤ و هۆکار، دەتوانن پێداویستی پەرستیارەکانیان بهێننە دی، لەوانە:

١. قەبووڵکردنی هانا و هاواریان، کاتی کێشە و کارەساتیان.

٢. سوود پێ گەیاندن و زیان دوور خستنەوە لێیان.

٣. سەرکەوتن و زاڵبوون.

٤. وەرگرتنی بەرنامە و یاسا و ڕێسای خوا، بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ.

٥. دەسەڵاتداری و هێز و تەمکین].[١]

### ١. هانا و هاوار بۆ خوای گەورە دەبرێت و بەس:

خوای گەورە دەربارەی هەڵەی موشریکەکان، لە هاناو هاوار بۆ بردنی بێسوودیاندا دەفەرموێت: ﴿إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡ﴾ (فاطر: ١٤).

واتە: "ئەگەر لە کاتی تەنگانە و لێقەوماندا هاواریان بۆ ببەن، هاوارەکانتان نابیستن، ئەگەر گریمان بیستیشیان، دەستەوستانن لە وەڵامدانەوەدا؛ چ جای لە بەدیهێنانی داواکارییەکانتاندا."

چەندین جاری تر دەستەوستانیی بێتوانایی بتەکانیان نیشان دەدات کە

[١] نێوان ئەو جۆرە کەوانە [..] قسەی منن، چونکە باسەکانم ڕیزبەند کردووە. (کرێکار).

پەرستیارەکانیان دووچاری کێشە و کارەسات، یان غەزەبی خوای گەورە دەبن، ناتوانن بە هانایانەوە بێن، چ جای قوتارکردنیان!

دەفەرموێـــــت: ﴿وَمَا ظَلَمْنَاهُمْ وَلَٰكِن ظَلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ ۖ فَمَآ أَغْنَتْ عَنْهُمْ ءَالِهَتُهُمُ ٱلَّتِى يَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مِن شَىْءٍ لَّمَّا جَآءَ أَمْرُ رَبِّكَ ۖ وَمَا زَادُوهُمْ غَيْرَ تَتْبِيبٍ ﴿١٠١﴾﴾ (هود: ١٠١).

واتە: "لەو کـاتەی کە فەرمـانی فەوتانـدنیان لە پەروەردگـارتەوە دەرچـوو، ئەوانەی هاواریان دەکردنێ و هانایان بۆ دەبردن و دەیانپەرستن، بە هاواریانەوە نەچوون، تـا سزای خـوای گەورەیـان لەسـەر لابەرن؛ هاوارکردنەکەیـان لە غەیـری خوای گەورە زەرەرمەندتری کردن."

کە لە واقیعـدا دەکەوتـنە کارەسـاتی سـەخت و دژوارەوە و هەسـتیان دەکـرد دەفەوتێن، هاواری خوای گەورەیان دەکرد و زۆر سەرڕاستانە لێی دەپاڕانەوە، تا قوتاریـان بکـات کە قوتاریشـی دەکـردن پشـتیان لە بەرنـامەکەی دەکـرد و دەکەوتنەوە کوفر و شیرک و زوڵم و ناحەقی.

خــوای گەورە دەفەرموێــت: ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمْ فِى ٱلْفُلْكِ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ وَفَرِحُوا۟ بِهَا جَآءَتْهَا رِيحٌ عَاصِفٌ وَجَآءَهُمُ ٱلْمَوْجُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَظَنُّوٓا۟ أَنَّهُمْ أُحِيطَ بِهِمْ ۙ دَعَوُا۟ ٱللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنْ أَنجَيْتَنَا مِنْ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ﴿٢٢﴾ فَلَمَّآ أَنجَىٰهُمْ إِذَا هُمْ يَبْغُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ ۗ﴾ (یونس: ٢٢ - ٢٣).

واتە: "لەو کاتەدا کە لە کەشتییەکە/ کەشتییەکەتاندا بوون، بایەکی ئاسان کەشتییەکەی دەئاژووت، خۆشحاڵ بوون بە بارودۆخەکەتـان، لەناکـاو ڕەشـەبا هەڵـی کـرد و شـەپۆل لە هەمـوو لایەکەوە دانیـیە بەر تەکـان و بەتەواوی کەوتـنە گومانی فەوتانتانەوە و کەوتنە پاڕانەوەی سەرڕاستانە؛ بە کوڵ و دڵ هانایان بۆ خوای گەورە دەبرد و بەڵێنیان پێ دەدا و سوێندیان دەخوارد کە، ئەگەر ئەم جار

ڕزگارمان بکەیت و قوتار ببین، دەبینە کەسانێکی سوپاسگوزار و شوکرانەبژێر ،کەچی کاتێ کە چوو بە هانایانەوە و پاڕانەوەکانی گیرا کردن و قوتاری کردن؛ وەفایـــان بـــۆ بەڵێنەکانیـــان نەبـــوو، خـــراپتر دەرچـــوون، نکـــوولّیی وەحـــی و تەوحیدەکەیان دەکرد! کەوتنەوە دەستدرێژی و زوڵم و ناحەقی! خراپەکارییان زەمینی گرتەوە![1]

## ٢. سوود و زیان لەدەست خوای گەورەدایە و بەس:

خوای گەورە دەفەرموێت: کە قەومی هوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە هەمـوو عەقـڵ و هۆشـیانەوە بە هوودیـان دەوت: ﴿إِن نَّقُولُ إِلَّا ٱعۡتَرَىٰكَ بَعۡضُ ءَالِهَتِنَا بِسُوٓءٖۗ﴾ (هود: ٥٤).

واتە: "ئـــێمە باوەڕمـــان وایە کە: هەنـــدێک لە خواکانمـــان دەســـتیان لێوەشـاندوویت و شـێتیان کردوویـت، چـونکە تـۆ جنێـوت پێـداون و ناهێڵیـت بیانپەرستین!"

هەموو بتپەرستانی کۆن و نوێ، خواکانیان دەپەرست، چونکە لەو باوەڕەدا بوون کە سوود پێ گەیاندن و زیان لێ لادانیان بەدەست خواکانیانە. موشریکانی سەردەمی وەحییش وا بوون، خوای گەورە لە باسیاندا دەفەرموێت: ﴿وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ﴾ (یونس: ١٨).

واتە: "شتی وای بێجگە لە خوای گەورە دەپەرستن کە نە زیانیـان لـێ دوور دەخەنەوە و نە سوودیشیان پێ دەگەیەنن."

- سـەییدنا ئیبراهـیم (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) بە قەومەکەی خـۆی

---

[1] ئەو موشریکانە لەو حاڵەتە سەختەیاندا هاواری خوا قەستینەکانیان نەکرد، هەر هاواری خوای گەورەیان کرد، کەچی شیعە و سۆفی و نەزانانی تر لەو حاڵەتانەشدا هاواری خوای گەورە ناکەن!

دەفەرمـوو: ئـاخر ئێـوە ئەو بتـانە لە جیـاتیی خـوای گەورە دەپەرسـتن، چـما کە هاواریان دەکەنێ، هاوارتان دەبیستن؟! ئایا سوودتان پێ دەگەیەنن؟! زیانتان لێ دوور دەخەنەوە؟ !بێگومان نەخێر؟؟

دەفەرمویـــــت: ﴿قَالَ هَلْ يَسْمَعُونَكُمْ إِذْ تَدْعُونَ ۝٧٢ أَوْ يَنفَعُونَكُمْ أَوْ يَضُرُّونَ ۝٧٣ قَالُوا بَلْ وَجَدْنَا آبَاءَنَا كَذَٰلِكَ يَفْعَلُونَ ۝٧٤﴾ (الشعراء: ٧٢ - ٧٤).

بەڵگەی ڕاست و ڕەوایی دید و هەڵوێستیان ئەوە بوو کە دەیانوت: ئێمە باب و باپیرانی خۆمان بینی وایان دەکرد. واتە: ئێمەش لەسەر ڕەویەی ئەوان دەڕۆین!

- خــوای گەورە لە پــووچەڵکردنەوەی دیــد و بــاوەڕ و پەرســتن و داب و نەریتیاندا دەفەرموێت کە هەرچی تووشی هەر کەسێک دێت، هەر ئەوەیە کە بە ویســتی خــوای گەورە بــووە و بەس، دەفەرمویــت: ﴿قُل لَّن يُصِيبَنَا إِلَّا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا﴾ (التوبة: ٥١).

**<u>٣. مەدەد و سەرکەوتن، هەر لەدەست خوای گەورەدایە و بەس:</u>**

خــوای گەورە باســی کــافران دەکــات کە باوەڕیــان وا بــوو: خواکانیــان سەرکەوتنیان بۆ دابین دەکەن و سەرکەوتن لای ئەوانەوەیە!

بەڵام ئەوە لە واقیعـی حاڵیشـیاندا بۆیـان دەسـەلما کە بتەکانیـان سـەرکەوتن نابەخشـن، خۆیـان پێویسـتیان بەوەیە کەسێک نەیانشـکێنێت! خۆشـیان لەگەڵ چەکداری و هەبوونی تفاقی جەنگدا هەر سەرنەکەوتن!

دەفەرموێـت: ﴿وَاتَّخَذُوا مِن دُونِ اللَّهِ آلِهَةً لَّعَلَّهُمْ يُنصَرُونَ ۝٧٤ لَا يَسْتَطِيعُونَ نَصْرَهُمْ وَهُمْ لَهُمْ جُندٌ مُّحْضَرُونَ ۝٧٥﴾ (یس: ٧٤ - ٧٥).

واتە: "بـێجگە لە «الـلە»، چەنـد خـودای تریـان هەڵـبژارد و کردیـانن بە خـوای

خۆیـان، بەو ئومێـدەی لە شـەڕ و شـۆڕدا سـەریان بـخەن! کەچـی نەیانـدەتوانی سەریان بخەن، ئەگەرچی کافرەکان هەموویان سەربازی بتەکانیشیان بوون!"

بەڵام خوای گەورە بەردەوام ئەو ڕاستییەی لە ناخی موسوڵمانانداا دەچەسپاند و ئەو هەواڵەی دەدا بە موشـریکان و کـافران کە سـەرکەوتن تەنیـا و تەنیـا لە لایەنـی خـوای گەورەوەیە و بەس کە دەفەرموێـت: ﴿وَمَا ٱلنَّصۡرُ إِلَّا مِنۡ عِندِ ٱللَّهِ﴾ الأنفال: ١٠، هەروەها: ﴿وَٱللَّهُ يُؤَيِّدُ بِنَصۡرِهِۦ مَن يَشَآءُ﴾ (آل عمران: ١٣).

- لە سـورەتە مەککییەکانیشـدا، ئەم «حەقـیقەت»ـە بەڵگەنەویسـتە بـۆ هەمـووان بـاس دەکـات کە دەفەرموێـت: ﴿وَلَقَدۡ أَهۡلَكۡنَا مَا حَوۡلَكُم مِّنَ ٱلۡقُرَىٰ وَصَرَّفۡنَا ٱلۡأٓيَٰتِ لَعَلَّهُمۡ يَرۡجِعُونَ ٢٧ فَلَوۡلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرۡبَانًا ءَالِهَةَۢۖ بَلۡ ضَلُّواْ عَنۡهُمۡۚ وَذَٰلِكَ إِفۡكُهُمۡ وَمَا كَانُواْ يَفۡتَرُونَ ٢٨﴾ (الأحقـاف: ٢٧ - ٢٨).

واتە: "هۆ خەڵکی مەککە! ئێوە دەزانن کە ئێمە ناوچەکانی دەوروبەرتانمان فەوتاند (قەوم و ناوچەکـانی سەموود و قەومـی لـوط و ئەوانـی تـر) زۆر و هەمە جۆری بەڵگەمـان بۆ هێنانەوە کە وەحی حەقە و دید و بیروبـاوەڕی ئێـوە چەوتە، وتمـان: بەڵکوو بگەڕێنەوە سـەر وەحی و تەوحید، بەڵام هەر ملهوڕییـان نواند و سوور بوون لەسەر شیرک و کوفری خۆیان، ئێمەش فەوتاندمانن، هیچ لایەنگر و سـەرخەرێکیان نەبـوو؛ نە بتەکانیـان سـەریان خسـتن کە بەردەوام قوربانیـان بـۆ دەکرا و نە خۆیشیان توانییان لە بەرانبەر غەزەبی خوای گەورەدا خۆ ڕابگرن!

## * بەرنامە دانان و یاسا دارِشتن مافی خوای گەورەن و بەس:

موشریکانی عەرەب و قەومەکانی تر، لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا مانایەکی تری خوایەتییان کردبوو بە مافی سەرۆک هۆز و کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکانیان!

جوولەکە و دیانەکانیش هەر وا بوون، مافی بەرنامە دانان و یاسا دارِشتن و حەرامکردن و حەڵاڵکردنیان دابوو بە پیاوە دینییەکانیان، هەر وەک چۆن خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ﴾ (التوبة: ٣١).

واتە: "قەشە و عالمەکانی خۆیان (پیاوانی دینی)یان کردبوو بە خوا، هەر وەک چۆن (عیسای کوڕی مەریەمیان) کردبوو بە خوا، لە کاتێکدا فەرمانی ئەوەیان پێ درابوو کە تەنیا یەک خودا بپەرستن کە «الله»یە و جگە لە و هیچ خوایەکی تر شایان و شایستەی پەرستنی نییە."

هەروەها لە سورەتی (الشوری)دا کە سورەتێکی مەککییە، باسیان دەکات کە ئەو خەڵکە جاهیلییە، هاوبەشانە (شرکاء)یان بۆ خوای گەورە دانابوو، مافی دەرکردنی یاسایان پێ دابوون بەوەی ئەو (شرکاء)انە، هەر فەرمانێکیان پێ بدانایە جێبەجێیان دەکرد؛ وەکوو: زیندەبەچاڵکردنی کچەکانیان و کردنی کوڕەکانیان بە قوربانی بتەکانیان کە سەریان دەبڕین بۆیان!"

خوای گەورە ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاوانە دەفەرموێت: ﴿أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ﴾ (الشوری: ٢١).

واتە: "یان هاوەڵیان بۆ خودای گەورە داناوە، تا یاسا و ڕێسایان بۆ دابڕێژن کە خوای گەورە ڕێی پێ نەداون."[١]

---

[١] ئەم ئایەتە ڕاشکاوانە ئەوە دەگەیەنن کە ئەو کەسەی (یان ئەو کەسانەی) پەیڕەو و

ئەو خـوایەتی و عەبـدایەتییەی ئەم ئایەتـانە پێناسـەیان دەکەن دیـارە کە لە یاسادانانی دەسـەڵاتداران و گوێڕایەڵی و شوێنکەوتنی خەڵکەکەدان، ئەوان بەو کارە خۆیان کردووەتە خوا لەو خەڵکە و ئەو خەڵکە نەزانەش بە ملکەچکردنیان بۆ خۆیان و یاسا و دەستووریان، بوونەتە عەبد و پەرستیاری ئەوان.

ئیمامـی مەودوودی (ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت) لە «چـوار زاراوەکە»یـدا دەفەرموێت: "بە سـەرنجدان لەم ئایەتانە دەردەکەوێت کە وشـەی (إلـه) ئەمجارە لێرەدا مانایەکی تر دەبەخشێت کە زۆر لەوانی تر جیاوازە.

- باسـی ئێـرە، باسـی هـیچ دەسـەڵاتێکی دەستڕۆیشـتوو بەسـەر یاسـاکانی سروشتدا نییە.

- ئەوەی لەم دوو ئایەتەدا بە «خوا» ناسێنراوە، بۆ ئەوە نییە کە لە تەنگانەدا بانگی بکەن و لێی بپاڕێنەوە.

یـان وا بـزانن زیانیـان هەیە، یـان قـازانج، بەڵکـوو بـۆ ئەوەیە فەرمانەکـانی بکەنە یاسا و ڕێسای دەستووری ژیان، یان بەوەی کە ئەو بڵێت وا بکەن؛ بیکەن، یان وا مەکەن، نەیکەن، چ شتێک ئەو حەڵاڵی بکات؛ ئەوا بە حەڵاڵی دەزانن، چ شتێکیش ئەو حەرامی بکات، ئەوا بە حەرامی دادەنێن.

مانـای «خـودا» لێـرەدا ئەوەیە: کە ئەو کەسـە (یـان ئەو لایەنە) پێویسـتی بە هێزێکـی لە خـۆی بـاڵاتر نیـیە، بگەڕێـتەوە لای و ئاراسـتەی لـێ وەربگرێـت و بیکاتە بەرنامەی ژیانی خەڵکی، یان یاسا و ڕێسـای دەستووری حوکمڕانییـان.. ئەو کەسـە (یـان ئەو لایەنە) کـراوە بە «خـوا» بەوەی کە مـافی ڕەهـای داڕشـتنی بەرنامە و یاسا و دەستووری پێ دراوە."[1]

---

پرۆگرام و دەستوور بۆ کۆمەڵانی خەڵک دادەنێت کە لە دینی خواوە سەرچاوەیان نەگرتبێت، یان خەڵکی هان بدات لەسەر بەرنامەیەکی وا بڕۆن، ئەوا هەست بکات، یان نەیکات؛ بزانێت یان نەزانێت، دانی پێدا بێنێت، یان نکوولیی لێ بکات؛ خۆی لە ڕیزی خوای گەورە داناوە و داوای خوایەتیی لەو خەڵکە کردووە بۆ خۆی، هەر کەسێکیش لەو خەڵکە بەو لاف و گەزاف لێدانە ڕازی بێت و پێی وا بێت مافی هەیە، کافر دەبێت. (ئەحمەد).

[1] ل (٣٦ - ٣٨).

* [کە وا بوو: تەسلیمبوونی خەڵکی، یان ڕازیبوونیان بەوەی کەسێک، یان کەسانێکی ئەندام پەرلەمان، مافی ئەوەیان هەیە یاسا و ڕێسای وا دەربکەن کە پێچەوانەی وەحیی خوایی بێت؛ «عەبدایەتی»کردنە بۆ ئەو خوایە، یان بۆ ئەو پەرلەمانەی مافی خوای گەورەی لە حەڵاڵکردن و حەرامکردندا زەوت کردووە بۆ خۆی.

هەر ئەم تەسلیمبوون و گوێڕایەڵی و ملکەچکردن و بەقسەکردنەیە کە خوای گەورە ناوی ناوە: «پەرستن»، ئەگینا خەڵکی چۆن هەوا و هەوەسی خۆی دەپەرستێت].

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ﴾ (الفرقان: ٤٣).

واتە: "دەبینیت چۆن ئەو کەسە هەوا و حەز و ئارەزووی خۆی کردووە بە خوای خۆی؟!"

ئیمامی مەودوودی دەفەرموێت: "مانای ئایەتەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە: ئەگەر یەکێک شوێنی هەوا و ئارەزووی خۆی بکەوێت و لە سەرەوەی هەموو شتێکی دابنێت، لە ڕاستیدا کردوویەتی بە پەرستراو (إله)."[1]

* کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿۞ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَـٰبَنِىٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَـٰنَ﴾ (یس: ٦٠).

واتە: "ئەرێ هۆ ئادەمزادەکان! مەگەر من لەسەر زمانی پێغەمبەرانم (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ڕامنەسپاردن کە شەیتان نەپەرستن؟!"

باشە کە شەیتان نادیارە، خۆ وەکوو بتەکان نییە کە خواپەرستیی بۆ ئەنجام بدرێت، ئەدی پەرستنی شەیتان چۆنە؟

---

[1] هەمان سەرچاوە (ل ٣٨).

بێگومــان پەرســتنی شــەیتان بــریتییە لە: شــوێنکەوتنی ئاراســتە و ڕێ و هەڵوێستی.

ئەوە چۆن دەزانرێت؟

بەوەی کە پێچەوانەی شەرع ڕەفتار بکەیت.

فەرمـانی خـوای گەورە دیـارە کە لە قورئـان و سـوننەتدایە، پابەنـدبوون بەم دوو ســەرچاوەیەوە خواپەرســتییە، لە بەرانــبەردا: هەوا و هەوەس و شــەیتان و دنیاویســتی هەیە کە بــە گــوێ کردنــی ئەمــانە کە پێچەوانەکــاریی قورئــان و ســوننەتەکەیە، پەرســتنیانە. هەر کەسـێکیش هەوا و هەوەسـی خـۆی پەرسـت، ئاسان شەیتانیش دەپەرستێت و باوەش بە دنیادا دەکات.

## ٢. تەنیا خوای گەورە دەسەڵات و تەمکین دەبەخشێت:

عەرەبەکــانی جــاهیلییەت و قەومەکــانی پێشــین کە موشــریک بــوون، باوەڕیـان وا بـوو کە: بتەکانیـان دەسـەڵات و تەمکینیـان بـۆ دابـین دەکەن، هەر وەک چۆن خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ ءَالِهَةً لِّيَكُونُواْ لَهُمْ عِزًّا ﴿٨١﴾﴾ (مريم: ٨١).

واتە: بـێجگە لە خـوای گەورە چەنـدین خـودای قەسـتینەیان (وەکـوو بـت و جنـۆکە و... هتـد) بـۆ خۆیـان و قەومەکەیـان دانـابوو، تـاوەکوو بیانپەرسـتن و لە ئەنجامدا ئەم بتانە بۆیان ببنە مایەی دەسەڵات، تا ئەم بتانە هێزیان بۆ دابین بکەن و مەدەدیان بدەنێ!

## ٣. بنەمای بابەتی خودایەتی:

ئیمامی مەودوودی دەفەرموێت[1]: "هەمـوو ئەو شتانەی دەربـارەی مانـا جیـا جیاکانی وشەی (إله) باسکران، پەیوەندییەکی ژیربێژی (مەنتیقی)یان لەنێواندا

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل (٣٨ . ٣٩).

هەیە، ئەو کەسەی شتێک بکاتە پشتیوان و سەرپەرشتیار و جێبەجێکاری پێداویستییەکانی و لابەری نەهامەتی لەسەری و وا بزانێت کە وەڵامی پاڕانەوەی دەداتەوە و توانای ئەوەی هەیە زیانی پێ بگەیەنێت [یان زیانی لێ دوور بخاتەوە]؛ یان قازانجی پێ بگەیەنێت بە شێوەیەکی بەدەر لە یاساکانی سروشت، ئەوە ئەو کەسە ئەو شتەی بە خودا داناوە، مادام وا دەزانێت کە ئەو شتە، یان ئەو کەس و لایەنە، جۆرە دەسەڵاتێکی سەربەخۆی بەسەر ئەم بوونەوەرەدا هەیە.

- هەروەها، ئەگەر کەسێک باوەڕی وا بێت کە: ئەو شتە، یان ئەو کەس و لایەنە دەتوانن لەڕێی نادیار (غەیب)ەوە زیان و سوودی پێ بگەیەنن، چونکە وا دەزانێت ئەو شتە، یان ئەو کەس و لایەنە؛ جۆرە دەسەڵاتێکی بەسەر ئەم بوونەوەرەدا هەیە، ئەو کەسە موشریکە، چونکە وای داناوە کە ئەو شتە هاوبەشی خوای گەورەیە لە هەندێک سیفاتیدا.

- هەروەها ئەو کەسەی باوەڕی بە خودای باڵادەست هێناوە، بەڵام داوا لە غەیری خوای گەورە دەکات و پەنای بۆ دەبات، ئەمیش موشریکە مادام وا دەزانێت ئەو شتە، یان ئەو کەس و لایەنە؛ جۆرە هاوبەشییەکیان لەگەڵ خودادا هەیە، بۆ کارگێڕانی ئەم بوونەوەرە.

- هەروەها هەر کەسێک یاسا و دەستووری کەسێک، یان لایەنێک، جگە لە بەرنامەی خودا بکات بە یاسای ژیانی خۆی، فەرمان و قەدەغەکراوەکانی لەبەرچاو بگرێت بە جۆرێک کە پێی وا بێت دەبێت فەرمانی جێبەجێ بکات و لە قەدەغە کراوەکانیشی دوور بکەوێتەوە؛ ئەوە بێگومان دان دەنێت بە دەسەڵاتی ئەو کەس و لایەنەدا کە خاوەن یاساکەن، گوایە دەسەڵاتێکی زاڵیان هەیە، ئەمیش هەر کافرە!

پوختەی قسان ئەوەیە کە: بنەما و جەوهەری خوایەتی (الألوهیة) دەسەڵاتە، بە مانایەکی تر: دەبێت خەڵکی باوەڕیان وا بێت کە ئەوەی دەسەڵاتی

بەسەر ئەم بوونەوەر و یاسا سروشتییانەدا زاڵە، هەر ئەوە کە دەبێت خەڵکی شوێنکەوتەی تەعلیماتی بن و بە پێویستی بزانن کە فەرمانەکانی جێبەجێ بکەن و ملکەچیی بۆ دەرببڕن."

ئیمامی مەودوودی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت[1]: "ئەوە ئەو تێڕوانینەیە بۆ دەسەڵات کە قورئانی پیرۆز دەیکاتە بناغە و چەندین بەڵگە بۆ سەلماندنی دەهێنێـەوە و پێچەوانەکەی کە خوایەتی (ألوهیة)ی غەیری خوای گەورەیە ڕەت دەکاتەوە و بڕیاری خوایەتییەکە تایبەت دەکات بە خوای باڵادەستەوە.

**ئەوەی بەڵگەی قورئانە ئەوەیە کە:**

١. هیچ کەس و شتێک لە ئاسمانەکان و زەویدا، جگە لە خوای گەورە، دەسەڵات و کارگێڕیی بەدەست نییە.

٢. هێنانە بوون و بەخشش و فەرمان دەرکردن، هێز و توانای گۆڕانکاری بەدەست خۆیەتی.

٣. هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە پێیان خۆش بێت، یان پێیان ناخۆش بێت، ملکەچ و ژێرباری یاسای خودان.

٤. هیچ کەس و شتێک، جگە لە خوای گەورە، حوکم و دەسەڵاتی بەسەر ئەم بوونەوەرەدا نییە.

٥. هیچ کەس و شتێک نهێنییەکانی بوون و هێنانە بوون و بەڕێوەبردنی و ڕێساکانی گەردوون و ژیان نازانێت.

٦. دەبێت تەنیا بڕیار و تەعلیماتی خوای گەورە، بەسەر ئەم بوونەوەرە پان و بەرینە و نیشتەجێیانیدا جێبەجێ بکرێت.

---

[1] هەمان سەرچاوە (ل ٤٠) من بەڵگەی ترم بۆ هێناوەتەوە و باسەکەم ڕیزبەند کردووە. (کرێکار)

لەبەر ئەوانەیە کە نابێت هیچ یەکێک بە هاوبەشی خوای تاک و پاک دابنرێت، لە پەرستن و جێبەجێکردنی فەرمانەکانیدا.

کەواتە: لە ڕاستیدا هیچ خودایەک نییە، تەنیا ئەو نەبێت، بۆیە هەر کار و کردەوەیەک بکرێت و مەبەست لێی: خوایەکی تر بێت، کارێکی بێنرخ و پووچ و بێبایەخە.

بۆیە: ئەو بەندایەتییەی بۆ خوایەکی تری، جگە لە «الله» دەکرێت، دەبێت هەڵبوەشێنرێتەوە، چونکە هەر خوای گەورە کردگارە و خاوەنی دەسەڵاتی باڵاو توانای بێوێنەیە، نەک غەیری ئەو.

جا ئەم بەندایەتییە [شیرکییە] لە هەر لایەنێکدا بێت، وەکوو: لێ پاڕانەوە و خۆ پەنادانی و لێ ترسانی و دانانی بە واسیتەی نێوان پەرستیارانی و خوای گەورە و باڵادەست، یان بە گوێ کردن و ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانیان.

جا فەرموون لەگەڵ ئەو شێوازە پڕ مانا و بێوێنەیەی کە قورئان بە بەڵگە دەیهێنێتەوە بۆ ئەو مانایانەی باسمان کردن:

١. ئەو خودایەی خەلق دەکات، توانای بە هاناوە هاتنی خەڵکی هەیە، نەک (بەناو) خودایەک کە خۆی مەخلوقە. دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ يَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَخۡلُقُونَ شَيۡـٔٗا وَهُمۡ يُخۡلَقُونَ ٢٠﴾ (النحل: ٢٠).

واتە: ئەو بتانەی لە جیاتیی خوای گەورە لێیان دەپاڕێنەوە، هیچیان پێ خەلق ناکرێت و خۆیان خەلقکراو و دروستکراون.

ئینجا دەپرسێت: ﴿أَفَمَن يَخۡلُقُ كَمَن لَّا يَخۡلُقُۚ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ١٧﴾ (النحل: ١٧).

واتە: ئایا ئەوەی شتان بەدی دەهێنێت وەکوو ئەوەیە کە هیچ بەدی ناهێنێت؟! ئایا ئێوە بیر لەوە ناکەنەوە؟!

٢. ئەوی ڕزق و ڕۆزی دەدات خـوای کردگـارە، ئیـدی چـۆن چـاوەڕێن (مەخلووق)ێک ڕزق و ڕۆزیتان بدات؟!

دەفەرموێـــــت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ هَلۡ مِنۡ خَٰلِقٍ غَيۡرُ ٱللَّهِ يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُؤۡفَكُونَ ٣ ﴾ (فاطر: ٣).

واتە: ئەی خەڵکینە! ناز و نیعمەتەکانی خوای گەورەتان بە بیر بێتەوە کە پێی بەخشیون، ئایا لە ئاسمانەکان و زەویدا هیچ بەدیهێنەر (خالق)ێک، جگە لە خوای گەورە هەیە، ڕزق و ڕۆزیتان بدات؟!

هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتی بێت، جگە لە ئەو، ئیتر چۆن و بۆچی لە حەق لادەدەرێن؟

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَكُمۡ ثُمَّ رَزَقَكُمۡ ثُمَّ يُمِيتُكُمۡ ثُمَّ يُحۡيِيكُمۡۖ هَلۡ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَفۡعَلُ مِن ذَٰلِكُم مِّن شَيۡءٖۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٤٠ ﴾ (الروم: ٤٠).

واتە: ئەوە خـوای گەورەیە کە ئێـوەی بەدی هێنـاوە و پاشـان ڕۆزیـی داون، پاشـان دەتانمرێنێـت، دواتـر زینـدووتان دەکـاتەوە؛ دەی باشـە ئەوانەی کە کردووتـانن بە هاوبەشـی خـوای گەورە لە پەروەردگـارێتی و خوایەتیـدا، ئایـا دەتـوانن هـیچ یەکێـک لەم کـارانە بـکەن؟! پـاک و بێخەوشـی بـۆ خـوای گەورە لەوەی کە هاوەڵی بۆ دادەنێن.

٣. ئەوی خاوەنی هیچ شتێک نییە لە ئاسمانەکان و زەویدا، چۆن دەکرێت بە خوا؟!

خوایەتی، هەر ماف و شایانی خوای کردگارە کە خاوەنی هەموو ئاسمانەکان و زەوی و هەرچییەکە تێیاندان و هەر هەموو مەخلووقاتەکانی تر. دەفەرموێت: ﴿

﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱلَّذِينَ زَعَمۡتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ لَا يَمۡلِكُونَ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَمَا لَهُمۡ فِيهِمَا مِن شِرۡكٖ وَمَا لَهُۥ مِنۡهُم مِّن ظَهِيرٖ ٢٢﴾ (سبأ: ٢٢).

واتە: بفەرموو: ئادەی هاوار و هانا بینە بەر بتەکانتان کە لە جیاتیی خوای گەورە داتانناون و کردووتانن بە خودا! بزانن هیچ وەڵامێکیان لێوە دەبیستن؟! نەخێر، ئەوانە نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەویدا خاوەنی تۆسقاڵێک (مسقالە زەڕڕەیەک) شت نین، لە خاوەنداریێتیی هیچ شتێکی ئاسمانەکان و زەویدا هاوبەش نین و لە هیچ شتێکیشدا هاوکار و یارمەتیدەری خوای تاک و پاک نین.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِي لَهُۥ مُلۡكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ.. ٢.. وَلَا حَيَوٰةٗ وَلَا نُشُورٗا ٣﴾ (الفرقان: ٢ - ٣).

واتە: ئەوی خاوەنداریێتیی ئاسمانەکان و زەوی هیی ئەوە، نە ئەولادی بۆ خۆی گرتووە و نە هاوبەشیشی لە خاوەنێتییەکەدا هەیە و نە لە دەسەڵاتێکدا هاوەڵی هەیە.

خوای گەورە هەموو شتێکی بەدی هێناوە و مەزندەی هەموو شتێکی هەموو مەخلووقێکی ئەندازەگیری کردووە [هەر دروستکراوێک پێویستی بە هەر شتێک بێت، بۆی دیاری کردووە و دایناوە بۆی]، کەچی موشریکەکان خودای تریان، جگە لە «الله» داناوە و دەیپەرستن کە هیچ شتێکیان بەدی نەهێناوە و خۆیشیان دروستکراون!

هیچ سوود و زیانێکیان نە بۆ خۆیان هەیە و نە بۆ غەیری خۆیان، نە مردن و ژیانیان بەدەستە و نە زیندووبوونەوە، هیچ نین، نە هاوبەشی خوای گەورەن لە خەلقکردن و خاوەنداریێتی و دەسەڵاتدا؛ نە لە زیان لادان و سوود هێناندا و نە لە مردن و ژین و مراندن و ژیاندنەوەدا، ئیتر بۆچی کراون بە خوا و هانایان بۆ دەبرێت و دەپەرسترێن؟!

٤. ئەوەی خـاوەنی دەســەڵات و هێـزی ڕەهـا نیــیە، چـۆن دەکـرێتە خـوا و دەپەرسترێت؟! خوای گەورە، خوای کردگاری وجوود، خوای خاوەنی وجوود و ڕۆزیدەری هەر هەموو گیانلەبەران، خوای کارگێڕ و بە تەکبیری هەموو بزاوت و سرەوتنێک کە خاوەنی دەسەڵاتی سەروەری و هێزی لەبن نەهاتووی بێوێنەیە؛ هەر ئەو شایانی دیاریکردنی بەرنامەی گۆڕانکاری و یاسا و ڕێسا و دەستووری ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ئیدارەی دەوڵەتێتی، چونکە ئەو بە زانینـی ڕەهـا و دانـایی بێـوێنەی خۆی، ئەو بەرنـامە و دەسـتوورەی دانـاوە و بە پێغەمبەرە بەڕێزەکانیدا (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ناردوویەتی، ئیتر چۆن کەسێکی نەفام و لاسەنگ و لاسار بۆ بەرژەوەندیی خۆی و لە هەوا و هەوەسی خۆی و مرۆڤـی ترەوە؛ بەرنامە و یاسا و دەستوور دیاری دەکات؟! ئەمە کوفرە، ئەوەش بـاوەڕبوونە بەوەی کە خەڵکانێـک هەن شـیاون ببنە هـاوەڵ و هاوبەشـی خوای گەورە!

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿يَخۡلُقُكُمۡ فِي بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمۡ خَلۡقٗا مِّنۢ بَعۡدِ خَلۡقٖ فِي ظُلُمَٰتٖ ثَلَٰثٖۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ ٦﴾ (الزمر: ٦).

واتە: ئەوە ئەو خوایەیە کە لە زگـی دایکتاندا، لەنـاو سێ تاریکیدا قۆنـاغ بە قۆنـاغ خەلقتـان دەکـات، ئەوە خـوای پەروەردگارتـانە [نەک بتـی دار و بەرد و جنۆکە، یان گۆڕ و مەرقەد، یان فەلسەفە و زانستی بەشەری]، هەموو دەسەڵات و هێزێکیش؛ هەر هیی ئەوە و بەس. هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتی بێت، جگە لە خوای گەورە، ئیتر چۆن و بۆچی لەڕێی ڕاست و پەیامی خوای گەورە لادەدرێن کە حەق قەبووڵ ناکەن؟!

هەروەهـا دەفەرموێـت: ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ٣﴾ (الناس: ١ - ٣).

واتە: بفەرموو: من پەنا دەگرم بە خوای پەروەردگاری خەڵکی، دەسەڵاتداری سەروەری خەڵکی، خوای خەڵکی.

دەبینیت چۆن قورئان سیفەتەکانی خوای گەورەی ڕیز کردووە، یەکەم پەروەردگاریێتی کە کردگاریێتی و خاوەنێتی و ژیاندن و مراندن و سوود پێ گەیاندن و زیان لێ دوورخستنەوە و ڕۆزیدان و شیفا بەخشین و... هتد، ئینجا دەسەڵاتداری و سەروەریێتی و خاوەنێتیی مافی حوکم کردن لە یاسا دارشتن و حوکرانی و داوەری کردن.

دوای ئەم دوو سیفەتە، بە هیچ کلۆجێک هیچ یەکێک لە وجووددا لە هیچ سیفەتێکدا بە هیچ ڕادە و بڕێک و بە هیچ شێواز و چۆنێتییەک هاوبەشی خوای پەروەردگار و سەروەری باڵا نییە.

کە وا بوو: هەر دەبێت ئەو تاکە خودا (الإلە) بێت و خوایەتی بکات.. هەر دەبێت دروشمەکانی پەرستن (کە بە دڵ، یان بە زمان، یان بە ئەندامانی لەش، یان بە پارە و ڕەنجدان ئەنجام دەدرێن)، هەر بۆ ئەو خوای پەروەردگار و سەروەر و پەرستراوە بە حەقە، ئەنجام بدرێن.

* بە دیراسەکردنی ئەو دوو هەزار ئایەتەی لەسەر تەوحیدن، بە هەر سێ جۆرەکانییەوە: پەروەردگاریێتی (الربوبیة) و خوایەتی (الألوهیة) و حاکمێتی (الحاکمیة)، خاڵەکانی ئەم باسەت مەحکەمتر لا دەچەسپن (إن شاء الله)."[١]

---

[١] ئیمامی مەودوودی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) چەندین ئایەتی لەو کتێبەی «چوار زاراوەکەی قورئان»دا هێناوەتەوە، وەکوو: (البقرة: ١٦٥)، (الأنعام: ٤٦ . ١٠١ . ١٠٢)، (الإسراء: ٤٢ . ٤٣)، الأنبیاء: ٢٢ . ٢٣)؛ (المؤمنون: ٩١)، (النمل: ٦٠ . ٦٤)، (القصص: ٧٠ . ٧٢ . ٨٨)، (الزم: ٥)؛ (الأحقاف: ٤ . ٥). دەتوانیت وردەکارانە دیراسەی ئەم ئایەتانە و هیی تریش بکەیت، تا زیاتر ئەم بنەمایانەت لە لا بچەسپن (إن شاء الله). (کرێکار).

## * ئەنجامی ئەم توێژینەوە و شیکارییە:

ئیمامی مەودوودی لە کۆتایی شیکارییەکەیدا دەفەرموێت[1] :"ئەم شێوازەی کە قورئان بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا بەڵگەی پێ دەهێنێتەوە، ئەو بیرە سەرەکییەی لە بەرچاو گرتووە، خوێنەر دەتوانێت بەتێگەیشتنێکی تەواو لە پێشەکی و ئەنجامەکانی بگات، بەپێی ئەم شیکردنەوەی خوارەوە:

١. ئەو کردارانەی وەکوو جێبەجێکردنی پێداویستییەکان و لابردنی زیان و پەنادان و سەرخستن و سەرکەوتن و چاودێری و پەرستن و وەڵامدانەوەی داخوازییەکانن کە بە کەمتان داناون، ئەوانە لە ڕاستیدا گەورەن و پەیوەندیی پتەویان هەیە بەو هێز و دەسەڵاتەی کە کارگێڕیی ئەم بوونەوەرەی لە دەستە.

ئەو دەنکە گەنمەی کە دەیخۆن، نازانن پێش ئەوەی پێ بگات و بگاتە دەستتان، هەر یەکە لە: خۆر و زەوی و با و دەریا بەشدارییان لە پێکهێنان و گەشەیدا کردووە؟ بۆیە بەجێهێنانی پێداویستییەکانتان پێویستی بەدەسەڵاتێک هەیە کە ئاسمانەکان و زەویی هێناوەتە کایەوە.

٢. ناتوانرێت دەسەڵاتی ڕەهای خوای کردگار، دابڕ دابڕ بکرێت، وەکوو ئەوەی بەدیهێنان بەدەست یەکێک بێت و ڕۆزیدان بەدەست یەکێکی تر، خۆر لە دەست ئەودا بێت و زەوی لەدەست یەکێکی تردا بێت؛ پەیداکردن و پێگەیاندن لە دەست یەکێکدا بێت و نەخۆشی و شیفادانیش لەدەست یەکێکی تر، مردن و ژیان بە دەست یەکێک و بەرنامە دارشتن بە دەست یەکێکی تر!

ئەگەر وا بوایە، کاروباری گەردوون و ژیان ئاوا بە ڕێکوپێکی نەدەڕۆیشت، بۆیە حەتمەن، هەر دەبوو هەموو دەسەڵاتەکان لەدەست یەک حاکم

---

[1] «چوار زاراوەکەی قورئان»، (ل ٤٨ . ٥٣) بە کورتکردنەوەوە.

و یەک داوەردا بێت کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندان؛ ڕوو بکەنەوە ئەو.

٣. جا کە هەر هەموو دەسەڵات لە دەست یەکێککدایە و تۆسقاڵێک بەشی کەسی پێوە نییە، کە وا بوو: «خوایەتی» هەر شایان و شایستەی خوای گەورەیە کە دەسەڵات و هێز و فەرماندانی لەدەستدایە.[١]

ئەوە هەر لەو دەوەشێتەوە، ئەوە سیفەتێکی تایبەت بە ئەوە و هیچ مەخلووقێک هاوەڵ و هاوبەشی نییە تێیدا.

کە وا بوو: هیچ یەکێک نییە بتوانێت بە هاناتەوە بێت و پەنات بدات و بتپارێزێت و سەرت بخات و پشتگیریت بکات، یا زەرەر و زیانت لێ بدات، تەنیا ئەو خاوەن دەسەڵاتە ڕەها و باڵایە نەبێت.

جا کە وایە: بە تەنیا «اللە» بە پەرستراو (إلـە) دادەنرێت، چونکە هیچ مەخلووقێک ناتوانێت دەست بخاتە کاروبارییەوە.

٤. یەکپارچەیی ئەو دەسەڵاتە ڕەها و باڵا مەرکەزییە، وا پێویست دەکات کە جۆرەکانی حوکم و فەرماندان، هەمووی بگەڕێتەوە دەست خوای کردگار و زاڵ و ناچارکار، ئەگەر وا نەبێت مانای بەشێک لەو دەسەڵاتی حوکم و فەرمانزانە؛ دەکەوێتە دەست یەکێکی تر، ئەمەش کوفرە.

ئەگەر بەدیهێنان و دروستکردن، تەنیا لە توانا و دەستی ئەودا بێت و کەس هاوەڵ و هاوبەشی نەبێت، ئەو ڕۆزی بدات و هیچ یەکێکی تر هاوەڵ و هاوبەشی نەبێت، ئەو کاروباری ئەم دنیایە بەڕێوە ببات و لەوەشدا هیچ هاوەڵ و هاوبەشێکی نەبێت؛ ئەوا بە بڕیاری عەقڵ دەگەینە ئەوەی کە دەبێت یاسادانان و حوکمڕانی و فەرمان دەرکردن، هەر لە دەست ئەودا بێت و لەو لایەنەشەوە هیچ بیانوو و پاساوێک نییە بۆ ئەوەی هاوەڵ و هاوبەشێک بۆ خوای تاک و پاک دابنرێت.

---

[١] بۆیە دەفەرموێت: ﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُ﴾ (الأعراف: ٥٤).

هەر وەک چۆن ناشێت یەکێکی تر هاوەڵ و هاوبەشی ئەو بێت لە: موڵکایەتی و ماف و توانای وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی گیانلەبەران و... هتد، بە هەمان شێوە ناشێت یەکێکی تری غەیری خوای گەورە، حاکمی سەربەخۆی بێت و ببێتە یاسا دارێژەر و حاکم و دادوەر و بە یاسا و ڕێسای هەڵە و پەڵە و لاسەنگ حوکمڕانی بکات.

بەڕاستی بەدیهێنان و ڕۆزیدان و ژیاندن و مراندن و ژێربارکردنی خۆر و مانگ و ئاڵوگۆڕکردنی شەو و ڕۆژ و قەزا و قەدەر و حوکم و موڵک و فەرماندان و یاسا دارشتن، هەموویان چەند لایەنێکن لە یەک دەسەڵات و ڕواڵەت و جەوهەری سیفاتی یەک فەرمانڕەوا دەگرنەوە، حوکم و دەسەڵات بە هیچ شێوەیەک دابەشبوون و دابڕکردن هەڵناگرێت.

ئەو کەسەی باوەڕی وا بێت فەرمانی یەکێکی غەیری خوای گەورە لەو جۆرە فەرمانانەیە کە دەبێت ملکەچی و گوێڕایەڵی بکرێت وەک فەرمانەکانی خوای گەورە (کە خودا ڕێی بەو فەرمانە نەدابێت)، ئەوە هاوەڵ و هاوبەش بۆ خوای گەورە دادەنێت، وەکوو ئەو کەسە دەبێت کە داوا لە غەیری خوای گەورە دەکات داخوازییەکانی بۆ بهێنێتە دی.

هەروەها ئەوەی خۆی بە خاوەنی تەواوی موڵک دەزانێت کە گوایە (مالكُ الملك)ـە، یان زاڵ و ناچار کار و فەرمانڕەوای ڕەها (الحاكم المطلق)ـە (بە مانا سیاسییەکانی) کە ئەو پەڕی دەسەڵاتی لەدەستدا بێت؛ ئەوە بانگەشەی خوایەتییە. یەکێک بە خەڵکی بڵێت: "من سەرپەرشتیار و پارێزەر و ئۆباڵگر و پشتیوانی ئێوەم و لە دەرەوەی سروشتەوە (لە غەیبەوە) دەتوانم پێداویستییەکانتان بۆ بهێنمە دی"، ئەوەش خۆی بە هاوەڵ و هاوبەشی خوای گەورە داناوە. کاتێک کە خوای گەورە باسی دەسەڵاتی خۆی دەکات لە بەڕێوەبەردنی سیستمی ئەم بوونەوەرە و بەدیهێنان و ئەندازەگیریی هەموو شتێکی وجوود، یەکسەر دوای ئەوە باسی حوکم و موڵک و دەسەڵات دەکات کە هیی خۆی و سەر بە خۆین، بەشی هیچ مەخلووقێکیان تێدا نییە.

ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە کە خودایەتی (الألوهیة)، حوکمڕانی و دەسەڵاتدارێتییش دەگرێتەوە، ئەمەش ئەوە فەرز دەکات کە نابێت مرۆڤ هیچ کەس بکاتە هاوەڵ و هاوبەشی خوای گەورە لەو بوار و ماف و سیفەتەیدا، چونکە خوایەتی (الالوهیة) ئەوە فەرز دەکات کە نابێت لە بواری فەرمانڕەواییدا هیچ هاوەڵ و هاوبەشێک بۆ خوای گەورە دابنرێت.

ئەم ئایەتەش ئەم ڕوکنە سەرەکییانەی تەوحید ڕوون دەکاتەوە کە دەفەرموێت: ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ﴾ (آل عمران: ٢٦).

واتە: بفەرموو: خودایە! ئەی خاوەنی موڵک و دەسەڵات، موڵک و دەسەڵات بە هەر کەسێک بتەوێت دەبەخشیت و هەر کەسێکیشت نەوێت موڵک و دەسەڵاتی لێ دادەماڵیت و لێی دەستێنیتەوە. بە ویستی خۆت هەندێک بەرز و هەندێکی تر نزم دەکەیتەوە)."

## * ناوی «الله» کۆی هەموو سیفەتەکانی خوای گەورەیە:

ئیمامی ئیبنولقەییم لە (مدارج السالکین)دا[1] دەفەرموێت: "ناوی «الله»، مانای هەموو ناوە جوانەکانی تری خوای گەورە دەگەیەنێت، کۆی هەموو سیفەتەکانێتی، چونکە واتای هەر سێ جۆرەکانی تەوحیدی لە خۆ گرتووە: پەروەردگارێتی (الربوبیة)، خوایەتی و پەرستن (الألوهیة) و ناو و سیفاتی (توحید الاسماء والصفات)، لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بە پێچەوانەکانیشیان [لە شیرک و کوفر] دەکات:

- عەبدەکانی خوای گەورە لە کاتی کارەسات و ناسۆر و کێشەیاندا [کە

---

(١) بەرگی یەکەم/ چاپی دارالحیل / بیروت چاپی یەکەم، ١٤١٢ک / ١٩٩١ ز، لاپەڕە ٥٦ . ٥٧.

بەتەواوی هەست بە لاوازی و دەستەوستانیی خۆیان دەکەن] هانا و هاوار بۆ خوای کردگار و پەروەردگاریان دەبەن، ئەمە بەڵگەی تەواوێتیی سیفەتەکانی پەروەردگارێتی (الربوبیة)ن، هەروەها بەڵگەی ڕەحمەت و بەزەییە بێسنوورەکەیەتی کە هەموو شتێکی گرتووەتەوە.

- سیفەتەکانی خوایەتیی خوای گەورە هەموویان تەواون، ڕەها و بێسنوورن، بێوێنە و بێ نموونەن، بێهاوتا و بێ هاوشێوەن؛ دوورن لە نوقسانی و کەموکورتی، لەبەر ئەوەیە کە خوای گەورە هەموو ناوە پیرۆزەکانی تری ئیزافەی ئەم ناوە پیرۆزەی دەکات، دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ﴾ (الأعراف: ١٨٠)

واتە: خوای گەورە ناوە جوانەکانی هەن. دەوترێت: (الرحمن، الرحیم، القدوس، السلام، العزیز، الحکیم) ناوی خوای گەورەن، واتە: (أسماءُ الله)ن، بەڵام ناوترێت: (أسماءُ الرحمن)ن، یان (أسماءُ العزیز)ن.

کە وا بوو: دیارە کە ناوی پیرۆزی «الله»، هەموو ناوە جوانەکانی تری خوای گەورەی لە خۆ گرتووە، هەروەها هەموو سیفەتەکانی خوایەتییش، چونکە لەفزەکە: «الله» لە (إله)ـەوە وەرگیراوە کە بە مانای (مألوه)ـە، واتە: (معبود: پەرستراو)، بۆیە مەخلووقەکانی بە ملکەچکردن بۆی و خۆشویستن و بە مەزندانانی دەیپەرستن.

ئەم دوو سیفەتەی: (پەروەردگارێتی و ڕەحمەتی بێسنووری) سیفەتەکانی کامڵێتیی دەسەڵاتدارێتی و ستاییش بۆ کردنی (المُلْكُ والحمدُ) دەگرنەوە.

- «پەروەردگارێتی» و «خوایەتی» و «ڕەحمەتی بێسنوور» و «دەسەڵاتی ڕەها»، کۆگای هەر هەموو سیفەتەکانی مەزنێتی و جوانی و بێوێنەیی و پەسەندییشی، هەر وان و هەموویان دەگەڕێنەوە سەر ناوی پیرۆزی «الله».

سیفەتەکانی: چاکە و خێرخوازی و بەخشین و میهرەبانی و بەهرە و سۆز و لوتف  و بەزەییش، هەموویان دەگەڕێنەوە سەر ناوی پیرۆزی (الرحمن).

# (الرحمن الرحيم):

ناوی (الرحمة) لە زمانی عەرەبیدا بۆ وەسفی هەستناسکی و سۆز و بەزەییە و کەسێک ئەو (ئینفیعال)ـەی لا دروست دەبێت کە هەست دەکات گیانلەبەرەکەی بەرچاوی لە گیروگرفتێکدایە و هەر هەوڵی خۆ قوتارکردن دەدات و ناتوانێت، ئەمیش ئەو سۆزەی بۆ دەجووڵێت و حەز دەکات چاکەی لەگەڵدا بکات بە ڕزگارکردنی، یان بە یارمەتیدانی.

ئەم پێناسەی سەرەوە، دوو ڕوکنی لازم و مەلزومی تێدایە:

١. خاوەن بەزەییەکە، کار و کارلێکردنێکی لە سۆز و هەستی ناسکیدا بەرانبەر خاوەن کێشەکە لە لادروست بووە.

٢. ئەم سۆز جووڵان و بەزەییپێداهاتنەوەی، دەبێتە پاڵنەری ناخی بۆ ئەوەی چاکە لەگەڵ گیرۆدەکەدا بکات. چاکەکردن و یارمەتیدانی بەگوێرەی توانای خۆیەتی، چونکە دەیەوێت سۆز و بەزەیی بۆ بجووڵێت و حەزیش بکات چاکەی لەگەڵدا بکات، بەڵام ناتوانێت هیچی بۆ بکات.

واتە: حاڵەتێکە وەک پەندی پێشینانی عەرەب دەڵێت: (العين بصيرة واليد قصيرة: چاو دەیبینێت، بەڵام دەست کورتە و بێتوانایە).

ئەگەر کەسێک سۆز و هەست و بەزەیی بۆ حاڵی گیرۆدەیەک جووڵا، بەڵام بە هەر هۆیەک بێت یارمەتیی نەدا، بەمو کەسە ناڵێن «بەبەزەیی»، چونکە دەبێت (ئینفیعالات)ـەکەی بەرهەمێکی باشەی هەبێت. یەکێکی تر یارمەتیی گیرۆدەکە دەدات بێ ئەوی بەزەیی پێدا بێتەوە، لەوانەیە بە پاڵنەری بەرژەوەندیی خۆی بێت، بۆ نموونە: پیاوێک یارمەتیی ژنێکی گیرۆدە دەدات، بەڵام تەماعی پێیەتی، یان یارمەتیی باڵندەیەکی باڵشکاو دەدات، تا ڕزگاری

بکات؛ بەڵام بۆ خۆی دەوێت، یان دەیەوێت بیخوات! ئەم یارمەتیدەرە، خاوەن سۆز و بەزەیی نییە.

ئەم ئینفیعالەی سۆز و بەزەیی و یارمەتیدانە، لە گیانلەبەرانی تریشدا هەیە، مەیموونێک لەسەر درەختێکە و هاوار لە ئاسکێک دەکات کە وا شێرێک گەیشتە نزیکت، هەڵێ! بەم یارمەتیدانە و قوتارکردنە دەوترێت: (إحسان: چاکە).

ئەم سیفەتی بەزەییە لە مەخلووقدا بەدەست هێنراوە، لە دایک و باوکەوە هاتووە، یان لە دین و بیروباوەڕەوە، یان لە داب و نەریتی کۆمەڵایتیی کۆمەڵگەکەوە.

دیارە ئەمەش لە کەسێک بۆ کەسێکی تر و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاواز دەبێت. کەسی دیندار بەبەزەییترە وەک لە بێدین، چونکە ئومێدی بەپاداشتی خوای گەورە هەیە. کۆمەڵگەیەکی موسوڵمانی دیندار، چاکەکارترن وەک لە کۆمەڵگەیەکی بێدین، یان عەلمانی، یان ماددی کە بەزەیی تێیاندا زۆر کەمە.

بەڵام سیفەتی «بەبەزەییبوون» خوای گەورە کە زاتییە و بێسنوور و تاقانەیە، چاکەی لێ دەوێت بێ ئەوەی ئەو ئینفیعالە بگرێت، چونکە خوای گەورە خۆی کردگاری سۆز و بەزەیی و هەستە ناسکەکانە، تا مەخلووقات؛ بە تایبەتی مرۆڤ ئینفیعالی وا بیانگرێت و یارمەتیی یەکتری و گیانلەبەرانی تر بدەن.

موسوڵمانان دەزانن کە خوای گەورە تاکە و پاکە و سیفەتەکانی کامڵن و هیچ مەخلووقێک لە هیچ سیفەتێکیدا بە هیچ ڕادە و بڕێک و بە هیچ شێواز و چۆنێتییەک، لە سیفاتی خوای گەورە ناچن، چونکە ڕاستیی بەڵگەنەویست و (حەقیقەتی موتڵەق)ـە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَيۡسَ كَمِثۡلِهِۦ شَيۡءٞ﴾ (الشوری: ١١).

واتە: "هیچ شتێک لە خوای گەورە ناچێت و وەکوو ئەو نییە."

بۆیە (إحسان)ـەکانی خوای گەورە، لە لوتف و فەزڵ و زانست و دانایی خۆیەوەیەتی کە بە هەموو وجوودی بەخشیوە و بەردەوامە تێیدا. نەرمونیانی و سۆز و بەزەیی و یارمەتیدان و فەزڵ و چاکەکاریی خوای گەورە، سیفەتی چەسپاویی ئەون و هەر لە خوای گەورەدا بوون، نە دەستپێکیان هەیە و نە زیاد و کەمکردن و بە زانایی و دانایی خۆی بڕو ڕادەیان لێ دەبەخشێت؛ زۆر، یان کەم بەپێی پێداویستی مەخلووقاتەکانی، یان بۆ تاقیکردنەوە، یان...

ڕەحمەتی خوای گەورە بڕ و ڕادە و سنووری نییە، تا ئەگەر بە مەخلووقاتەکانیی بەخشی، کەم بکات! نا، ڕەحمەتیش وەکوو هەر سیفەتێکی تری خوای گەورە بێسنوورە، وەکوو زانین و توانین و کردگارێتی و خاوەنێتی و... هتد، بۆیە دەفەرموێت: ﴿وَرَحْمَتِي وَسِعَتْ كُلَّ شَيْءٍ﴾ (الأعراف: ١٥٦).

واتە: "بەزەیی من هەموو شتێکی گرتووەتەوە."

تەصەور بکە، هەرچی پێی بوترێت: «شت» ڕەحمەتی خوای گەورە گرتوویەتییەوە!

لەم ڕوانگەیەوەیە کە (الرحمن) بووەتە ناو و سیفەتی خوای گەورە.

- بەڵام (الرحيم) کە هەر زێدە وەسفە (صيغة المبالغة)یە و لەسەر وەزنی (فَعيل)ە.

ڕاجیایی لەنێوان پێشەوایانی زمانەوانی عەرەبیدا نییە لەسەر ئەوەی کە هەر دوو ناوی: (الرحمن) و (الرحيم) وەسفی سیفەتی بەزەیی و سۆزی خوای گەورە دەکەن و هەردووکیان زێدە وەسفن.

دەفەرموون: لەبەر ئەوەی (الرحمن) پیتی لە پیتی (الرحيم) زیاترە، چونکە بەپێی ڕێسای زمانەوانی: (زيادة المَبْنى زيادةٌ في المعنى)، واتە: "پیت زیادکردن

لەبەر مانـا زۆریـیە"، بـۆیە هەنـدێک لە زمانەوانـان دەفەرمـوون: (الـرحمن) بەزەییەتـی بۆ هەموو مەخلووقات لە دنیا و قیامەتدا، بەڵام (الرحیم) تایبەتە بە موسوڵمانان، چونکە دەفەرموێت: ﴿بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ١٢٨﴾ (التوبة: ١٢٨).

هەروەها لەبەر ئەوەی کە دەشێت ناوی (الرحیم) لە کەسانێکیش بنرێت، بەڵام (الـرحمن) ناشـێت، چـونکە وەکـوو «زەججـاج»ی زمـانەوان دەفەرموێـت: "لەبەر ئەوەیە کە هەر هەمـوو ڕەحـمەتەکە لە (الـرحمن)دایە، وەکـوو: (الغضـبان) کە سیفەتی ئەو کەسەیە پڕ پڕ بووە لە تووڕەیی."

- سیفەتی (الرحمن) پێش سیفەتی (الرحیم) کەوتووە، چونکە تایبەتترە.

- جمهـووری پێشـەوایانی زمـانەوانی فەرموویـانە: "وەسفی (الرحمن) لەنـاو عەرەبەکاندا نەبوو، دوای هاتنی قورئان کەوتە ناویانەوە."

بۆیە سەرلێشێواوانی قوڕەیش دەیانوت: موحەممەد دوو خوای هەیە: «الله» و (الـرحمن)، بەڵام خـوای گەورە بە گەلێـک شـێوە بەرپەرچـی دانەوە و نـاو و سیفەتی (الرحمن)ی بەکارهێنا کە دەفەرموێت: ﴿قُلِ ٱدۡعُواْ ٱللَّهَ أَوِ ٱدۡعُواْ ٱلرَّحۡمَٰنَۖ أَيّٗا مَّا تَدۡعُواْ فَلَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰ﴾ (الإسراء: ١١٠).

واتە: "هـاوار و هانـا بـۆ «اللـه» بـبەن، یـان بـۆ (الـرحمن) هەر یەکێکە، خـوای گەورە ناوە جوانەکانی هەن، بەوان هاواری لێ بکە و لێی بپاڕێنەوە."

هەروەهـــا: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمُ ٱسۡجُدُواْۤ لِلرَّحۡمَٰنِ قَالُواْ وَمَا ٱلرَّحۡمَٰنُ أَنَسۡجُدُ لِمَا تَأۡمُرُنَا وَزَادَهُمۡ نُفُورٗا۩ ٦٠﴾ (الفرقان: ٦٠).

واتە: "کە پێیان دەوترێت: سوجدە بۆ خوای گەورە، بۆ (الرحمن) ببەن، دەڵێن: (الرحمن) چییە؟! نەک ئەوەی (الرحمن) کێیە! چما دەبێت بە فەرمانی تۆ سوجدە ببەین؟!"

ئەوە ئەوەنـدەی تـر دووری خسـتنەوە! هەروەهـا دەفەرموێـت: ﴿وَهُمْ يَكْفُرُونَ بِٱلرَّحْمَٰنِ﴾ الرعد: ٣٠.

واتە: "باوەڕیان بە ناو و سیفەتی (الرحمن)ی خوای گەورە نەدەهێنا."

دەبینیت لە سورەتی (الملك/ تبارك)دا شەش جار ناوی (الرحمن) هاتووە و دوو جـاریش (ڕاناو)ـەکەی دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەر (الرحمن)ـەکە، هەروەهـا لە سورەتی (الفرقان)دا کە هەر مەککییە.

لە (الملك)دا دەفەرموێت: ﴿مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱلرَّحْمَٰنُ﴾ (الملك: ١٩).

واتە: "تەنیـا خـوای گەورە (الرحمن)ـە کە ئـاوا باڵنـدەی لەو ئاسـمانەدا ڕاگرتووە." لە ئایەتی مەدەنیی سورەتی (النحل)یشدا دەفەرموێت: ﴿مَا يُمْسِكُهُنَّ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ (النحل: ٧٩)، (سورەتەکە مەککییە، بەڵام ئەو چەند ئایەتەی مەدەنین).

- بۆ فێرکردنـی موسوڵمانان و سەلماندن و چەسپاندنی (الرحمن)ێتیـی خوای گەورە کە بوو بە دەستپێکی خوێندنی سورەتی فاتیحە: ﴿بسم الله الرحمن الرحیم﴾.

## * هۆشدارییەک:

هەڵەیەکی زۆر گەورەیە کە کورد هەندێک «عبدالرحمن» ناو بە «ڕەحمان»، «ئەوڕەحـمان» بانـگ دەکـات، یـان هەر لە دوای لەدایکبـوونییەوە نـاوی دەنـێن «ڕەحمان». ئەوە دەبێت ڕاست بکرێـتەوە و کەسی دیندار، نابێت ئەو کەسانە بە غەیری ناوی «عبدالرحمن» بانگ بکەن.

خۆیشـیان دەبێـت بچـنە «دائیـرەی نفـوس» و ناویـان بـکەن بە «عبـدالرحمن»، چونکە وتمـان: (الـرحمن) لەسـەر وەزنـی (فَعلان)ـە. ئـاوا هەر سیفەتێـک بـوو بە ڕیشـە و سـیفەتی چەسـپاو و زۆر بەکارهـاتوو، ئیـتر ئەم زێـدە وەسـف (صـیغة المبالغة)یەی بۆ بەکار دێت، وەکوو:

- (غَضبَ/ يَغْضَبُ فهو غاضب وذلك غضبان)، بۆ زۆر تووڕەبوو.
- (عَطَشَ/ يَعطشُ فهو عاطش و ذاك عطشان)، بۆ زۆر تینوو.
- (جاعَ/ يَجوعُ فهو جائِعٌ وذاك جَوعان)، بۆ زۆر برسی.
- (حارَ/ يَحورُ فهو حائرٌ وذاك حَيران)، بۆ زۆر وێڵ و سەرگەردان.

هەروەها بۆیە خوای گەورە وەسفی تووڕەبوونەکەی سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەکات کە لە دوای ئەوەی لە موناجاتی خوای گەورە گەڕایەوە بۆ ناو قەومەکەی، بینیی وا گوێرەکەیەکی کانزایی (مەعدەنی)یان داناوە و دەیپەرستن!

دوای بیست و دوو ساڵ لە بانگەوازی خواویستی و تەوحید، ئەوەی بینی! خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا رَجَعَ مُوسَىٰٓ إِلَىٰ قَوۡمِهِۦ غَضۡبَٰنَ﴾ (الأعراف: ١٥٠).

واتە: "کە مووسا گەڕایەوە،زۆر زۆر تووڕە بوو."

زۆر زۆر خەفەتی خوارد. بە خوا، ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە (سەلامی خوای لەسەر بێت) ناحەقی نەبوو دوای هاتنی وەحی، دوای قوتاربوونیان لەدەست فیرعەونی تاغووت، دوای ئەمان و ڕزق و ڕۆزی؛ کەوتوونەتە پەرستنی گوێرەکەیەکی کانزایی!

## بەزەیی بێسنوور و دەسەڵاتی ڕەها:

- ئیمامی ئیبنولقەییم لە (مدارج السالكين/ بەرگی یەکەم)دا[١] دەفەرموێت: "(الرحمن) وەسفێتی و (الرحيم) بەزەیی هاتنەوەیەتی بە عەبدەکانیدا کە هەر وەسفی سیفەتێتی، وەکوو دەفەرموێت: ﴿وَكَانَ بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَحِيمٗا ۝٤٣﴾ (الأحزاب: ٤٣).

[١] سەرچاوەی پێشوو (ل ٥٧ - ٥٨).

واتە: خوای گەورە بەرانبەر بە موسوڵمانان بە بەزەییە. هەروەها دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُۥ بِهِمۡ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ ١١٧﴾ (التوبة: ١١٧).

واتە: خوای گەورە بەرانبەر پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و یاوەرانی لە کۆچکەرەکان و پشتیوانەکان و موسوڵمانانی تریش، بەلوتف و بەبەزەییە.

- (الرحمن) کە لەسەر وەزنی (فَعلان)ـە، بۆ وەسفکردنی بەزەیی و ڕەحمەتەکەیەتی کە بێسنوورە و دەوری هەموو شتێکی داوە و هەموو شتێکی گرتووەتەوە.

- ئەوەی لەسەر وەزنی (فعلان) بێت، بۆ زۆری و پڕێتییە، وەکوو: (غاضب) تووڕەیە، بەڵام (غضبان) زۆر زۆر تووڕەیە. بۆ سەرگەردان دەوترێت: (حائِر)، بەڵام کە زۆر وێڵ و سەرگەردان کەوتبێت، بە (حَیران) وەسف دەکرێت.

هەروەها (ندمان) کە زێدە وەسفی (نادم)ـە.. هەروەها (سکران و لهفان) و... هتد. [لە وەسفی پڕێتیی ئەمانەدا بەو سیفەتانەیان دەوترێت کە پڕ کراون، بەڵام (الرحمن)ی خوای گەورە خۆی پڕی بێسنوورە].[1]

- لەبەر ئەم ڕەهایی و بێسنووری و گشتگیرییەی ناو و سیفەتی (الرحمن)، زۆر جار لەگەڵ باسی عەرشی مەزنی خوای گەورەدا دێت، وەکوو: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ٥﴾ (طه: ٥).

واتە: خوای خاوەن بەزەیی و ڕەحمەتی بێسنوور، سەرووی عەرش کەوت.

هەروەها: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ ٱلرَّحۡمَٰنُ﴾ (الفرقان: ٥٩)، هەمان مانای ئایەتی پێشووە.

---

(١) نێوان ئەم دوو جۆرە کەوانە [...] قسەی منن. (کرێکار)

- عەرشی خوای گەورە لە هەموو مەخلووقاتەکانی گەورەترە، ڕەحمەت و بەزەییەکەشی، هەر هەموو مەخلووقاتی لە خۆ گرتووە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿وَرَحۡمَتِي وَسِعَتۡ كُلَّ شَيۡءٖ﴾ (الأعراف: ١٥٦)، پەیوەندییەکی نەوعیی مەحکەم وا لەنێوان ئەم ڕەحمەتە و ئەو عەرشەدا کە مانای هێز و دەسەڵاتە ڕەهاکەی لێ دەفامرێتەوە.

دەبینیت وا وەسفی خۆی دەکات بە (الرحمن)، تا بزانرێت کە لوتفی لەگەڵ هەموو مەخلووقاتەکانیدایە، وەسفی (عەرش)ەکەشی بە (عظیم) و سەرووکەوتنی خۆی، موڵک و دەسەڵاتەکەی وەسف دەکات. (سبحان مَنْ لَمْ یکن له کُفُواً أحد.. سبحانه).

* ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْه وَسَلَّمَ) فەرمووی: **(لَمَّا قَضى اللهُ الخَلْقَ كتَبَ في كتاب . فَهْوَ عنْدَهُ موضوعٌ على العرش، إنّ رحمتي تغلِبُ غَضَبي).**[1]

واتە: کاتێک خوای گەورە لە خەلقکردن بووەوە، لە نووسراوێکدا کە ئێستا لە لای خۆیەتی و لەسەر عەرش دانراوە، نووسیی: ڕەحمەتم بەسەر توڕەبوونمدا زاڵ دەبێت.

بیر لەم پەیامە نووسراوە بکەرەوە کە تایبەتە بە ڕەحمەتی خوای گەورە و لای خۆی لەسەر عەرش دایناوە، ئینجا سەرنج بدە لە ئایەتەکانی وەسفی: (الرحمن) و (العرش) وەکوو ئەو دوو ئایەتەی ڕابردن: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ ٱلرَّحۡمَٰنُ فَسۡـَٔلۡ بِهِۦ خَبِيرٗا ۝٥٩﴾ (الفرقان: ٥٩)، و ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ ۝٥﴾ (طه: ٥)، ئنجا بزانە چ دەروازەیەکی گەورەت بۆ ناسینی خوای گەورە بۆ واڵا دەبێت؟! بەو مەرجەی دڵ و مێشکت نەکەوتبێتە ژێر کاریگەریی «جەهمییە» و (التعطیل)ەوە.

---

[1] بوخاري (٧٤٠٤)، موسلیم (٢٧٥١).

- هەمـــوو ســـیفەتەکانی: دادپەروەری و پێـــدان و لێســـەندنەوە و بەرز و نزمکـردنەوە و ڕێـزدان و ڕێزلێگـرتن و عەزیزکـردن (بە دەسـەڵاتداری) و زەلیـل کردن، هەروەها حوکمڕانی و زاڵبوون و... هتد، هەمووان دەگەڕێنەوە سەرناوی پیرۆزی: (الملك).[1] لێرەدا تایبەتی کردووە بە ڕۆژی دوایی کە ڕۆژی پاداشت و سزایە، بەپێـی دادپەروەریـی خـوای گەورە، چـونکە خـوای گەورە تـاکە حـاکم و دادوەری ئەو ڕۆژی دەبێــت، ئەو ڕۆژەش حەقە و حەتمیــیە، ژیــانی پــێش ئەو وەکوو ساتێکە، ئەویٚ ئامانجە و ژیان بۆ ئەویٚ دەڕوات."

## لە دەستپێکی هەموو ڕەفتارێک (گوفتار، یان کردارت)دا بفەرموو: (بسم الله):

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە دەستپێکی زۆرینەی ڕەفتاریدا بە (بەسـمەلە) دەسـتی پـێ دەکـرد، وەکـوو: (کاتەکـانی دەسـتنوێژگرتن و کـاتی سەربڕینی ئاژەڵ و باڵندە و کاتی خواردن و خواردنەوە و سەرجێیی - جیماع - و کاتی تر و ڕەفتاری تر) کە هەر یەکێک لەوانە و هیی تریش بەڵگەی سەلمێنراو و ڕاست و دروستیان لەسەرە کە زیاتر لە کتێبی ئادابەکان و سیرە و سوننەت و کتێبە فیقهییەکاندا هەن (والله أعلم).

---

[1] کە حاکمێتیی خوای گەورەیە بە هەموو ماناکانی: یاسا دارِشتن و حوکمڕانی و داوەرییەوە.

## * ئایەتی دووەم: {الحمدُ للّٰهِ رَبِّ العالمين}. سوپاس و ستاییش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانییان).

ڕوونکردنەوەی دید و ڕێ و بەسەردادانی ئەرکی قورس و گەیاندنی وتاری گرنگ کە پێشتر هیچی لێوە نەزانراوە، پێویست دەکات پێشەکی (مقدمة) و ڕێڕەوی باسی (مدخل)ی پێشتر بخرێتە بەر چاو و گوێ، تا لە لایەکەوە دەروونی بەرانبەران ئامادەی وەرگرتنی ببن و لە هەمان کاتیشدا شەیدای بیستنی هەموو پەیامەکە ببن کە ئەو دید و ڕێ و ئەرکانەی لە خۆگرتووە، تا چاکتر زەین و هۆشی بدەنێ و هەستی بەرپرسێتییەکەیان بەتەواوی لا ڕۆشن بێت، تا ئەوەیان لا ببێتە بەڵگەنەویست کە مادام ئەرکی ئەم پەیامە دەگرنە ئەستۆ.

دەبێت ئەوەش بزانن و لایان (یەقین) بێت کە چاک ئەوەیە ئەم پەیامە پێی چاکە و خراپ ئەوەیە ئەم پەیامە پێی خراپە، بۆیە دەبێت ئەوەندە بە جیددی و سەرڕاستانە بۆ ئەم پەیامە لێبڕێن کە هەر بەربەستێک، هەر لەمپەرێک بێتە ڕێی گەیاندن و بڵاوبوونەوەی ئەم پەیامە، دەبێت جوامێرانە بێ سڵکردنەوە و دوودڵی ڕایاندەن و لایاندەن.

دەبێت ئەوەندە بۆ خواویستی ساغ بووبێتنەوە کە نە کەللەڕەقی و لووتبەرزی و سەرخستنی نەفس لە دینداری، شلگیریان بکەن و نە بیروباوەڕی چەوت و وەهم و خەیاڵاتی ئەفسانەکاریی کۆمەڵگە جاهیلییەکە ڕێگاکانی هزر و دەروازەکانی عەقڵیان لێ دابخەن و نە ئازار و ناسۆری ڕێ و نە ڕاوەدوونان و زیندان و چەپۆکی تاغووتان چاوترسێنیان بکەن کە ئاوا بۆ خوا ساغ دەبنەوە و بۆ دینداری لێدەبڕێن و ئامادەباشیی لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی دنیا و قیامەت دەردەبڕن، حەتمەن ئاراستەکانی وەحی دایاندەڕێژن و کەسایەتیی پارسەنگ و نەبەزییان تێدا دەچێنن..

حەز و سۆزیان لەگەڵ ویژدان و هزریاندا پارسەنگ دەبن، دانایی و واقیعناسییانە وەکوو تێگەیشتنی قووڵ و ڕاست و ڕەوای دەقەکانی پەیامەکەیان بۆ دەبنە سیفەت و سیمای کەسایەتییان کە کەسایەتییەکەیان وا لەسەر حەقیقەتەکانی وەحی دامەزرا، ئیتر ورە ڕووخان و شکستی دەروون و بەزینیان بەرانبەر هەموو هێزە شەڕخوازەکان لێ دوور دەکەوێتەوە: شەیتان و هەوا و هەوەس و تاغووتانی دەرەکی. ئیتر ململانێی ڕۆژانەیان دەمێنێت کە، تا جارێک دەگلێن، دەیان جار بزاوت و هەڵوێستی خواناسیی مەبدەئی دەنوێنن.

ئەم سورەتە کە دەستپێکی قورئانە (بەسمەلە) و (حەمدەلە)کەشی کە دەستپێکی سورەتی «فاتیحە»یە، هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە لە خۆ دەگرێت، بەڵام هەموو موسوڵمانێک پەی بە هەمووی نابات، چونکە لە ئەسڵدا پەیامەکە: ﴿ هُدًى لِّلْمُتَّقِينَ ۝٢ ﴾ (البقرة: ٢)، ڕێنمایییە بۆ ئەوانەی ئەعرابێتی و سادەیی و دینداری و کاری «ئیمان» و «ئیسلام»یان بڕیوە.

بەڵام ئەم پۆلە موسوڵمانە ئاست سەرەتاییانەشی لێ مەحرووم نابێت، هەر کەسیان بەگوێرەی «بۆ خوا ساغ بوونەوە» و «بۆ دین لێبڕان»یان سوود لەم پەیامە وەردەگرن.

کاتێک کە خوای پەروەردگار ویستی ئەم سورەتە ببێتە یەکەمین سورەتی قورئان کە بە فەرمانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە دەستپێکی ڕیزبەندیی سورەتەکانی قورئاندا نووسرایەوە، خوای گەورە ڕێنمایی خوێنەرانی و پەیامەکەی کرد لە بنەما و ڕێساکانی پاڵفتەی دەروون و بۆ خوا ساغبوونەوە و دینداریێتی سەرڕاستانە.

فێری کردن کە سورەتی فاتیحە «موناجات»ی خوای تاک و پاکە، بۆیە دەبێت هەموو قورئانخوێنان ئەم بنەما و ڕێسایانە ڕەچاو بکەن:

١. کە دەڵێین: ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ ﴾، دەبێت دڵ و دەروون و هزر و ناخیان خاڵی

کردبێت، دەبێت شیرک و کوفر و پەکخستنی ناو و سیفاتی خوای گەورە (التعطیل)یان لێ دەرهێنابن و بەتاڵیان کردبن، تا جێی خواویستییەکە ببێتەوە و بچەسپێت، چونکە (التخلیة قبل التحلیة).

واتە: بەتاڵکردن پێش پڕکردنە.[١]

٢. کە دەڵێین: ﴿وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾، دەبێت لە هەموو هێز و یارمەتیدەر و هاوکارێک تەبەڕا بن، دەبێت «یەقین» لە دڵ و دەروون و هزر و ناخیاندا چەسپیبێت کە لە هیچ کات و شوێن و حاڵەتێکدا ناتوانن دەستبەرداری خوای گەورە بن، دەبێت ئەوەیان لا بەڵگەنەویست بێت کە کەسێک لە شتێکدا یارمەتییان دەدات و ئاسانکارییان بۆ دەکات؛ ئەوە هەر لە خوای گەورەوەیە.

٣. کە دەڵێین: ﴿ٱهْدِنَا ٱلصِّرَاطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ ٦﴾، دەبێت عەقڵیان بەوە بشکێت کە کەوتنە سەر ڕێی ڕاست و دروست، هەر بە ڕێنمایی خوای گەورە و ئاراستەی ئەوە.

٤. کە دەڵێین: ﴿صِرَاطَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ﴾، دەبێت قەناعەتی تەواویان لا دروست بووبێت کە دەبێت لەسەر دید و ڕێی ئەوانە بڕۆن کە ئایەتەکە باسیان دەکات، دەبێت وەکوو ئەوانیش پابەندی عەقیدە و عیبادەت و شەریعەتەکە بن.

٥. کە دەڵێین: ﴿غَيْرِ ٱلْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ﴾، دەبێت هۆشدار و بەئاگا بن، بەحەزەر بن و نەکەونە سەر دید و ڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ئەوانەی کە بەر غەزەبی خوای میهرەبان و غەزەبی خواناسان کەوتوون.

٦. کە دەڵێین: ﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾، دەبێت زۆر ئاگایان لە خۆیان بێت و سوور بن لەسەر سەلامەتیی بیرکردنەوە و تێفکرین و ڕاست و دروستیی

---

[١] ژووری میوانداریت جێی (دە ) کەس دەگرێت، ئێستا (دە )میوانی لێیە، وا (دە) میوانی تر هاتن، هەر دەبێت میوانە کۆنەکان جێ بۆ میوانە تازەکان چۆڵ بکەن.

دینداریيان، نەبادا بکەونە ژێر کاریگەریی «باتڵ»ی جوانکراو و گومڕایی و لارێبوونی ناسراو و ناسێنراو بەحەق، چونکە وەکوو «سەیید قوتب» دەفەرموێت: "سادەترین لادان، بەرەو خەتەرترین چارەنووسی دەبات، وەکوو یەکەمین هێڵی گۆشەی کراوە کە ئەگەر لاکانی کەمیش درێژ بکرێتەوە، دوورکەوتنەوەیان لە گۆشەکە زۆر زۆر زیاتر دەبێت."

- لە هەر کات و شوێن و حاڵەتێکدا بوویت و ڕێنیشاندەر و مامۆستا و ئامۆژگاری شیاو و شایستەت نەبوو، ئەم شەش ڕوکنەی خواویستی و سەرڕاستێتیی دینداریی بگرە و لە خۆتدا بیانچەسپێنە.

خوای گەورە ئەهلی قورئانی خۆش دەوێت، ئەوانەی بە قورئان و سوننەتەوە پابەندن، هیدایەتیان دەدات.

لەم قورئانەدا هەموو مەشخەڵەکانی ڕێی بۆ دیاری کردوون، وەلیاندایە و ئاگای لێیانە، تا ئەوان زیاتر بۆ خوا بسوڵحێن، خوای گەورە زیاتر هیدایەتیان دەدات و «ئیستیقامە»یان پێ دەبەخشێت.

ئەوەتا لێرەشدا فێریان دەکات چۆن لەگەڵ خوای پەروەردگاریاندا دەدوێن و چۆن «موناجات»ی لەگەڵدا دەکەن، ئەو خوایەی کە هزر و ژیریی پێداون و پەیامی خۆی بۆ ناردوون و هیدایەتی داون، تا بێنە سەر دید و ڕێی پەیامەکەی، لەبەر ئەمەیە کە دەستپێکی هەموو وتار و گوفتارێکی گرنگ بە (الحمد لله)یە؛ هەر وەک چۆن ئەم سورەتە پێشەکی و ڕێژووی هەموو سورەتەکانی قورئانە - ئەوانەی شارەزای داڕشتنە ئەدەبییەکانن دەزانن کە ئەمە شێوازێکی زۆر کاریگەرە لەسەر تێگەیشتن و لادروستبوونی هۆشیاری.

## * چوار ڕێسای پێشەکیی دەستپێک:

سورەتی «فاتیحە» کە پێشەکیی قورئانە، سێ ڕێسا ڕوون دەکاتەوە کە مەرجە نووسەر و وتاربێژ و خاوەنی پەیام لە (خِطاب)یاندا ڕەچاوی بکەن:

١. دەبێت پێشەکی کورت بێت، تا خوێنەر و گوێگر و وەرگرەکان وەڕس نەبن بەوەی زۆر چاوەڕوانی بکەن، تا مەبەستی نووسین، یان وتار، یان بانگەوازەکەیان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

دەبینیت «فاتیحە» لە چاو قورئاندا، زۆر زۆر کورتە، تا پێشەکی درێژتر بێت، ناوەڕۆکی باس کورتتر دەبێت، بۆیە دەبینیت سورەتی «فاتیحە»، پێش ئەو هەموو سورەتە دووردرێژانە دانراوە.

٢ـ زیرەکیی دەستپێک: کە لە ڕەوانبێژیی عەرەبیدا پێی دەڵێن: (براعة الاستهلال) ئەویش بەوە دەبێت کە زوو ئاماژەیەک بە تەوەری باسەکەی بدات، تا سەرنجی خوێنەر و گوێگر و وەرگرەکانی بۆ باسەکەی ڕابکێشێت، بۆ ئەوەی خۆیان بۆ وەرگرتنی هەموو خاڵی باسەکە ئامادە بکەن و خەیاڵ بەو لا و لایاندا نەبات.

ئەگەر وەرگرانی لە ئاستی ڕەخنەگرتندا بوون، ئەوە زیاتر ئامادەیان دەکات، تا وردەکارانەتر خاڵەکانی باسەکە وەربگرن و تاوتوێیان بکەن، ئاوا وەرگرەکانی دەکاتە ئاوێنەی خۆی کە لایەنەکانی هێز و لاوازیی باسەکەی دەخەنەوە پێشچاو؛ لەم ڕوانگەیەوەیە کە ناوێکی سورەتی «فاتیحە» بریتییە لە: (أم القرآن)، چونکە تەوەری هەموو باسەکانی قورئانە.

٣. دەبێت پێشەکییەکە ڕستەکانی کورت و دانسقە و نەستەق بن، وەکوو پەندی پێشینان کورت و پڕ واتا بن، وەکوو شیعر گشتگیریی خەیاڵ و بۆچوون بن.

٤ . بە (الحمد لله) دەست پێ بکات.

- ﴿**الحمدُ**﴾:

**٣** . دەستپێکی ئەم سورەتە بە (الحمد لله)، بوو بە داب و نەریتێکی سەلماو و چەسپاو و نەگۆڕی ئوممەت.

موسوڵمانان بە درێژایی هەزار و چوار سەد ساڵەی مێژوویان و تا ئێستا هەموو نووسین و وتار و پەیام گەیاندنێکیان بە (الحمد لله) دەست پێ دەکەن، چونکە دەزانن هەرچی ڕەفتارێک لەوانە و بە (الحمد لله) دەست پێ نەکات، دوابڕاو (الأبتر)ـە، وەکوو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (كُلُّ أمرٍ ذي بالٍ لايبدأُ فيه بالحمد لله فهو أقطع).(١)

واتە: "هەر کارێکی گرنگ بە (الحمد لله) دەست پێ نەکات، ئەوە کارێکی دوا بڕاوە."

لە مێژووی وتارداندا، هەر وتارەکەی زیادی کوڕی ئەبو سوفیان «زیاد بن ابي سفيان» - کە بە زیادی کوڕی باوکی بەناوبانگ بوو - کە لە بەسرە پێشکەشی کرد، بە (الخطبة البتراء: وتارە دوا بڕاوەکە) ناسرا، چونکە بە (الحمد لله) دەستی پێ نەکردا!

(الحمد) دەستپێکی «فاتیحە»یە و «فاتیحە»ش دەستپێکی قورئانەکەیە. والحمد لله.

٤. (الحمد) لە کوردیدا بە «ستاییش» مانایان کردووە، تا لە (الشکر: سوپاس)ی جیا بکەنەوە، ئەوە تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بووە بە تایبەتی کە دەزانین کاریگەریی «قەومی» لەسەر ماناکردنەکەی نەبووە، چونکە ئەو

(١) ئەبوداود و بەیهەقی.
(عن ابو هريرة، قال الالباني في (ضعيف الجامع) ص: ٤٢١٦، ضعيف). ( ت).

زمانەوانـانـەی کـورد کە پـێش هەشـتا بـۆ نەوەد سـاڵ ئەم زاراوەیـان کـردووە بە مانــای (الحمــد)؛ کــاریگەریی دینەکەیــان لەســەر بــووە، دوور بــوون لە کاریگەرێتیی قەومییەتی جاهیلی و عەلمانییەت و مارکسێتی کە بووبوون بە سیما و سیفاتی ئەندامانی کۆڕی دواتری زمانەوانانی کوردی!

- (الحمدُ): ستاییش، مەدحکردن و وەسف و باسکردنە بە باشە، باسی کرداری بێت، یان سیفەتی. کرداری وەکوو: ڕێزگرتن و بە هاناوە چوون و لایەنگیری، یان وەسفی سیفەتی بێت وەکوو: جوامێری و سەخاوەت و ئازایەتی.

زمانەوانـان وەسـفکردنیان بە باشـە خسـتووەتە ڕیـزی ماناکـانی (حمد)ـەوە، چونکە (الحمد) وەسفکردنەکە بە باشە (الثناء) لە خۆ دەگرێت، چونکە (الحمد) گشتگیرتر و بەرفراوانترە لە (الثناء على الجميل).

وشەی (الثناء) هەر بۆ وەسفکردنە بە چاکە، وەسفکردن بە خراپە بریتییە لە (النثاء).

- بەڵام (المدح): زۆرینەی زمانەوانان دەفەرموون: جۆرێکە لە (الحمد).

ئیمامـی زەمەخشـەری لە (الفائق)ـەکەیدا دەفەرموێـت: (الحمـد: هـو المـدح والثناء الجميل)، لە (الكشاف)ەکەشییدا دەفەرموێت: (والحمد نقيضه الذم).

واتە: پێچەوانەی ستاییشـکردن زەمکردنە." زانایانی ڕەوانبێژیی و واتاناسـان (علماء المعـاني) پـێچەوانەی ئەو بۆچـوونەن و دەفەرمـوون: "(الـذم) پـێچەوانەی پڕاوپڕی هەموو (الحمد) نییە، چونکە (الحمد) زۆر بەرفراوانترە."

دەفەرموون: (الذم) دوو لقە: یەکەم: باسنەکردنی چاکەکانی.

دووەم: باسکردنی خراپەکانی.

(المــدح)یش باســکردنی چاکەکــانێتی و چاوپۆشــینە لە خراپەکــانی، لەم ڕوانگەیەوەیە کە ناشێت بوترێت: (المدح) بۆ خوای گەورە پڕ بە مانای (الحمد)ـە،

نەخێر، چونکە خوای گەورە خراپەی نییە، تا کەسێک باسی چاکەکانی بکات و چاوپۆشی لە باسی خراپەکانی بکات، ئەوە بۆ نێوان مرۆڤەکان ڕاست و دروستە.

مانای (الحمد لله)، دەبێتە (المدح والثناء الجميل والوصف الحَسَن لله تعالى)، بۆیە ئێمە کە دەڵێین: (الحمد لله)، واتە: ستاییشی خوای گەورە دەکەین، (مەدح)ی دەکەین بە باسکردنی هەر دوو جۆرە سیفەتەکانی: سیفەتە زاتییەکانی، وەکوو: زیندوویەتی و زانایی و توانایی و بەئاگایی و دانایی و ئەوانی تر.

هەروەها وەسفی سیفەتە کردەوەکانیشی دەکەین، وەکوو: خەلقکردن و ڕۆزیدان و ژیاندن و مراندن و شیفادان و سەرخستن و ئەوانی تری.

٥. (الحمدُ) مەرفوعە، چونکە موبتەدایە و (لله) خەبەرەکەیەتی. ئەوە ڕیوایەتی بە سەنەدی دەماودەمی زمانەوانانە، ڕێزمانەوانانیش یەکدەنگن لەسەری، دەفەرموون[١]: ئەسڵی دەستپێکی دەبوو (حمداً) بێت، واتە: مەنصوب دەبێت، چونکە (مفعول مطلق) دەبێت، کردارەکەی تەقدیر کراوە لە توخمی پیتەکانی.

واتە: دەبێت (أحمدُ حمداً لله)یە، هەر وەکوو (عَجبَاً لَكَ) و (ويلاً له).. زەمەخشەری لە (الكشاف)دا کە لایەنگریی بۆچوونەکەی سیبەوەیهی دەکات، دەفەرموێت: "ئەسڵەکەی مەنصوب کردنێتی بە کردارێکی شاراوە، وەکوو ئەو چاوگانەیە کە عەرەب بە مەنصوبی بەکاریان دەهێنن، وەکوو: (شكراً، كفراً، عجباً) کە لە شوێن کردارەکانیان بەکاریان دەهێنن، بەڵام لە (الحمدُ لله)دا کە بە مەرفوعی هاتووە، بۆ سەلماندن و چەسپاندنی ماناکەیەتی."

مەبەستی لەم دێڕەی دوایی ئەوەیە کە: بۆیە بە مەرفوعی هاتووە، تا مانای نەگۆڕی و بەردەوامی بدات، چونکە کردار (الحدوث والتكرار)ـە و (الاسم:

---

[١] بۆچوونی سیبەوەیهییە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە هەموو ڕێزمانەوانانیش هاوڕای ئەون.

الحدوث والثبات والدوام)ە، لەبەر ئەوەی سوپاسکردنی خوای گەورە؛ کردارێک نییە جارێک و هەزار جار دووپات ببێتەوە و تەواو ببێت، بەڵکوو ستاییشی بەردەوامێتی، چونکە بە هۆی سیفەتە زاتییەکانییەوە شایانیەتی، لەبەر ئەوەی هەر ئەو خاوەنی ئەو سیفەتانەیە بەو وەسفانەوە.

هەروەها ستاییشی بەردەوامێتی، چونکە بە هۆی سیفەتە کردەوەکانیشییەوە شایانیەتی، وەک چۆن شایانی ستاییشە، چونکە کردگارە و ڕۆزیدەرە و شیفابەخشە و هیدایەتدەرە و... هتد.

(الحمدُ) کە ناوە، ستاییشکردنی، هەر هەموو مەخلووقات دەگرێتەوە، بەڵام (حمداً) هەمووی ناگرێتەوە، چونکە تەقدیرەکەی: ئەگەر (أحمدُ حمداً لله) بێت، هەر زۆر زۆر کەم دەبێت، چونکە هەر ستاییشی من دەگرێتەوە، لەو زۆرتر (نَحمَدُ حمداً لله)یە کە زۆرترە لە ستاییشەکەی من.

بەڵام بە هیچ کردارێک ناگاتە گشتگیرییەکەی (اسم) کە بۆ (الثبوت والدوام)ە، چونکە خوای گەورە شایانی هەموو جۆرە (حمد)ێکە. ئومەییەی کوڕی ئەبو صەڵت «امية بن ابي الصلت» کە شاعیرێکی جاهیلیی پێش ئیسلامە دەیوت:

(الحمدُ لله حَمْداً لا إنقطاع له... فَلَيسَ إحسانهُ عنَّا بمقطوع).

واتە: "ستاییش بۆ خوای گەورە، ستاییشێک کە پساویی تێ نەکەوێت، چونکە چاکەکانی ئەو، لەسەرمان بەردەوامە و نابڕێتەوە."

ئەوە شاعیرێکی سەردەمی جاهیلییە کە خواشی بەتەواوی نەناسیوە، بۆیە ئاوا مەدحێکی شیاوی خوای گەورە دەکات، بەڵام لەبەر سیفەتە کردەوەییەکانی کە ڕۆزیدان و شیفادان و سوود بەخشینێتی پێیان، بەڵام موسوڵمان هەر لە سەرەتاوە لەوە دڵنیایە کە خوای گەورە شایانی هەموو جۆر و چەندێکی ستاییشکردنە؛ چونکە تەنیا خوای تاک و پاک سیفەتە زاتییەکانی هەیە.

چاکەمـــان لەگەڵــدا بکـــات، یـــان نەیکـــات، هەر شـــایانی هەمـــوو جـــۆرە ستاییشکردنێکە، چ جای ئەوەی کە (فليس إحسانُهُ عنا بمقطوع).

٦. لە سورەتی (الجاثية: ٣٠)دا دەفەرموێت: ﴿ولله الحمد﴾، لێرەدا دەفەرموێت: ﴿الحمد لله﴾، چـونکە تەوەری باسـی ئێـرە ستاییشـکردنەکەیە، نەک تـایبەتکردنی ستاییش بە خوای گەورەوە وەکوو لە (الجاثية)دایە.

لێـرەدا بـاس لە یەکەمـین نیعمەتـی خـوای کردگـارە کە دوای خەلقبـوونی عەبدەکە نیعمەتی هیدایەتدانی هاتووە، نیعمەتی دابەزینی قورئان و نیعمەتی دواندنی ئەم مرۆڤە سەرکەش و نەزان و لاسارە بە وەحیی خۆی، بۆ ڕێنیشاندانی و چۆنێتیی خواپەرستن و پیادەکردنی شەریعەتەکەی.

ئەم کۆمەڵە نیعمەتەی کە بەختەوەریی دنیا و قیامەتی عەبدەکانی پێوەیە، ئەم نیعمــەتە پــێش هەمــوو نــاز و نیعمەتەکــانی ترێتــی (دوای خەلقکردنــی مرۆڤەکە)، بەڵام وەکوو ئیمامی ئیبنولقەییم دەفەرموێت: "ئەوانەی خوای گەورە بەڕاستی و تەواویی ناناسن، لا ناکەن بە لای نیعمەتی وەحیدا، هۆشیان هەر بۆ نیعمەتەکانی خۆراک و خواردنەوە و پۆشاک و موڵکایەتی و چێژەکانی تری دنیا دەچێت، هەر وەکوو ئاژەڵ کە بیری بۆ مەزنتر ناچێت!

بەڵام خواناسان و دیندارانی سەرڕاست دەزانن کە گەورەترین نیعمەتی خوای گەورە لەســەر مــرۆڤ، دوای خەلقکردنیــان، نــاردنی پەیــامی خــۆیەتی بــۆ هیدایەتـدانیان، پاشـان نیعمەتـی هیدایەتـدانیان؛ ئەوەی دەیەوێـت بـۆ وەرگرتنـی دینەکە و پێوە پابەندبوونی."

لێرەدا (الحمد) پێشکەوتووە، تا سوپاس و ستاییش و وەسفی خوای کردگار بە ســیفەتە تەواوەکــانی بکــات، تــا بیســەلمێنێت کە ئەوە تەنیــا خــوای پەروەردگارێتی شایانی ئەو ستاییشکردنەیە، چونکە هەموو سیفەتەکانی کاملن.

- دیسان بۆیە (الحمد)ی پێش خستووە، تا عەبدەکانی قەدری (الحمد لله)

بـزانن و بیشـزانن کە لە چ مەنزیلەیەکـی زیکـردایە، تـا جێـی بایەخـدان بێـت و بەردەوام لەسەر زمانیان بێت.

- (الحمد) لێرەدا گرنگییەکەی ئەسڵییە، وەکوو (الحمدللّٰه)ی دوای بەخشین و دەستکەوتنی سوود و دوورخستنەوەی زیان نییە لێت کە دەستت لە خێرێک گیـر دەبێـت، یـان لە کێشـەیەک ڕزگـار دەبیـت، دەڵێیـت: (الحمـد للّٰه)، ئەمیـان بەرانـبەر پـێ بەخشـینێکە، بەڵام (الحمـد للّٰه)ی «فـاتیحە» لەبەر ئەوەیە کە خـوای پەروەردگارت خۆی شایانێتی، ئەمەش ئەسڵەکەیە.

ئەوە ڕەوانبێژی و وەسفەکەیە، وەکوو دەڵێن: (البلاغة مقتضى الكلام الحال والمقام).

واتە: "ڕەوانبێژیـی ئەوەیە کە قسـەکە پڕاوپـڕ وا بێـت کە حـاڵەت و کـات و شوێنەکە دەیخوازێت، ئینجا نە زۆر بێت و نە کەم."

٧. ئەلف و لامی (الحمد للّٰه) کە ئەلف و لامی ناساندنی توخمە (لام تعريف الجنس)، واتە: هەمـوو تـوخمی سـتاییش و سـوپاس و مەدح و وەسـفی چـاکێتی، هەر بۆ خوای گەورەیە و بەس.

کە دەوترێـت: «تـوخمی سـوپاس و ستاییشـکردن» هەمـوو بیسـەرێک بەقەدەر تێگەیشـتن و ڕۆشـنبیری و زانیـاریی خۆی، چەنـدان جۆر سوپاسـکردن دەزانێـت لەوانەی بە زمان دەردەبڕدرێن، یان بە ئاماژە و کردەوە نیشان دەدرێن.

ئەم جۆرە پێناسـەی توخمە، وەکوو توخمی(نكرة)یە کە دەڵێیت: تـوخمی شێر، یان تـوخمی دانەوێڵە، یان توخمی داری بەردار، مەبەست یەک دانە لەم تـوخمانە نییە.

بـۆیە ئەم ئەلـف و لامە لە مانایـدا وەکـوو (نکـرة)یە، بـۆیە وا هـاتووە، تـا گشـتگیریی هەمـوو جۆر و چەنـدێتی و چۆنێتیی سـوپاس و سـتاییش و مەدح و وەسف بگرێتەوە و بۆ خوای گەورە بسەلمێنرێت، چونکە شایانێتی.

٨. تـوخمی ستاییشکردنەکەشـی ڕوون کـردووەتەوە کە تـایبەتە بە خـوای گەورە، بۆیە بە (لام الإختصاص) دەفەرموێت: (لِلّهِ) واتە: یەک دانە ستاییشی لێ ناڕوات بۆ غەیری خوای تاک و پاک، چونکە هیچ یەکێک شایانی یەک دانە، یان پشکی ستاییشکردن نابێت؛ چونکە سیفەتی خوایەتیی تێدا نییە، بە هیچ ڕادە و بڕێک!

ئەمەش تەئکیـدێکی تـری ئەوەیە کە هەر هەمـوو جـۆر و چەنـدێتی و چۆنێتییەکی ستاییشکردن و سوپاس و مەدح، هەر بۆ خوای تاقانەیە و بەس.

٩. زمانەوانان و ئەهلی تەفسیر و شەرع (فقه) لەوەدا ڕاجیا بوون کە ئایا (الحمد لله) ڕستەیەکی هەواڵدان و گەیاندنی زانیاری (جملة خبرية)یە، یان (إنشائية)یە؟

واتە: دەخوازێـت ئـاوا سـوپاس و ستاییشـی خـوای گەورە بکرێـت، ڕاوبۆچوونەکانیان لە دوو بازنەدایە:

- **بازنەی یەکەم:** ڕاوبۆچوونی ئەو زانایانەیانە کە دەفەرموون ڕشتەیەکی هەواڵدانە، ئەم بەڕێزانە لەناو خۆیشیاندا بوونەتەوە بە دوو پۆل:

- پـۆلی یەکەم دەفەرمـوون: ڕسـتەکە هەر وا بە «ڕسـتەی خەبەری» دەمێنێتەوە.

- پۆلی دووەم دەفەرموون: ڕستەکە خەبەرییە، بەڵام کە عەبدەکە دەڵێت: (الحمدلله)، ئیعـتراف بە شـایانی و شایسـتەیی خـوای گەورە دەکـات کە ئەو ستاییشـە تـایبەت دەبێت بە ئەو و بەس، لە هەمـان کاتیشـدا خۆی ستاییشـی دەکات بە وتنی.

واتە: وەسـفی جـوانی خـوای گەورە دەکـات، ئـێ ئەوەش چەسـپاندنی (الحمدلله)کەیە، جـگە لەوەی کە وتـنەکەی خەڵکـانی تـریش فێـر دەکـات.

هەمــوو ئەمــانە «ڕســتە خەبەریــیەکە» دەخەنە مانــای ڕســتەی خواســتنی ستاییشکردنەوە.

هەر ئەم پــۆلەی دووەمــی زمانەوانــان دەفەرمــوون: ژنەکەی «عیمــران» کە فەرمووی: ﴿ إِنِّي وَضَعْتُهَآ أُنثَىٰ ﴾ (آل عمران: ٣٦).

واتە: "خوایە! وا منداڵەکەم بوو، بەڵام کچە!"

دەیویســت کــوڕ بێــت، چــونکە نەزری کردبــوو کە بیکــات بە خزمەتکــاری پەرستگاکەیان. ئەم ڕستەیە «خەبەرییە»، هەواڵدانە، بەڵام خۆ دیارە کە مەبەست لێی خەم و خەفەت خواردنێتی پێی کە حەیفێ کوڕ نەبوو!

خـۆ دیـار و ئاشکراشـە کە ئەو هەواڵ نـادات بە خـوای گەورە کە وەڵا کچـم بـووە! خۆ خوای زانـا و دانـا خۆی دەزانێت، بەڵام ئـاوا بە ڕسـتەیەکی هەواڵدان زانیارییەکە ئاشکرا دەکات و مەبەست لێی: «حەیف کردن»ێتی.

(الحمـد لله)کەش هەر وایە، بێـژەرەکەی ڕسـتەیەکی هەواڵـی دەردەبڕێـت کە وەســفی خــوای گەورە و شایانێــتیی ستاییشــکردنەکەیەتی، بەڵام لە هەمــات کاتیشدا دەڵێت: خوایە! سوپاست دەکەم، ستاییش هەر بۆ تۆ دەسەلمێنم، ئیعتراف دەکەم کە هەر تۆ شایان و شایستەی مەدح و وەسفی هەموو چاکییەکیت.

- **بـازنەی دووەم:** (الحمـدلله) ڕستەی داخوازیی ستاییش و بەردەوامبـوون و گشـتگیریی هەمـوو جـۆر و حـاڵەتێکی ستاییشـکردن تـایبەت بکـات بە خـوای گەورە، ئینجا داوا لە عەبدەکانی بکات کە ستاییشی بکەن.

کە وا بـــوو: مانـــا ئەســـڵەکەی نـــاوێتی و تـــوخمی ستاییشـــەکە تایبەتمەنـدێتییەکەی سـەلمێنراوەکەیە، بەڵام داواکـراوەکەی ئەرکـی ئەنجامـدانی ستاییشـکردنێتی، ئەگەر ئەم نـاداواکراوەش مەبەسـت نەبـوایە هەر دەیفەرمـوو (حمداً لله)، یان (أحمدُ الله).

پێم وایە ڕاوبۆچوونی بازنەی دووەم بەهێزتر بێت، چونکە بوونی هەموو ستاییشکردن و مەدح و سەنا و وەسفێکی بە چاکە، هەم ئەوەش ڕوون دەبێتەوە کە بۆیە خوای گەورە فەرموویەتی: (الحمد لله)، تا عەبدەکانی فێر بکات چۆن ستاییشی دەکەن. (والله أعلم).

- «لله» لە پێشترەوە شیکاریی ئەم لەفزە پیرۆزەمان کرد. والحمدلله.

- (رب العالمين) پەروەردگاری جیهانییان، هەر دوو وشەکە دەبنە ئاوەڵناو (صفة)ی لەفزی جەلالە: «الله».

دوای ئەوەی کە (الحمد)ی خستە پاڵ ناوی زاتی خۆی لە (الحمدلله)کەدا، تا ئەوە لای هەمووان ڕوون بێت کە زاتی خوای گەورە خۆی لە خۆیدا شایانی هەموو جۆر و چەندێتییەکی ستاییشکردنە.

ئەمجارە لێرەدا وەسفی (ربّ)ی بە دوادا هێنا، تا زیاتر بچەسپێت کە ستاییشکردن شایانی ئەوە، چونکە کردگار و خاوەن و سەرپەرشتیاری هەر هەموو جیهانییانە.

بۆیە نەیفەرموو: (الحمد لرب العالمين)، تا لەو لایەنەشەوە بچەسپێت کە هەر ئەو شایانی ستاییشکردنە، هەم لەبەر سیفاتی زاتیی خۆی، هەم بەوەی شایانی ئەو وەسفەیە کە یەکێکە لە چوار وەسفەکە: (رب العالمين، الرحمن، الرحيم، مالك يوم الدين).

هەر یەکێک لەم وەسفانەش سەرنجی بیسەر ڕادەکێشنەوە بۆ مانا ئەسڵییەکانیان، وەسفەکان جێی ناوە وەسفکراوەکەشن، بۆیە پێویست نەبووە بفەرمووێ: (الربُّ الرحمن، الربُّ الرحيم، الربُّ مالك يوم الدين).

ئەم وەسفانەش کە حەقی تایبەت بە خوای تاک و پاکن، ڕەتکردنەوەی خوایەتیی بتەکانی جاهیلییەتی کۆن و نوێن، نە «لات و عوززا» و نە «فەلسەفە و زانست»، بە هیچ برِ و ڕادە و چۆنێتی و شێوازێک لەو چوار سیفەتانە هیچیان نییە.

- **(الـربّ)** دەشـێت چاوگ بێـت، هەر وەکـوو دەشـێت سـیفەتی لێکچـوو (الصفة المشبهة) بێت کە لەسـەر وەزنـی (فَعْـل) دەبێت، واتە: (رَبَّـهُ/ يَرُبُّـهُ)، واتە: (ربّاه) واتە: پەروەردەی کرد، سەرپەرشتیارێتیی گەشـەکردنی کرد و ئاراستەی کرد، تا گەورە بوو.

دیـارە کە (التربیـة) پێگەیانـدنی قۆنـاغ بە قۆنـاغی منـداڵ، ئـاژەڵ، بەرهەمـی درەخـت و گیـایەکەت دەیگەیەنێـتە ئاسـتی کـامڵبوون کە چاودێری و ئـاودێریی سەرپەرشـتیارێتیی دەکـات. (ئەوە یەکـێکە لە پـازدە مانـاکەی (ربّ) لە زمـانی عەرەبیدا).[1]

هەروەهـا دەشـێت بە مانـای (رَبَّـهُ) بێـت کە دەکـاتە (مَلَكَـهُ)، واتە: بـوو بە خـاوەنی. هەر لە ماناکـانی (الـربّ): (السـيدُ)، (المُطـاع)، (الحـاكم)، (المشَـرِّع) و... هتد، هیچ بەربەستێکمان لە ڕێدا نییە کە وشەی (الرب) بە هەموو ئەو مانایانە لێـک بـدرێتەوە کە بەڵگەیـان لە قورئانـدا هەیە، وەکـوو: ئیمامـی مەودوودی ماناکانی بە ڕیزبەندیی بەڵگەکانیان هێناوەتەوە.

کە وا بـوو: خـوای کردگـار، خـاوەن و پەروەردگـار و گەورە و فەرمـانڕەوا و شەرع داڕێژەر و مل بۆ کەچ کراوە.

هەروەها دەشێت بەو مانایانەوە زێدە وەسف بێت بۆ (اله) کە، ئەگەر سیفەتی لێکچوو (الصفة المُشَبَّهة) بێت، هەر لە خۆگریی ئەو مانایانە دەبێتەوە، ئەو کاتە دەوترێت: لەسەر وەزنی (فَعْل)ـە و لە کرداری (فَعَلَ / يَفْعَلُ)ـەوەیە کە وەسفێکی دەگمەنە، وەکوو: (نَمَّ/ يَنُمُّهُ، فهو نَمٌّ).

واتە: "دووزمانیی کرد. ئەو، دووزمانە."

---

[1] کتێبی «چوار زاراوەکەی قورئان»، ئیمامی مەودوودی، وەرگێڕانی: ئەحمەد محمد قەرەنی، چاپی سێیەم ١٤٤١ک/ ٢٠٢٠ز، بڵاوکار: نووسینگەی تەفسیر/ هەولێر،( ان شاء الله) دواتر دێینەوە سەر دوو بڕگەی (الاله) و (الرب) لەم کتێبە نایابەدا.

لە بەدواداچوونی وردەکارانەی ماناکانی (الرب)دا، ئەوەیان زیاتر دەسەلمێت کە بە ماناکانی خاوەنێتی و مەزنێتی و گوێڕایەڵکراو و پەروەردەکاری سەرپەرشتیاری پێگەیاندنە. ئەم مانایانە لەپێشترن، چونکە خەلقکردن و ئیدارەدانی مەخلووقاتەکانی دەبێت بە بەخێوکردن و سەرپەرشتیاری و ئاگالێبوون و ئاراستەکردنی بەردەوام.

ئیمامی زەمەخشەری لە (الکشاف)دا، هەموو ماناکانی (الرب) دەکاتە دوو تەوەرە مانا: (المُلك) و (السید)، دەشفەرموێت: هەر دوو لایەنی: «چاوگی» و «سیفەت» دەگرێتەوە.

عەرەبەکانی پێش سەردەمی وەحی، هەر بەم دوو مانایە بەکاریان دەهێنا، مەدحی پاشا و دەسەڵاتدارەکانی خۆیان بە (الرب) دەکرد، وەکوو «نابیغە» کە مەدحی نوعمانی کوڕی حارس «النعمان بن الحارث» دەکات و دەڵێت:

تَخُبَّ الى النعمان حتى تنالهُ فِدىً لك من ربٍّ طريفي وتاليدي

واتە: "بەرەو مەلیکایەتی (ی حیرة) بەرز بوویتەوە، تا پێی گەیشتیت، جا هەرچی ماڵی کۆن و نوێیە بە فیدات بێت."

هەروەها بە نوعمانی کوڕی مونزیر «النعمان بن المنذر» دەڵێت:

ورَبَّ عليه اللهُ أحسن صُنْعه وكان لَهُ على البَرِيَّة ناصراً

- هەروەها (ربَّ)یان بە مانای: «خاوەن» بەکار دەهێنا، وەکوو: (ربُّ الدار) و (ربُّ الفَرَس).

- هەروەها خوای تایبەتی تریشیان ناو دەنا: (ربِّ)، وەکوو: (ربِّ بني فلان)، کە یەکێکیان دەچووە سەفەر بەردێکی جوانی دەدۆزییەوە و دەیکرد بە خوای خۆی، تا یەکێکی جوانتری دەست دەکەوت!

بۆیە شەییاسی کوڕ مەرداس «شیبان بن مرداس»ی شاعیر گاڵتە بە

خواکانیان دەکات کە یەکێکیان بەردێکی کرد بە خوای خۆی، ئاسەواری میزی پێوە بوو! دەڵێت:

أَرَبٌّ يَبولُ الثُعْلُبانُ برأسِه     لَقَدْ هانَ مَنْ بالَتْ عَلَيهِ الثَعالبُ

دەڵێت: "چما ئەوەش خوایە کە ڕێوی میزی بەسەردا دەکەن؟! بەڕاستی ئەوەی ڕێوی میز بەسەر سەریدا دەکات، سووک و زەلیلە."

- کە وا بوو: وشەی (ربّ)یان بۆ پاشا و سەرۆک و دەسەڵاتدارانیان دادەنا، هەروەها بۆ خوایەتیی بتەکانیشیان.. بەم مانایانەش.

- بە هاتنی وەحی، ماناکانی (الربّ) هەمووی تەرخان بوون بۆ خوای گەورە، جگە لە حاڵەتی ئیزافەکردنی، وەکوو: (ربُ الإبل: خاوەن حوشترەکان)[1]، بەڵام ماناکانی تری کە خاوەنێتی و حاکمێتی و ئیدارەدان و گەورەیی و مەزنی و چاودێریی و سەرپەرشتی و پەروەردەکردن و ئاراستەکردنن، قورئانی پیرۆز هەر هەموویانی لە زەین و فەرهەنگ و نەریتی عەرەبەکاندا ڕێک خستەوە و بە «کۆمانا»کەی (الربّ) تایبەتی کردنەوە بە خوای تاک و پاکەوە.

---

[1] بەو مانایەش لە قورئاندا هەر بەکار هێنراوە، وەکوو: (رب العرش العظيم)، (رب السموات والأرض)، (رب العالمين)، (رب المشرق والمغرب)؛ ( رب هذا البيت) و... هتد.

## با زیاتر بەکارهێنانی وشەی (الرب) لە زمانی عەرەبیدا ڕوون بکەینەوە[1]:

### ١. پەروەردەکردن و پێگەیاندن و گەشەپێدان:

دەوترێت: (رَبَّ الوَلَد)، واتە: منداڵەکەی پەروەردە کرد، تا پێگەیی. بە زڕ دایک (باوەژن) دەوترێت: (الرابة)، چونکە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵەکە دەگرێتە ئەستۆ کە هیی خۆی نییە.

(رَبَّ/ يَرُبَّ، رَبَّاً)، واتە: زیادکردن و هاویشتنە سەر و تەواونەکردن. دەوترێت: (رَبُّ النِّعْمَةِ)، واتە: ئەوی چاکەی بە زیادەوە بەسەردا ڕشتووە و وردبینیی بووە تێیدا.

### ٢ . کۆکردنەوە و کۆمەڵکردن و ئامادەکردن:

وەکوو دەوترێت: (يُرَبِّ الناسَ)، واتە: خەڵکی لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. بە شوێنی کۆبوونەوەکەشیان دەوترێت: (المُرَبَّ) و (التَّرَبُّب) واتە: کۆکردنەوە و خستنە ڕیزی یەک.

### ٣ . چاکسازی و چاودێری و لەئەستۆگرتن و سەرپەرشتیکردن:

دەوترێت: (رَبَّ الضَّيعَةَ) واتە: ئاودێری و چاودێریی باخەکەی کرد و ئاگای لێی بوو.

صەفوانی کوڕی ئومەیە «صفوان بن امية» بە ئەبو سوفیانی دەوت: (لإن يُرَبَّني رجُلٌ من قُريش أَحَبُّ إليَّ من أنْ يُرَبِّني رجُلٌ من هوازن).

---

[1] بڕوانە (لسان العرب/ مادة الرب) ب ١، ل ٣٨٤ - ٣٩٤، و (قاموسُ المحيط/ مادة رب) و (المُخَصَّص/ ب ١٧، ل ١٥٤).

واتە: "ئەگەر پیاوێکی قورگڕەیشی داڵدەم بدات و لە خۆم بگرێت و چاودێریم بکات، پێم خۆشترە وەک لەوەی پیاوێکی هۆزی هەوازن لە خۆیم بگرێت و چاودێریم بکات." واتە: بمخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و سەپەرشتیم بکات.

**٤ . سەرۆکایەتی و مەزنی و شکۆداری و قسە ڕۆیشتن و کاربەجێ بوون:**

دەوترێت: (رَبَّ فُلانٌ قومَهُ)، واتە: فلان کەس سەرۆکایەتیی گەلەکەی خۆی گرتە دەست و کاروباری ڕێک خستن و بۆی بەڕێوەبردن: (رَبَّيْتُ القَومَ)، واتە: بووم بە حاکم و گەورە و فەرمانڕەوای خەڵکەکە.

لەبیدی کوڕی ڕەبیعە «لبيد بن ربيعة»ی شاعیر دەڵێت:

**وأهْلَكْنَ يوماً رَبُّ كِنْدَةَ وإبنُه وَرَبُّ مَعْدٍ بَيْنَ خَبْتٍ وعَرْعَرِ**

واتە: "ڕۆژێک سەرۆکی هۆزی «کیندە» و کوڕەکەی، هەروەها سەرۆکی هۆزی «مەعد» لەنێوان ناوچەی «خەبت» و «عەرعەر»دا لەناوچوون و فەوتان."

**٥ . خاوەنێتی:**

لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە کابرایەکی پرسی: (أَرَبُّ غَنَمٍ أمْ ربُّ إبلٍ).

واتە: "ئایا تۆ خاوەنی مەڕی، یان خاوەنی وشتر؟"

هەر بەم مانایەیە کە بە خاوەن ماڵ دەوترێت: (رَبُّ الدار، ورَبُّ البيت، وَرَبُّ الأُسرةِ)، هەروەها (رَبُّ الناقة: خاوەن حوشترەکە)، یان (رَبُّ الطَّبيعَةِ: خاوەن باخ و باخاتەکە).

(الربِّ) بە مانای (سيّد)یش دێت کە گەورە و مەزنە.

## شیکاریی ئیهامی مەودوودی بۆ وشەی (الربّ)[1]:

### ١. لێکۆڵینەوەی زمانەوانی:

وشەی (الربّ) لە پیتی «ڕاء» و جووتکراوی «باء» هاتووە[2]، مانای ئەسڵی (الربّ): پەروەردەکردنە، ئینجا مانای هەڵسووڕان و بەڕێوەبردنی کاروبار و شتی لەئەستۆگرتن. پاشان مەودوودی سوێند دەخوات و دەفەرموێت: ئەمە چەند مانایەک بوو لە وشەی (الربّ)، جا سوێندم بە خوای پەروەردگار، ئەوانەی مانای (الربّ)یان لە (پەروەردەکار و گەشەپێدەر)دا تەسک کردووەتەوە، بە هەڵەدا چوون کە لە ڕاڤە و لێکدانەوەی (الربوبیة)دا هەر ئەم ڕستەیەیان هێناوەتەوە کە دەڵێن: "الربوبیة: واتە: دامەزراندن و گەشەپێدانی شت قۆناغ بە قۆناغ، تا دەگاتە ئاستی تەواوێتی"، بە هەڵەدا چوون، چونکە ئەوە تەنیا یەک مانای (الربَّ)ە لەو هەموو مانا بەرفراوان و جۆراوجۆرانەی ئەم وشەیە.

بە وردبوونەوە لە بەرفراوانیی ئەم وشەیە و هێنانە بەرچاوی مانا چڕوپڕەکانی، دەگەینە ئەوەی کە وشەی (الربّ) هەموو ئەم مانایانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

---

[1] کورتەیەک لە چەمکی شەرحەکەیم وەرگرتووە کە وا لە کتێبی (چوار زاراوەکەی قورئان، وەرگێڕانی ئەحمەد محمد قەرەنی، چاپی سێیەم، ١٤٤١ک/ ٢٠٢٠ز، بڵاوکار نووسینگەی تەفسیر/ هەولێر.

تێبینی: ئەوەی لەنێوان کەوانەکانی لەم جۆرەیە [ ]، قسەی منە. (کرێکار).

[2] ئیبنو فارس لە (معجم مقاییس اللغة/ ب ٢، ل ٣٨١ - ٣٨٢) ـەکەیدا دەفەرموێت: "بابەتی (رَبّ)، پیتی «ڕاء» و «باء» چەند بنچینەیەکی ئەو وشەیە پێک دەهێنن: یەکەم: مانای چاککردنی شت و سەرپەرشتیکردنی بەردەوامێتی.

(ربّ) بە مانای خاوەن و بەدیهێنەر و چاککاری شت. دووەم: لەگەڵدابوون و سەرپەرشتیکردن و ئاگاداریکردن کە ئەمانەش لەگەڵ یەکدا دەسازێن. سێیەم: پاڵدانی شتێک بۆ شتێکی تر، ئەمەش لەگەڵ ماناکانی پێشوودا دەسازێت و کاتێک کە بە وردی دەڕوانیتە هەموو ماناکان، دەیانبینیت لەسەر یەک پێوەرن."

١. پەروەردەکار و ئۆبالگرتن بۆ هێنانە دیی پێداویستییەکان، هەروەها ئەو کەسەی کە ئەرکی پێگەیاندن و پەروەردەکردنی منداڵی گرتووەتە ئەستۆی.

٢. لەخۆگر و چاوێر بەوەی کە بەڵێن دەدات، چاکسازیی بگرێتە ئەستۆی خۆی.

٣. سەرۆک و مەزن و گەورەیەک کە خاوەن شکۆیە و خەڵکەکەی لە دەوری کۆبوونەتەوە.

٤. دەسەڵاتدار و دەستڕۆیشتوویەک کە گوێڕایەڵیی دەکرێت و ملی بۆ کەچ دەکرێت، دوای ئەوەی دان ترابێت بە مافی سەرۆکایەتی و گەورەییەکەیدا کە خۆیشی خاوەنی مافی ئیدارەدان و ئاراستەکردنی خەڵکەکەی هەبێت.

٥. خاوەن و فەرمانڕەوا و گەورە (الَملِك والسید).

- **بەکارهێنانی وشەی (الربّ) لە قورئاندا:**

وشەی (الرب) لە قورئاندا بە هەموو ئەو مانایانەی هاتووە کە هێنامانەوە، لە هەندێک جێدا بە یەک مانا و لە هەندێکی تر بە ز یاتر لە مانایەک هاتووە، لە هەندێک جێشدا بە هەر پێنج ماناکە هاتووە:

- **بەکارهێنانی بە مانای یەکەم (پەروەردەکردن و پێگەیاندن، تا ئاستی تەواوێتی):**

. ﴿قَالَ مَعَاذَ ٱللَّهِ إِنَّهُۥ رَبِّيٓ أَحۡسَنَ مَثۡوَايَ﴾ (یوسف: ٢٣).

واتە: "پەنا بە خوای گەورە، ئەو پەروەردەکاری منە و جێی ئەمانی بە من بەخشیوە، چۆن بێ وەفایی بەرانبەر دەکەم!"

ئەهلی تەفسیر لە لێکدانەوەی وشەی (ربي)دا، بوون بە خاوەنی دوو بۆچوون:

**یەکەمیان:** دەفەرموون: "سەییدنا یوسف (سەلامی خوای لەسەر بێت) مەبەستی عەزیز بوو (پاشای میسر)، چونکە ئەو کە کڕیی، بە ژنەکەی وت: ﴿أَكۡرِمِي مَثۡوَىٰهُ﴾ (یوسف: ٢١).

واتە: جێی سوکنا و حەوانەوە و خۆراک و پۆشاکی باشی بۆ دابین بکە، لەبەر ئەوەی لە منداڵییەوە ئەو بەخێوی کرد و بایەخی پێدا و پێگەیاندنی قۆناغ بە قۆناغی گرتە ئەستۆ.

بۆیە فەرمووی: پەنا دەگرم بە خوای گەورە. ئەمە یەکەمین بەربەستی نەکردنی ڕەفتاری ناشیاوێتی. دووەمیان کە فەرمووی: گەورە و دەسەڵاتدارە مەزنەکەم (کە پاشای میسرە) ئەو ڕێزەی لێ ناوم خیانەتی لێ ناکەم. سێیەمیان: ئەم کارەی تۆ داوای ئەنجامدانی دەکەیت، ستەمکارییە، سنووربەزاندن و تاوانە؛ خوای گەورەش ستەمکاران سەرفراز ناکات."

**دووەمیان:** "دەفەرموون: (إِنَّهُۥ رَبِّيٓ) مەبەستی لێی: خوای گەورەیە، چونکە ڕاناوی (إِنَّهُۥ)ـەکە دەگەڕێتەوە بۆ لەفزی جەلالە لە دێڕی: (مَعَاذَ ٱللَّهِ)کەدا، واتە: خوای گەورە کە پەروەردگارمە و جێ و ڕێی سوکنا و ئەمان و تەمکینی بۆ ساز کردووم، ئیتر چۆن کارێکی وا تاوان و سەرپێچی دەکەم!

دەفەرموون: ئەم لێکدانەوەیەیان لایەق بە سەییدنا یوسفە (سەلامی خوای لەسەر بێت)، چونکە پێغەمبەرە بەڕێزەکان هەرچی خێرێک بێتە ڕێیان، هەر بە چاکە و فەزڵی خوای گەورەیان دادەنێن، تەنانەت ئەوانەش کە لەسەر دەستی خەڵکانێکەوە پێیان دەگات." منیش ئەم بۆچوونەیانم پێ پەسەندترە.

بە هەرحاڵ، هەر کام لەو دوو لێکدانەوەیە وەربگرین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە (ربّ) لێرەدا بە مانای پەروەردەکار و گەشەپێدەر و سەرپەرشتیاری پێگەیاندن دێت.

- **بەکارهێنانی بە مانای دووەم و هەندێک لە مانای یەکەم (کۆکردنەوە و کۆمەڵکردن و ئامادەکردن):**

. خوای گەورە دەفەرمویت: ﴿فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّيٓ إِلَّا رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ٧٧ ٱلَّذِى خَلَقَنِى فَهُوَ يَهْدِينِ ٧٨ وَٱلَّذِى هُوَ يُطْعِمُنِى وَيَسْقِينِ ٧٩ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ٨٠﴾ (الشعراء: ٧٧ – ٨٠).

واتە: "(سەییدنا ئیبراهیم) دەربارەی بتەکانی قەومەکەی فەرمووی: ئەوان هەموویان دوژمنی منن، تەنیا خوای پەروەردگار و چاودێر و سەرپەرشتیاری جیهانییان نەبێت، ئەو کە بەدیی هێناوم و ڕێگەی خواناسیی نیشان داوم، هەر ئەویش خواردن و خواردنەوەم پێ دەبەخشێت کە نەخۆشیش دەکەوم، هەر ئەو شیفام دەدات و چاکم دەکاتەوە."

هەروەها: ﴿وَمَا بِكُم مِّن نِّعْمَةٍ فَمِنَ ٱللَّهِ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْـَٔرُونَ ٥٣ ثُمَّ إِذَا كَشَفَ ٱلضُّرَّ عَنكُمْ إِذَا فَرِيقٌ مِّنكُم بِرَبِّهِمْ يُشْرِكُونَ ٥٤﴾ (النحل: ٥٣ – ٥٤).

واتە: "هەر ناز و نیعمەتێک هەیە، هەر لە خوای گەورەوەیە، جا کە زیانێکتان دێتە ڕێ، هاوار و هانا بۆ ئەو دەبەن؛ پاشان کە زیانەکەی لەسەرتان ڕادا و لادا، ئەوا کۆمەڵێکتان هاوبەش بۆ خوای پەروەردگار دادەنێن."

- **بەکارهێنانی بە مانای سێیەم: (بەڵێندان و چاکسازی و چاودێری و لەئەستۆگرتن):**

. ﴿هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ٣٤﴾ (هود: ٣٤).

واتە: "ئەوە خوای پەروەردگارتانە کە هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە."

-﴿ وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٖ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُمۚ مَّا فَرَّطۡنَا فِي ٱلۡكِتَٰبِ مِن شَيۡءٖۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّهِمۡ يُحۡشَرُونَ ٣٨ ﴾ (الأنعام: ٣٨).

واتە: "هەرچـــی گیانلەبەرێـــک هەیە کە بەســـەر زەویـــدا دەڕوات، هەر باڵندەیەک کە بە دوو باڵی دەفڕێت، هەر هەموویان نەتەوەی وەکوو ئێوەن، هیچ شتێکمان لەم کتێبەدا فەرامۆش نەکردووە، پاشان هەموویان لای پەروەردگاریان کۆدەکرێنەوە..

- **بەکارهێنـــانی بە مانـــای چـــوارەم و هەنـــدێکیش لە مانـــای ســـێیەم: (سەرۆکایەتی و شکۆداری و کاربەجێیی):**

. ﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ (التوبة: ٣٢).

واتە: "دیان و جووەکان، مالم و قەشەکانی خۆیان لە باتیی خوای گەورە کرد بوو بە خوا، گوێڕایەڵییان دەکردن و حەرامکراوی ئەوانیان بە حەرام دەزانی و حەڵاڵکراوی ئەوانیان بە حەرام دەزانی."

. ﴿ وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ (آل عمران: ٦٤).

واتە: "بـا هەنـدێکمان هەنـدێکی ترمـان نەکەیـنە پەروەردگـار و لە هەمـوو بڕیارێکیاندا گوێڕایەڵییان بکەین و ملکەچیان بین، هەر وەک چۆن گوێڕایەڵ و ملکەچی خوای گەورە دەبین."

مەبەســت لە وشـــەی: (أربـــاب) لە هەر دوو ئـــایەتەکەدا ئەوەیە کە: ئەو کەسانەی کە گەل و میللەتانی خۆیان دەیانکەن بە ڕێنیشاندەر و دەسەڵاتداری خۆیان و فەرمانەکانیان ڕادەپەڕێنن، ئەوەی ئەمان بەرهەڵستیی لێ بکەن، ئەوان توخنی ناکەون.

ئەوەش کە ئەمان فەرمان بە کردنی دەکەن، یەکسەر جێبەجێی دەکەن و یاسا و تەعلیماتی ئەوان لە حەڵاڵکردنی و حەرامکردندا وەردەگرن و دەیچەسپێنن، ئەگەرچی دژی شەریعەتی دینەکەی خواش بێت. ئەمە بە خوا دانانی ئەو ڕێنیشاندەر و دەسەڵاتدار و حاکمانەیە. ئەمانە بوونەتە (أرباب) کە کۆی (ربَّ)ە.

- **بەکارهێنانی بە مانای پێنجەم: (خاوەنێتی):**

ـ ﴿فَلْيَعْبُدُوا۟ رَبَّ هَٰذَا ٱلْبَيْتِ ۝٣ ٱلَّذِىٓ أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَءَامَنَهُم مِّنْ خَوْفٍۭ ۝٤﴾ (قريش: ٣ – ٤).

واتە: "با خاوەنی ئەم ماڵە (کەعبە) بپەرستن کە لە برسێتی قوتاری کردن و تێری کردن، هەروەها لە ترس و دڵەڕاوکێ قوتاری کردن و ئەمانی پێ بەخشین."

- ﴿فَسُبْحَٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ۝٢٢﴾ (الأنبياء: ٢٢).

واتە: "پاکی و بێخەوشی بۆ خوای خاوەن عەرش، لەو باس و بوختان و قسە پووچەڵانەی دەیدەنە پاڵ ئەو و ئەوەی پێ وەسف دەکەن کە واش نییە."

## ٣. تێڕوانینی نەتەوە گومڕاکان سەبارەت بە وشەی (الرب):

با بزانین چۆن و بۆچی قورئان بەرپەرچی نەتەوە گومڕاکانی داوەتەوە و «عەقیدە»یانی لە بەریەک هەڵوەشاندووەتەوە، پاشان بزانین ئەوەی خوای گەورە مەبەستێتی لە وشەی (الرب)دا چییە؟

### ١. گەلی سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت):

[کە سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت) بانگهێشتی تەوحیدی کردن، بە بانگەوازە گشتگیرەکەی ئیسلام کە لایەنەکانی: عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت ڕوکنەکانین لە ڕووی پاکیدا ڕاوەستان] نکوڵییان لەوە نەکرد کە

خودای گەورە بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرەیە و پەروەردگارە. بە بەڵگەی ئەوەی کە سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت) پێی فەرموون: ﴿هُوَ رَبُّكُمْ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ ۝٣٤﴾ (هود: ٣٤).

واتە: "«الله» خوای پەروەردگارتانە و بۆ لای ئەویش دەگەڕێنەوە."

یان کە فەرمووی: ﴿ٱسْتَغْفِرُوا۟ رَبَّكُمْ إِنَّهُۥ كَانَ غَفَّارًا ۝١٠﴾ (نوح: ١٠).

واتە: "داوای لێخۆشبوون لە خوای پەروەردگارتان بکەن، چونکە ئەو زۆر لێبوردەیە." [زۆری تری لەم تەوەرە باسەوە پێ ڕاگەیاندن]، بەڵام کەس لێی ڕاست نەبووەوە و پێی بڵێت: «الله» پەروەردگارمان نییە، یان ئەو بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی نییە، یان ئەو نییە کە بارانمان بۆ دەبارێنێت؛ هەروەها نکوڵییان لەوەش نەدەکرد کە خوای گەورە پەرستراوەکەیانە، بەڵام دەیانوت: هاوەڵی هەیە.

ناکۆکیی نێوان سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت) و قەومەکەی لەسەر دوو باس بوو:

یەکەم: سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت) پێی دەفەرموون: ئەو خودایەی کە پەروەردگاری جیهانە و دەزانن کە ئێوە و هەموو جیهانی بەدی هێناوە و پێداویستییەکانتان بەجێ دەهێنێت، لە ڕاستیدا هەر ئەو پەرستراوە و دەبێت هەر ئەو بپەرسترێت و هیچ پەرستراوی تر نییە: ﴿مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥٓ﴾ (الأعراف: ٥٩).

واتە: "هۆگەلی خۆم! خودا بپەرستن، هیچ خوایەکی تر نییە، جگە لە ئەو."

دەیفەرموو: من پێغەمبەری خوای گەورەم و پەیامەکانی خوای پەروەردگارتان پێ دەگەیەنم: ﴿وَلَٰكِنِّى رَسُولٌ مِّن رَّبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٦١ أُبَلِّغُكُمْ رِسَٰلَٰتِ رَبِّى﴾ الأعراف: ٦١ - ٦٢).

قەومەکەی باوەڕیـان وا بـوو: کە بتەکانیـان (مەد و سـواع و یەعـوث و یەعـوق و نەسـر) هەنـدێک دەسـەڵاتیان هەیە، چ لە بەڕێـوەبردنی گەردوون و ژیاندا، چ لە جێبەجێکردنی هەندێک لە پێداویستییەکانیاندا.

دووەم: قەومەکە باوەڕیان بەوە هەبوو کە خوای گەورە بەدیهێنەری ئەوان و عەرد و ئاسمانەکانە و بەڕێوەبەری ئەم بوونەوەرەیە، بەڵام باوەڕیان وا نەبوو کە بەتەنیا خوای گەورە شایانی ئەوەیە، حوکم و دەسەڵاتی باڵای [وای هەبێت کە ئاراستەی] ڕەوشـت و کاروبـاری کـۆمەڵایەتی و سیاسـی و مەدەنـی و لایەنەکانی تری ژیان بکات، یان تەنیا ئەو شایانی ئەوە بێت کە ڕێنیشاندەر بێت و یاسا دابڕێژێت و فەرمان بە چاکە و بەرهەڵستیی خراپە بکات و دەشبێت گوێڕایەڵی و ملکەچی؛ هەر بۆ ئەو دەرببڕدرێت.

ئەوان سەرۆک و زاناکانی خۆیان، لە باتیی خوا کردبوو بە پەروەردگار و دەمڕاستی خۆیان لەو کاروبارانەی کە لەوەوپێش باسکران و سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت) داوای لێ دەکردن و بانگی دەکردن کە لە هەموو لایەنێکی ژیاندا، تەنیا خودا بە پەروەردگار بزانن، نەک پەروەردگاریّتی دابەش بکەن لەنێوان خودا داتاشراوەکانیاندا.

بۆیە پێی دەفەرموون: دەبێت تەنیا «الله» بە پەروەردگاریان بزانن، بە هەموو ئەو مانایانەی کە وشەی (الرب) دەیانگرێتە خۆی و دەبێت شوێنی بکەون و گوێڕایەڵی بن و ملکەچی بۆ ئەو دەربڕن.

دەیفەرموو: ﴿ إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ١٠٧ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ١٠٨ ﴾ (الشعراء: ١٠٧ – ١٠٨).

واتە: "من نێردراوی خوام بۆ ئێوە، دەستپاکم، چیم پێ ڕابگەیەنرێت بێ خیانەت پێتان ڕادەگەیەنم، جا لە خوا بترسن و بە گوێم بکەن."

### ٢. گەلی سەییدنا هود (سەلامی خوای لەسەر بێت):

دوای گەلی نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت)، قورئان باسی گەلی سەییدنا هوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەکات کە گەلی «عاد»ە، ئەوانیش دەیانوت: خوا هەیە، بەڵام کێشەیان لەگەڵ سەییدنا هوود (سەلامی خوای لەسەر بێت) لەسەر دوو شت بوو:

١. ﴿وَإِلَىٰ عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا ۗ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۚ﴾ (الأعراف: ٦٥).

واتە: "بۆ قەومی (عاد)یش براکەی خۆیانمان بە پەیامی پێغەمبەرێتییەوە نارد، (هوود) پێی فەرموون: هۆ گەلۆ! تەنیا خوای گەورە «الله» بپەرستن، ئێوە هیچ خوایەکی ترتان، جگە لەو نییە."

٢. ﴿وَتِلْكَ عَادٌ ۖ جَحَدُوا بِآيَاتِ رَبِّهِمْ وَعَصَوْا رُسُلَهُ وَاتَّبَعُوا أَمْرَ كُلِّ جَبَّارٍ عَنِيدٍ ۝٥٩﴾ (هود: ٥٩).

واتە: "ئەوەش ئاسەواری قەومی (عاد) کە نکوولّییان لە وەحییەکەی خوای گەورە کرد و لە پێغەمبەرەکانی (لە هوود و پێغەمبەرانی پێشتریان) یاخی بوون و بوون بە شوێنکەوتەی هەموو ستەمکارێکی کەللەڕەق و ملهوڕێک!"

### ٣. گەلی سەییدنا ساڵح (سەلامی خوای لەسەر بێت):

ئەم گەلە کە دوای «عاد» هاتن، زۆر زاڵم و سەرکەش و یاخی بوون، گومڕایی ئەمانیش، هەر وەکوو گومڕایی قەومی سەییدنا نووح و سەییدنا هوود (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بوو.

ئەمانیش نکوولّییان لە بوونی خوای گەورە و کاربەدەستێتیی ئەو نەدەکرد، باوەڕیان وا بوو: خوای گەورە شایانی پەرستنە، بەڵام بتەکانی ئێمەش شایانی پەرستنن!

دەیانوت: خوای تریش هەن کە بەشدار بوون لە خەلقکردندا، بۆیە هاوبەشن لە پەرستندا، چونکە گوێیان لە هانا و هاواری داوایانە و بە هانایانەوە دێن، بە هەمان شێوەش مافی فەرمان دەرکردن و قەدەغەکردن (مەنهەج دانان)یان دابوو بە سەرۆک و خاوەن دەسەڵاتەکانیان.

ئەم دوو هۆیەش بوون کە بوونە مایەی غەزەب گرتنی خوای گەورە لێیان، تا بە فەتارەت چوون، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿۞وَإِلَىٰ ثَمُودَ أَخَاهُمْ صَٰلِحًاۚ قَالَ يَٰقَوْمِ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُۥ﴾ (هود: ٦١).

واتە: "بۆ قەومی (سەموود)یش «ساڵح»ی برایانمان نارد، پێی فەرموون: هۆ گەلۆ! هەر خوای گەورە «اللە» بپەرستن، ئێوە هیچ خوایەکی ترتان نییە کە شایانی پەرستن بێت، جگە لە خوای گەورە."

- هەر وەکوو پێغەمبەرە بەڕێزەکانی تر (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، جەنابیشی بە قەومەکەی خۆی دەفەرموو:

ـــ ﴿إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ﴿١٤٣﴾ فَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ﴿١٤٤﴾﴾ (الشعراء: ١٤٣ – ١٤٤).

واتە: "من نێردراوێکی دەستپاکی خوای گەورەم و بۆ ئێوە نێردراوم، دەسا لە خوای گەورە بترسن و گوێڕایەڵی فەرمانی من بن."

ـ ﴿وَلَا تُطِيعُوٓا۟ أَمْرَ ٱلْمُسْرِفِينَ ﴿١٥١﴾ ٱلَّذِينَ يُفْسِدُونَ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَا يُصْلِحُونَ ﴿١٥٢﴾﴾ (الشعراء: ١٥١ – ١٥٢).

واتە: "ملکەچی سەرکردە و پێشەوا ستەمکار و زێدەڕۆکان مەبن، ئەوانەی کە خراپەکاری بەسەر زەویدا بڵاو دەکەنەوە و چاکسازی ناکەن."

ئیمامی تەبەری دەفەرموێت: "ئەو ستەمکار و زێدەڕۆیانە، سەرۆکی

کۆمەڵەی شارەکە بوون کە غەیری خراپەکاری، هیچی تریان نەدەکرد، ئەوانە ئەو کەسانەن کە خوای گەورە دەربارەیان دەفەرموێت: ﴿وَكَانَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ تِسۡعَةُ رَهۡطٖ يُفۡسِدُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا يُصۡلِحُونَ ۝٤٨﴾ (النمل: ٤٨).

واتە: نۆ کۆمەڵ لە شارەکەدا (شاری حیجر کە لە یەمەنە) هەبوو کە کاریان هەر خراپەکاری بوو، زوڵم و ستەم و ترس و بیمیان .لەگەڵ کوفر و شیرکیاندا بڵاو دەکردەوە و هیچ چاکەیەکیان نەدەکرد!"

### ٤ . گەلی سەییدنا ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت):

گەلی سەییدنا ئیبراهیمیش (سەلامی خوای لەسەر بێت)، هەر وەکوو گەلەکانی سەییدنا نووح و سەییدنا هوود و سەییدنا ساڵح (سەلامی خوایان لەسەر بێت) کە بریتی بوون لە: «عاد» و «سەموود»، ئەمانیش باوەڕیان بە خوای گەورە هەبوو کە بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرەیە.

هەروەها نکوڵییشیان لە پەرستنی نەدەکرد، بەڵام ئەمان ئەستێرەشیان دەپەرست (لەگەڵ خوای گەورەدا، پەرستراوی تریان هەبوو)، بەڵام ماناکانی خاوەنێتی و سەروەرێتی و فەرمانکردن و بەرهەڵستیکردن و بەرنامە دانانیان دابوو بە سەرۆک (بە نەمروود) و دەسەڵاتدارانی تری مەملەکەت.

ئایەتەکانی قورئان، ئەم ئینحرافاتە عەقائیدی و دەستووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییانە ڕوون دەکەنەوە.

سەییدنا ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) سەرەتا تەبەڕای لە (شیرک)ەکەیان کرد و ڕای گەیاند:

. ﴿قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ۝٧٨﴾ (الأنعام: ٧٨).

واتە: "هۆ گەلۆ! من بەریم لەوەی کە ئێوە هاوەڵ بۆ خوای گەورە دادەنێن." پێی دەفەرموون: ﴿أَنَّكُمۡ أَشۡرَكۡتُم بِٱللَّهِ مَا لَمۡ يُنَزِّلۡ بِهِۦ عَلَيۡكُمۡ سُلۡطَٰنٗا﴾ (الأنعام: ٨١).

واتە: "ئێوە هاوەڵتان بۆ خوای گەورە بڕیار داوە، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکتان لە وەحیی خواییەوە بۆ هاتبێت." دەیفەرموو: ﴿أَئِفْكًا ءَالِهَةً دُونَ ٱللَّهِ تُرِيدُونَ ﴿٨٦﴾﴾ (الصافات: ٨٦).

واتە: "جگە لە خوای گەورە، خوای تر بۆ خۆتان دادەنێن، هەر بۆ ئەوەی ناحەقی بە ناوی خواپەرستی و خواویستییەوە بکەن بە حەق؟!"

- موناقەشەکردنەکەی «نەمروود»ی دەسەڵاتداریش لەگەڵ سەییدنا ئیبراهیمدا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بۆ ئەوە نەبوو، تا هەبوونی خوای گەورەی بۆ بسەلمێنێت، نەمروود و قەومەکەی باوەڕیان بە خوای کردگار هەبوو، بەڵام ئەستێرە و هەسارەیان لەگەڵدا دەپەرست.

موناقەشەی نەمروود لەسەر ماناکانی: سێیەم و چوارەم و پێنجەمی وشەی (الرب) بوو، ئەو نەیدەویست تەسلیم ببێت بەوەی کە نابێت دەسەڵاتی باڵا و سەروەرێتی و فەرماندان و یاسا دارِشتن و خاوەنێتی بۆ پاشا و دەسەڵاتدار و خاوەن هێزان بێت، چونکە ئەوە مافی خوای کردگار و پەروەردگارە.

ئەو هەموو ئەم مافانەی بە هیی خۆی دەزانی و دەشیویست سەییدنا ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بەو سیفەتەی کە هاووڵاتی مەملەکەتەکەی ئەوە، تەسلیم بە فەرمانی ئەو بێت و گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمانەکانی ئەو بێت کە پاشا و سەرۆک و (ربّ)ی هەمووانە!

**٥ . گەلی سەییدنا لوط (سەلامی خوای لەسەر بێت):**

لە قورئاندا دوای گەلی سەییدنا ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت)، گەلی سەییدنا لوط (سەلامی خوای لەسەر بێت) دێت.

قورئان ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەوانیش باوەڕیان وا بوو کە: خوای گەورە بەدیهێنەر و پەروەردگارە، بەڵام تەسلیم بەوە نەدەبوون کە «اللە» بە مانای: سێیەم و چوارەم و پێنجەمی وشەی: (الربّ) بزانن.

بۆیە: نەیاندەویست باوەڕ بە پێغەمبەرێتیی سەییدنا لوط (سەلامی خوای لەسەر بێت) بهێنن و ئەو مافە بدەن بە بەڕێزی کە خوای گەورە مافی سەروەرێتیی باڵا و دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت لە: فەرمانڕەوایی و یاسا و ڕێسا دارشتن و بەرنامە دیاریکردندا.

هەروەها لە دیاریکردن و پێناسەی چاکە و خراپەدا، چونکە ئەوان کۆیلەی هەوا و هەوەس و ئارەزووە سەرکەشەکانیان بوون، لە: جەردەیی و تاڵانکردن، هەروەها لە نێربازی و خراپەکاریی تر.

جەنابیشی وەکوو پێغەمبەرە بەڕێزەکانی تر دەیفەموو: ﴿إِنِّي لَكُمۡ رَسُولٌ أَمِينٞ ١٦٢ فَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُونِ ١٦٣﴾ (الشعراء: ١٦٢ – ١٦٣).

واتە: "من پێغەمبەری خوای گەورەم، دەستپاکم، پەیامی خوایی بە سەلامەتی وەکوو خۆی دەگەیەنیم، ئێوەش لە خوای گەورە بترسن و گوێڕایەڵیی فەرمانی من بن."

دەبینیت هەمان دوو ڕوکنی سەرەکی ئیمانداریان لێ داوا دەکات (تەقواکاریی خوای گەورە) و گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی خۆی. هەر وەکوو داواکاریی سەییدنا نووح و سەییدنا ساڵح و سەییدنا هوود (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، چونکە بانگەوازی هەموویان هەر یەک بوو (کە عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت) دەبێت لە خوای گەورەوە لەڕێی پێغەمبەرە بەڕێزەکانەوە وەربگیرێن.

هەروەها مافی حاکمێتیی یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردن، نابێت ببنە مافی دەسەڵاتداران، چونکە مافی خوای گەورەیە و بەس. ئەوانیش نەک هەر بە دەم بانگەوازەکەیەوە نەچوون، بەڵکوو زۆر دژیشی وەستانەوە!

لە سەرەتادا هەر بە هەڕەشە و گوڕەشە و ترساندن بوو: ﴿قَالُواْ لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَٰلُوطُ لَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡمُخۡرَجِينَ ١٦٧﴾ الشعراء: ١٦٧.

واتە: "وتیان: هۆ لوط! ئەگەر واز لەم بانگەوازەت نەهێنیت و کۆڵ نەدەیت، حەتمەن شاربەدەرت دەکەین!"

دەیـــــــانوت: ﴿قَالُواْ ٱئۡتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ٢٩﴾ (العنكبوت: ٢٩).

واتە: "وتیان: ئەگەر ڕاست دەکەیت و پێغەمبەری خوایت، ئەوە سزایەکی خوای گەورەمان بهێنەرە سەر!"

- **ئەم قەومانە هەر هەموویان:**

١. باوەڕیان بە بوونی خوای گەورە «الله» هەبوو، باوەڕییشیان بە فەرزێتیی پەرستنی هەبوو، بەڵام هاوبەشیان بۆ دادەنا، بەوەی خوای تریان دانابوو، دەیانپەرستن.

٢. لە پەروەردگارێتیدا، نەیاندەویست بێنە ژێر دەسەڵاتی خوای گەورە و تەنیا شەریعەتی ئەو بکەنە بەرنامە و دەستوور و یاسای ڕێکخستنی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی خۆیان.

٣. نەیاندەویست واز لە ملکەچی و گوێڕایەڵیی دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارەی دەوڵەت و نەریتی کۆمەڵگەی خۆیان بهێنن و ئیعتراف بەوە بکەن کە دەبێت بەرنامەی سیاسی و دەستوور و یاسا و قییەمی کۆمەڵایەتییان، لە وەحیی خوای گەورەوە هاتبێت. ئەوەی ئەوانی لەسەر بوون لەم سێ لایەنەدا، پێچەوانەی وەحی بوو، ئەوەش لە دینی خوای گەورەدا قەبووڵ نییە.

### ٦. گەلی سەییدنا شوعەیب (سەلامی خوای لەسەر بێت):

لە وتوویژی نێوان سەییدنا شوعەیب (سەلامی خوای لەسەر بێت) و قەومەکەیدا دەردەکەوێت کە باوەڕیان بە خوای گەورە هەبووە، بە پەروەردگار (الرب) و بە پەرستراو (إله)یشیان دادەنا، بەڵام لە دوو جۆر گومڕاییدا بوون:

١. قەناعەتیان وا بوو: کە لەگەڵ خوای گەورەدا خوای تر هەن و هەندێک سیفەتی پەروەردگارێتی و خوایەتییان هەیە.

کە وا بوو: لەو لایەنەوە ئەهلی تەوحید نەبوون.

٢. وایـان دەزانـی کە پەروەردگـارێتیی خـوای گەورە، لایەنەکـانی ژیـانی مـرۆڤ لە ڕووی: ڕەوشـتی و کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و مەدەنـی و سیاسـییەوە ناگرێتەوە. وایان دەزانی کە ئازادییەکی ڕەهایان لە سەربەستیدا هەیە و دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان بژین.

بەڵگەی ئەم دوو گومراییەیان لە قورئاندایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِلَىٰ مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْبًا ۗ قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُوا اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَٰهٍ غَيْرُهُ ۖ قَدْ جَاءَتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ ۖ فَأَوْفُوا الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلَا تَبْخَسُوا النَّاسَ أَشْيَاءَهُمْ وَلَا تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ بَعْدَ إِصْلَاحِهَا ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ﴿٨٥﴾﴾ (الأعراف: ٨٥).

واتە: "«شـوعەیب»مـان بـۆ خەڵکـی «مەدیەن» بە پێغەمبەرێتییەوە نـارد، پێـی فەرموون: هۆ قەومی خۆم! خوای گەورە بپەرستن، ئێوە هیچ خوایەکی ترتان نییە کە شـایانی خـوایەتی بێـت، جـگە لە ئەو. بەرنـامەی پـاک و پوخـت و بەڵـگە و نیشانەی زۆر و ڕۆشنتان لە خوای پەروەردگارتانەوە بۆ هاتووە، دە سا لە پێوانە و کێشـاندا گـزی لە خەڵکـی مەکەن و مافیـان مەخـۆن، مەکەونە بڵاوکـردنەوەی خراپەکاری لەسـەر زەمیندا (لەم نـاوچەیەدا)، دوای ئەوەی چاکسـازیی تێدا کـرا؛ ئەگەر ڕاستە و موسوڵمانن، ئەوا بە قسـەم بـکەن، ئەوەتـان چاکترە لە لاساری و یاخیبوون و سەرکەشی."

قەومەکە لە وەڵامیدا دەیانوت: ﴿قَالُوا يَا شُعَيْبُ أَصَلَاتُكَ تَأْمُرُكَ أَن نَّتْرُكَ مَا يَعْبُدُ آبَاؤُنَا أَوْ أَن نَّفْعَلَ فِي أَمْوَالِنَا مَا نَشَاءُ ۖ إِنَّكَ لَأَنتَ الْحَلِيمُ الرَّشِيدُ ﴿٨٧﴾﴾ (هود: ٨٧).

واتە: "ئەریٚ شوعەیب! ئەوە نوێژەکانت و دیندارییەکەتە وا فەرمانت پێ دەکات کە داوامان لیٚ بکەیت دینی باب و باپیرانمان واز لیٚ بهێنین؟

یان نەهێڵێت لە چۆنێتیی ڕەفتارماندا بە پارە و سامانمانەوە سەربەست بین، بە کەیفی خۆمان پەیدای نەکەین و بە کەیفی خۆیشمان خەرجی نەکەین؟ خۆ تۆ کەسێکی سینە فراوان و دانا و جوامێریت!"

[دیارە کە گومڕاییەکەیان لە هاوەڵ دانانیانە بۆ خوای گەورە کە بابوباپیرانیانی لەسەر بووە، نایانەوێت هەڵەی ئەوان ڕاست بکەنەوە، چونکە خوویان پێوە گرتووە و بە دین و دینداریی دەزانن! لە لایەکی تریشەوە دەڵێن: دین حەقی چییە بەسەر پارە پەیداکردن و سەرفکردنییەوە؟! واتە: نابێت دین یاسای ئابووری دابڕێژێت!]

### ٧ - فیرعەون و دەستوپێوەندەکانی:

ئەو هەڵەیە لەناو خەڵکیدا بڵاوە کە گوایە: نەک هەر باوەڕی بە بوونی خوای گەورە نەبووە، بەڵکوو داوای خوایەتییشی کردووە!

مانای وایە: ئەوەندە گێل بووە کە بە ئاشکرا لەناو خەڵکیدا دەیوت: بەدیهێنەری ئاسمان و زەمین منم!

گەلەکەشی ئەوەندە گێل و گەلۆر بوون، دەیانوت: ڕاستە و باوەڕیان پێی هەبوو! بەڵام لەو ڕاستییەوە کە قورئان و مێژوو شاهێدیی بۆ دەدەن، دەردەکەوێت کە: گومڕایی ئەویش وەکوو گومڕایی نەمرووود بووە، جیاوازییان نەبووە، هەردووکیان، هەر لە بواری خوایەتی و پەروەردگارێتیدا گومڕا بوون.

گومڕایی شوێنکەوتووانی فیرعەونیش، وەکوو گومڕایی شوێنکەوتووانی نەمرووود وا بوو، ئەگەر جیاوازییەک هەبێت لەنێوانیاندا ئەوەیە کە: لەبەر هەندێک بارودۆخی سیاسی و ملهوڕی و دەمارگیری و نیشتمانپەروەری، لەناو دەستوپێوەندی فیرعەوندا بەرانبەر ئەولاد و ئەحفادی سەییدنا یەعقوب (سەلامی خوای لەسەر بێت)، «بەنو ئیسرائیل» پەیدا بووبوو کە بوو بەو بەربەستەی

نەیهێشت زۆرینەی ئەو نەفامانە عەقیدەی تەوحیدیان لا ڕۆشن بێت و وەری بگرن، ئەگەرچی لە دڵیانەوە باوەڕیان پێی هەبوو؛ وەکوو زۆربەی بێباوەڕە ماددییەکانی سەردەمی ئێستای ئێمە.

## ڕوونکردنەوەیەکی کورتی ئەم مەسەلەیە:

کاتێک دەسەڵاتی میسر کەوتە دەست سەییدنا یوسف (سەلامی خوای لەسەر بێت)، بانگەوازی ئیسلام و ڕێنماییەکانی خۆی لەناو کۆمەڵگەکەدا بڵاوکردەوە، ئاسەوارێکی دینیی وا کاریگەریی جێهێشت کە، تا چەندین سەدە دواتر کەس نەیتوانی لاوازی بکات.

بە شێوەیەکی گشتی کاری کردبووە سەر هەموو دانیشتووانەکە کە لە دوای ئینحرافیشیان باوەڕیان هەر وا مابوو کە لەو دیوی ئەم سروشت و گەردوونەوە خوای گەورە هەیە کە خوای خواکانی تریشە. [پەیکەر بن، یان خانەوادەی فیرعەونەکان!]

ئەم کاریگەرییە دینییە بە شێوازی جۆراوجۆر لەناو کۆمەڵگە و نەوەکانیدا هەر ما، تا ئەو زەمانەی سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە پێغەمبەرێتییەوە تەشریفی هێنایە ناویان، لە بەسەرهاتی (مؤمن آل فرعون)دا بەڵگەی زۆری ئەم شیکارەمان هەیە، هەر وەک چۆن فەرمووی: ﴿ ۞ وَيَٰقَوۡمِ مَا لِيٓ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلنَّجَوٰةِ وَتَدۡعُونَنِيٓ إِلَى ٱلنَّارِ ۝٤١ تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشۡرِكَ بِهِۦ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞ وَأَنَا۠ أَدۡعُوكُمۡ إِلَى ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡغَفَّٰرِ ۝٤٢ ﴾ (غافر: ٤١ - ٤٢).

واتە: "هۆ گەلی خۆم! بۆچی کە من ئاوا بانگهێشتان دەکەم بۆ ڕزگاری و ئێوە بانگهێشتم دەکەن بۆ ئاگری دۆزەخ؟ دەتانەوێت کافر ببم بە خوای گەورە و هاوەڵی بۆ بڕیار بدەم لە کاتێکدا کە هیچ زانستییەکم بەسەر شیاوێتیی هاوەڵ دانان بۆ خوا نییە. ئەمە لە کاتێکدایە کە من بانگتان دەکەم بۆ لای خوای خاوەن دەسەڵاتی بێوێنە و ڕەها کە لێخۆشبوو و لێبووردەیە."[١]

---

(١) [ئەو قەومە ئەوەندە نەزان نەبوون کە وەکوو قەومەکانی تریش نەبن! حەتمەن باوەڕیان بە

**وەڵامی دوو پرسیار:**

[ئیمامی مەودوودی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دوای توێژینەوەیەکی کورتی چەند ئایەتێک، دوو پرسیار دەورووژێنێت و هەر خۆیشی شیکارانە وەڵامیان دەداتەوە و دەفەرموێت:]

- ئایا کێشەی نێوان سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) و فیرعەون لەسەر چی بوو؟

- ئایا جۆری ئەو گومڕاییەی کە فیرعەون و قەومەکەی لەسەری بوون، چۆن بوو؟

با پێکەوە بیر لە یەکە بە یەکەی ئەم ئایەتانەی خوارەوە بکەینەوە:

١. پیاوماقوڵانی فیرعەون: ئەوانەی دەیانویست بانگەوازی سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە ڕیشەوە دەربهێنن و نەهێڵن لە میسر جێی بکاتەوە، لە دید و بەرژەوەندیی خۆیانەوە پرسیاریان لە فیرعەون کرد: ﴿أَتَذَرُ مُوسَىٰ وَقَوْمَهُۥ لِيُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَءَالِهَتَكَ﴾ (الأعراف: ١٢٧).

واتە: "ئایا واز لە (مووسا) و قەومەکەی دەهێنیت، تا ئاوا خراپەکاری لە وڵاتدا بڵاوبکەنەوە و واز لە پەرستنی تۆ و خوایەکانت بهێنن؟"

بە پێچەوانەی ئەمانەوە، موسوڵمانەکەی (خانەوادەی فیرعەون) کە باوەڕی

---

خوایەتیی خوای گەورە هەبوو کە بەدیهێنەری بوونەوەرە، بەڵام دەیانوت: «فیرعەون کوڕی ئاموون»ە کە خوایە و لای خوای کردگارە لە ئاسمان!

فیرعەون لەم ڕوانگەوە کەوتبووە ئەو دوو هەڵە کوشندەوە کە دەیویست بە خاوەنی گەل و خاوەن دەسەڵاتی باڵا و ڕەهای دابنێن کە هەر خۆی مافی حاکمێتیی (بەسەر هەر سێ لقەکانییەوە: یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردن) هەبێت، هەروەها ئەوەندەش بە پاک و پیرۆزی دابنێن کە بە ناوی ئەوەوە هەندێک خواپەرستی بکەن و قوربانییش بۆ ئەو بکەن].

بە پەیامی سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) هێنابوو، پێی فەرموون: ﴿تَدۡعُونَنِي لِأَكۡفُرَ بِٱللَّهِ وَأُشۡرِكَ بِهِۦ مَا لَيۡسَ لِي بِهِۦ عِلۡمٞ﴾ (غافر: ٤٢).

واتە: "ئێوە من بانگهێشتی کافربوون دەکەن، دەتانەوێت بە نەزانی بکەومە شیکردنەوە و هاوەڵ بۆ خوا پەیدا بکەم؟!"

ئەگەر لەم دوو ئایەتە ورد ببینەوە بەڵگەی مێژوویی و ئاسەواری نەتەوە کۆنەکانی میسری سەردەمی فیرعەونی بخەینە پاڵ، بۆمان دەردەکەوێت کە فیرعەون و نەتەوەکەی بە مانای یەکەم و دووەمی وشەی (الرب)، هاوەڵیان بۆ خوای گەورە پەیدا کردبوو و بت و سەنەمیان کردبووە هاوەڵی خوای گەورە و دەیانپەرستن!

دیارە، ئەگەر فیرعەون خۆی بە پەروەردگاری سەرووی جیهانی سروشت دابنایە، واتە: وای دەربخستایە کە لەم جیهانەدا زاڵە بەسەر سیستمی هۆکارەکان و بێجگە لەو هیچ خودایەکی تر نەبێت لە ئاسمانەکان و زەویدا، ئەوا بە هیچ جۆرێک بت و سەنەمی نەدەپەرست.

٢. فیرعەون بە سەییدنا مووسای (سەلامی خوای لەسەر بێت) وت: ﴿قَالَ لَئِنِ ٱتَّخَذۡتَ إِلَٰهًا غَيۡرِي لَأَجۡعَلَنَّكَ مِنَ ٱلۡمَسۡجُونِينَ ٢٩﴾ (الشعراء: ٢٩).

واتە: "ئەگەر خودایەکی تر، جگە لە من بگریت و بیپەرستیت، بە دڵنیاییەوە بەندت دەکەم."

فیرعەون لەوەدا مەبەستی ئەوە نەبوو کە هەرچی (آلهة) هەبێت غەیری خۆی ڕەتیان بکاتەوە، بەڵکوو مەبەستی: پووچکردنەوەی بانگەوازی سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بوو.

کە سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ئەوەی ڕوون دەکردەوە دەسەڵاتی خودا، نەک هەر لەسەرووی سروشتەوەیە، بەڵکوو تاکە خاوەنی

فەرمـانکردن و بەرهەڵسـتیکردنە، بە مانـای سیاسـی و شارسـتانێتی خـاوەنی دەسـەڵاتی زاڵ و سـەروەرییە؛ فیـرعەون بە قەومەکەی وت: "وا نـازانم، جـگە لە مـن، خـودایەکی ئـاوا هەبێـت کە مووسـا باسـی لێـوە دەکـات." لەم ڕوانـگەوە هەڕەشەشی دەکرد.

ئەوەی لەم ئایەتـانەوە دەردەکەوێـت و بەڵـگەی مێژوویـی و شـوێنەواری نەتەوە کۆنەکـان پشـتگیریی دەکەن ئەوەیە کە: فیرعەونەکـانی میسـر، نەک هەر خۆیان بە فەرمانڕەوای هەرە بەرز دادەنا، بەڵکوو خۆیان بە پاک و پیرۆز و بەڕێز دادەنا، ئەویش بە هۆی خۆ دانە پاڵی بت و خوداوەندەکان؛ ئەوەشیان بۆ ئەوە بوو، خۆیان بگەیەننە ناو دڵ و دەروونی خەڵکە ڕەشۆکییەکە و بەسەر گیانیاندا زاڵ بن.

٣. بانگەشـەی فیـرعەون بـۆ خـودایەتییەکەی ئەوە نەبـوو کە بڵێت: بەسـەر یاسـاکانی سروسـتدا زاڵـم و مـن سروشـت بەڕێوە دەبەم، بەڵکوو مەبەسـتی لێـی: بـواری حـاکمێتی و سیاسـی بـوو (بە مانـای سێیەم و چوارەم و پێنجەمـی وشـەی «الرب»)، وای دادەنـا کە مـادام ئەو سـەرۆکی بـاڵا و گەورەی هەرە بەرزی میسـرە و خاوەنی خاکی (میسر)ە و بەرو بوومیشی هیی ئەوە! ئیتر دەیوت: "کە وا بێت، هەر خـۆم مـافی ئەوەم هەیە هەڵسـووڕێنەر بـم تێیـاندا، چونکە خـۆم کەسـایەتییە مەرکەزییەکەی وڵاتـم کە بنچینەی پێکەوە گرێـدانی میسـرم. بـۆیە نابێـت هـیچ یاسایەکی دی، جگە لە یاسـاکانی مـن بەڕێوە ببرێـت." بنەما و بنچینەی داواکەی فیرعەون بە دەربڕینی قورئان بەم شێوەیە بوو:

﴿وَنَادَىٰ فِرْعَوْنُ فِي قَوْمِهِۦ قَالَ يَٰقَوْمِ أَلَيْسَ لِي مُلْكُ مِصْرَ وَهَٰذِهِ ٱلْأَنْهَٰرُ تَجْرِي مِن تَحْتِيٓۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ٥١﴾ (الزخرف: ٥١).

واتە: "فیـرعەون بەنـاو قەومەکەیـدا ڕای گەیانـد: ئەرێ قەومەکەم! مەگەر موڵک و دەسەڵاتی میسر هەمووی هیی من نییە؟!

ئەدی ئەو ڕووبار و جۆبارانە بە ژێر کۆشکەکەی مندا نارِۆن؟!

ئایا نابینن چ دەسەڵاتێکم هەیە؟!

ئەو بناغەیەش کە بانگەوازی پەروەردگارێتییەکەی نەمروودی لەسەر بنیات نرابوو، هەر ئەمە بوو کە خوای گەورە لە سورەتی (البقرة: ٢٥٨ )دا باسی دەکات و دەفەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَاجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رَبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللَّهُ الْمُلْكَ..﴾ (البقرة: ٢٥٨).

واتە: "ئایا هەواڵی ئەو کەسەت پێ نەگەیشتووە کە دەربارەی پەروەردگارێتی موناقەشەی لەگەڵ «ئیبراهیم»دا دەکرد؟ ئەوەش بە هۆی بەخۆنازین و لەخۆباییبوونی بوو بەو دەسەڵاتە و موڵکەی کە هەر خوای گەورە پێی بەخشیبوو!"

٤. سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە فیرعەون و داروودەستەکەی دەفەرموو:

- هیچ پەروەردگار و پەرستراوێک نییە شایانی خوایەتی بێت، جگە لە خوای گەورە.

- تەنیا خوای گەورە هەموو سیفەتەکانی (الرب)ی هەیە کە خاوەنە و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، هەر دەبێت گوێڕایەڵیی ئەو بکرێت و دەستوور و یاسای حوکمڕانی و ئاراستەی ژیان، هەر دەبێت لە دینی خوای گەورە وەربگیرێت و بچەسپێنرێت.

٥. خوای گەورە سەییدنا مووسای (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە موعجیزە و بەڵگەی پێغەمبەرێتییەوە نارد، تا فەرمان و بەرهەڵستییەکانی وەحیی خوایی [عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت] بە فیرعەون و دەستوپێوەندەکەی و قەومەکەی خۆی و قەومی فیرعەون ڕابگەیەنێت، داوای

لە هەمووان دەکرد کە دینی خوای گەورە وەربگرن و گوێڕایەڵی بۆ سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەرببڕن [بە مانایەکی تر دید و ڕێ و دەستوور و یاسا و بزاوت و هەڵوێستی فیرعەون و قیبەمی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی جاهیلییانەی قەومی فیرعەون واز لێ بهێنن و بەرنامە خواییەکە لە سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) وەربگرن و بیسەلمێنن و بیچەسپێنن]، بەڵام فیرعەون و سەرانی حکومەت و دەسەڵاتدار و کاربەدەستانی؛ سەرسەختانە بەرهەڵستییان کرد و وتیان: مووسا و هاروون هاتوون، تا میسرمان لە بن دەست دەربهێنن و دەستوور و یاسا و دین و شارستانیمان بگۆڕن و «فەساد» بڵاوبکەنەوە!

خوای گەورە ئەم کێشە سەرەکییەمان زۆر بە ڕۆشنی دەخاتە بەردەست و دەفەرموێت:

- ﴿ ۞ وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ وَجَآءَهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ ۝١٧ أَنْ أَدُّوٓا۟ إِلَىَّ عِبَادَ ٱللَّهِ ۖ إِنِّى لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ ۝١٨ وَأَن لَّا تَعْلُوا۟ عَلَى ٱللَّهِ ۖ إِنِّىٓ ءَاتِيكُم بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ۝١٩ ﴾ الدخان: ١٧ – ١٩).

واتە: "پێش هاوەڵپەیداکەرانی قورەیش، فیرعەون و قەومەکەیمان تاقی کردەوە، کاتێک کە مووسام بۆ ڕەوانەکردن کە نێردراوێکی بەڕێز و پیاوێکی خانەدان بوو، فەرمووی: هۆ بەندەکانی خوای گەورە! بەرەو من بێن، وەرنە ڕیزمان، من نێرداوێکی دەستپاکی خوای گەورەم، خۆ بە زل مەزانن و لووتبەرز مەبن بەوەی کە وەحیی خوای گەورە قەبووڵ نەکەن و حوکمەکانی جێبەجێ نەکەن؛ من بەڵگە و نیشانەی ڕاستیی وەحیی خواییم بۆ هێناون." [ئاشکرایە کە داوای موسوڵمانبوون و وەرگرتنی ئاراستەی وەحیی خوایی و قەبووڵکردنی ڕێبەرێتیی جەنابی (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەکات].

- ﴿ وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ۝٩٦ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِي۟هِۦ فَٱتَّبَعُوٓا۟ أَمْرَ فِرْعَوْنَ ۖ وَمَآ أَمْرُ فِرْعَوْنَ بِرَشِيدٍ ۝٩٧ ﴾ (هود: ٩٦ – ٩٧).

واتە: "(مووسا)مان بە بەڵگە و نیشانەکانی خۆمانەوە بۆ فیرعەون و داروودەستەکەی نارد، بەڵام ئەوان گوێیان بە بانگەوازە خواییەکە نەدا و شوێن فەرمانی فیرعەون کەوتن؛ (بێگومان) فەرمان و ڕێی فیرعەون چەوت و لار بوو، عاقڵانە نەبوو.

### ٨. جوولەکە و دیانەکان:

ئەمانە هیچ گومانیان لێ ناکرێت کە باوەڕیان بە خودای جیهانییان نەبووبێت، یان باوەڕیان بە خودایەتی و پەروەردگارێتیی «الله» نەبووبێت، هەر ئەوە بەسە بۆ بەڵگەی باوەڕبوونیان کە قورئان بە خاوەن پەیامی ئاسمانییان دادەنێت، بەڵام ئەو پرسیارەی بە مێشکی توێژەرەوەدا دێت ئەوەیە: دەبێت ئەو لادانە عەقائیدی و کردەوەییانە چی بن لە باوەڕیاندا بە پەروەردگارێتیی خوای گەورە کە وای لێ کردوون لە ڕیزی گومڕایاندا هەژمار کراون؟

وەڵامی کورتی ئەم پرسیارە، هەر لە قورئاندا هەیە، بۆ نموونە: کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓاْ أَهۡوَآءَ قَوۡمٖ قَدۡ ضَلُّواْ مِن قَبۡلُ وَأَضَلُّواْ كَثِيرٗا وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ٧٧﴾ (المائدة: ٧٧).

واتە: "بە جوولەکە و دیانەکان کە خاوەنی کتێبی خودایین بڵێ: ناڕەوایانە زێدەڕۆیی لە دینەکەتاندا مەکەن و شوێن هەوا و هەوەسی کەسانێک مەکەون کە پێشتر گومڕا بوون و خەڵکی زۆریشیان لەگەڵ خۆیاندا گومڕا کرد و لە ڕاستەڕێ دەرچوون."

لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت کە گومڕایی ئەوانەش لە بنچینە و بنەڕەتدا، هەر هەمان ئەو گومڕاییەیە کە قەومەکانی پێشتر تێی کەوتبوون، سەرباری ئەمەش گومڕاییەکی ترە کە زێدەڕەویی بوو لە ئاییندا.

ئێستا ئێمە دەبینین کە چۆن دوای ئەوە، قورئان ئەو شێوە گشتییە زیاتر

ڕوون دەکـــاتەوە کە دەفەرموێـــت: ﴿وَقَالَتِ ٱلْيَهُودُ عُزَيْرٌ ٱبْنُ ٱللَّهِ وَقَالَتِ ٱلنَّصَٰرَى ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ ٱللَّهِ﴾ (التوبة: ٣٠).

واتە: "جوولەکەکان وتیان: «عـوزەیر» پێغەمبەر کوڕی خوایە، دیانەکانیش وتیان: «عیسا» کوڕی خوایە!"

یان کە دەفەرموێت: ﴿لَقَدْ كَفَرَ ٱلَّذِينَ قَالُوٓا۟ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلْمَسِيحُ ٱبْنُ مَرْيَمَ ۖ وَقَالَ ٱلْمَسِيحُ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱعْبُدُوا۟ ٱللَّهَ رَبِّى وَرَبَّكُمْ﴾ (المائدة: ٧٢).

واتە: "ئەوانەی کە وتیـان: خـودا خـودی «عیسـای کـوڕی مەریەم»ـە، بەو قسەیەیان کافر بوون.

عیسـا فەرمـووی: ئەی بەنـی ئیسـرائیل! تەنیـا خـودا بپەرسـتن کە پەروەردگاری منیش و ئێوەشە."

هەروەها: ﴿مَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُؤْتِيَهُ ٱللَّهُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحُكْمَ وَٱلنُّبُوَّةَ ثُمَّ يَقُولَ لِلنَّاسِ كُونُوا۟ عِبَادًا لِّى مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِن كُونُوا۟ رَبَّٰنِيِّۦنَ بِمَا كُنتُمْ تُعَلِّمُونَ ٱلْكِتَٰبَ وَبِمَا كُنتُمْ تَدْرُسُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَا يَأْمُرَكُمْ أَن تَتَّخِذُوا۟ ٱلْمَلَٰٓئِكَةَ وَٱلنَّبِيِّۦنَ أَرْبَابًا ۗ أَيَأْمُرُكُم بِٱلْكُفْرِ بَعْدَ إِذْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿٨٠﴾﴾ (آل عمران: ٧٩ – ٨٠).

واتە: "ناگونجێت و ناشێت کەسێک کە خودای گەورە کتێبی بۆ بنێرێت و حوکمڕانی بداتە دەست و پێغەمبەرێتیی پێ ببەخشێت، بە خەڵکی بڵێت: وەرن ببنە بەندەی مـن، لە جیاتیی ئەوەی ببنە بەنـدەی خوای گەورە! بەڵکوو پێیـان دەڵێت: ببنە بەندەی خوای گەورە و خواویست بـن، چونکە ئێوە کتێبی خوای گەورە دەخـوێنن و خەڵکیشـی لـێ فێـر دەکەن. بـۆی نیـیە و ناکرێـت و ناشـێت فەرمانتان وا پێ بدات کە فریشتە و پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت)

بکەن بە پەروەردگاری خۆتان و لە جیاتیی خوای گەورەیان دانێن. چۆن دوای موسوڵمانبوونتان فەرمانی کافربوونتان بەسەردا دەدەن؟!"

لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت کە قەومە خاوەن پەیامە ئاسمانییەکان (جوولەکە و دیانەکان) گومڕاییان لەوەدا بوو کە:

یەکەم: زیاد لە سنووری سروشتی ڕێزیان لە پێغەمبەران و فریشتە و پیاوچاکان دەگرت، ڕاستە بە هۆی پلە و پایە تایبەتە دینییەکانیانەوە شایانی ڕێز لێ گرتنن، بەڵام شوێنکەوتووانی ئەم دوو ئایینە، ئەوانیان ئەوەندە بەرز دەکردەوە، تا دەیانگەیاندنە ئاستی خودایەتی و هاوەڵێتیی خوای گەورە و بەشدار لە هەڵسووڕاندنی ئەم بوونەوەرەدا!

ئینجا ئەمە سەری دەکێشا بۆ هانا بۆ بردن و پەرستنیان، چونکە وا حاڵی بووبوون کە ئەم بەڕێزانە لەو دیوی سروشتەوە، لای خوای گەورە بەشێکیان لە سیفەتی خوایەتی و بەشێکیان لە دەسەڵاتی پەروەردگارێتیدا هەیە، وایان دەزانی کە ئەوانیش دەتوانن بیانپارێزن و یارمەتییان بدەن و لێیان خۆش ببن!

دووەم: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ (التوبة: ٣١).

واتە: جوولەکە و دیانەکان حیبر و ڕاهیب (پیاوانی دینی)ی خۆیانیان لە بری خوای گەورە دانابوو، کردبوویانن بە خودای پەروەردگاریان بەوەی کە کردبوویاننە قسەڕۆیشتوو، بەوەی کە گەیاندبوونیاننە ڕادەیەک چییان بویستایە، حەڵاڵیان دەکرد و چییان نەویستایە حەرامیان دەکرد و بە ئارەزووی خۆیان شتیان لێ قەدەغە دەکردن و شتی تریان بۆ ڕێ پێ دەدان و فەرمانیان پێ دەدان کە بیانکەن؛ بێ ئەوەی بەڵگەیەکیان لە کتێبەکانی خوادا هەبووبێت، هەر ئەو حیبر و ڕاهیبانەش بوون کە بەرنامە و ڕێباز و داب و نەریتیان بۆ خەڵکەکەیان دیاری دەکرد!

بەم شێوەیە ئەوانە کەوتنە ناو ئەو دوو جۆرە گومڕاییەی کە پێش ئەوان

قەومەکانی (سەییدنا نووح - سەلامی خوای لەسەر بێت - و عاد و سەموود و خەڵکی مەدیەن و قەومی سەییدنا ئیبراهیم - سەلامی خوای لەسەر بێت - و ئەوانی تر) تێی کەوتبوون کە فریشتە و پیاوچاکانیان کردبوو بە هاوەڵی خوای گەورە، چ لەو لایەنەوە بووبێت کە باوەڕیان وا بوو: فریشتە و پیاوچاکەکان لەو دیو سروشتەوە زاڵ و دەستڕۆیشتوون و هەندێک سیفاتی پەروەردگارێتیی خوای گەورەیان هەیە، چ لەو لایەنەوە بووبێت کە باوەڕیان وا بوو: ئەم بەڕێزانە مافی پەروەردگارێتییان لە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و لایەنی ترەوە هەیە.

ئاوا هەموو بنەماکانی سیاسەت و دەستوور و یاسا و شارستانێتی و کاروباری کۆمەڵایەتی و ڕێسای ڕەوشت و داب و نەریتیان لەو مرۆڤانەوە وەردەگرت، بێ گوێدانە ئەوەی ئاخۆ خودای گەورە ڕێی بە شتی وا داوە، یان نا؟!

یان ئایا بڕیار و یاسا و ڕێسای دەسەڵاتدارەکانیان، لەگەڵ وەحیی خواییدا یەک دەگرنەوە، یان نا؟!

تا گەیشتنە ئەو ئاستە گومڕاییەی کە قورئانی پیرۆز دەربارەیان فەرمووی: ﴿ أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُواْ نَصِيبٗا مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡجِبۡتِ وَٱلطَّٰغُوتِ ﴾ (النساء: ٥١).

واتە: "ئایا نابینیت ئەوانەی پشکێک زانستیان لە کتێبی ئاسمانی (لە تەورات) پێ درابوو، باوەڕیان بە جیبت (بت و جادووگەری) و تاغووت (حوکمی یاسا و داوەرانی) هێنابوو؟!"

وشەی «جیبت» وشەیەکی گشتگیرە، بۆ هەموو شتێکی سووک و ناحەقی و بێ ناوەڕۆک بەکار دێت، وەکوو: (سیحر و هەواڵدانی غەیب و ڕەشبینی و گەشبینی و کاریگەریی بەدەر لە هۆکارە سروشتییەکان).

«تاغووت»یش بریتییە لەو کەسەی، یان لەو چینە کەسەی، یان لەو داوەر و سەرپەرشتیارانەی لە حوکم کردن، یان لە داوەریکردندا لە ڕێبازی خوای گەورە لایانداوە و سنووری بەندایەتییان بۆ خوای گەورە بەزاندووە و داوای خوایەتی؛ یان پەروەردگارێتییان کردبێت.

جا جوولەکە و دیانەکان تووشی ئەو دوو جۆرە گومڕاییە بوون کە باسمان کردن، ئیدی هەرچی بیروبۆچوونی پڕوپووچ و ئەفسانەی ئەو کاتە هەبوو، خرایە ناو دڵ و مێشکیانەوە و بەرە بەرە داخزانە ئاستی بەندایەتیی (عبودییەتی) ستەمکار و سەرۆک و گەورە لادەرەکانیانەوە کە بە ئاشکرا سنووری بەندایەتییان بۆ خوای گەورە بەزاندبوو و لێی یاخی بووبوون.[١]

## ٩ ـ هاوەڵپەیداکەرانی عەرەب:

موشریکانی عەرەب، نەک هەر باوەڕیان بە بوونی خوای گەورە هەبوو، بەڵکوو دەیانزانی کە «الله» بەدیهێنەر و پەروەردگار و خاوەنی دەسەڵاتی بێسنووریی ئەم بوونەوەرەیە، بە بتەکانیشیانەوە؛ ملکەچییشیان بۆ خوای گەورە دەردەبڕی بەو سیفەتەی کە خوایە و پەروەردگارە، بۆیە لە کاتی تەنگانەدا پەنایان دەبردە بەر و نکووڵییان لەوە نەدەکرد بیپەرستن و ملکەچی ببن. دەربارەی خوابتەکانیان لەو باوەڕەدا نەبوون کە ئەوانە بەدیهێنەری بوونەوەر، یان ڕۆزیدەری مرۆڤ بن. باوەڕیشیان وا نەبوو کە بتەکانیان دەبێت کاروباری سیاسەت و یاسا دارشتن و بەڕێوەبردنی کاروباریان لەدەستدا بێت.

واتە: بتەکانیان چاوساغیان بن. ئەم ئایەتانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە: ﴿ قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾ قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴿٨٩﴾ بَلْ أَتَيْنَٰهُم بِٱلْحَقِّ وَإِنَّهُمْ لَكَٰذِبُونَ ﴿٩٠﴾ ﴾ (المؤمنون: ٨٤ – ٩٠).

واتە: "بفەرموو: ئەم زەوییە و ئەوانەی لەسەری دەژین، هیی کێن، ئەگەر

---

[١] ئینحرافی هەموو قەومەکان لە نەناسینی خوای گەورە، یان لە پەرستنیدا، یان لە مافی حاکمێتییدا بوو، ئاخر بۆیە زیاتر لە (٢٠٠٠) ئایەتی قورئان لەسەر عەقیدەکەیە! (کرێکار)

دەزانن؟! دەڵێن: هیی «الله»یە، بفەرموو: ئەدی بۆچی بیرێک ناکەنەوە؟! بفەرموو: کێ بەدیهێنەری حەوت ئاسمان و ئەو عەرشە گەورەیە؟!

دەڵێن: «الله»یە! بفەرموو: دەی باشە بۆچی سڵی لێ ناکەنەوە و ترستان لە دڵدا نییە؟! بفەرموو: کێ خاوەن ئاسمانەکان و زەمینە و هەڵیاندەسووڕێنێت کە داڵدە و پەنا دەدات و موحتاجی کەس نییە پەنای بدات، ئەگەر ڕاست دەکەن و دەزانن؟

هەر دەڵێنەوە: «الله»یە کە هەموو شتێکی بەدەستە، بفەرموو: ئەدی بۆچی لە حەق لادەدەن و خۆتان فریو دەدەن بە پەرستنی بتی داروبەردین؟ ئێمە هەموو شتێکی حەقمان بۆ ناردوون، بەڵام ئەوان خۆیان درۆزنن."

- ﴿وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِي ٱلۡبَحۡرِ ضَلَّ مَن تَدۡعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُۖ فَلَمَّا نَجَّىٰكُمۡ إِلَى ٱلۡبَرِّ أَعۡرَضۡتُمۡۚ وَكَانَ ٱلۡإِنسَٰنُ كَفُورًا ٦٧﴾ (الإسراء: ٦٧).

واتە: "کاتێک لەناو دەریادا دەبن و ترسی خنکان و فەوتان ڕووبەڕووتان دەبێتەوە، ئەوانەی هاوارتان دەکردنێ، وەکوو خۆتان وێڵی دووی فریادڕەسێک دەبن، ئەوجا دڵنیا دەبن کە جگە لە خوای گەورە هیچ یەکێک نییە بێت بە هاناتانەوە و قوتارتان بکات؛ کەچی هەر بەوەندەی دەگەنە وشکانی و هەست دەکەن قوتار بوون، پشت دەکەنەوە خوای گەورە و ئاوڕێک لە وەحی نادەنەوە! بەڕاستی مرۆڤ سەرکەش و ملهوڕ و کوفرانەبژێرە."

- هەنجەتی پەرستنی بتە داتاشراوەکانیشیان ئاوا ڕوون دەکردەوە:

. ﴿وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ (الزمر: ٣).

واتە: "ئەوانەی کە لە جیاتیی خوای گەورە سەرپەرشتیار و پشتیوانیان بۆ خۆیان داناوە، دەڵێن: بۆیە دەیانپەرستین، تا پلەیەک لە خوای گەورە نزیکمان بکەنەوە، بۆ ئەوەی داوای لێخۆشبوونمان لە خوای گەورە بۆ بکەن."

-﴿وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ﴾ (یونس: ١٨).

واتە: "بتپەرستەکان دەڵێن: ئەوانە (خواکانیان) تکاکارمانن لە لای خوای گەورە!"

- موشریکانی عەرەبی پێش ئیسلام، خۆیان کاروباری سیاسی و جەنگ و ئاشتی و یاسایی حوکم و داوەریی نێوانیان و داب و نەریتی کۆمەڵگەکەی خۆیانیان ڕێک دەخست، چونکە دەیانزانی کە بتەکانیان ئەو کارانەیان پێ ناکرێت.

بۆیە قورئان داوای لێ کردن کە بەرنامە و ڕێنمایی خوای گەورە وەربگرن، پێی فەرموون: ﴿قُلۡ هَلۡ مِن شُرَكَآئِكُم مَّن يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلۡحَقِّۚ قُلِ ٱللَّهُ يَهۡدِي لِلۡحَقِّۗ أَفَمَن يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلۡحَقِّ أَحَقُّ أَن يُتَّبَعَ أَمَّن لَّا يَهِدِّيٓ إِلَّآ أَن يُهۡدَىٰۖ فَمَا لَكُمۡ كَيۡفَ تَحۡكُمُونَ ٣٥﴾ (یونس: ٣٥).

واتە: "بفەرموو: ئایا بتی واتان هەیە ڕێنمایی بکات بۆ ڕێی ڕاست؟! بفەرموو: خوای گەورە ڕێنمایی حەق و حەقخوازی دەکات. باشە، ئەوەی ڕێی ڕاست نیشان دەدات و حەق دەناسێنێت، شایانترە شوێن فەرمانەکانی بکەون، یان ئەوەی کە ڕێنیشاندەر نییە و خۆی پێویستی بە ڕێنیشاندانە؟! ئەمە چۆن ڕەفتارێکە کە خوای باڵادەست و بتەکانتان وەکوو یەکن لە لاتان؟!"

- دوای ئەم ناساندنەی دید و تێڕوانینیان بۆ خوایەتی و پەروەردگارێتی، قورئان ئەوە دەسەلمێنێت کە عەرەبەکانی سەردەمی جاهیلییەتی یەکەم (زەمانی وەحی) کەوتبوونە دوو جۆر گومڕاییەوە و هەر ئەوانەن کە قەومەکانی پێش ئەوانیشی تێ کەوتبوو:

١. ئەوان چەندین بتی داتاشراویان کردبوو بە هاوەڵی خوای گەورە و هەندێکیشیان فریشتە و جنۆکە کە باوەڕیان وا بوو: ئەمانەش لە هەندێک

لایەنەوە سیفەتی پەروەردگاریتییان تێدایە، وەکوو ئەوەی کە دەتوانن دوور لە جیهانی هۆکار (عالم الأسباب والعلل) کارگێڕیی هەندێک دیاردەی سروشتی و گەردوونی هەڵبسووڕێنن کە بە خەڵکی ناکرێت. ئەم باوەڕبوونەشیان وای لێ کردبوون کە هانا و هاواریان بۆ بهێنن و خواپەرستییان بۆ ئەنجام بدەن و پشتیان پێ ببەستن! بۆیە لە جیاتیی ئەوەی لە خوای گەورە بپاڕێنەوە، لەم بتانە دەپاڕانەوە!

٢. لە مافی پەروەردگاریتیی خوای گەورە، لە دیاریکردنی بەرنامە و داڕشتنی یاسا و شەریعەت و ئاراستەکردنی سیاسەت و یاسا و ڕێسای شارستانێتی و لایەنی هاوشێوەدا، بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئەمانەش مافی خوای گەورەن کە پەروەردگار و خاوەن و باڵادەست و زانا و دانایە.

بۆیە ئەم مافەیان دابوو بە سەرۆک هۆز و پیاوانی دینی و گەورەکانیان، تا بەرنامە و یاسای بەڕێوەبردنی سیاسەت و ئاراستەی کۆمەڵگەکەیان دابڕێژن.

واتە: ئەم کەسایەتییە دەسەڵاتدارانەیان، لەم لایەنەشەوە لە جیاتیی خوای پەروەردگار دانابوو و کردبوویانن بە خوای خۆیان.

خوای گەورە بە سەدان ئایەتی قورئان، ئەم دید لێڵییە عەقائیدییە و ڕێ وێڵییە سیاسییەی ڕوون کردووەتەوە.[1] یەکێک لەو ئایەتانەی باسی شیرکی خوایەتی دەکات، دەفەرموێت: ﴿وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِۚ قُلۡ أَتُنَبِّـُٔونَ ٱللَّهَ بِمَا لَا يَعۡلَمُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَلَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ١٨﴾ (یونس: ١٨).

واتە: "جگە لە خوای گەورە، شتگەلێک دەپەرستن کە نە زیانیان لێ دوور دەخەنەوە و نە سوودیان پێ دەگەیەنن. دەشڵێن: ئەمانە تکاکاری لای خوای گەورەمانن! بفەرموو: باشە ئێوە کە زانیارییەک بە خوای گەورە دەگەیەنن کە

[1] زیاتر لە (٥٠٠) ئایەتی قورئان لەسەر حاکمێتی و سیاسەت و دەستوور و یاسایە.

ئەو نە لە ئاسمانەکان و نە لە زەمیندا نەیزانێت؟! پاکی و بێخەوشی بۆ خوای گەورە لەوەی کە ئاوا هاوەڵی بۆ دادەنێن."

- سەبارەت بە جۆری دووەم لە گومڕاییان، قورئانی پیرۆز بە چەندین ئایەت شایەتیی ئەوە دەدات کە بە نەزانی و بەپێی هەوا و هەوەس و بەرژەوەندیی گەورەکانیان، یاسا و ڕێسا و داب و نەریتیان دادەڕشت و پێوەی پابەند دەبوون.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ زَيَّنَ لِكَثِيرٍ مِّنَ ٱلْمُشْرِكِينَ قَتْلَ أَوْلَٰدِهِمْ شُرَكَآؤُهُمْ لِيُرْدُوهُمْ وَلِيَلْبِسُوا۟ عَلَيْهِمْ دِينَهُمْ﴾ **(الأنعام: ١٣٧)**.

واتە: "هەر ئاوا گەورەپیاوان و سەرۆک هۆزەکانیان، زیندەبەچاڵکردنی کچەکانیان لای خەڵکەکە پەسەند کردبوو، یان کوڕەکانیان دەکرد بە قوربانی بۆ بتەکانیان و سەریان دەبڕین! بۆ ئەوەی بە فەوتانیان بدەن و دینەکەشیان (دینەکەی سەییدنا ئیبراهیم - سەلامی خوای لەسەر بێت) لێ تێکەڵوپێکەڵ بکەن."

ئەوەی لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە مەبەست لە وشەی (شرکاء): بت و سەنەمەکانیان نییە، بەڵکوو مەبەست لێی: ئەو سەرۆک خێڵ و گەورە پیاوانەیانە کە کوشتنی منداڵەکانیان لێ کردبوون بە یاسا و لایان جوان کردبوون، ئەم ڕەفتارە زاڵمانەیان تێکەڵ بە دینی سەییدنا ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) کردبوو، ئاوا ئەو سەرۆک و دەسەڵاتدارانەیان کردبوو بە هاوەڵی خوای گەورە لەوەدا کە مافی یاسا دانانیان پێ دابوون و دانیان بەوەدا نابوو کە ئەو گەورانەیان شایانی ئەوەن بەپێی زانین و ئارەزوو و بەرژەوەندی؛ بەرنامەی ژیان و یاسای شارستانێتی و ئاراستەی کۆمەڵایەتی و ڕێسای ڕەوشت و ئەحکامی دینییان بۆ دابنێن.

. ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ﴾ (الشورى: ٢١).

واتە: "یان دیارە چەند هاوبەشێکیان (وەکوو هاوەڵی خوای گەورە) داناوە کە مافی یاسا و ڕێسا دارشتنیان داونەتێ، تا ڕێبازی ژیانیان بۆ دیاری بکەن و یاسای وایان بۆ دابرێژن کە خوای گەورە ڕێی پێ نادات. مەبەستیانە خەڵک لەسەر دینی خوا نەمێنن!"

ئەوەی لێرەدا دەردەکەوێت ئەوەیە کە سەرۆک و گەورەپیاوانیان بەرنامە و دەستوور و یاسایان وەکوو دین دادەنا، خەڵکەکەیان وا لێ کردبوو بە پیرۆزیان دابنێن و توند پێوەی پابەند بن.

ئەم بەرنامە دانانە خۆی هاوەڵ پەیداکردنێکی ڕوون و ئاشکرایە کە لە خوایەتی (إلالە)، (الألوهي) و پەروەردگارێتی (الربوبیة)دا بۆ خوای گەورەیان داناوە، باوەڕبوونیشە بە شیاوییێتیی ئەم (شرکاء)انەیان.[1]

## ٤ . بانگەوازی قورئان دەربارەی پەروەردگارێتیی خوای گەورە:

لەم لێکۆڵینەوەیەوە ڕوون دەبێتەوە، ئەو قەومانەی کە قورئانی پیرۆز بە گومڕا و سەرلێشێواو و زاڵم و ئاشووبگێڕی ناساندوون، هەر لە کۆنەوە و تا

---

(١) سەیید قوتب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: لادانی عەرەبی سەردەمی جاهیلی لە ڕێگەی یەکتاپەرستی لە بوارێکی تری غەیری بواری بیروباوەڕیشدا دەردەکەوێت، ئەویش بواری: یاسا و ڕێسا دارشتن و ئاراستەی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتییە کە ئیسلام بە سیما و سیفەتێکی تری یەکتاپەرستی و نیشانەی موسوڵمانێتیی دادەنێت.

ئەوان حوکمیان بە داب و نەریتی جاهیلییەت دەکرد کە لە فەتوا و بڕیاری فاڵچییەکان و سەرۆک خێڵەکان و موشریکە گەورەکان و پاشاوەی نەریتی باب و باپیرانیان پێک هاتبوو.

ئەوەی جێی سەرسوڕمان بوو ئەوە بوو کە ئەم یاسا و داب و دەستوورەیان بە «شەریعەتی خوای گەورە» و «دینی سەییدنا ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت)» دەزانی! ئیسلامیش بۆ ئەوە هات خواپەرستی و هەموو ئەو کاروبارانە بۆ شەرع و دەسەڵاتی خوای گەورە بگێڕێتەوە.

ئەوەش بوو، مانا و کرۆکی واقیعی و عەمەلیی (لا إلە إلا الله). بڕوانە: (مقومات التصورالإسلامي/ ل ١٠٩). (وەرگێڕ)

کاتی هاتنە خوارەوەی قورئان، قەومێکیان تێدا نەبوو باوەڕی بە خوای گەورە نەبووبێت؛ ملەجەڕەشیان نەدەکرد لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە، پەروەردگاریشە، بەڵام هەموویان لەوەدا گومڕا بووبوون کە ماناکانی وشەی (الربّ)یان بەش بەش کردبوو، لە هەر بەشێکیشیاندا هاوەڵیان بۆ خوای گەورە دانابوو؛ وەکوو باسمان کرد کە تێگەیشتنیان لە (الربّ) لە دوو لایەنەوە هەڵە بوو:

یەکەم: ماناکانی: پەروەردەکردن و بەدیهێنان و ئاگالێبوون و پاراستن و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانیان و... هتد، لەو دیوی یاسای سروشتییەوە، لە توانای خوای گەورە و مافی ئەودان، ئەمە لای ئەمان مانایەکی تری هەبوو.

ئەوان هەرچەندە تەنیا «الله»یان بە پەروەردگاری هەرە بەرزی خۆیان دادەنا، بەڵام لەگەڵ ئەودا باوەڕیان وا بوو کە: پێغەمبەران و پیاوچاکان و پێشەوایانی دین و فریشتە و جنۆکە و ئەستێرە گەڕۆکەکان، هێزە نادیارەکانیش بەشێکیان لەو پەروەردگارێتییەی خوای گەورەدا هەیە، چونکە ئەمانە هاوەڵ و یارمەتیدەر و هاوبەشی خوای گەورەن!

دووەم: ئەو مانایەی کە وشەی (الربّ) دەیگەیەنێت، لە لایەنی: فەرمان بە چاکەکردن و ڕێگرتن لە خراپە و دەسەڵاتداری و سەروەرێتیی باڵا و سەرچاوەی ڕێنمایی و مەرجەعییەتی هەموو دەستوور و یاسایەک و بڕیارێکی حاکمی دەوڵەت و بوون بە جەمسەری لێ خڕبوونەوەی شارستانییەتی و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی، ئەمانە لای ئەوان مانایەکی دیکەیان هەبوو. بەپێی ماناکردن و بۆچوونی ئەوان، یان ئەوەیە کە باوەڕیان وا بووە کە کەسایەتیی مرۆڤ، خۆی پەروەردگارە، نەک خوای گەورە؛ یان ژێرباری پەروەردگارێتیی ئەو کەسایەتییانە دەبوون، لە بوارەکانی: شارستانێتی و سیاسەت و داب و نەریتی کۆمەڵایەتیدا.

لە پاڵ ئەوەدا کە باوەڕێکی نەزەریی بێ کردەوەیان هەبوو بەوەی کە «الله»

پەروەردگارە! ئەوەش ئەو گومڕاییە بوو کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بۆ لادان و ڕادانی دەنێردران.

تەوەری بانگەوازی هەموویان ئەوە بوو کە وشەی (الرب) بە هەموو ماناکانییەوە لێک بدەنەوە و بیسەلمێنن کە هیچ مانایەک لەو مانایانە نابێتە سیفەتی هیچ کەس و لایەنێک، سیستمی هەموو بوونەوەر بە بنچینە و کرۆکی ئەو زاراوەوە بەندە کە خوای گەورە بەدیی هێناوە، هەر ئەویش بەڕێوەی دەبات و هەموو دەسەڵاتێکی «بزاوت و سرەوت» لە دەست خودای تاک و بێوێنەدایە.

جا مادام کەس دەستی لە بەدیهێنانی ئەم گەردوونە و سیستمەکەیدا نییە و لە بەڕێوەبردن و هەڵسووڕانیشیدا هاوبەش نییە..

کە وا بوو: دەبێت باوەڕی تەواو بەوە بهێنرێت کە ئەوانە بە فەرمانی خوای گەورەن و مافی ئەون، دەسەڵاتی خوای گەورە مەرکەزییە، هەر ئەویش لەو دیو بازنەی سروشتەوە پەروەردگارتانە، پەروەردگاریشتانە لە بوارەکانی: داڕشتنی بەرنامە و ئیدارەی سیاسەت و دیاریکردنی یاسا و ڕێسای شارستانییەت و پەسەندکردنی قییەم و نەریت و ڕەوشتدا، هەر وەک چۆن تەنیا خوای کردگار و پەروەردگار، پەرستراوتانە و هەر دەبێت سوژدە بۆ ئەو ببەن، هەر ئەویشە گیراکاری پاڕانەوەکانتان؛ هەر ئەو مایەی پشتپێبەستنە و دابینکاری پێداویستییەکانتانە، هەر وەک چۆن تەنیا ئەو کردگار و خاوەن و دەسەڵاتدار و فەرماندەر و ناسێنەری چاکە و خراپەیە.

ئەم دوو مانا و چەمکانەی پەروەردگارێتی کە لەبەر نەزانیتان لێکتان جودا کردوونەتەوە، لە ڕاستیدا ستوونی واتای خوایەتییە و تایبەتە بە خوای گەورە، بۆیە نابێت هیچ کام لەو مانایانە لەوانی تری جودا بکرێتەوە.

بە مانایەکی تر: نابێت بە هیچ یەکێک لەو مانایانەی (الرب)، هاوبەشێک بۆ خوای تاک و پاک دابنرێت.

خوای گەورە بە سەدان ئایەت ئەوەی ڕوون کردووەتەوە، هەر وەک چۆن دەفەرموێت:

- ﴿إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۭ بِأَمۡرِهِۦٓۗ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٥٤﴾ (الأعراف: ٥٤).

واتە: "پەروەردگارتان ئەو خوا گەورەیەیە کە ئاسمانەکان و زەویی لە ماوەی شەش ڕۆژدا دروستکرد، ئینجا لەسەر عەرش جێگیر بوو. خوای گەورە ڕۆژ بە شەو دادەپۆشێت و زۆر زوو ڕووناکییەکەی دەپێچێتەوە و ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان بە فەرمانی ئەو ژێربار کراون، مەگەر نازانن کە بەدیهێنان و فەرماندان لە دەست ئەودایە و بەس؟ مەزنی و پیرۆزی و خێر و فەڕی پەروەردگاری جیهانییان، هەر بەزیاد بێت."[١]

- ﴿قُلۡ مَن يَرۡزُقُكُم مِّنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ أَمَّن يَمۡلِكُ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡأَبۡصَٰرَ وَمَن يُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَيُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَۚ فَسَيَقُولُونَ ٱللَّهُۚ فَقُلۡ أَفَلَا تَتَّقُونَ ٣١ فَذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمُ ٱلۡحَقُّۖ فَمَاذَا بَعۡدَ ٱلۡحَقِّ إِلَّا ٱلضَّلَٰلُۖ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ ٣٢﴾ (یونس: ٣١ – ٣٢).

واتە: "بفەرموو: کێ لە ئاسمان و زەویدا ڕۆزیتان دەدات؟ کێ خاوەنی بیستن

---

[١] وردەکارانە سەرنج بدەرەوە ئایەتەکە: دوای ڕیزبەندیی باسەکانی خەلقکردنی ئاسمانەکان و زەوی و شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگ و ئەستێرە کە هەر هەموویان بە فەرمانی ئەو دەجووڵێن، یان دەسرەون، دوای ئەوە:

١. (لَهُ) کە خەبەرە و پێش «موبتەدا»کەی خستووە، تا بسەلمێت هەموو شتێکی موبتەداکە (الخلق) لە دەست خۆیدایەتی (سبحانَهُ وتعالى).

٢. (الخلق)ی پێش (الأمر) خستووە، تا بسەلمێت کە ئەوی (خەلق) دەکات مافی (أمر) دەرکردنیشی هەیە، بەڵام ئەوەی خەلق ناکات مافی (أمر) دەرکردنیشی نابێت.

٣. (خلق) کردارێتی و (أمر) فەرمایشتەکانێتی کە بریتییە لە فەرمانی بوون و عیبادەت و شەریعەت و.. هتد. (کرێکار)

و دیتنتـــانە؟ کـــێ زینـــدوو لە مـــردوو بەدی دەهێنێـــت و مـــردوو لە زینـــدوو دەردەهێنێـــت؟ کـــێ کاروبـــاری ئەم گەردوون و ژیـــانەی بەدەســـتە و هەڵیاندەسوورێنێت و هەر یەکەیان بەرەو مەبەستی خۆی دەبات؟

لە وەڵامدا دەڵێن: «الله». بفەرموو: ئەدی بۆچی لە سزای ناترسن کە ئاوا پشت لە بەرنـامەکەی دەکەن! خـوای گەورە پەروەردگـاری حەقـی ئێـوەیە، دوای حەق غەیری گومڕایی نییە، دە سا بۆچی لە حەق لادەدەن؟!"

. ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ فَأَنَّىٰ تُصۡرَفُونَ ٦﴾ (الزمر: ٦).

واتە: "ئـا ئەوە خـوای گەورەیە کە پەروەردگـاری ئێـوەیە، هەر ئەو خـاوەنی هەمـوو شـتێکە و دەسـەڵاتداری بـاڵایەتی، هـیچ خـوایەک نیـیە کە بە حەق بپەرسترێت، جگە لە ئەو، ئیدی چۆن ئاوا لە ڕێگای ڕاست لادەدەن و غەیری ئەو بە خوای خۆتان دادەنێن؟!"

. ﴿ٱتَّبِعُواْ مَآ أُنزِلَ إِلَيۡكُم مِّن رَّبِّكُمۡ وَلَا تَتَّبِعُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ﴾ (الأعراف: ٣).

واتە: "شـوێن ئەو قورئـانە بـکەون کە لە لایەن پەروەردگارتـانەوە بۆتـان هاتووەتە خوارێ، شوێن ڕێبازی غەیری ئەو مەکەون، غەیری خوای گەورەش مەکەن بە مشوورخۆر و سەرپەرشتیار و گەورەی خۆتان."

. ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ تَعَالَوۡاْ إِلَىٰ كَلِمَةٖ سَوَآءِۭ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَكُمۡ أَلَّا نَعۡبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشۡرِكَ بِهِۦ شَيۡـٔٗا وَلَا يَتَّخِذَ بَعۡضُنَا بَعۡضًا أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِۚ﴾ (آل عمران: ٦٤).

واتە: "ئەی خاوەن پەیامە ئاسمانییەکان! وەرنە سەر وتە ڕاست و دروست و ڕەواکەی نێـوان ئـێمە و خۆتـان، وەرن بـا جـگە لە خـوای گەورە، هیچـی تـر نەپەرستین و هـاوەڵی بـۆ دانەنێـین، بـا هەنـدێکمان خۆمـان لەوانـی تـر نەکەینە پەروەردگـار و یاسـا و ڕێسـای ژیـان و بـزاوت دابڕێـژین و خەڵکـی پێـوە پابەنـد بکەین، لە جیاتیی پابەندبوون بە پەیامی خوای گەورەوە."

- هەروەهـــا: ﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ۝١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ۝٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ۝٣﴾ (الناس: ١ - ٣).

واتە: "بفەرموو: پەنا دەگرم بە خوای پەروەردگاری خەڵکی، دەسەڵاتداری باڵا و ڕەهای خەڵکی و خوای بە حەق پەرستراوی خەڵکی."

[دەبینیت چۆن باسی پەروەردگارێتیی دەکات کە ناسینی خوای گەورەیە، پاشان باسی دەسەڵاتی باڵای بێسنووری کە حاکمێتیی خوای گەورەیە و دەبێت هەموو کەسێک تەسلیمی بێت، ئینجا پەرستراوێتییەکەی کە هەر خۆی شایانی هەموو جۆرە پەرستشێکە].

- ئیبامی مەودوودی ئایەتی تریشی لێرەدا بە نموونە هێناوەتەوە، وەکوو: (هود: ١٢٣، الکهف: ١١٠، مریم: ٦٥، الأنبیاء: ٩٢ . ٩٣، الروم: ٢٦، ٢٨ . ٣٠، فاطر:١١، ١٣ . ١٤، الزمر: ٥ و ٦٧، غافر: ٦١ . ٦٢، ٦٤ . ٦٥، الجاثیة: ٣٦ . ٣٧، المزمل: ٩ ).

* * *

بە ســـەرنجدان لەم ئایەتـــانەی ســـەرەوە دەردەکەوێـــت کە قورئـــان پەروەردگـــارێتیی بەرانـــبەر فەرمـــانڕەوایەتی و خاوەنـــدارێتی [و ســـەروەرێتی (دەسەڵاتی هەرە باڵا)]، واتە: (sovereignty) بەکار هێناوە، بۆمان باس دەکات کە وشـــەی (الـــربّ) بـــریتییە لە: حـــاکمێتیی فەرمـــانڕەوای هەرە بەرز و ڕەهـــا (موتڵەق)ی ئەم بوونەوەرە و خاوەن و ئاراستەوانی، تاک و تەنیا و بێ هاوەڵ و هاوبەشی ئەم بوونەوەرە.

لەم دیدەوە و لەسەر ئەم بنچینە و زەمینەیە کە باوەڕمان وایە: تەنیا خودای گەورە پەروەردگـاری ئێمە و پەروەردگـاری هەمـوو جیهانییـانە، پەروەردگـار و

جێبەجێکاری داخوازییەکانمانە، هەر ئەویش دابینکاری مافمانە و جێی ئومێد و پارێزەرمانە.

گوێڕایەڵیی خوای گەورە بەو شێوەیە، ئەو بنجە فیترییە سروشتییە ڕاستەیە کە بنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتیی لەسەر شێوەیەکی ڕاست و ڕەزابەخش لەسەر دادەمەزرێت.

بەم ئیعتیبارەشە کە خودای گەورە شایانی ئەوەیە ئێمە و هەموو بەدیهێنراوەکانی دی بیپەرستین و بۆی لێببڕێین و ملکەچ بین بۆی، بەو ئیعتیبارەش کە ئەو خاوەنی ئێمە و هەموو شتێکە و فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدار و گەورەمانە.

لە ڕاستیدا لە هەموو زەمانێکدا عەرەبەکان و گەلە نەفامەکان بە هەڵەدا چوو بوون، تا ئەمڕۆش هەر بە هەڵەدا دەچن کە ئەو چەمک و واتا گەورە و گشتییەی (الربوبية) بۆ پێنج بەش دابەش دەکەن!

ئینجا بە خەیاڵی خۆیان وا تێ دەگەن کە ئەم پێنج واتایانە، هەر یەکەیان بۆ چەند زاتێک و چەند کەسێک دەگەڕێتەوە، تا گەیشتنە ئەوەی کە بێ دوودڵی بڵێین: ئەو مانایانە بەتەواوی بۆ چەند خودا داتاشراوێک دەگەڕێنەوە.

قورئان هات و بە بەڵگە بەهێز و ئیقناعییەکەیەوە سەلماندی کە ناگونجێت و ڕێی تێ ناچێت، لەم سیستم و یاسا و ڕێسا مەرکەزییەی لە بوونەوەردا هەیە، کارێک لە کارەکانی (الربوبية: پەروەردگاریێتی) چ زۆر بێت، یان کەم؛ لەدەست یەکێکی تری غەیری خوای گەورەدا بێت.

ئەم مەرکەزێتییە لەم سیستم و ڕێکخستنەدا، دەیسەلمێنێت کە هەموو ڕەفتارەکانی (الربوبية)، تایبەتە بە خودای تاک و تەنیا و بێوێنە کە ئەم سیستەم و ڕێسا ناوازەیەی لەم بوونەوەرەدا هێناوەتە بوون و بەڕێوەی دەبات.

لەبەر ئەوە، هەر یەکێک وا تێ بگات کە بەشێک لە بەشەکانی (الربوبیة) دەگەڕێتەوە بۆ یەکێکی تر، جگە لە خودای گەورە، یان بیگێڕێتەوە بۆی بە هەر شێوەیەک بێت و خۆیشی لەم بوونەوەرەدا بژی، ئەوە دژایەتیی ڕاستی دەکات و لە واقیعـــیش لادەدات و زوڵـــم لە حەقـــیقەت دەکـــات و خـــۆی دەخـــاتە بەر هۆکارەکانی زیان لێ کەوتن و لەناوچوونەوە.[١]

* * *

[١] لێرەدا نەقڵکردنی باسی (الربّ) لە کتێبەکەی ئیمامی مەودوودی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، کتێبی «چوار زاراوەکەی قورئان» تەواو بوو کە پوختەکەیم لە (٧٢) لاپەڕەی ئەو وەرگرت. (کرێکار).

## * گشتگیرانەتر بڕوانینە وشەی: (الرب):

دوای بەدواداچوونی زمانەوانیی وشەی (الربُّ) و لێکۆڵینەوەی و پێکەوە بەستنی ماناکانی[1]، چاکتر و ڕاستتر خوای گەورە دەناسرێت. دوای دیراسەکردنی ماناکەی لە کتێبە بەنرخەکەی ئیمام مەودوودی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، کتێبی «چوار زاراوەکەی قورئان»، تێ دەگەین کە بۆچی خوای گەورە دوو هەزار و پەنجا و چوار (٢٠٥٤) ئایەتی لەسەر تەوحید ناردووە کە نزیکەی هەزاریان لەسەر (الربُّ/ الربوبية)ن!

سێیەکی قورئانەکە باسەکانی عەقیدەیە، ئەو کەسەی بەم ئایەتانەی تەوحید پەروەردە دەبێت، شایانی هەڵگرتنی پەیامی خوای پەروەردگار دەبێت و شایستەی ئەوەیە ببێت بە (داعي). خەڵکانێکی زۆر، تەنانەت زانا و داعییەکانیش، تەنیا هەندێک لەم ئایەتانە دەخوێنن و دیراسەیان دەکەن و بەس!

وەکوو ئەوەی ئیتر گەیشتبنە ئاستی «بەس»ێتی! وەکوو ئەوەی ئایەتەکانی تر بە «زیادە» دێتە بەرچاویان! ئەگەر ئەو بیست - سی ئایەتەی ئەوانە خوێندوویانە بەس بوایە، خوای گەورە دوو هەزار ئایەتی تری نەدەنارد!

دیارە کە «تەوحید» بە هەموو ئایەتەکانی ڕوون دەبێتەوە و دەچەسپێت و دەبێتە هێزی ئیمان و پاڵنەری کردەوە و هەستی بەرپرسێتیی دنیا و قیامەتی دینەکە و ئاسانکاریی ئەرکەکانی ئیستیخلاف.

- خەڵکی و تەنانەت زۆرینەی داعییە کوردییەکان، زۆر کورتبینانە سەیری

---

[1] بۆ دیراسەکردنی ماناکانی وشەکە لەوانە: (المالك، السيد، المربيِّ، المطاع، المصلح، المدَبِّر، الجابر، القائم، المُشرف، المصاحب، صاحب الكنف، المعبود.. الخ)، بڕوانە: الإنسان العرب، ابن منظور، مادة ربب، ب ١/ ل ٣٨٤ .٣٩٤) و (قاموس المحيط، الفيروز الآبادي/ مادة ربب) و (المخصص، ابن سيدة، ب ١٧/ ل ١٥٤) و (معجم مقاييس اللغة، ابن فارس، ب٢/ ل ٣٨١)..

ئەم وشـە پیرۆزەیـان کـردووە، کورتبینـانە وا حـاڵی بـوون هەر کە وتیـان: خـوای گەورە کردگار و خاوەن و پەروەردگارە، ئیتر ئەوە ناسینێتی!

تەنانەت وەهابییەکان، بە تایبەتی مەدخەلییەکانیان، هەر دیراسەی (الربوبیة) ناکەن، دەڵێن: ئەهلی جاهیلییەت دەیانزانی (الرب) خوای کردگارە و لە ئاسمانە و حەقە بپەرستریێت، بەڵام شەریکیان بۆ دادەنا.

بەم هەنـجەتە سـاویلکەیە، هەزار ئـایەتی پەروەردگـارێتی وەلا دەنـێن! بەڵام حەق ئەوەیە کە هەموو ماناکانی وشەی (الرب) فێر ببین، تا بزانین وەک چۆن کردگـار و خـاوەن و پەروەردگـارە، بە هەمـان شـێوە سەرپەرشـتیار و چـاودێر و چاکسازیشە، خاوەن داڵدە و بەئاگا و زانا و دانایشە.

بـۆیە (إلـه، رب، حَکـم، ولي)یە، بـۆیە بـووەتە «خـوای پەرسـتراوی بە حەق»، بووەتە ئەو خاوەن هێزە بێوێنەیەی کە شایانێتی «عەبدێتی»ی بۆ دەربڕیبێت و بۆ بنوێنێت. ئەو عەبـدەی ئـاوا خـوای گەورە دەناسـێت و ڕەفتـاری لەگەڵدا دەکـات، بەتەواوی دەبێـتە «ئەداتـی قەدەر»ی خـوای گەورە و ڕازی دەبێـت بە هەمــوو پێشهاتەکانی ژیانی، چونکە دڵنیایە هەمووی بە قەدەری خوای خاوەنێتی.

**با وردتر سەرنج بدەینە ئەم خاڵانە:**

١. خوای خاوەنمان بۆ ناساندنی هێز و توانای بێسنووری خۆی، پاشان بۆ داوای پەرستنی بە تاک و تەنیا دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱعۡبُدُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُمۡ وَٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلۡأَرۡضَ فِرَٰشٗا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءٗ وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ رِزۡقٗا لَّكُمۡۖ فَلَا تَجۡعَلُواْ لِلَّهِ أَندَادٗا وَأَنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴿٢٢﴾﴾ (البقرة: ٢١ - ٢٢).

واتە: "هۆ خەڵکینە! پەروەردگارتان بپەرستن، ئەوەی خەلقی کردوون، ئێوە و ئەوانەی پێش ئێوەش، بیپەرستن، تا بگەنە ئاستەکانی تەقواکاری.

ئەوە خـوای پەروەردگارتـانە کە ئەو زەویـیـەی بـۆ کـردوونەتە ڕایەخێکـی تەخت و ئاسمانی بەسەرتانەوە بینا کردووە و ڕای گرتووە، لە ئاسمانەوە ئاوی بۆ ناردوونەتە خوارێ و چەندان جۆر میوەی پێ بەرهەم هێناوە و بۆی دەستەبەر کردوون، دە سا هاوبەش بۆ خوای تاک و پاک، لە مەزنێتی و خۆشەویستی و کـاریگەریی دەسـەڵاتدا دامەنـێن، لە کاتێکـدا ئیـوە چـاک دەزانـن کە هەر ئەو کردگارە و ڕۆزیدەرە و تەگبیرکاری هەموو مەخلووقەکانێتی."

وەکوو دەیانبینیت دوو ئایەتەکە، جەخت لە هێز و توانا و دەسەڵاتی ڕەهای خوای کردگـار و پەروەردگـار دەکەنەوە، بەڵام دواتـر داوای خواپەرستییەکی وا پـاک و بـێگەرد دەکەن کە خاوەنەکانیـان بگەیەنـنە ئاسـتەکانی تەقواکـاری کە ئاستی سەرفرازی و قەبووڵبوونە."

لەنێـوان ئەم ناسـاندن و داوای خواپەرسـتییەدا، داوا دەکـات کە تەنیـا خـوای گەورە بە خـاوەن دەسـەڵات و مەزن و خۆشەویسـت بناسـرێت و بەم سـیفەتانەوە «عەبــدێتی»ی بــۆ دەربڕێــت، بە ناســین و پەرســتن و بە خۆشەویســتی و بە مەزندانان کە شیاوی ئەو بێت.

ئەمە لەگەڵ هەندێک ڕەفتاری موسوڵمانـاندا یەک ناگرێتەوە کە:

- «شێخی تەریقەت»ەکەی ئەوەندە بە موبارەک و مەزن داناوە و ئەوەندە گـوێڕایەڵ و ملکەچێتـی، وەکـوو خۆیـان دەڵـێن: (کُـن بـین یـدي الشـیخ والمرشـد کالمیـت بـین یـدي الغسـیل. واتە: وا لەبەردەسـت شـێخ و ڕابەرەکەتـدا بە، هەر وەکوو مردوو لەبەردەست مردووشۆردا!)

ئەم بـاوەڕ و کـردارە زۆریـانی گەیانـدووەتە ئاسـتی پەرسـتن، ئەوەنـدە شـێخەکەی خـۆش دەوێـت و هـۆگرێتی، گەیانـدوویەتی بە ئاسـتی (أنـداد) کە هاوبەشانی خوای تاک و پاکن لە مەزنێتی و خۆشەویستیدا!

ئەگەر پێی بڵێیت: تۆ کەوتوویتەتە شیرکەوە، خێرا بۆ خۆ دەربازکردن و

بەرگری لە نەفس و نەفامێتیی خۆی، دەڵێت: "تۆ تەکفیرییت". لەبەر ئا ئەوەیە کە خوای دانا و زانا بە ختوورەی دڵ و هزر و هەست دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ﴾ (البقرة: ١٦٥).

واتە: "لەناو خەڵکیدا کەسانی وا هەن، لە جیاتیی خوای گەورە هیی تریان بە مەزن و خۆشەویست داناوە و هۆگریانن، هەر وەک چۆن دەبوو خوای گەورەیان ئاوا خۆش بویستایە و وەکوو موسوڵمانەکان هۆگری پەرستنی بوونایە. ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە، کۆتا پلەی خۆشەویستییان بۆ خوای گەورەیە."

- «ئیمام و مەزهەب»ەکەی، ئەوەندە بێ هەڵە و مەعسووم داناون کە لەبەر دەمارگیریی خۆی، هیچ شتێکیان وا نابینێت کە هەڵەیە، یان بێ بەڵگەیە. بەڵگەی بەهێزی مەسەلەکە دەبینێت لای ئیمام و مەزهەبێکی ترە، بەڵام ئامادە نییە وەری بگرێت، چونکە لەگەڵ مەزهەبەکەی، یان زانایانی مەزهەبەکەیدا یەک ناگرنەوە.

ئەم شوێنکەوتنە کوێرانەیە، هەر بەرەو بزربوونی حەقی دەبات، ئەم گۆشکردنە «مەڕ»ئاسایە، ناهێڵێت شوێنکەوتوو چاوی بکرێتەوە؛ بۆیە لە جیاتیی ئەوەی «حەق» سەربخات، هەر بۆچوونی مەزهەبەکەی سەردەخات، بەڵگەی سەحیح و دروست دەبینێت کە دەستنوێژ لە ژنی ناشکێت، خوێندوویەتی و دەزانێت کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خاتوو عائیشەی خێزانی خۆی ماچ کردووە و چووە بۆ نوێژی ئیمامەتییەکەی لە مزگەوت!

ئەمە دەزانێت کە چی واز لەم پێغەمبەرە مەعسوومە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەهێنێت و دەکەوێتە شوێن (قەولێکی بێ بەڵگە) کە دەڵێت: دەستنوێژ لە ژن دەشکێت!

- «حزب و هەڵوێستی» کە دەمارگیرییە مەزهەبییەکەی کۆنە و لە بواری

فیکـر و سیاسـەتدا بـووژاوەتەوە! کـابرای حیزبـی (حیـزب و هەڵوێسـتەکانی) هەمیشە بە ڕاست و ڕەوان دەزانێت!

ئەمەش هەر لە نەزانـین و دەمـارگیرییەوەیە، لە لاوازیـی ئـیمانەوەیە، لە دینداریێتیی سەتحییەوە دێت.

سەیرە کە سەدان بەڵگەی قورئان و سوننەت و کۆڕا (ئیجماع)ی ئوممەتی بۆ ڕوون دەکرێتەوە کە دژایەتیکردنی (ئیحتیلالی کافر) فەرزە و ناشێت بە هیچ کلۆجێک (مناصرة) بکرێت و پرۆژەکانی سەربخرێت، کەچی کابرای حیزبی، بە شیاو و «ئەرکی نیشتمانی»ی دەزانێت ببێتە وەزیری ئەو کافرە شەڕانییە و ئەمان دەداتە سەرباز و موخابەرات و سیخوڕەکانیان!

چـونکە «حیـزب»ـەکەی هاوکـاری «ئیحتـیلال»ـە و بەشـداریی حـوکم کردنیەتـی! ئەمە لە کاتێکـدایە کە ئەم «داعـیە»ی ئەم «حزبـی ئیسـلامی»یە ئایەتەکـانی (الـولاء والـبراء)یش دەخوێنێـت کە لە هەشـتا ئـایەت زیـاترن، بـرا موجاهیدە جوامێرەکانیشی دەبینێت چەند ئازایانە ڕووبەڕووی دوژمنانی دینەکە دەوەستنەوە.

خوای دانا و زانا و شارەزای ختوورەی دڵ، دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ﴿١٤٩﴾ بَلِ ٱللَّهُ مَوْلَىٰكُمْ ۖ وَهُوَ خَيْرُ ٱلنَّٰصِرِينَ ﴿١٥٠﴾﴾ (آل عمران: ١٤٩ - ١٥٠).

واتە: "ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر ملکەچی دەرببڕن بۆ ئەو کەسـانەی دیـد و ڕێـی کوفریـان گرتـووەتە بەر و گوێڕایەڵیـان بـن، حەتمەن لە دینەکەتان پاشگەزتان دەکەنەوە (تەنازولتان لە عەقیدە و شەریعەت و بانگەواز و بزاوت و هەڵوێستی جیهادەکە پێ دەکەن بە لادان، یان بە گۆڕینی دید و ڕێ و بەرنامە و هەڵوێستتان)، دوایی ئێوە زەرەرمەند دەبن! ئیتر بۆچی هەر وا ئاسان سەرپشکانە بە ئیختیاری خۆتان فەرمانی خوای خۆتان پشتگوێ دەخەن؟!"

کـابرای «حیزبـی» ئەم هەمـوو ئینحرافـاتە عەقائیـدییانە بە «ئیجتیهـادی سیاسـی» دەزانێـت! ڕۆژانە لە «تەنـازول»دایە، تـا ئەوەی سـەری لە کـوفرەوە دەردەچێت! ناشیەوێت کەس پێی بڵێت: «کەوتوویتە کوفرەوە»، چ بگات بەوەی پێی بڵێن: «کافر بوویت!».

- ئەمانە و دید و ڕەفتاری هاوشێوەیان، هەموویان لە نەزانین و نەناسینی بە حەق و تەواوی خـوای تـاک و پـاکەوە دێـن. جـا ئەگەر وەکخـۆی نەتناسـی، ئیعتیمادیشی ناکەیتە سەر، ﴿وَمَا قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦٓ﴾ (الأنعام: ٩١).

واتە: "بەڕاستی خوایان نەناسی کە دەبوو بەتەواوی بیناسن و ڕێزی بگرن!"

٢. خـوای خـاوەن هێـزی ڕەهـا و دەسـەڵاتی بێسـنوور خـۆی دەناسـێنێت و بە ئیماندارن دەفەرموێت کە من خاوەنی ئاسمانەکان و زەمینم، من خاوەنی هەموو بـــزاوت و ســـرەوتێکی مەخلووقاتەکـــانم: ﴿ إِنَّ إِلَٰهَكُمۡ لَوَٰحِدٞ ٤ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَرَبُّ ٱلۡمَشَٰرِقِ ٥﴾ (الصافات: ٤ – ٥).

واتە: "خواتـان یەکە کە کردگـار و خاوەن و کـارگێڕی ئاسمانەکان و زەمـین و ئەوانەیە کە لەنێوانیانـدان، هەروەها کـارگێڕی کـات و شـوێنەکانی خۆرهەڵاتنە." کـات و شـوێنی خـۆرهەڵاتن و خۆرئـاوابوون، یەکـێکە لە نیشـانە هەرە سـەر سوڕهێنەرەکان، خەڵکـی هەمـوو ڕۆژێـک ئەم دوو دیـارەدەیە دەبیـنن و دەیـزانن، بەڵام سـاتێک بە دیـد و سـەرنجدانی مەلەکـووتی لە «فیزیکێتـی»ی ئەم بـزاوتە گەردوونییە ناڕوانن و بیری لێ ناکەنەوە!

هەر چرکەیەکی کات بزاوتێکی خۆر و بزاوتێکی زەمین و سەدان ئەستێرە و کەوکەب، هاوکـارانە ڕوو دەدەن! تـا خـۆر هەڵدێت، یـان ئـاوا دەبێـت و ملیۆنـان بزاوتی گەردوونی لەنێوانیاندا ڕوو دەدەن.[1]

---

[1] لە زیندانەکەمەوە، (ئەلیساندریا/ ئیتالیا)، لە ساڵێکدا (٧) مانگ خۆر دەبینم کە لە زنجیرە چیاکانی «ئەڵپ»ی نێوان (ئیتالیا و فەڕەنسا)دا ئاوا دەبێت، جگە لەوەی دیمەنێکی زۆر جوانە کە تیشکی زێڕینی خۆرئاوابوون لەو زنجیرە چیایانە دەدات کە بەفر دایپۆشیون. خۆرئاوابوون زۆر خێرایە، پێچەوانەی ئەوەی وا دەزانین.

ئەم خوا کردگارە، ئەم خوا پەروەردگارە سەرپەرشتیارە، ئەم خوا خاوەن و بە دەسەڵاتە، داوا لە ئیماندارەکان دەکات کە تەنیا ئەو بە مشوورخۆر و تەگبیرکار و سەرپەرشتیار و لەخۆگری خۆیان دابنێن و بەس، تا خوای گەورە بۆیان ببێتە (وليّ). دووفاقی نەکەن. دووڕوویی نەکەن. دوو ئاراستە نەبن: لەو لاوە خوای گەورە بە کردگار و خاوەن و ڕۆزیدەری خۆیان بناسن و لەو لایشەوە سەرپەرشتیارانی کوفر و دەسەڵاتدارانی تاغووت بە ئاراستەوانانی خۆیان بزانن.

بە مانایەکی تر : (وەکوو دیدی عەلمانییەکان) نەڵێن: «خوای گەورە بەڕێزە و لە ئاسمانە و حاکمی گەردوونە»، بەڵام ژیانی مرۆڤایەتی و سیاسەت و ئابووری و دەستوور و یاسای دەوڵەت و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و هاوشێوەیان کاری بیرمەند و سیاسی و شارەزایانی شارستانییەتن، ئەمە کاری ئەوانە، نەک کاری پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و «پیاوانی دینی» و «ئیسلامیانی سیاسی» بێت!

بێگومان ئیمانداری ڕاستەقینە ئەوەی پێ ڕەفزە، چونکە لەوە دڵنیایە کە خوای کردگاری وجوود، پەیامی خۆی بە پێغەمبەرە بەڕێزەکانیدا (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ناردووە، تا سەرەتا گۆڕانکاری لە دید و تێڕوانین و پێناسەی گەردوون و ژیان و مرۆڤدا لە تاک بە تاکی کۆمەڵگەکانیاندا بکەن؛ پاشان پەروەردەیان بکەن و وزەیان لە کۆمەڵکاریی گۆڕانکاریدا بخەنە گەڕ، تا دەبنە ئەو هێزەی کوفر و شیرک و جاهیلییەت، لە دەسەڵات و کۆمەڵگەدا دەگۆڕن و حوکمی بریکاری (ئیستیخلاف)ی خوای گەورە دەسەلمێنن و دەچەسپێنن.

موسوڵمانی سەرڕاست لەمە دڵنیایە، بۆیە دەستەواژەی: «دین و سیاسەت لێک جودان» بە بۆڕەی مانگا دەزانێت. دڵنیایە کە شتی وا لە دینەکەیدا نییە، یەکێک لە ئەرکەکانی خۆی لە سەرزەمین بریتییە لە: دامەزراندنی حوکمی شەرع، دوای گرتنە دەستی هێز و دەسەڵاتی حوکم.

خوای گەورە باسی پێغەمبەرە بەڕێزەکانی خۆی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) وا کردووە کە پەیامی خۆی پێدا ناردوون بۆ خواناسین و خواپەرستن و پاڵفتەی دەروون و پارسەنگی ڕەوشت و هەڵگرتنی بانگەواز و پێکهێنانی کۆمەڵکاریی ئوممەتی عەقائیدی و گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کۆمەڵگە و دەسەڵاتدا. بۆ پەروەردەکردنی تاک بە تاکی ئیماندارلن و کۆکردنەوەیان لە کۆمەڵکاریی ئوممەتیدا، تا بتوانن بە (ئیمان و هیجرەت و جیهاد و مەئوا و نوصرەت)، دارولئیسلام دابمەزرێنن و شەریعەتی خوای گەورە بکەنە دەستوور و یاسای حوکمڕانی و داوەری و ئیدارەی دەوڵەت و ئاراستەی کۆمەڵگەکەیان بگرنە دەست، ئینجا وزە و تواناکانی بەردەست بخەنە گەڕ بۆ دەرهێنانی خێر و بێری وڵات؛ تا بیکەنەوە بە مایەی خۆشحاڵی و کامەرانی و ئاسانکاریی ژیان.

لەبەر ئەمەیە کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) باسی تەوحید و حاکمێتی و سیاسەت و ئابووری و کاروباری کۆمەڵایەتی و داب و نەریتی خێزان و خزمایەتی و ڕێساکانی ڕەوشت و ئەحکامی بازاڕ و هەموو شتێکی تری کۆمەڵگەکەیان دەکرد. دەبینین کە:

- سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت)، دەیفەرموو: ﴿ قَالَ يَٰقَوۡمِ لَيۡسَ بِي ضَلَٰلَةٞ وَلَٰكِنِّي رَسُولٞ مِّن رَّبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦١ أُبَلِّغُكُمۡ رِسَٰلَٰتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمۡ وَأَعۡلَمُ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٦٢ ﴾ (الأعراف: ٦١ – ٦٢).

واتە: "من نە شێتم، نە سەرلێشێواو (چونکە کافرانی قەومەکەی وایان وەسف دەکردا)، بەڵکوو من نێردراوێکی خوای پەروەردگاری جیهانییانم، پەیامەکانی خوای گەورەتان پێ دەگەیەنم و ئامۆژگاریتان دەکەم، چونکە من شتگەلێک دەربارەی خوای گەورە و دینەکەی دەزانم کە خوای گەورە پێی ڕاگەیاندووم و ئێوە نایانزانن."

- سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە لە زیاتر لە هەشتا

جێگای قورئاندا باسی هاتووە، هەمووی لەسەر پەروەردەکردنی تاک و کۆیە بە وەحیی خوایی، بۆ کۆمەڵکاری و ئوممەتی و گۆڕانکاریی ڕیشەیی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و تێڕوانین و پێناسە و سیستمی ئیدارەی دەوڵەت و چۆنێتیی ئاراستەی کۆمەڵگە، بۆ هێنانە کایەی بزاوتی ئازادیخوازی و هیجرەت و جیهاد و دامەزراندنی دەوڵەت (کە لە پاش جەنابی - سەلامی خوای لەسەر بێت - لە سەر دەستی سەییدنا هاروون - سەلامی خوای لەسەر بێت - دامەزرا)، ئینجا ئامادەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە بۆ هەڵگرتن و گەیاندنی بانگەوازی تەوحید بە خەڵکی.

- باسی سەییدنا لوط (سەلامی خوای لەسەر بێت) دوای تەوحیدەکە، باسی پاکیی هزر و دڵ و دەروون و پارسەنگیی ڕەوشت و پاراستنی ڕێساکانی خێزانە.

- سەییدنا شوعەیب (سەلامی خوای لەسەر بێت)، دوای داوای ناسین و پەرستنی خوای تاک و پاک و پەروەردەبوونی ئیمانداران، دەبینیت سۆراغی داب و نەریتی بازاڕ و مامەڵەی کاسبیکردن دەکات، «تەدەخول» لە پێوانە و کێشانە دەکات، تا دەگاتە سنووری ماف و ئەرکی تاک و کۆ و ناساندنی حەرام و حەڵاڵ و دیاریکردنی سنووریان. سەییدنا شوعەیب (سەلامی خوای لەسەر بێت) دژی هەموو جۆرێکی دزی و گزی و جەردەیی و ڕێگری دەوەستایەوە.

- سەییدنا داود و سەییدنا سولەیمان (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، جگە لە گەیاندنی تەوحید و پێکەوەنانی ئوممەتی عەقائیدی و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی، خۆیشیان هەم پێغەمبەر بوون، هەم حاکمی بالادەستی وڵات.

- ئێستاش «داعی»ی ئیسلامیی وامان بۆ پەیدا بوون، داوا دەکەن «بانگەواز» لە «سیاسەت» جودا بکرێتەوە! ئەمەش دیوەکەی تری عەلمانییەتە کە دەڵێت: "«دین» لە «سیاسەت» جودا بکرێتەوە!

- سیره و سوننەتی پێغەمبەری پێشەواشمان (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دیارە کە چۆن گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە کۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسیی ئەو سەردەمەدا پێک هێنا و تاک و کۆی خەڵکەکەی لە دیدی بتپەرستییەوە، لە داب و نەریتی جاهیلییەوە، لە ڕەوشتی جەنگەڵەوە گۆڕی بۆ کۆمەڵگەیەکی شارستانێتی و بەرپرسی تەوحید و بانگەواز، بەرپرسی حوکمڕانی و ئیدارەی بەرپرسی نان و ئەمانی موسوڵمانان و کافرانی ژێر ئالای حوکمی خوایی.

بە مەنهەجی وەحی و ڕەفتاری ڕاقیی خۆی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئوممەتێکی عەقائیدیی تۆکمەی پێک هێنا کە بەرپرسیارێتیی بڵاوکردنەوەی دینەکەیان لە هەموو نیوە دوورگەی عەرەبستان و دەرەوەیدا گرتە ئەستۆ!

ئوممەتێکی عەقائیدیی بە بزاوتێکی کۆمەڵکاریی (ئیمانی و هیجرەت و جیهاد و مەئوا و نوصرەت)، دەوڵەتێکی دارولئیسلامی لەسەر برایەتیی دینی بۆ موسوڵمانان پێک هێنا کە غەیرە موسوڵمانەکانیش بەپێی پەیمان و بەڵێنی سیاسی لەژێر سایەیدا گەیشتنە نان و ئەمانی مسۆگەر. ئەو پێشەوایە کۆمەڵگە و دەوڵەتێکی وەهای لەم دینە پێک هێنا کە، هەتا ئێستاش کاریگەرییان بەهێزە و خەڵکییان پێ موسوڵمان دەبێت!

ئەوە سەد ساڵە حوکمێکی ئیسلامی هیچ لەتە دەوڵەتێکیش نەماوە، کەچی فیکری سیاسیی ئیسلامی و کۆمەڵکارییەکەی، لە هەموو وڵاتانی موسوڵماناندا - سەرباری کەناردان و مەحروومکردن و تین و فشاری جاهیلییش لە سەریان - هێشتا لەو فیکرە سیاسییە ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییانە بەهێزترە کە دەوڵەتانی زلهێز پشتیوانیانن.

٣. ناسین و ناساندنی خوای گەورە بە واتاکانی (الربّ) کە ڕاستەوخۆ و لاوەکی ئایەتەکانی قورئان باسیان دەکات، بۆ هێنانە دیی بریکاریی (ئیستیخلاف)ەکەیە، بۆ سەلماندن و چەسپاندنییەتی لە واقیعێکی مرۆڤییدا.

بۆیە موسوڵمان ڕۆژانە بە ڕووداو و ئاراستە قورئانییەکان پەروەردە دەبێت، توند و تۆڵ دادەمەزرێت، چوست و چالاکانە دەکەوێتە فێربوونی دینەکە و چەسپاندن و پابەندبوونی پێیەوە، ئینجا بە هەستی بەرپرسیارێتی دنیا و قیامەتەوە هەوڵی بەردەوامی بۆ گەیاندنەوەی بانگەوازەکە و زیاد و چاککردنی کۆمەڵکارییە ئوممەتییە عەقائیدییەکەیەتی؛ بۆ کەسبکردنی وزەی نوێ و بەهێزکردنی ئوممەت و قاعیدکردنی بزاوتەکەی.

ئێستا و لە هەموو سەردەمێکدا ملیۆنان موسوڵمانی هۆشیار و چالاک و پشوودرێژ دەبینی کاران و بۆ کۆمەڵکارییەکەیان لێبڕاون و هەزاران کەند و کۆسپ و لەمپەریان دێتە سەر ڕێ، سست نابن و لە کاری خۆیان کۆڵ نادەن، سەبر لەسەر ڕاوەدوونان و مەحرووم‌بوون و زیندان دەگرن. ئەگەر ئەهلی ئەم دینە ئاوا نەبوونایە، چۆن دەیانتوانی دین و بەها پیرۆزەکانیان بپارێزن؟

کاتێک ماناکانی (الربّ) لە ناخ و هزر و هۆشی موسوڵمانێکدا دەچەسپێن، لە ڕەفتاری ڕۆژانەی خۆی و دەوروبەر و پێشهاتەکاندا هەست بە بزاوتە قەدەرییەکانی ئەم پەروەردگار (الربّ)ـە دەکات، هەست دەکات خوای کردگاری گەردوون و ژیان و مرۆڤ، خوای خاوەن و زانا و دانا و بەئاگا (إله) و (ربّ) و (حَكَم) و (ولي)ی ئەون؛ هەست دەکات پشتیوان و سەرپەرشتیاری بەهێز و سەرڕاستی هەیە، جێی متمانەیە، ئاوا دینداریيەکەی لا خۆشتر دەبێت، حەزی لە پابەندبوونی زیاتر دەبێت؛ خواناسیی قووڵتر لە لا دەچەسپێت، خواپەرستیی لا شیرینتر دەبێت.

بەرپرسیارێتیی دنیا و قیامەتی زیاتر دەبێت، کات بە فیڕۆ نادات، بەردەوام خەریکی بانگەواز و فەرمان بە چاکە و بەرهەڵستیی خراپە و کۆمەڵکاریی و جیهادەکەیەتی، جوامێر و دلێر و بەجەرگ دەبێت؛ دڵسۆز و نەبەز و سەرڕاستتر دەبێت، هیچ لەمپەرێک نایوەستێنێت، هیچ دژوارییەک نایترسێنێت.

پێغەمبەرە پێشەواکان (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و یاوەرە

سەرڕاستەکانیان، لەم تێگەیشتنەوە گەیشتبوون بەو «خواناسین»ـە کە دڵنیا بوون لەوەی خوای گەورە خاوەنیانە و لە خۆی گرتوون، پشتی گرتوون، ئاگای لێیانە؛ هەموو بزاوت و هەڵوێستێکی دەوروبەریان دۆستانە، یان دوژمنانە ڕووی لەوان بێت، یان لە غەیری ئەوان، هەمووی هەر بە قەدەری مەحکەمی ئەوە، ئەو (إله) و (رب) و (حكم) و (ولي)یانە؛ ئیتر چۆن داوایان لێ دەکرێت پەروەردگاری تر و حەکەمی تر و سەرپەرشتیاری تر قەبووڵ بکەن؟!

خوای گەورە لە سورەتی (الأنعام)دا کە سورەتێکی مەککییە، بە پێغەمبەرەکەی (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و بە ئوممەتەکەی فەرموو:

. ﴿قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ﴾ (الأنعام: ١٤).

واتە: "بفەرموو: چما غەیری خوای گەورە دەکەمە سەرپەرشتیار و تەگبیرکار و کاربەدەستی خۆم کە کردگاری ئاسمانەکان و زەمینە؟!

ـ ﴿أَفَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْتَغِى حَكَمًا وَهُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ إِلَيْكُمُ ٱلْكِتَٰبَ مُفَصَّلًا﴾ (الأنعام: ١١٤).

واتە: "چما غەیری خوای گەورە دەکەمە حاکم و داوەر؟ ئەو کە پەیامی خۆی بە دوورودرێژی باس کردووە و بۆتانی ناردووە."

. ﴿قُلْ أَغَيْرَ ٱللَّهِ أَبْغِى رَبًّا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَىْءٍ﴾ (الأنعام: ١٦٤).

واتە: "بفەرموو: چما غەیری خوای گەورە دەکەمەوە پەروەردگار و گەورە و خاوەنی خۆم؟! ئەو کە پەروەردگار و گەورە و خاوەنی هەموو شتێکە."

ئاوا بە سۆراغکردن و بەدواداچوون و شیکاری ئایەتەکانی (الربوبية) لە قورئاندا و بە تێگەیشتن و پەیوەستکردنیان بە یەکەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەم دینە لەسەر ناسینی خوای گەورە وەستاوە. ئەو ناسینەش بە غەیری ئەم قورئانە و ئەو ڕێباز و شێوازەی کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

ڕوونی کردووەتەوە مەحاڵە وەکوو پێویست بێتە دی. بۆیە ناشێت خواناسین لای ئیسلام بچوێنرێت بە خواناسینی دین و دیدی تر، هەرگیزا و هەرگیز ناشێت.

کاتێک ئەم خواناسینە ئاوا لە هزر و دڵ و هەستی موسوڵماندا دەچەسپێت، دەیگەیەنێتە ئاستێکی تر و دەیکات بە مرۆڤێکی تر، مێردمنداڵ و هەرزەکارەکانی لە پارسەنگی کەسایەتییاندا، دەگەنە ئاستی کەسایەتییە بەتەمەنە دامەزراوەکانی دین و دلێرەکانی تر؛ بەڵام تەمەن کامڵەکانی، ئەوە لە ڕیزی پێغەمبەراندا دەبن بەبێ وەحییەکانیان.

٤. باوەڕهێنان بە قەدەریش، هەرچەندە ڕوکنێکی سەربەخۆی باوەڕە، هەر بەرهەمێکی باوەڕبوونە بە پەروەردگاریێتی (الربوبية)کە، چونکە قەدەر بریتییە لە بڕیاری خوای گەورە لە هێنانە کایەی ماددە و وزە و بزاوت و سرەوت؛ هەر یەکەیان بە ڕادە و بڕێک کە چۆنێتییەکە دەیخوازێت، وەکوو دەفەرموێت: ﴿إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾﴾ (القمر: ٤٩).

واتە: "ئێمە هەموو شتێکمان بە بڕ و ڕادەی پێویستی خۆی و دەوروبەری خەلق کردووە."

خۆری خەلق کردووە و سازاندوویەتی، کات و شوێن و حاڵەت و بزاوتی بۆ دیاری کردووە، ڕادە و بڕی وزە و قەبارە و بارستایی دیاری کردووە، خستوویەتییە سەر خولگە و نیزامی کارکردنی خۆی و فەرمانی بزاوتی پێ کردووە و لە هەموو ئان و ساتێکیشدا لەژێر چاودێریی خوای کردگاریدایە.

من و تۆشی خەلق کردووە، لەگەڵ دەوروبەردا سازاندووینی، بەرنامە و ئاراستەکردنی بزاوت و هەڵوێستی بۆ ناردووین، چاودێری کار و کردەوەکانمانە.

ئەو، خۆمان و کردەوەکانمانی خەلق کردووە، ئێمەی ناچار نەکردووە، بەڵکوو سەرپشک (مختار)ی کردووین لە کردن و نەکردنی ڕەفتارەکەدا، ئەگەر بوترێت: ئێوە خۆتان کارەکانی خۆتان خەلق کردووە، مانای وایە: غەیری خوای

گەورەش هەیە کردگار بێت و خەلق بکات! ئەوەش فرە خواییە کە نابێت.

قەدەر باوەڕهێنانە بەوەی کە[1]:

أ . خوای گەورە زانیاریی دەربارەی هەموو شتێک هەبووە و هەیە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿أَلَمۡ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ (المجادلة: ٧).

واتە: "مەگەر نابینیت کە خوای گەورە دەزانێت، چی لە ئاسمانەکان و چی لە زەویدا هەیە؟"

هەروەها بۆ تەصەورکردنێکی سادە و ئاسانی ئەو زانینە بێسنوورە (کە لە حەقیقەتدا خەیاڵیش پەی پێ نابات) نموونەیەکی سەیر و دەگمەنی (فەرەزێتی: گریمان)مان دەداتێ کە دەفەرموێت: ﴿وَمَا تَسۡقُطُ مِن وَرَقَةٍ إِلَّا يَعۡلَمُهَا﴾ (الأنعام: ٥٩).

واتە: "گەڵایەک لە درەخت ناکەوێتە خوارەوە، ئیللا خوای گەورە دەیزانێت." ئێ تۆ تەصەور بکە، لەو وڵاتەی تۆ لێی دەژییت، لە پاییزدا چەند گەڵا دەوەرێت؟!

تەصەور بکە لە دارستانی «ئەمازۆن» کە سەدان کیلۆمەترە، لە پاییزێکدا چەند گەڵا دەوەرێت؟! ملیار؟ تریلیۆن؟ ئەکتیلیۆن؟

بێگومان زۆر زیاتر، خوای گەورە ئاگای لە وەرینی تاک بە تاکی ئەو گەڵایانەیە، لە هەموو سەرزەمیندا. بێگومان پێش وەرین و کەوتنە خوارەوە، یان پێش خەلقبوونیشیان هەر دەزانێت.

ئەمەش بۆ ئەوەی خوای گەورە هەوڵی «گێلانە»ی هەندێک «زانا» بوەستێنێت کە دەیانەوێت بە هزری سنوورداری خۆیان سیفەتە بێسنووەکانی خوای گەورە

---

[1] پوختەی پایەکانی ئیمان، کاوان ئەحمەد کوردی، چاپی دووەم، ١٤٤١ک/ ٢٠٢٠ز، بڵاوکار: نووسینگەی تەفسیر/ هەولێر.

بـزانن کە کـارێکی نـامومکینە، چـونکە هـزری مـرۆڤ تەصـەوری هەرچیـیەک دەکات، هەموویان سنووردارن: مادده و وزە و کات و شوێن، قەبارە و کێش و ڕادە و بڕیان هەیە و سیفەتی خوای گەورەش ڕەها و بێسنوورە.

بۆیە مەحاڵە مرۆڤ بزانێت زانین، یان توانینی خوای گەورە چەندە و چۆنە!

ئەسڵەن پرسیاری چەند و چۆنەکە نابەجێیە، چونکە مێشکێکی سنووردار، سـیفەتێکی بێسـنوور ئیسـتیعاب ناکـات، بـۆیە خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٖ مُّحِيطٗا﴾ (النساء: ١٢٦).

واتە: "خـوای گەورە پەی بە هەمـوو شـتێک دەبـات، زانسـتی خـوای گەورە چواردەوری هەمـوو شـتێکی داوە." لە بەرانبەر ئەم سیفەتە بێسـنوورەدا، باسـی زانینی سنووردار دەکات کە دەفەرموێت: ﴿وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ﴾ (البقرة: ٢٥٥).

واتە: لە توانـای هەر هەمـوو مەخلووقاتـدا نیـیە کە پەی بە (شـتێک) لە زانستی خوای گەورە ببەن!"

ب. خـوای گەورە سـەرجەم زانیارییەکـانی دەربـارەی بـوون و نەبـوون و بـزاوت و سـرەوتی، هەر هەمـوو مەخلووقاتەکـانی لە (اللـوح المحفـوظ)دا تۆمـار کـــردووە، وەکـــوو دەفەرموێـــت: ﴿أَلَمۡ تَعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِۚ﴾ (الحج: ٧٠).

واتە: "مەگەر نازانیت کە خوای گەورە دەزانێت چی لە ئاسمان و زەمیندایە؟"

هەمـوو زانیارییەکیشـی دەربارەیـان لە (اللـوح المحفـوظ)دا تۆمـار کـردووە، پێغەمبەری خواش (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: **(كَتَبَ اللهُ مقادير الخَلائق**

**قبل ان يخلق السموات والأرض بخمس ألف سنة).**[١]

واتە: خوای گەورە بڕ و ڕادەی هەموو شتێکی مەخلووقاتی نووسیوە، پێش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی بە پەنجا هەزار ساڵ (بە ساڵی ئێمە) خەلق بکات." هۆشت بۆ ئەوە بچێت کە هەموو ئەو حاڵەتانەی بەسەرتدا دێن، خوای گەورە زانیونی، پێش ڕوودانیان هەموویان تۆمار کرابوون.

٣ . هەرچی شتێک بە بوون و نەمان، بەسرەوت و بزاوت لە هەر کات و شوێنێکدا، بە هەموو شێوە و چۆنێتییەک ڕوو دەدات، بە ویستی خوای گەورە ڕوو دەدات؛ هیچ شتێک بەبێ ویستی خوای گەورە نابێت، بەبێ زانیاریی ئەویش نابێت، بەبێ توانای ئەویش نابێت. هەرچی شتێکیش لە هەر کات و شوێنێکدا دەبزوێت، یان دەسرەوێت، دێتە کایەوە، یان نامێنێت؛ هەر بە ویستی خوای پەروەردگارە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُۖ بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٦ تُولِجُ ٱلَّيۡلَ فِي ٱلنَّهَارِ وَتُولِجُ ٱلنَّهَارَ فِي ٱلَّيۡلِۖ وَتُخۡرِجُ ٱلۡحَيَّ مِنَ ٱلۡمَيِّتِ وَتُخۡرِجُ ٱلۡمَيِّتَ مِنَ ٱلۡحَيِّۖ وَتَرۡزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيۡرِ حِسَابٖ ٢٧ ﴾ (آل عمران: ٢٦ – ٢٧).

واتە: "بفەرموو: ئەی خوای گەورە، خوای خاوەنی هێز و دەسەڵات! دەسەڵات دەبەخشیت بە هەر کەسێک کە خۆت حەز دەکەیت، دەسەڵاتیش لە هەر کەسێک خۆت حەز بکەیت دەستێنیتەوە، هەر کەسێک خۆت بتەوێت شکۆمەندی دەکەیت، هەر کەسێکیشت نەوێت؛ سووک و زەلیلی دەکەیت، خێر و چاکە لەدەست خۆتدان و خۆیشت توانات بەسەر هەموشتێکدا هەیە. شەو تێهەڵکێشی ڕۆژ دەکەیت، ڕۆژ تێهەڵکێشی شەو دەکەیت، زیندوو لە مردوو دەردەهێنێت و مردوو لە زیندوو دەردەهێنێت. ئەگەر بشتەوێت ڕۆزیی کەسێک بەبێ ژمار دەدەیت!

[١] موسلیم (٢٦٥٣).

٤. هەرچـی لە «وجـوود»دایە، بە هەر هەمـوو شـتەکانییەوە کە هەیەتـی و دەیکـات، دروسـتکراوی خـوای زانـا و بەتوانـان، هەر وەک چـۆن دەفەرموێـت: ﴿ ٱللَّهُ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ ﴾ (الزمر: ٦٢).

واتە: "خـوای گەورە کردگـاری هەمـوو شـتێکە! هەمـوو شـتێک لە هەسـارە و بـزاوتییەوە بـۆ ئەلیکـترۆن و بزاوتـی، بە بەکتریـا و کـاریگەری، هەر هەمـوو ئەم خەلقکراوانەشی بە بڕ و ڕادە و شێوە و چۆنێتیی پێویستی خۆیان و دەوروبەریان خەلـق کـردووە، وەکـوو دەفەرموێـت: ﴿ وَخَلَقَ كُلَّ شَيۡءٖ فَقَدَّرَهُۥ تَقۡدِيرٗا ٢ ﴾ (الفرقان: ٢).

واتە: "خـوای گەورە هەمـوو شـتێکی خەلـق کـردووە و بـڕ و ڕادەی هەمـوو شتەکانیشـی دیـاری کـردووە." هەمـوو شـتێک: لە قەبـارە و تەمەنـی خـۆرەوە بـۆ بزاوتـی «ڤـایرۆس»ێکـی وەکـوو: (کۆڤیـد/ ١٩) کە لە سـاڵی (٢٠٢٠)دا سـێ سـەد ملیۆن مرۆڤی تووشی نەخۆشی کرد لە جیهاندا!

٥.هەرچـی لە بـوونەوەردا ڕوو دەدات سـەبارەت بە خـوای گەورە چـاکەیە، خوای گەورە بەپێی زانایی و دانایی و دادگەریی خۆی ئەنجامی دەدات، چونکە خوای گەورە هیچ شتێکی خەلق نەکردووە بێسوود و بێ خێر بووبێت.

خەلقیشی ناکـات، ئەگەر چی زیانی مرۆڤ، یان کۆمەڵێـک گیانلەبەریشـی تێدا بێت. خەڵکانێک وا دەزانن کە دەبوو ئەم زیانبەخشانە نەبوایەن، بەڵام ئەوە زانین و خۆویستی و هەڕاڵبوونە، جگە لەوەی بێ ئەدەبییە بەرانبەر خوای گەورە کە لێـی ناپرسـرێت: "بـۆچی وات کـرد؟" خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٢١٦ ﴾ (البقرة: ٢١٦).

واتە: "دەشێت شتێکتان پێ ناخۆش بێت و خێری تێدا بێت بۆتان، هەر وەک

چۆن دەشێت شتێکتان پێ خۆش بێت و خراپەی تێدا بێت بۆ تان، خوای گەورە دەزانێت و ئێوە نایزانن."

- **ئینجا لەگەڵ باوەڕبوونت بەو خاڵانەی سەرەوە، دەبێت ئەوەش بزانیت کە:**

١. مرۆڤ سەرپشکە لە ئەنجامدان و ئەنجامنەدانی ڕەفتارەکانیدا، دەشێت ئیسلام قەبووڵ بکات و ببێتە باشترین موسوڵمانی کات و شوێنی خۆی، هەروەکوو دەشێت ئیسلام ڕەفز بکات و ببێتە خراپترین کافری شەڕانیی کات و شوێنی خۆی!

دەشێت هەستێت و نوێژە فەرزەکەی بکات و سوننەتیشی لەگەڵدا بکات، دەشێت بە دیار تۆپانێ، یان فیلمێکەوە، یان لە گاڵتە و گەپێکی شەوانەیدا دانیشتبێت و لێگەڕابێت نوێژەکانی بچن!

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَمَن شَآءَ ٱتَّخَذَ إِلَىٰ رَبِّهِۦ مَـَٔابًا ﴿٣٩﴾﴾ (النبأ: ٣٩).

واتە: "هەر کەسێک حەز بکات، دەتوانێت ڕێگای خواویستی و تەوبە و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە بگرێتە بەر."

خوای گەورە خستوویەتییە سەر دووڕێیانێک و سەربەستی و تواناشی داوەتێ، وەک دەفەرموێت: ﴿إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ﴿٣﴾﴾ (الإنسان: ٣).

واتە: "ئێمە ڕێگامان نیشانی مرۆڤ داوە، جا خۆی ڕێگای سوپاسگوزاری دەگرێتە بەر، یان ڕێگای کوفرانەبژێری، ئەوە کەیفی خۆیەتی؛ خۆی سەرپشکە."

٢ . خوای گەورە پەیامی خۆی بۆ ڕێنمایی مرۆڤ ناردووە، ( ١٢٤ ٠٠٠ - سەد و بیست و چوار هەزار) پێغەمبەری ناردووە کە ( ٣١٩ - سێ سەد و

نـــۆزدە)یـــان پەیامیـــان هێنـــاوە، پەیـــامی هەموویـــان لە خواناســـیندا یەکە، لە خواپەرستـیی سەرڕاسـتانەدا یەکە؛ بەڵام لە ئەحکـامی دیـنەکەدا جیـاوازن کە پەیوەنـدییان بە بـارودۆخ و ڕادەی هۆشـیاری و دینـداری و حـاڵەتی نـاوچەی گەلەکانەوە هەبووە و هەیە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِن مِّنۡ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٞ ٢٤﴾ (فاطر: ٢٤).

واتە: "هیچ ئوممەتێک نییە پێغەمبەرێکی بۆ نەچووبێت."

ئەمەش دیارە بۆ هەنجەت بڕینی خەڵکییە، تا سبەینێ لە قیامەتدا نەڵێن: "خوایە! تۆ پەیامت بۆ نەناردین، تا بزانین چۆن پەرستشت بکەین و دینەکەت چۆن پیادە بکەین؟"

کەس عـوزری نیـیە، بە تـایبەتی لەم زەمـانەی «ئینتەرنێـت» و ئاسـانکارییی پەیوەندی و گەیاندندا کە دەنگی هەناسەکەت لە کاتی هەناسەدانەوەتدا بە ملیار خەڵک دەگات!

٣. دەستەبەرکردنی هۆکار و گرتنەبەریان، پێچەوانەی باوەڕبوون بە قەدەر نین، بە پێچەوانەوە، ئیسلام فەرمانی داوە بە هەر دوو ڕوکنەکانی کارکردن:

یەکەم: گرتنەبەری هۆکاری سەرکەوتن.

دووەم: پشتبەستن بە خوای گەورە و دڵنیا بوون لەوەی کە ئەنجام لای خوای گەورەوە دێت، شیفا بێت، یان سەرکەوتن، قوتاربوون بێت لە کارەسات؛ یان دەرچوون بێت لە تاقیکردنەوەدا، هاوسەرگیری بێت، یان دەست لێک بەردان.

لە هەموویاندا و لە هاوشێوەیاندا، مرۆڤەکان بەرپرسن لەوەی هۆکارەکانی سەرکەوتن بگرنە بەر کە وەکوو پردی پەڕینەوە و پەرژینن، ئینجا سەرڕاستانە پشـت بە خـوای گەورە ببەسـتن و تەسـلیم بـن بە حـوکمی قەدەرییـانەی ئەو، تەسلیمبوونێکی دیندارانەی سەرڕاستانە.

خـوای گەورە لە باسـی «ذوالقـرنین»دا دەفەرمویـت: ﴿ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَءَاتَيۡنَٰهُ مِن كُلِّ شَيۡءٖ سَبَبٗا ﴿٨٤﴾ فَأَتۡبَعَ سَبَبًا ﴿٨٥﴾ ﴾ (الكهف: ٨٤ – ٨٥).

واتە: "ئـێمە توانـا و دەسـەڵاتی تەواومـان لە نـاوچەکەدا پێـدا و هەمـوو هۆکارێکی سەرکەوتنمان پێ بەخشی، ئەویش هەموو هۆکارەکانی گرتە بەر."

پێغەمبەری خواش (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: **(تداوُا).**[1]

واتە: "دەرمـان بەکـار بهێـنن بـۆ چارەسـەری نەخۆشـییەکانتان، واتە: هۆکارەکانی چاکبوونەوە بگرنە بەر."

- دوای تێگەیشـتن لەم خـاڵە سـەرەکییانە، ئەوەت لا ڕوون دەبێـتەوە کە هەرچی دێـتە ڕێـی خۆت و خۆشەویستانت، دێتە ڕێـی کۆمەڵکاری و بزاوتـت، هەمووی فەرمانی قەدەری خوای زانا و دانا و دادگەرن، چونکە هەموو بزاوت و سرەوتێک، هەموو هاتنە کایە و نەمانێک:

- بە ویستی خوای گەورە بووە.
- خوای گەورە زانیویەتی و ئاگای لێیە.
- خوای گەورە دەسەڵاتی بەسەریدا هەبووە.

کاتێـک بەم جـۆرە ناسـینەوە ڕەفتـار لەگەڵ وشـەی (الـربّ)دا دەکرێـت، حەتمەن خـاوەن ڕەفتـار زوو دەگـاتە ئاسـتی خواناسـان و ئیـتر پـلە بە پـلە بە تەقواکاریـدا سـەردەکەوێت، تـا دەگـاتە ئەو «یەقـین»ـەی کە تەنیـا خـوای گەورە (ربُّ) و (الإله) و (حَكَم) و (ولي)یەتی:

- ﴿ قُلۡ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيّٗا فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾ (الأنعام: ١٤).

---

[1] ئەحمەد (٤/ ٢٧٨)، ئەلبـانی (ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت) لە (صـحیح الجـامع ١/ ٥٦٥)دا دەفەرموێت: سەحیحە.

- ﴿أَفَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡتَغِي حَكَمٗا﴾ (الأنعام: ١١٤).

- ﴿قُلۡ أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡغِي رَبّٗا وَهُوَ رَبُّ كُلِّ شَيۡءٖ﴾ (الأنعام: ١٦٤).

- ﴿أَغَيۡرَ ٱللَّهِ أَبۡغِيكُمۡ﴾ (الأعراف: ١٤٠).

- ئاوا، تا لە هەموو ئایەتەکانی (الربوبیة) ورد ببیتەوە و بە هزر و هۆشی ئیمانداراناوە سەرنجیان بدەیتێ و تەقواکارانە ڕەفتاریان لەگەڵدا بکەیت، ڕووناکیی هیدایەتی خواییت زیاتر پێ دەگات و بەرچاو و هزر و هەستت زیاتر ڕوون دەبێتەوە (إن شاء الله).

دوای ئەم سەرنجدان و تێگەیشتن و ڕەفتار لەگەڵداکردنە و پێگەیشتن پێی، لەوە حاڵی دەبین کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خواناسانە دەیفەرموو: (**اللهمَّ إني عبدُك ابنُ عبدِك ابنُ أمَتِك ناصيَتي بيدِك ماض فيَّ حُكمُك عَدْلٌ فيَّ قضاؤُك أسألُك اللهم بكلِّ اسم هو لك سميتَ به نفسَك أوْ علَّمْتَه أحدًا منْ خلقِك أو أنزلته في كتابِك أو استأثرتَ به في علم الغيبِ عندَك أنْ تجعلَ القرآنَ العظيم ربيعَ قلبي ونورَ صدري وجلاءَ هَمِّي وذهابَ غَمِّي). [موسليم].**

واتە: "ئەی خوای گەورە! من عەبدی تۆم، کوڕی عەبدی تۆم، کوڕی ئافرەتە عەبدی تۆم، ناوچەوانم بەدەستتە (تۆ ئاراستەم دەکەیت)؛ حوکمت لەسەرم جێبەجێ دەبێت، هەر بڕیارێکم بەسەردا دەدەیت دادپەروەرییە.

خوایە! داوات لێ دەکەم و بە هەر ناوێک کە هەتە لێت دەپاڕێمەوە، لەوەی دادپەروەرییە.. خوایە داوات لێ دەکەم و بە هەر ناوێک کە هەتە لێت دەپاڕێمەوە، لەوەی کە خۆتت پێ ناو ناوە، چ لەوەی کە کەسێکت لێ فێر کردبێت، یان لەوەی کە لە کتێبەکەتدا ناردووتەتە خوارەوە، یان لای خۆت هێشتبێتتەوە؛ قورئانی مەزن بکەیتە بەهاری دڵ و نووری سینە و ڕادەری خەم و لابەری خەفەتم، یا الله!"

ئەمە تەسلیمبوونی سەرپشکانەی تەقواکارانەیە بە قەدەری خوایی، خوای گەورە مەحرومان نەکات لێی. اللُّهمَّ آمین.

- **(العالمین: جیهانییان)**، کۆی (عالَمْ)ە. ئیبنو عاشوور دەفەرموێت ئەوی لەسەر زەوی (فاعَلٌ) بێت و ئاوا کۆکرابێتەوە، (واتە: فاعَلین) هەر دوو شەن: (عالَم) و (یاسَم) کە ناوی گوڵێکە و کۆیەکەی (یاسَمون / یاسَمَین)ـە، خەڵکیش بە ناوی کۆی (یاسَمین)ەکەیەوە دەیناسن.

(العالَم) توخمێکە لە توخمەکانی «وجوود»، هەموو توخمەکانی تریش هەر یەکەیان «عالەم»ێکە بۆ خۆی. هەر یەکەشیان ملیۆنان بەڵگەی تێدایە لەسەر خوایەتیی خوای گەورە و بێوێنەیی سیفاتەکانی.

کۆی (عالَم)، (عوالِم)ـە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە دەوترێت: (عالَم) و مەبەست لێی: هەموو توخمەکانی وجوودە، لە ڕیزیشیاندا مرۆڤ و فریشتە و جنۆکە کە ژیرن، کۆی (عالَم)ەکە بووە بە (عالَمین)، چونکە ژیر زاڵە بەسەر ناژیرەکاندا.

عەرەبەکانی پێش زەمانی وەحی، هەر وایان دانابوو کە وجوودی غەیری وجوودی خوای گەورە، هەموو هەر یەک عالەمە، بەڵام زانایانی ئیسلام دواتر لە تەفسیریدا فەرموویانە: هەر توخمە و جیهانێکی سەربەخۆیە.

«تەفتازانی» لە شەرحی (الکشاف)دا دەفەرموێت: "هەر توخمە و جیهانێکە کە خوای پێ دەناسرێت، وەکوو: جیهانی مرۆڤ و جیهانی ڕووەک، بەپێی ئیزافەکردنی جیهانەکەیە، بۆیە دەوترێت: جیهانی ئاژەڵ و... هتد."

ئێستا لەم سەردەمەدا کە زانستی مرۆڤ زۆرتر و بەرفراوانتر بووە، سەدان جیهانی تر کەشف بوون، وەکوو جیهانی: (بەکتریا و جیهانی ڤایرۆس و جیهانی گیانلەبەرانی دەریا) کە هەزاران جۆرن و لە جۆری توخمی زیندەورانی سەر زەوی زۆرترن!

- قەتادە دەفەرموێت: "«عالەم» خەڵکی ماوەی زەمانێکن، واتە: نەوەیەکن کە لە یەک کاتدا ژیاون."

«ئەبو عوبێدە» دەیفەرموو: "«عالەم» جیهانی خاوەن ژیرییەکانە کە چوارن: (مرۆڤ، فریشتە، جنۆکە، شەیتانەکان)، بە کۆمەڵگە و زەمانی ئاژەڵان ناوترێت: عالەم."

ئیمامی قورتووبی کە ئەم بۆچوونانەی: (قەتادە و ئەبو عوبێدە) و پێشەوایانی تری تابیعینی هێناوەتەوە، دواتر دەفەرموێت: "بەڵام پەسەندترینیان ئەوەیە کە «عالەمەکان» جیهانی هەموو مەخلووقاتن، هەر مەخلووقە و جیهانی توخمی خۆی جودایە لە جیهانی توخمەکانی تر، چونکە خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿قَالَ فِرْعَوْنُ وَمَا رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝٢٣ قَالَ رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَآ ۖ إِن كُنتُم مُّوقِنِينَ ۝٢٤﴾ (الشعراء: ٢٣ - ٢٤).

واتە: فیرعەون وتی: خوای جیهانییان چییە؟

سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرمووی: خوای پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەمین و ئەوانەیە کە لەنێوانیاندان، ئەگەر ڕاست دەکەن و باوەڕتان بە خوای گەورە هەیە."

- «زەجاج»ی زمانەوان دەفەرموێت: عالەم لە (عَلَم) و (علامة)ـەوە وەرگیراوە، بۆیە عالەم جیهانی هەموو شتێکە کە خوای گەورە خەلقی کردووە، لەو دنیادا بێت، یان لە ڕۆژی دواییدا.

- ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) دەیفەرموو: "(رب العالمين) خوای پەروەردگاری هەموو مەخلووقاتەکانە، ئەوانەی لە ئاسمانەکاندان و ئەوانەی لە زەمینەکاندان و ئەوانەی لەنێوان ئاسمانەکان و زەمیندان و ئەوانەی زانراون و ئەوانەی نەزانراون."

لە وانەی کە پێش ئەم زەمانەی ئێمە نەزانراو بوون و ئێستا دۆزراونەتەوە: بەکتریایە کە جیهانێکە و ملیۆنان جار لە جیهانی مرۆڤ زۆرتر و هەمەجۆرترە.

بەکتریا پێش وجوودی مرۆڤ، لەسەر زەمیندا هەبووە و ئێستا دەرکەوتووە کە لە ئاسماندا، لەناو خۆردا، لەناو خۆڵدا هەن؛ لە هەوادا، لە ڕیخۆڵەدا هەن، هەر ئەوانەی لە ناودەمی یەک مرۆڤدا هەن، سێ سەد و پەنجا (٣٥٠) جۆرن. لەناو هەر جۆرە توخمێکی بەکتریادا دووبەرەی ململانێی سەخت هەیە کە لەوەتەی خەلق بوون، نەوە بە نەوەیان لە جەنگی خوێناویی یەکتریدان، بەکتریا زیانبەخشەکان (کە زیان بە مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەک دەگەیەنن؛ هەروەها بەکتریا سوودبەخشەکان. بەکتریا زیانبەخشەکان زۆر شەڕخواز و دڕندە و سەختترن کە هێرش دەکەنە سەر شوێنێکی بەکتریا چاکەکان (وەکوو دوژمنانی ئیسلام)، سەرەتا گەمارۆی ناوچەکە دەدەن و خۆراک و سوکنایان دەسووتێنن، گەمارۆیان دەدەن و هەموو ڕێگایەکی پەیوەندی دەرەکییان لێ دەگرن، ئاوا ماوەیەکی زۆر دەیانهێڵنەوە؛ تا هەرچی خۆراکیان هەیە بیخۆن، ئینجا لاواز ببن و توانای بەرگرییان لە خۆیان و شوێنیان نەمێنێت، ئینجا دواتر هێرشی بەرفراوانیان دەکەنە سەر و هەر هەموویان دەکوژن، نە دیل دەگرن و نە جیاوازی دەخەنە نێوان مەدەنی و سەربازییەوە!

- جیهانی مێروولەش هەر وایە کە سی هەزار (٣٠،٠٠٠) جۆریان لەسەر زەمیندا هەیە، هەر جۆرێکیشیان گەلێکی سەربەخۆن، زمان و داب و نەریتی خۆیان جودایە لەوانی تر!

- جیهانی باڵندە و مێش و هەنگ و ئاژەڵانی دارستان و ئاژەڵانی ماڵی و کرم و مار و خشۆکەکانی تر، هەر هەموویان جیهانی سەربەخۆ و زمانی سەربەخۆیان هەیە، یاسا و داب و نەریتی خۆیان هەیە!

ئەگەر هەنگێک قاچی پیس ببێت، ناهێڵن بچێتەوە گەڕەکی خۆیان، یان دەبێت بە پاکی بگەڕێتەوە، یان هەر لە دەرەوە دەمێنێتەوە، تا دەمرێت!

ئەگەر قەلەڕەش (غراب)ێـک زینـا بکـات، هەمـوو ئەوانەی تـر بەدەنـووک دەیکوژن، دوایی «مەیت»ەکەی لە شاری خۆیان دوور دەخەنەوە!

## گەورەیی (الحمد لله):

- ئیبنو ماجە لە (السُّنن)ـەکە خۆیدا بە سەنەدەوە لە ئیبنو عومەرەوە (خوا لێیـان ڕازی بێـت) دەگێڕێتەوە کە: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ئیمامەتیی نوێژەکەیدا لە ڕاستبوونەوەی لە «رکووع»دا دەیفەرموو: (سَمِعَ اللّٰهُ لِمَنْ حَمِدَهُ).

واتە: خـوای گەورە ستاییشـکردنی ئەو کەسـە دەبیسـتێت کە ستاییشـی دەکات.

کـابرایەک هەر لەنـاو نـوێژەکەدا دوای ڕاستبوونەوەی، وتـی: (لَكَ الحَمْدُ كما ينبغي لجلالِ وَجْهِكَ وعَظِيمِ سُلطانِكَ).

واتە: خـوایە! سـتاییش بـۆ تـۆیە کە شـیاو و شـایانی پـاکیی ڕووخسـارت و مەزنی و گەورەیی دەسەڵاتت بێت.

دوای نوێژەکە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پرسیی: ئەوە کێ بوو لە نوێژەکەدا وای وت؟!

کابرا بێدەنگ بوو، وایزانی کارێکی هەڵەی کردووە.

پاشـان پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پرسـییەوە: کـێ بـوو لە نوێژەکەدا وای وت؟

کابرا هەستایە سەر پێ و وتی: من بووم، ئەی پێغەمبەری خوا!

پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (...لم يدرِيا كيفَ يَكتبانِها

فصعدا إلى السَّماءِ فقالا يا ربَّنا إنَّ عبدَاً قد قالَ مقالةً لا نَدي كيفَ نَكتبُها قالَ اللَّهُ عزَّ وجلَّ وَهوَ أعلمُ بما قالَ عبدُهُ ماذا قالَ عَبدي؟ قالا يا ربِّ إنَّهُ قالَ يا ربِّ لَكَ الحَمدُ كما ينبَغي لجلالِ وجهِكَ وعظيمِ سُلطانِكَ فقالَ اللَّهُ عزَّ وجلَّ لَهما: اكتُباها كما قالَ عَبدي حتَّى يلقاني وأجزيَهُ بِها).[1]

واتە: (جۆرە ستاییشێکی خوای گەورەت کرد) کە هەر دوو فریشتەکان (کە لە سەر شانی مرۆڤن و چاکە و خراپەی دەنووسن) نەیانزانی چۆن بینووسن (لە چ خانەیەک لە خانەکانی زیکری خوادا دایبنێن، چونکە ستاییشێکی زۆر شیاو و شایستەی خوای گەورە بوو)، بەرز بوونەوە بۆ ئاسمان و فەرموویان: ئەی خوای پەروەردگارمان! عەبدێک قسەیەکی کرد نازانین چۆن بینووسین؟!

خوای گەورە کە زاناترە لەوەی عەبدەکەی وتوویەتی، فەرمووی: ئەو عەبدەم چیی وت؟

فەرموویان: وتی: (لَكَ الحَمدُ كما ينبغي لجلال وجهك وعظيم سلطانِكَ). خوای گەورە فەرمووی: هەر وەک چۆن وتوویەتی بینووسن، تا خۆی دەگاتەوە بە خۆم، خۆم پاداشتی دەدەمەوە."

سوپاس و ستاییشکردنەکەی، ئەوەندە پڕ و چڕ و شایستەی خوای گەورە

---

[1] قال الألباني: (حديث ضعيف...). بوخاری و غەیری ئەویش لە ڕفاعەی کوڕی ڕافعی زەرقی «رفاعة بن رافع الزرقي» (خوا لێی ڕازی بێت) ریوایەتیان کردووە کە وتوویەتی: لەدوای پێغەمبەرەوە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوێژمان دەکرد، کاتێک سەری لە ڕکووع بەرز کردەوە، فەرمووی: (سمع الله لمن حمده)، پیاوێک لە دوای ئەوەوە وتی: (ربنا ولك الحمد حمداً كثيراً طيباً مباركاً فيه)، کاتێک لە نوێژەکە بووەوە، فەرمووی: ئەوە کێ بوو ئەو قسەیەی کرد؟

کابرا وتی: من بووم.

پێغەمبەر فەرمووی: سی و ئەوەندە فریشتەم بینی دەستپێشخەرییان دەکرد، کامەیان یەکەم کەس دەبن بینووسن! ئەمەش فەرموودەیەکی صەحیحە بەبێ خیلاف. (ت)

بوو کە لەبەر زۆریی پاداشتەکەی، خوای گەورە بەتایبەت پاداشتی دەداتەوە.

بەڕاستی حەقە ئێمەش بەردەوام زمانمانی پێ پارا و بکەین.

* * *

## پەیوەندیی سێ ناوە پیرۆزەکە: (الله، الرّب، الرّحیم) بە یەکترەوە:

ئیمامی ئیبنولقەییم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ئەم سێ ناوە پیرۆزە: (الله، الرّب، الرّحیم) و پەیوەندیی هەموو مەخلووقات پێیانەوە دەفەرموێت[1]: "سەرنج بدەرە پەیوەندیی خەلقکردن (الخلق) و فەرمانپێدان (الأمر) بەم سێ ناوە پیرۆزەوە، چۆن (الخلق والأمر والثواب والعقاب)یان لێوە پەیدا بوون؟!

چۆن هەموو مەخلووقات لە خەلقبووندا یەکیان گرتووە و یەکن، کەچی لە هەمان کاتدا ئاوا [لە جیاوازیی بڕ و ڕادەی پابەندی و بەجێهێنانی فەرمانەکانی خوای گەورەدا] لێک جودان.

- ناوی پیرۆزی (الربّ) کە پەروەردگارە، کۆی هەموو مەخلووقات لە خۆ دەگرێت، چونکە خوای گەورە، پەروەردگاری هەموو شتێکی کردگاریانە؛ دەسەڵاتی بەسەریانەوەیە، هیچ شتێک بە هیچ ڕادە و بڕ و ئان و ساتێک لەژێر ڕکێفی پەروەردگارێتییەکەی دەرناچن، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدان، عەبدی ملکەچی ئەون؛ لەبەردەستیدان، لەژێر قەهری هێزی زاڵی ئەودان.

ئاوا هەموو مەخلووقات بە سیفەتی پەروەردگارێتیی مەرکەزیی خوای گەورە کۆدەبنەوە، بەڵام لە تەوحیدی خوایەتیدا، لە پەرستندا لێک جودا و دوور دەوەستن، ئەوانەی بەختەوەر و کامەرانن بە خوای پەرستراوی بە حەقی دادەنێن و هیچ ڕەفتارێکی پەرستن بۆ غەیری ئەو نانوێنن.

ئەوانەی لە ئاستە باڵاکانی خواناسیدان، سەرپشکانە بڕیاری تاک و تەنیایی خوای گەورە دەدەن و سەربەستانە گوێڕایەڵی و ملکەچیی بۆ دەردەبڕن و

---

[1] (مدارج السالکین)، ب١، ل (٥٨ - ٥٩).

بەردەوام شاهێدی دەدەن کە هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتی بێت، جگە لە «الله»، چونکە دەبێت هەر ئەو بپەرسترێت؛ پشت هەر بەو دەبەسترێت، ئومێدی هەر بە ئەوە و ترس هەر لەوە و خۆشویستن و ملکەچکردن و تەسلیمبوون، هەر بۆ ئەو دەردەبڕدرێت.

سڵکردنەوە و ترس لە کەمتەرخەمیی جێبەجێکردنی فەرمان، هەر لەوە و زەلیلی هەر بۆ ئەو دەردەبڕدرێت [ئەمانە هەموویان خواپەرستیی دوای خواناسینن]، هیچیان بۆ غەیری خوای گەورە ناکرێن.

بۆیە خەڵکی لەم خواپەرستییانەدا بوون بە دوو پۆل: ئەهلی بێدینی و شیرک و کوفر کە نیشتەجێیانی دۆزەخن، لەگەڵ ئەهلی ئیمان و تەقواکاری و دینداری کە نیشتەجێیان بەهەشتن.

ئاوا دەبینیت مەخلووق بە سیفەتی (الربوبیة)، مەرکەزییانە کۆدەبنەوە، بەڵام لە سیفەتی (الألوهیة)ی خوای گەورەدا، دەکەونە ڕاجیایی و تەفرەقە و جودابییەوە!

* بەرنامەی دین و ئەحکامەکانی شەرع و فەرمان و بەرهەڵستیی دیاریکردن، لە سیفەتەکانی خوایەتین.

* خەلقکردن و سازکردن و گونجاندن و تەگبیر و مشوورخواردن و کارکردن، لە سیفەتەکانی پەروەردگارێتین.

* پاداشت و سزا و خستنە بەهەشت و ناردنە دۆزەخ، لە سیفەتەکانی (الملك)ن، [تاکە دەسەڵاتدارێتیی باڵای حوکمە] لە ڕۆژی دواییدا، هیچ یەکێک هیچ شێوازێکی دەسەڵاتی بە هیچ ڕادە و بڕێک نامێنێت.

■ خوای گەورە بە هەموو سیفەتەکانی (الربوبیة)، خۆی بە عەبدەکانی

دەناسێنێت، بەڵام زۆرینەیان بە مەحزی ویستی خۆی و بە ئازادی و سەربەستی و سەرپشکی خۆیان، ڕێگای گومڕاییان گرتووەتە بەر، خوای گەورەش ڕێی لێ نەگرتوون [تا بە زۆر دینداریان پێ نەکات].

■ فەرمانی پەرستنەکانی بە هەموو عەبدەکانی داوە [دوای ئەوەی لە سەر زمان و ڕەفتاری نێردراوە بەڕێزەکانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، چۆنێتی و چەندێتیی هەموویانی بۆ ڕوون کردوونەتەوە]، هیدایەتی دان بۆ ئەنجامدانی خواپەرستییەکان، یارمەتیی دان و هاوکاریی کردن؛ تا ڕاست و دروست، چاک و پاک بیپەرستن.

■ ئینجا بە داد و لوتفی خۆی، پاداشت و سزای هەموو ڕەفتارێک (گوفتار و کردار و باوەڕ)ی بۆ دیاری کردن.

* دەبینیت ئەم سیفەتانەی خوای گەورە، چەندان لق و پەلیان لێ دەبنەوە و هەموو دەبنەوە بە لازم و مەلزومی یەکتری [بۆ تەواوکردنی دیمەنەکە، هیچیشیان بە تەنیا کەموکورت نییە].

* بەڵام سیفەتی ڕەحمەت و بەزەیی (الرحیم)ی خوای گەورە، پەیوەست (رابطة)ی پەیوەندیی نێوان عەبد و خوای گەورەیە، هۆکارێکە لەنێوان خوای میهرەبان و عەبدەکانیدا.

خوای گەورە بە پەروەردگارێتیی خۆی (الربوبیة) سەرپەرشتییان دەکات و دەخوازێت ئەوانیش بە خواپەرستیی (الألوهیة)ەکە، عەبدێتیی بۆ دەرببڕن.

بۆ زانینی ئەم ماف و ئەرکانەیە کە نێردراوی خۆی بۆ هەموو قەومێکی ئادەمزادەکان ناردووە، پەیامی خۆی بۆ ناردوون، تا بکەونە سەر دید و ڕێی ڕاست و هیدایەتی خوایی بگرنە بەر. ئاوا هیدایەتی دان، مژدە و بەڵێنی پاداشتی پێ دان و وادەی بەهەشتی دانێ.. لەمان خواپەرستی و لەوەوە ڕەحمەت و پاداشت."

## . ئایەتی سێیەم: ﴿الرحمن الرحيم﴾:

پێشتر لە لێکدانەوەی ئایەتی بەسمەلەدا، باسی ئەم دوو ناوە پیرۆزەشمان کرد، بەڵام لێرەدا «قەول»ێکی ئیمامی قورتوبی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەهێنمەوە کە دەفەرموێت: خوای گەورە دوای ئەوەی وەسفی خۆی کرد بەوەی کە (پەروەردگاری جیهانییان)ـە، وەسفی خۆی دەکات کە (الرحمن الرحيم)ـە، بۆ ئەوەی بزانن کە ڕەحمەتی خوای گەورە، پێش غەزەب و سزایەتی؛ چونکە بە دوایاندا ﴿مالك يوم الدين﴾ دێت [کە ڕۆژی پرسینەوە و سزا و پاداشتە]، چونکە حەتمەن باسی ڕۆژی قیامەت و کارەساتەکانە کە ئومێدتان بە ڕەحمەتی خوای گەورە زۆر بێت و ترسی قیامەت پەلوپۆتان نەشکێنت [کە چێژ لە ژیانی دنیاتان وەرنەگرن]."

ئاوەها هەر دوو سیفەتی: (الرغبة والرهبة: حەز و ترس)ی پێکەوە هێناوە. هەردووکیان پێکەوە دەبنە پاڵنەری زاتیی ناخی عەبدەکە، بۆ گوێڕایەڵیی و ملکەچی و ئەنجامدرانی کردەوە چاکەکان و خۆ گرتنەوە و دوورەپەرێزبوون لە کردەوە خراپەکان، لە تاوان و گوناهـ و سەرپێچی.

- خوای گەورە لە شوێنی تری قورئاندا، ئەم دوو وەسفەی پێکەوە هێناوە وەک دەفەرموێت: ﴿۞ نَبِّئۡ عِبَادِيٓ أَنِّيٓ أَنَا ٱلۡغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٤٩﴾ وَأَنَّ عَذَابِي هُوَ ٱلۡعَذَابُ ٱلۡأَلِيمُ ﴿٥٠﴾﴾ (الحجر: ٤٩ - ٥٠).

واتە: "بە عەبدەکانم ڕابگەیەنە: هەر منم لێخۆشبوو و بەبەزەیی، سزاکەشم ئەو سزا بە ژانەیە."

- هەروەها: ﴿غَافِرِ ٱلذَّنۢبِ وَقَابِلِ ٱلتَّوۡبِ شَدِيدِ ٱلۡعِقَابِ﴾ (غافر: ٣).

واتە: "خـــوای گەورە لێخۆشـــبووی گوناهـــانە و قەبووڵکـــاری تەوبەی عەبدەکانییەتی و سزاشی زۆر توند و سەختە."

* لە «سەحیحی موسلیم»دا هاتووە کە ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: **(أنَّ رسولَ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قال: لو يعلَمُ المؤمِنُ ما عندَ اللهِ مِنَ العقوبَةِ، ما طَمِعَ في جنته أحدٌ، ولَوْ يَعْلَمُ الكافِرُ ما عندَ اللهِ مِنَ الرحمةِ ما قنطَ مِنَ جنته أحدٌ).**

واتە: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ئەگەر موسوڵمان بیزانیایە کە چ سزایەک (چەند و چۆن) لای خوای گەورە هەیە، کەس تەماعی لە بەهەشتەکەیدا نەدەبوو (هەر خوا خوای دەبوو نەکەوێتە بەر سزاکانی).

ئەگەر کافریش بیزانیایە کە چ ڕەحمەت و بەزەییەک لای خوای گەورە هەیە، کەس لە چوونە بەهەشتەکەی بێ ئومێد نەدەبوو، (چونکە دەیانزانی ڕەحمەت و بەزەیـی خـوای گەورە، ئەوەنـدە زۆر و گشـتگیرە کە هەمـوو گوناهـکارێک دەگرێتەوە)."

**خوای گەورە بمانخاتە بەر ئەو ڕەحمەتە گشتگیرەی و لەو سزا سەختەی لامان بدات. اللهم آمین.**

دەکرێت ئەم کورتە باسەی (الرحمن الرحيم) ببرێتە کۆتایی لێکدانەوەی ئایەتی یەکەم: بەسمەلە (واتە: بسم الله الرحمن الرحيم) و پێش (الحمد لله رب العالمين)، دەشکرێت هەر لێرەشدا بمێنێتەوە (والله أعلم).

## ئایەتی چوارەم: ﴿مالِكِ يومِ الدِّن: خاون و دەسەڵاتداری ڕەهای ڕۆژی پاداشت و سزا).

- ﴿مالك﴾: بە سێ شێوە خوێندراوەتەوە و نووسراوە: ﴿مَلك، مالك، مَلْك﴾ هەروەها بە شێوازی کرداری: (مَلَّك). زانایان موناقەشەی دووانیان (مَلِكَ) و (مالِك)یان کردووە کە مانای کامیان گشتگیرترە؟

هەندێکیان فەرموویانە: "(مَلِك) گشتگیرترە، چونکە دەسەڵاتدارێتی و حاکمێتی و بە خاوەنبوونە. ئەوەی مەلیکە، خاوەن موڵکیشە، هەموو مەلیکێک مالیکە، بەڵام هەموو مالیکێک (واتە: خاوەن)، مەلیک (واتە: حوکمدار) نییە.

دەشێت کەسێک خاوەنی سامانێکی زۆر بێت، بەڵام حوکمڕانیی لەدەستدا نەبێت وەکوو پاشایەک، هەروەها کە (مَلِك)ێک فەرمانڕەوایی دەکات کە بڕیارێکی دەردەچێت، (مالِك) و غەیرە مالک جێبەجێی دەکەن؛ هەروەها (مَلِك) تەگبیری سامانی وڵات و سیاسەتی دانیشتووان دەکات، بەڵام (مالِك) هەر تەگبیری ماڵ و سامانی خۆی دەکات." ئەوە ڕاوبۆچوونی (ئەبو عوبەید و موبەڕڕید)ە و ئیمامی زەمەخشەرییش لایەنی گرتوون.

«ئەبو حاتەم» دەفەرموێت: "بۆ مەدحی خوای گەورە، (مالِك) بەهێزتر و گشتگیرترە، چونکە خوای گەورە خاوەنی خەڵک و گیان و چارەنووس و سامان و موڵکیشیانە، خاوەنی دنیا و قیامەتە، بەڵام بۆ وەسفی مەخلووق؛ (مَلِك) بەهێزتر و گشتگیرترە."

«قازی ئیبنولعەرەبی» دەفەرموێت: "خوای گەورە (مالِك) و (مَلِك)ە."

لە ڕاستیدا دەبینیت، هەر یەک لەم دوو ناوە کە وەسفی خوای گەورەن،

تایبەتمەندیی خۆی هەیە، (مالِك: خاوەن) دەتوانێت ڕەفتار لە سامانیدا بکات وەکوو فرۆشتنی و بەخشینی.

(مَلِك: دەسەڵاتداری حوکمڕان)، تەگبیری بەڕێوەبردنی خەڵک و سامانیشیان دەکات.

دوای لێکۆڵینەوە بۆت دەردەکەوێت کە هەردووکیان وەسفی خوای گەورەن، هەر وەکوو وشە قورئانییەکانی تر، چەندین مانا لە خۆ دەگرن کە پەیوەندییان پێکەوە هەیە؛ ئەم دوو زاراوەش وان. بۆیە دوای بەدواداچوون و شیکاری، بۆت ڕوون دەبێتەوە کە: (مَلِك) سیفەتی زاتیی خوای گەورەیە و (مالِك) سیفەتی ڕەفتارێتی. (والله أعلم).

## - (یوم الدین: ڕۆژی پاداشت و سزا کە ڕۆژی قیامەتە)

زۆر جار وتوومە و نووسیومە کە هەر وشەیەکی قورئانی، سێ جار و زیاتر دووپات بووبێتەوە، حەتمەن مانایەکیان بناغەی زاراوەیەکە و دووەم مانای وەکوو دیوارە و سێیەمین ماناش سەربانە.

ئینجا مانای حوکمی وشەکە دێت، وەکوو وشەکانی: (إیمان، صبر، طاغوت، صلاة، زکاة، صوم، حج) و... هتد، وشەی «دین»یش وایە، ماناکانی ئەوەندە زۆر و گشتگیرن کە هەموو ئیسلام دەگرنەوە بە «عەقیدە» و «عیبادەت» و «شەریعەت» و «پاداشت و سزا»وە. با لێکۆڵینەوە و شیکاریی ئەم زاراوەیەش لە ئیمامی مەودوودییەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بهێنینەوە[1]، تا ببێتە ڕامینە و ڕوانگەی دید و تێڕوانین و پێناسەمان بۆ «دین»ی مەبەستمان لێی بێگومان هەر ئیسلامەکەیە.

---

[1] پوختەیەکە لە کتێبە بەنرخەکەی: «چوار زاراوەکانی قورئان»، وەرگێڕانی ئەحمەد محمد قەرەنی، بڵاوکار: نووسینگەی تەفسیر/ هەولێر، چاپی دووەم ١٤٤٨ک/ ٢٠٢٠ز، ل (١٥٥-١٧٢).

## * توێژینەوە و شیکاریی ئیمامی مەودوودی بۆ وشەی (الدِّین):

### ١. لێکۆڵینەوەی زمانەوانی وشەی (الدین):

وشەی «دین»[١] لە زمانەوانیی عەرەبیدا بە زۆر مانا بەکار دێت، لەوانە:

١- ناچارکردن و دەسەڵاتداری و حوکمڕانی و فەرمان دەرکردن، ناچارکردنی کەسێک لەسەر گوێڕایەڵیکردن، بەکارهێنانی هێزی ناچار (مەجبور)کەر، هێزی سەروەری (Sovereigny) بەسەریدا و کردنی بەبەندە و گوێڕایەڵ؛ دەڵێن:

- (دانَ الناسَ)، واتە: خەڵکەکەی ناچار کرد، تا گوێڕایەڵی بن، وەکوو دەڵێیت: (دِنْتُم فَدانُوا) واتە: ناچارم کردن لەسەر گوێڕایەڵیکردنم.
- (دانَ الرَّجُلُ): کابرا بووە خاوەنی دەسەڵات و سەربەرز بوو.
- (دنْتُ الرَّجُلُ): پیاوەکەم ناچار کرد ئەو ئیشە بکات کە پێی ناخۆشە. (دِین فلانْ)، واتە: فلاّن کەس ناچار کرا ئیشێک بکات کە خۆی پێی ناخۆش بوو.
- (دِنْتُه)، واتە: کاروباریم بەڕێوە برد و خستمە ژێر ڕکێفی خۆمەوە. (دَيَّنْتُهُ القومَ)، واتە: سیاسەت و کاروباری بەڕێوەبردنی خەڵکەکەم دا بەدەست ئەوەوە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: **(الكَيِّسُ مَنْ دانَ نَفْسَهُ وعَمِلَ لِما بَعْدَ الموت)**.[٢]

---

[١] ئیبنو فارس لە (معجم مقاييس اللغة)، ب٢، ل٣١٩دا لە ماددەی «دین»دا دەفەرموێت: (دال و یاء ونوون) یەک بنچینەن، هەموو لقە ماناکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کە بریتییە لە: جۆری ملکەچی و خۆبەدەستەوەدان.

[٢] رواه الترمذي عن ابي يعلي شداد بن اوس وقال: حديث حسن. (ت)

واتە: "کەسی ژیر و زرنگ، ئەو کەسەیە کە نەفسی ملکەچ و زەبوون دەکات و موحاسەبەی دەکات و باری دەهێنێت، تا ئیش بۆ دوارۆژ (دوای مردنی) بکات."

لەم ڕوانگەوەیە کە بە کەسێکی زاڵ و دەسەڵاتدار بەسەر ناوچە و نەتەوەیەکدا، یان بەسەر هۆز و عەشیرەتێکدا، هەروەها بە فەرمانڕەوا دەوترێت: (الدَّيَّان).

«ئەعشامی حەرمازی»ی شاعیر کە پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەدواند، دەیوت: (يا سَيِّدَ الناس ودَيَّان العَرَب).[١]

واتە: "ئەی گەورەی خەڵکی و دەسەڵاتداری زاڵی هەموو عەرەبەکان!"

لەم ڕوانگەوە بە کۆیلە دەڵێن: (مَدين)، بە ئافرەتی کۆیلە (کەنیزەک)یش دەڵێن: (المدينة).

لە قورئانیشدا بەم مانایە هاتووە کە دەفەرموێت: ﴿فَلَوۡلَآ إِن كُنتُمۡ غَيۡرَ مَدِينِينَ ٨٦ تَرۡجِعُونَهَآ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٨٧﴾ (الواقعة: ٨٦ – ٨٧).

واتە: "ئەگەر ڕاست دەکەن و لەژێر هێز و دەسەڵاتی خوای گەورەدا نین و لە کردەوەتان ناپرسێتەوە، دەی بۆچی ڕۆحی ئەو مردووەتان ناگێڕنەوە بۆی کە لەبەردەستاندا مرد؟!"

٢. گوێڕایەڵیکردن و بەندایەتی و خزمەتکاری و ژێردەستەبوونی یەکێک و بە قسەکردن و قەبووڵکردنی فەرمانی کەسێک و کەوتنە ژێر دەسەڵاتیی، وەکوو دەڵێن:

- (دِنتُم فَدانوا)، واتە: ناچاری کردن لەسەر گوێڕایەڵیکردنم، ئەوانیش گوێڕایەڵم بوون.

---

[١] (لسان العرب) ب١، ل ٢٤ - ٣٠.

- (دِنتُ الرَجُلَ)، واتە: خزمەتی کابرام کرد.

هەروەها لە فەرموودەی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللّٰه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتووە کە دەیفەرموو: **(أُريدُ مِن قُرَيشٍ كَلِمَةً تَدينُ بِها العَرَبُ).**

واتە: "وتەیەکم لە قورەیش دەوێت بیڵێن کە عەرەبیان بۆ ملکەچ دەبێت و گوێڕایەڵیان دەبن."

هەر بەم مانایە بە خەڵکانێکی گوێڕایەڵ دەوترێت: (قومٌ دَيِّنٌ)، وشەی «دین»یش لە فەرموودەکەی تایبەت بە «خەواریج»دا، هەر بەم مانایەیە کە فەرمووی: **(يَمْرُقونَ مِن الدِّين كما يمُرُقَ السَّهم مِن الرَّميَّةِ).**[(١)]

واتە: "خەواریجەکان لە گوێڕایەڵیی پێشەوا (ئیمام/ خەلیفە) دەردەچن، هەر وەک چۆن تیر خێرا لە کەوان دەردەچێت."[(٢)]

٣. بە مانای: شەرع و یاسا و دەستوور، بەرنامە و ڕێگا و ڕێبازی باو و داب و نەریت کە دەڵێن:

- (مازال ذلك ديني ودَيْدَني)، واتە: تا ئێستاش ئەوە داب و نەریت و عادەتمە.

---

(١) عن انس، قال شعيب الارناؤط: صحيح. (ت)

[(٢)] مەبەستی فەرموودەکە ئەوە نییە کە «خەواریج» لە دین دەردەچن، نەخێر، چونکە کاتێک کە لە سەییدنا عەلییان (خوا لێی ڕازی بێت) پرسی: ئایا ئەوانە کافرن؟

فەرمووی: لە کوفر هەڵاتوون.

وتیان: ئەدی دووڕوون؟

فەرمووی: دووڕووەکان زۆر کەم یادی خوا دەکەن، ئەوان بەیانی و ئێواریێ لە یادی خوادان.

لەمەوە دەردەکەوێت کە مەبەست لە فەرموودەکە: دەرچوونیان لە گوێڕایەڵیکردنی پێشەوا (الإمام)ە.

ئیبنول ئەسیر لە کتێبی (النهاية)دا بەو مانایە لێکی داوەتەوە، دەفەرموێت: "مەبەست لە «دین» گوێڕایەڵیکردنە، واتە: ئەوان لە گویڕایەڵێتیی حەق دەردەچن." ب٢، ل ٤١ - ٤٢.

- (دانَ الرَجُلُ): لەسەر خێر (یان لەسەر خراپەکاری) ڕاهاتووە.

- لە فەرمـوودەی پێغەمـبەری خـوادا (صَـلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) هـاتووە کە: (قُرَيْشُ وَمَنْ دانَ بدينهم).

واتە: "قـوڕەیش و ئەوانەی لەسـەر داب و نەریتـی قـوڕەیش بـوون." هەروەها لەو فەرموودەدا هاتووە کە: (إنَّهُ عَليه السَّلامُ كانَ على دينِ قَوْمِهِ).

واتە: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەسەر ئەو داب و نەریت و ڕێ و ڕەسمانە بوو کە قەومەکەی لەسەری بوون، لە ڕووی ژن مارەکردن و تەڵاقدان و چەندین شتی تری مەدەنی و کۆمەڵایەتی.

٤. سزا و پاداشت دانەوە، لێپرسینەوە و حوکمدان، یا خەڵاتکردن، لە پەندی پێشینانی عەرەبییشدا هاتووە: (كَمَا تَدِينُ تُدان).

واتە: "چـۆن لەگەڵ خەڵکیـدا ڕەفتـار دەکەیـت، هەر وا ڕەفتـارت لەگەڵـدا دەکەنەوە [چی بچێنیت هەر ئەوە دەدووریتەوە]."

قورئانی پیرۆزیش بەم مانایە قسەی بێباوەڕان دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ ۝٥٣﴾ (الصافات: ٥٣).

واتە: "ئایـا، ئەگەر مـردین و بـووین بە خـاک و خـۆڵ، دیسـان زینـدوو دەکرێینەوە و لێمان دەپرسرێتەوە و سزا دەدرێین؟!"

لە فەرمـوودەکەی لای عەبـدوڵڵای کـوڕی عـومەردا (خـوا لێیـان ڕازی بێـت) هـاتووە کە پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فەرمـووی: **(لا تَسُـبُّوا السَّلاطينَ، فإنْ كان لابُدَّ فقولوا اللهمَّ دِنْهُم كما يدينون).**(١)

واتە: "جنێـو بە کاربەدەسـتان [حاکمەکـان] مەدەن، ئەگەر هەر ناچـار بـوون

---

(١) المصطلحات الاربعة في القرآن، لأبي الاعلى المودودى. (ت)

شتێکیان پێ بڵێن (لەبەر ئەوەی خراپ بوون)،بڵێن: خودایە! ئەوان چیهان بەسەر دەهێنن، تۆش سزای وایان بدەرەوە."

وشەی (الدَّیّان) بە مانای: قازی و داوەری دادگاش دێت. دەربارەی سەییدنا عەلی (خوا لێی ڕازی بێت)، لە پیرێکیان پرسی، لە وەڵامدا وتی: (إِنَّهُ كانَ دَیَّانُ هٰذِهِ الأُمَّةِ بعد نبيها).

واتە: "ئەو دوای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، گەورەترین قازیی ئەم ئوممەتە بوو."

## ٢. بەکارهێنانی وشەی ((دین)) لە قورئاندا:

لەم باسەی ڕابورد سەبارەت بە وشەی «دین»، دەردەکەوێت کە چەمکی ئەم وشەیە لە سەر چوار مانا وەستاوە، ڕوونتر بڵێین: «دین» لە بیرو زەینی هەر تاکێکی عەرەبدا، چوار مانای بنەڕەتی دەدات بە دەستەوە:

یەکەم: زاڵبوون و دەسەڵاتی ناچارکردن. (قوة القهر والغلبة).

دووەم: گوێڕایەڵی و بەندایەتیکردن و پەرستن، لە لایەن ملکەچێکەوە بۆ خاوەن دەسەڵاتێک.

سێیەم: ئەو ڕێباز و یاسا و دەستوورەی کە خەڵک پەیڕەویان دەکەن و پێیانەوە پابەند دەبن.

چوارەم: لێپرسینەوە و داوەریکردن و سزادان و پاداشت دانەوە.

عەرەبەکان بەر لە هاتنی ئیسلام، بەپێی لەهجە جیا جیاکانی خۆیان وشەی «دین»یان جارێک بە یەکێک لەو مانایانەی سەرەوە بەکار دەهێنا و جارێکی

تریش بە مانایەکی تری، بەڵام تێڕوانینیان بۆ ئەم چوار مانایە ڕوون و ئاشکرا نەبوو، دووربینی و مەزنی و باڵایی پێوە دیار نەبوو.

لەبەر ئەوە بەکارهێنانی وشەی «دین» تێکەڵ بە خڵتە و پڵتە بووبوو، هەر بۆیە بواری ئەوە نەڕەخسابوو کە ئەم وشەیە ببێتە زاراوەیەک لە زاراوە پتەوە فیکرییەکانی ئەوان، تا ئەو کاتەی قورئان هاتە خوارەوە و بە هەموو مانا گشتگیرەکانی بەکاری هێنا و کردی بە زاراوەیەکی کۆگای خۆی، لەبەر ئەمەیە کە دەبینیت وشەی «دین» لە قورئاندا جێگەی سیستەمێکی تەواو دەگرێتەوە کە لە چوار بەش پێک دێت:

١. دەسەڵاتی باڵا و فەرمانڕەوایەتی.

٢. گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ ئەو دەسەڵاتە باڵا و فەرمانڕەوایە.

٣. یاسا و ڕێسا و دەستووری سیستەمێکی فیکری، یان سیاسی، یان کۆمەڵایەتی.

٤. موحاسەبە و پرسینەوە و دیاریکردنی پاداشت و سزای ئەو ڕەفتارانەی کراون.

قورئان جاری وا هەیە وشەی «دین» بە مانای یەکەم و مانای دووەم بەکار دەهێنێت، جارێکی تر بە مانای سێیەم لە یەک کاتدا مەبەستی لێی هەر چوار ماناکەیەتی، واتە: ئەو نیزام و ڕێسا تەواو و ڕێکوپێکەی پێشتر باس کرا، ڕەچاو کراوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسە، وا چاکە وردەکارانە سەیرێکی ئەم ئایەتانە بکەین:

### أ. بەکارهێنانی وشەی «دین» بە مانای یەکەم و دووەم:

. ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ قَرَارًا وَٱلسَّمَآءَ بِنَآءً وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ ۚ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمْ ۖ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٤﴾ هُوَ ٱلْحَىُّ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱدْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ ۗ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦٥﴾ ﴾ (غافر: ٦٤ – ٦٥).

واتە: "خوای گەورە ئەو زاتەیە کە زەویی بۆ کردوونەتە جێی دابینبوون و نیشتەجێبوون، ئاسمانی بۆ بنیات ناون، بە جوانترین شێوە ئێوەی ئادەمزادی دروست کردووە و وێنەی کێشاون و لە حەڵاڵ و پاک هەر یەکەتان پشکە ڕۆزیی خۆی بۆ دیاری کردووە؛ ئەوە خوای پەروەردگارتانە، ڕێز و فەڕ و پیرۆزی و مەزنی، هەر بۆ ئەوە کە پەروەردگاری جیهانییانە، هەر ئەو زیندووە و نامرێت؛ هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتی بێت، جگە لەو. دەسا هانا تەنیا بۆ ئەو ببەن و سەرڕاستانە دینداریتان بۆ ئەو تەرخان بکەن. سوپاس و ستاییش بۆ پەروەردگاری هەموو جیهانییان."

ـــ ﴿ قُلْ إِنِّىٓ أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ﴿١١﴾ وَأُمِرْتُ لِأَنْ أَكُونَ أَوَّلَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٢﴾ ﴾ (الزمر: ١١ – ١٢).

واتە: "بفەرموو: من فەرمانم پێ کراوە کە سەرڕاستانە و بە دڵسۆزی خوای گەورە بپەرستم و دین و دینداریی خۆم بۆ ئەو یەکلا بکەمەوە. من فەرمانم پێ کراوە کە یەکەمین موسوڵمان بم."

ـــ ﴿ قُلِ ٱللَّهَ أَعْبُدُ مُخْلِصًا لَّهُۥ دِينِى ﴿١٤﴾ فَٱعْبُدُوا۟ مَا شِئْتُم مِّن دُونِهِۦ ۗ ﴾ (الزمر: ١٤ – ١٥).

واتە: "بفەرموو کە: من سەرڕاستانە خوای گەورە دەپەرستم و دڵسۆزانە

خۆم بۆ دینەکەی یەکلایی کردووەتەوە، دینداریم تەنیا بۆ ئەوە، ئێوە کەیفی خۆتانە هەرچییەکی غەیری خوای گەورە دەپەرستن، بڕۆن بیپەرستن."

. ﴿وَٱلَّذِينَ ٱجْتَنَبُوا۟ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعْبُدُوهَا وَأَنَابُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلْبُشْرَىٰ﴾ (الزمر: ١٧).

واتە: "ئەوانەی لە پەرستن و گوێڕایەڵیدا خۆیان لە تاغووت بە دوور گرت و توخنی نەکەوتن و گەڕانەوە لای خوای گەورە، مژدەی سەرفرازییان دەدرێتێ."

ـ ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ بِٱلْحَقِّ فَٱعْبُدِ ٱللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ ٱلدِّينَ ۝٢ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلْخَالِصُ﴾ (الزمر: ٢ – ٣).

واتە: "بە تەئکید ئێمە کتێبێکمان بە حەق بۆ ناردوویت، دە سا تۆیش، تەنیا خودای گەورە بپەرستە و خۆت بۆ دین و دینداریيەکەی ئەو یەکلا بکەرەوە. دین و دینداریی هەر دەبێت خاڵیس و موخڵیسانە، هەر بۆ خوای گەورە بکرێن."

هەروەها ئایەتەکانی: (النحل: ٥٢، آل عمران: ٨٣، البينة: ٥) و... هتد.

لە هەموو ئەم ئایەتانەدا، وشەی: «دین» بە مانای دەسەڵاتی باڵا و سەروەرێتی و هێزی قەهر هاتووە، ئینجا بە مانای ملکەچی و گوێڕایەڵیی «عەبد»ـانە بۆ خاوەنی ئەو دەسەڵاتە باڵا و سەروەرێتی و هێزی قەهرە. مەبەست لە (إخلاصُ الدِّين للهِ) ئەوەیە کە ئادەمزاد بە حوکم و بڕیاری هیچ یەکێک ڕازی نەبێت، جگە لە خوای گەورە بەندایەتییشی پاک و سەرڕاستانە بۆ خوای گەورە بێت و بەس، گوێڕایەڵییشی بۆ هیچ کەسێک نەکات لە ڕەفتارێکدا کە خودای گەورە پێی ناخۆش بێت.[١]

---

[١] مەبەستی ئەوەیە کە: گوێڕایەڵیکردنی غەیری خودای گەورە بۆ هەموو شتێک بێت، دەبێت لە چوارچێوەی گوێڕایەڵیکردنی خودادا بێت، وەک گوێڕایەڵیکردنی ئەولاد بۆ دایک و باوکی و کۆیلەیەک بۆ گەورەکەی و ژنێک بۆ مێردەکەی، ئەگەر لە چوار چێوەی شەرعی خوادا بێت، ئەوە گوێڕایەڵیکردنی فەرمانی خودایە.

ئەگەر لەو چوارچێوەیە دەرچوو، ئەوە یاخیبوون و دەرچوونە لە شەرعی خودای گەورە،

## ب. بەکارهێنانی وشەی «دین» بە مانای سێیەم:

ـــ ﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمْ فِى شَكٍّ مِّن دِينِى فَلَآ أَعْبُدُ ٱلَّذِينَ تَعْبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِنْ أَعْبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِى يَتَوَفَّىٰكُمْ ۖ وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٤﴾ وَأَنْ أَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿١٠٥﴾﴾ (یونس: ١٠٤ – ١٠٥).

واتە: "بفەرموو: ئەی خەڵکینە! ئەگەر ئێوە گومانتان لە ڕاستیی دینەکەم هەیە، ئەوا من ئەو بتانەتان ناپەرستم کە ئێوە لە باتیی خوای گەورە دەیانپەرستن کە نە زیانیان هەیە و نە سوود، بەڵکوو ئەو خودایە دەپەرستم کە دەتانمرێنێت، زیان و سوود؛ هەر بە دەستی ئەوە. ئاوا فەرمانم پێ کراوە کە لە ڕیزی ئیماندارانداا بم، هەمیشە سەرڕاستانە ڕوو لە دینی خوا بکە و مەیلت، هەر بە لای ئەودابێت، لە هیچ شتێکدا نەکەویە ڕیزی موشریکانەوە؛ ئەوانەی هاوەڵ و هاوبەشیان بۆ خودای گەورە داناوە."

. ﴿إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ﴾ (یوسف: ٤٠)

واتە: "حوکم و موڵکایەتی و فەرمانی پەرستن و کارگێڕی و ئاراستەکردن، مافی خوای گەورەن و هەر بەدەست ئەون، بڕیاری داوە کە دەبێت هەر ئەو بپەرسترێت و بەس. ئا ئەوەشە دینی ڕاست و دروست و ڕەوا."

. ﴿كَذَٰلِكَ كِدْنَا لِيُوسُفَ ۖ مَا كَانَ لِيَأْخُذَ أَخَاهُ فِى دِينِ ٱلْمَلِكِ﴾ (یوسف: ٧٦).

واتە: "ئا ئەوا تەگبیرمان بۆ (یوسف) کرد، تا بتوانێت براکەی لای خۆی بهێڵێتەوە، چونکە بەپێی دەستوور و یاسای پاشای میسری ئەو سەردەمە، بۆی

---

ئەمە لە گوێڕایەڵیکردنی حکومەتیشدا هەر وایە، چونکە ئەگەر ئەم حکومەتە لەسەر یاسای خودا بنیات نرابێت؛ ئەوە گوێڕایەڵیکردنی پێویستە، بەڵام ئەگەر لەسەر یاسا دانراوەکانی بنیادەم (القوانين الوضعية) بنیات نرابوو، ئەوە گوێڕایەڵیکردنی تاوان و دەرچوونە لە گوێڕایەڵیکردنی فەرمانی خودای گەورە.

نەبوو براکەی بەند بکات، لەبەر ئەوەی یاسای سزادانی دزی لە دەستووری ئەو پاشایەدا وا بوو کە لە دزەکە بدرێت و دوو قاتی نرخی ئەو شتەی دزیویەتی، غەرامە بکرێت."

﴿أَمۡ لَهُمۡ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمۡ يَأۡذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ﴾ (الشورى: ٢١).

واتە: "یان هاوەڵ و هاوبەشیان هەیە کە بۆ خوای گەورەیان داناون، تا دەستوور و یاسا و ڕێسای وایان بۆ دابڕێژین کە خودای گەورە ڕێی پێ نەداون و پێیان ڕازی نییە."

هەروەها ئایەتی: (الأنعام: ١٣٧، التوبة: ٣٦، النور: ٢، الروم: ٢٦، ٢٨ - ٣٠، الكافرون: ٦).

مەبەست لە وشەی «دین» لەو ئایەتانەی سەرەوەدا، ئەو بەرنامە و دەستوور و یاسا و ڕێسا و ڕێباز و سیستەمە فیکری و کردارییەیە کە مرۆڤ پابەند دەبێت پێیانەوە.

جا ئەگەر هەر یەکێک لەمانە و هاوشێوەیان، بەپێی شەرعی خوا داڕێژرابوو، ئەوە بێگومان ئەو کەسەی پێیەوە پابەندە و ڕایدەپەڕێنێت، لە دینی خوادایە.

ئەگەر ئەو دەسەڵات و دەستوور و ڕێبازە، پاشایەک دایڕشتبێت، هەر کەس بە یەکێکیانەوە پابەند بێت، ئەوە ئەو کەسە لە دینی پاشادایە، نەک لە دینی خوادا، ئەگەر دەسەڵات و بەرنامە و دەستوور و یاسا و بڕیاری قەشەیەک؛ یان «شێخ»ێک [یان حکومەتێک] بێت و کابرا پێیانەوە، یان بە یەکێکیانەوە پابەند بێت و جێبەجێی بکات، بێگومان ئەو کابرایە لە دینی ئەواندایە، نەک لە دینی خوادا.

بە هەمان شێوە، ئەگەر ئەو دەسەڵات و دەستوور و یاسایە، ئەو بەرنامە و

ڕێباز و بڕیارە هیی خێزانێک، یان هۆزێک؛ یان جەماوەری نەوەیەک بێت و پێچەوانەی دینی خوا بێت، هەر کەس پێیانەوە، یان بە یەکێکیانەوە پابەند بێت و جێبەجێی بکات، بە دڵنیاییەوە ئەو کەسە لە دینی ئەو دەسەڵاتدارە؛ یان ئەو هۆزە، یان ئەو جەماوەرەدایە.

بە کورتی: ئەوەی یەکێک بکاتە پشت و پەنای خۆی و بە دەسەڵاتی باڵا و سەروەری بزانێت و لە دید و ڕێی کردەوەییدا شوێن ئاراستەی ئەو بکەوێت و هەموو بڕیار و حوکمێک لەو وەربگرێت و بە حوکمی باڵای دابنێت، ئینجا بەپێی ئەو دەستوور و بڕیار و حوکمە ڕەفتار بکات، بەپێی ئاراستەی ئەوانە، یان یەکێکیان بەرنامەی ژیانی دابڕێژێت و بیگرێتە بەر؛ ئەوە لە دینی ئەو کەسەدایە، بەبێ هیچ گومان و ڕاڕاییەک بە شوێنکەوتەی دینی ئەو کەسە دادەنرێت، نەک بە شوێنکەوتەی دینەکەی خوای گەورە [مادام دەسەڵاتە باڵاکە ناشەرعییە و مافی سەروەرێتیی نییە، یان دەستوور و ڕێسا و یاساکەی پێچەوانەی شەرعە، یان بڕیار و حوکم و ئاراستەی دژ بە فەرمانی خوای گەورەیە، لەگەڵ ئاراستەی قورئان و سوننەتدا یەک نایەتەوە].

## ج. وشەی «دین» بە مانای چوارەم:

- ﴿إِنَّمَا تُوعَدُونَ لَصَادِقٌ ۝٥ وَإِنَّ ٱلدِّينَ لَوَٰقِعٌ ۝٦﴾ (الذاريات: ٥ – ٦).

واتە: "ئەوەی بەڵێنتان پێ دراوە کە هاتنی ڕۆژی قیامەتە، بە دڵنیاییەوە ڕاستە، ڕۆژی پرسینەوە و پاداشت و سزا حەتمییە و هەر دێتە پێش."

- ﴿أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ۝١ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ۝٢ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ۝٣﴾ (الماعون: ١ – ٣).

واتە: "دەبینیت ئەو کەسەی ڕۆژی پرسینەوە و پاداشت و سزا بە درۆ دەخاتەوە کێیە؟ ئەو، ئەو کەسەیە کە هەتیوان دەداتە بەر پاڵ و سوکایەتییان پێ

دەكات و جارێک كەسێک هان نادات خۆراکێک بدات بە هەژارێک."

تاوانی ئەم كەسە ئەوەندە قورس و گەورەیە، وەكوو هیی ئەو كەسە وایە كە زیندووبوونەوە و هاتنی ڕۆژی پرسینەوە و پاداشت و سزا بە درۆ دەخاتەوە.

- ﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ١٧ ثُمَّ مَآ أَدۡرَىٰكَ مَا يَوۡمُ ٱلدِّينِ ١٨ يَوۡمَ لَا تَمۡلِكُ نَفۡسٞ لِّنَفۡسٖ شَيۡـٔٗاۖ وَٱلۡأَمۡرُ يَوۡمَئِذٖ لِّلَّهِ ١٩﴾ (الانفطار: ١٧ – ١٩).

واتە: "تۆ چوزانیت كە ڕۆژی پرسینەوە و پاداشت و سزا چییە؟ پاشان تۆ چوزانیت كە ڕۆژی پرسینەوە و پاداشت و سزا چییە؟

ئەوێ ڕۆژێ ئەوەیە كە كەس بە هانای كەسێکی ترەوە ناچێت و كەس خاوەنی هیچ دەسەڵاتیک نییە. هەموو شتێکی ئەو ڕۆژە هیی خوای گەورەیە و بەس."

لەم ئایەتە پیرۆزانەدا ڕوون دەبێتەوە كە وشەی «دین» بە مانای ڕۆژی پرسینەوە (موحاسەبەكردن) و پاداشت و سزایە.

## د. بەكارهێنانی وشەی «دین» وەكوو زاراوەیەكی گشتگیر:

تا ئێرە قورئان وشەی «دین»ی بەو واتا و شێوانە بەكار هێناوە كە نزیک بووە لە دیدی باو و بڵاوی ناو عەرەبەكانی سەردەمی وەحی، بەڵام لەوەودوا دەبینین كە بە شێوەی زاراوەیەكی گشتگیری كۆكار (الجامع الشامل) بەكاری دەهێنێت و مەبەستی لێی: بەرنامە و دەستوور و یاسا و ڕێسا و سیستمی هەمەلایەنەی ژیانی تاک و كۆیە كە مرۆڤ بە كاریگەریی دینەكە ملكەچی بۆ دەسەڵاتێک دەردەبڕێت، هەر دەسەڵاتێک بێت كە دیندارانی وا دەزانن لەگەڵیدا دەگونجێن، ئینجا گوێڕایەڵیی دەكات و پەیڕەوی دەستوور و ڕێ و ڕەسمی ئەو سیستەمە دەكات، پاشان سەرئەنجامی باش پابەندبوونی بە بڕیارەكان و دەسەڵاتەكە و گوێڕایەڵی و سڵكردنەوەی لە هەڕەشەكانی؛ دەرهەق بە

سـەرپێچیکاری لە فەرمـان و بڕیـار و یاسـاکانی، چاوەڕێی پاداشـت و خەڵات و بەرزبوونەوەی پلە و پایەی دەکات.

ڕەنـگە لە هـیچ زمانێکدا زاراوەیەک بەو گشـتگیرییە بـوونی نەبێـت کە ئەو هەموو چەمک و مانایانە لە خۆ بگرێت، نزیکە وشەی (ستەیت - State) خۆی لە قەرەی ئەو چەمکە بـدات، بەڵام ئەمـیش ئەوەنـدە بەرفـراوان نیـیە، تـا هەمـوو ماناکـانی وشـەی «دیـن» بگـرێتە خـۆی، بەڵکـوو پێویسـتی بەوە هەیە کە چوارچێوەی چەمکەکەی فراوانتر بکرێت؛ تا بگاتە سنوورێکی ئەو مانایـانەی «دین».[1]

لەم ئایەتانەی خوارەوەدا، وشەی «دیـن» بەو زاراوە بەرفـراوان و گشـتی و هەمە لایەنە هاتووە:

ـــ ﴿قَـٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ ٢٩﴾ (التوبة: ٢٩).

واتە: "لەگەڵ ئەوانەدا بجەنگـن کە بـاوەڕێکی ڕاست و دروسـتیان بە خـوای گەورە و ڕۆژی دوایـی نەهێنـاوە و ئەوانە بە حەرام دانـانێن کە خـوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە حەرامیـان دانـاوە، لەوانەی کە خـاوەن

[1] باوەڕ ناکەم هیچ وشەیەکی گشتگیری وا لە هیچ زمانێکدا - ئەوەندەی زانیاریم هەبێت - بوونی هەبێت، چونکە قورئان شێوازێکی ئیجگار بەهێزی گرتووەتە بەر بەوەی کە وشەکانی بە هەموو ئەو مانایانە دەهێنێتەوە کە هۆزە عەرەبەکان بەکاریان هێناوە، مێژووی دەرکەوتن و داڕشتنی وشەکەیشـی لای هـۆزە عەرەبەکـان ڕەچـاو کـردووە، ئینجـا یەک وشـەی زاراوەیـی کردووە بە کۆگا و تەوەری هەموو ماناکان. ئاوا وشەی قورئان داڕێژراوە. دکتۆر (مساعد بن سليمان الطيار) کە زیاتر لە سی (٣٠) ساڵە لە خزمەتی تەفسیرەکاندایە، کتێبی لەسەر (المفردة القرآنية) نووسیوە، باسی مێژووی وشە قورئانییەکـان دەکات، تا ئەو کاتەی وەحی بەکاری هێناوە. کتێبەکانی زۆر بەسوودن والحمدلله. (کرێکار)

کتێبی ئاسمانین، چونکە شوێن حەق و دینە ڕاستەکەی ناکەون کە ئیسلامەکەیە، تا ئەو کاتەی ملکەچی بۆ ئیسلام [و دەسەڵاتەکەی] دەردەبڕن و ژێردەستانە باجی خۆیان دەدەن."

لە ڕستەی (لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ)دا، وشەی «دین» بە مانای یەکەم و دووەم بەکار هاتووە، لە ڕستەی (وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ)دا، وشەی «دین» بە مانای چوارەم هاتووە و لە ڕستەی (وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ)دا؛ «دین» بە مانای سێیەم هاتووە.

(دِينَ ٱلۡحَقِّ) لەم ئایەتەدا، زاراوەیەکە خوای باڵادەست خۆی فەرموویەتی و لەو سێ ڕستەی هێڵمان بە ژێردا کێشاون، مانای دین (أمر)ەکەی لێک داوەتەوە کە هەر چوار مانای «دین»ەکەیە و لە یەک ئایەتدا باسی کردوون.

- ﴿وَقَالَ فِرۡعَوۡنُ ذَرُونِيٓ أَقۡتُلۡ مُوسَىٰ وَلۡيَدۡعُ رَبَّهُۥٓۖ إِنِّيٓ أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمۡ أَوۡ أَن يُظۡهِرَ فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡفَسَادَ ٢٦﴾ (غافر: ٢٦).

واتە: "فیرعەون وتی: لێگەڕێن، با (مووسا) بکوژم، جا با هەر هاواری خوای پەروەردگاری بکات، تا قوتاری بکات! من لەوە دەترسم دینەکەتان لێ بگۆڕێت و خراپە و ئاژاوەگێڕی لە (میسر)دا بنێتەوە!"

ئەگەر سەرنجی چیرۆکی سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) و فیرعەون لە قورئاندا بدەین، ئەوا هیچ گومانێک لەوەدا نامێنێت کە وشەی «دین»، تەنیا بە مانای چەند دروشمێکی پەرستنی دینی نەهاتووە، بەڵکوو مەبەست لێی: دەوڵەت و دەستوور و یاسا و ڕێسا و دەسەڵاتی سیاسییە.

جا ئەوەی فیرعەون لێی دەترسا ئەوە بوو، ئەگەر سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە بانگەوازەکەیدا سەرکەوت، ئەوا دەوڵەت و دەستووری

ولاتـــی دەکەوێـــتە دەســـت و ڕەگوڕیشـــەی دەســـتوور و یاســـا و نەریـــتە فیرعەونییەکان لە بناغەیانەوە هەڵدەکێشێت.

بۆیە دەیویست بیانخاتە سەر ئەو خەمەی کە یان ئەوەتا لە جیاتیی سیستەم و دەستوور و یاسای فیرعەون، دەستوورێکی تر دەهێنێتە کایەوە، یان ئەوەتا دەوڵەت و کۆمەڵگە لە بەرەڵایی و بێ یاساییدا نوقم دەبێت و فەوزا و پاشاگەردانی و بێ سەروبەری سەرزەمینی وڵات بگرێتەوە.

.﴿ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُ ﴾ (آل عمران: ١٩).

واتە: "ئەو دینەی کە خودای گەورە پێی ڕازییە ببێتە دەستوور و یاسای هەموو لایەنەکانی ژیانی، تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتتان هەر ئیسلامە و بەس."

- ﴿ وَمَن يَبۡتَغِ غَيۡرَ ٱلۡإِسۡلَٰمِ دِينٗا فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡهُ وَهُوَ فِي ٱلۡأٓخِرَةِ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٨٥ ﴾ (آل عمران: ٨٥).

واتە: "هەر کەسێک غەیری ئیسلام، هەر دید و ڕێباز و بەرنامەیەک بگرێتە بەر، دوای ئەوەی کە خوای گەورە موحەممەد موستەفای (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نارد، ئەوا لێی قەبووڵ ناکرێت."

.﴿ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ٣٣ ﴾ (التوبة: ٣٣).

واتە: "ئەوە خوای گەورەیە کە پێغەمبەرەکەی خۆی (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە ڕێنمایی دینی حەقەوە ناردووە (کە ئیسلامە و هەموو لایەنێکی ژیانی تاک و کۆی مرۆڤایەتیی گرتووەتەوە)، خوای گەورە دەیەوێت دینەکەی بەسەر هەموو دین و دیدێکدا سەربخات، با موشریکان، هەر پێیان ناخۆش بێت."

-﴿ وَقَـٰتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ ٱلدِّينُ كُلُّهُۥ لِلَّهِ ۚ ﴾ (الأنفال: ٣٩).

واتە: "ئەی ئیمانداران! لەگەڵ کافر و موشریکاندا بجەنگن، تا نەبنە هۆکاری پاشگەزکردنەوەی موسوڵمانان لە دینەکەیان (یان لاوازکردنی دینداری لە ژیانیاندا) و تا شیرک سەر نەکێشێت و پەرە نەستێنێت، تا دەستوور و یاسای ژیان، هەر دینەکەی خودای گەورە دەبێت و بەس."

.﴿ إِذَا جَآءَ نَصۡرُ ٱللَّهِ وَٱلۡفَتۡحُ ۝١ وَرَأَيۡتَ ٱلنَّاسَ يَدۡخُلُونَ فِي دِينِ ٱللَّهِ أَفۡوَاجٗا ۝٢ فَسَبِّحۡ بِحَمۡدِ رَبِّكَ وَٱسۡتَغۡفِرۡهُۚ إِنَّهُۥ كَانَ تَوَّابَۢا ۝٣ ﴾ (النصر: ١ - ٣).

واتە: "هەر کاتێک سەرکەوتنی خوای گەورەتان پێ گەیشت و فەتحی مەککەتان کرد و زاڵ بوون، جا دەبینیت پۆل پۆل خەڵکی دێنە دینەکەی خوای گەورەوە و موسوڵمان دەبن، دە سا جەنابیشت زیاتر ستاییشی خوای پەروەردگارت بکە و داوای لێخۆشبوونی لێ بکە؛ بەڕاستی خوای گەورە قەبووڵکاری تەوبەیە."

- وشەی «دین» لە هەموو ئەم ئایەتانەدا، دید و تێڕوانین و بەرنامە و ڕێباز و دەستوور و یاسای ژیانی تاک و کۆی مرۆڤە، لە هەموو بوارەکانی فیکری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتییەوە، [کە وەک «ئیمان» لە ناخی تاکەکاندا دەچەسپێت و وەک (عمل صالح) لە واقیعی تاک و کۆی موسوڵماناندا دەسەلمێت و دەچەسپێت].

- خودای گەورە لە دوو ئایەتی یەکەم و دووەمدا ڕای دەگەیەنێت کە یاسای پەسەند و بەرنامەی قەبووڵکراو لای ئەو، ئەو بەرنامە و دەستوور و ڕێسایەیە کە لەسەر بناغەی «عەبدایەتی» و پەرستنی خوای گەورە دادەنرێت کە لەسەر گوێڕایەڵی و ملکەچی بۆ خوای خاوەن سەرپەرشتیار و پەروەردگار دەبێت، بۆیە

هەر بەرنــامە و ڕێبــاز و دەســتووورێک لەســەر گــوێڕایەڵیی دەســەڵاتێک کە پەیڕەویی دینی خوای گەورە ناکات، دامەزرابێت؛ ڕەفزە و وەرناگیرێت.

ئەمەش شتێکی بەڵگەنەویست و سروشتییە کە خوای گەورە بە بەرنامە و ڕێباز و دەستووری غەیری دینەکەی خۆی ڕازی نابێت، چونکە خوای کردگار، خۆی مرۆڤی خەلق کردووە و پەروەردەی دەستی خۆیەتی و خۆی سەرپەرشتی و تەگبیری هەڵسوکەوتەکانی دەکات و لە مەملەکەتی خۆیدا جێگیری کردووە و ژیانی بۆ دابین کردووە.

بۆیە نابێت سەر بۆ غەیری خوای گەورە نەوی بکات و گوێڕایەڵیی یەکێکی تر بێت و شوێن بەرنامە و ڕێباز و دەستووری یەکێکی تر بکەوێت. کورت و موختەسەر: نابێت ببێتە «عەبد»ی یەکێکی تر.

- لە ئـایەتی سـێیەمدا فەرمـوویەتی کە: پێغەمـبەرەکەی (صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) نـاردووە بە خـۆی و شـەریعەتە پـاکەکەیەوە کە ئیسـلامە، مەبەستیشـی ئەوەیە جـێگەی هەمـوو ڕێ و شـوێن و دەسـتوورەکانی ژیـان بگـرێتەوە و ببێـتە تاکە پەیامی مرۆڤایەتی.

- لە ئایەتی چوارەمدا خودای گەورە فەرمان دەکات بە ئیمانداران کە لەگەڵ هەموو کافر و موشریکاندا بجەنگن، تا دەسەڵاتی کوفر و شیرک کۆتایی دێت، بە دەربڕینێکی تر: تا هەموو دەستوور و یاسایەک کە لە خوا یاخییە، نەمێنێت و بەندایەتی و گوێڕایەڵی تایبەت بێت بە خوای پەروەردگار و پەیامەکەیەوە.

- لە ئـایەتی کۆتاییـدا (ئـایەتی پێـنجەم)، خـوای گەورە ڕووەو ڕووی پـاکی پێغەمــبەرەکەی (صَــلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَــلَّمَ) دەفەرموێــت: کاتێــک دوای هەوڵ و تێکۆشـانی بێوچـانی بیسـت و سـێ سـاڵە، شۆڕشـی ڕیشـەیی و گۆڕانکـاریی گشــتگیری ئیســلامی ڕووی دا و ئیســلام بە هەمــوو لایەن و ڕەهەنــدەکانییەوە جێگەی گشت دید و تێڕوانینە فیکری و سیاسی و پەروەردەیی و ڕەوشتی و

کۆمەڵایەتی و ئابووری و شارستانێتی کوفر و شیرک و جاهیلییەتی گرتەوە و نوێنەری هەموو هۆز و تیرەکانی عەرەبستان دەستە دەستە موسوڵمانبوون و هاتنە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی ئیسلامەوە.

ئەوە سەلمێنرا و چەسپێنرا کە سەییدنا موحەممەد (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نێردراوی خودای گەورەیە و پەیامی خوای گەورەی هێناوە و بەتەواوی گەیاندوویەتی و ئەو بەرپرسیارێتییە دنیاییەی لە ئەستۆیدا بوو بەتەواوی گەیاندی [مەنهەج و ئوممەت و بزاوتەکەی لە واقیعدا سەلماند و چەسپاند]، لەم کاتەدا خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ئەوە خوای گەورەیە کە [مەنهەج و ئوممەت و بزاوت]ەکەی بۆ تەواو کردوویت و هەموو دەسەڵاتێکی ناوچەکەی خستووەتە دەست جەنابتەوە، دە سا جەنابیشت دان بە پاکی و بێخەوشیی خوای گەورەدا بنێ و بە دووری بگرە لە هەموو کەموکوڕییەک و ستاییشی بکە و شوکرانەبژێری بە لەسەر هەڵبژاردنت و پشتگرتنت و سەرخستنت، چونکە بە یارمەتیی ئەو بوو کە توانیت ئەو ئەرکە زۆر گەورەیەی خرایە ئەستۆت جێبەجێ بکەیت؛ داوای لێ بکە و بڵێ: خوایە! هەر هەموو سەرکەوتنەکە لە لایەن خبۆتەوە بووە.

خوایە! لە کەموکورتیی من ببوورە کە لە ماوەی ئەم بیست و سێ ساڵەی پێغەمبەرێتیمدا لێمەوە دەرکەوتووە. خوایە لێم خۆش بە.[١]

ئامین، خوایە لە ئێمەش خۆش بە.

---

[١] باسە نەقڵکراوەکەی ئیمامی مەودوودی، لێرەدا تەواو بوو.

## تۆخکردنەوەی چەند خاڵێکی بنەڕەتیی عەقائیدی:

لە فەرهەنگەکانی: (لسان العرب، ب ١٧، ل ٢٤ - ٣٠) و (معجم مقاييس اللغة، ب ٢، ل ٣١٩)دا هاتووە کە:

**یەکەم:** وشەی (دانَ) مانا و پێچەوانەکەی دەدات:

- ماناکەی: هێزی ملکەچکار و بەدەسەڵات و حوکمدارە.
- پێچەوانەکەی: ملکەچکردن و زەلیلی دەربڕین و تەسلیمبوون بە هێزێکی ملکەچکار و بەدەسەڵات و حوکمدارەکە.

- مانای یەکەم: وەسفی خوای گەورە بە سیفەتەکانی: پەروەردگاریێتی و کردگاریێتی و حاکمێتی و سەرپەرشتیاریێتیی مەخلووقاتەکانی (واتە: الربوبية).

- مانای دووەم: وەسفی «عەبدێتی»یە بۆ خوای پەروەدگار کە بریتییە لە: گوێڕایەڵی و ملکەچی و زەلیلی دەربڕین و پەرستن (واتە: الألوهية).

■ دەوترێت: (دانَ الناسَ)، واتە: خەڵکەکەی خستە ژێر هێز و دەسەڵاتی (قاهر)ی خۆی و ناچاری کردن بە گوێڕایەڵی و ملکەچی.

■ (دنتم فدانوا): من خستنمە ژێر ڕکێفی خۆم و ناچارم کردن ملکەچ بکەن، ئەوانیش ملکەچ و گوێڕایەڵم بوون.

- دەبینیت وشەی «دین» لە وشە دژەکان (الكلمات الأضداد)ـە، واتە: وشەیەک مانایەک دەدات و مانای پێچەوانەکەشی دەدات.

بۆ نموونە: وشەی (مَولی) واتە: (السيد والمطاع)، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَنتَ مَوۡلَىٰنَا﴾ (البقرة: ٢٨٦).

واتە: "خوایە! تۆ گەورەمانی، ئەوەی کە دەبێت ملکەچت بین." دەشوترا: (بلال مولی أبي بكر)، واتە: "بیلال (ی حەبەشی) کۆیلەی سەییدنا ئەبوبەکری سددیقە (خوا لێیان ڕازی بێت)." وشەکە لە یەک کاتدا مانای خاوەن کۆیلە و کۆیلەکەیشیی گەیاند. وشەی «دین»یش هەر وایە، خاوەنی هێز و ملکەچکارەکەیە و تەسلیمبوونە بە خاوەن هێزە ملکەچکارەکە.

لەم جۆرە وشانە، لەو فەرهەنگە ناو براوانەدا زۆرن. زانایەکی زمانەوانیی گەورە وەکوو «ئیبنو سککیت» کتێبێکی سەربەخۆی لە سەر ئەو وشانە داناوە، هەر بەو ناوەوە (الكلمات الأضداد)، واتە: وشە دژ بە یەکەکان.

ئیمامی مەودوودی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەر دوو ماناکەی هێناوەتەوە (بێ ئەوەی ئاماژە بەم خاڵەی مانادارەکەی بکات)، بینیت فەرمووی:

(لەبەر ئەوەیە کە دەبینیت لە قورئاندا وشەی «دین» جێگەی سیستەمێکی تەواو دەگرێتەوە کە لە چوار بەش پێک دێت:

١. فەرمانڕەوایەتی و دەسەڵاتی باڵای ناچارکردن.

٢. گوێڕایەڵی و ملکەچی دەربڕین بۆ ئەو دەسەڵاتە باڵایە.

٣. ئەو یاسا و ڕێسا و دەستوورەی خەڵک پەیڕەویان دەکەن، فیکری بێت، یان کۆمەڵایەتی.

٤. موحاسەبە و پرسینەوە و پاداشتدانەوە و سزادان لەسەر ئەو کارانەی ئەنجام دراون.

**دووەم:**هەموو ئیسلام لە چوار ماناکەی وشەی «دین»دا کۆدەبێتەوە:

**مانای یەکەم:** ئاماژەیە بۆ «عەقیدەی تەوحید» کە بریتییە لە: ناسینی خوای کردگار و پەروەردگار بە ناوە جوانەکانی و سیفەتە کامڵەکانی خۆی.

**مانای دووەم:** ئاماژەیە بۆ ئەنجامدانی خواپەرستییەکان و نواندنی

عەبدایەتیی تەواو بۆ خوای گەورە، بەو شێواز و چۆنێتییانەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕوونی کردووەتەوە.

**سێیەم:** ئامـاژەیە بـۆ پابەنـدبوون بە شـەریعەتەکەی خـوای گەورەوە، بە پاراستنی سنوورەکانی حەڵاڵ و حەرام.

**چوارەم:** ئاماژەیە بۆ ئەو چارەنووسەی ڕۆژی قیامەت کە لەسەر زانین و پابەنـدبوونی مرۆڤەکـانەوە، بە سـێ مانـاکەی یەکەمینـی دینـەکەوە: (عەقیـدە، عیبـادەت، شـەریعەت) دادەمەزرێـت کە سـێ مەیـدانی خـوا بە یەک ناسـی (تەوحید)ن.

کە وا بـوو: مانـای چـوارەم لەسـەر پابەنـدبوونە بە سێ مانـاکەی یەکەمەوە، کـابرا، ئەگەر خـوای گەورەی بەتەواوی ناسـی و پـاک و تـاک و سەرڕاسـتانە پەرسـتی و بە شـەریعەتەکەیەوە پابەنـد بـوو، شـایانی پاداشـتی خـوای گەورە دەبێت.

ئەگەر لە یەکێکیش لەم سێ مەیدانەدا کەمتەرخەم بێت، شایانی سزا دەبێت، لەم ڕوانـگەوەیە کە مانـای (یـوم الـدین) ناشـێت بکـرێتە «ڕۆژی دوایـی»، یـان «ڕۆژی قیامەت»، یان «ڕۆژی پرسینەوە»، چونکە «پرسینەوە» بەشێکە لە مانای چوارەمی «دین».

**سێیەم:** دەشێت مانای یەکەم و دووەم پێکەوە گرێ بدرێنەوە و ببنە مانای «خواناسین»، مانای سێیەمیش دەبێتە: پابەندبوونی ویست و ئیرادەی موسوڵمان بەو خواناسییەوە و ڕووتێکردنی بە پەرستن. ئەمە، ئەوەیە کە ئیمامی ئیبنولقەییم ناوی ناوە: (توحید الإرادة والقصد).

مانای چوارەمیش لای ئیمامی مەودوودی، دەبێتە مانای سێیەمی «دین»ەکە کە لە لای ئیمامی ئیبنولقەییمیش بریتییە لە: «ڕۆژی پرسینەوە و پاداشت و سزا».

* * *

هیــوادارم خــوێنەرانی بەڕێــز کتێــبەکەی ئیمامــی مەودوودی، «چــوار زاراوەکەی قورئــان» زۆر وردەکــارانە بخــوێنن، نەک هەر «موتــاڵەعەکردن»ی، چونکە لاپەڕەی یەکەمی تێگەیشتنی دینەکەیە، بە تایبەتی عەقیدەکەی.

*** ئایەتی پێنجەم: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾.**

**واتە: هەر تۆ دەپەرستین و داوای یارمەتییش هەر لە تۆ دەکەین.**

- (**إيّا**): ڕاناوی جیایە (ضمير منفصل)، (كاف و هاء و ياءٌ)ی بۆ دەبێتە پاشگر و دەبێتە: (إيّاك، إيّاهُ، إيّاها، إيّاي).

ئەم سێ پیتە پاشگرە، پیتی ڕوونکردنەوە (أحرف البيان)ن، بۆ ئەوەیە، تا ڕوونی بکەنەوە کە (إيّا) بۆ کێ بەکار هاتووە: (إيّاك) بۆ دوواندنی کەسی دووەمە و (إياهُ/ اياها) بۆ کەسی سێیەمە و (إيّاي) بۆ کەسی یەکەمە کە تاکێکی دوواوە.

- (إيّاكَ) هەر تۆ بە تەنیا، مانای ڕستەکە: (نَعْبُدُكَ: دەتپەرستین)، بەڵام لێرەدا (مفعول بهِ)یەکە کە ڕاناوی (إيّاك)ەیە، چووەتە دەستپێکی ڕستەکەوە، تا مانای (حَصْر) بدات.

واتە: تەنیا تۆ دەپەرستین، لە هەمان کاتیشدا مانای بایەخپێدانە کە هەم پەرستنت جێی بایەخمانە و هەم خۆت جێی بایەخمانی، بۆیە دەتپەرستین.

- (العبادة: پەرستن): لووتکەی مەبەستە لە خۆشویستن و خۆ زەلیلکردندا بۆ پەرستراوەکە.

- ئیبنو کەسیر دەفەرموێت: "عیبادەت لە زاراوەی شەرعدا بریتییە لە: هەر ڕەفتارێک کە خۆشەویستی و ملکەچی و ترس لە خۆ بگرێت."

هەر ڕەفتارێکت بەو سێ سیفەتەوە لەگەڵ کەسێکدا کرد، ئەوە پەرستووتە (بێگومان لە ڕەفتاری وادا کە تایبەتن بە پەرستن، هەر وەک چۆن کوڕێک، یان

کچێک فەرمانی دایک و باوکی جێبەجێ دەکات)، هەر کەسێک تا پلەی خۆشەویستی بۆ شتێک دربڕێت، حەتمەن کردوویەتی بە شەریکی خوای گەورە (نِدّ) لە خۆشەویستی و بە مەزن داناندا.

وتمان: کۆتاپلەی خۆشەویستی، نەک خۆشەویستییە سروشتییە سنووردارەکە بەرانبەر دایک و باوک و ئەولاد و موڵک و سامان و... هتد.

خۆشەویستی لەمان زیاتر بۆ پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، چونکە دەفەرموێت: (**والذي نفسي بيدِهِ لايؤمِنُ أحدُكُم حتَّى أكونَ أحبَّ إليهِ مِن والِدِهِ وَوَلَدِهِ والناس أجْمَعينَ**).[١]

واتە: "بەوەی گیانی منی بەدەستە (سوێندە بە خوای گەورە) کەستان باوەڕی نابێت[٢]، تا منی لا خۆشەویستتر نەبم، لە باوک و ئەولاد و هەموو خەڵکی.

ئەم خۆشەویستییەش تایبەت و لە سنووری خۆیدایە، بەڵام خۆشویستنی خوای تاک و پاک یەکەمە و نابێت خۆشویستنی هیچ شتێکی تر بگاتە ئاستی، تەنانەت خۆشویستنی پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە لە سنووری بەشەرێتی و گەورەیی و فەزڵی خۆیدا دەمێنێیەوە، بەڵام خۆشەویستیی خوای گەورە؛ ئەوە لەو ئاستەدایە کە هەر هەموو خۆشەویستییەکانی تر، نە وەک ئەون و نە دەگەنە ئاستی ئەو. خۆشویستنی کەسێک، یان شتێک و بە مەزندانان و هۆگربوونی لەگەڵ ترسان لە ڕەنجاندن و سزای، بە هیچ شێوەیەک نابێت بگاتە ئاستی خۆشویستنی خوای گەورە، دەنا دەچێتە خانەی شیرکەوە.

---

[١] بوخاری (١٥)، موسلیم (١٧٧).

[٢] (ئیمامی ئیبنو دەقیق العید) و ئیبنو عوسەیمین (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) دەفەرموون مەبەست لێی: کامڵ نەبوونی ئیمانێتی، نەک نەفیکری ئیمانی: (شرح الأربعين النووية) بە شەرحی (ئیمامی نەوەوی و ئیبنو دەقیق العید و عبدالرحمن بن ناصر السعيدي و عبدالعزيز فيصل آل مبارك و بن عثيمين)، (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت). بڵاوکار: مؤسسة الزاد، القاهرة، چاپی یەکەم ١٤٣٣ک/ ٢٠١٢ز، (ل ٢٦٣ - ٢٧٥). (کرێکار).

«ئەبولزەناد»ی پێشەوای تابیعین دەفەرموێت: "ئەم فەرموودەیە کۆی زۆر مانایە. خۆشەویستی سێ جۆرە: خۆشەویستی دەربڕن لەبەر ڕێز و گەورەیی، وەکوو خۆشویستنی باوک.. خۆشویستنی سۆز و بەزەیی، وەکوو خۆشەویستیی باوک بۆ ئەولادی.. خۆشویستنی قەدرزانینی وەک یەک، وەکوو خۆشویستنی کەسوکار و هاوڕێ و خەڵکی تر."

ئەمانە ئاستی یەکەمی خۆشەویستین. ئاستی دووەمینی بۆ پێغەمبەری خوایە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە دەگاتە کوشتار لەسەر ناو و ڕێز و پلەی خۆی و پێغەمبەرێتییەکەی، هەر وەک چۆن سەییدنا ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕڕاح (خوا لێی ڕازی بێت) باوکی خۆی کوشت، چونکە سووکایەتیی بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردبوو! لە «بەدر»یشدا لە بەرەی موشریکەکاندا بوو. سەییدنا ئەبوبەکریش (خوا لێی ڕازی بێت) هەر لەو غەزایەدا بە دوای عەبدولڕەحمانی کوڕیدا گەڕا کە لەبەرەی کافران بوو، تا بە دەستی خۆی بیکوژێت. ئاستی سێیەمین بریتییە لە خۆشەویستیی خوای گەورە کە هەر ڕەفتارێک پێچەوانەی فەرمانی ئەو بێت، ڕەت دەکرێتەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ۗ﴾ (البقرة: ١٦٥).

واتە: "لەناو خەڵکیدا کەسانی وا هەن لە جیاتیی خوای گەورە، هیی تریان بە مەزن و خۆشەویست داناوە و چوونیەک (المماثل)ی خوای گەورەیان کردوون!"

ئەوانە هەر دەبوو خوای گەورەیان بەو ڕادە و بڕ و چۆنێتییە خۆش بویستایە، وەکوو موسوڵمانەکان کە کۆتا پلەی خۆشەویستییان هەر بۆ خوای گەورەیە..

ئیمامی شەوکانی لە (فتح القدير)دا لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:[1]

---

[1] فتح القدير/ ب١/ ل ١٦١، بڵاوکار: دار الكتاب العربي/ بيروت ١٤٢٣ک / ٢٠٠٧ ز.

"باسی لە موشریکانی عەرەبە کە نەک هەر بتەکانی خۆیان دەپەرست، بەڵکوو ئەوەندە هۆگریان بووبوون و خۆشیان دەویستن کە لە مەزنێتی و خۆشویستندا، گەیاندبوویياننە ئاستی خۆشویستن و مەزنیی خوای گەورە، بەڵام موسوڵمانان خوای گەورەیان لەو ئاست و ڕادە و بڕە زیاتر خۆش دەوێت کە موشریکەکان خواکانی خۆیان خۆش دەوێت."

بێگومان ملکەچیی ڕەها دەربڕین و ترس و تۆقین، لە کەس و شتێک بە جۆرێک کە وای لێ دەکات هەموو فەرمانێکی وەربگرێت و بێ چەند و چوون ڕاپەڕێنێت و هیچ بڕیار و فەرمانێکی ڕەت نەکاتەوە، یان توخنی هیچ بەرهەڵستییەکی ئەو نەکەوێتەوە! ئێ ئەوە هاوبەش دانانە لە مەزنێتی و خۆشەویستی و هۆگریی (أنداد)دا.، وەکوو: دەروێشایەتی و کەڕە مەزهەبییەت و حیزبایەتی و شوێنکەوتنی تاغووتانی حوکم. ئەمانە پەرستیارانی شێخ و سەرمەزهەب و سەرۆک حیزب و حاکمە کافرەکانن.

- دوای سێ ئایەتی یەکەم، خوای گەورە لە ئایەتی چوارەمدا باس لە دواندنی دوو لایەن دەکات: دوێنراو کە خوای تاک و پاکە و دوێنەر کە عەبدەکەیە و دەڵێت: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ﴾، تا عەبدەکە هزر و دڵ و هۆشی کۆبکاتەوە و تەرکیز بکاتە سەر گوفتارەکەی کە بە خوای کردگار و پەروەردگاری دەڵێت: خوایە! تەنیا تۆ دەپەرستین و بەس.

کە بە شێوازی کۆی دوێنەر (جمع المتكلمين) دەفەرموێت: ﴿نعبُدُ﴾ بۆ ئەوەیە کە ڕای بگەیەنێت کە ئەم عەبدە خۆی و هەموو عەبدەکانی تر کە وەکوو ئەون، تەنیا خوای تاک و پاک دەپەرستن و بەس.

- هەندێک دەفەرموون: لەبەر ئەوەیە کە حاڵەتی دواندنی عەبدەکە بۆ خوای گەورە و مەزن، ئەوەندە پیرۆز و بەسام و هەیبەتە، عەبدەکە خۆی زۆر لەوە بە بچووکتر و کەمتر دەزانێت بە تەنیا بێتە پێشەوە و لەگەڵ خوای گەورەدا

بدوێت، بۆیە دەڵێت: ئێمە هەموومان هەر تۆ دەپەرستین و بەس. ئەو نوونەی (نعبدُ) و (نستعين) بۆ خۆ بە مەزن زانین نییە، بەڵکوو بۆ خۆ بە بچووک و بەکەمزانین (التواضع)ە.

. پەرستنی پێش داوای یارمەتیی کردووە، بۆ ئەوەی (نعبدُ) هۆکار و پێشەکیی بێت بۆ بەدەستهێنانی یارمەتییەکە. هۆکار گرتنە بەر، ڕێی بەرجەستەی گەیشتنە مەبەستە.

- هەروەها پێشخستنی (نعبدُ)ـەکە، بۆ بایەخدانە بە مافی خوای گەورە پێش داواکردن لێی، واتە: مافی خوای گەورە بدە کە ئەرکی سەرشانتە، ئینجا داوای یارمەتیی لێ بکە.

. ئیبنو جەریر و ئیبنو ئەبو حاتەم ڕیوایەتیان لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕاوەتەوە کە دەیفەرموو: "(إياك نعبدُ)، واتە: خوایە! هەر تۆ بە تاکە خوا دەزانین، تەنیا لە تۆش دەترسین، نەک لە یەکێکی تر."

- ئەداکردنی فەرزەکانی پەرستن، بە مەرجە داواکراوەکانی خۆیانەوە، هۆکاری بەدەستهێنانی مەددەدی خوایی و یارمەتیدان و سەرخستنێتی، ئەنجامەکەش دیارە کە سەرکەوتنی دنیا و سەرفرازیی قیامەتە.

بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە دوعایدا دەیفەرموو: (اللهمَّ أعنِّي على ذكركَ وشُكركَ وَحُسْنِ عِبادَتِكَ).[1]

واتە: "خوایە! یارمەتیم بدە لەسەر یادکردنت، لەسەر سوپاس و ستاییشکردنت، لەسەر ڕاست و پاک پەرستنت."

ئاوا هەست دەکەیت کە (العبادة) و (الإستعانة) لازم و مەلزومی یەکن. دەڵێن: خوایە! هەر تۆ دەپەرستم و داوای یارمەتی هەر لە تۆ دەکەم و بەس،

[1] رواه أبوداود والنسائي، وصححه الشيخ الالباني. (ت)

پەرستنم بۆ یارمەتیدانی زیاترمە، یارمەتیدانیشم بۆ خواپەرستنی زۆرترمە.

ـ (إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ): داوای یارمەتی، هەر لە تۆ دەکەین و بەس، لە هیچ یەکێکی تر داوا ناکەین.

- (الإستعانة) ئیعتیماد کردنە سەر خوای گەورەیە لە بەدەستهێنانی سوود و دوورخستنەوەی زیاندا، لەگەڵ هەبوونی متمانەی تەواو بە یارمەتی و مەدەدی خوای گەورە.

- داوای یارمەتیکردنەکە وەکوو پەرستنەکە گشتییە، بۆ ئەوەی زۆر موحتاجییێتی ئێمە ڕوون بکاتەوە، هەروەها زۆریی لوتف و میهرەبانیی ئەو کە یارمەتیی زۆرمان دەدات.

واتە: خوایە! ئێمە بۆ ئەنجامدانی پەرستنت، بۆ دینداریمان و زیاتر پەیوەستبوونمان بە شەریعەت و بانگەوازەکەتەوە، بۆ فەرمان بە چاکە و بەرهەڵستی لە خراپە و لە جیهاد و وەستاندنی دەستدرێژی و زوڵم و حوکمی تاغووتان، پێویستمان بە یارمەتیتە؛ هەر وەک چۆن لە هەناسەدان و خواردنەوە و خواردندا پێویستمان بە یارمەتیتە، هەر وەک چۆن لە پەیداکردنی بژێوی و چارەسەری نەخۆشی و دەبرکردنی پێداویستییەکانماندا پێویستمان بە یارمەتیتە.

- ئیبنو کەسیر لە قەتادەوە دەگێڕێتەوە کە دەیفەرموو: "(إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ) فەرمانتان پێ دەکات کە پەرستنتان، تەنیا بۆ ئەو بێت و بەس، داوای یارمەتییش لە هەموو کاروبارێکتاندا، هەر لەو بکەن و بەس."

- داوای یارمەتییەکە: (نستعین)ی خستووەتە دوای (نَعْبُدُ)ـەکەوە، چونکە عەبد لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی خواپەرستیدا، زۆر پێویستی بە کۆمەک و یارمەتیی خوای گەورەیە؛ لە بەهێزکردنی ویست و ئیرادەیدا، لە هیممەتبەرزی و لەشسووکی و حەزی خواپەرستیدا، لە بەهێزکردنی ئیمان و تەقواکاریدا. ئەگەر خوای گەورە یارمەتیدەری عەبد نەبێت، عەبد هیچی بۆ ناکرێت، نە لە

خواپەرستی و نە لە دینداریێتیی بەردەوام و نە لە کاروباری ڕۆژانەیدا.

- ئیمامی موسلیم لە موعەللای کوڕی عەبدولڕەحمان «معلی بن عبدالرحمان»ەوە، لە باوکییەوە، لە ئەبوهورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (يَقولُ اللهُ تَعالى: **قسمتُ الصلاةَ بيني وبين عبدي نصفين، نصفُها لي ونصفُها لعبدي ولعبدي ما سألَ، إذا قالَ العبدُ: ﴿ الحمدُ للهِ ربِّ العالمين ﴾ قالَ اللهُ: حمِدني عبدي، وإذا قالَ: ﴿ الرَّحمنِ الرَّحيم ﴾ قالَ: أثنى عليَّ عبدي، فإذا قالَ: ﴿ مالكِ يومِ الدينِ ﴾ قال: مجّدني عبدي، فإذا قالَ: ﴿ إياكَ نعبدُ وإياكَ نستعينُ ﴾ قال: هذا بيني وبين عبدي ولعبدي ما سألَ، فإذا قالَ: ﴿ اهدنا الصراطَ المستقيمَ صراطَ الذين أنعمتَ عليهم غيرِ المغضوبِ عليهم ولا الضالينَ ﴾ قال: فهؤلاءِ لعبدي ولعبدي ما سألَ**).

واتە: "خوای گەورە دەفەرموێت: نوێژم کردووە بە دوو بەشەوە: نیوەی بۆ من و نیوەکەی تری بۆ عەبدەکەم، عەبدەکەم هەرچییەکی تریش داوا بکات مافی خۆیەتی. کاتێک کە عەبدەکەم دەڵێت: ﴿**الحمدُ للهِ ربِّ العالمين**﴾، خوای گەورە دەفەرموێت: عەبدەکەم ستاییشی کردم و پەرستمی.

کە دەڵێت: ﴿**الرَّحمنِ الرَّحيمِ**﴾، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: عەبدەکەم مەدحی لایەق و شیاوی کردم.

کە دەڵێت: ﴿**مالكِ يومِ الدينِ**﴾، خوای گەورە دەفەرموێت: عەبدەکەم منی بە مەزن و بەڕێز دانا.

کە دەڵێت: ﴿**إياكَ نعبدُ وإياكَ نستعينُ**﴾ ، خوای گەورە دەفەرموێت: ئێرە نێوان من و عەبدەکەمە، با عەبدەکەم چیی دەوێت داوای بکات [واتە: مافی منی دا بە بەجێهێنانی ناسینم و پەرستنم، با ئەویش مافی خۆی وەربگرێت].

کە دەڵێت: ﴿**اهدنا الصراطَ المستقيمَ صراطَ الذين أنعمتَ عليهم غيرِ المغضوبِ عليهم ولا الضالينَ**﴾، خوای گەورە دەفەرموێت: باشە با ئەوە بۆ عەبدەکەم بێتە دی، هەروەها داوای هەر چییەکی تریش کە دەیکات."

* «ئەبولقاسمی بەغەویی» و «بارودی» کە هەردووکیان کتێبیان هەیە بە ناوی: (معرفة الصحابة)، ئەمان و تەبەرانی لە (الأوسط) و ئەبو نوعەیم لە (دلائل)دا لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە، هەروەها لە ئەبو تەڵحەوە (خوا لێی ڕازی بێت) کە فەرموویانە: **(كُنا مع رسول الله (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) في غزاة، فَلَقي العدوَّ، فَسَمعتُهُ يقولُ: يا مالك يوم الدين، إيّاك نعبُد وإيّاك نستعين، قالَ: فلقَد رأيتُ الرجالَ تُصْرَعُ فتضربُها الملائكة من بين يَدَيها ومِن خَلْفها).**

واتە: "لە غەزایەکدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووین، ڕووبەڕووی دوژمن بووەوە، گوێم لێ بوو دەیفەرموو: (يا مالك يوم الدين إيّاك نعبدُ وإياك نستعين).

دەفەرموێت: دەمبینی پیاو دەکوژران و دەکەوتن، فریشتە لەملاولای پێغەمبەری خواوە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێیاندا دەکێشان."

## • شیکاری زمانەوانییانەی «عەللامە ڕاغیبی ئەصفەهانی» بۆ وشەی (عَدَد)[1]:

**- (عبد).**

(العُبوُديّة): نیشاندانی زەلیلییە، (العِبادة) لەو کاریگەرترە، چونکە گشتگیرتر و ڕەوانبێژانەترە، لەبەر ئەوەی کۆتا پلەی زەلیلییە؛ بۆ هیچ یەکێکی غەیری خوای گەورە دەرنابڕدرێت، چونکە ناز و نیعمەتەکانی خوای گەورە لەسەر هەموو مەخلووقاتەکانی [بە تایبەتی مرۆڤ] لە ژمارە نایەن.

---

[1] مفردات ألفاظ القرآن، توێژینەوەی صفوان عدنان داودي، بڵاوکار دار العلم/ دمشق - چاپی سێیەم ١٤٢٣ک/ ٢٠٠٢ز. (ل ٥٤٢ - ٥٤٣).

بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُ﴾ (الإسراء: ٢٣).

واتە: "خـوای گەورە فەرمـانی بەسـەرتاندا داوە و داوای پابەندییشـی لـێ کردوون کە جگە لەو، هیچی تر نەپەرستن."

**عیبادەت (خواپەرستی) دوو جۆرە:**.

■ خواپەرستییەک کە بە دەستەبەرکردنە و سەرپشکیی تێدا نییە، چونکە ناچارە وا خواپەرست بێت.

ئەمە مرۆڤ و ئاژەڵ و باڵندە و خشۆک و هەموو گیانلەبەران دەگرێتەوە، وەکوو سوجدەبردنیان بۆ خوای تاک و پاک کە دەفەرموێت:

﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا﴾ (الرعد: ١٥)

واتە: "هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندایە (لە خاوەنی ژیری و هاوشێوەیان) کڕنـووش بـۆ خـوای گەورە دەبەن، ملکەچییـانە بێـت، یـان بە ناچـاری." هەروەهـا دەفەرموێت: ﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلْأَرْضِ مِن دَآبَّةٍ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ ﴿٤٩﴾﴾ (النحل: ٤٩).

واتە: "هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەمیندایە (ژیر و نـاژیر)، هەمـوو کڕنـووش بـۆ خـوای گەورە دەبەن، هەرچـی کە بەسـەر زەمینـدا دێـت و دەچێـت، هەروەها فریشتە کە لە خواپەرستندا فیز و لووتبەرزی نانوێنن."

■ خواپەرسـتییەکی تـر ئەوەیە کە سەرپشـکانەیە، خواپەرسـتەکە ئـازادە دەیکـات، یـان نـا، ئەمیـان تـایبەتە بە مـرۆڤ و جنـۆکە و هاوشـێوەیان، ئەمـانە فەرمانیان پێ دراوە کە خوای گەورە بپەرستن.

وەکوو دەفەرموێت: ﴿ٱعْبُدُواْ رَبَّكُمُ﴾ (البقرة: ٢١).

واتە: "خوای پەروەردگاری خۆتان بپەرستن."

هەروەها: ﴿وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ﴾ (النساء: ٣٦).

واتە: "خوای گەورە بپەرستن."

**- (العَبد): بەندە: کۆیلە، چوار جۆری هەیە:**

**١. عەبدی شەرعی:** واتە: بە حوکمی شەریعەتی خوا بووە بە کۆیلە، ئەمە ئەو مرۆڤەیە کە دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت کە لە قورئاندا باسی هاتووە، چ لە باسی گشتیدا، چ لە باسی حەقسەندنەوەدا؛ چ لە باسی ئازادکردنیاندا، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا عَبۡدًا مَّمۡلُوكًا﴾ (النحل: ٧٥).

واتە: "خوای گەورە نموونە بە کۆیلەیەک دەهێنێتەوە کە خاوەنی هەیە (کڕیویەتی)." هەروەها: ﴿وَٱلۡعَبۡدُ بِٱلۡعَبۡدِ﴾ (البقرة: ١٧٨).

واتە: "کوشتنەوەی کۆیلەی قاتڵ کە کۆیلەیەکی کوشتووە." هەروەها لە باسی ئازادکردنیدا، وەکوو کەفارەتی کوشتنی موسوڵمانێک:

﴿وَمَن قَتَلَ مُؤۡمِنًا خَطَـًٔا فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مُّؤۡمِنَةٖ وَدِيَةٞ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهۡلِهِۦٓ﴾ (النساء: ٩٢).

واتە: "ئەگەر کەسێک موسوڵمانێکی بە هەڵە کوشت، دەبێت کۆیلەیەکی موسوڵمان ئازاد بکات لەگەڵ خوێنبایی کوژراوەکەدا کە دەدرێت بە کەسوکاری."

**٢. عەبدی خەلقکراو:** واتە: لەبەر ئەوەی خاوەنەکەی خەلقی کردووە بووە بە عەبدی، ئەوە هەر بۆ خوای گەورە دەبێت، چونکە کەس نییە یەکێکی تری خەلق کردبێت، لەم ڕوانگەیەوەیە کە دەفەرموێت: ﴿إِن كُلُّ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ إِلَّآ ءَاتِي ٱلرَّحۡمَٰنِ عَبۡدٗا ٩٣﴾ (مریم: ٩٣).

واتە: "هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندایە، هەموویان بە عەبدێتی دەگەڕێنەوە لای خوای بەبەزەیی."

**٣. عەبدێکی سەرڕاستی خوای گەورە:** وەکوو لە باسی سەییدنا ئەییوبدا (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: ﴿وَٱذۡكُرۡ عَبۡدَنَآ أَيُّوبَ﴾ (ص: ٤١).

واتە: "بیر لە «ئەییوب»ی عەبدمان بکەرەوە، یادی بکە." هەروەها سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت): ﴿إِنَّهُۥ كَانَ عَبۡدٗا شَكُورٗا﴾ (الإسراء: ٣).

واتە: "«نووح» کە عەبدێکی سوپاسگوزار و شوکرانەبژێر بوو." هەروەها سەییدنا موحەممەد (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): ﴿نَزَّلَ ٱلۡفُرۡقَانَ عَلَىٰ عَبۡدِهِۦ﴾ (الفرقان: ١).

واتە: "ئەوە خوای گەورەیە کە قورئانی ناردە خوارەوە بۆ عەبدەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)."

**٤. عەبدی دنیا: دنیاپەرست:** ئەوە ئەو کەسەیە کە شەو و ڕۆژی داوەتە دەم یەک و هەر لە هەوڵی دنیاخۆریدایە. لە خزمەتی ئاواتەکانی دنیایدایە، ناپەرژێتە سەر ڕۆژی دوایی!

عەبدی پارە و پوولە! وەکوو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە فەرموودەی سەحیحدا دەفەرموێت: **(تَعِسَ عَبدُ الدِّرهمِ وتَعِسَ عَبدُ الدينار).**[١]

واتە: "کلۆڵ و داماو و ڕەنجەڕۆ، عەبدی درهەمە.. عەبدی دینارە کە داماو و ڕەنجەڕۆیە."

لەم مانایەوەیە کە دەوترێت: خۆ هەموو کەسێک عەبدی خوای گەورە نییە، «عەبد» لێرەدا بە مانای (عابد: پەرستیار)ـە، بەڵام وشەی «عەبد» گشتگیرترە لە «عابد».

---

[١] سەحیحی بوخاری، کتاب الرقائق، ب ٧/ ١٧٥.

هەمـوو مـرۆڤ و هەر هەمـوو مەخلووقـات عەبـدی خـوای گەورەن، لێـرەدا کۆی عەبد دەبێتە (عِباد)، ئیدی (عباد)ی وا هەیە سەر پشکانە و سەربەستانە عەبدێتیی خوای گەورە دەکات و هەیە بە ناچاری و تۆپزی.

کـۆی (عەبـد: کـۆیلە): (عَبید)ـە، کـۆی (عەبـد: بە مانـای عابـد: پەرسـتیار: (عباد)ـە کە دەوترێـت: (عَبیـدُ الله) هەمـوو مـرۆڤ و گیـانلەبەران و بێگیانەکـان دەگرێتەوە، بەڵام (عبادُ الله) هەر پەرستیارەکانی دەگرێتەوە.

بۆیە خوای گەورە لە وەسفی خۆیدا دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَنَا۠ بِظَلَّـٰمٍ لِّلۡعَبِيدِ ۝٢٩﴾ (ق: ٢٩).

واتە: "من بە هیچ کلۆجێک، بە هیچ ڕادە و بڕ و چۆنێتی و شێوازێک ستەم لە عەبدەکانم ناکەم."

واتە: لە هەمـــوو گیـــانلەبەرانم، نە لەوانەی پەرســـتیارمن و سەرڕاســـتانە دەمپەرستن و نە لەوانەش کە یاخی بوون.

## کورتە باسێکی (العبادة) و (الإستعانة)[1]

نهێنیی خەلقکردن و فەرمان درەکردنی خوای گەورە (الخلق والأمر) و سەرچاوە و باسی پەیام و کتێب و ئەحکامەکانی شەرع و دیاریکردن و جێبەجێکردنی پاداشت و سزا و... هتد، هەموویان دەگەڕێنەوە سەر ئەم دوو زاراوەی: (العبادة) و (الإستعانة)یە.

ئەم دوو زاراوانە بوونەتە ئەو تەوەرەی کە تەوحیدی بە دەوردا دەگەڕێت، بۆیە وتراوە: خوای گەورە (١٠٤) سەد و چوار کتێبی خۆی بۆ مرۆڤایەتی ناردووە، مانای هەموویان لە: ( تەورات و ئینجیل و قورئان)دان، مانا و واتا و مەبەستی هەر سێ کتێبەکەش لە قورئاندان، هەموو مانا و مەبەستی قورئانیش وا لە سورەتە درێژەکان (المفَصَّل)دا، هەموو مانا و مەبەستی ئەوانیش وا لە سورەتی «فاتیحە»دا. لە ﴿إياك نَعْبدُ وإياك نستعين﴾دا.

ئەم دوو زاراوەیە دوو بەشی لێک دانەبڕاو پێک دەهێنن:

بەشی یەکەم: مافی خوای گەورەیە کە (إياك نعبدُ)ـە و بەشەکەی تری پشکی عەبدەکە (إياك نستعين)ە، باسی نهێنیی ئەوە دواتر دێت (إن شاء الله).

. پەرستن (العبادة) خۆی دوو لقە:

١ . کۆتا ئاستی خۆشویستن.

٢ . کۆتا ئاستی خوارەوەی زەلیلی و ملکەچکردن.

عەرەبەکان دەڵێن: (طريقٌ مُعَبَّدٌ)، واتە: (مُذَلَّل): ڕێگایەکی تەخت و زەلیلی ژێرپێ.

---

[1] چەند بڕگە باسێکە لە (مدارج السالكين، ب١)ی ئیبامی ئیبنولقەییم وەرگیراوە.

* (التَعَبُّدُ: التَذَلُّلُ والخُضُوعُ)، پەرستن: دەربڕین و نواندن و سەلماندنی ملکەچی و زەلیلییە.

کە یەکێکت خۆش ویست، بەڵام ملکەچ و زەلیلی بەردەستی نەبوویت، مانای وایە عەبدی ئەو خۆشەویستەت نییت. کاتێکیش کە زەلیلی بەردەستی کەسێکیت و خۆشت ناوێت، عەبدی ئەو کەسە نییت.

ئەو کاتە دەبیتە عەبدی کەسەکە کە بووبێتە خۆشەویستی تاقانەت و زەلیلانە ملکەچ بووبیت بۆی.

لەم ڕوانگەیەوەیە کە دەڵێین: ئەو کەسانەی نەفیی خۆشویستنی عەبد بۆ خوای گەورە دەکەن، لە ڕاستیدا نکوڵیی خودی خواپەرستی دەکەن. ئەو کەسانەی نەفیی ئەوە دەکەن کە خوای گەورە خۆشەویستی عەبدە دیندارەکانی بێت و کۆتا ئامانجی دیدارێتییەکەیان، گەیشتنە دیداری خوای گەورە بێت، چونکە هەموو هیوا و ئاواتی دنیایان: بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورەیە.

ئەوانەی نکوڵی لەم هیوا و ئاواتانە دەکەن، ئەمانیش لە ڕاستیدا نکوڵی لە خوایەتییەکەی خوای گەورە دەکەن! هەرچەندە باوەڕیان بە خوا هەیە و دەشڵێن: خوای گەورە پەروەردگاری جیهانییانە و کردگاری هەموانە.

ئەو کەسانە وا دەزانن ئەم جۆرە ناسینەی خوای گەورە «تەوحید»ـە داوا کراوەکەیە و بەسە بۆ عەبد بزانێت و باوەڕی پێی هەبێت! وا دەزانن، ئەگەر کەسێک باوەڕی بە «وجوود»ی خوای گەورە هەبوو، دەیزانی کە خوای گەورە کردگار (خالق)ی وجوودە، ئەمەندە بەسە کە بە «ئەهلی تەوحید» دابنرێت!

سەیرە! جاخۆ عەرەبە موشریکەکانی سەردەمی وەحی ئاوەها بوون، ئەوە دید و تێڕوانینی «تەوحید»یان بوو، بەڵام ئەوە نەبووە مایەی بەدەربوونیان لە بازنەی کوفر و شیرک و هەر بە موشریک حسێب بوون، نە بە موسوڵمان و نە بە «ئەهلی تەوحید» حسێب نەکران.

خوای گەورە دەربارەی ئەوانە دەفەرموێت: ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾ (الزخرف: ٨٧).

واتە: "ئەگەر لەو کافر و موشریکانەی عەرەب بپرسیت کێ ئاسمانەکان و زەویی خەلق کردووە؟ بە تەئکید هەر دەڵێن: خوای گەورە."

. ﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ﴾ (الزخرف: ٨٧).

واتە: "جا، ئەگەر لێیشیان بپرسیت: کێ ئەوانی خەلق کردووە؟

بە دڵنیاییەوە، هەر دەڵێن: خوای گەورە خەلقی کردووین."

. ﴿قُل لِّمَنِ ٱلْأَرْضُ وَمَن فِيهَآ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٤﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَذَكَّرُونَ ﴿٨٥﴾ قُلْ مَن رَّبُّ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ ٱلسَّبْعِ وَرَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿٨٦﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٨٧﴾ قُلْ مَنۢ بِيَدِهِۦ مَلَكُوتُ كُلِّ شَىْءٍ وَهُوَ يُجِيرُ وَلَا يُجَارُ عَلَيْهِ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٨٨﴾ سَيَقُولُونَ لِلَّهِ ۚ قُلْ فَأَنَّىٰ تُسْحَرُونَ ﴿٨٩﴾﴾ (المؤمنون: ٨٤ – ٨٩).

واتە: "بفەرموو: باشە کێ خاوەنی ئەم زەمینە و ئەو خەڵکەیە کە لەسەری دەژین؟ ئەگەر ڕاست دەکەن و زانیارییەکی بەڵگەدارتان هەیە، فەرموون پێمان بڵێن.

حەتمەن دەڵێن: خوای گەورە خاوەنیانە.

بفەرموو: ئێ باشە بۆچی سەرنجی وەحییەکەش نادەن؟ بۆچی تێنافکردن؟ چونکە سەرنجدان و تێڕوانین چەندان ڕاستیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە..

پێیان بفەرموو: کێ پەروەردگار و کردگاری حەوت تەبەقەی ئاسمان و پەروەرگار و کردگار و خاوەنی عەرشە مەزنەکەیە؟

هەر دەڵێن خوای گەورە. پێیان بفەرموو: دە سا بۆچی تەقوای خوای گەورە ڕەچاو ناکەن؟!

پێیان بفەرموو: موڵکی وجوود (خاوەنێتیی هەرچی شتێک کە هەیە) هیی کێیە؟ کێ دەتوانێت بە هانای لێقەوماو و موحتاجانەوە بێت و قوتاریان بکات؟ کەسیش ناتوانێت داڵدەی یاخییەک لە خوای گەورە بدات. کێ هەیە بوێرێت، یان بتوانێت تاوانکارێک لە خۆ بگرێت کە خوای گەورە فەرمانی گرتن، یان پەکخستن، یان حوکمی مردنی بەسەردا داوە؟ ئەگەر ڕاست دەکەن و زانیارییەکی بەڵگەدارتان هەیە (لەسەرچاوەی وەحییەوە) فەرموون وەڵامان بدەنەوە.. بەڵام ئەوان هەر دەڵێن: ئەوە ماف و توانا و دەسەڵاتی خوای گەورەیە و بەس.

پێیان بفەرموو: دەی کەوایە بۆچی ئاوا لە دید و ڕێی حەق لادەدەن و جێگۆڕکێ بە لەفز و واتای حەق و باتڵ دەکەن؟!"

- **(الإستعانة: داوای یارمەتی لێ کردن)، دوو لقە:** متمانەکردن بە خوای گەورە و ئیعتمادکردنە سەری، حەقیقەتی (إياك نعبد وإياك نستعين) لە ڕاستیدا ئەوەیە.

ئەم دوو لقە (کە پشت بە خوا بەستن و پەرستنن/ التوکّل والعبادة) لە چەندین شوێنی قورئاندا پێکەوە هاتوون، ئەوەی سورەتی «فاتیحە» یەکێکیانە.

<u>دووەم</u>: فەرمایشتی سەییدنا شوعەیب (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە فەرمووی: ﴿وَمَا تَوْفِيقِيٓ إِلَّا بِٱللَّهِۚ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ أُنِيبُ ٨٨﴾ (هود: ٨٨).

واتە: "سەرکەوتنم، هەر لە دەست خوای گەورەدایە و هەر بەوە، منیش پشتم بەو بەستووە و بەردەوام دەگەڕێمەوە لای ئەو."

<u>سێیەم</u>: ئایەتی: ﴿وَلِلَّهِ غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُ ٱلۡأَمۡرُ كُلُّهُۥ فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِ﴾ (هود: ١٢٣).

واتە: "زانینی بوون و بزاوت و سرەوت و پێداویستیی نادیارانی ئاسمانەکان و

زەمین، هەر لە توانای خوای گەورەدایە، هەموو کارێک دەگەڕێتەوە لای ئەو، دە سا تۆیش بیپەرستە و پشتی پێ ببەستە."

چوارەم: خوای گەورە دوعای موسوڵمانانی نەقڵ کردووە کە دەفەرموێت: ﴿رَّبَّنَا عَلَيۡكَ تَوَكَّلۡنَا وَإِلَيۡكَ أَنَبۡنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ٤﴾ (الممتحنة: ٤).

واتە: "خوای پەروەردگارمان! ئێمە پشتمان بە تۆ بەستووە و گەڕاوینەتەوە بۆ لای تۆ، چارەنووسیش، هەر هاتنەوە بەردەستی تۆیە."

پێنجەم: ئایەتی: ﴿وَٱذۡكُرِ ٱسۡمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلۡ إِلَيۡهِ تَبۡتِيلٗا ٨ رَّبُّ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ فَٱتَّخِذۡهُ وَكِيلٗا ٩﴾ (المزمل: ٨ – ٩).

واتە: "بەردەوام ناوی خوای پەروەردگاری خۆتت لەسەر زمان بێت و یادی بکە، بۆ پەرستنی لێببڕێ، خوای گەورە کردگار و خاوەنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە؛ هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتی بێت، جگە لەو، دە سا تۆیش بە سەرپەرشتیاری خۆتی دابنێ."

شەشەم: ئایەتی: ﴿قُلۡ هُوَ رَبِّي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ مَتَابِ ٣٠﴾ (الرعد: ٣٠).

واتە: "بفەرموو: هەر خوای گەورەیە کە پەروەردگارمە، هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتی بێت، جگە لەو. پشتم بەو بەستووە و تەوبە و گەڕانەوەشم هەر بۆ لای ئەوە."

لەم شەش شوێنەدا دەبینیت، هەر دوو ئەسڵەکەی: (إياك نعبد وإياك نستعين)ی پێکەوە هێناوە.

### * بۆچی «عیبادەت»ی پێش «ئیستیعانە» هێناوە؟

پـێش خسـتنی (العبـادة) بەسـەر (الإسـتعانة)دا، لە بـواری پێشخسـتنی «ئامانج»ە پێش «هۆکار»، چونکە:

١. «خواپەرسـتی» بەو چـۆنێتییەی کە خـوای گەورە قەبـووڵی دەکـات، ئامانجی گەورەی خواپەرستانە کە دەزانن بۆ ئەو خواپەرستییە خەلق کراون. داوای یارمەتیی لێ کردن (الإستعانة)ەکە، هۆکاری گەیشتنە ئەنجامە.

٢. لەبەر ئەوەی ﴿إياك نعبدُ﴾ پەیوەستە بە خوایەتییەکەوە، هەروەها بە ناوی پیرۆزی «الله»ـەوە و ﴿إياك نستعين﴾، پەیوەستە بە پەروەردگارێتی (الربوبيـة) و نـاوی (الربّ)ـەوە، بـۆیە پێویسـتی کـردووە (إيـاك نعبـدُ) پـێش (إيـاك نسـتعين) بکەوێت؛ هەروەها ناوی پیرۆزی «اللە» لە سەرەتای سورەتەکەدا، پێش ناوی پیرۆزی (الربّ) کەوتووە.

٣. ﴿إيّـاك نعبـدُ﴾ پشـکی خـوای گەورەیە و بەشـێکە لە کـۆمەڵە باسـەکانی یەکەمـی ئەو چـوار ئـایەتەی یەکەم کە سـوپاس و ستاییشـی خـوای گەورەن و شایانترە بکەوێتە پێش پشکی عەبدەکەوە.

﴿إياك نستعين﴾ەکە پشکی عەبدە، بەشێکە لە بازنەی مافی ئەو کە لە ﴿اهدنا الصـراط المسـتقيم﴾دا ماناکـانی ﴿الإسـتعانة﴾ش لە خـۆ دەگرێـت، بەڵام زاراوەی (الإستعانة) ماناکانی (العبادة) لە خۆ ناگرێت. هەموو کەسێکی خواپەرست و تەقواکاری سەرڕاست کە داوای کۆمەکی لە خوای گەورە کردووە یارمەتی دراوە، [ئەرکەکانی خۆی بەجێ هێناوە و مافی دەستکەوتووە]، ئەوە پێچەوانە نابێتەوە، ناشێت هیچی [لە خواپەرستییەکاندا] نەکردووە و یارمەتی بدرێت؛ چونکە خاوەن هەوا و هەوەس و بەرژەوەندییە کەسییەکان، داوای یارمەتی لە خوای گەورە دەکەن [کە کەمتەرخەمیشن لە خواپەرستیدا] کە یارمەتی بدرێن،

وزە و تواناكانی خۆیان دەخەنەوە خزمەت هەوا و هەوەس و بەرژەوەندییەكانیان، نەک بیکەنە وزە و توانا و چالاكی تەقواكاری!

٥ـ (الإستعانة) بەشێكە لە (العبادة)، پێچەوانە نابنەوە، (العبادة) خواپەرستییەكە و داوای قەبوولّبوونێتی، (الإستعانة)ش داوای یارمەتیكردنە بۆ خواپەرستی و... هتد.

٦- (العبادة) ڕەفتاری دینداری سەرڕاست و تەقواكارە و پیشەیەتی، بەڵام (الإستعانة) داوای سەرڕاست و سەرخواریشە، تەقواكار و فاسق هەردووكیان داوا دەكەن.

٧. (العبادة) مافی خوای گەورەیە و كردوویەتی بە ئەركی سەرشانی من و تۆ. (الإستعانة) كە داوای من و تۆیە بۆ یارمەتیدانمان لەسەر خواپەرستییەكان كە هەر لوتف و میهرەبانی و دادپەروەریی خۆیەتی.. مافیش پێش خێر و لوتفكردنە.

٨. (العبادة) سوپاسگوزاریی نیعمەتەكانی خوای گەورەیە لەسەرمان، خوای گەورەش پێی خۆشە سوپاس بكرێت لەسەریان (لەسەر ناز و نیعمەتەكان). (الإستعانة) كرداری ئەوە لە لوتف و میهرەبانی و بەزەیی خۆیەوە لەگەڵ ئێمەیدا دەكات، لە یارمەتیدان و پشتگرتن و سەرخستن.

كە تۆ دەچیتە «بازنەی عەبدێتی»یەوە بۆ خوای گەورە، خواپەرستییەكان وا ئەنجام دەدەیت كە خوای گەورە قەبووڵێتی، بۆیە حەتمەن خوای گەورە یارمەتیت دەدات.

كە وا بوو: بوون بە «عەبد» پێش هات و هاوار و هانایە كە خوایە یارمەتیم بدە! تا عەبدەكان، خواپەرستییەكان پاكتر و چاكتر و زیاتر ئەنجام بدەن بە مەرجەكانی خۆیانەوە، چەندێتی و چۆنێتیی یارمەتیدانەكەی خوای گەورەش چاكتر و زیاتر دەبێت.

٩. «خواپەرستی»یەکان کە ئەم عەبدە کەوتووەتە ئەنجامدانیان، پێشتر دوو جۆر یارمەتیی تری دراوە:

- یەکەمیان: یارمەتیی داوە، تا ڕێی هیدایەتی دۆزیوەتەوە و گرتوویەتییە بەر، دەنا وەکوو گومڕا و بەرەڵڵاکان دەردەچوو.

- دووەمیان: یارمەتی دراوە، تا یەک بە یەک خواپەرستییەکان ئەنجام بدات و لەشسووکانە و بەردەوام بێت لە مومارەسەکردنیاندا. بەم شێوەیە، تا دەمرێت بەردەوام لەو «خواپەرستی» و «داوای یارمەتی کردن»ەیدا دەبێت.

١٠. لەبەر ئەوەی (إياك نعبدُ) بۆ ئەوە و (إياك نستعين) لەوەوەیە و بەوە، ئەوەی کە مافی ئەوە، پێش ئەوە کەوتووە کە لە لوتف و میهرەبانیی خۆیەوە دەیکات.

خواپەرستییەکە کە پەیوەستە بە خۆشویستن و ڕازیکردنی ئەوەوە، فەرزە، بەڵام داوای یارمەتیکردنەکە پەیوەستە بە ویستی ئەوەوە، ئەوەی کە پەیوەندیی بە خۆشویستن و ڕەزامەندیی ئەوەوە هەیە لە پێشترە وەک لەوەی پەیوەندیی بە ویستییەوەیەتی.

خۆ هەر هەموو گەردوون و ژیان و گیانلەبەران، هەموو فریشتە و جنۆکە و شەیتانەکان و هەموو موسوڵمانان و کافران، هەموو یارمەتیدانێکیان پەیوەستە بە ئارەزوو و ویستی خوای گەورەوە؛ کافران ئەهلی ویستی خوای گەورەن، بەڵام موسوڵمانان ئەهلی خۆشەویستیی ئەون، بۆیە هەر کەسێک تۆزسقاڵێک ئیمان (خۆشەویستی)ی خوای گەورەی لە دڵدا بێت، ئەگەر بشچێتە دۆزەخەوە؛ بۆ هەتاهەتایی تێیدا نامێنێتەوە، کافرانی دۆزەخی بە نەمری لە دۆزەخدا دەمێننەوە.

ئەوە هەندێک لە حیکمەتی هاتنی (إياك نعبد)ە پێش (إياك نستعين).

### * خەڵکی لە زانین و پابەندبوونیان بە (العبادة) و (الإستعانة)ەوە چوار پۆلن:

*** پۆلی یەکەم:** بەڕێزترین و چاکترین و پلە باڵاترینن، ئەمانە ئەو دیندارە تەقواکارانەن کە بەڕاستی ئەهلی «عیبادەت» و «ئیستیعانە»ن، مەبەستیان لە ژیانیان خواپەرستییانە، بۆیە داواکارییەکەشیان لە خوای گەورە هەر ئەوەیە کە زیاتر یارمەتییان بدات و لەشسووکیان بکات بۆ خواپەرستیی زیاتر؛ دەپاڕێنەوە لێی، تا لە ئەنجامدان و بەردەوامیی (فەرز و ئەرک و سوننەتەکان)دا سەرکەوتوویان بکات.

لەبەر ئەمەیە کە باشترین دوعاش ئەوەیە کە داوا بکەیت خوای گەورە زیاتر یارمەتیت بدات لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەودا، نابینیت چۆن پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، موعازی کوڕی جەبەل «معاذ بن جبل»ی فێر کرد و پێی فەرموو: **( يا مُعاذُ، واللَّهِ إنيِّ لأحبُّكَ، فلا تنس أن تقول دُبُرَ كلِّ صلاةٍ: اللَّهمَّ أعنِّي على ذِكْرِكَ، وشُكْرِكَ، وحُسنِ عبادتِكَ).**[1]

واتە: "ئەی موعاز! بە خوا قەسەم، من خۆشم دەوێیت، بیرت نەچێت لە دوای هەموو نوێژێک بڵێیت: (اللَّهمَّ أعنِّي على ذِكْرِكَ، وشُكْرِكَ، وحُسنِ عبادتِكَ).

واتە: خوایە! یارمەتیم بدە لەسەر زیکرکردن (یادکردن) و سوپاسکردن و چاک پەرستنت."

---

[1] فەرموودەیەکی سەحیح و زانراوە: ئیمامی ئەحمەد (٥/ ٢٤٤، ٢٤٧)، ئەبوداود (١٥٢٢)، نەسائی (٥٣١٣)، ئیبنو خوزەیمە (٧٥١) بە سەحیحیان داناونە و ئیبنو حیبان (٢٠١٧، ٢٠١٨)، حاکم (١/ ٢٧٣) و ئیمامی زەهەبی فەرموویانە: سەحیحە.

بە سـوودترین دوعـا: داواکردنـی یـارمەتیی خـوای گەورەیە بـۆ ئەنجامـدانی فەرمانەکـانی، تـا ڕەزامەنـدیی ئەو بەدەسـت بێـت، باشـترین خەڵاتـیش: یارمەتیـدانەکەی خـوای گەورەیە بـۆ ئەو عەبـدانەی کە خۆزگەیـان هەر بـۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەوە و لە هەوڵدان.

هەر هەمـوو دوعاکـانیش لە مـۆڵگەی ئەم مانـایەدا دەخـولێنەوە، داوای یارمەتیـدانن لە بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدیی خـوای گەورە و لادان و ڕادارانـی کۆسپەکانی ڕێ، تا ئەو ڕێیەی خواپەرستی کە گرتوویەتییە بەر سەرکەوتووانە پێی بگاتە ئەنجام.

**وردەکارانە سەرنجی ئەم خاڵانە بدە:**

شـێخی ئیسـلام، یبنـو تەیمیـیە، (خـوا ڕۆحـی پیـرۆز بکـات) دەیفەرمـوو: "سـەرنجم دا لە بەسـوودترین دوعـا لە ڕیـزی دوعاکانـدا، بینـیم لە هەموویـان بەسوودتر: داواکردنی یارمەتیدانە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوادا، ئەوەشم لە سورەتی «فاتیحە»دا بینی لە (إياك نعبدُ وإياك نستعين)دا."

لە بەرانبەر ئەم پۆلە دیندارە تەقواکارەدا، پۆلی دووەم هەیە:

*** پـۆلی دووم:** ئەوانەن کە ڕوویـان لە (خواپەرسـتی و داوای یـارمەتی لە خـوای گەورە) وەرگێـڕاوە، نە خواپەرسـتی ئەنجـام دەدەن، نە داوای یـارمەتی دەکەن!

ئەگەر دوعا بکەن و بپاڕێنەوە، هەر داوای بەدیهاتنی حەز و ئارەزووەکانیان دەکەن، هاتنە دیی بەرژەوەندیی و تێرکردنی حەزەکانیان لا پەسەندترە، وەک لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورە!

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدان، داوا لە خوای گەورە دەکەن و دەپاڕێنەوە، ئەولیایـانی خـوای گەورە و دوژمنانیشـی، هەر داوا لە خـوای گەورە دەکەن و دەپاڕێنەوە لێی.

خوای گەورە بەشی ئەمانیش و بەشی ئەوانیش دەدات، خۆ ئیبلیس پیسترین دوژمنی خوایە، خوای گەورە ڕقی لێیەتی و غەزەبی لێ گرتووە و دەیبوغزێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا داوای لە خوای گەورە کرد [کە تەمەنی درێژ بکات و ئازادی بکات لە هەوڵدانی بۆ گومڕاکردنی عەبدەکانی]؛ خوای گەورەش داواکەی بۆ بەدی هێنا و خوازراوەکەی بۆ هێنایە دی، تەمەنیشی دایێ و بواریشی دا حەزەکانی بهێنێتە دی.

بەڵام لەبەر ئەوەی داواکارییەکەی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورە نەبوو، هەر بووە مایەی گومڕایی زیاتر و بەدبەختیی زۆرتری خۆی، تا هات زیاتر لە خوای گەورە دوورکەوتەوە، تا گەیشتە ئەوەی کە بەر «لەعنەت»ی خوای گەورە کەوت و بە یەکجاری دەرکرا و دوور خرایەوە.

ئەمە حاڵ و چارەنووسی هەموو ئەو کەسانەش دەبێت کە داوا لە خوای گەورە دەکەن، بەڵام بۆ هێنانە دیی حەز و ئارەزووەکانیان، دوور لە ڕەزامەندیی خوای گەورە، هەر کەسێک داوای یارمەتیدانی لە خوای گەورە بۆ چوست و چالاکبوونی نەبێت لەسەر خواپەرستییەکانی، بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچیی زیاتری فەرمانەکانی نەبێت، حەتمەن خوای گەورەش دووری دەخاتەوە، تا بە یەکجاری ئیهمالی دەکات.

ئەوەی ژیرە، با ئەم خاڵەی بەردەوام لە یاد بێت، با سەرنج بداتە نیاز و ڕەفتاری خۆی و خەڵکی تر، با ئەوەش بزانێت کە خوای گەورە کاتێک دوعای عەبدێکی یاخی گیرا دەکات و داواکارییەکەی دەهێنێتە دی؛ لەبەر ڕێز و مەنزیلەی عەبدەکە نییە، جاری وا هەیە یەکێک لێی دەپاڕێتەوە، تا شتێکی دیاریکراوی بۆ بهێنێتە دی، خوای گەورە دەزانێت کە هێنانە دیی داواکەی لە قازانجی ئەو کەسە نییە و زەرەرێتی، یان تووشی دەردەسەری دەبێت پێی؛ یان پێی دەفەوتێت، بەڵام لە زۆر لێ پاڕانەوەیدا بۆی دەهێنێتە دی کە سەکە لە لای خوای گەورە بێنرخ و هیچوپووچە، لە بەرچاوی خوای گەورە کەوتووە، بەڵام لە

سـەخاوەتی خـۆی و دەوڵەمەنـدی و بێنیـازیی خـۆیەوە داواکەی گیـرا دەکـات و خوازراوەکەی بۆ دەهێنێتە دی.

بە پێچەوانەشـەوە، دەشـێت کەسـێکی دینداری سەرڕاست هەمـان داخـوازی هەبێت و بۆی دەپاڕێتەوە، بەڵام خوای گەورە داواکەی ناهێنێتە دی!

خـۆ خـوای گەورە لە سـەخاوەتی خـۆی نەکەوتـووە و لە ئاسـت ئەم عەبـدە چاکەیدا بەخیلی ناکات، بەڵام دەزانێت و لەبەر بەرژەوەندیی عەبدەکەیەتی کە دوعـاکەی گیـرا ناکـات، نایەوێـت پێـوەی گیـرۆدە بێـت و بـۆی ببێـتە کێشـە و دەردەسـەری [وەکـوو داوای منـداڵ، یـان قـازانجی کاسبی، یـان چـاکبوونەوە لە نەخۆشـی]، خـوای گەورە ئەم عەبـدە دینداره سەرڕاسـتەی خـۆی خـۆش دەوێـت؛ دەیەوێت سەبر بگرێت، هەروەها سەرڕاستانە بیهێڵێتەوە و بیپارێزێت.

ئەگەر ئاسـتی متمانەکردنـی بە خـوای گەورە کەمـی کردبێـت، لە نەزانیـی خۆیەوە، گومانی خراپ بە خوای گەورە دەبات، وا دەزانێت خوای گەورە خۆشی ناوێت و نایەوێت بەرژەوەندییەکانی بۆ بهێنێتە دی.

دەبینێـت خـوای گەورە هەمـان داوای ئەو خەڵکـانەی تـری هێنـاوەتە دی کە ڕوویشـیان لە دینـەکە نیـیە و خواپەرسـتییان نیـیە، کەچـی دەسـتی بەرزی پاڕانەوەی ئەمی دیندار و موحتاجی بە بەتاڵی گێڕاوەتەوە! ئەمە بەدگومانییە بە خوای گەورە و میهرەبان، بە خوای دانا و زانا.

دیندار دەبێت لەم جۆرە دیدلێڵییە دوور بێت. تەقواکار دەبێت ئەم ئاستەی بڕیبێت و لەوە دڵنیا بووبێت کە هەموو شتێک بەپێی زانست و ویست و توانا و دانایی خوای گەورە دێتە دی.

پـــارێزراویش ئەو کەســـەیە کە خـــوای گەورە گرتـــوویەتییە خـــۆی و یارمەتیدەرێتی، بۆیە کەشێکی بۆ پێش دێت لە گیروگرفت و سەرنەکەوتن و زیـان، یەکسـەر گلەیی لە ڕەفتـار و بزاوت و هەڵوێستی خۆی دەکـات، نەک لە قەصدی خوای گەورە. شاعیر دەڵێت:

وعاجِزُ الرأي مِضياعٌ لِفُرصَتِهِ     حتى اذا فاتَ أمرٌ عاتَبَ القَدَرا

واتە: "ئەوەی بێ دید و ڕاوبۆچوونە، هەلی ڕەخساو دەفەوتێنێت کە ئیشەکەیشی لەدەست دەردەچێت، دەکەوێتە گلەیی و گازاندە لە قەدەری خوای گەورە."

کەسی ساویلکە و پشێو، گلەیی لە بەختی خۆی دەکات! چی بکەم؟ ئیشەکە لەدەست مندا نەبوو، هەمووی تەگبیری شەیتان بوو. ئەگەر ئاوا بوایە، ئاوا بۆ من دەهاتە پێش، ئەگەر وا نەبوایە، من خۆم دام نابوو وا بکەم، خەتای من نەبوو.

کەسی دیندار و بە فام و پارسەنگ، تەسلیم بە قەدەری خوای گەورە دەبێت، ئەگەر گلەیی بکات، حەتمەن هەر لە خۆی دەکات. لە ڕادەی باوەڕ و بڕی پابەندیی دینداری و پەی نەبردنی تەواوی، نەک لە قەدەری خوای دانا و کارزان.

ئاگادار و بەحەزەر بە لەوەی داوای شتێکی دیاریکراوی لێ بکەیت کە چارەنووسیت لە بەرچاو نییە، ئەگەر شتێکی وا هەبوو کە هەر دەبوو داوای یارمەتیی لێ بکەیت، ئەگەرێکی بخەرە پاڵ، وەکوو ئەوەی بڵێیت: خوایە تۆ زانایت، ئەگەر ئەم کارە خێری دین و دنیامی تێدایە یارمەتیم بدە با بۆم بێتە دی. ئەمە لە «دوعای ئیستیخارە»دا هەیە، بیکە بۆی[1]، بەڵام ئیستیخارەکەت هەر بە زمان نەبێت، با دڵ و هەست و هۆشت لای بێت؛ وا دوعا بکە کە هیچ نازانیت،

---

[1] دوو ڕکات نوێژ دەکەیت، ئینجا دوعای ئیستیخارەکە دەخوێنێت، دوعاکەش بریتییە لە: (اللهم إني أستخيرك بعلمك وأستقدرك بقدرتك، وأسألك من فضلك العظيم، فإنك تقدر ولا أقدر، وتعلم ولا أعلم وأنت علام الغيوب، اللهم إن كنت تعلم أن هذا الأمر (ويسمي حاجته) خير لي في ديني ومعاشي وعاقبة أمري، فاقدره لي ويسره لي ثم بارك لي فيه، وإن كنت تعلم أن هذا الأمر (ويسمي حاجته) شر لي في ديني ومعاشي وعاقبة أمري، فاصرفه عني واصرفني عنه واقدر لي الخير ثم رضني به). رواه البخاري عن جابر مرفوعاً. (ت).

نازانیت بەرژەوەندیت لە چ هەڵوێستێکدایە، تا بیگریتە بەر؛ کارەکە بکەیت باشترە، یان نەیکەیت؟ وا دوعاکە بکە کە مات و مەلوول و دەستەوەستان کەوتوویت، توانای هەڵاوێردنت نییە.

دوای ئەوە بەتەواوی خۆت و کارەکەت تەسلیم بە خوای زانا و دانا بکە، با ئەو هەڵوێستێکیانت کە لە قازانجی دین و دنیا، یان قیامەت بخاتە دڵتەوە و سوورت بکات لە سەری. وا دوعا بکە کە بزر و سەرگەردانیت، خۆت تەسلیم بە خوای گەورە بکە با ئەو ڕێت نیشان بدات.

ئەمە ڕەفتاری خواناسانە، ئەگەر ئیستیخارەت کرد و هەر ڕای خۆتت پێ پەسەند بوو، ئەوە دیارە دوعا و نزات، هەر سەر زارەکی بووە. دیارە کە ویستووتە خوای گەورە لایەنگری «جەهالەت»ی تۆ بێت!

ئەگەرخوای گەورە لە میهرەبانیی خۆیەوە، بێ دوعا و پاڕانەوە و داوا کردنت، شتێکی پێ بەخشییت، دوای شوکرانەبژێری؛ خێرا بپاڕێرەوە و بڵێ: خوایە! یارمەتیدەرم بیت، تا لە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خۆتدا سەرفی دەکەمەوە.

خوایە! بۆم بکەرە مایەی دەستکەوتنی ڕەزامەندیی خۆت. خوایە! بۆم نەبێتە هۆکاری دابڕان لە تۆ و دین کزیم و مایەی تووڕەبوونت.

خوایە! نەبێتە هۆی دوورخستنەوەم لە ڕەزامەندیت، یا أللّه.

وا نەزانیت کە شتێکی لە لوتف و میهرەبانیی خۆیەوە پێ بەخشییت، لەبەر پلە و مەنزیلەی بەرزی خۆتە!

کە نەشیدایتێ، وا نەزانیت لەبەر سووکی و بێ قەدریتە لای خوای میهرەبانت. نا، خوای گەورە بەخشین و گرتنەوەی خۆی، دەکاتە مادەی تاقیکردنەوەی باوەڕ و سەبری عەبدەکانی.

بەخشین و گرتنەوەی، پەیوەندیی بە زانایی و دانایی و سەخاوەت و

دادپەروەری و سیفەتەکانی دیکەیەوە هەیە، نەک بە پلە و مەنزیلەی دنیایی عەبد و ناوداری و قسەزانی و خۆهەڵکێشانەوە.

بۆیە دەفەرموێت: ﴿ فَأَمَّا ٱلْإِنسَٰنُ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ رَبُّهُۥ فَأَكْرَمَهُۥ وَنَعَّمَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَكْرَمَنِ ﴿١٥﴾ وَأَمَّآ إِذَا مَا ٱبْتَلَىٰهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُۥ فَيَقُولُ رَبِّىٓ أَهَٰنَنِ ﴿١٦﴾ كَلَّا... ﴾ (الفجر: ١٥ – ١٧).

واتە: "بەڵام مرۆڤ کە خوای پەروەردگاری ڕێزی لێ دەنێت و نیعمەتی خۆی پێ دەبەخشێت، دەڵێت: ئەوەتا خوای گەورە منی لا پەسەندە، بۆیە وا پێی بەخشیوم. کاتێک کە ڕزق و ڕۆزییەکەشی لێ دەگرێتەوە، تا تاقیی بکاتەوە، دەڵێت: خوای پەروەردگارم سووکایەتیی پێ کردووم! نەخێر، نەخێر وا نییە."

دەفەرموێت: هەموو ئەو کەسانەی نیعمەتی خۆمم پێ بەخشیون، لەبەر ڕێز و مەنزیلەیان نییە لە لام، نەخێر؛ بەڵکوو پێم بەخشیون، تا [ببێتە بەڵگەی قیامەت لەسەریان کە سوپاس و ستاییشیان لەسەر کردووە] زیاتریان بدەمێ، یان کوفرانەبژێرییان کردووە و لایان بە لای سوپاسگوزاریی مندا نەکردووەتەوە.

هەروەها ئەو کەسانەی نیعمەتەکانی خۆم لێ گرتوونەتەوە، زۆر بن، یان کەم، بۆ سووکایەتی پێ کردن و زەلیلکردنیان نەبووە و نییە، لەبەر پلە و مەنزیلەی (نزم)یان نییە لە لای من.

نیعمەتی من هۆکاری تاقیکردنەوەی ئەوانیشن، تا دەربکەوێت، ئایا سەبر لەسەر نەبوونی دەگرن؟

ئەگەر سەبریان لەسەر گرت و شوکرانەیان لەسەر کرد، دیارە کە لە تاقیکردنەوەمدا دەرچوون، ئەوە لەوە زیاتریان پێ دەبەخشم کە داوایان دەکرد.

ئەگەر ناڕازییانە کەوتە کوفرانەبژێری و گلەیی و گازندە، حەتمەن منیش دەیخەمە بەر غەزەبی خۆم و ئەوەی پێیشم داوە، کەمی دەکەمەوە لەسەری، یان هەر دەیبڕم.

خوای گەورە بەرپەرچی ئەو کەسانە دەداتەوە کە وا دەزانن دەوڵەمەندبوون و هەبوونی بەڵگەی بەڕێزی و مەنزیلەی بەرزیانە لای خوای گەورە، یان وا دەزانن هەژاربوون و نەداری، بەڵگەی سووکایەتی و زەلیلییانە لای خوای گەورە، چونکە لای ئەو بێ ڕێزن! نا، وا نییە..

دەفەرموێت: ئەو عەبدەیانم کە دەوڵەمەند کردووە لەبەر ئەوە نییە کە بەڕێزە لام، ئەویشیانم کە هەژار کردووە لەبەر ئەوە نییە کە بێڕێزە لام، نا، نەخێر..

خوای گەورە ڕێساکەی ڕوون دەکاتەوە کە دەوڵەمەندی و هەژاری و هەبوون و نەبوون، پەیوەندییان بە بەڕێزی و بێڕێزیی عەبدەوە نییە لای ئەو.

خۆ کە خوای گەورە بە کافر دەبەخشێت و سەروەت و سامانی زۆری دەداتێ، لەبەر ئەوە نییە کە لای ئەو بەڕێزە کە لە موسوڵمانیشی گرتووەتەوە و نەیداوەتێ، لەبەر ئەوە نییە کە لای ئەو بێ ڕێز بێت.

ڕێز و مەنزیلە لای خوای گەورە، پەیوەندیی بە خواناسین و خواپەرستی و گوێڕایەڵی و ملکەچییەوە هەیە، بێ ڕێزی و نزمیی مەنزیلە لای خوای گەورە، پەیوەندیی بە خوا نەناسین و خوا نەپەرستن و گوێڕایەڵی نەکردن و ملکەچ نەکردنەوە هەیە بۆ خوای گەورە؛ پەیوەستن بە یاخیبوونەوە لێی. سوپاس و ستاییش لەمیش و لەویشیاندا، هەر بۆ ئەوە، ئەو خوایە کە دەوڵەمەند و بێنیازە و هەر ستاییشکراوە. بەم جۆرە دەبینیت کە بەختەوەریی دنیا و قیامەت پەیوەستە بە (إياك نعبد وإياك نستعين)ەوە.

* **پۆلی سێیەم:** ئەوانەی کە زۆرێک لە عیبادەتەکانیان هەیە، بێ داوای یارمەتی. ئەمانە دوو جۆرن:

- **جۆری یەکەمیان:** «قەدەری»یەکانن کە دەڵێن: خوای گەورە هەموو پێداویستییەکی عەبدەکانی دەبر کردووە، هیچ شتێک نەماوەتەوە، تا داوای بکەن.

خـوای گەورە خەڵقـی کـردوون و هەمـوو شـتێکی تـر کە لە خواناسـین و خواپەرسـتن و دینداریـدا پێویسـتیان بێـت بـۆی سـازاندوون: پێغەمبەرانـی بـۆ نـاردوون و ڕێـی ڕاسـتی پـێ ناسـاندوون، بەرنـامەی دیـد و ڕێـی خسـتووەتە بەردەستیان و هیدایەتی داون بۆی.

توانـای ئەنجامـدانی ڕەفتـاری پـێ داون، لە هیچیـان کەم نییە، تا نەیگەنـێ و پەیدای نەکەن، یان بیگەنێ و نەتوانن؛ تا داوا لە خوای گەورە بکەن یارمەتییان بدات بۆ دەستخستنی.

خـوای گەورە یەکسـانانە بەشـی ئەولیایـانی خـۆی و دوژمنـانی خـۆی داوە، یـارمەتیی ئەوانـی داوە هەر وەک چـۆن یـارمەتیی ئەمـانی داوە، هەر دوو لای ئـازاد و سەربەسـت و سەرپشـک کـردووە، ئیـتر ئەولیایـانی خـوای گەورە ڕێـی خواویستیان گرتووەتە بەر؛ ئیماندارانە ڕەفتار دەکەن، دوژمنانی خوای گەورەش دید و ڕێی کوفریان گرتووەتە بەر و کافرانە ڕەفتار دەکەن.

خـوای گەورە ئەولیایـانی خـۆی بە زێـدە بەخششـێک تایبەتمەنـد نەکـردووە، سـەرکەوتنی زیـاتری پـێ نەداون، تـا «ئـیمان»یـان لە دڵـدا بچەسـپێنێت؛ لە بەرانبەریانـدا خـوای گەورە دوژمنەکـانی خـۆی بە بەرەڵڵاکـردن و ڕیسـواکردن و زێـدە سـووکایەتییەک تایبەتمەنـد نەکـردووە، نەزانـین و ورە ڕووخـان و بـێ هیممەتیی بەسەردا نەداون و لەسەر کافربوونیان ناچاری نەکردوون. ئەولیاکان «عیبادەت»ەکان ئەنجام دەدەن، بێ ئەوەی داوای یارمەتی بکەن.

ئەم قەدەرییـــانە دراونەتە دەســـت نەفســـی خۆیـــان، ڕێـــی «ئیســـتیعانە» و «تەوحیـد»یـان لێگـراوە. ئیبنـو عەببـاس (خـوا لێیـان ڕازی بێـت) دەیفەرمـوو: "باوەڕهێنـان بە قەدەر ڕێکخەری «تەوحیـد»ـەکەیە، هەر کەسـێک بـاوەڕی بە خوای گەورە هێنابێت و قەدەری بە درۆ خستبێتەوە، ئەوە بە درۆ خستنەوەکەی تەوحیدەکەی هەڵوشاندووەتەوە."

- **جـــۆری دووەمیـــان:** ئەوانەن کە خواپەرســـتییەکان دەکەن و زیکـــر و وێردەکـــان دەخـــوێنن، بەڵام پشـــکی «ئیســـتیعانە» و پشـــت بە خـــوا بەســـتن (تەوەککول)یـــان کەمە، دڵ و دەروونیـــان ئەوەنـــدە بەرفـــراوان نەبـــووە، تـــا هۆکارەکانی قەدەریان تێدا جێگیر ببێت.

بـۆیە زۆر تەسـلیمی قەدەری خـوایی نەبـوون، ئەمـانە بەبـێ تەسـلیمبوون بە قەدەر، وەکـوو مردوویـان لـێ هاتووە کە هیچ کـاریگەریی نەمـاوە، بگـرە وەکـوو عەدەمـــن کە «وجـــوود»ی نیـــیە. قەدەر وەکـــوو ڕۆحە لە جەســـتەدا، بـــزوێنەر و هەڵسووڕێنەری ڕەفتاری خواناسییە، بۆیە لە پێوەری خواناسی و خواپەرستیدا سەیری کاریگەریی ئەم بزوێنەرە سەرەکییە دەکرێت.

ئەم پۆلە خەڵکە هێزی دید و زەینیان لە بزواوەوە نەچووەتە سەر بزوێنەر، لە هۆکـارەوە نەچـوونەتە سـەر دروسـتکاری هۆکارەکـان، لە ئـامێر و ئالییەتییـاتی ڕەفتارەوە نەچوونەتە سەر بکەر (فاعل)ی ڕەفتارەکان؛ ئەمانەش بوونەتە هۆی لاوازبوونی ویست و ئیرادە و هیممەتیان، سەرئەنجامەکەشی دیارە کە پشکیان لە (إيـــاكَ نعبـــدُ)دا کەمە. ئەمـــانە لەبەر نەبـــوونی ڕادە و بـــڕی داواکـــراو لە «ئیستیعانە» و «تەوەککول»، چێژ لە «عیبادەت» ناکەن، مەگەر هەر ئەوەندەی لە ساتەوەختی خوێندنی زیکر و وێردەکاندا تامی بکەن.

ئەم خواپەرسـتانە پشـکێکیان لە سـەرکەوتن و کـاریگەری و کەسـبکردندا هەیە، بە هێنـدەی ڕادە و بـڕی تەوەککولیـان، لە بەرانبەریشـدا پشـکی کـزی و لاوازی و دەستەوستانیشـــییان هەیە، بە هێنـــدەی کەمیـــی «ئیســـتیعاب» و «تەوەککول»ەکەیان.

بەڕاستی، ئەگەر عەبـد ڕاسـت بکـات و سەرڕاسـتانە پشـت بە خـوای گەورە ببەستێت، چیا لە بن دەردەهێنێت، ئەگەر فەرمانی پێ بدرێت!

ئەگەر بپرسیت: ئەدی مانای «تەوەککول» و «ئیستیعانە»کە چییە؟

دەڵـێم: ئەوە حـاڵەتێکی دڵە کە لە سـەرئەنجامی ناسـینی خـوای گەورەوە دروسـت دەبێـت، کاتێـک کەسـێک «یەقـین»ی دەبێـت کە خـوای گەورە تـاقە کردگـارە و کردگـاری تـر بـوونی نیـیە، خـوای گەورە مشـوورخۆری هەمـوو مەخلووقات و تەگبیری هەمووانی لە لایە و ئاگای لێیانە و چاودێر و ئاودێریانە. کە «یەقین»ی دەبێت زیان دوورخستنەوە و سوود گەیاندن، هەر لەدەست خوای گەورەدان و بەس، هەر خوای گەورە دەبەخشێت و دەگرێتەوە، هەرچییەک ئەو نەیویستبێت؛ نەبووە، ئەگەرچی خەڵکانێکیش حەزیان پێ کردبێت. زانینی ئەوە و لێ دڵنیابوونی، دەبێتە پاڵنەری «ئیعتیمادکردن»ە سەر خوای زانا و دانا، دەبێتە مایەی تەسلیمکردنی چارەنووسی خۆ و ڕەفتار و هەڵسوکەوتت بە خوای چاودێر و بەئاگا و میهرەبان. ئاوا عەبدی خواناس لە هەموو ڕەفتارێکیدا ڕووی لە خوای گەورە دەبێت، دڵی هێمن و ئارام و ئاسوودە دەبێت، متمانەی بە خوای گەورە زۆر دەبێـت، لەوە دڵنیـا دەبێـت کە خـوای گەورەی بەسـە؛ خـوای دەوڵەمەنـد و بەدەسەڵات و بێنیاز. دەگاتە ئەو «یەقین»ەی کە ئەوەی خوای گەورە بیەوێت، دەبێت، ئەوەیشی بووە، ئەوە ویستی خوای گەورەی لەسەر بووە؛ دەنا نەدەبوو، جا خەڵکی بیانەوێت، یان نا.

حاڵی ئەو کەسەی بەتەواوی پشتی بە خوای میهرەبان بەستووە، دەگاتە ئەو ئاستەی کە بە دڵنیایی تەواو (یەقین) و متمانەوە دەڵێت: "خوام بەسە." ئێ ئەوە هەر ئەو ئـایەتەیە کە دەفەرموێـت: ﴿وَمَن يَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُۥٓ﴾ (الطـلاق: ٣). واتە: "ئەوەی پشت بە خوای گەورە دەبەستێت، ئەوی بەسە." جا، ئەگەر ئەم کەسە لە ڕیزی تەقواکاراندا بێت، ئەوە دیارە کە چارەنووسی زۆر چاکە، ئەگەر لە ڕیزی تەقواکارانیشدا نەبێت ئەوە پۆلی چوارەمە:

* **پۆلی چوارەم:** ئەوانەن کە باوەڕیان وایە خوای گەورە هەموو ڕەفتارێکی سـوود و زیـانی لەدەسـتدایە، ئەوەی خـوای گەورە ویسـتبێتی بـووە، ئەوەیشـی نەیوسـتبێت نەبـووە. ئەمـانە لەگەڵ حەز و ئـارەزووی خۆیانـدان، حەز و

ئارەزووشـیان شـوێنکەوتەی خـوای گەورە و پێغەمـبەرە بەڕێـزەکەی (صَـلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نین.[١]

ئەمـانە گـوێ نـادەن بەوەی کە خـوای گەورە چیـی پـێ خۆشـە و چیـی پـێ ناخۆشـە، ئەمـان حەز و ئارەزووەکانی خۆیانیـان دەوێت و بەس. ئەمانە پشـت بە خوا دەبەستن، لێی دەپاڕێنەوە، داوای یارمەتیی لێ دەکەن، بەڵام بۆ هێنانە دیی حەز و ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی خۆیانە! ئەمانە زۆریش دوعا دەکەن، شل و کول نابن لە دوعاکردن! [مافی خوای گەورەیان لە ناسین و پەرستنیدا نەداوە و گیراکردنی دوعاکانیـان بە مـافی ڕەوای خۆیـان دەزانـن!] زۆرینـەی جاریش وایە خوای گەورە زۆرێک لە دوعاکانیان بۆ دەهێنێتە دی، لە بەدەستهێنانی سەروەت و ساماندابێت، یان پلە و پایە و دەسەڵات، یان لە کاریگەری و هێزی کەسێتی و توانای بەرچاو و... هتد؛ بەڵام ئەمانە داهاتوویان نییە، هەر چییەک کە دەستیان کەوتــووە لە ســامان و دەســەڵات و هێــز و توانــا نــابێتە بەڵــگەی چــاکێتی و موسـوڵمانێتییەکەیان، یـان سەرڕاسـتی و ڕاسـتگۆییان، چ بگـات بەوەی ببێـتە نیشانەی ئەولیایەتی و لە خوا نزیکی! سامان و دەسەڵات و کاریگەری و هێز و ناوداری و نیعمەتگەلێک کە خوای گەورە دەیدات بە موسوڵمان و بە کافریش، هەر کەسێک وا بزانێت خوای گەورە بۆیە یەکێک لەم نیعمەتانەی، یان زیاتری بە فڵان کەس بەخشیوە، چونکە لێـی ڕازییە؛ هەر کەسێک ئەم بـاوەڕ و دید و تێڕوانینەی هەبێت لە نەفام نەزانترە، لە خواناسان دوورترە، هەر نازانێت دین و دینداری چییە!

ئەمە پەی بەوە نابات کە خوای گەورە چیی دەوێت و چیی ناوێت و بۆچی؟

[١] ڕەنگە کەسێک بڵێت: جاخۆ هەموو موسوڵمانێک ئەوە دەزانێت، ئیتر بۆچی لێرەدا ئەوەندە بە گرنـگ گیـراوە؟! ئەوە ڕاسـتە کە خەڵکـی دەیـزانن، بەڵام نە لایـان بـووەتە بەڵگەنەویسـت (البديهية) و نە ڕەفتاریشی وەلدا دەکەن، وەکوو ئەوەیە سەرت لە دە جۆر دەرمان دەربچێت و بەکارهێنانیان ئیهمال بکەیت. (کرێکار)

ئەم حـــاڵەتە لە دنیـــادا وەکـــوو دەســـەڵاتی میـــر و ســـەروەت و ســـامانی دەوڵەمەنـدانە، ئەگەر خاوەنەکانیـان لە گـوێڕایەڵی و ملکەچیـی خـوای گەورەدا بەکاریـان هێنـا، ئەگەر خسـتیانە خزمەتـی دیـنەکە و بـۆ ڕەزامەنـدیی خـوای گەورەیـان سـەرف کـرد؛ ئەوا دەچـنە ڕیـزی دەسـەڵاتدارە دادپەروەرەکـان و پیاوچاکـــان و خێرەومەنـــدە ســـەخییەکانەوە، خـــۆ ئەگەر وا دەرنەچـــوون و وا ڕەفتاریان نەکرد، حەتمەن ئەو ناز و نیعمەتانەیان لێ دەبێتە مایەی ژان و ناسۆر و بە تەئکید خوای گەورەش دوورتریان دەخاتەوە؛ دەیانخاتە ڕیزی دەسەڵاتدارە زاڵمەکان و دەوڵەمەندە پیسکەکان و پیاوخراپانەوە.

* * *

## * ڕێساکانی خواپەرستی (قواعد العبودیة):

ئەمە پوختەی ئەو باسەیە کە ئیمامی ئیبنولقەییم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هەر بەو ناونیشانە لە کتێبی (مدارج السالکین)ەکەیدا[1] نووسیویەتی:

دەستاری خواپەرستی لەسەر پازدە ڕێسا دەگەڕێت، هەر کەسێک بەتەواوی وەریان بگرێت و کاریان پێ بکات، ئەوە خواپەرستییەکەی بە کامڵی ئەنجامداوە.

خواپەرستی لە سێ مەیداندا ئەنجام دەدرێت: دڵ، زمان، بەدەن (ئەندامانی تری لەش)، هەر یەکێک لەم مەیدانانە بواری چەندین جۆر خواپەرستیی تایبەت بە خۆیین.

ئەحکامی خواپەرستییەکان پێنج حوکمن: فەرز، سوننەت، حەرام، مەکرووه (بوغزێنراو)، موباح (ڕێپێدراو).

## * خواپەرستییەکانی دڵ (عبودیة القلب):

١. **فەرزەکانی دڵ:** هەندێکیان کۆڕایان لەسەرە و هەندێکیان ڕاجیاییان لەسەرە:

أ. ئەوانەی کۆڕایان لەسەرە کە فەرزن، وەکوو: نیازپاکی (الإخلاص)، پشت بە خوا بەستن (التوکل)، خۆشویستن (المحبة)، پشوودرێژی و ئارامگرتن (الصبر)؛ گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە (الإنابة)، ترس لە خوای گەورە

[1] بەرگی١، ل ١٣٦ - ١٥٠) بە کورتکراوەیی.

(الخوف)، ئومێد بوون بە خوای گەورە (الرجاء)، ڕاستگۆزانینی تەواو (التصدیق الجـازم)؛ نییەتبـوون لە پەرسـتنەکاندا. هەروەهـا ئامۆژگـاریکردن و فێرکردنـی خواپەرسـتی کە تەوەری دیـنەکەیە، بـریتییە لە: هەوڵـدان بـۆ ڕوونکـردنەوەی خواپەرسـتی و ئەنجامـدانی بەتەواوی، بەو شـێوەیەی کە خـوای گەورە حەز دەکات بکرێن، هەروەها پشوودرێژیی و ئارامگرتن.

**ب. ئەوانەی ڕاجیاییان تێدایە:** وەکوو ڕازیبوون و قەناعەتکردن.

بە لای هەندێک شەرعناس و سۆفییەوە ئەمە فەرزە، چونکە پێچەوانەکەی سـکاڵا دەربـڕین و ناشـکوری کـردنە کە حەرامە، چارەسـەری سـکاڵا دەربـڕین و ناشکوری، هەر ڕازیبوونە بە قەدەری خوای گەورە.

مـادام ئەمە چارەسـەرێتی، کەواتە قەنـاعەت فەرزە. بە لای هەندێکیشـیانەوە سوننەتە، چونکە نە لە قورئان و نە لە سوننەتدا فەرمانی پێ نەکراوە کە دەبێت هەموو کەس وا بێت، بە پێچەوانەی سەبر (پشوودرێژی و ئارامگرتن) کە خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئاندا فەرمانی داوە سەبر بگیردرێت.

هەروەها پشتبەسـتن بە خوای تـاک و پـاک، وەکـوو دەفەرموێت: ﴿فَعَلَيۡهِ تَوَكَّلُوٓاْ إِن كُنتُم مُّسۡلِمِينَ ٨٤﴾ (یونس: ٨٤).

واتە: "ئەگەر موسوڵمانن، دە سا پشت بە خوا ببەستن."

- هەروەهـا گەڕانەوە بـۆ لای خـوای گەورە، وەکـوو دەفەرموێـت: ﴿وَأَنِيبُوٓاْ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ﴾ (الزمر: ٥٤).

واتە: "بگەڕێنەوە لای خوای پەروەردگارتان و تەوبە بکەن."

- هەروەهـا نیازپـاکی (الإخـلاص) وەکـوو دەفەرموێـت: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ (البینة: ٥).

واتە: "فەرمانی ئەوەیان پێ کرابوو کە هەر دەبێت خوای گەورە بپەرستن، بەڵام بە نیازی پاک و سەرڕاستی و دیندارییەوە."

- هەروەها ترسان لە خوای گەورە، وەکوو دەفەرمویت: ﴿فَلَا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ ١٧٥﴾ (آل عمران: ١٧٥).

واتە: "ئەگەر ڕاست دەکەن و موسوڵمانن دە سا لەوان (لە کافران) مەترسن و هەر لە من بترسن و بەس."

- هەروەها ڕاستگۆیی و سەرڕاستی، وەکوو دەفەرمویت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ ١١٩﴾ (التوبة: ١١٩).

واتە: "ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! لە خوا بترسن و لەگەڵ ڕاستگۆیانی سەرڕاستدا بن."

**٢. خواپەرستییە سوننەتەکانی دڵ، وەکوو:**

ڕازیبوون و قەناعەتکردن: ئەوە لە قورئاندا هەر مەدح کراوە و مەدحی ڕازییان و قانعان کراوە، فەرمان بە ڕازیبوون و قەناعەتکردن نەکراوە، ئەوە باسی ڕازیبوونە بە قەزا و قەدەر، نەک ڕازیبوون بە خوایەتیی خوای گەورە و بە پێغەمبەرێتیی موحەممەد موستەفا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ڕازیبوون بە ئیسلام، چونکە ئەمانە فەرزن و سەدان جار فەرمانیان پێ کراوە.

- مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم ڕەفتارانە، بە فەرز و سوننەتیانەوە، لە خواپەرستییەکانی دڵن.

**٣.حەرامکراوەکانی دڵ:** وەکوو: لووتبەرزی و هەوا و فیز (الكبر)، ڕیابازی، بە خۆ سەرسامبوون (واتە: خۆپەسەندی)، حەسوودی بردن بە خەڵکی؛ بێئاگایی لە خوای گەورە، دووڕوویی کە دوو جۆرە: دووڕوویی کوفرین و دووڕوویی یاخیبوون (معصية).

دوورڕوویی یاخیبوون وەکوو: گوناهە گەورەکان (الكبائر) و گوناهە بچووکەکان (الصغائر).

گوناهە گەورەکان وەکوو: ڕیابازی، خۆپەسەندی و شانازیکردن و خۆبادان بەسەر خەڵکیدا و نائومێدی لە ڕەحمەت و بەزەیی خوای گەورە، یان خۆشحاڵی بە ئازار و ژانی موسوڵمانان و حەزکردن لە بڵاوبوونەوەی داوێنپیسی و خراپەکاری لەناو موسوڵمانان و... هتد.

حەرامێتیی هەندێک لەمانە، یان بەردەوامبوون لەسەر هەر یەکێکیان، زۆرتر و گەورەترە لە گوناهەکانی زیناکردن و شەرابخۆری و گوناهە گەورە ناسراوەکانی تر.

چاکی و چاکسازیی دڵ و ڕەفتار، بە دوورەپەرێزییە لە ئەمانە، بە تەوبەکردنە لێیان، ئەگینا ئەوە دڵێکی پیسە کە دڵیش پیس و بۆگەن بوو؛ بەدەنیش دادەوەشێت!

ئەم دەردە کوشندانەی دینداری، هەموو لە نەزانینی خواپەرستییەکانی دڵەوە دێن، یان لە ئەنجامنەدانی دوورەپەرێزی و خۆگرتنەوە لێیانەوە دێن، چونکە ئەرکی (إياك نعبُد) لە ئەستۆی دڵدایە، پێش ئەوەی بەرپرسیارێتیی بەدەن بێت؛ کاتێک دڵ ئیهمال دەکرێت و ئەرکەکانی ئەستۆی خۆی ئەدا ناکات، حەتمەن بە پێچەوانەکانی پڕ دەبێتەوە [بە هەوا و هەوەس و دنیا ویستی و... هتد].

ئەم ڕەفتارانەی دڵ [کردنەکان بن، یان وەلکردنیان]، هەندێکیان گوناهی گەورەن و هەندێکیان گوناهی گچکە، ئیتر بەگوێرەی سەختی و سووکی، یان چڕی و ڕوونی.

- گوناهی گچکەی دڵ وەکوو: حەزکردن لە حەرامکراوەکان کە دڵ بۆیان بشنێت، هەروەها پلە و ئاستی بەرز و نزمی ئارەزوو و حەز لە حەرام، حوکمی هەر یەکەیان جودایە.

بۆ نموونە: حەز لە کوفر و شیرک، کوفرە؛ حەز لە بیدعە، فاسقبوونە؛ حەز لە گوناهە گەورەکان، گوناهـ و سەرپێچییە. ئادەمزاد کاتێک دەتوانێت ئەمانە بکات و لەبەر خاتری خوای گەورە وازیان لێ دەهێنێت، پاداشت وەردەگرێت.

ئەگەر لەبەر نەتوانینی ئەنجامنەدان وازی لێ هێنابن، یان هەوڵی بۆ دان و بەربەستی هاتە ڕێ و نەیکرد، شایانی سزای بکەریان دەبێت؛ هەر وەک چۆن نیازی نییە بیانکات پاداشتی هەیە، نیازی هەبێت بیانکات سزای هەیە، چونکە بەربەست هاتە ڕێ و نەیتوانی بیکات، دەنا دەیکرد. سزای ئەوەش وەکوو سزای بکەرێتی.

.ئەبوبەکرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی:

**(إذا تَوَجَّه المُسلمان بسيْفَيهما، فالقاتلُ والمقتولُ في النار، قالوا: هذا القاتِلُ يا رسول اللهِ فما بالُ المقتول؟ قال: إنَّهُ كان حريصاً على قَتْلِ صاحبه).**[١]

واتە: "کە دوو موسوڵمان بە شمشێر بەرانبەر یەک (بۆ کوشتار) دەوەستنەوە، بکوژ و کوژراو دەچنە دۆزەخەوە!

عەرزیان کرد: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوە بکوژە و زانیمان، ئەدی کوژراوەکە بۆچی دەچێتە دۆزەخەوە؟!

فەرمووی: ئێ ئەویش سوور بوو لەسەر کوشتنی هاوڕێکەی." هەردووکیان یەک حوکمیان هەیە. لەمەوە خواپەرستییەکانی دڵ و ڕێپێدراوەکان دەزانرێن.

---

[١] بوخاری (٦٨٧٥)، موسلیم (٢٨٨٨).

## خواپەرستییەکانی زمان (عبودية اللسان):

١. **فەرزەکانی زمان:** شایەتمان هێنان، خوێندنی ئەوەندە ئایەتە قورئانییەی پێویستی پێیانە و دەبێت فێریان ببێت و بیانخوێنێت، ئەوانەی ڕاست و دروستیی نوێژەکانیان لەسەر دەوەستێت.

هەروەها زیکرە فەرزەکانی ناو نوێژ کە خوای گەورە، یان پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمانیان پێ کردووە، وەکوو: تەسبیحاتی ناو ڕکووع و سوجدە و وتنی: (ربنا لك الحمد) و تەحیاتخوێندن و تەکبیرکردن [وتنی: الله أكبر] لە بزاوت و سرەوتەکانی نوێژکردندا.

هەروەها لە فەرزەکانی زمان کە لەسەرێتی بیکات، وەڵامدانەوەی سەلام لێ کردنە، هەروەها فەرمانکردن بە چاکە و ڕێگری لە خراپە و فێرکردنی نەزانان و ڕێنیشاندانی ڕێ لێ ونبووان و شاهێدیدانێک کە ئەویان بۆ دیاری کردووە، یان لە توانا و زانینیدایە کە بیدات؛ هەروەها ڕاستگۆیی لە قسەکردنیدا.

**٢- سوننەتەکانی پەرستن بە زمان:** وەکوو قورئانخوێندن و خەتمکردنی، بەردەوامی لەسەر زیکرەکان، خوێندنی زانستە بەسوودەکان و ئەوانەی بۆ ئەوان زەروورین.

**٣. حەرامەکانی زمان:** وتنی هەر شتێک کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێیان ناخۆشە، وەکوو: وتنی ئەو قسە و باسە بیدعانەی پێچەوانەی دینەکەن، هەروەها بانگەوازی بیدعەخوازی، جوانکردن و بەهێزکردن و سەرخستنی بیدعە؛ هەروەها تانە و تەشەردان لە ڕەوشتی موسوڵمان، وەکوو: تۆمەتبارکردنی بە زینا، یان جنێودان بە موسوڵمان و ئازاردانی بە قسە و باسکردنی بە خراپە، درۆکردن، شاهێدیدانی درۆ؛ قسەکردن بە ناوی خوای گەورەوە بە نەزانینی بەڵگەی شەرعی، ئەمیان لە هەموویان حەرامترە.

**٤. بوغزێنراو (مەکرووە)ەکان:** وەکوو: وتنی قسەیەک کە نەوتنی چاکترە کە سزای لەسەر نەبێت.

پێشەوایانی سەلەف ڕاجیان لە حوکمی ئەو قسانەدا کە وتن و نەوتنیان وەکوو یەک بێت:

ئیبنولمونزیر باسی کردوون، ڕایەکیان ئەوەیە کە دەفەرموون: هەر قسەیەک کە موسوڵمان دەیکات، یان لەسەری دەکەوێت، یان سوودی بۆی دەبێت، بەڵام ئەوانەی هیچیان لەم دوانە نەبن؛ حوکمیان لەسەر نییە [ئاساییں]، دەفەرموون: ئەمە وەکوو بزاوت و سرەوتە ئاساییەکانی ئەندامانی لەشن، بۆیە ڕێپێدراون.

ئەوە بەو شێوە گشتییە نییە، چونکە بەرپرسیارێتی لە کاری زماندا وەکوو بەرپرسیارێتیی کاری ئەندامانی تری لەش نییە، چونکە قسە یان خراپە، یان چاکە، یان کردنی باشترە.

نابینت کە لە فەرموودەدا هاتووە هەموو ئەندامانی لەش ڕوو لە زمان دەکەن و دەڵێن: "لە خوا بترسە، چونکە ڕەفتار و چارەنووسی ئێمە بە تۆوە بەندە."

ئەبو سەعیدی خودری (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (**إذا أصبحَ ابنُ آدمَ؛ فإنَّ الأعضاءَ كلَّها تكفِّر اللسانَ، فتقول: اتقِ اللهَ فينا؛ فإنما نحن بك؛ فإن استقمت استقمْنا وإنِ اعوَجَجْتَ اعْوَجَجْنَا**).[١]

واتە: "هەموو ڕۆژێک ئەندامانی لەش بە زەلیلییەوە بە زمان دەڵێن: لە خوا بترسە، ئێمە هەموو بە تۆوەین، تۆ پابەند و پارسەنگ بیت، ئێمەش پابەند و پارسەنگ دەبین، تۆ لار و لەوێر بیت؛ ئێمەش لار و لەوێر دەبین."

زۆرینەی خەڵکی کە دەچنە دۆزەخەوە بە هۆی زمانیانەوەیە.

---

[١] ئەحمەد (٣/ ٩٦)، ترمزی (٢٤٠٧)، ابن أبي الدنيا لە کتێبی (الصّمت و حفظ اللسان (٣٩/ ١٢)، ئیمامی نەوەوی لە (رياض الصالحين)دا دەفەرموێت: (تُكَفِّرُ)، واتە: ملکەچ و زەلیل دەبن. بڕوانە (دليل العالمين شرح رياض الصالحين، ٨/ ١٠).

- ئەوەی زمـان دەیڵێـت: یـان ئەوەیە کە خـوا و پێغەمـبەر (صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) پێی ڕازین، ئەگەر وا بوو ئەوە پەسەندتر ئەوەیە بوترێت، ئەگەر وا نەبوو پەسەندتر ئەوەیە نەوترێت. ئەمە وەکوو بزاوتی چوار پەل نییە کە جاری وا هەیە خـودی بـزاوتەکەی سـوودگەیاندنە بە هەمـوو لەش و حەوانەوەی خۆیشـیەتی، ئەمـانە کە ڕێپێـدراون و لە قیامەتـدا زیانیـان بـۆی نابێـت، بەڵام زمـان زۆرینـەی بزاوتەکانی بە زیان دەشکێنەوە بەسەر خاوەنەکەیدا[1]، جا بیر بکەرەوە لێی.

ئەگەر بوترێت: ئەگەر کردارێک، کردن و نەکردنی وەکوو یەک بێت، بزاوتی زمانیش ئەو حوکمەی دەبێت کە شیاوە، بەڵام لە وەڵامی ئەمەدا وتراوە:

مەرج نیـیە وا بێـت، لەوانەیە شـتێک ڕێپێـدراو بێـت، یـان فەرز بێـت، بەڵام هۆکـاری ئەنجامدانی مەکرووهـ دەبێت؛ وەکـوو کەسێـک نەزرێکـی لەسـەرە کە دەبێت خواپەرستییەک بکـات [بـۆ نمـوونە: وتـوویەتی نەزرم بێـت سـێ ڕۆژ بە ڕۆژوو دەبـم]، خواپەرسـتییەکە بـووەتە فەرز لەسـەری، هەر دەبێـت بیکـات، ئەگەر چـی هۆکـارەکەی کە نەزر لە خـۆ گـرتنەکەیە، مەکـرووهە [چـونکە نەزر، خێر و خێراتکردنی کەسی بەخیلە].

هەروەها سوێندخواردن لەسەر شتێک و کەوتنی، ئەمە مەکروهە، بەڵام خۆ کاری ئەنجامدانی، خواپەرستییەکە کە کەفارەتدانی سوێندەکەیە.

لەم نموونانە زۆرن، ئەگەر هۆکارێک خراپەیەکی لە ناواخندا بێت مەکروهە، لەوانەیە حەرامیش بێت، بەپێی هۆکار و مەبەستەکە دەگۆڕێت.

---

[1] لە ڕاستیدا زیـان و سـوود و بەرپرسیارێتی لە بزاوتـی زمانـدا زۆرتـر دەردەکەون، چـونکە مـرۆڤ زمـانی زۆرتـر بەکـار دەهێنێـت، جـاری واش هەیە غـافڵانە قسـە دەردەبڕێـت، جـگە لە قسەکردنەکە؛ خەڵکی تریش پێی دەزانن، وەکوو بزاوتی چاو و گوێ نییە کە دەشێت لە کاردا بن و کەس پێیان نەزانێت.

## خواپەرستییەکانی بەدەن:

ئەو پێنج خواپەرستییەی لەسەر بەدەنن: (بیست و پێنج) پلەن، چونکە هەستەوەرەکان پێنجن، هەریەکەیان پێنج جۆر خواپەرستیی لەسەرە.

**١. خواپەرستییەکانی بیستن:** فەرزێتیی بێدەنگ بوون و گوێگرتن لەوانەی کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرزیان کردووە لەسەری، وەکوو: گوێگرتن لە باسکردنی ئیسلام و ئیمان و فەرزەکانیان بۆی، هەروەها گوێگرتن لە قورئانخوێندنی ئیمامەکەی لە نوێژی جەماعەتدا، هەروەها گوێگرتنی لە وتاری هەینی (ئەمە بۆچوونە پەسەندترەکەی زانایانە).

**٢ . حەرامەکانی بیستن:** وەکوو بیستنی کوفر و بیدعە کە بیستنیان حەرامە، مەگەر لەبەر بەرژەوەندییەک بێت، وەکوو: بەرپەرچدانەوەی، یان شاهێدیدان لەسەر کەسێک کە وای وتووە، یان بۆ بەهێزکردن و دینداری و پابەندبوونی زیاتر بە سوننەتەوە، کوفر و بیدعەیەک باس دەکات؛ لەگەڵ چارەنووسی بکەرەکانیان، یان لەبەر ئەوەی پێچەوانەی باوەڕ و سوننەتن، یان بیستنی نهێنییەکانی کەسێک کە لە تۆی شاردوونەتەوە و نایەوێت تۆ پێیان بزانیت.

نابێت بڕۆیت بە دوایدا و گوێ هەڵبخەیت بۆ بیستنی، مەگەر مافێکی خوایی تێدا بفەوتێت، یان نەخشەیەک بێت بۆ زیانگەیاندن بە موسوڵمانێک کە بێتاوانە، یان لە کاتی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکدا.

هەروەها گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسقا، لە ئامێرەکانی وەکوو: عود و تەپڵ و دەهۆڵ و شمشاڵ و هاوشێوەیان.

مەرج نییە کە گوێی لێیان بوو ئیتر گوێچکەی بئاخنێت، بە تایبەتی کە خۆی نایەوێت گوێیان لێ بگرێت، ئەگەر خەمی ئەوەی لێ هات کە بە زۆرمانەوەی

دڵی بۆیان لێ بدات و گوێیان لێ بگرێت، ئەوە باشتر وایە دوور بکەوێتەوە لێیان.

- هەروەها گوێگرتنی پیاو لە ئافرەتان کە دەترسێت دڵی بۆیان بشنێت، بەڵام ئەگەر گوێگرتنی لە ئافرەتێکی نامەحرەم زەرووری بوو، دەکرێت گوێی لێ بگرێت، وەکوو: گوێگرتن لە شاهێدیدانی ژنێک، یان لە سەودا و مامەڵەی، یان لە پرسیارکردنی شەرعی، یان گوێگرتن لە ئیفادەدانی لە دادگا و... هتد.

ئەوی وەکوو ئەمانەیە: بۆنکردنی ئیحرامپۆشە (مُحْرِم) کە ناشێت بەئەنقەست بۆنی خۆش بکات [وەکوو ڕووەکی، یان عەتر، یان ئەوی وەکوو ئەوانە]، ئەگەر بۆنی خۆشی بەسەردا هات، مەرج نییە لووتی خۆی بگرێت لێی.

یان وەکوو نەزەرکردنێکی لەناکاو و لەپڕ کە بە ئەنقەست سەیری نامەحرەمەکەی نەکردبێت، چونکە بینینی یەکەمین جاری لەسەر ناکەوێت [کە لائیرادییە و دەڕوانێت، تا بزانێت گیانلەبەرە، یان بێگیان، ئاژەڵە؛ یان مرۆڤ، نێرینەیە، یان مێیینە، گەورەیە؛ یان گچکە. جا هەر کە زانیی ئافرەتی باڵغە، ئیتر بۆی نییە لەسەر بینینەکەی بەردەوام بێت، یان بۆ جاری دووەمیش سەیری بکاتەوە].

- **بیستنی پەسەند (سوننەتییانە):** وەکوو گوێگرتن لە باسەکانی زانستی شەرع و قورئانخوێندن و زیکری خوای گەورەو هەموو ئەوانەی کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێیان خۆشە گوێیان لێ بگرێت، لە غەیری گوێگرتنە فەرزەکان.

- **بیستنە بوغزێنراو (مەکرووە)ەکان:** وەکوو گوێگرتن لە هەرچی شتێک کە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیبوغزێنن و حەز ناکەن گوێیان لێ بگیردرێت.

**تێبینییەک بۆ کاتی نووسینەوەی ئەم باسە:** ئیمامی ئیبنولقەییم نەخشەکەی وا بووە کە (واجب و مستحب و محرَّم، مکروه و مباح)ی هەر یەک لە: (عبودیة القلب) و (عبودیة اللسان) و (عبودیة الجوارح) باس بکات، بەڵام خۆی بەو ڕیزبەندییە نەڕۆیشتووە و لە هەندێکیشیاندا هیچی لەسەر «مەکرووهـ» و «موباح» نەنووسیوە، یان تێکەڵی کردوون؛ من هەوڵم دا بە خاڵبەندکردنیان کەمێک ڕۆشنتریان بکەمەوە.

**٢. خواپەرستییەکانی تەماشاکردن (النظر):**

**ـ فەرزەکانی تەماشاکردن:** وەکوو تەماشاکردنی قورئان و کتێبەکانی زانستی شەرع، کاتێک کە پێویست دەبن تەماشا بکرێن و بخوێنرێن، تا حەرام و حەڵاڵیان پێ بزانرێت و لێک جودا بکرێنەوە، بەو بەڵگانەی تێیاندا هەن [چ دەربارەی عەقیدە و عیبادەت بن] چ دەربارەی خۆراک و خواردنەوە و پۆشاک، یان ڕەفتار و ڕەوشت.

**ـ سوننەکانی تەماشاکردن:** وەکوو تەماشاکردنی کتێبی شەرع و سەرچاوەکانی دین و دینداری کە باوەڕ و زانستیان پێ زیاد دەبێت، هەروەها تەماشاکردنی قورئان و تەماشاکردنی ڕووخساری زانایانی پیاوچاک و دایک و باوک، وەکوو تەماشاکردن و سەرنجدانە بەڵگە و نیشانەکانی خوایەتیی خوای گەورە لە گەردوون و ژیاندا، تا باوەڕ پێیان پتەوتر ببێت.[١]

**ـ حەرامەکانی تەماشاکردن:** وەکوو تەماشاکردنی ئافرەتانی نامەحرەم [بێگومان بۆ ئافرەتیش تەماشاکردنی پیاوانی نامەحرەم] بە پاڵنەری حەز و ئارەزووی جنسی و [غەیرە جنسی، ئەگەر پێویست نەبوو]، وەکوو:

---

[١] ڕوانین و سەرنجدانە نیشانەکانی گەردوون لە ڕیزی سەرەکیترین فەرزە، چونکە فەرمانی زۆر و سەختیان لە قورئاندا لەسەر هاتووە، هەروەها هەڕەشەی زۆر سەخت لەو کەسانە کراوە کە خۆیان کوێر دەکەن لە ئاستیاندا و هزر و هەستەوەرەکانیان تێدا بەکار ناهێنن، ئیتر هەر وا بێئاگا دەمێنێتەوە.

تەماشاکردنی داخوازیکاری هاوسەرگیری و تەماشاکردنی فرۆشیار و شاهێد و داوەر و پزیشک و هاوشێوەیان.

**ـ مەکروهەکانی تەماشاکردن:** زیادە تەمشاکردنە نازەرووریەکان کە بەرژەوەندییەکیان تێدا نییە، زیادکردنی ئەمیش وەکوو قسە زیادکردنە. لە تەماشاکردنی زیادەی نازەروورییشدا، ڕەنگە کەسێک وا موبتەلا ببێت پێوەی کە چاو لە هیچ لانەدات، یان چاو لە هیچ نەتروکێنێت!

زۆرن ئەوانەی وا موبتەلا بوون، وا ئالوودە بوون بۆیان تەرک نەکراوە! بۆیە پیاوچاکانی سەلەف هەر وەک چۆن خۆیان لە زۆر قسەکردن دەبوارد، لە زۆر تەماشاکردنیش خۆیان دەبوارد.

**ـ ڕێپێدراوەکانی تەماشاکردن:** هەموو ئەوانەن کە نە لە دنیادا زەرەریان هەیە و نە لە ڕۆژی دواییشدا سوودیان هەیە.

**لاباسێک:** تەماشاکردنی عەورەت دوو بوارە:

. بواری یەکەم: تەماشاکردنی عەورەتانی ژێر جل و بەرگ.

ـ بواری دووەم: تەماشاکردنی عەورەتانی پشت دیوار و دەرگای مالان و هاوشێوە.

ئەگەر کەسێک لە شوێنێکەوە تەماشای ماڵێکی دەکرد، لە دەرگاوە [یان لەسەر دیوار و سەربانەوە، ڕاستەوخۆ، یان بە جیهازێکی وەکوو: کامێرا و مۆبایل و دووربین]، خاوەن عەورەتی ماڵەکە شتێکی تێ گرت و چاوی کوێر کرد، حەقی چاوی هەدەرە و بۆی نییە داوای حەقی خۆی بکاتەوە؛ خاوەن عەورەتەکە تاوانبار نابێت، دەقی فەرموودەی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەسەر ئەم حوکمەیە.[١]

---

[١] بوخاری (٦٩٠٢) و موسلیم (٢١٥٨) لە ڕیوایەتی ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: **(مَنْ اطَّلَعَ فِي بَيْتِ قومٍ بغَيرِ إذنهمْ فَقَد حَلَّ لَهُمْ أنْ يَفْقَئوا عَيْنَهُ).**

ئەوە، ئەگەر تەماشاکارەکە هەنجەتی نەبوو کە بڕوانێتە ئەوێ، وەکوو ئەوەی دوژمنێکی لەو جێیەیە، یان ئەم فەرمانبەری دەوڵەتێکی شەرعی موسوڵمانانە و فەرمانی پێ کراوە، یان خاوەن عەورەتەکە ڕێپێدراوە.

**٣. خواپەرستییەکانی چێژتن (الذوق):**

**. فەرزەکانی چێژتن:** وەکوو خواردن و خواردنەوەی شتێکی حەرام کە کاتی ناچاری دەترسێت، ئەگەر نەیخوات، یان نەیخواتەوە گیان لە دەست بدات و بمرێت، لەم حاڵەتەیدا فەرزە ئەو حەرامە بخوات؛ یان بخواتەوە، ئەگەر نەیخوارد، یان نەیخواردەوە و مرد، بە قاتڵی نەفسی خۆی حسێب دەبێت و گوناهبارە!

ئیمامی ئەحمەد و «تاووس» دەیانفەرموو: "هەر کەسێک ناچار بوو مردارەوەبوو بخوات و نەیخوات، تا دەمرێت، ئەوە ئەهلی ئاگرە و دەچێتە دۆزەخەوە!"

- خواردنەوەی دەرمانیش وایە، ئەگەر دەیزانی کە چارەسەری بەو دەرمانەیە و ئەگەر بەکاری نەهێنێت دەمرێت [حەب و عەمەلیاتکردنیش هەر وان]، بەکاری نەهێنا و مرد، بۆچوونی پەسەندتر ئەوەیە کە بە بکوژی خۆی حسێبە؛ بەڵام ئەگەر گومانی لە درەمانەکە هەبوو کە چارەسەری تەواوە، یان نا [وەکوو کەسێک کە خۆی شارەزای دەرمان و چارەسەرە]، لەمەدا زانایانی

---

واتە: "هەر کەسێک تەماشای ماڵی کەسانێکی کرد، بێ ئەوەی ڕێیان پێ دابێت، بۆیان جائیزە چاوی تەماشاکارەکە کوێر بکەن"، ڕیوایەتی موسلیم دەفەرموێت: **(فَفقأت عَنهُ ما كان عليه من جُناح).**

واتە: "ئەگەر چاویان کوێر کرد، گوناهیان ناگاتێ"، ڕیوایەتی ئیمامی ئەحمەد و نەسائی دەفەرموێت: **(فلا دِيَّة ولا قِصاص).**

واتە: "نە حەقی هەیە خوێنی چاوەکەی وەربگرێت و نە تۆڵەش بکاتەوە"، ڕیوایەتی( ئەبوداود) دەفەرموێت: **(فَفَقؤا عينَهُ فَقَد هَدَرَت).**

واتە: "ئەگەر چاویان کوێر کرد، ئەوە مافی لەدەستدانی چاوی بە فیڕۆ دەڕوات."

سـەلەف و خەلەف ڕاجیـا بـوون کە ئەگەر بەکـاری نەهێنـا و مـرد، ئایـا هەر بە بکـوژی خـۆی حسـێبە، یـان نـا؟ چـونکە دڵنیـا نەبـوو لەوەی چارەسـەرە، بەڵکـوو گومانی هەبوو.

**ـ سـوننەتەکانی چێـژتن:** هەمـوو ئەوانەن کە دەبـنە مـایەی یارمەتیـدان و چوسـت و چالاکبوونـت لەسـەر خواپەرسـتی و گـوێڕایەڵیی فەرمانەکـانی خـوای گەورە، لەوانەی لە شەرعدا ڕێپێدراون.

هەروەهـا خـواردن لەگەڵ میوانـدا، تـا شـەرم نەیگرێـت و کەم بخـوات، یـان بترسێت و نەیخوات.

هەروەهـا خـواردنی خـۆراکی دەعـوەت کە دەبێـت بە دەم دەعـوەتەکەیەوە بچیـت، یـان سـوننەتە بچیـت، هەنـدێک لەشەرعناسـان فەرمـوویـانە: فەرزە بچیـتە دەعـــوەتەکە و نـــانی بخۆیـــت، چـــونکە بەڵـــگەی زۆر هەیە کە فەرمـــان بە هەردووکیان: (چوون و خواردنەکە) دەکات.

**. حەرامەکانی چێژتن:** وەکوو چێژتنی شەراب و ژەهری کوشندە و تامکردنی ئەو شتانەی لە ڕۆژووەوان قەدەغە کراون.

**ـ مەکروهەکـانی چێـژتن:** وەکـوو چێژتنـی ئەو خـۆراک و خـواردنەوانەی گومـان لە حەڵاڵێتییـان هەیە و خـواردنی زیـاد لە پێویسـت (گەدەبەلـی)، خـواردنی خۆراکێـک کە لە سـاتەوەختی دەسـتپێکیدا دەردەکەوێـت کە بە حەرام پەیـدا کراوە، یان خاوەن خۆراکەکە ڕیابازە و دەعوەتی خەڵکی بۆ خۆنواندن کردووە، پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فەرمـوویەتی: **(نَهَـى عـن طَعَـام المُتَبَـارِين).**[1] هەروەهـا تـامکردن و چێژتنـی خـۆراکی کەسـێک کە لە ڕووودا

[1] سـەحیحە، ئەبـوداود (٢٧٥٤)، تەبەرانـی لە (الكبيـر ١١/ ٣٤٠) و حـاکم (٤/ ١٢٩) و بە سەحیحی داناوە، ئیمامی زەهەبی لایەنگری بوو، ئەبولفەتح الأزدي لە کتێبی (مَن وافقَ اسمهُ اسمَ أبيه، (ل ٢١)، لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت)؛ هەروەها سیووتی لە (الجامع الصغير ٦ / ٢٥٩)دا دەفەرموێت کە بەیهەقی لە (شعب الإيمان)دا هێناویەتییەوە و سیووتی

دادەمێنێت و فەرمووی خواردنت لێ دەکات، شەرم دەیگرێت و دەڵێت: فەرمو بخۆ!

## . چێژتنی ڕێپێدراو:

### ٤ . خواپەرستییەکانی بۆنکردن: (الشَّمّ)

**ـ فەرزەکانی بۆنکردن:** هەر بۆنکردنێک کە حەڵاڵ و حەرامی پێ جیا دەکرێتەوە فەرزە، وەکوو: بۆنکردنی شتێک، تا بزانرێت پیسایییە، یان شتێکی پاکە؟

یان شتێک ئایا ژەهرێکی کوشندەیە، یان بێ زیان؟

یان بۆنی شتێک دەکات، تا بزانێت سوودی پێوە ماوە، یان خراپ بووە [وەکوو چێشتێکی کۆن، میوەیەکی گەنیو و ڕزیو و... هتد]، یان بۆنکردنێک؛ تا بزانرێت ئەو نرخەی بۆ دانراوە گونجاوێتی، یان کەم، یان زیاترە [وەکوو بۆنکرنی سەری ماسی تا بزانرێت چەند کۆنە]، یان بۆنکردنی ئاژەڵ؛ یان کۆیلە و هیی تری هاوشێوە.

**. سوننەتەکانی بۆنکردن:** بۆنکردنی هەموو شتێکە کە یارمەتیدەرت دەبێت بۆ زیادکردنی خواپەرستیت، یان ملکەچیکردنی زیاتری شەرع، یان هەستەوەرەکان بەهێزتر دەکات، یان بۆنی شتێک کە «میزاج»ت باشتر دەکات بۆ وەرگرتنی زانست و چەسپاندنی؛ ئەوەی لەم ڕیزەشە وەکوو ئەوەی عەتر، یان ڕێحانە [یان گوڵ و هاوشێوەیان کە بۆندارن] بە دیاری دەتدرێتێ و تۆش وەری دەگریت.

---

وەڵامی ئەو زانایانەی داوەتەوە کە فەرموویان ڕیوایەتەکە زەعیفە، چونکە «میکرەمە» بە مورسەلی گێڕاویەتییەوە، بەڵام لە ئیبنو عەبباسەوە سەحیحە، ئیمامی ئەحمەد دەفەرموێت: (المتباريان) ئەو کەسانەن کە دەعوەتی خواردن دەکەن بۆ خەڵکی هەر بۆ شانازیکردن و ڕیاکاری. (مشكاة المصابيح ٢/ ٩٦٣).

لە سەحیحی موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: **(مَنْ عُرِضَ عليه رَيْحانٌ فلا يَرُدَّهُ، فإنه طَيِّبُ الريح، خَفيفُ المَحْملِ).**[١]

واتە: "هەر کەسێک ڕێحانەیان پێشکەش کرد، با نەیگێڕێتەوە و وەری بگرێت، چونکە بۆنی خۆشە و هەڵگرتنی ئاسانە."

**حەرامەکانی بۆنکردن:** کە بۆنکردنی بەئەنقەستی بۆنی حەرامە، وەکوو بۆنکردنی عەتری دزراو و زەوتکراو، یان بۆنکردنی ئافرەتی نامەحرەم نەبادا تووشی «فیتنە» ببێت پێی.

**مەکروهەکانی بۆنکردن:** وەکوو بۆنکردنی زاڵم و ستەمکاران و خاوەن گومان لە دین و [حیزبی و عەلمانی] و... هتد.

**ڕێپێدراوەکانی بۆنکردن:** هەموو ئەوانەن کە دەقێک ڕێی لێ نەگرتوون، یان لە بۆنکردن و بۆننەکردنیاندا بەرژەوەندییەک بوونی نییە، یان حوکمی لە شەرعدا نەهاتووە.

## خواپەرستییەکانی بەرکەوتن/ دەستلێدان (اللّمس)[٢]:

ـ **فەرزەکانی بەرکەوتن:** وەکوو دەستبازیکردن لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، بە تایبەتی کاتی سەرجێییکردن (جیماع)، یان کەنیزەک (ژنە کۆیلە)کەی کە پێویستە ئەوەندەی تێر بکات چاوی لە حەرام نەبێت.

. **سوننەتەکانی بەرکەوتن:** هەموو شتێکە کە دەبێتە هۆکاری چاوگرتنەوە لە نەزەری حەرام و کەوتنە ڕەفتاری حەرام و تێرکردنی حەزەکانی خێزانی.

ـ **حەرامەکانی بەرکەوتن:** بەرکەوتنی هەموو ئافرەت [یان پیاو]ێکی نامەحرەم.

---

[١] موسلیم (٢٢٥٣) لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت).

[٢] مەرج نییە بەرکەوتن هەر دەستلێدان بێت، دەشێت بە باسک و ددان و لێو و هتد، بێت.

**- مەکروهەکانی بەرکەوتن:** وەکوو دەستبازی لەگەڵ هاوسەریدا لە کاتی ئیحرامپۆشینی حەج، یان عومرەدا، یان لە کاتی ئیعتیکاف کردندا، یان لە کاتی بەرۆژووبووندا؛ ئەگەر لەوە دەترسا کە دەستبازییەکە سەر بکێشێت بۆ رەفتاری ناجائیز [وەکوو جیماعکردن کە کەفارەتی دەکەوێتە سەر]، هەروەها بەرکەوتن [یان دەستدان لە] مردوو بۆ غەیری مردووشۆرەکە، چونکە لە دوای مردن هەموو لەشی مردووەکە حوکمی عەورەتی زیندووی هەیە، ئەوە رێزگرتنە لە مردوو؛ بۆیە باشتر وایە کاتی مردوو شۆردن پەردە بە دەوری جێگاکەدا بگێڕن، هەندێک لە زانایان فەرموویانە: باشتر وایە پارچە کفنێکی خۆی پێوە بێت کە دەشۆردرێت. هەروەها ناشێت بەر ڕانی کەسێکی نامەحرەم بکەوێت، یان دەستی لێدا، چونکە وتمان: ڕان عەورەتە.

**. ڕێپێدراوەی بەرکەوتن:** هەموو بەرکەوتن و دەستلێدانێکە کە نە زیانی بۆ دین و دینداری هەیە و نە سوود.

## خواپەرستییەکانی دەست بەکارهێنان (البَطْشُ باليد):

نموونەی ئەم خواپەرستییانە زۆر ئاشکران، لە کەس شاراوە نین.

**- فەرزەکانی دەست بەکارهێنان:** وەکوو کاسبیکردن و دابینکردنی بژێویی خۆی و ماڵ و منداڵی، یان کەسوکاری کە لەگەڵیاندا دەژی، یان بۆ قەرزدانەوەی (هەرچەندە ئەمەیان ڕاجیایی تێدایە کە ئایا فەرزە لەسەری، یان نا؟) پەسەند و ڕاست ئەوەیە کە فەرزە لەسەری، تا قەرزەکانی بداتەوە، ئەگینا چۆن قەرزەکانی دەداتەوە؟

بەڵام کاسبیکردنی زۆر بۆ دەوڵەمەندبوونی بەو ئومێدەی زەکات بدات، ئەمە فەرز نییە لەسەری، بەڵام کاسبیی زۆر و پەیداکردنی مەسرووفی حەجکردنی، ڕاجیایی لەسەرە کە ئایا فەرزە بگاتە ڕادەی توانینی حەجکردن؟ بەنابانگترین بۆچوون ئەوەیە کە نەخێر فەرز نییە لەسەری

هەر لەو فەرمانە: یارمەتیدانی ناچار و داماوان و شەیتان ڕەجمکردن و دەستنوێژگرتن و تەیەمموم کردن.

- **سوننەتەکانی دەست بەکارهێنان:** وەکوو نووسینی هەرچی شتێک کە سوودی بۆ دین و دینداری هەیە، یان بەرژەوەندیی موسوڵمانانی تێدایە، هەروەها ئەنجامدانی کاری چاکە بە دەست، وەکوو: یارمەتیدانی کەسێک کە خەریکی ماڵ پێکەوەنانە، یان ئاو هەڵدەگۆزێت و پێویستی بە هاوکاری هەیە، یان تێراوکردنی گیانلەبەرێک، یان یارمەتیدانی بارهەڵگرتن و بارکردن؛ یان وڵاخەکەی بۆ دەگرێت، تا خاوەنەکەی یاری بکات. هەروەها دەستدان لە بەردە ڕەشەکەی کەعبە و ماچکردنی، دوو ڕاوبۆچوونی لەسەرە.

- **حەرامەکانی دەست بەکارهێنان:** وەکوو کوشتنی کەسی بێتاوان کە خوای گەورە حەرامی کردووە، یان زەوتکردنی موڵک و سامانی خەڵکی، یان لێدانی کەسێک کە لێدانی جائیز نییە؛ هەروەها وەکوو: یاریکردنی حەرام بە زار، یان لەو حەرامتر (لای ئەهلی مەدینە) کە شەترەنجە [کە لەم سەردەمەشدا ڕاجیایی لەسەر حەرامێتیی هەیە][1]، هەروەها وەکوو: نووسین و نووسینەوە و بڵاوکردنەوەی بیدعە، مەگەر بەو مەبەستە بینووسێتەوە کە بەرپەرچی بداتەوە..

هەروەها نووسینی شاهێدیی درۆ و زوڵم و دەستدرێژی و داوەریکردنی لاسەنگ و زاڵمانە، یان نووسینی شعیری دڵداری و غەزەل و پێداهەڵدانی ئافرەتانی نامەحرەم، یان نووسین و نووسینەوەی هەرچی شتێک کە زیانی بۆ موسوڵمان هەبێت بۆ دین و دنیایان؛ بە تایبەتی ئەگەر پارەی لەو نووسینانەدا دەست بکەوێت، چونکە ئەوە دەچێتە خانەی چەواشەکاری و دژایەتی و دینفرۆشییەوە، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَوَيۡلٞ لَّهُم مِّمَّا كَتَبَتۡ أَيۡدِيهِمۡ وَوَيۡلٞ لَّهُم مِّمَّا يَكۡسِبُونَ ٧٩﴾ (البقرة: ٧٩).

---

[1] «حافز ئاجوڕڕی» کتێبێکی گشتگیری لەسەر حەرامێتیی شەترەنج نووسیوە، زیاتر لە زانایەک شەترنجیان بە حەرام داناوە.

واتە: "سزای وەیل (جۆرێکە لە سزای قیامەت، یان دۆڵێکە لە دۆزەخ) بۆ ئەو کەسانەی کە شت دەنووسن و دەڵێن: ئەمە لە دینی خودادایە، وەیل بۆ ئەوانەیە، چونکە پارە بەو چەواشەکارییە پەیدا دەکەن."

هەروەها نووسینی فەتوایەک کە پێچەوانەی حوکمی قورئان و سوننەت بێت، مەگەر لە ئیجتیهـادێکی تەواوی پێشەوایەکەوە هاتبێت، ئەمیـان هەڵەکەی گوناهباری ناکات.

**ـ مەکروهەکانی دەست بەکارهێنان:** وەکوو بزاوتی نابەجێ و بێسوود و یاریکردن لەوانەی کە حەرام نین، یان نووسینی شتێک کە سوودی نابێت نە لە دنیا و نە لە ڕۆژی دواییدا.

**. ڕێپێدراوەکانی دەست بەکارهێنان:** هەموو کردارێکە کە نە زیانی هەیە و نە سوود.

## خواپەرستییەکانی ڕۆیشتن:

**فەرزەکانی ڕۆیشتن:** وەکوو ڕۆیشتن بۆ نوێژەکانی جومعە و جەماعەت کە بیست و قسوور بەڵگە لەسەر واجببوونی هەیە، لە شوێنی تردا باس کراون.

ڕۆیشـتن بـۆ تەوافکـردن بە دەوری کەعـبەدا، هەروەهـا ڕۆیشـتنی نێـوان «سـەفا و مەروا» چ بە پیـادەیی، یـان بە سـواری؛ هەروەهـا ڕۆیشـتن و گەڕان بە دوای حـوکمی خـوای گەورە، یـان حـوکمی پێغەمـبەری خـوادا (صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) لەسەر مەسەلەیەکی ژیانی خۆی، یان کەسانێکی تر؛ هەروەها ڕۆیشتنی بۆ مـاڵی خزم و کەسـوکاری کە «سـیلەی ڕەحم»ـە، بێگومـان دیـدەنیی دایـک و بـاوکی کە لە پێشـترە، هەروەهـا ڕۆیشـتنی بـۆ کـۆڕی ئامۆژگـاری و زانسـتی شـەرعی بۆ فێربـوون فەرزە؛ هەروەها ڕۆیشتنی بۆ حەج، ئەگەر مەسافەی حەج کەم بوو، یان ڕۆیشتنەکەی زیانی بۆ نەدەبوو.

**ـ حەرامەکانی ڕۆیشتن:** وەکوو ڕۆیشتن بۆ ئەنجامدانی حەرامێک کە ڕۆیشتنی شەیتانییە و بە پاڵدان و هاندانی ئەوە، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَجۡلِبۡ عَلَيۡهِم بِخَيۡلِكَ وَرَجِلِكَ﴾ (الإسراء: ٦٤).

واتە: "بڕۆ هاندەریان بە بە لەشکری پیادە و سوارییەکانتەوە."

بۆیە هەر کەسێک کە دەڕوات بۆ ئەنجامدانی تاوانێک، پیادە بڕوات، یان بە سواری؛ دەبێتە سەربازێک لە لەشکری پیادە، یان سوارەی شەیتان.

## . خواپەرستییەکانی سواربوون: واتە: بە سواری ڕۆیشتن بۆ ئەنجامدانی کارێک.

**. فەرزەکانی سواربوون:** وەکوو چوونە جیهاد و حەجی فەرز.

**. سوننەتەکانی سواربوون:** وەکوو چوون بە سواری بۆ وەرگرتنی زانست و سەردان و دیدەنیی خزمان و خزمەتی دایک و باوک.. هەروەها وەستان لە چیای عەرەفات (کاتی حەج)، ڕاجیایی لەوەدا هەیە کە ئایا فەرزە بە پێوە بوەستیت، یان دەشێت بە سواری بێت؟

پەسەندتر ئەوەیە کە بەڵێ، بە سواری باشترە، ئەگەر بەرژەوەندیی دەهێنایە دی، وەکوو ڕێنیشاندان و فێرکردنی ڕوکن و سوننەتەکانی حەجکردن؛ یان دوعاکردن بە سواری، تا لە خەڵکەوە دیار بێت، بەو مەرجەش کە سواربوونەکە زیانی بۆ سوارییەکە نەبێت.

**- حەرامەکانی سواربوون:** هەموو سواربوونێکە کە مەبەستی چوونی بۆ ئەنجامدانی گوناهێکە.

**- مەکروهەکانی سواربوون:** وەکوو سواربوون بۆ یاری و خۆخافڵاندن، هەروەها هەموو سواربوونێک کە خێر و چاکەی پێ دەفەوتێت.

**- ڕێپێدراوەکانی سواربوون:** هەموو سواربوونێکە کە نەسوودی هەیە و نە زیان.

ئەمە پەنجا ئاست کە لەسەر «دە» شت ڕیز کراوە: دڵ، زمان، بیستن، بینین؛ لووت، دەم، دەست، پێ؛ عەورەت (الفرج) و سواربوونی سواری.

## * سەلماندن و چەسپاندنی ﴿إياك نعبدُ وإياك نستعين﴾:

سەلماندنی (إیاك نعبد و إیاك نستعین) بە هێنانە دیی دوو ڕوکنە سەرەکییەکەی خواپەرستی دەبێت، یەکەمیان: شوێنکەوتەیی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

دووەمیان: نیازپاکی و خواویستی کە هەموو شتێک لەبەر خاتری خوای گەورە ئەنجام بدرێت.

خەڵکی لە وەرگرتن و پابەندبوون و ئەنجامدانی ئەم دوو ڕوکنەدا چوار پۆلن:

**- پۆلی یەکەم: خواویستانی شوێنکەوتە:**

ئەمانە بەڕاستی ئەهلی: ﴿إیاك نعبد و إیاك نستعین﴾ن، هەموو ڕەفتار (گوفتار و کردار)ێکیان بۆ خوای تاک و پاکە: کاتێک کە دەبەخشن بۆ ڕەزامەندیی ئەو دەبەخشن. کە دەست دەگرنەوە و نابەخشن، هەر لەبەر خاتری خوای گەورەیە. هەر کەسێکیان خۆش بوێت، هەر لەبەر خاتری خوای گەورە خۆشیان دەوێت. هەر کەسێک ببوغزێنن، هەر لەبەر خاتری خوای گەورە دەیبوغزێنن. ناخ و دەرەوەیان، جەوهەر و سیمایان بۆ خوای تاک و پاک پاڵفتە کردووە. بۆ خوای گەورە دەژین، لە کەسەوە چاوەڕوانیی سوپاس و ستاییش و

مەدحکردن نین، تەماعیان لەکەسدا نییە؛ چاویان لە سامان و پلە و ناوداریی کەس نەبڕیوە. نە دەخوازن مەدح بکرێن و ناوببرێن، نە دەیانەوێت سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و دڵ و هەست و هۆشیان کەسب بکەن، نە لە زەمکردنیشیان دەترسن و نە گوێ بە ڕەخنە و گلەیی و گازاندەیان دەدەن، چونکە وا دەڕواننە ئەو خەڵکە هەر وەک ئەوەی کە دەڕواننە نیشتەجێیانی گۆڕستا.. نە زیان دەگەیەنن و نەسوود، نە دەمرێنن و نە زیندوو دەکەنەوە.

ئەم تەقواکارانە بەتەواوی لەوە دڵنیا بوون کە ڕەفتار لەبەر خاتری خەڵکی و چاوبڕینە پلە و مەنزیلە و سەروەت و سامان و ناوبانگ و کاریگەری و ئومێدی قازانج لەوانەوە و کەنارگرتنیان لە ژیان، سیما و سیفاتی خواناسان نین. ئەم سیفەتانە سیفاتی نەفامانن، دید و ڕێی ئەو کەسە نەزانانەن کە بەتەواوی خوایان نەناسیوە و بۆ پەروەردگاریان ساغ نەبوونەتەوە.

هەر کەسێک ئەم خەڵکە بناسێت هەریەکەیان لە جێ و ڕێی شیاوی خۆیاندا دادەنێت. ئەم ئیماندارانە خوای پەروەردگاری خۆیان ناسیوە و کار و کردەوە و ڕەنجیان هەر بۆ ئەو تایبەت کردووە، بەخشین و دەستگرتنەوەیان، خۆشویستن و بوغزاندنیان هەر لەبەر ڕەزامەندیی خوای تاک و پاکە. لەوەدا گەیشتوونەتە ئاستی «یەقین» کە هەر کەسێک ئیعتیماد بکاتە سەر خەڵکی و لە جیاتیی خوای گەورە خەڵکانێک جێی ئومێدی بن، ئەوە بەڕاستی خوای نەناسیوە و خەڵکیشی بەتەواوی نەناسیوە، هەر کەسێک خوای گەورە بناسێت و خەڵکیش وەکوو خۆیان بناسێت، هیوای بە خەڵکی زیاتر نابێت وەک لە خوای گەورە؛ ئەو خەڵکە ناخاتە پێش خوای گەورە و بە ئاگا و بە تەگبیرییەوە.

ئەم موسوڵمانە سەرڕاستانە هەموو ڕەفتار (گوفتار و کردار)ێکیان بەپێی فەرمانی خوای گەورەیە، ئەوە دەکەن کە خوای گەورە پێی خۆشە و لێی ڕازییە، ئەوەش ئەوەیە کە خوای گەورە هیچی تر لە عەبدەکانی قەبووڵ ناکات، چونکە ناشەرعیی ناوێت.

خوای گەورە ئەم هەموو عەبدانەی خۆی بە ژیان و بە مردن موبتەلا کردووە، تا بۆ خوای خاوەنیان یەکلا ببنەوە و بۆ دین و دینداری لێببڕێن، تا هەموو ڕەفتارێکیان چاکە بێت و لێیان وەربگرێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًاۚ﴾ (الملك: ٢).

واتە: "ئەوە خوای گەورەیە کە مردن و ژیانی خەلق کردووە، تا تاقیتان بکاتەوە پێیان کە ئاخۆ کێتان ڕەفتاری چاکتر ئەنجام دەدات؟"

خوای گەورە هەرچییەکی لە سەر زەمیندا خوڵقاندووە و سازاندووە کردوویەتی بە مایەی جوانی و ڕازاوەیی دنیا، تا هەموویان لە هەموو کات و شوێن و حاڵەتێکدا و بۆ هەموو خەڵکی ببنە مایەی تاقیکردنەوەی ئیمان و خواپەرستی و ڕەفتار و ڕەوشتیان، تا دەربکەوێت کێیان کردەوەی چاکتر ئەنجام دەدات؟ ئەمەش ئەو شتەیە کە لە ژیانیاندا لێیان داوا کراوە.

- فوزەیلی کوڕی عیاز «الفُضَيل بن عِياض» (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەیفەرموو: "ڕەفتاری چاک ئەوەیە کە پاک و دروست بێت. لێیان پرسی: ئەبو عەلی! پاک و دروست چۆنە؟

فەرمووی: هەر کارێک نیازپاکانە لەبەر خاتری خوای گەورە ئەنجام درابێت، بەڵام دروست [شەرعی] نەبێت قەبوولْ نابێت. ئەگەر دروست [شەرعییانە] بێت و نیازپاکانە بۆ خوای گەورە ئەنجام نەدرابێت هەر قەبوولْ نابێت. ڕەفتار دەبێت پاک و دروست بێت." ئەوەش مەبەستی ئەو ئایەتەیە کە دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ أَنَّمَآ إِلَٰهُكُمْ إِلَٰهٌ وَٰحِدٌ ۖ فَمَن كَانَ يَرْجُوا۟ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾﴾ (الكهف: ١١٠).

واتە: "ئەو کەسەی ئومێدی بە دیداری خوای پەروەردگارێتی کە لە گوناهی خۆش ببێت، با کار و کردەوەی چاک بکات و هاوبەش لە خواپەرستیدا بۆ خوای

پەروەردگاری خۆی دانەنێت، لە خواپەرستییەکانیدا هیچ یەکێک نەکات بە شەریکی خوای گەورە." هەر وەک چۆن دەفەرمویێت: ﴿وَمَنۡ أَحۡسَنُ دِينٗا مِّمَّنۡ أَسۡلَمَ وَجۡهَهُۥ لِلَّهِ وَهُوَ مُحۡسِنٞ﴾ (النساء: ١٢٥).

واتە: "کێ دینداریتییەکەی لە هیی ئەو کەسە چاکترە کە خۆی بەتەواوی تەسلیم بە خوای گەورە کردووە و هەموو ڕەفتارێکی لەبەر خاتری ئەو کردووە؟ ئا ئەوە تەقواکار و سەرڕاستە."

کە وا بوو: خوای گەورە کار و کردەوەیەک قەبووڵ ناکات، ئەگەر خاڵیسانە لەبەر خاتری ئەو ئەنجام نەدرابێت و بەپێی شەریعەتەکەی خۆی نەبووبێت. هەر ڕەفتارێک، هەر دوو ڕوکنەکەی تێدا نەبوو، ماڵی قەڵبە و دەگەڕێتەوە سەر خاوەنی. بە ساغ و سەلامەتییش ناگەڕێتەوە بۆی، بەڵکوو دەبێتە تۆز و خۆڵی بەر با و بە هەدەر دەچێت.

لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە خاتوو عائیشە (خوا لێی ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: **(كُلُّ عمل ليسَ عليهِ أمرنا فَهْوَ ردٌّ)**.[1]

واتە: "هەر کارێک ئەم دینەمان نەیگرێتەوە [واتە: بەڵگەی شەرعیی لە پشت نەبێت] ئەوە ڕەفزە، دەگەڕێتەوە سەر خاوەنەکەی."

هەر ڕەفتارێکیش ئاراستەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەیگرێتەوە، هەر دەبێتە مایەی دوورخستنەوەی بکەرەکەی لە خوای گەورە، چونکە خوای گەورە بەو شێواز و چۆنێتییە دەپەرسترێت کە خۆی فەرمانی پێداوە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چەسپاندوویەتی، نەک بە حەز و ئارەزووی خەڵکی.

---

[1] موسلیم (١٧١٨) فەرموودەکە (متفق عليه)یە، بەڵام بە لەفزی: (مَنْ أَحْدَثَ في أمرنا هذا ما ليسَ منهُ فهو رَدٌّ).

**- پۆلی دووەم: خوانەویستانی ڕێ گۆڕاو:**

ئەمانە هیچ ڕەفتارێکیان بۆ ڕەزامەندیی خوای گەورە ناکەن، گوێ نادەنێ ڕەفتاریان شەرعییە، یان نا، بەپێی سوننەتی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) یان نا؛ ڕێی ئەویان بزر کردووە، یان هێشتا لە سەری ماون، نازانن و هەوڵێک نادەن بزانن!

ڕەفتاری ئەم هێزانە وەکوو ڕێبازی ڕیابازەکانە کە ڕەفتاری وا دەکەن نە خوای گەورە فەرمانی پێداوە نە پێغەمبەرە بەڕێزەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). ئەمانە بەدترین پۆلی خەڵکین، خراپترین کەسن، لە هەموو کەسێک و کۆمەڵ و قەومێک زیاتر دەکەونە بەر غەزەبی خوای گەورە، پشکیان لە ڕقی خوای گەورە زۆر بەردەکەوێت؛ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَا تَحْسَبَنَّ ٱلَّذِينَ يَفْرَحُونَ بِمَآ أَتَوا۟ وَّيُحِبُّونَ أَن يُحْمَدُوا۟ بِمَا لَمْ يَفْعَلُوا۟ فَلَا تَحْسَبَنَّهُم بِمَفَازَةٍ مِّنَ ٱلْعَذَابِ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿١٨٨﴾﴾ (آل عمران: ١٨٨).

واتە: "وا نەزانیت ئەوانەی کە خۆشحاڵن بە کار و کردەوەکانیان و حەز دەکەن لەسەر کار و کردەوەیەک کە نەیانکردووە مەدح بکرێن و سوپاس و پێزانینیان بۆ دەرببڕدرێت[١]، لە سزا و ئازار قوتاریان دەبێت، نەخێر، ئەوانە سزای زۆر بەژانیان بۆ دانراوە."

دڵخۆشن بە گومڕایی و لەڕێ لادان، بە شیرک و بیدعە و خراپەکاری گۆش

[١] نە قسەی حەقیان کردووە و نە کردەوەی چاکیان ئەنجام داوە، لەگەڵ بەرەکانی کوفردا دەستلەملانێن و دەشیانەوێت سوپاس بکرێت لەسەر ڕەفتارگەلێکی شەرعی کە نەیانکردوون! تۆ سەیری ئەو بێ شەرمی و چاو قایمییە! حوکمی بە ئیسلام نەکردووە و دەڵێت: پێم بڵێن پێنجەم خەلیفەی ڕاشیدین! نازانێت قورئان بخوێنێتەوە و دەڵێت: پێم بڵێن قورئانخوێن! هیچ لە شەرع نازانێت و دەڵێت: پێم بڵێن مەلا! دەمارگیریی حیزبی چاوی کوێر کردووە، دەڵێت: پێم بڵێن داعیی ئیسلام! خێرێک بە هەتیوێک ناکات دەڵێت: بنووسن خێرەومەند! شیعە و زۆرێک لە سۆفییەکان بە «شیرک» دەڵێن: تەوحید! کەچی دەشیانەوێت مەدح بکرێن!

دەکرێن و دەشیانەوێت لەسەر ئەو «تەوحید» و «سوننەت»ـەی کە هیچیان لێ نازانن، سوپاس بکرێن!

ئەم پۆلە مونحەریفە لە ڕیزی زانایان و عاریفان و ئەهلی تەقواکارییدا زۆرن. ئەوان زانا و خواناس و خواپەرستن و ئەم دەغەڵانەی کە خۆیان خزاندووەتە ڕیزی ئەوانەوە، لادەر و ڕیاباز و فریوکارن! ئەوان ئەهلی سوننەت و دینداری و پابەندیی سەرڕاستانە، ئەمانیش گومڕا و بەرەڵڵا و سەرگەردان دووڕوو و ڕیاباز و خراپەکار! دەشیانەوێت وەکوو ئەو پیاوچاکانە مەدح بکرێن! گوایە خواویست و زانا و خێرەومەند و پیاوچاکن! لە کاتێکدا هیچ ڕەفتارێکی خواویستی و پیاوچاکی و زانایەتی و خێرەومەندیی نەکردووە![1]

ئەمانە وان لە ڕیزی ئەو کەسانەدا کە خوای گەورە غەزەبی لێ گرتوون و گومڕا بوون، بوون بە ئەهلی (المغضوب علیهم) و (الضالین).

## * پۆلی سێیەم: خواویستانی ڕێ بزر:

ئەمانە ئەوانەن کە ڕەفتاریان بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خوای گەورەیە، بەڵام ڕێیان بزر کردووە، ئەهلی زانستی شەرعی نین و نەکەوتوونەتە سەر دید و ڕێی سوننەت، لە جێی ئەوە سەدان جۆر بیدعەیان گرتووەتە بەر؛ وەکوو زۆرێک لە سۆفی و خواپەرستە نەزان و نەخوێندەوارەکان و ئەوانەی خوای گەورە، بە شێواز و چۆنێتیی بیدعە دەپەرستن.

لەو باوەڕەشدان کە ئەوەیە خواپەرستیی ڕاست و دروست و لە خوای گەورەیان نزیک دەکاتەوە، لە کاتێکدا [لەبەر ڕۆشنایی بەڵگەی قورئان و سوننەت دەردەکەوێت کە ڕێ بزربوون و وێڵییە]، بۆیە حەتمەن بۆیان دەبنە مایەی دووری لە خوای تاک و پاک و مایەی سزادانیان!

---

(1) دەڵێی وەسفی سیاسەتچی و داعییە حیزبییەکانی سەردەمی ئێمە دەکات!

ڕەفتاری ئەمانە وەکوو فیکە و چەقەنە و چەپڵەڕێزانەکەی قوڕەیشە کە لە سەردەمی جاهیلییەتدا کاتی تەوافکردنیان بە دەوری کەعبەی پیرۆزدا دەیانکرد، واشیان دەزانی «عیبادەت»ـە و بۆ خوای گەورەی دەکەن![1] [هەر وەک چۆن خوای گەورە باسیانی فەرمووە لە ئایەتی: ﴿وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً﴾ (الأنفال: ٣٥).

واتە: "نوێژکردنی ئەهلی جاهیلییەت لە کەعبەی ماڵی پیرۆزی خوادا هەر فیکەلێدان و چەپڵەڕێزان بوو."]

دەبینیت خواناسی نەزان وا لە «خەڵوەت»دا، ناچێت بۆ نوێژی جومعە و جەماعەت، چونکە خەڵوەتەکەی پێ گرنگترە و لەو باوەڕەدایە کە ئەم خەڵوەتکێشانەی لە خوای گەورەی نزیک دەکاتەوە! یان ڕۆژ لە دوای رۆژ بە ڕۆژوو دەبێت و فاسڵ ناخاتە نێوانیانەوە، پێیشی وایە: بیدعەیە چاکترە و خێری زیاترە لە ڕۆژووگرتنەکانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). دەیان ڕەفتاری داهێنراوی تر کە هێنراونەتە جێی دەیان سونەتی سەلمێنراو و ڕۆشن.

## * پۆلی چوارەم: پابەندانی خوانەویست:

ئەمانەش ئەوانەن کە هەموو ڕەفتارێکیان بەپێی شەرعە، بەپێی بەڵگەی قورئان و سوننەتە، بەڵام خواویست نین، وەکوو ڕیابازانن. کابرا جیهاد دەکات، بەڵام مەبەستی لێی ڕیابازییە، دەمارگیری و دەرکەوتن و نیشاندانی ئازایەتیی خۆی پێ مەبەستە.

حەج دەکات بۆ ئەوەی پێی بڵێن «حاجی»، قورئان دەخوێنێت [لە شایی و

[1] تەپڵ و دەف و گۆرانیی شیرکی زۆرێک لە دەروێشانی سەردەمیش هەر وایە!

شیندا وەکوو قورئانخوێن خۆی نیشان دەدات]، تا بڵێین «قورئانخوێنە». ئەمانە ڕەفتاریان وەکوو لە خەڵکیـیەوە دیارە، هەمـووی چاکە و بەگـوێرەی شـەرعی خوای گەورەیە، لەو ڕەفتارانەن کە شـەرع فەرمانی بە کردنیان داوە، بەڵام هیچ ڕەفتارێکیان نرخی نییە، خوای گەورە «وەزن»ێکیان بۆ دانانێت، چونکە بۆ خوای گەورە ئەنجام نەدراون، خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ (البينة: ٥).

واتە: "فەرمانی ئەوەیان پێ درابوو کە خواویستانە خوای گەورە بپەرستن و سەرڕاستانە دینداری بکەن."

هەموو کەسێک فەرمانی پێ دراوە کە تەنیا و تەنیا خوای تاک و پاک بپەرستێت و خواویستانە خواپەرستی بکات و بەپێی ئەو چۆنێتییانە بێت کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردوونی. ئاوا دەبنە ئەهلی ﴿إياك نعبدُ وإياك نستعين﴾.

* * *

## ئیمامی مەودوودی و شیکاریی وشەی (العبادة):

### ١. لێکۆڵینەوەی زمانەوانی:

- (العُبــــودَة والعُبوديــــة والعَبْديّـــة): هەر یەک لەوانە، ملکەچـــی و خۆبەکەمزانین، خۆبەدەستەوەدان و تەسلیمبوونی کەسێک بۆ یەکێکی تر کە هیچ بەرگرییەکی بەرانبەر نەنوێنێت و لە فەرمانی لانەدات و لێی یاخی نەبێت، تا ئەو بتوانێت ئەم بەکار بهێنێت بۆ مەبەستەکانی خۆی.

لەم سۆنگەیەوە عەرەب بە وشتری جڵەوکێشی ئاسانکاری دەوت: (بَعیرٌ مُعَبَّدٌ).

ـ (طريقٌ مُعَبَّدٌ): ڕێگـایەکی خۆشـکراو کە خەڵکـی پێشـتر زۆر پێیـدا ڕۆیشتوون.[١]

- «عیبادەت» لەم ڕوانگەیەوە: بەندایەتی و گوێڕایەڵی و بە خودا دانان و خزمەتکردن و ڕێ لێ گرتنە.

---

[١] ئیبنـو فـارس لە (معجم مقـاييس اللغـة ب ٢/ ل ٢٠٥)دا لە مـاددەی (عبـد)دا دەفەرموێـت: "«عەیـن و بـاء» دوو بنچینەی ڕاستیی ئەم وشـەیەن و دژە یەکن، یەکەمیـان مانـای نەرمـی و ملکەچیی دەگەیەنێت و دووەمیش: توندوتیژییە."

. ئیبنو سیدده لە فەرهەنگی (المُخَصَّص ب ١٣/ ل ٩٦)یدا دەفەرموێت: "بنچینەی (العبادة) بە مانـای ملکەچـی و پەرسـتن و خـۆبەکەمزانین و خـۆ دوورگـرتن و زەبـوونی دێـت، هەمـوو ملکەچییـەک ملکەچیـی تـری لەسـەرەوە نەبێـت (واتە ئەو پەڕی ملکەچکـردن بێـت) ئەوە عیبادەتە. جا گوێڕایەڵیی تێدا بێت بۆ پەرستراوەکە، یان نا. هەموو گوێڕایەڵییەک بۆ خوایەک لە شـێوەی ملکەچیکـردن و خـۆبەکەمزانین بێـت ئەوە عیبـادەتە. پەرسـتن جـۆرێکە لە ملکەچکـردن، بـۆیە شـایانی هـیچ یەکێـک نیـیە جـگە لە خـوای گەورە کە بـوون و ژیـان و تێگەیشـتن و بیسـتن و بینین و... هتـد، بەخشیوە و کەمـترین ڕادەی پەرستن بەرزتـرە لەوەی شـایانی مەخلـووق بێـت، بـۆیە پەرسـتن هەر دەبێـت بـۆ خـوای گەورە بێـت کە ئەو هەمـوو بەخششەی بەخشیوە."

ـ لە (لِسان العرب، ب ٤، ل ٢٥٩ . ٢٦٩)دا لەژێر ماددەی (ع ب د) بەو شێوەیەی خوارەوە هاتووە کە بە کورتکراوەیی دەیخەینە ڕوو:

١. (العَبْدُ): بەندە و کۆیلە کە پێچەوانەی «ئازاد و سەربەست»ە. کە دەڵێن: (تَعَبَّدَ الرَّجُلُ)، واتە: کابرا ئەوی تری کرد بە کۆیلە، یان وەکوو کۆیلە ڕەفتاری لەگەڵدا کرد. (عَبَدَ الرجُلُ وأعبَدَهُ)، هەر بەو مانایە دێت [واتە: کابرای کرد بە کۆیلە].

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: "من دوژمنی سێ کەسم، یەکێک لەوانە: (رَجُلٌ إعْتَبَدَ مُحَرَّراً). لە ڕیوایەتێکی دیکەدا: (اعْبَدَ مُحَرَّراً)، واتە: کەسێک کە کەسێکی سەربەست بکات بە کۆیلە."[1]

لە قورئانیشدا هاتووە کە «مووسا» پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە فیرعەونی فەرموو: ﴿وَتِلْكَ نِعْمَةٌ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنْ عَبَّدتَّ بَنِي إِسْرَائِيلَ ﴿٢٢﴾﴾ (الشعراء: ٢٢).

واتە: "منەتی ئەوەم بەسەردا دەکەیت کە بەنی ئیسرائیلت (کوڕانی یەعقووب - سەلامی خوای لەسەر بێت -) کردووە بە کۆیلەی خۆت؟!"

٢. (العبادة): گوێڕایەڵییەکە کە ملکەچیی لەگەڵدا بێت. (عَبَدَ التاغووت)، واتە: گوێڕایەڵیی تاغووتی کرد. (إياك نعبدُ)، واتە: بەو شێوەیە گوێڕایەڵیت دەکەین کە ملکەچیی تێدا بێت، ئەمەش تەنیا بۆ تۆ دەکەین. (اعبدوُا ربَّكُم)، واتە: گوێڕایەڵیی پەروەردگارتان بکەن. (وقومُهما لنا عابدون)، واتە: نەتەوەکەی ئەوان ملکەچی ئێمەن.

[1] چوار زاراوەکەی قورئان/ وەرگێڕانی ئەحمەد محمد قەرەنی/ چاپی سێیەم ١٤٤١ک/ ٢٠٢٠ ز ل ١٢٨. وەرگێڕی بەڕێز ئاوا کردوویەتی بە کوردی: (پیاوێک کە کەسێکی کۆیلە ئازاد بکات).. ئەم بە کوردی کردنە وا دەزانم هەڵەیە، چونکە قورئان و سوننەت کۆیلە ئازادکردن هان دەدەن، سەییدنا ئەبوبەکری صدیق (خوا لێی ڕازی بێت) حەوت کۆیلەی کڕییەوە و ئازادی کردن، ئیتر چۆن دەبێت بە دوژمن؟ (کرێکار).

هەر کەسێک ملکەچی پاشایەک بێت و گوێڕایەڵیی دەستوور و فەرمانی بکات، پێی دەوترێت: «عابد». ئیبنولئەنباری دەفەرموێت: "(فلانٌ عابد). واتە: فڵانکەس ملکەچی خودایە و خۆی داوەتە دەست فەرمانی ئەو."

٣. (عَبَدَهُ عِبادَةً ومعبَداً ومَعْبَدَةً)، واتە: پەرستی و کردی بە خوا. (التَّعَبُّد)، واتە: زەبوونی و ملکەچی و پەرستن. کە دەڵێن: (هو المَعَبَّدُ)، واتە: ڕێزلێگیراو و بە گەورە سەیرکراو، وەکوو ئەوەی بپەرسترێت.

شاعیر دەڵێت:

(أرى المال عند الباخلين مُعَبَّداً)

واتە: "ماڵ و سامان لە لای ڕەزیل و قرچۆکان دەبینم وەکوو پەرستراو سەیری دەکرێت، ئەوەندە خۆشەویستە و ڕێزی هەیە لایان!"

٤. (عَبَدَ بِه): لەگەڵیدا بوو، لێی جودا نەبووەوە.

٥. (ما عَبَدَكَ عنِّي): چی وای لێ کردیت نەتوانی بێیت بۆ لام؟

لەم لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت کە چەمک و مانای بنەڕەتی وشەی (عبد) ئەوەیە کە: مرۆڤ ملکەچ بێت بۆ گەورەیی و بەرزیی دەسەڵاتی یەکێک کە دەستبەرداری سەربەستیی خۆی بووبێت بۆ ئەو، واش تەسلیم ببێت کە هیچ یاخیبوون و بەرەنگاری و ڕووبەڕووبوونەوەیەک لە ڕاپەڕاندنی فەرمانیدا نیشان نەدات و بەتەواوی چووبێتە ژێر ڕکێفییەوە.

ئەوەیە کاکڵەی بەندایەتی و عەبدێتی، بۆیە کاتێک کابرای عەرەب گوێی لە وشەی (العبد) و (العبادة) دەبوو، یەکەم شت کە بە مێشکیدا دەهات بیروبۆچوونی بەندایەتی بوو وەکوو ئەوەی لە سەرەوە باسمان کرد.

لەبەر ئەوەی ئەرکی سەرەکیی عەبد گوێڕایەڵیکردنی سەییدەکەیەتی، هەروەها ڕاپەڕاندنی [بێ موناقەشەکردنی] فەرمانەکانییەتی، بە دڵنیاییەوە

وشەی (العبادة) گوێڕایەڵی کردنیش دەگرێتەوە. جا ئەگەر «کۆیلە» هەر بەوەندە نەوەستا کە خۆی بەتەواوی تەسلیمی «گەورە»کەی بکات، بەڵکوو ملکەچ و گوێڕایەڵیشی دەبێت و دان دەنێت بە پلە و پایەی بەرزی گەورەکەی و دەسەڵاتیدا [ئەگەر گەورەکەی بەبەزەیی و میهرەبان بوو بێت لەگەڵیدا و یارمەتیی بدات و ئاسانکاریی لە ژیاندا بۆ بکات، جگە لەوەی دەیپارێزێت و خۆراک و پۆشاک و ئەمانی بۆ دابین دەکات و... هتد]، حەتمەن ئەو کۆیلەیە دڵی پڕ دەبێت لە سۆز و خۆشەویستیی گەورەکەی، هۆگری دەبێت و خۆی بە قەرزاری بەخششەکانی دەزانێت و بە جوانترین شێواز سوپاسی بۆ دەردەبڕێت و «عەبدێتی»یەکەی خۆی بەتەواوی جێبەجێ دەکات بەرانبەری.

بە هەموو ئەو ڕەفتارانەی کۆیلەکە دەوترێت: عیبادەت و بە خودا دانانی گەورەکەی، بۆیە بوونەتە پەرستن، چونکە لە ناخ و ڕواڵەتدا کۆیلەکە بەندەیی بۆ گەورەکەی نواندووە و بەتەواوی ملکەچی بووە. [ئێ ئەمەیە ئەو «عەبدێتی»یەی کە خوای گەورە داوای لە مرۆڤ کردووە بە قەناعەتەوە مومارەسەی بکەن بۆی].

## * بەکارهێنانی وشەی (العبادة) لە قورئاندا:

دوای چوونە نێو بنج و بناوانی وشەی (العبادة)، لە ڕووی زمانەوانییەوە کە دەگەڕێینەوە بۆ قورئانی پیرۆز دەبینیت بەزۆری بە ماناکانی: یەکەم و دووەم و سێیەم بەکار هاتووە، لە هەندێک شوێنیشدا بە هەر سێ ماناکان پێکەوە بەکار هاتوون.

**بۆ نموونە: بەکارهێنانی وشەی (العبادة) بە مانای یەکەم و دووەم لە قورئاندا:**

- ﴿ثُمَّ أَرْسَلْنَا مُوسَىٰ وَأَخَاهُ هَٰرُونَ بِـَٔايَٰتِنَا وَسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٤٥﴾ إِلَىٰ فِرْعَوْنَ وَمَلَإِيْهِۦ

فَٱسۡتَكۡبَرُواْ وَكَانُواْ قَوۡمًا عَالِينَ ۝٤٦ فَقَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ لِبَشَرَيۡنِ مِثۡلِنَا وَقَوۡمُهُمَا لَنَا عَٰبِدُونَ ۝٤٧ ﴾ (المؤمنون: ٤٥ – ٤٧).[١]

واتە: "ئینجا (مووسا و هاروون)ی برایمان بە نیشانە گەورەکانەوە (کە نۆ بەڵگە و نیشانەی ڕوون و ئاشکرا بوون) نارد بۆ لای فیرعەون و دارودەستەکەی، بەڵام پشتیان تێ کرد و خۆیان بە زل زانی، چونکە گەلێکی سەرکەش و یاخی و فیزاوی بوون، وتیان: چۆن باوەڕ بە دوو کەسی مرۆڤ وەکوو خۆمان بهێنین کە گەلەکەیان کۆیلەی گوێڕایەڵ و ژێرباری ئێمەن؟!"

. ﴿وَتِلۡكَ نِعۡمَةٞ تَمُنُّهَا عَلَيَّ أَنۡ عَبَّدتَّ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ ۝٢٢﴾ (الشعراء: ٢٢).

واتە: "منەتی ئەوەم بەسەردا دەکەیت [ڕووبەڕووی فیرعەون دەیفەرموو] کە بەنو ئیسرائیلت کردووە بە کۆیلەی خۆت؟!"

مەبەست لە «عیبادەت» لە هەر دوو ئایەتەکەدا: بەندایەتی و ملکەچی و بە گوێ کردنە، هەر بەو مانایەش بوو کە فیرعەون وتی: "گەلی (مووسا و هاروون) ملکەچمانن، ژێر دەستەمانن، بە قسەمان دەکەن." سەییدنا مووساش (سەلامی خوای لێ بێت) فەرمووی: "تۆ بەنو ئیسرائیلت ناچار کردووە، تا بە ئارەزووی خۆت بەکاریان بهێنیت."

- **مانای یەکەمی «عیبادەت»، بەندایەتی و گوێڕایەڵیکردن:**

ـــ ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُلُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا رَزَقۡنَٰكُمۡ وَٱشۡكُرُواْ لِلَّهِ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ ۝١٧٢﴾ (البقرة: ١٧٢).

---

[١] ئیمامی تەبەری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیرەکەیدا (ب ١٨/ ل ١٩) دەفەرموێت: (لنا عابدون)، مەبەستی ئەوەیە کە گوێڕایەڵن و ملکەچن و فەرمانمان جێبەجێ دەکەن و ژێربارمانن. عەرەب دەڵێن: (كُلُّ مَنْ دانَ المَلِكَ عابدٌ لهُ).
واتە: هەر یەکێک ژێرباری دەسەڵات، یان پاشایەک بێت، ئەوا گوێڕایەڵی لێ دەکات و کاروباری دەداتە دەست ئەو و تەسلیمی دەبێت.

واتە: "ئەی ئیمانداران! لەو شتە پاک و حەڵاڵانە بخۆن کە پێمان بەخشیون و سوپاسی خودای لەسەر بکەن، ئەگەر ڕاستە و ملکەچی ئەون و هەر ئەو دەپەرستن."[١]

ئەم ئایەتە بەو بۆنەیەوە هاتە خوارەوە کە عەرەبەکان لە پێش ئیسلامدا جۆرەها مەرج و ڕێ و شوێنیان بۆ خواردن و خواردنەوە دانابوو.

ئەوەش لەبەر گوێڕایەڵیکردنی پێشەوا دینییەکانیان و شوێنکەوتنی باوباپیرانیان بوو، بەڵام کە موسوڵمانبوون، خوای گەورە فەرمووی: "ئەگەر من دەپەرستن پێویستە هەموو ئەو بەند و باوانە بشکێنن و هەموو شتێک بخۆن کە بۆم حەڵاڵ کردوون."

واتە: ئەگەر ئێوە بەندەی زانا و پیاوە دینییەکانتان نین و خۆتان بە بەندەی گوێڕایەڵی خوا دەزانن، ئەوە پێویستە لەسەرتان شوێن ئەو بەند و ڕێ و ڕەسمە بکەون کە خودا بۆی داناون.

بۆیە وشەی (العبادة) لێرەشدا بە مانای بەندایەتی و ملکەچی و گوێڕایەڵیکردن هاتووە.

ـ ﴿ قُلۡ هَلۡ أُنَبِّئُكُم بِشَرّٖ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيۡهِ وَجَعَلَ مِنۡهُمُ ٱلۡقِرَدَةَ وَٱلۡخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾ (المائدة: ٦٠).[٢]

---

[١] ئیمامی تەبەری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیری ئایەتی: (إن كنتم إياه تعبدون)دا لە (بەرگی ٢، ل ٥٠)دا دەفەرموێت: "ئەگەر ئێوە پابەندن بە فەرمانی ئەوەوە و گوێگرایەڵی ئەون، ئەوا هەموو شتێک بخۆن کە بۆی حەڵاڵ کردوون و واز لە بەند و باوی شەیتان بهێنن لە حەرامکردنی ئەو شتانە کە خوای گەورە دەفەرموێت بیانخۆن. کە بۆی دیاری کردوون بیانخۆن وا تێ نەگەن کە حەرامە و ئەو ڕێی لێ گرتوون کە شتی حەڵاڵ بە حەرام دابنێن، چونکە بە حەرام دانانی ئەو شتانە لە کاتی نەفامیدا گوێڕایەڵیکردنی شەیتان بوو، هەروەها شوێنکەوتنی پێشەوا کافرەکان و باوباپیرانیان بوو."

[٢] ئیمامی تەبەری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە لێکدانەوەی «تاغووت»دا، پاش ئەوەی قسەی

واتە: "بفەرمـــوو: ئەو شـــتەی ئێـــوە بە عەیبـــی دادەنـــێن بـــۆ ئـــێمە کە یەکتاپەرستییە، هەواڵتان پێ دەدەم کە سزایەکی خراپتر لەو عەیبگرتنەتان لای خودا چۆنە؟ ئەوەی کە خودای گەورە نەفرەتی لێ کردووە و لە بەزەیی خۆیی دوور خستووەتەوە و ڕقی خۆی بەسەردا ڕشتووە، لەوان مەیموون و بەرازی دروست کردووە، هەروەها کەسانێک کە سەرکەشانە تاغووتیان پەرستووە."

-﴿ وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ﴾ (النحل: ٣٦).

واتە: "ئەوانەی لە پەرستنی تاغووت دوورکەوتنەوە و گەڕانەوە لای خوای گەورە، مژدەی لێخۆشبوون و چوونە بەهەشتیان پێیە."

لەم سێ ئایەتەدا مەبەست لە عیبادەتی تاغووت بریتییە لە: بەندایەتی بۆ کردن و گوێڕایەڵیکردنی. مانای تاغووت لە زاراوەی قورئاندا وەکوو لە پێشەوە ئاماژەمان پێ کرد، هەر دەوڵەتێک یان دەسەڵاتێک، یان پێشەوایەک، یان فەرمانڕەوایەک لە خودا یاخی ببێت و هەڵگەڕێتەوە و مافی خودا لەو بارەیەوە زەوت بکات؛ ئینجا فەرمان دەر بکات و خەڵکی لەسەر زەویی خوا ناچار بکات و هانیان بدات لەسەر ئەو فەرمانە بڕۆن کە دەری کردووە، جا بە ناچاری و تۆپزی بێت، یان بە فریودان، یان فێرکردنی تێکدەرانەی[1] تەسلیمبوونی مرۆڤ

---

هەندێک لە توێژەرەوانی قورئان دەهێنێتەوە، لە بەرگی (٣/ ل ١٣)دا دەفەرموێت: "ئەوەی لای من ڕاست بێت ئەوەیە کە: تاغووت بریتییە لەوەی هەموو شتێک لە سنووری خۆی لا بدات و حەقی خودا بۆ خۆی زەوت بکات و لە باتیی خوای گەورە بپەرسترێت، جا چ بە ناچاری و بەزۆر بپەرسترێت، یان بە ئارەزووی خۆیان گوێڕایەڵیی بکەن و بیپەرستن، ئیتر ئەو پەرستراوە بنیادەم بێت؛ یان شەیتان، بت بێت، یان هەر شتێکی تر. وا دەزانم بنەڕەتی وشەی «تاغووت» لەوەیە کە کابرای وتیار دەڵێت: فلان کەس تاغووتە، واتە لە ڕادەی خۆی تێپەڕ بووە و لەو سنوورە لایداوە کە بۆی دیاری کرابوو." [سنوری عەبدێتیی خۆی بە زاندووە و چووەتە سنووری مافی خوای گەورەوە].

[1] بێگومان هەرچی تاغووتی سەر زەوی و ڕژێمەکانیانە بۆ هەڵنانی ژێر دەستەکانیان، تا لە

بەو جۆرە دەسەڵاتە و ملکەچکردنی بۆی و گوێڕایەڵیکردنی؛ عیبادەت کردنە بۆ ئەو تاغووتە.

---

سەر یاسایان بڕۆن و ژێرباریان بن، ئەم سێ ئامرازە بەکار دەهێنێت:

١. ناچارکردن: ئەویش بە دامەزراندنی دەزگای سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەر بۆ چاوسوورکردنەوە و تۆقاندن و گرتن و کوشتنی ئەوانەی کە لەسەر یاساکانیان نابن، تا ئەوانی تر ناچاربن ملکەچ بکەن.

٢. فریودان: بە پلە و پایە و هەڵڕشتنی ماڵ بۆ هەندێک و وەعدە پێدانی درۆ و چاوبەستکردن و لێکدانەوەی واقیع لە سەر ناڕاستی و بەکارهێنانی ئافرەت و خەریککردنی گەنجان و پەرەپێدانی وەرزش بە شێوەیەکی لەڕادەبەدەر، هەروەها شتی تری فریودان.

٣. بە فێرکردنی زانستی ڕووخێنەر و تێکدەر: ئەویش بە دیاریکردنی ڕێگای لارولەوێر، تا ڕۆڵەکانی گەل بەرە بەرە لە ئایین و ڕەوشت و کولتووری خۆیان دوور بخەنەوە، ئەمەش بە هێنانی ئەو بیردۆزە و شێوە تێفکرینەی کە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتوو پێی ڕازی نەبووە.

بۆ نموونە: لە زیندەوەرزانیدا بیردۆزی داروینیان هێناوە کە وا لە بنیادەم دەگەیەنێت بنەچەکەی لە مەیموونەوە هاتووە.

لە ئابووریدا دیدی مارکسیزم کە مرۆڤ وەکوو کاڵایەک دەخەمڵێنێت، لە کۆمەڵناسییدا دیدی دۆرکایم و فرۆید کە وا لە خەڵک دەگەیەنن هەموو هەوڵی مرۆڤ بۆ تێرکردنی ئارەزووی جنسە، یان کە دەڵێن: حەق لەگەڵ هێزدایە.

لە بابەتی مێژووش کتێبی ئەوانەی کە ئیسلام لە بەرچاوی خەڵک ناشیرین دەکەن و دەیگۆڕن، وەکوو «جۆرجی زێدان» و ڕۆژهەڵاتناسەکان.

هەروەها گرتنەبەری سیاسەتی تێکەڵکردنی کچ و کوڕ هەر لە منداڵییەوە و فێرکردنی سرودی وا کە بۆنی شیرکی لێ دێت و گۆشکردنیان بە بیروبۆچوونی خاکپەرستی و زمانپەرستی و چینایەتی و پیرۆزگرتنی کەسایەتی و چەندان شتی تر. سەرئەنجام پۆخڵەواتی ڕێباز و دەستووریان دەردەکەوێت و گەل لێیان وەخەبەر دێت و دەیانخاتە کەنارەوە. بەڵام بە داخەوە تا ئیسلامیان دەگاتێ دەکەونە داوی تاغووتێکی تر و هەمان تاقیکردنەوەیان لەسەر دووبارە دەکاتەوە! ئەگەر بێدار نەبنەوە و لەسەر یاسای خوا نەڕۆن [هەر وا عارەبانەی تاغووت ڕاکێشن]. (وەرگێڕ/ ئەحمەد).

## * مانای دووەمی «عیبادەت»، بە گوێ کردن و گوێڕایەڵیکردنە (الطاعة):

لێرەدا ئەو ئایەتانە دەهێنینەوە کە زاراوەی «عیبادەت»یان تەنیا بە مانای دووەم تێدا هاتووە:

ـ خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ۞ أَلَمْ أَعْهَدْ إِلَيْكُمْ يَٰبَنِىٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعْبُدُوا۟ ٱلشَّيْطَٰنَ ۖ إِنَّهُۥ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ ۝٦٠ ﴾ (يس: ٦٠).

واتە: "ئەی بنیادەم! (ڕووەو ڕووی یاخیبووانە لە فەرمانی خوای گەورە) ئایا من لە سەر زمانی پێغەمبەران ئاگادارم نەکردنەوە و ئامۆژگاریم نەکردن کە گوێڕایەڵی شەیتان نەکەن؟ بەڕاستی شەیتان دوژمنێکی ئاشکرای ئێوەیە."

دەزانین لەم دنیایەدا کەس دڵی بۆ پەرستنی شەیتان ناچێت، هەموو کەسێک لە خۆی دوور دەخاتەوە و نەفرەتی لێ دەکات، بۆیە خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا کە تاوان دەخاتەوە پێش چاوی بنیادەم، لەسەر ئەوە نییە کە شەیتانی پەرستووە؛ بەڵکوو لەسەر ئەوەیە کە گوێڕایەڵیی کردووە و زوو ئەو ڕێگایانەیان گرتووەتە بەر کە شەیتان نیشانی داون.

. ﴿ ۞ ٱحْشُرُوا۟ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَأَزْوَٰجَهُمْ وَمَا كَانُوا۟ يَعْبُدُونَ ۝٢٢ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَٱهْدُوهُمْ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلْجَحِيمِ ۝٢٣ ﴾، ﴿ وَأَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَآءَلُونَ ۝٢٧ قَالُوٓا۟ إِنَّكُمْ كُنتُمْ تَأْتُونَنَا عَنِ ٱلْيَمِينِ ۝٢٨ قَالُوا۟ بَل لَّمْ تَكُونُوا۟ مُؤْمِنِينَ ۝٢٩ وَمَا كَانَ لَنَا عَلَيْكُم مِّن سُلْطَٰنٍۭ ۖ بَلْ كُنتُمْ قَوْمًا طَٰغِينَ ۝٣٠ ﴾ (الصافات: ٢٢ ـ ٢٣ و ٢٧ ـ ٣٠).

واتە: "ستەمکاران و هاوجووت و هاووێنەکانیان پێکەوە کۆبکەنەوە [کافر

لەگەڵ کافر و زاڵم لەگەڵ زاڵم و] زیناکار لەگەڵ زیناکار و شەرابخۆر لەگەڵ شـەرابخۆر و... هتـد، لەگەڵ ئەوانەی لە بـاتیی خـوا دەیانپەرسـتن، ڕێـگەی دۆزەخیان نیشان بدەن، چونکە لە دنیادا ڕێی ڕاستیان نەگرتە بەر.

ئەم شـوێنکەوتووە سەرلێشـێواوە گومڕایـانە لە ڕۆژی دواییـدا لەگەڵ سەرۆکەکانیان ڕووبەڕوو دەبنەوە، لۆمەی یەکتری دەکەن، شوێنکەوتووان بە سەرۆکەکانیان دەڵێن: ئێوە بەردەوام ڕێگەی ڕاستتان لێ دەگرتین و لە لایەنی ڕاستی و خێرخوازییەوە بۆ لامان دەهاتن، تا بڕواتان پێ بکەین. سەرۆکەکانیش دەڵـێن: نەخێـر، ئێـوە خۆتـان لە وەرگرتنـی ئیمانـدا دڵتـان ڕەق بـوو، ئـێمە هـیچ دەسـەڵاتێکمان بەسـەر ئێـوەدا نەبـوو، خۆتـان کـۆمەڵێکی سـەرکەش و لە ڕێ دەرچوو بوون."

بە وردبـوونەوە لەم گفوگـۆیەی نێـوان پەرسـتیاران و پەرسـتراوان، دەردەکەوێت کە مەبەست لە پەرستراوەکان بت و خودا داتاشراوەکان نین کە قەومەکە دەیانپەرستن، بەڵکوو ئەو پێشەوا و چاوساغانەن کە خۆیان وا نیشان دەدا کە ڕێنما و ئامۆژگـاریی خەڵکـین و لە بەرگـی پیاوچـاک و زانـا و پیـاو ماقوڵانـدا دەهـاتنە پـێش و بە تەسبیح و جوببە و قەد و قیـافەتی ڕواڵەتییـان[1]، وایـان دەکـرد کە خەڵکـی شـوێنیان بـکەون و فیتنەسـازییەکانیان کە بە نـاوی چاکسازییەوە باسیان دەکردن، بە هەوڵی ئاشتییانە و خزمەتی خەڵکی وەربگرن! لاسـاییکردنەوەی کـوێرانەی ئەو جـۆرە کەسـانە و شـوێنکەوتنیان و وەرگـرتن و ڕاپەڕاندنی فەرمانەکانیان، هەموویان وان لە بازنەی پەرستنیاندا.

ئەمەشـە کە خـوای گەورە لەم ئـایەتە و لە ئـایەتی تـردا بە «عیبـادەت»ی ناساندووە، وەکوو ئایەتی:

[1] بێگومـان ئەوانەش دەگـرێتەوە کە بە سیاسـەتی (دیماگۆکی)ـانە خەڵکـی لە دەوری خۆیـان کۆدەکەنەوە و بەرەو مەبەستەکانی خۆیانیان دەبەن. (وەرگێڕ/ ئەحمەد).

- ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ﴾ (التوبة: ٣١).

واتە: "ئەوانە (فەلە و جوولەکەکان) حیبر و ڕاهیبەکانی خۆیان (کە پیاوانی دینەکەیان بوون) لە باتیی خوای گەورە کردبوو بە خودای خۆیان، هەروەها (عیسای کوڕی مەریەم) لە کاتێکدا کە فەرمانی ئەوەیان لێ تەئکید کرابووەوە تەنیا خوای تاک و پاک بپەرستن."

مەبەست لە بە خودا دانانی زانا و پێشەوا ئایینییەکان و پەرستنیان لە لایەن خەڵکەکەوە لەم ئایەتەدا، ئەوەیە کە ئەو خەڵکە بڕوایان وا بوو ئەو زانا و پێشەوایانە خاوەنی دەسەڵاتێکن دەبێت بە گوێیان بکرێت لەوەی کە دەڵێن بیکە، یان مەیکە، هەروەها باوەڕیان وا بوو کە دەبێت ملکەچیان بن؛ بێ ئەوەی خودای گەورە، یان پێغەمبەری خودا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە فەرمودە ڕاستەکاندا ئاماژەیان بەو ماف و دەسەڵاتەی ئەوانە کردبێت، ئەو خەڵکە «عیبادەت»ی ئەوانەیان کردووە، جا زانیبێتیان یان نەیانزانیبێت؛ چونکە حەڵاڵیان لێ حەرام دەکردن و حەرامیان بۆ حەلاڵ دەکردن.[1]

---

(1) ئاماژەیە بۆ ئەم ڕووداوە:

ئیبنو سەعد و عەبدی کوڕی حومەید و ترمزی (کە ڕیوایەتەکەیان بە حەسەن داناوە) و ئیبنولمونزیر و ئیبنو ئەبو حاتەم و ئەبو شەیخ و ئیبنو مەردەوی و بەیهەقی لە (السنن)ـەکەیدا هەموو لە عەدیی کوڕی حاتەمەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە کە فەرمووی: **(أتيت النبيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وهو يقرأ في سورة البراءة ((اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ)) فقال: أما إِنَّهُم لم يكونوا يعبدونهم، ولكن كانوا إذا أحلُّوا لهم شيئاً إستحلُّوهُ، وإِذا حَرَّمُوا عليهم شيئاً حَرَّموه).**

واتە: "هاتمە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەو کاتەدا بوو کە سورەتی تەوبەی دەخوێند، گەیشتە (اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ)، ئینجا فەرمووی: ئەوانە وەکوو پەرستن (ئەو حیبر و ڕاهینانەی خۆیانیان) نەدەپەرست، بەڵام کە شتێکیان بۆ حەڵاڵ دەکردن، خەڵکەکەش بە حەڵاڵیان دەزانی کە شتێکیان لێ حەرام دەکردن، خەڵکەکەش بە حەرامیان دەزانی."

## * مانای سێیەمی «عیبادەت»، بە خودا دانان (التَّأَلُّهْ):

با ئێستا سەیری ئەو ئایەتانە بکەین کە وشەی (العبادة) تێیاندا بە مانای سێیەم هاتووە، با ئاگاداری ئەوەش بین کە لێرەدا مانای عیبادەت لە بە خودا داناندا بەپێی ئەوەی کە لە قورئاندا هاتووە، دوو شت دەگرێتەوە:

**یەکەم:** ئەوەیە کە مرۆڤ هەندێک لە دروشمەکانی پەرستن بۆ یەکێک ئەنجام بدات وەک سوژدە و ڕکووع و لە خزمەت وەستان و سووڕانەوە بە دەوریدا (تەواف کردن) و ماچکردنی دەرگا و شتی تر و نەزر لە خۆ گرتن و قوربانیکردن، تا هەموو ئەو شتانەی کە خەڵکانێک بە مەبەستی پەرستن و قوربانیکردن ئەنجامیان دەدەن. جا گرنگ نییە مرۆڤ وا بزانێت کە ئەو کەسە خودایەکی باڵادەست و سەربەخۆیە، یان بۆ ئەوە دەیپەرستێت، تا بەهۆیەوە لە خودای باڵادەست نزیک ببێتەوە، یان بیکات بە هۆکار و وەسیلەی تکا و شەفاعەتکردن؛ یاخود بیکات بە هاوەڵی ئەو خودا باڵادەستە و وا بزانێت شتێکی بەدەستە لە هەڵسووڕانی کاروباری ئەم دنیایە.

**دووەم:** ئەوەیە کە مرۆڤ وا دابێت یەکێک لەم دنیایەدا زاڵە بەسەر یاسای هۆکارەکاندا.[1] ئینجا لە کاتی گیروگرفت و پێویستی و ناچاریدا هاواری وەبەر بات و پەنای پێ بات و پێی وا بێت لە تەنگانە و لێقەومان و کەمدەرامەتی و لەدەستدانی کەسوکاردا بە هانایەوە دێت.

---

لە ڕیوایەتەکانی تردا دەفەرموێت: (وتلک عبادتهم إیاهم) واتە: "پەرستنەکەیان ئا ئەوە بوو."

[1] مەبەست ئەوەیە: هەر کارێک هۆکارێکی دەوێت بۆ ئەنجامدانی، خوای گەورە لەم گەردوون و بوونەوەرەدا ئەم ڕێسایەی داناوە کە بۆ ڕوودانی هەر کار و ڕووداو (حَدَث)ێک، هۆکار (سَبَب)ێک هەبێت.

ئەم دوو شـێوەیە لە کـرداری مرۆڤـدا، هەردووکیـان دەچـنە نـاو بـازنەی ماناکانی (بە خودا دانان) بەپێی ئەم ئایەتانە:

- ﴿قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَمَّا جَاءَنِيَ الْبَيِّنَاتُ مِن رَّبِّي﴾ (غافر: ٦٦).

واتە: "بفەرموو خودای گەورە ڕێی نەداوم ئەو بتە دار و بەردانە بپەرستم لە بـاتیی ئەو، لە کاتێکـدا بەڵـگەی ڕۆشـن و مـوعجیزەی ئاشـکرام لە لایەن پەروەردگارەوە بۆ هاتووە کە نابێت جگە لەو بپەرسترێت."

ــ ﴿وَأَعْتَزِلُكُمْ وَمَا تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَأَدْعُو رَبِّي عَسَىٰ أَلَّا أَكُونَ بِدُعَاءِ رَبِّي شَقِيًّا ﴿٤٨﴾ فَلَمَّا اعْتَزَلَهُمْ وَمَا يَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللَّهِ وَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ ۖ وَكُلًّا جَعَلْنَا نَبِيًّا ﴿٤٩﴾﴾ (مريم: ٤٨ – ٤٩).

واتە: "ئیبراهـیم بە قەومە موشـریکەکەی خـۆی فەرمـوو: لێتـان دادەبـڕێم و کەنـارگیر دەبـم لە خۆتـان و لە بتەکانیشـتان کە لە جیـاتیی خـوا دەیانپەرسـتن و هاواریـان لـێ دەکەن و هانایـان بـۆ دەبەن و لێیـان دەپـاڕێنەوە، سەرڕاسـتانە و نیازپاکانە ڕوو دەکەمە خودا و بێ هاوەڵ و هاوبەش دەیپەرستم، کاتێک لەوان و لە خواکانیان دابڕا ئیسحاقمان پێ بەخشی پاشان یەعقوب."

. ﴿وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُو مِن دُونِ اللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ النَّاسُ كَانُوا لَهُمْ أَعْدَاءً وَكَانُوا بِعِبَادَتِهِمْ كَافِرِينَ ﴿٦﴾﴾ (الأحقاف: ٥ – ٦).

واتە: "کێ لەو کەسە گومڕاترە کە هانا بۆ غەیری خوا دەبات و لە غەیری ئەو دەپاڕێتەوە کە هەتا ڕۆژی دواییش ناتوانن بە هانایانەوە بێن و دوعایەکیان گیرا بکەن، نەک هەر ئەوەیان لە توانادا نییە، بەڵکوو هەر ئاگاشیان لەو هاوار و هانا و دوعایـانەی ئەوانـیش نیـیە. لە ڕۆژی دوایـیدا کە خەڵکـی کـۆدەکرێنەوە، پەرسـتراوەکان [بـت بـن، یـان جنـۆکە و مەرقەد و مـردووان] دەبـنە دوژمنـی

پەرستیارەکانیان و نکوڵی لەوە دەکەن کە ئەوان پەرستبێتیانن، دەڵێن: ئێمە فەرمانمان پێ نەکردوون کە بمانپەرستن، هەر ئاگاشمان لێ نەبووە کە ئێمەیان پەرستووە."

لەم سێ ئایەتەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە «عیبادەت» بە مانای هاوار و هانا بۆ بردن و لێ پاڕانەوەیە.

. ﴿بَلۡ كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ٱلۡجِنَّۖ أَكۡثَرُهُم بِهِم مُّؤۡمِنُونَ ٤١﴾ (سبأ: ٤١).

واتە: "بەڵکوو هاوەڵپەیداکەران هاواریان وەبەر جنۆکە[1] دەبرد و بەندایەتییان بۆ ئەوان دەکرد و زۆربەیان باوەڕیان وا بوو کە ئەمانە کچی خودان و دەسەڵاتیان هەیە."

مەبەست لە پەرستنی جنۆکە و باوەڕ پێ بوونیان لەم ئایەتەدا، ئەو ئایەتەی سورەتی (الجن) باشتر ڕوونی دەکاتەوە کە دەفەرموێت:

. ﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٞ مِّنَ ٱلۡإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٖ مِّنَ ٱلۡجِنِّ﴾ (الجن: ٦).

واتە: "هەندێک لە بنیادەمەکان (إنس) پەنایان وەبەر هەندێک لە پیاوانی جنۆکە دەبرد."

دیارە کە مەبەست لە پەرستنی جنۆکە: هاوار لێ کردن و هانا بۆ بردن و پەنا وەبەر بردنیانە لە کاتی مردن و لێ مردن و بەڵا و ناخۆشی و کەم دەرامەتیدا. مەبەستیش لە باوەڕ پێ بوونیان: باوەڕکردنە بە هەبوونی دەسەڵات و توانایان لە پەنادان و بەدەنگەوە چووندا.

. ﴿وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ وَمَا يَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ فَيَقُولُ ءَأَنتُمۡ أَضۡلَلۡتُمۡ عِبَادِي هَٰٓؤُلَآءِ أَمۡ هُمۡ ضَلُّواْ ٱلسَّبِيلَ ١٧ قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ مَا كَانَ يَنۢبَغِي لَنَآ أَن نَّتَّخِذَ مِن

[1] ئەو جنۆکانەی کە لەڕێی خودا لایانداوە، ئەوانەی کە لە قورئاندا بە (شیاطین) ناوبراون، دەنا جنۆکەش موسوڵمانیان تێدایە.

دُونِكَ مِنۡ أَوۡلِيَآءَ وَلَٰكِن مَّتَّعۡتَهُمۡ وَءَابَآءَهُمۡ حَتَّىٰ نَسُواْ ٱلذِّكۡرَ وَكَانُواْ قَوۡمَۢا بُورٗا ﴿١٨﴾ (الفرقان: ١٧ – ١٨).

واتە: "لەو ڕۆژەدا (ڕۆژی قیامەت) ئەوانەی غەیری خوا دەپەرستن و پەرستراوەکانیشیان (وەکوو سەییدنا عیسا و سەییدنا عوزێر و فریشتەکان) کۆدەکرێنەوە، خودای گەورە لە پەرستراوەکان دەپرسێت: ئایا ئێوە ئەو بەندانەی منتان گومڕا کرد، بەوەی پێتان وتبن بمانپەرستن؟ یان خۆیان ڕێگەیان ون کرد؟

ئەوانیش بە سەرسوڕمانەوە دەفەرموون: پاکی هەر بۆ تۆیە ئەی خودای گەورە! تۆ دووریت لە هەموو هاوەڵ و هاوبەشێک و بۆ ئێمە ناشێت جگە لە تۆ هیچی تر بە گەورە و مشورگێڕ و پەرستراو دابنێین."

لەم ئایەتەوە ڕوون دەبێتەوە کە مەبەست لە پەرستراوەکان: پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و پیاوچاکانن (الأولیاء)، مەبەستیش لە پەرستنیان ئەوەیە کە وا بزانرێت ئەوانە لە تایبەتمەندییەکانی بەندایەتی بالاتر و دەست ڕۆیشتووترن و هەندێک سیفەتی خوایەتییان هەیە و توانای ئەوەیان هەیە لەڕێی غەیبەوە بە هانای خەڵکییەوە بێن و زیانیان لە سەر لاببەن.

بۆیە پێیان وا بووە کە حەقە هەندێک پەرستنیان بۆ ئەنجام بدرێت وەک: لێ پاڕانەوە و قوربانی بۆ کردن و تەوافکردن بە دەوری نزرگە و مەرقەدەکانیاندا، هەروەها ڕێزگرتن و بە گەورە و مەزن دانان تا دەگاتە پەرستن و ملکەچکردن و سەر بۆ دانەواندنیان.

ـــ ﴿وَيَوۡمَ يَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا ثُمَّ يَقُولُ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ أَهَٰٓؤُلَآءِ إِيَّاكُمۡ كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ﴿٤٠﴾ قَالُواْ سُبۡحَٰنَكَ أَنتَ وَلِيُّنَا مِن دُونِهِمۖ بَلۡ كَانُواْ يَعۡبُدُونَ ٱلۡجِنَّۖ أَكۡثَرُهُم بِهِم مُّؤۡمِنُونَ ﴿٤١﴾﴾ (سبأ: ٤٠ – ٤١).

واتە: "لەو ڕۆژەدا کە خودای گەورە هاوەڵپەیداکەران و پەرستراوەکانیان (فریشتەکان) کۆدەکاتەوە، پاشان بە فریشتەکان دەفەرموێت: ئایا ئەوانە کە ئێوەیان دەپەرست، ئێوە فەرمانتان پێ کردبوون؟

دەفەرموون: پاکی هەر بۆ تۆیە خودایە! تۆ بەرزتریت لەوەی یەکێک هاوەڵ و هاوبەشت بێت، هەر تۆ خودای گەورە و پەرستراوی ئێمەیت، ئێمە لەوانە بەریین، تەنیا تۆ دۆستی ئێمەیت؛ نەک ئەوان."

جا مەبەست لە پەرستنی فریشتە لەم ئایەتەدا: بە خودا دانانیانە، ملکەچکردنە بۆ پەیکەر و وێنە خەیاڵییەکانیان، هەر وەک چۆن خەڵکی سەردەمی نەفامی وایان دەکرد[1]، مەبەست لەمەش: ڕازیکردنیان بووە بەو ئومێدەی داوای بەزەیی و لێبووردنیان لای خودای گەورە بۆ بکەن و لە کاروباری دنیایاندا پشتیان بگرن.

-﴿ وَيَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَضُرُّهُمۡ وَلَا يَنفَعُهُمۡ وَيَقُولُونَ هَٰٓؤُلَآءِ شُفَعَٰٓؤُنَا عِندَ ٱللَّهِ ﴾ (يونس: ١٨).

واتە: "هاوەڵپەیداکەران شتانێکی غەیری خودا دەپەرستن کە نە زیانیان لێ دوور دەخەنەوە و نە سوودیان پێ دەگەیەنن، دەیانپەرستن و دەڵێن: ئەمانە تکاکارمانن لای خودای گەورە."

- ﴿ أَلَا لِلَّهِ ٱلدِّينُ ٱلۡخَالِصُۚ وَٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءَ مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ ﴾ (الزمر: ٣).

واتە: "ئەوانەی جگە لە خودای گەورە سەرپەرشتیاری تریان گرتووە و کردوویانن بە گەورەی خۆیان، دەڵێن: ئێمە بۆ ئەوە دەیانپەرستین، تا پلەیەک لە خودای گەورەمان نزیک بکەنەوە و بۆمان بپاڕێنەوە."

مەبەست لە عیبادەت لەم ئایەتەدا: بە خودا دانانە، ئەو مەبەستەشی تێدا ڕوون کراوەتەوە کە لەبەر چی هاوەڵپەیداکەران دەیانپەرستن.

---

[1] لەم سەردەمەش لەناو (دینداران)دا ملیاران خەڵکی پێی سەییدنا عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) و مەرقەدی ئیمامانی شیعە و مەرقەدی شێخ و مشایەخی (سوننی) ماچ دەکەن و کڕنووشیان بۆ دەبەن و ڕۆژانە دەیان جار هاوار و هانا بۆ ئەو بتانە دەبرێت! (کرێکار)

## پەرستن بە هەر سێ مانای:
## بەندایەتی و گوێڕایەڵیکردن و بە خودا دانان:

لە هەمـوو ئەو نموونـانەی لە پێشـەوە باسـمان کـردن، ڕوون دەبێـتەوە کە وشـەی (العبادة) لە قورئاندا لە هەندێک جێگادا بە هەر دوو مانای: «بەندایەتی بۆ کردن» و «بە گویێ کردن» دێت، لە هەندێک جێگای تردا بە مانای «بە گویێ کردن» دێت، لە جێگای تردا تەنیا بە مانای «بە خودا دانان» دێت.

■ ئەوەت لە یاد بێت ئەو ئایەتانەی کە وشـەی «عیبادەت»یان تێدا بە هەر دوو مانـای «بەنـدایەتی» و «گـوێڕایەڵیکردن» هـاتووە، مەبەسـت لە پەرسـتراو تێیانـدا یـان شـەیتانە، یـان ئەو ئادەمییـانەی کە لە خـودا یـاخی بـوون و خۆیـان کردووە بە تاغووت و خەڵکیان ناچار کردووە کە لە باتیی بەندایەتی و پەرستن و گوێڕایەڵیکردنی خودای گەورە، گوێڕایەڵیی ئەمان بکەن و وەکوو شوێنکەوتە شوێنیان بکەون؛ یان مەبەست ئەو پێشـەوا و سـەرۆکانەن کە خەڵکیـان ژێربـار هێناوە بۆ ئەو ڕێ و شوێن و شێوازی ژیانەی کە دایان هێناوە و پەیامی خواشیان خستووەتە لاوە و کاری پێ ناکەن و پشتگوێیان خستووە.

■ هەروەها ئەوەشت لە یاد بێت: ئەو ئایەتانەی کە وشـەی «عیبادەت»یان تێدا بە مانـای «بە خودا دانـان» و گەورە و مەزن گرتن هاتووە، ئەوە مەبەست لە پەرستراو (معبود) لەوێدا یان ئەو پێغەمبەر و پیاوچاک و دۆستانەی خودان کە خەڵکی بە خودای خۆیان دانابوون، هەرچەندە ئەوان هەر ڕێی ڕاستیان نیشانی خەڵکـی دابـوو و فێـری خوداناسـی و چـۆنێتیی خوداپەرسـتییان کردبـوون، یـان مەبەست ئەو فریشتە و جنۆکانەن کە لەبەر ناحاڵیبوونی خەڵکەکە؛ بە هاوەڵ و هاوبەشـی خـودای گەورەیـان دانـابوون و بەشـێک لە دەسـەڵاتی خوایەتییـان، لە هەڵسـووڕاندنی یاسـا و هۆکـاری سروشـتدا پـێ دابـوون، یـان ئەوەتە مەبەسـت

پەیکەر و وێنە خەیاڵییەکان بوون کە جێگاکانیان بووبوون بە پەرستگا و ڕووگەی نوێژ و شوێنی پیرۆزی پاڕانەوەیان کە شەیتان فریوی دابوون.

قورئانی پیرۆز پەرستنی هەموو ئەو پەرستراوانە ڕەت دەکاتەوە و بە هەڵەیەکی گەورەی دادەنێ، ئیدی ئەو پەرستنەیان: «بەندایەتیکردن» بووبێت، یان «گوێڕایەڵیکردن» و بە گوێ کردنیان بووبێت، یان «بە خودا دانان»یان بووبێت، جیاوازییان نییە؛ قورئان پێی دەفەرموون: هەموو ئەمانەی دەیانپەرستن بەندەی خودان و شیاوی پەرستن نین، لە پەرستنیاندا غەیری سەرشۆڕی و مایەپووچی، هیچی ترتان بۆ نامێنێتەوە.

خاوەنی ڕاستەقینەی ئەوانەیش و ئاسمانەکان و زەوی و هەر چییەکیش تیایاندایە، هەر خودای باڵادەست و بەرز و تاک و پاکە کە هەموو کاروبارێک بەدەست ئەوە، کەواتە: بێجگە لەو هیچ یەکێکی تر شایانی پەرستن نییە و نابێت بپەرسترێت.

ـــ ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ عِبَادٌ أَمۡثَالُكُمۡۖ فَٱدۡعُوهُمۡ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لَكُمۡ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ١٩٤ ﴾ (الأعراف: ١٩٤).

واتە: "ئەوانەی ئێوە لە باتیی خوای گەورە لێیان دەپاڕێنەوە و داوای جێبەجێکردنی داخوازییەکانتانیان لێ دەکەن[1]، هەر بەندەی وەکوو ئێوەن، دە لێیان بپاڕێنەوە و داوایان لێ بکەن با وەڵامتان بدەنەوە، بزانن هیچیان پێ دەکرێت بۆتانی بکەن؟!"

- ﴿ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ لَا يَسۡتَطِيعُونَ نَصۡرَكُمۡ وَلَآ أَنفُسَهُمۡ يَنصُرُونَ ١٩٧ ﴾ (الأعراف: ١٩٧).

واتە: "ئەوانەی ئێوە لە باتیی خوای گەورە لێیان دەپاڕێنەوە، نە دەتوانن سەرتان بخەن و نە خۆیشیانیان پێ سەر دەخرێت."

[1] مەبەست لە وەڵامدانەوەیان: قەبووڵکردنی دوعاکانیان و بەدیهێنانی داواکارییەکانیانە لە واقیعی حاڵیاندا، وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد.

-﴿وَقَالُواْ ٱتَّخَذَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَلَدٗاۗ سُبۡحَٰنَهُۥۚ بَلۡ عِبَادٞ مُّكۡرَمُونَ ٢٦ لَا يَسۡبِقُونَهُۥ بِٱلۡقَوۡلِ وَهُم بِأَمۡرِهِۦ يَعۡمَلُونَ ٢٧ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡ وَلَا يَشۡفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرۡتَضَىٰ وَهُم مِّنۡ خَشۡيَتِهِۦ مُشۡفِقُونَ ٢٨﴾ (الأنبياء: ٢٦ – ٢٨).

واتە: "هاوەڵپەیداکەران (تیرەیەک بوون لە بەنو خوزاعە) وتیان: خودا منداڵی هەیە (وَلَد: بە کوڕ و کچ دەوترێت) ئەم تیرەیە دەیانوت: فریشتە کچانی خوای گەورەن! نەخێر وا نییە.. فریشتە بەندەی بەڕێزن و خاوەن پلە و مەنزیلەی بەرزن، قسە لە فەرمایشتی خوای گەورەدا ناکەن، بەپێی فەرمانی ئەو دەجووڵێنەوە؛ خودای گەورە ئاشکرا و نهێنیی ئەوان دەزانێت، فریشتەکان تکا دەکەن بۆ کەسانێک کە خوای گەورە ویستوونی و لێیان ڕازی بووە. فریشتەکان لە خوای گەورەی مەزن دەترسن."

. ﴿وَجَعَلُواْ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةَ ٱلَّذِينَ هُمۡ عِبَٰدُ ٱلرَّحۡمَٰنِ إِنَٰثًا﴾ (الزخرف: ١٩).

واتە: "کافرەکان فریشتەیان بە مێیینە وەسف دەکرد، لە کاتێکدا ئەمان بەندەی پاکی خوای میهرەبانن [نێرو مێیان نییە]."

ـ ﴿وَجَعَلُواْ بَيۡنَهُۥ وَبَيۡنَ ٱلۡجِنَّةِ نَسَبٗاۚ وَلَقَدۡ عَلِمَتِ ٱلۡجِنَّةُ إِنَّهُمۡ لَمُحۡضَرُونَ ١٥٨﴾ (الصافات: ١٥٨).

واتە: "کافرەکان پەیوەندیی باوک و ئەولاد و خزمایەتییان لەنێوان خودای گەورە و جنۆکەدا دادەنا! دەیانوت: خودای گەورە لە جنۆکە هاوسەری بۆ خۆی هەڵبژاردووە! فریشتە لە هەردووکیانەوە پەیدا بووە! بەڵام جنۆکەکان لەو کافرانە باشتر دەزانن [کە هەمووان بەندەی خوای گەورەن و] هەموو ئامادەی لێپرسینەوە دەبن."

ـ ﴿لَّن يَسۡتَنكِفَ ٱلۡمَسِيحُ أَن يَكُونَ عَبۡدٗا لِّلَّهِ وَلَا ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ٱلۡمُقَرَّبُونَۚ وَمَن يَسۡتَنكِفۡ عَنۡ عِبَادَتِهِۦ وَيَسۡتَكۡبِرۡ فَسَيَحۡشُرُهُمۡ إِلَيۡهِ جَمِيعٗا ١٧٢﴾ (النساء: ١٧٢).

واتە: "هەرگیز مەسیح خۆی بە زلتر نازانێت لەوەی ببێت بە «عەبد»ی خودای گەورە و بە لایەوە کەمی و نەنگی نییە، فریشتە نزیکەکانی خوداش بە دەعیە و فیز نین و بەندایەتی بۆ خودای گەورە دەنوێنن. هەر یەکێک فێز و لووتبەرزی و خۆبەزلزانین لە بەنـدایەتیکردنی خـودادا بنوێنێـت، ئەوا ئەو لە ڕۆژی دواییـدا هەموویان کۆدەکاتەوە و پرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات."

ـ ﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ﴾ (الإسراء: ٤٤).

واتە: "زەوی و هەر حەوت ئاسمان و ئەوەی تیایاندایە شایەتی بوونی خودا و پـاکی و تەواویـی لە هەمـوو کەموکـورتی و نوقسـانییەک و یەکتـایی بێـوێنەیی دەدەن، هەرچـی لە بـوونەوەردا هەیە زیکـری خـوای گەورە دەکـات، بەڵام ئێـوە لە زیکرکردنیان تێ ناگەن."

. ﴿إِنِّي تَوَكَّلۡتُ عَلَى ٱللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمۚ مَّا مِن دَآبَّةٍ إِلَّا هُوَ ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ﴾ (هود: ٥٦).

واتە: "هەرچـی گیانـدارێک کە بەسـەر زەویـدا دەڕوات، ئاراستـەی لەدەست خـوای گەورەدایە، (ءَاخِذُۢ بِنَاصِيَتِهَآۚ) نمـوونەیەکە بـۆ دەسـەڵات و زاڵ بـوون و خاوەنێتی."

ـ ﴿قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلۡمُلۡكِ تُؤۡتِي ٱلۡمُلۡكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلۡمُلۡكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُۖ بِيَدِكَ ٱلۡخَيۡرُۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ٢٦﴾ (آل عمران: ٢٦).

واتە: "بفەرمـوو: ئەی خـودای گەورە! ئەی خـاوەنی هەمـوو موڵکێـک، تـۆ بە ویسـتی خـۆت موڵـک و مـاڵ بە یەکێـک دەبەخشـتی و لە یەکێکـی تـر دەستێنیتەوە، پـلە بەرزی و سـەربەرزی بە یەکێـک دەبەخشـیت کە ئـارەزووت لێـیە، لە یەکێکیشـی دەگـریتەوە کە ئـارەزووت لێـی بێـت لێـی وەربگـریتەوە و وەری دەگریتەوە و سووک و ڕسوایشی دەکەیت.. خێر و چاکە هەموو بەدەست

خۆتە، بەڕاستی ئەی خودای گەورە تۆ! بەسەر هەموو شتێکدا بەتوانایت."

دوای ئەوە کە قورئان بە بەڵگەوە سەلماندی کە ئەوانەی [ئەهلی شیرک] بە شێوەیەک لە شێوەکانی پەرستن، دەیانپەرستن، هەموویان بەندەی خودان و بێدەسەڵاتن بەرانبەر خوای تاک و پاک.. (ئینجا مرۆڤ و جنۆکە بانگهێشت دەکات، تا بە تەنیا خودای گەورە بپەرستن و بە هەموو مانا جۆراوجۆرەکانی «عیبادەت» بەندایەتی بۆ ئەو ئەنجام بدەن).

کە وا بوو: دەبێت بەندایەتیت هەر بۆ خوای گەورە بکرێت و بەس، هەر گوێڕایەڵیی ئەو بکرێت و بەس. نابێت و ناشێت و نالوێت هیچ ڕەفتارێک لە سێ واتاکەی «عیبادەت» بۆ یەکێکی تر، جگە لە خوای تاک و پاک بکرێت، کەم بێت، یان زۆر.

- ﴿وَلَقَدۡ بَعَثۡنَا فِي كُلِّ أُمَّةٖ رَّسُولًا أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ﴾ (النحل: ٣٦).

واتە: "بە تەئکید لەناو هەموو نەتەوەیەکدا پێغەمبەرێکمان هەڵبژاردووە کە بەو خەڵکە ڕابگەیەنێت تەنیا خوای گەورە بپەرستن و توخنی تاغووت نەکەون."

. ﴿وَٱلَّذِينَ ٱجۡتَنَبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ أَن يَعۡبُدُوهَا وَأَنَابُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ لَهُمُ ٱلۡبُشۡرَىٰۚ﴾ (الزمر: ١٧).

واتە: "ئەوانەی توخنی تاغووت نەکەوتن و ڕەفزیان کرد بیپەرستن و بەرەو خوای گەورە گەڕانەوە، ئەوانە مژدەی خۆشیان دەدرێتێ."

ـــ ﴿۞أَلَمۡ أَعۡهَدۡ إِلَيۡكُمۡ يَٰبَنِيٓ ءَادَمَ أَن لَّا تَعۡبُدُواْ ٱلشَّيۡطَٰنَۖ إِنَّهُۥ لَكُمۡ عَدُوّٞ مُّبِينٞ ٦٠ وَأَنِ ٱعۡبُدُونِيۚ هَٰذَا صِرَٰطٞ مُّسۡتَقِيمٞ ٦١﴾ (یس: ٦٠ – ٦١).

واتە: "ئەرێ ئەی نەوەی ئادەم! من نەموت پەیمان بدەن کە شەیتان نەپەرستن؟

وتم: کە ئەو دوژمنی ئاشکرا و دیاری ئێوەیە.

وتم: شوێن ڕێبازی ئەو مەکەون و بەدوایدا مەڕۆن."

. ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ (التوبة: ٣١).

واتە: "جوولەکە و دیانەکان حیبر و ڕاهیبەکانی خۆیانیان (پیاوانی دینەکەیان) لە باتیی خوای گەورە کردبوو بە پەروەردگار و سەرپەرشتیار و ڕێنیشاندەری ژیانیان.

. ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗا﴾ (التوبة: ٣١).

واتە: "هەر فەرمانی ئەوەیان پێ درابوو کە تەنیا یەک خوا بپەرستن."

- هەروەها ئایەتەکانی: (الرحمن: ٥ - ٦، مریم: ٩٣ - ٩٥، البقرة: ١٧٢).

خوای گەورە لەم ئایەتانەدا فەرمان دەکات کە بە تەنیا ئەو بپەرسترێت، پەرستنەکەش بریتییە لە: «بەندایەتی» و «گوێڕایەڵی» و «ملکەچکردن»، بەڵگەی ئەمەش لە ئایەتەکاندا باش دەردەکەوێت، چونکە تێیاندا خوای گەورە فەرمان دەکات کە لە گوێڕایەڵیکردنی شەیتان و تاغووت و قەشە و عالم و باب و باپیرە لە ڕێ دەرچووەکانیان دوور بکەونەوە و بچنە سەر گوێڕایەڵیی خودای گەورە.

- ﴿۞قُلۡ إِنِّي نُهِيتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ لَمَّا جَآءَنِيَ ٱلۡبَيِّنَٰتُ مِن رَّبِّي وَأُمِرۡتُ أَنۡ أُسۡلِمَ لِرَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ٦٦﴾ (غافر: ٦٦).

واتە: "بفەرموو: من لەو کاتەوە کە بەڵگەکانی خوای پەروەردگارمم بە وەحی پێ گەیشتووە، ڕێی ئەوەم لێ گیراوە ئەمانە بپەرستم کە ئێوە لە باتیی خوای گەورە دەیانپەرستن، من فەرمانم پێ کراوە کە تەسلیم بە خوای پەروەردگاری جیهانییان ببم و ملکەچی بم."

-﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَسۡتَكۡبِرُونَ عَنۡ عِبَادَتِي سَيَدۡخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ ٦٠﴾ (غافر: ٦٠).

واتە: "پەروەردگارتان فەرمووی: لێم بپاڕێنەوە و دوعا بکەن گیرای دەکەم، ئەوانەی لە لووتبەرزییانەوە پێیان کەمییە دەست بۆ دوعاکردن بەرز بکەنەوە و لە خودا بپاڕێنەوە، بە سەرشۆڕی فڕێ دەدرێنە دۆزەخەوە.

- ﴿ ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡ لَهُ ٱلۡمُلۡكُۚ وَٱلَّذِينَ تَدۡعُونَ مِن دُونِهِۦ مَا يَمۡلِكُونَ مِن قِطۡمِيرٍ ١٣ إِن تَدۡعُوهُمۡ لَا يَسۡمَعُواْ دُعَآءَكُمۡ وَلَوۡ سَمِعُواْ مَا ٱسۡتَجَابُواْ لَكُمۡۖ وَيَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ يَكۡفُرُونَ بِشِرۡكِكُمۡۚ ﴾ (فاطر: ١٣ – ١٤).

واتە: "ئەوە ئەو خودای پەروەردگارەی ئێوەیە کە خاوەنی هەموو «وجوود»ـە و هەموو دەسەڵاتێک هیی ئەوە. ئەوانەی ئێوە لە باتی خودای گەورە لێیان دەپاڕێنەوە و هانا و هاواریان بۆ دەبەن، خاوەنی هیچ شتێکی هێندەی پەردە تەنکەکەی دەوری ناوکە خورمایەکیش نین، جگە لەوەی بێ توانا و بێ دەسەڵاتیشن، پاڕانەوە و لاڵانەوەکانتان نابیستن؛ چونکە گوێیان لێ نییە، ئەگەر گوێیشیان لێ بێت توانای وەڵامدانەوەیان نییە. ڕۆژی دوایی کاتێک خودای گەورە دەیانخاتە گۆ و قسە دەکەن، خۆیانیان لێ بەری دەکەن، نکوڵیی پەرستنەکانتان دەکەن، لەوەش تووڕە دەبن کە لە دنیادا بە هاوەڵ و هاوبەشی خوای گەورەتان داناون و بەندایەتیتان بۆ کردوون."

-﴿ قُلۡ أَتَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَمۡلِكُ لَكُمۡ ضَرّٗا وَلَا نَفۡعٗاۚ وَٱللَّهُ هُوَ ٱلسَّمِيعُ ٱلۡعَلِيمُ ٧٦ ﴾ (المائدة: ٧٦).

واتە: "بفەرموو: چما ئێوە شتگەلێک لە باتیی خوای گەورە دەپەرستن کە خاوەنی دەسەڵاتی هیچ جۆرە زیان دوورخستنەوە و سوودگەیاندنێک نییە؟! ئێ خۆ خوای گەورە بیسەر و زانایە."

خودای گەورە لەم ئایەتانەدا فەرمانمان پێ دەکات کە پەرستن (بە مانای بە خودا دانان: التألُّه) تایبەت بکەین بە ئەوەوە، بەڵگەی ئەمە بە ئاشکرا لە

ئایەتەکاندا دیارە کە وشەی (العبادة)یان تێدا هاتووە کە بە مانای دوعاکردن و لێ پاڕانەوەیە.

عـادەتەن لە پـێش و پاشـی ئەو ئایەتـانەدا هـاتوون کە باسـی بـت و خـودا داتاشـــراوەکان دەکەن کە نەفامەکـــان لە پەروەردگـــارێتی و لە بەڕێـــوەبردنی یاساکانی ئەو دیو سروشتەوە، کردبوویانن بە هاوەڵ و هاوبەشی خودای گەورە.

ئێستا بۆ هەموو ژیرێک ڕوون بووەوە کە هەر کاتێک وشەی (العبادة) لە قورئاندا هات، حەتمەت مانای یەکێک لە سێ ماناکانی دەبەخشێت: (بەندایەتی، گـوێڕایەڵی، بە خـودا دانـان)، بەو مەرجەی لە ئایەتەکـانی پـێش و پاشـیدا هـیچ بەڵگە و ئاماژەیەکی وای تێدا نەبێت کە ماناکە بەرەو مەبەستی تر ببات.

بۆ نموونە: سەیری ئەم ئایەتانەی خوارەوە بکە:

. ﴿إِنَّنِيٓ أَنَا ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدۡنِي﴾ (طه: ١٤).

واتە: "بە تەئکیـد ئەوە مـنم کە خـودای گەورەم، هـیچ خـوایەک نیـیە شـایانی خوایەتی بێت، جگە لە من، دە سا تۆش بمپەرستە."

ـــــ ﴿ذَٰلِكُمُ ٱللَّهُ رَبُّكُمۡۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ خَٰلِقُ كُلِّ شَيۡءٖ فَٱعۡبُدُوهُۚ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ وَكِيلٞ ١٠٢﴾ (الأنعام: ١٠٢).

واتە: "ئەو خـودا گەورەیەی کە پەروەردگـاری ئیـوەیە، هـیچ خـودایەک نیـیە شایانی خوایەتی بێت، جگە لەو، بەدیهێنەری هەموو شتێکە؛ دە سا بە تەنیا ئەو بپەرستە، ئەو هەڵسووڕێنەری هەموو شتێکە."

ـ ﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي شَكّٖ مِّن دِينِي فَلَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِينَ تَعۡبُدُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَٰكِنۡ أَعۡبُدُ ٱللَّهَ ٱلَّذِي يَتَوَفَّىٰكُمۡۖ وَأُمِرۡتُ أَنۡ أَكُونَ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٠٤﴾ (یـــــــونس: ١٠٤).

واتە: "بفەرموو: هۆ خەڵکینە! ئەگەر ئێوە گومانتان لە ڕاستیی ئایینەکەم هەیە، ئەوا من ئەوانە ناپەرستم کە ئێوە لە باتیی خوای گەورە داتانناون و دەیانپەرستن، من خودای گەورە دەپەرستم، ئەوەی دەتانمرێنێت، من فەرمانم پێ کراوە لە ڕیزی ئیماندارندا بم."

ـ ﴿مَا تَعۡبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسۡمَآءٗ سَمَّيۡتُمُوهَآ أَنتُمۡ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلۡطَٰنٍۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعۡبُدُوٓاْ إِلَّآ إِيَّاهُۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلۡقَيِّمُ﴾ (یوسف: ٤٠).

واتە: "ئەمانەی ئێوە دەیانپەرستن، هەر ناوانێکی بێ ناوەڕۆکن، هیچ دەسەڵاتیان نییە، خۆتان و باب و باپیرانتان داتان هێناون و ناوتان لێ ناون خودا! خوای گەورە فەرمانی بە پەرستنیان نەکردووە، ئێوە هیچ بەڵگەیەکتان (لە وەحییەوە) نییە، تا شیاوێتیی پەرستنیان بسەلمێنێت، فەرمانڕەوایی مافی خوای گەورەیە و تایبەتە بەو زاتەوە کە فەرمانی کردووە هیچی تر غەیری ئەو نەپەرستن؛ ئا ئەوەشە بەرنامەی دروست و ڕێگای ڕاست و ئایینی ڕەوا.

﴿وَلِلَّهِ غَيۡبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُ ٱلۡأَمۡرُ كُلُّهُۥ فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِۚ﴾ (هود: ١٢٣).

واتە: "زانینی نادیار و پەنهانی ئاسمانەکان و زەوی، ماف و توانای خوای گەورەیە و بەس، هەموو کارێک بۆ لای ئەو دەگەڕێتەوە، دە جەنابیشت هەر ئەو بپەرستە و لە هەموو کارێکتدا پشتی پێ ببەستە."

. ﴿وَمَا نَتَنَزَّلُ إِلَّا بِأَمۡرِ رَبِّكَۖ لَهُۥ مَا بَيۡنَ أَيۡدِينَا وَمَا خَلۡفَنَا وَمَا بَيۡنَ ذَٰلِكَۚ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيّٗا ۝٦٤ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا فَٱعۡبُدۡهُ وَٱصۡطَبِرۡ لِعِبَٰدَتِهِۦۚ﴾ (مریم: ٦٤ – ٦٥).

واتە: "خودای گەورە ئاگای لە هەموو کردەویەکمانە - ئەوەی لە ڕابردوودا کردوومانن و ئەوی بەدەستمانەوەن و ئەوەی لە داهاتوودا دەیانکەین -، خوای پەروەردگارت هیچی لە بیر ناچێت، پەروەردگاری ئاسمانەکان و زەوی و هەموو

ئەوانەیە کە لەنێوانیانـدان، هەڵسـووڕێنەر و ئاراسـتەوانیانە؛ دە سـا بیپەرسـتە و سەبری ئیزافی بە خۆت بدە و سەبری زیاتر لەسەر پەرستنی بگرە."

- ﴿فَمَن كَانَ يَرْجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَٰلِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدًۢا ﴿١١٠﴾﴾ (الكهف: ١١٠).

واتە: "جـا ئەوەی ئومێـدی بە دیـداری خـوای پەروەردگـارێتی و دەیەوێـت پاداشـتی خـودای دەسـت بکەوێـت و لە سزای دوور بخرێتەوە، بـا لەبەر خـاتری خوای گەورە و بە نیازی پاکەوە کردەوەی پاک بکات (بەپێی شەرعی خودا بێت و لەبەر خاتری خوداش کرابێت)، با لە پەرستنی خودای پەروەردگاریدا هاوەڵ و هاوبەش بۆ خوای پەروەردگاری دانەنێت."

لەم ئایەتانەدا وشەی «عیبادەت» بە مانای: «بە خودا دانان» و «بەندایەتی» و «گوێڕایەڵی» هاتووە، پێویست ناکات و ناشێت وشەی «عیبادەت» تایبەت بکرێت بە مانایەک لە ماناکانییەوە.

قورئانی پیرۆز کاتێـک باسـی «عیبادەت» دەکات، دەیەوێت ئەوە لە مرۆڤ بگەیەنێت کە «خودایەتی» و «بەندایەتی» بۆ کردن و «گوێڕایەڵیکردن» دەبێت بە تەنیـا بـۆ خـودای مەزن ئەنجـام بـدرێت، ئەوەش دەبێـت مـرۆڤ بە خواویسـتی و نیازپاکی و ئیخلاسەوە بۆ خوای ئەنجام بدات.

ئەگەر بویسـترێت کە وشـەی «عیبـادەت»، تەنیـا لە یەک مانایـدا کـورت بکـرێتەوە (وەکـوو دروشـمەکانی پەرسـتن) ئەوە لە ڕاسـتیدا مانـای کـورت هەڵهێنانی بانگەوازی قورئانە!

ئەنجامی حەتمی ئەو کورت هەڵهێنانەش هەر ئەوە دەبێت کە خەڵکی بەو شـێوە نوقسـان و کورتبینـانە بـاوەڕ بە دینـی خـوا دەهێـنن و هەر وا دەزانـن بانگهێشتی قورئان بە دەوری چەند چەمک و مانایەکی تەسک و دیاریکراوی کەمدا دەخولێتەوە!

ئەوە بێگومــان بیروبۆچــوونێکی تەســکبینانەی دیــاریکراوی دەبێــت. جــا وەختێـک کـابرایەک هەمـوو دینەکە وا کەموکـورت و نوقسـان دەبینێت، ئیـتر بە شـێوەیەکی نـاتەواو شـوێن ئـایینەکە دەکەوێـت، ئـایینەکە و دینـداری هەر لە دروشمەکانی پەرستن، نوێژ و ڕۆژووەکە و پەرستنەکانی تردا دەبینێت؛ وا حاڵی دەبێـت کە دیـنەکە هەر ئەوەنـدەیە! ئەوەش ئەو کێشـەیەیە کە ئەم کتێبەمـان بـۆ چارەسەری نووسی.

بەم قەولەی ئیمامــی مەودوودی (ڕەحمەتــی خــوای لــێ بێــت) شــیکارە گـرنگەکەی ئەو بـۆ وشـەی «عیبـادەت» تەواو بـوو، بەم کـارەش پـوختەیەکی تەواوی ئەو چـوار زاراوەیەمـان لـێ وەرگـرت کە لە کتێـبە بەنرخەکەیـدا هـاتووە (چوار زاراوەکەی قورئان: الإله، الربّ، العبادة، الدِّين).

خـوای گەورە بەرچاومـان ڕۆشـنتر بکـات و زیـاتر تـێمان بگەیەنێت. ( اللهـمَّ آمین)

## * ئایەتی شەشەم: ( ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾: واتە: ڕێگا ڕاستەکەمان نیشان بدە و پابەندمان بکە پێوەی).

- (ٱهۡدِنَا): ڕێنماییمان بکە، ڕێمان نیشان بدەن و دواییش لەسەر ڕێگاکە بمانهێڵەرەوە و مەهێڵە لادەین و ڕێمان لێ بزر ببێت.

چاوگەکەی (الهدایة)یە کە دەشێت ڕاستەوخۆ (مفعول بەِ) وەربگرێت وەکوو ئێرە: (ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ) یان: ﴿وَهَدَيۡنَٰهُ ٱلنَّجۡدَيۡنِ ١٠﴾ (البلد: ١٠).

واتە: "هەر دوو ڕێگاکەی خێر و شەڕمان نیشانی مرۆڤ داوە."

هەروەها دەشێت بە (إلی) بگاتە (مفعول بِهِ)یەکەی، وەکوو: ﴿ٱجۡتَبَٰهُ وَهَدَىٰهُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ١٢١﴾ (النحل: ١٢١)، باسی سەییدنا ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەکات، دەفەرموێت: خوای گەورە جەنابی سەییدنا ئیبراهیمی هەڵبژارد و ڕێنمایی کرد بۆ ڕاستە ڕێگاکە. نیشانی دا و هێشتییەوە لەسەری. یان: ﴿فَٱهۡدُوهُمۡ إِلَىٰ صِرَٰطِ ٱلۡجَحِيمِ ٢٣﴾ (الصافات: ٢٣)، باسی چارەنووسی قیامەتی ستەمکاران و هاوکارانیان دەکات، دەفەرموێت ڕێگای دۆزەخیان نیشان بدەن و لەسەر ڕێگاکە بیانهێڵنەوە، نەهێڵن ئەم لا و لا بکەن!"

هەروەها: ﴿وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٢﴾ (الشوری: ٥٢).

واتە: "جەنابت ڕێگا ڕاستەکە نیشانی خەڵکی دەدەیت و سووریت لەسەر مانەوەیان لەسەر دید و ڕێگاکە."

هەروەها دەشێت لە جێی (الی)، (لام) بێت وەکوو: ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي هَدَىٰنَا لِهَٰذَا﴾ (الأعراف: ٤٣).

واتە: "ستاییش بۆ ئەو خوایەی کە هیدایەتی داین بۆ ئەم دید و ڕێ و هەڵوێستە."

هەروەها: ﴿إِنَّ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ يَهۡدِي لِلَّتِي هِيَ أَقۡوَمُ﴾ (الإسراء: ٩).

واتە: "ئەم قورئانە ڕێنیشاندەری هەموو ئەو ڕەفتارانە دەکات کە پارسەنگی و ڕاستی و ڕەواییان تێدایە."

زەمەخشەری دەفەرموێت: "ئەسڵی گەیشتنی بە (مفعول بە)یەکەی بە (لام)ە، یان بە (الی)یە، بەڵام لێرەدا بۆ کورتکردنەوەی ماوەی هیدایەتدانەکەیە، بۆیە نە (إلی) و نە (لام)ی نەهێناوە، وەکوو (إهدنا)کەت بێتە: خوایە! هەر ئێستا هیدایەتم بدە!"

- هەندێک لە زمانەوانان فەرموویانە: "ئەگەر کرداری هیدایەتەکە ڕاستەوخۆ بێ پیتی (الی/ لام) بگاتە (مفعول بە)یەکە، مانای ڕینیشاندانە، ئەگەر بە هۆی پیتەوە بوو، ئەوە مانای بەردەوامبوونی پابەندیی (الإستقامة)کەیە؛ تا بگات بە ئامانجەکەی."

زانایانی مەزهەبە عەقڵییەکان لە گەیشتنە ئامانج، دوای ڕوونکردنەوەی دید و ڕێکە، ڕاجیا بوون:

- ئەشعەرییەکان دەفەرموون: خوای گەورە ڕوونکردنەوە و نیشاندانی دید و ڕێگەی کردووە بە بەرپرسیارێتیی خۆی، بۆیە پەیام و پێغەمبەرە بەڕێزەکانی خۆی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بۆ مرۆڤایەتی ناردووە، ئەو ئاوا هیدایەتیان دەدات، بەڵام گەیشتنە مەبەست؛ بەرپرسیارێتیی خەڵکەکە (عەبدەکان) خۆیانن.

واتە: خوای گەورە حەقی بەسەر ئەوەوە نییە کە عەبدەکە، دوای ئەوەی دید و ڕێی وەحیی ناسی و دینەکەی وەرگرت، بەردەوام دەبێت لەسەری، تا دەگاتە ئامانج؛ یان لە ڕێ سارد دەبێتەوە، یان لادەدات.

ئەوە بەرپرسیارێتیی خۆیەتی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ۝٣ ﴾ (الإنسان: ٣).

واتە: "ئێمە هەر دوو ڕێگای خێر و شەڕمان نیشانی مرۆڤ داوە، ئیتر خۆی سەرپشکە کامیان دەگرێتە بەر."

لە هەمان کاتیشدا خوای گەورە پاداشتی کەسی پابەند و بەردەوام و سزای لێچوونەوە و لادانیشی دیاری کردووە.

- موعتەزیلە (لەوانە: ئیمامی زەمەخشەری) دەفەرموون: هیدایەتدان، پێ نیشاندان و گەیاندنەکەیشێتی بە ئامانج، ئەگینا گومڕایی پێش زانینی دید و ڕێکە و گومڕایی دوای نیو ڕێ بڕین و لادان جیاوازییان چییە، بۆیە داواکراو ڕێنیشاندان و یارمەتیدانی گەیشتنەکەشە.[1]

- ئەهلی حەدیس (لەوانە: ئیمامی ئیبنولقەییم) دەفەرموون: وشەی «هیدایەت» لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەییەوە، هەر دوو ڕوکنەکەیەتی.

ئیبنولقەییم دەفەرموێت:

■ (الهداية) بە مانای ڕوونکردنەوە و ڕێنیشاندانی ڕێگاکەیە (البيان والدلالة). پاشان (التوفيق والإلهام)ـە، واتە: سەرخستن و پشتگرتن و یارمەتیدرانی عەبدەکە و بەهێزکردنی ویست و ئیرادەی بە پتەوکردنی ئیمانی، تا پاڵنەری بەردەوامێتی و پابەندیی تێدا ئەوەندە بەهێز بێت، تا خۆ ڕابگرێت؛ تا دەگاتە ئامانجەکەی کە ڕەزامەندیی خوای گەورەیە.

دواتر دەفەرموێت: لەم ڕوانگەیەوەیە کە هەموو عەبدێک مەجبوورە داوای هیدایەتی خوایی بکات. ئەو بۆچوونەش باتڵە کە دەڵێت: جا کە ئێمە خوا

[1] التحرير والتنوير، جوزئی یەکەم، چاپی یەکەم ٢٠٠٠ز، ل ١٨٥ . ١٨٦.

هیدایەتی داوین و ڕێگاکەمان ناسیوە و گرتوومانەتە بەر، ئیتر بۆچی دیسان داوای هیدایەتدان بکەینەوە؟

ئەوە بۆ چوونێکی لاوازە و هۆکارەکەی نەزانینە. ئەوە ئێمەی ڕێنیشاندراو نایزانین، زۆر زیاترە لەوەی دەیزانین (دەربارەی زانینی حەق)، پاشان داوا دەکەین خوای گەورە نەمانداتە دەستی نەفس و ویستی خۆمان، نەبادا شل ببین و ڕێگاکە بەردەین.

بۆیە ئەوانەی دید و ڕێگاکەیان زانیوە و گرتوویانەتە بەر [واتە: موسوڵمانن] پێویستیان بە دوعای هیدایەتەکە هەیە بە مانای دووەمی (واتە: التوفیق والإلهام) کە بریتییە لە: پابەندی و بەردەوامێتیی دینداری، تا مردن.

ئەوە جگە لەوەی کە «هیدایەت» مانای سێیەمیشی هەیە کە داوای یارمەتیدرانە بۆ ئاسان برینی پردی سیڕات (الصراط) لە ڕۆژی دواییدا. پردی سیڕات پردێکە بەسەر دۆزەخدا دەڕوات بۆ بەهەشت و هەموو کەسێکیشی بەسەردا دەڕوات.

ئەو عەبدەی لە دنیادا دید و ڕێی دینەکەی زانیوە و گرتوویەتییە بەر و بەردەوام، تا مردنی پێیانەوە پابەند بووە، ئەوە پەڕینەوەی پردی سیڕاتی بۆ ئاسان دەبێت، هەر کەسە و بە هێندەی ڕادە و بڕی دینداریيەکەی لە دنیادا؛ بۆیە کەسانی وا هەن وەکوو برووسکە بەسەر پردەکەدا دەپەڕنەوە، هەشیانە هێندەی چاوتروکانێکی پێ دەچێت، هەیانە وەکوو «با» بەسەریدا تێدەپەڕێت، هەیە وەکوو سواری غاردان و هەیانە بە ڕاکردن و هەیانە بە ڕۆیشتن و هەیانە بە گاگۆڵکێ (لەسەر ئەژنۆ و دەست) و هەیانە بەزۆر خۆی ڕادەکێشێت و بریندار و ماندوو شەکەتە و هەر دەڕوات؛ هەشیانە هەر زوو لەسەر پردەکە دەکەوێتە خوارێ بۆ ناو ئاگرەکەی دۆزەخ!

ئەم ئارەزووە وێڵە و هەوا و هەوەسەی لە دنیادا عەبد لە دین و دینداری

دوور دەخەنەوە، لە ڕۆژی قیامەتدا دەبنە قولاپی ئاسنین و بە پردی سیراتەوە دەبن، ڕێ لە عەبدەکە دەگرن بپەڕێتەوە، ئەگەر لە دنیادا زۆر بە هەوا و هەوەس و ئارەزوو و دنیاویستییەوە خەریک بووبێت، قولاپەکانی سەر پردی سیراتی زۆر دەبن.[1] خوا پەنامان بدات.

پێم وایە: بۆچوونەکەی ئیمامی ئیبنولقەییم پەسەند ترە، چونکە ئەو کەسەی موسولمانی دیندارە و لە نوێژەکانیدا هەر داوا دەکات: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾، ئەوە ئێمەین و داوای هیدایەتدان بە مانای دووەم و سێیەمی دەکەین، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهۡتَدَوۡاْ زَادَهُمۡ هُدًى﴾ (محمد: ١٧).

واتە: "ئەو کەسانەی هیدایەتی خوای گەورەیان وەرگرتووە و دیندارن، خوای گەورە زیاتر هیدایەتیان دەدات بە یارمەتیدانیان لەسەر پابەندیی زیاتر و بەردەوامیی دینداری و سەرکەوتن بە ئاستەکانی تەقواکاریدا" هەر وایشە کە دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّذِينَ جَٰهَدُواْ فِينَا لَنَهۡدِيَنَّهُمۡ سُبُلَنَا﴾ (العنکبوت: ٦٩).

واتە: "ئەو کەسانەی لە پێناوی ئێمەدا (لە پێناوی خوای گەورەدا) جیهاد دەکەن، بە دڵنیاییەوە ئێمەش ڕێبازەکەی خۆمانیان نیشان دەدەین و لەسەر دینداری دامەزراویان دەکەین."

## * جۆرەکانی هیدایەت:

١. بەخشینی هێزی بزاوتن و هەستکردن: خوای گەورە بە ڕادەی پێویست و بارو دۆخی دەوروبەریان دەیبەخشێت بە گیانلەبەرانی، تا بزاوت و سرەوت و جێ و ڕێی خۆیانی پێ ڕێک بخەن. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ١ ٱلَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ ٢ وَٱلَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ ٣﴾ (الأعلى: ١ – ٣).

[1] مدارج السالكين، ب١، ل ٣١ - ٣٢.

واتە: "مەدح و ستاییشی خوای پەروەردگاری بەرز و بالآت بکە و بە دوور بیگرە لە هەموو کەموکورتی و نوقسانییەک.. ئەو خوایەی کە (خەلقی کرد) و (سازاندی) و هەموو پێداویستییەکی (تەقدیر کرد) و (هیدایەتی دا)، تا بکەوێتە سەر سیستم و خولگەی ژیانی خۆی." هەرچی لە بوونەوەردا دەیبینیت بە گیانلەبەر و بێگیانەوە بۆ هەسارەیەک، لە ئەلیکترۆنێکەوە بۆ بزاوت و سرەوتی هەموو شتێک و لە مێشوولەیەکەوە بۆ فیلێک، ئەوە بزاوت و سرەوت، بۆ هەستکردنیش سەرنج بدەرە گریانی کۆرپەیەک کە هەست بە برسێتی، یان ترس دەکات؛ یان شێرێک کە هەڵمەت دەبات، یان لە مەترسییەک هەڵدێت، یان دەستپێکی هۆش و پەی پێ بردن و دەرککردنی مرۆڤ و... هتد.

٢. دیاریکردنی ڕێ و نیشان و بەڵگەی زانین و جیاکردنەوەی حەق لە باتڵ و ڕاست لە چەوت کە لەڕێی وەحی و بیرکردنەوەی ژیرانە و ئەزموونی زۆرەوە دێت: ڕێی وەحی ئەوە زانراو و ناسراوە کە فەرمان بە وەرگرتنی حەق و پابەندبوون پێیەوە دەکات و ڕێی ناڕەوایی دەناسێنێت و هۆشداری و هەڕەشەی گرتنە بەری دەکات.

بیرکردنەوەی ژیرانە: لە بیرکردنەوەکانی خۆتەوە بڕوانە بۆ لانکەی بیرکردنەوەی بیرمەندان و زانایان و فەیلەسووفان. ئەزموونیش هەر گیانلەبەرە و هەزاران ئەزموونی لا کۆدەبێتەوە، ئاوا دەزانن چی باشە، یان ئەمانە، یان گونجاوە بۆیان و چی خراپە؛ یان دژوارە، یان نەگونجاوە. لە ئەزموونەوە دەزانیت بێخەوی چەند خراپ و دژوارە. لە ئەزموونەوە دەزانیت کە ناتوانیت ئەوەندە کیلۆ هەڵگریت و... هتد.

٣. ڕێنماییکردن و فێرکردن بۆ زانینی کورتبینی و نەناسین: وەکوو ئەوەی کەسێکی بیرمەند زۆری بیرکردووەتەوە کە لە فلأن مەسەلەدا چۆن دەبێت ڕەفتار بکات، خوای گەورە چۆن و چ ڕەفتارێکی پێ قەبووڵە؟!

ئەمە بە فێربوون و زانینی زانستەکانی وەحی چارەسەر دەبێت، نازانیت ئەو

خۆراکە حەڵاڵە، یان نا، تا بەڵگەی شەرعی بۆت ڕوون دەکاتەوە کە کامیانە. نازانیت ئەو ڕەفتارە تەوحیدە، یان شیرک، دواتر بە زانینی بەڵگەی شەرعی بۆت جودا دەکرێتەوە، یان بەڵگەکانی کە دەیانزانیت کە من و بەرانبەر ناگەیەنێتە تێگەیشتن و قەناعەتکردن بە ڕاست و دروستیی ئامۆژگارییەکەت.

ڕێنیشاندانی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و یاوەران و شەرعناسان لەمەوەیە، چونکە ئەوان بە وەحیی خوایی، ڕاست و دروست و ڕەواییان لە چەوت و ناحەقی جودا کردووەتەوە، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَاهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا﴾ (الأنبياء: ٧٣).

واتە: "کردمانن بە پێشەوای ڕێنیشاندان، تا بەپێی وەحیی ئێمە هیدایەتی خەڵکی بدەن."

٤. ڕێنمایی و ئاراستەکردن بۆ گەیشتنە ڕاستیی مەبەست و زانینی چارەسەر و پابەندبوونی ڕاست و دروستی دینداری کە ڕێگاکان و ئاستەکانی هیدایەتی خوایین (لە برگەی داهاتوودا بە تەفسیل باس کراوە)، وەکوو زانینی حوکمی شەرعی بەتەواوی دەربارەی کێشەیەک وەکوو هیدایەتدانەکەی سەییدنا سولەیمان (سەلامی خوای لەسەر بێت) بۆ چارەسەری ناکۆکیی ئەو دوو کەسەی هاتنە خزمەتی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَفَهَّمْنَاهَا سُلَيْمَانَ﴾ (الأنبياء: ٧٩).

واتە: "لە (سولەیمان)مان گەیاند کە حوکمی شەرعیی کێشەکە چۆنە."

ئەمە هیدایەتی خوای گەورەیە بۆ پێغەمبەرە بەڕێزەکان، بۆیە ناویشی ناوە (هُدی).

وەکوو دەفەرموێت: ﴿أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَى اللَّهُ ۖ فَبِهُدَاهُمُ اقْتَدِهْ﴾ (الأنعام: ٩٠).

واتە: "ئا ئەوانە (ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانە) ئەوانەن کە خوای گەورە هیدایەتی

داون و ڕاست و ڕەوا بەپێی وەحیی خوای گەورە ڕەفتاریان کردووە، جەنابیشت ئیقتیدایان پێ بکە و بە نموونە وەریان بگرە."

موسوڵمانان کە دەپاڕێنەوە و دەڵێن: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾، هەر یەکە و بەگوێرەی پێویستیی خۆی داوا دەکات، یەکێک نوێژ ناکات و دەڵێت:خوایە هیدایەتم بدەیت، یەکێکی وەکوو ئیمامی «ئیبنو تەیمیە» کە وەڵامی پرسیارێکی شەرعیی لێ تێکەڵ دەبوو، یان نەیدەزانی کام حوکمە دەیگرێتەوە، دەستی دەخستە پشتی و دەهات و دەچوو، دەیفەرموو: (یا مُعَلِّمَ إبراهیمَ عَلِّمْني).

واتە: "ئەی پەروەردگار و مامۆستای فێرکاری «ئیبراهیم» منیش فێر بکە." کۆمەڵێک «فەقێ» داوای زانینی زیاتریان مەبەستە، تا بەڵگەی زیاتری «هیدایەت» فێر ببن، ئیتر ئاوا خوای گەورە، ئێمەش وەکوو پیاوچاکانی دەوری پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) هیدایەت بدات. اللهم آمین.

## * ئاستەکانی هیدایەت:

ئیمامی ئیبنولقەییم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت[1]: ئاستەکانی هیدایەتی خوای گەورە «دە» ئاستن، هەیانە تایبەتە و هەشیانە گشتییە. [کە ئەمانەن لە ئاستی باڵاوە بەرەو خوار]:

### . ئاستی یەکەم: گفتوگۆی خوای گەورە لەگەڵ عەبدەکەیدا:

ئەوە ئاستی قسەکردنی خوای گەورەیە لەگەڵ عەبدەکەیدا، ڕاستەوخۆ بێ هەبوونی هۆکاری نێوان کە لە حاڵەتی بێداریدا دەبێت، هەروەها قسەکردنی

[1] مدارج السالکین، ب١، ل ٦٢.

عەبدەکەی لەگەڵ خوای تاک و پاکدا لە هەمان کاتدا.

ئەوە لووتکەی هەرە بەرزی هیدایەتی خواییە کە عەبدێک بگاتە ئەو ئاستە تایبەتەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوای گەورەدا بدوێت و وەڵام وەربگرێتەوە، هەر وەک چۆن خوای گەورە لەگەڵ سەییدنا مووسادا (سەلامی خوای لەسەر بێت) دوا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا﴾ (النساء: ١٦٤).

واتە: "خوای گەورە بە دوانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ (مووسا)دا دوا."

پێشتر باسی وەحیی خۆی کرد کە بۆ سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت) و پێغەمبەرانی تری (سەلامی خوایان لەسەر بێت) نارد، دواتر باسی ئەم ئیمتیازە تایبەتە دەکات کە لەگەڵ سەییدنا مووسادا (سەلامی خوای لەسەر بێت) دواوە.

ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە دوان لەگەڵ عەبدێکدا تایبەتترە، وەک لە هەر وەحی ناردنی کە لە سەرەتای ئایەتەکەدا باسی وەحی ناردنەکە دەکات، بۆ ئەو پێغەمبەرە بەڕێزانەی (سەلامی خوایان لەسەر بێت).

پاشان دەبینیت بە (مفعول مطلق) جەخت لە دواندنە حەقیقییەکە دەکاتەوە کە (تكليماً)ـە کە چاوگی (كلَّمَ)یە، بۆ ئەوەی هیچ گومانێک لەوەدا نەمێنێت کە لەگەڵی دواوە، ئەوە حەقیقەتەکەیە، نەک ئەوەی (موعتەزیلە و جەهمییە و موعەتیلە) دەیڵێن گوایە ئەوە هەر ئیلهامێک بووە کە خوای گەورە خستوویەتییە دڵی سەییدنا مووساوە (سەلامی خوای لەسەر بێت)؛ یان جۆرە ئاماژەیەکە، یان پێناسەیەکی واتایی و دەروونییە، نەک دوان و دواندن (قسەکردن و گفتوگۆ).

زانـای زمـانەوان «فەڕڕاء» دەفەرموێـت: عەرەب بە دوانـدنی مـرۆڤ، هەر چۆنێـک بێـت، دەڵێـت: «قسـە» و کە بە چـاوگیش جەختـی لـێ دەکـاتەوە، هـیچ مانـایەکی تری غەیری قسـە (الکـلام) ناگەیەنێت، وەکـوو (إرادة: ویسـت وایە)، دەوترێت: (فلان یُریدُ إرادةً).

واتە: "فـلاَن کەس ئەو ویسـتەی مەبەسـت بـوو"، واتە: حەقیقەتـی ئەوەی کە دەیویست: ئەوە بـوو، بەڵام بۆ دیوارێـک، بـۆ نموونە دەڵێن: (أراد الجدار)، واتە: دیـوارەکە ویسـتی، نـاڵێن: (أراد الجـدارُ إرادةً)، چـونکە دیـوارەکە ویسـتێکی حەقیقی مەبەست نییە، ویستی دیوارەکە مەجازییە.

ـــ هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَمَّا جَاءَ مُوسَىٰ لِمِيقَاتِنَا وَكَلَّمَهُۥ رَبُّهُۥ قَالَ رَبِّ أَرِنِيٓ أَنظُرۡ إِلَيۡكَ﴾ (الأعراف: ١٤٣).

واتە: "کاتێک (مووسا) لەسەر بەڵێنەکەی نێوانمان هاتە ئەو شوێنە و خوای پەروەردگـاری لەگەڵـی دوا، فەرمـووی: ئەی خـوای پەروەردگـارم! ڕێـم بـدە، بـا تەماشات بکەم."

ئەم دوان و دوانـدنە، غەیـری ئەو جـارەیە کە بـۆ لای فیرعەونـی نـارد، لەم دوانـدنەی دووەمیانـدا داوای تەماشـاکردنی خـوای پەروەردگـاری دەکـات، لە یەکەمیاندا ئەم داواکـارییە نەبـوو؛ لە یەکەمیانـدا تەختە قوڕەکـان (الألـواح)ی وەرگرت. ئەمیـان بەپێـی ئەو بەڵێنە بـوو کە خوای گەورە پێـی دابـوو [کە وەلیدا دەدوێت لە شوێنە دیاریکراوەکەی کێوی طور].

دوان و دواندنی یەکەم، بەپێی هیچ بەڵێنێک نەبوو، لەویاندا خوای گەورە پێـــــی فەرمـــــوو: ﴿قَالَ يَٰمُوسَىٰٓ إِنِّي ٱصۡطَفَيۡتُكَ عَلَى ٱلنَّاسِ بِرِسَٰلَٰتِي وَبِكَلَٰمِي﴾ (الأعراف: ١٤٤).

واتە: "ئەی مووسـا! مـن لەنێـوان خەڵکیـدا جەنـابتم هەڵبـژاردووە، بەوەی کە پەیامی خۆمم پێت بەخشی و دواندنی تایبەتم وەلتدا هەبوو."

کۆڕا (ئیجماع)ی سەلەف لەسەر ئەوەیە کە: ماناکەی (بە قسەکردنم وەلتدا: بتكلمي لك)یە.

خوای گەورە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سەییدنا مووسای (سەلامی خوای لەسەر بێت) بانگ کردووە و وەلیدا دواوە. بانگکردنەکە لە دوورەوەیە و لەگەڵ دواندنەکە لە نزیکەوەیە.

عەرەب دەڵێن: ئەگەر بازنەی دواندنەکە گەورە بێت [لە دوورەوە بێت] ئەوە بانگکردن و هاوارە، یان هانا بۆ بردنە، سەییدنا ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت)، [وەکوو لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە] کە لە ساحەی مەحشەردا خەڵکەکە دەچنە خزمەتی و عەرزی دەکەن (پێی دەڵێن): ئێمە ئەولادی جەنابیتین و جەنابت باوکی ئێمەیت، سا لای خوای گەورە تکامان بۆ بکە، با لەم ساحەیەدا نەمانوەستێنێت و زوو حساباتمان لەگەڵدا بکات..

جەنابی (سەلامی خوای لەسەر بێت) یەک یەک [یان پۆل پۆل، یان بە یەک جار] دەیاننێرێت بۆ خزمەتی پێغەمبەرەکانی تر (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و داوایان لێ دەکات تکا بۆ خەڵکەکە بکەن[1] کە داوا لە سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەکەن، عوزر دەهێنێتەوە و نایەوێت بیکات، سەییدنا ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) پێی دەفەرموێت: ئاخر جەنابت نزیکتریت و نزیکترە کە تکاکردنەکەت قەبووڵ بکات، چونکە: **(أنتَ موسى الذي أصفاك اللهُ بكلامه وخَطَّ لكَ التوراة بيده).**[2]

واتە: "جەنابت هەر ئەو «مووسا»یەیەت کە خوای گەورە بەتایبەت بۆ دواندنت هەڵیبژاردیت و «تەورات»ی بە دەستی خۆی بۆ نووسییتەوە."

---

[1] دانەر ئاماژە بە (حديث الشفاعة) دەکات کە لە فەرمووودە (متەواتر)ەکانە. بڕوانە سەرچاوەکانی: (الأزهار المتناثرة/ ل ٣٠٣)ی سیووتی، (لفظ اللآلي المتنأرة / ل ٥٧)ي (الزبيدي)، (نظم المتناثر/ ل ٢٤٥)ي (الكتاني).

[2] بوخاری (٣٤١٠، ٥٧٠٥، ٥٧٥٢، ٦٤٧١، ٦٥٤١)، موسلیم (٢٦٥٢).

هەروەها لە فەرموودەی باسی «ئیسراء و میعراج»دا هاتووە کە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ئاسمانی شەشەم، یان حەوتەم [ڕیوایەتەکان جیاوازن] سەییدنا مووسای (سەلامی خوای لەسەر بێت) بینی کە وەسفی دەکات، دەفەرموێت: **(وذلك بتَفْضِيلِهِ بكلامِ الله)**.(١)

واتە: "ئەوەش [کە لەو پلە و مەنزیلەیەیە] بە هۆی ئەوەوەیە کە خوای گەورە بە دواندنی وەلیدا، کردبووی بە خاوەن فەزڵ و پلە و مەنزیلەی تایبەت.

ئەگەر ئەم دوان و دواندنەی کە لەگەڵ سەییدنا مووسادا (سەلامی خوای لەسەر بێت) ڕووی داوە، هەر وەکوو وەحی هاتنەکە بوایە بۆ پێغەمبەرەکانی تر (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، ئەم فەرموودانە، هیچ مانایەکیان نەدەبوو! ئەو کاتەش نازناوی سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) نەدەبوو بە (کلیم الرحمن).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿۞وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولٗا فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ﴾ (الشورى: ٥١).

واتە: "نامومکین بوو خوای گەورە لەگەڵ مرۆڤدا بدوێت، مەگەر وەحی بووبێت، یان لە پشت پەردەوە، یان نێردراوێک بنێرێت بۆ لای کە هەرچی خوای گەورە حەز بکات پێی دەگەیەنێت."

خوای گەورە جیاوازیی خستووەتە نێوان «دوان و دواندن بە وەحی بۆ ناردن» و «دوان و دواندن بە ناردنی نێردراو» و «دوان و دواندن لە پشت پەردە»وە.

(١) فەرموودەی ئیسرا و میعراجیش (متەواتر)ـە، هەر بەو لەفزەی سەرەوە لە شەریکی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئەبی نەمر «شريك بن عبدالله بن ابي نمر» لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە، لای بوخاری (٧٥١٧)ـە و لای موسلیم (١/ ١٤٨)ـە، دەقەکەشیان بریتییە لە: [وذلك بتفضيلِ كلام الله].

**.ئاستی دووەم: وەحیی تایبەت بە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت):**

خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿إِنَّآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ كَمَآ أَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰ نُوحٖ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ مِنۢ بَعۡدِهِۦۚ﴾ (النساء: ١٦٣).

واتە: "ئێمە وەحیمان بۆ جەنابت ناردووە هەر وەک چۆن وەحیمان بۆ (نووح) و پێغەمبەرەکـانی دوای ئەو نـارد." هەروەهـا دەفەرموێـت: ﴿۞وَمَا كَانَ لِبَشَرٍ أَن يُكَلِّمَهُ ٱللَّهُ إِلَّا وَحۡيًا أَوۡ مِن وَرَآيِٕ حِجَابٍ أَوۡ يُرۡسِلَ رَسُولٗا فَيُوحِيَ بِإِذۡنِهِۦ مَا يَشَآءُۚ﴾ (الشوری: ٥١).[لە ئاستی یەکەمدا مانا کراوە].

خـوای گەورە لەم ئـایەتەدا وەحیـی بە جۆرێـک لە جۆرەکـانی قسـەکردن داناوە، لە ئایەتی پێشوودا وەحییەکە دواندنی تایبەتە بە نێردراوەکانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت)  کە بەبێ هۆکار (واسطة)ی نێوان ڕوو دەدات، ڕاستەوخۆ و تایبەت بە جەنابیان (سەلامی خوایان لەسەر بێت).

وەحـی جـۆرێکە، یـان بەشـێکە لە دوان و دوانـدنی گشـتی کە بـریتییە لە: گەیاندنی مانا و مەبەست بە ڕێگای جیاواز.

وەحی لە پێناسەی زمانەوانیدا بریتییە لە: ئاگادارکردنەوەیەکی زۆر خێرای نهێنی. بە کردارەکەی دەوترێت: (وَحَی)، هەروەها (أوحی)، هەر وەکوو «ڕوئیە»ی شاعیر دەڵێت:

(وَحَـی لهـا القـرارَ فأسْـتقرَّتْ.. واتە: بڕیـارێکی بـۆ نـارد کە بسـرەوە، ئیـتر سرەوت). ئەوەش چەندین جۆرە کە دواتر باسیان دەکەین (ان شاء الله).

**. ئاستی سێیەم: ناردنی نێردراوی فریشتەیی بۆ لای نێردراوی بەشەری:**

فریشـتەیەک کە نێـردراوی خـوای گەورەیە و ئەو وەحیـیە خـواییەی پـێ سپێردراوە، دەهێنێت بۆ نێردراوێکی بەشەری.

ئەم سێ ئاسـتانەی بـاس کـران، تـایبەتن بە پێغەمـبەران (سـەلامی خوایـان لەسەر بێت)، بۆ کەسێ تر نین.

## . ئاستی چوارەم: خستنە دڵەوە (التَّحْديث):

ئەم ئاستە لە ئاستی وەحی کەمترە، لە ئاستی سەرڕاستان (الصديقون)یش خوارترە، سـەییدنا عـومەری کـوڕی خەتتـاب (خوا لێـی ڕازی بێـت) لەم ئاستەی چوارەمی هیدایەتدایە، هەر وەک چۆن پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە ئاستەکەی ناساند فەرمووی: **(إِنَّهُ كان في الأُمَمِ قبلَكُم مُحَدثون، فانْ يَكُن في هذهِ الأمَّةِ فَعُمَرَ بن الخطاب).**[1]

واتە: "لە ئوممەتـانی پـێش ئێـوەدا خەڵکانێـک هەبـوون کە خـوای گەورە زانیاریی دەخستە دڵیانەوە، ئەگەر لەم ئوممەتەشدا هەبێت (یان هەبوایە)، ئەوە عومەری کوڕی خەتتاب دەبوو."

گـوێم لـێ بـوو شـێخی ئیسـلام، ئیبنـو تەیمیـیە (ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت) دەیفەرموو: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەو فەرموودەیەدا تەئکیدی لەوە کردەوە کە لە ئوممەتانی پێش ئێمەدا هەبوون، بەڵام هەبوونیـانی لە ڕیـزی ئوممەتی خۆماندا بەستەوە بە (إنْ)ی مەرجێتییەوە.

ئەگەرچـی ئـوممەتی ئـێمە چـاکترینی ئوممەتـانە، بەڵام ئەو کەسـانەی تێـدا دەگمەن بووە، ئوممەتانی پێشوو پێویستیان بە بوونیان هەبووە لە ڕیزی خۆیاندا،

---

[1] بوخـاری (٣٤٦٩، ٣٦٨٩)، موسـلیم (٢٣٩٨) لە ڕیـوایەتی موسـلیمدا هـاتووە: (المحـدِّثون: الملهمون)ە.

بەڵام ئەم ئوممەتە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پەیامەکەی کاملە، خوای گەورە ئەم ئوممەتەی موحتاجی کەسانی وا نەکردووە کە خوای گەورە ئاوا زانیاریی پێ دابن و ڕاستەوخۆ خستبێتییە دڵیانەوەی.

(المحدِّث): ئەو کەسەیە نهێنی و ڕاستەوخۆ، دڵ و هزر و زەینی دەدوێنرێت و زانیاریی دەدرێتێ، دوای ئەوەی ڕووداوەکان دەبینێت کە بەو چۆنێتییە ڕوویان داوە کە خراوەتە دڵ و هزر و زەینییەوە."

شێخمان [مەبەست لە ئیمامی ئیبنو تەیمیەیە] دەیفەرموو: "سەرڕاست (صدیق) لە «موحەددیس» کاملترە، چونکە بە تەواوێتی صددیقییەتییەکەی و شوێنکەوتنی بێ چەند و چوونی پێغەمبەرەکەی (سەلامی خوای لەسەر بێت)، ئاستەکانی «موحەددیسێتی» و «ئیلهام» و «کەشف»ی بڕیوە.

موحەددیس دڵ و هزر و زەین و هەست و هۆش و پەنهان و ئاشکرای خۆی تەسلیم بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردووە، بەوەش پێویستی بەوە نەماوە دڵ و هزر و زەینی ئاوا بدوێنرێت (خوا لێی ڕازی بێت)."

هەروەها دەیفەرموو: "ئەم موحەددیسەی ئوممەت [مەبەستی سەییدنا عومەری کوڕی خەتتابە] هەرچییەکی دەخرایە دڵ و هزر و زەینەوە، یەکسەر دەیهێنایە پێش پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەگەر جەنابی تەصدیقی بکردایە سەییدنا عومەر وەری دەگرت و کاری لەسەر دەکرد، دەنا ڕەتی دەکردەوە، بەوەشدا دەزانرێت کە ئاستی «تەحدیس» لە ئاستی «صددیقی» کەمترە."

دەیفەرموو: "بەڵام ئەوانەی لە خەیاڵاتی نەفامیدان و دەڵێن: (حَدَّثَني قلبي عن ربيِّ).

واتە: دڵم لە خوای گەورەوە بۆی گێڕامەوە. ڕاستە! دڵی بۆی گێڕاوەتەوە، بەڵام لە کێوە و چیی بۆ گێڕاوەتەوە؟

لە شەیتانەوە بووە، یان لە خوای پەروەردگارەوە؟

ئەگەر وتی: (حَدَّثني قلبي عن ربي) و بە فەرموودەیەکی سەنەد سەحیح و پەیوەست تەصدیق نەکرا، ئەوە درۆیە، چونکە سەییدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) کە موحەددیسی ئوممەتە، قەت وای نەفەرمووە، هەرگیزا و هەرگیز ڕۆژێک بە دەمیدا نەهاتووە [بفەرمووێت: حدثني قلبي عن ربي] خوای گەورە پاراستوویەتی لە کردنی قسەی وا.

جارێک نووسەرەکەی سەییدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) لە نامەیەکیدا نووسیی: (ئەمە ئەوەیە کە خوای گەورە خستوویەتییە دڵ و هزری ئەمیری موسوڵمانانەوە)، عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) وتی: ئەگەر ڕاست دەرچوو ئەوە دیارە کە لە خوای گەورەوەیە، ئەگەر هەڵەبوو، ئەوە دیارە کە لە من و شەیتانەوەیە.

ئەمە دەربڕین و فەرمایشتی موحەددیسی ئوممەتەکەیە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شاهێدیی لەسەر «موحەددیس»ێتییەکەی داوە کە ئاوا دەفەرموێت [ئێ ئەمە لە کوێ و ئەوە لە کوێ کە:] دەبینیت کابرای ئیتتیحاد و حلول و ئیباحی و شەتتاح و گوێ لە مستی بێ شەرم[1] لاف و گەزاف لێ دەدات و دەڵێت: (حَدَّثني قلبي عن ربي)."

بڕوانە جیاوازیی نێوان فەرمایشتی سەییدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) و هەروەها دید و هەڵوێستی ئەو و قسەی پووچەڵی کابرای گومڕا، ئینجا ماف بدە بەو لایەنەی کە شایانێتی. نەکەی گەنیو و گەپیو بکەیت بە یەک.

---

[1] ئەو وشانە هەمووی هیی ئیمامی ئیبنو تەیمیەن کە ئیبنولقەییم لێوەی نەقڵ دەکات: (ترى الإتحادي والحلولي، والإباحي (بەرەڵڵا) والشَّطاح (قسە فڕێدەر) و السَّماعي (کە هەموو قسەیەک وەردەگرێت) مجاهر بالقحَة (کە بە ئاشکرا بێ ئەدەبی دەکات) والغجرية (بوختانکار) دەڵێت: (حدَّثني قلبي عن ربي).

**. ئاستی پێنجەم: ئاستی تێگەیاندن (الإفهام):**

خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَدَاوُۥدَ وَسُلَيۡمَٰنَ إِذۡ يَحۡكُمَانِ فِي ٱلۡحَرۡثِ إِذۡ نَفَشَتۡ فِيهِ غَنَمُ ٱلۡقَوۡمِ وَكُنَّا لِحُكۡمِهِمۡ شَٰهِدِينَ ٧٨ فَفَهَّمۡنَٰهَا سُلَيۡمَٰنَۚ وَكُلًّا ءَاتَيۡنَا حُكۡمٗا وَعِلۡمٗاۚ وَسَخَّرۡنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلۡجِبَالَ يُسَبِّحۡنَ وَٱلطَّيۡرَۚ وَكُنَّا فَٰعِلِينَ ٧٩﴾ (الأنبياء: ٧٨ – ٧٩).

واتە: "یـاد و باسـی ئەم دوو پێغەمـبەرە بەرێـزە: (داود و سـولەیمان) بـکە کە خـوای گەورە زانسـتی بەرفـراوان و دانـایی و پارسـەنگیی پـێ بەخشـیبوون، تـا حـوکمی خەڵکـی بـکەن و ناکۆکییەکـانی نێوانیـان یەکلابـکەنەوە.. کاتێـک کە خـاوەن بێسـتانێک هـاتە خزمەتیـان و سـکاڵا (شـکات)ی لە خەڵکانێـک کـرد کە شـەو مەڕ و ماڵاتەکانیـان بەند نەکردوون و چوونەتە نـاو بێستانەکەی ئەوەوە و هەموو بەرهەمی بێستانەکەیان خواردووە.

(داود) فەرمــووی: دەبێـت مەڕ و مــاڵاتەکە بـدرێت بە خـاوەن بێســتانەکە، چونکە خاوەن مەڕ و ماڵاتەکە ئیهمال بووە، بەڵام (سولەیمان)ی کوڕی فەرمووی: خاوەن مەڕ و ماڵاتەکە، مەڕ و ماڵاتەکەی بداتە خاوەن بێستانەکە، تا سوود لە شیر و خوری و شـتی تریـان وەربگرێت، کـابرای خـاوەن بێسـتانیش بێسـتانەکە بدات بە خاوەن مەڕ و ماڵاتەکە؛ تا خزمەتی بکات و بیگەیەنێتەوە ئەو ئاستەی کە بەرهەمی دەبێت، هەر وەکوو حاڵەتی پێش خواردن و فەوتانەکەی. کاتێکیش کە ئـاوا پێگەیشـتەوە، هەر یەکەیـان ئەوەی وەری گرتـووە دەیـداتەوە بە خـاوەنە ئەسڵەکەی و ئەوەی خۆی وەردەگرێتەوە."

خوای گەورە دەفەرموێت: "ئێمە حازر و نازری داوەریکردنەکەیان بووین." دەفەرموێـت: "ئـێمە کێشـە و چارەسـەر و حوکمەکەمـان لە «سـولەیمان» گەیانـد، حاڵیمان کرد لێی، ئێمە دانایی و زانستمان بە هەردووکیان بەخشیبوو.

- لە سەییدنا عەلی کوڕی ئەبو تالیبیان (خوا لێی ڕازی بێت) پرسی: (هَلْ خَصَّكُم رسول الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) بشيءٍ دونَ الناس؟ فقال: لا، **والذي فَلَقَ الحَبَّةَ، وبَرَأَ النَّسَمَةَ، ما أعْلَمُهُ إلَّا فَهْمًا يُؤتيهِ اللَّهُ عبداً في كتابه وما في هذه الصَّحِيفَة، وكان فيها العَقْلُ، وهو الدِّيات، وفَكَاكُ الأسِيرِ، وأَنْ لا يُقْتَلَ مُسْلِمٌ بكَافِرٍ)**.[١]

**واتە:** "ئایا پێغەمبەری خوا ڕاسپاردەیەکی تایبەت بە ئێوەی داوە پێتان کە بە خەڵکی تر نەدرابێت؟

فەرمووی: نەخێر، بەو خوایەی دانە تۆوێکی پێگەیاندووە و ڕۆحێکی سازاندووە [هیچی تایبەتمان نەدراوەتێ]، جگە لە تێگەیشتنێک لە کتێبەکەی خوای گەورە کە دەیبەخشێت بە هەر عەبدێکی خۆی حەز بکات بیداتێ، ئا ئەم لاپەڕەیەشمان هەیە کە باسی حەقی خوێن سەندنەوەی کوشتن (قەتڵ) و ئازاکردنی دیلی تێدایە؛ هەروەها کە نابێت موسوڵمانێک بە کافرێک بکوژرێتەوە."

- لە نامەکەی سەییدنا عومەری کوڕی خەتتابیشدا (خوا لێی ڕازی بێت) کە بۆ ئەبو مووسای ئەشعەریی (خوا لێی ڕازی بێت) نارد، تێیدا نووسیبووی: (والفهم الفهم فيما أُدليَ إليكَ).[٢]

واتە: "هۆشت لە پاش تێگەیشتن بێت لەوەی بۆت باسی دەکەن."

تێگەیشتن یەکێکە لەو نیعمەتانەی کە خوای گەورە بە عەبدی بەخشیوە، نوورێکە خوا دەیهاوێتە دڵ و هزری عەبدەوە. بە تێگەیشتنی ڕاست و دروستی، خوای پەروەردگار دەناسێت، بە تێگەیشتن دەرک بە شتگەلێک دەکرێت کە بەبێ ئەو، مەحاڵە دەرکیان پێ بکەین.

---

[١] بوخاری (١١١).

[٢] بەیهەقی (١٠ / ١٥٠)، دارەقوتنی (٤/ ٢٠٦).

دەبینیت دوو کەس حافزقورئانن [و عەرەبی دەزانن]، بەڵام لە تێگەیشتنی دەقی ئایەتێکدا زۆر جیاوازن، یەکێکیان زۆتر لە واتاکانی دەقەکە حاڵی بووە و زانیاری و ئاراستەی زیاتری لێ وەرگرتووە وەک لەوی تریان.

تێگەیشتنی فەرمایشتی خوای گەورە و فەرموودەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، نیشانەیەکی «صددیقێتی»یە، بەڵگەیەکی سەرڕاستانەی شوێنکەوتەیی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). ئاست و پلەی زانایان لەمەدا لێک جیاوازە، تەنانەت وتراوە کە: دەکرێت فەرقی نێوان زانایەک و زانایەکی تر، یەک بە هەزار بێت.

دەشێت هەزار زانا ئینجا بە هێندەی زانایەکی تریان بزانن. سەرنج بدەرە تێگەیشتنەکەی ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) کە لەنێوان زانا پیرەکانی ئەهلی «بەدر»دا بوو، پرسیاری مەبەستی سورەتی: ﴿اذا جاء نصرُ الله والفتح﴾یان لێ کرا، فەرمووی: (أنّها نعيُ الله سبحانَهُ نبيَّهُ الى نَفْسهِ).

واتە: "ئەوە پرسەکردنی خوای گەورەیە لە پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە کۆچی دوایی دەکات."

ئێ ئەمە تێگەیشتنێکی تایبەت بەئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) بوو کە زانیی هاتنە خوارەوەی ئەم سورەتە، نیشانەی نزیکبوونەوەی ئاکام (ئەجەل)ی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). سەییدنا عومەریش (خوا لێی ڕازی بێت) لایەنی گرت و فەرمووی: "منیش هەر وا لێی حاڵی بووم."[1]

دەبینیت مەبەستی سورەتەکە لەو زانا بەتەمەنانەی غەزای «بەدر» شاراوە بوو، کەچی ئیبنو عەبباس (خوا لێیان ڕازی بێت) زانیی، هەرچەندە تەمەنی زۆر لەو یاوەرە پیرانە کەمتر بوو. ئەگەر ئەم تێگەیشتنە تایبەتە نەبێت، کێ هۆشی بۆ ئەوە دەچێت کە ئەم سورەتە نیشانەی نزیکبوونەوەی ئەجەلی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟

---

[1] باسی ئەم ڕووداوە بە تەفسیلتر وا لە بوخاری (٨/ ٧٣٥) دا.

لووتکەی تێگەیشتنە حەقیقییەکەی مەبەست، لەوێوەیە کە کەسەکە بەبێ بەڵگە و نیشانە و شەرحی پێشتر، یەکسەر لە دەقەکە تێ دەگات و دەزانێت مەبەست لێی چییە، لەم لووتکەوە ئاست و پلەی بەرەو خوارتر دەست پێ دەکات، تا دەگاتە ئەو کەسەی کە بەبێ بەڵگە و نموونە و شەرح هیچ لە دەقەکەی بەردەستی تێ نەگات.

## .ئاستی شەشەم: زانینی حەق و هەڵاوێردنی:

ئەم ئاستە پلەی زانینی حەقە، زانینی بەڵگە و نیشانەکانی و جیاکردنەوەیەتی لە باتڵ، تا دەگاتە ئەو دڵنیایی (یەقین)ـەی کە لە دڵ و هزر و زەیندا دەبێتە حەقیقەتێکی ئەوتۆ و وەکوو ئەوەی لێ دێت کە بە چاو دەیبینێت.

ئەم ئاستە، هەنجەتی خوای گەورەیە لەسەر خەڵکی کە پێش گەیشتنە ئەم ئاستەی زانین و تێگەیشتن و ناسینەوەی نیشانەکانی حەق، خوای گەورە سزای کەس نادات [لەسەر وەرنەگرتنی دینەکە، یان حوکمە شەرعییەکە]، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَا كَانَ ٱللَّهُ لِيُضِلَّ قَوۡمَۢا بَعۡدَ إِذۡ هَدَىٰهُمۡ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ﴿١١٥﴾﴾ (التوبة: ١١٥). واتە: "مومکین نەبووە کە خوای گەورە کەسانێک، دوای ئەوەی کە هیدایەتی دابوون، گومڕا و سەرگەردان بکاتەوە، تا ئەوەندە حەق و باتڵی بۆ ڕوون نەکردبێتنەوە کە حەقی پێ بناسنەوە و بیگرنە بەر پێی."

ئەم گومڕابوون و سەرگەردانییە، سزای خوای گەورەیە بۆ ئەوانەی کە پێشتر خوای گەورە هیدایەتی دابوون و حەقیان بۆ ڕوون کرابووەوە، خوای گەورە خۆی حەقەکەی پێ ناساندبوون [بە بەڵگەی دیار و ئاسان و نیشانەی ئاشکرا و ڕاشکاو و بە زمانی خۆیان]، بەڵام ئەو حەقەیان لە خوای گەورەوە وەرنەگرت، زانییان وەحییەکە چییە و چی دەخوازێت؛ بەڵام کاریان پێ نەکرد، دینەکەیان ناسی و ئیهمالیان کرد!

ئیتر خوای گەورەش بە گومڕا و سەرگەردانکردنیان سزای دان. خوای گەورە قەت کەسی گومڕا نەکردووە، ئیللا دوای ناردنی حەق بووە بۆی، دوای ناساندن و ڕوونکردنەوەی بووە بۆی [تا بەرپرسیارێتیی گومڕایی و بەرەڵڵاییەکەی خۆی بکەوێتەوە سەرشانی خۆی و سبەینێ نەڵێت: خوایە تۆ هیدایەتت نەداوم].

ئەگەر ئەوەت زانی و باش لێی تێ گەیشتیت، ئەوە حەتمەن پەییت بە نهێنیی قەدەر بردووە و گومانی زۆرت لا ڕەویتەوە و ڕاڕایی و دوودڵیت کەم بووەتەوە، یان هەر نەتماوە، دەرکت بەوە کردووە کە دانایی و دادی خوایی کامەیە و چۆن لە گومڕایی و سەرگەردانی ئەو کەسانەدا دەردەکەوێت کە حەقیان ون کردووە و ڕێی ناحەقییان گرتووەتە بەر.

قورئانی پیرۆز لە زۆر شوێندا ئەوەی بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە باس کردووە، وەکوو دەفەرموێت: ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ﴾ (الصف: ٥).

واتە: "کە ئەوان لە حەق لایان دا، خوای گەورەش بەوە سزای دان کە ڕێی هیدایەت وەرگرتنەوەی لێ گرتن." هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقَوۡلِهِمۡ قُلُوبُنَا غُلۡفُۢۚ بَلۡ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَيۡهَا بِكُفۡرِهِمۡ﴾ (النساء: ١٥٥).

واتە: "هەروەها ئەو قسەیان کە دەیانوت: دڵ و هزر و هۆشمان قەپات بوون، هیچ وەرناگرن.. نا، ئەوە خوای گەورە مۆری قەپاتبوونی لێ داون، چونکە سوور بوون لەسەر دید و ڕێی کوفرینیان."

کوفری ئەمانە دوانە:

یەکەمیان: کوفری کەللە ڕەقی و سەرسەختی و عینادییانە کە نایانەوێت دینەکە وەربگرن.

دووەمیان: کوفری سروشت و تەبیعەتی خۆیان. خوای گەورە بە هیدایەتنەدانیان سزای دان. ئەمانە هەرچەندە حەق لایان ڕۆشن بوو، بەڵگە و

نیشـانەکانی حەقناسـین ئاشـکرا و ڕاشـکاو لەبەردەسـتیاندا بـوو، بەڵام وەریـان نەگرت، ئینجا بەتەوسەوە بۆ گاڵتەپێکردن دەیانوت دڵ و هزر و زەینمان قەپات بووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە سزا خواییەکەیە کە ڕێگای هیدایەت وەرگرتنی لێ گرتـوون و لێیـان گەڕاوە گـومڕا بـبن، وەکـوو دەفەرمویـێت: ﴿وَنُقَلِّبُ أَفْـِٔدَتَهُمْ وَأَبْصَٰرَهُمْ كَمَا لَمْ يُؤْمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَنَذَرُهُمْ فِى طُغْيَٰنِهِمْ يَعْمَهُونَ ﴿١١٠﴾﴾ (الأنعام: ١١٠).

واتە: "لەبەر ئەوەی کە یەکەمین جار باوەڕیان بە دینەکە نەهێنا، ئێمەش دڵ و هـزر و دیـد و تێـڕوانینمان لـێ گـرتنەوە، بـۆیە نەکەوتـنە سـەر دیـد و ڕێـی باوەڕهێنـان، ڕێـی ڕاسـتیان ئـاوا لـێ بـزر بـووە؛ ئـێمەش وەلیـان دەکەیـن، تـا لە گومڕایی و بەرەڵڵاییاندا بخولێنەوە. سزای دان بە وەلکردنی باوەڕهێنان، چونکە زانییـان حەق کـامەیە، بەڵام لایـان نەکرد بە لایەوە، خـوای گەورەش ڕێگاکـانی هیدایەتی لێ گرتن و لێگەڕا نوقمی گومڕایی ببن.

وردەکارانە سەرنج بدەرە ئەم هەڵوێست و حاڵەتە. ئەوە شتێکی کاریگەرە، خـوای گەورە دەفەرمویـێت: ﴿وَأَمَّا ثَمُودُ فَهَدَيْنَٰهُمْ فَٱسْتَحَبُّواْ ٱلْعَمَىٰ عَلَى ٱلْهُدَىٰ﴾ (فصلت: ١٧).

واتە: "بەڵام «سـەموود» [کە هـۆزێکی گەورە بـوون لە نـاوچەی «حیجـر» لە باشـووری نیـوە دوورگەی عەرەبسـتان] کە هیـدایەتمان دان و حەقـمان بـۆ ڕوون کردنەوە [لەڕێی سەییدنا ساڵحی پێغەمبەریانەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت)]، بەڵام ئەوان کوێرییان پێ چاکتر بوو، وەک لە وەرگرتنی وەحیی خوایی."

ئەم هیدایەتدانە ڕوونکردنەوەی حەقەکەیە، ڕێنیشاندانە بۆ زانینی نیشانە و بەڵگەکانی پێغەمبەرێتی. خوای گەورە لە میهرەبانی و دادپەروەریی خۆیەوە ڕاشکاو و ڕۆشن و ئاشکرا دەیخاتە بەردەستی بانگهێشتکراوان، تا وەری بگرن، تا ئێرە هەر بەیانکردنی وەحییەکەیە.

ئەگەر وەریانگرت و هاتنە سەر دید و ڕێی وەحی، ئیتر خوای گەورە قۆناغی دووەمی هیدایەتدانیان پێ دەبەخشێت کە بریتییە لە:(هُدی التوفیق والإلهام).

واتە: "هیدایەتدان و ڕێنمایی پابەندی و سەرکەوتن لە وەرگرتنی دین و بڕینی ئاستی دینداری."

ئەم یەکەمین جۆر و قۆناغی هیدایەتدانەش کە (هدی البیان والدلالة)یە، دوو جۆرە:

١. ڕوونکردنەوەیەک لە «ئایەت»ە خوێنراو و بیستراوەکانە.

٢. ڕوونکردنەوەکەی تر بە دیتن و سەرنجدان و لێکۆڵینەوەیە لە «ئایەت»ە دیتراوەکان، لە بەڵگە و نیشانەکانی تەوحید لە بوونەوەردا کە هەموو کەسێک هەندێکیان دەبینێت و هەست بە هەندێکی تریان دەکات [وەکوو: بوونی ئاسمانەکان و ژیان و مردن و... هتد].

هەر دوو جۆرەکەی هیدایەتدانی: (البیان والدلالة) کە نیشانەکانی ڕێی هیدایەتن بەرەو تەوحید، بەرەو دڵنیابوون لە بوون و تاکێتیی خوای کردگار و لە سیفاتە کامڵەکانی بەڵگەی ڕاستگۆیی پێغەمبەرە بەڕێزەکانین (سەلامی خوایان لەسەر بێت) کە هەر چییەکیان فەرمووە لە وەحیی خوای گەورەوە بووە و بووەتە شاڕێی خواناسین و خواپەرستن.

لە بەر ئەوەیە کە خوای گەورە داوا لە عەبدەکانی دەکات وردەکارانە سەرنج بدەنە دیاردە بینراوەکانی گەردوون و ژیان کە هانیان دەدەن، تا بەدواداچوون و توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن، تا بەڵگە و نیشانەی هەر دوو ڕێگاکەی: (هِدایة البیان والدلالة) کە بیستنی وەحی و سەرنجدانی مەلەکووتی گەردوون و ژیانە، بگەنە خواناسی و دینداری.

خوای گەورە پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بۆ ئەم

ڕوونکردنەوەیە ناردووە، هانی بیستن و وەحی و سەرنجدانی گەردوون و ژیانی، کردبووە ئەرکی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و زانایانیش دوای جەنابیان. ئیتر خوای گەورە بیەوێت هەر کەسێک گومڕا بکات، دەیکات.

خـــوای گەورە دەفەرموێـــت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا بِلِسَانِ قَوۡمِهِۦ لِيُبَيِّنَ لَهُمۡۖ فَيُضِلُّ ٱللَّهُ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٤﴾ (إبراهيم: ٤).

واتە: "هەر پێغەمــبەرێکمان ناردبێــت، هەر لە قەومەکەی خــۆی بــووە و بە زمانی ئەوان دواوە، تا هەموو شتێکیان بۆ ڕوون بکاتەوە، دوای ئەوە ئیتر خوای گەورە هەر کەسێکی بوێت گومڕا ببێت؛ گومڕای دەکات و هەر کەسێکیشی بوێت دید و ڕێی ڕاست بگرێتە بەر، هیدایەتی دەدات. خوای گەورە بە دەسەڵات و دانایە."

## .ئاستی حەوتەم: ڕوونکردنەوەی تایبەتی حەق:

ڕوونکردنەوەیەکی تایبەتە بۆ هیدایەتدانێک، بە تایبەتی ڕوونکردنەوەیەکە سێ سیفەتی تێدایە: «بایەخدانی خوایی»، «ڕێنیشاندان و پابەندی» و «هەڵبژاردن و بۆ خوا ساغبوونەوە».

ئەم هیدایەتدانە هیچ دوودڵی و ڕاڕایی و گومانێک لە دڵدا ناهێڵێت و هەموو ڕەفتارێکی دڵ و هزر و هۆش تەرخان دەبێت بۆ خواناسین و خواپەرستن و سیما و جەوهەری دینداری.

خوای گەورە لە باسی ئەم ئاستەی هیدایەتدا دەفەرموێت: ﴿إِن تَحۡرِصۡ عَلَىٰ هُدَىٰهُمۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَن يُضِلُّ﴾ (النحل: ٣٧).

واتە: "هەرچەندە جەنابت سووریت لەسەر هیدایەتدانیان (یان سوور بیت

لەسەر هیدایەتدانیان) خوای گەورە هیدایەتی کەسانێک نادات کە خۆیان دوای زانینی حەق و ئاسانیی وەرگرتنی، گومڕا بوون."

هەروەهـا دەفەرموێـت: ﴿إِنَّكَ لَا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهْدِي مَن يَشَآءُ﴾ (القصص: ٥٦).

واتە: "جەنابت ناتوانیت هیدایەتی ئەو کەسە بدەیت کە حەز بە هیدایەتدانی دەکەیت، بەڵام خوای گەورە هەر کەسێکی بوێت هیدایەتی دەدات."

### . ئاستی هەشتەم: بە دڵ بیستن:

خـوا گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَلَوْ عَلِمَ ٱللَّهُ فِيهِمْ خَيْرًا لَّأَسْمَعَهُمْ ۖ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّوا۟ وَّهُم مُّعْرِضُونَ ﴿٢٣﴾﴾ (الأنفال: ٢٣).

واتە: "ئەگەر خـوای گەورە بیزانیـایە کە خێریـان تێـدایە [موسـوڵمان دەبـن]، ئەوەی کە بە گوێ دەیانبیست بۆی دەگەیاندنە دڵیان و هزر و هۆشیانی پێ هان دەدا بۆ هیدایەتدانیان، بەڵام ئەگەر وایشی لێ بکردنایە هەر پشتیان هەڵدەکرد و گوێیان بە پێغەمبەرێتی و پەیامی وەحی نەدەدا."

هەروەهـــا دەفەرموێـــت: ﴿وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَعْمَىٰ وَٱلْبَصِيرُ ﴿١٩﴾ وَلَا ٱلظُّلُمَٰتُ وَلَا ٱلنُّورُ ﴿٢٠﴾ وَلَا ٱلظِّلُّ وَلَا ٱلْحَرُورُ ﴿٢١﴾ وَمَا يَسْتَوِى ٱلْأَحْيَآءُ وَلَا ٱلْأَمْوَٰتُ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُسْمِعُ مَن يَشَآءُ ۖ وَمَآ أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِى ٱلْقُبُورِ ﴿٢٢﴾ إِنْ أَنتَ إِلَّا نَذِيرٌ ﴿٢٣﴾﴾ (فـــــاطر: ١٩ - ٢٣).

واتە: "کـوێر و چاوسـاغ لە یەک ئاسـتدا نـین [واتە: کـافر و موسـوڵمان وەک یەک نـین]، هەر وەک چۆن تاریکییەکان وەکوو ڕووناکیی نـوور نـابن [دید و ڕێگاکانی باتڵ وەکوو دید و ڕێبازە ڕاستەکەی خوای گەورە نابن].

هەروەها سایە و نسێ وەکوو قرچەی گەرمای نیوەڕۆ نین [واتە: پاداشت و سزای لای خوای گەورە وەکوو یەک نین]، زیندووەکانیش وەکوو مردووەکان نین [زانایانی شەرع و نەزانەکان وەکوو یەک نین، یان موسوڵمان و کافران]، خوای گەورە هیدایەتی ئەولیایانی خۆی دەدات کە هەرچی بە گوێچکەیان دەیبیستن یەکسەر لە دڵ و هزر و هۆشیاندا جێگیر دەبێت [واتە: دەبێتە مایەی گەشەو نەشونمای ئیمانیان].

جەنابت ناتوانیت نیشتەجێیانی گۆڕ ببیست بکەیت [هیدایەتی کافران بدەیت کە کوفر، دڵ و هزر و هۆشی پەک خستوون]، جەنابت هەر هۆشدەرێکیت و بەس [ڕوونکردنەوەی دینەکە و گەیاندنیت لەسەرە، نەک هیدایەتی ئەو خەڵکە، ئەوە بەدەست خوای گەورە خۆیەتی]."

ئەم [بیستاندنە][(١)] تایبەتترە لە بیستاندنی هەنجەت و بەڵگەی تەبلیغیی وەحییەکە، ئەویان بە خوێندنەوەی قورئان و ئاڵۆگۆڕی ڕاوبۆچوون و وەڵامی گومانەکان دێتە دی، بەڵام ئەمیان بیستاندنی دڵە نەک بیستاندنی گوێچکە [گوێچکە دەیبیستێت، بەڵام هیچ لە قسەکانی بەرانبەر ناچێتە دڵ و هزر و هۆشییەوە].

قسە، دەستەواژە و مانای (اللفظ والمعنى) هەیە کە دەچێتە دڵ و هزر و هۆشەوە و لە یاددا دەمێنێتەوە، لەفزەکە گوێچکە وەری دەگرێت، بەڵام حەقیقەتی ماناکەی و مەبەست لێی؛ ئەوە پشکی دڵ و هزر و هۆشە، دەنا خۆ پشکی گوێچکەی لە بیستنەکە باس کردووە کە بەڵێ ئەوان دەبیستن، بە مانای ئەوەی

(١) بێگومان زمانی عەرەبی ئاسان خۆی هاوشێوەی هەموو حاڵەتێکی لێوە دادەتاشرێت، هەمیشە وەرگێڕەکانی زمانی عەرەبی ئەو کێشەیەیان لە هەموو زمانێکدا دێتە ڕێ کە وشەی وا لە زمانەکانیاندا نادۆزنەوە کە تەرجەمەی وشە عەرەبییەکە بێت، وشەی (الأسماع) یەکێکە لەوانە و بە واتای (وا بکەیت ببیستێت) دێت؛ منیش بۆ ئەوەی ڕستەکە دووپات نەکەمەوە، ئەم وشەیەم داتاشی.

گوێیان لێیە و گوێ دەگرن [بەڵام چونکە وەحی لە لایان بێبایەخە، هیچی ناچێتە دڵ و هزر و هۆشیانەوە]، دەفەرموێت: ﴿مَا يَأْتِيهِم مِّن ذِكْرٍ مِّن رَّبِّهِم مُّحْدَثٍ إِلَّا اسْتَمَعُوهُ وَهُمْ يَلْعَبُونَ ۝٢ لَاهِيَةً قُلُوبُهُمْ﴾ (الأنبياء: ٢ – ٣).

واتە: "هەر ئایەتێکی نوێی قورئانیان لە خوای پەروەردگاریانەوە بۆ بێت، بایەخی پێ نادەن، گوێی لێ دەگرن و هەر خەریکی گەمەی خۆیشیانن، دڵ و هزر و هۆشیان بێئاگایە؛ چونکە بە یاری و مەزاقی خۆیانەوە مەشغوڵن. " ئەم بیستنە هیچ سوودێکی بۆ بیسەرەکەی نییە، سەرباری ئەوەش دەبێتە هەنجەتی قیامەت لەسەری، چونکە وەحییە و خراوەتە بەر دەستی، بەڵام ئەو یاری و مەزاقی خۆی لە لا بەسوودتر بوو!

بەڵام بیستنە بەسوودەکە کە داوا کراوە و بەرهەمی هەیە، ئەوە دەکەوێتە دڵ و هزر و هۆشی ئەو کەسانەوە کە دڵ و هزریان بۆ خواناسی تەرخان کردووە، نەک بۆ زەوق و شەوق و گەمە و مەزاق. بەڵام ئەوە دڵ بەتاڵ و هزرە زرکە تاڵەکانن گاڵتەیان بە هەمووی دێت، بۆیە دوای بیستنی وەحییەکە بە لاقرتێوە دەڵێن: ئەرێ ئەوە وتی چی؟!

وەک چۆن خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ حَتَّىٰ إِذَا خَرَجُوا مِنْ عِندِكَ قَالُوا لِلَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ مَاذَا قَالَ آنِفًا ۚ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ طَبَعَ اللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُمْ ۝١٦﴾ (محمد: ١٦).

واتە: "لەو کافرانە، دووڕووی وایان تێدایە دێنە خزمەتت و گوێت لێ دەگرن، بەڵام هەر بەوەندەی لای جەنابت ڕۆیشتن بە زانایانی یاوەران [وەکوو ئیبنو عەبباس و ئیبنو مەسعوود) و... هتد، (خوا لێیان ڕازی بێت)] دەڵێن: ئەرێ تۆزێک لەمەوپێش پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چیی فەرموو؟! باسی چیی کرد؟!

ئەوانە قوڕ بە دڵیاندا نراوە و ڕێی هیدایەتیان لێ گیراوە، بۆیە هەر وا شوێن هەوا و هەوەسیان دەکەون."

جیاوازیی نێوان ئەم ئاستەی هیدایەت و ئاستی تێگەیاندن ئەوەیە کە ئەم ئاستە بە هۆی گوێچکەوەیە، بەڵام ئاستی تێگەیاندنەکە گشتگیرترە، هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، هەر یەکەیان پەیوەندیی بە چۆنێتیی وەرگرتنی وەحییەکە و هۆکار و ئاماژە و پەیوەندیدارییەوە هەیە بە شتی ترەوە. ئاستی بیستاندن کە بە ئومێدی گەیشتنە دڵ و هزر و هۆش دەردەبڕدرێت، لەم بیستاندنەوە ئەو بیستنە ڕوو دەدات کە دەبێتە مایەی قەبووڵکردنی دینەکە.

کە وا بوو: سێ جۆر بیستن هەیە: بیستنی گوێچکە، بیستن دڵ و هزر و هۆش، بیستنی قەبووڵکردن و بەدەمەوەچوون.

## . ئاستی نۆیەم: ئاستی ئیلهام:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ۝٧ فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا ۝٨﴾ (الشمس: ٧ – ٨).

واتە: "سوێند بە نەفس و بەوەی سازاندوویەتی، خوای گەورە ئەم نەفسەی مرۆڤی ئاراستە کردووە و ڕێی نیشان داوە: ڕێی خراپەکاری و ڕێی تەقواکاری."

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە حوصەینی کوڕی موتەیری خوزاعیی[١] - کاتێک کە موسوڵمان بوو - فەرمووی: **(قُلِ اللهُمَّ أَلْهِمْنِي رُشْدِي وَقِنِي شَرَّ نفسي)**.[٢]

واتە: "ئەی خوای گەورە! هزر و ژیریم ئاراستەکە و لە خراپەی نەفسی خۆمم بپارێزە."

---

[١] لە کتێبی (الإصابة)دا ناوی «عوبەید»ـە و لە کتێبی (الاستیعاب)دا و لە هەندێک سەرچاوەی فەرموودەدا ناوی «عومەیر»ە.

[٢] ترمزی (٣٤٨٣)، تەبەرانی لە (المعجم الكبير ٨/ ١٧٤)، نەسائی لە (عمل اليوم والليلة/ ٩٩٣/ ٩٩٤) و ئیمامی ئیبنو ماجە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کتێبی (الإصابة ١/ ٣٣٨)دا دەفەرموێت: «سەحیح»ە.

خـاوەنی کتێبـی (المنـازل)، [کە ئیمامـی هـورەوییە] دەفەرمویـت: "ئاسـتی ئیلهـام، ئاسـتی ئەو تەقواکـارانەیە کە گەیشـتوونەتە ئاسـتی (المُحَـدِّثون)، ئەوە ئاستێکی سەروو ئاستی «فیراسە»یە.[١] لەم ئاستەدا خاوەن ئیلهام ئیلهامەکەی لەگەڵیدایە، کەی ویستی بەکاری دەهێنێت، بەڵام خاوەن فیراسەت وا نییە.

جاری وا هەیە بەربەستێک بەر بە کارکردنی فیراسەتەکەی دەگرێت، ئەوە جگە لەوەی کە ئیلهام خەڵاتێکی خواییە، بە ڕەنج و هەوڵدان دەست ناخرێت، بەڵام فیراسەت پەیوەستە بە ڕەنجدانی تەقواکارییەوە، تا تەقواکاریی بەهێز بێت، وردەکاری و پێکانی فیراسەت زۆرتر بەهێزتر دەبێت."

[ئیبنولقەییم دەفەرمویـت: دەڵـێم]: (التحـدیث: خسـتنە دڵەوە) تـایبەتترە لە ئیلهام، ئیلهام گشتییە و هەموو موسوڵمانێک بۆی هەیە و لەڕێیدایەتی بیگاتێ بەپێی پتەویی باوەڕ و هێزی دینداری و ئاستی تەقواکارییەکەی، تا خوای گەورە لەم ڕەنجانەیدا زیاتر سەرکەوتووی بکات، ئیلهامیشی پێ دەبەخشێت.

بەڵام (تەحدیث: خستنە دڵەوە) ئەوە ئیلهامێکی تایبەتە بە کەسێک. هەر وەک چۆن پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەربارەی سەییدنا عومەر (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: (إنْ يكنْ في هذه الأمة أحَدٌ فَعُمرْ). پێشتر مانامان کرد.

واتە: "ئەگەر کەسێک لەم ئوممەتەدا [لە ئاستی تەحدیسدا بێت] ئەوە عومەری کوڕی خەتتابە [واتە: ئەو یەکێکە لەوانەی لە ئوممەتەکەی مندا لەو ئاستەدان]."

تەحدیس ئیلهامێکی تایبەتە[٢]، وەحییەکە بۆ غەیری پێغەمبەران دێت لە

---

[١] ئیلهام، ئاراستەکردنی دڵ و هزر و هۆشە، فیراسەت، هێزی هەڵاوێردنی حەقە لە باتڵ. (والله أعلم).

[٢] ئاستی تەحدیث لە خستنە دڵەوە کە ئاراستەکردنی خاوەنەکەیەتی لەڕێی دڵییەوە باڵاترە لە ئیلهام کە هەر زانیاریی پێدانە ئەمیش هەر لەڕێی دڵەوە، ئەمیش باڵاترە لە فیراسەت کە بەرهەمی تەقواکارییە.

مرۆڤدا کە داوای بەجێهێنانی ئەرکێکە لێی، یان ئاراستەکردنێتی بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێک وەکوو: ئایەتی: ﴿وَأَوۡحَيۡنَآ إِلَىٰٓ أُمِّ مُوسَىٰٓ أَنۡ أَرۡضِعِيهِ﴾ (القصص: ٧).

واتە: "وەحیمان بۆ دایکی مووسا نارد کە شیری بدەرێ و بێخەم بە لێی."

هەروەها ئایەتی: ﴿وَإِذۡ أَوۡحَيۡتُ إِلَى ٱلۡحَوَارِيِّـۧنَ أَنۡ ءَامِنُواْ بِي وَبِرَسُولِي﴾ (المائدة: ١١١).

واتە: "کاتێک وەحیم نارد بۆ یاوەرانی عیسا کە باوەڕ بە من و نێردراوەکەم بهێنن."

ئەمانە جۆرێکی وەحین بۆ مرۆڤ هاتوون، بۆ غەیری مرۆڤیش، وەکوو: ﴿وَأَوۡحَىٰ رَبُّكَ إِلَى ٱلنَّحۡلِ أَنِ ٱتَّخِذِي مِنَ ٱلۡجِبَالِ بُيُوتٗا وَمِنَ ٱلشَّجَرِ وَمِمَّا يَعۡرِشُونَ ٦٨﴾ (النحل: ٦٨).

واتە: "خوای پەروەردگارت وەحیی بۆ هەنگ (مێش هەنگوین) نارد کە لە چیا و درەخت و لەناو ئەوانەی مرۆڤ بۆتان ساز دەکەن [لە پوورەی قوڕ و کلۆرە دار و تەختە و... هتد]، ماڵ دروست بکەن."

ئەم وەحییانە هەموویان ئیلهامن.

ئەم ئاستەی ئیلهام لە سەروو ئاستی فیراسەتەوەیە، چونکە ئیلهام جێگیر و نەگۆڕ و کارایە، بەڵام فیراسەت جاری وا هەیە لە خاوەنەکەی عاسی دەبێت و نایەتە ژێرباری!

ئیلهام و فیراسەت، هەردووکیان سیفەتی گشتی و سیفەتی تایبەتییان هەیە، سیفەتی تایبەتیی هەر یەکێکیان لە سیفەتی گشتیی ئەوی تریان باڵاترە، سیفەتی گشتیی هەر یەکێکیان زۆر ڕوو دەدات؛ بەڵام تایبەتمەندییەکانیان دەگمەنن.

جیاوازیی سەرەکیی نێوانیان ئەوەیە کە فیراسەت دەشێت بەرهەمی ڕەنجی دینداری بێت، لەو ڕێگەیەوە بەدەست دەهێنرێت، بەڵام ئیلهام خەڵاتی خواییە و کەس بە ڕەنجی دینداریتییانەی بەدەستی ناهێنێت. [بەڵام بێگومان ڕەنجی زۆری تەقواکاری دوای سەرڕاستیی دینداری و بۆ خوا لێبڕان، دەبنە مایەی ڕەزامەندیی خوای گەورە و لەم ڕێیەوە دەشێت، ئەگەری پێ بەخشینی بێت. الله أعلم].

## . ئاستی دەیەم: خەونی ڕاست:

خەونی ڕاست بەشێکە لە پێغەمبەرێتی، وەکوو لە فەرموودەی سەحیحدا هاتووە کە دەفەرموێت: **(الرؤيا الصادقةُ جُزء مِن ستَّةٍ وأربعين جُزءاً مِن النُّبوَّةِ).**[١]

واتە: "خەونی ڕاستی بە شێکە لە چل و شەش بەش لە پێغەمبەرێتی."

زۆر بۆچوون دەربارەی ئەم فەرمووده هەیە کە بۆچی خەونبینین ئەو تایبەتمەندییەی هەیە؟

هەندێک فەرموویانە: لەبەر ئەوەی پێش هاتنی وەحی، پێغەمبەر (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خەونی ڕاستی دەبینی، ماوەی شەش مانگ هەر وا بوو، ئینجا ماوەی بیست و سێ ساڵ [کە دەکاتە (٤٦) چل و شەش، شەش مانگی] لە حاڵەتی بێداریدا وەحیی بۆ هات. ڕێژەی خەونبینینەکە لەچاو وەحییەکەدا (١/ ٤٦)ە. ئەم شیکارە لێکدانەوەیەکی وردەکارانەی جوانە، بەڵام ڕیوایەتی تر هەیە کە دەفەرموێت: (إنَّها جزءٌ مِن سَبعينَ جُزءاً).[٢]

---

[١] بوخاری (٦٩٨٩) لە ئەبو سەعیدەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، ناونیشانەکەی لای بوخاری (الرؤيا الصادقة)یە. موسلیم (٢٢٦٤) لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، ئەم فەرموودەیە لە ریوایەتە (متەواتر)ـەکانە. بڕوانە (الأزهار المتناثرة (١٧٤/ ٦٤)، (لفظ اللآلي / المتناشرة (٢٤)، (نظم المتناثر ل /٢٢٩).

[٢] موسلیم (٢٢٦٥) لە ئیبنو عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێت).

واتە: "خەونی ڕاست بەشێکە لە حەفتا بەش لە پێغەمبەرێتی."

بۆ سازاندنی هەر دوو فەرموودەکە، زانایان فەرموویانە: ئەوە بەپێی حاڵەتی بینەری خەونەکەیە، خەونی پیاوچاکان (الصِّدِّيقون) بەشێکە لە چل بەشی پێغەمبەرێتی و خەونی موسوڵمانان بەگشتی بەشێکە لە حەفتا بەشی پێغەمبەرێتی (والله أعلم).[١]

خەونبینینەکە دەستپێکی وەحییە، ڕاستیی خەون دەکەوێتە سەر ڕاستگۆیی بینەرەکەی، ئەو کەسەی کە ڕاستگۆترینە، خەونەکەشی ڕاستە؛ بە تایبەتی لە کۆتایی زەماندا، هەر وەک چۆن پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی.[٢]

ئەوە لەبەر ئەوەیە کە، تا زەمان دێت خەڵکی لە پێغەمبەرێتی و ئاسەوارەکانی دوور دەکەونەوە، ئیتر خوای گەورە خەونی ڕاست بینین بۆ موسوڵمانان دەکاتە مژدە و قەرەبووکردنی دوورییەکەیان لە پێغەمبەرێتی و ئاسەوارەکانی.

بەڵام لە سەردەمانی وەحیدا زەروری نەبوو، چونکە یاوەران پێویستیان پێی نەبوو، هەموو لەژێر نووری وەحیدا دەژیان، ئیمانیان پتەوبوو؛ ڕۆژانەش بەهێزتر دەبوو. نەوەکانی دوای ئەوان کە ئیمانیان کز بوو، پێویستیان بە دیتنی کەرامات بوو، وەکوو ئیمامی ئەحمەد دەیفەرموو.

- عوبادەی کوڕی صامیت «عبادة بن الصامت» (خوا لێی ڕازی بێت) دەیفەرموو: (رؤيا المؤمِنِ كلامٌ يُكلِّمُ به الرَّبّ عَبْدَهُ في المنام).

---

[١] بڕوانە: (فتح الباري ١٢/ ٣٦٢. ٣٦٨) ڕاوبۆچوونی جوانی تێدایە.

[٢] دانەر ئاماژە بە ڕیوایەتەکەی ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەکات کە فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: **(إذا كانَ آخر الزمان، لَمْ تَكَدْ رؤيا المؤمِنِ تكذبُ، وأصْدَقُهُم رؤيا أصْدَقُهم حَديثاً)**. بوخاری (٧٠١٧)، موسلیم (٢٢٦٣).

واتە: "لە کۆتایی زەماندا، خەونی موسوڵمان درۆ دەرناچێت، ڕاسترین خەون ڕاستگۆترینیان دەیبینێت."

واتە: "خەونبینینــی موســوڵمان دوانــدنە و خــوای پەروەردگــار لە خەونــدا عەبدەکەی خۆی دەدوێنێت."

بۆیە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: **(لَمْ يَبْقَ مِن النُبوَّة إلا المُبَشِّرات، قِيلَ ومَا المُبَشِّرات يا رسول اللهِ؟ قال: الرؤيا الصَّالحة يراها المؤمنُ أو تُرى لَهُ).**[١]

واتە: "ئەوەی لە پێغەمبەرێتـی مـاوەتەوە هەر مژدەکـانە. عەرزیـان کـرد: ئەی پێغەمبەری خوا! مژدەکان چین؟!

فەرمــووی: بینینــی خەونــی ڕاســتە کە موســوڵمان دەیبینێــت، یــان نیشــانی دەدرێت."

ئەگەر وا سـازا کە چەنـد کەسـانێک یەک جۆر خەونیـان بینـی، ئەوە حەتمەن ڕاسـتە و بە درۆ نـاخرێتەوە، پێغەمـبەری خـوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) کە زانیـی یـاوەرانی لە خەونیانـدا شـەوی قەدر لە «دە» شـەوی کۆتـایی ڕەمەزانـدا بـووە، فەرمووی: **(أرى رؤياكُم قَدْ تواكأتْ في العَشْرِ الأواخر، فَمَنْ كانَ مِنكُم مُتَحرِّيها فَلْيَتحرَّها في العَشرِ الأواخِرِ من رمضان).**[٢]

واتە: "دەبینـم خەون دیتنەکانتـان کەوتـووەتە دە شـەوی کۆتـاییەوە. جا کە وا بوو: ئەوی منەی لەیلەتولقەدر دەکات (بۆی دەگەڕێت)، با لە دە شـەوی کۆتـایی ڕەمەزاندا منەی بکات."

- خەونبینـین وەکـوو «کەشـف»ـە، خەونـی وا هەیە، ڕەحمانیـیە و خەونـی وا هەیە نەفسانییە و خەونی وایش هەیە شەیتانییە. پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: **(الرؤيا ثلاثَةٌ: رؤيا مِن اللهِ، ورؤيا تَحزِين مِنَ الشيطان ورؤيا مما يُحَدِّثُ به الرجُلُ نَفْسَهُ في اليَقْظَة، فيراهُ في المنام).**[٣]

---

[١] بوخاری (٦٩٩٠) لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت).

[٢] بوخاری (٢٠١٥)، موسلیم (١٣٦٥) لە ئیبنو عومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بێت).

[٣] بوخاری (٧٠١٧)، موسلیم (٢٢٦٣) لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت).

واتە: "خەون سێ جۆرە: جۆرێکی لە خوای گەورەوەیە، جۆرێکی تری لە شەیتانەوەیە، جۆرەکەی تر ئەوەیە کە کابرا لە کاتی بێداریدا هەست و هۆشی بۆ شتێک دەچێت [مێشکی پێوەی مەشغوڵ دەبێت] دواتر لە خەونیدا دەیبینێت."

- ئەو جۆرەیان کە مایەی هیدایەتی خواییە، بێگومان ئەوەیانە کە لە خوای گەورەوەیە.

- بینینی خەون بۆ پێغەمبەران وەحییە، چونکە شەیتان لە جەنابیان (سەلامی خوایان لەسەر بێت) دوورە.

ئوممەت لەسەر ئەوە یەکدەنگە کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بێگوناهـ (مەعسووم)ن، بۆیە سەییدنا ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) کە خەونی بینی کوڕەکەی (سەییدنا ئیسماعیل - سەلامی خوای لێ بێت -) سەردەبڕێت، دوای بەخەبەرهاتنی، کەوتە دانانی نەخشەی جێبەجێکردنی خەونەکەی.

بەڵام خەونی غەیری پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، ئەوە دەخرێتە تەرازووی شەرعەوە، ئەگەر نووری وەحی بیگرێتەوە، ئەوە کاری پێ دەکرێت، ئەگینا کاری پێ ناکرێت.

ئەگەر بڵێین: ئەدی، ئەگەر خەونەکە ڕاست دەرچوو، یان چەند کەسێک وەکوو یەک بینییان؟

دەڵێین: کەی وا دەرچوو، ئەستەمە پێچەوانەی وەحی بێت، حەتمەن لەگەڵ وەحیدا یەک دەگرنەوە کە جەخت لە شتێکی دیاریکراوی دینەکە دەکاتەوە، یان هۆشداری دەدات کە حوکمێکی شەرع لە جێی خۆیدا بەکار نەهێنراوە؛ ئاوا خەونەکە دەبێتە مایەی ئاگادارکردنەوە.

. ئەوەی بە ئومێدە خەونی ڕاست ببینێت، با ڕاستگۆ بێت، با حەڵاڵخۆر بێت، با فەرمان بکات بە چاکە و بەرهەڵستی لە خراپە بکات، با بانگەوازەکە بکاتە

ئەرک و پیشـــەی خـۆی؛ بـا کە دەخەوێـت دەسـتنوێژی هەبێـت و ڕووەو قیـبلە بخەوێـت، بـا تـا ئەو کـاتەی خەوی لـێ دەکەوێـت، بە زیکـری خـوای گەورەوە مەشغوڵ ببێت. حەتمەن ئاوا ئەو خەونەی دەیبینێت خەونێکی ڕاست دەبێت، (إن شاء الله).

ـ ڕاسـتترین خەون، خەون و دیتنـی کـاتی سـپێدەی بەیانیـانە (پـێش کـاتی نوێژی بەیانی)، ئەوە کاتی هاتنە خوارەوەی خوای گەورەیە، کاتی نزیکبوونەوەی ڕەحـــمەت و لێبـــوردنی خـــوای میهرەبـــانە. کـــاتی خامۆشـــیی شـــەیتانەکانە، بە پێچەوانەی خەونبینینی کاتی نیوە شەو کە شەیتان و ڕۆحە شەیتانییەکان لەو کاتەدا بڵاودەبنەوە.

ــ فریشـــتەیەک بەرپرســـی خەونە، ئەوە، ئەوە کە خەونەکە بە عەبـــدەکە دەبینێـت، کـات و شـێواز و چۆنێتیی بینیـنەکەی؛ ئەو هەڵیـدەبژێرێت و سـازی دەکات، بەگوێرەی حاڵ و کەسەکان خەونیان نیشان دەدات.

ئیمامـی مالیـک (ڕەحمەتـی خـوای لـێ بێـت) دەیفەرمـوو: "بینینـی خەونـی شەرعییانە، وەکوو وەحییە."

ئیمامی مالیـک (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە لێکدانەوەی خەونـدا توندوتیژ بـوو کە کەسـێک خەونێکـی بەبـێ بەڵـگە [ی قورئـان و فەرمـوودە و ژیـانی یاوەران] لێک بدایەتەوە، تووڕە دەبوو، دەیفەرموو: "چما گاڵتە بە وەحیی خوای گەورە دەکەن؟!"

ـ باسی خەون و ئەحکامەکانی و ڕێگاکانی لێکدانەوەیان و... هتد، لێرەدا باس ناکرێن، بۆ ئەوەی لە باسەکەی خۆمان دوور نەکەوینەوە.

- ﴿ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾:

هەموو ئوممەت لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە (ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ) بریتییە لە: ڕێگای ڕاست کە پێچا و پێچ و هەڵدێر و هەڵدڕی تێدا نەبێت، لەوەوە ماناکە گوێزراوەتەوە بۆ دیدی ڕاست و ڕەوا و پێناسەی حەقی «خالق» و «مەخلووق».

بۆیە کە دەوترێت: ڕێگایەکی ڕاستت گرتووە، واتە: لەسەر حەقیت و ماف و ئەرکەکانی خۆت و خەڵکی تر دەزانیت و سنووریان دەپارێزیت. هەر وەک چۆن دەڵێین: «ڕێ/ ڕێگا»، دەشڵێین: «ڕێباز» واتە: زانینی ڕێگاکە و گرتنە بەری و پێدا ڕۆیشتنی [وەکوو ڕاستە شەقام، بەردەباز]، ئەگەرچی لەم سەردەمەدا وشەی «ڕێباز»، زیاتر بۆ دید و بیروباوەڕی فیکری و سیاسی بەکار دێت.

ـ (ٱلصِّرَٰطَ) بە (السِراط)یش دەخوێنرێتەوە، بەڵگەی لەسەر هەدووکیان هەیە:

- حاکمی نەیشاپووری لە (المُستَدرك)دا ڕیوایەتێک لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەهێنێت و بە سەحیحی دەناسێنێت، ئیمامی زەهەبییش لایەنی گرتووە، دەفەرموێت: **(أَنَّ رسولَ اللهِ - صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - قرأ إهدنا الصراط المستقيم.. بالصاد).**

واتە: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئایەتەکەی بە «صاد» خوێندەوە: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾."

- سەعیدی کوڕی مەنسوور و عەبدی کوڕی حومەید و ئیمامی بوخاری لە (التأريخ)دا لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە: **(قرأ الصِّراط بالسين)**، واتە: "وشەی (الصِراط)ەکەی بە (السِّراط) خوێندەوە."

. ئیبنو ئەبو حاتەم لە ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە دەیفەرموو: ﴿ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾. واتە: (ألهِمْنا دينَكَ الحقَّ).

واتە: "خوایە! دینە حەقەکەی خۆتمان پێ بناسێنە و هیدایەتمان بدە بۆ وەرگرتنی."

وەکیع و عەبدی کوڕی حومەید و ئیبنو جەریر و ئیبنولمونزیر و حاکم (کە بە سەحیحیان داناوە) لە جابری کوری عەبدوڵڵاوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: (هو دين الإسلام).

واتە: "مەبەست لێی لە: (ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ) دینی ئیسلامە، ئەوە بۆچوونی زۆر لە یاوەرانیشە."

ـ ئیمامی ئەحمەد و ترمزی و نەسائی و ئیبنو جەریر و ئیبنولمونزیر و ئەبو شەیخ و حاکم (کە بە سەحیحیان داناوە)، هەروەها (ئیبنو مەردەوەی و بەیهەقی) لە (شُعَب الإيمان)دا هەموویان لە نەواسی کوڕی نیعمان «النّواس بن النعمان»ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: **(ضربَ اللهُ مثلاً صراطًا مستقيمًا، وعلى جنْبَتَي الصراطِ سورانِ، فيهما أبوابٌ مُفَتَّحَةٌ، وعلى الأبواب ستورٌ مُرْخَاةٌ، وعلى باب الصراطِ داعٍ يقولُ: يا أيُّها الناسُ! ادخلوا الصراطَ جميعًا ولا تتفرَّقوا، وداعٍ يدعُو مِنْ فَوْقِ الصراطِ، فإذا أرادَ الإنسانُ أنْ يفتحَ شيئًا مِنْ تِلْكَ الأبْوابِ قال: وَيْحَكَ لا تَفْتَحْهُ، فإنَّكَ إنْ تَفْتَحْهُ تَلِجْهُ، فالصراطُ الإسلامُ، والسُّورانِ حدودُ اللهِ، والأبوابُ الْمُفَتَّحَةُ محارمُ اللهِ تعالى، وذلكَ الدَّاعِي على رأسِ الصراطِ كتابُ اللهِ، والداعي مِنْ فوقٍ: واعظُ اللهِ تعالى في قَلْبِ كُلِّ مسلمٍ).**[1]

**واتە:** "خوای گەورە ڕێبازە ڕاستەکەی بە نموونەیەک هێناوەتەوە: ڕاستەڕێیەک هەیە، دوو دیوار بە کەناریدا دەڕۆن کە دەرگای کراوەیان پێوەیە،

---

[1] ئیبنو کەثیر دوای تەخریجی ڕیوایەتەکە نوسیوێتی: (إسنادُهُ حَسَنٌ صحيح).

بەسەر هەر دەرگایەکیانەوە پەردە هەیە کە شۆڕ بووەتەوە تا خوارێ، لەسەر هەر دەرگایەک کەسێک هەیە؛ بانگی خەڵک دەکات و دەڵێت: هۆ خەڵکینە! هەمووتان بەسەر ڕاستیی ڕێگاکەدا بڕۆن، پەرتەوازە نەبن (تەفرەقەتان تێ نەکەوێت).

داعییەکیش وا لەسەر ڕاستە ڕێگاکە و خەڵکەکە بانگ دەکات، ئەگەر کەسێک ویستی یەکێک لەو دەرگایانە بکاتەوە کە پەردەیان پێوەیە، داعییەکە هاواری لێ دەکات کە نەکەیت! نەیکەیتەوە.. بیکەیتەوە حەتمەن دەچیتە ژوورەوە..

ڕێبازە ڕاستەکە: ئیسلامە. دیوارەکان: سنووری حەڵاڵ و حەرامن کە خوای گەورە دیاریی کردوون. دەرگا کراوەکان: قەدەغەکراوەکانی خوای گەورەن. ئەو داعییەی کە لەسەر ڕێگاکەیە و هاوار لە خەڵکەکە دەکات: قورئانە. ئەوەی لەسەرەوە هاوار لە هەموان دەکات: ئامۆژگاریی خوای گەورەیە، تەقوایە کە لە دڵی هەموو موسوڵمانێکدا هەیە."

- (وەکیع و عەبدی کوڕی حومەید و ئیبنولمونزیر و ئەبوبەکری ئەنیاری و حاکم و بەیهەقی) لە (شُعَبُ الإيمان)دا لە ئیبنو مەسعوودەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: "(ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ)، قورئانە."[1]

- (عەبدی کوڕی حومەید و ئیبنو جەریر و ئیبنولمونزیر و ئەبو حاتەم و ئیبنو عەدی و ئیبنو عەساکر) لە «ئەبولعالیە»وە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە کە دەیفەرموو: "(ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ) پێغەمبەری خوایە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، دوای جەنابیشی، دوو یاوەرەکەیەتی [مەبەستی سەییدنا ئەبوبەکری صددیق و سەییدنا عومەری کوڕی خەتتابە (خوا لێیان ڕازی بێت)]."

- (حاکم) ڕیوایەتێکی هێناوەتەوە و بە سەحیحی داناوە کە ئەبولعالیە لە

---

[1] حاکم بە (سەحیح)ی داناوە.

ئیبنو عەبباسەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕاویەتییەوە کە ئەویش دەیفەرموو: "پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و دوای جەنابی هەر دوو یاوەرەکەن (خوا لێیان ڕازی بێت)."

ئەم لێکدانەوانە هەموویان حەقن، چونکە شوێنکەوتنی قورئان و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئیسلامەکە، هەموویان هەر یەکن، هەر گرتنە بەری ڕێبازە ڕاستەکەی خوای گەورەن.

- ئیبنو جەریر لە دوای هێنانەوەی ئەم ڕیوایەتانە و لێکدانەوەکان، دەفەرمووێت: "ئەوەی لای من پەسەندترینە ئەوەیە کە خوێندنی ئایەتەکە [واتە: (ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ) داوایە لە خوای گەورە کە لەسەر ئەو دین و دیندارییە ڕامانگرە کە خۆت پێی ڕازی بوویت و هیدایەتی ئەو کەسانەشت بۆ داوە کە نیعمەتی خۆتت بەسەردا ڕشتوون لە عەبدە ساڵحەکانت، لە: پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و ڕاستگۆیان و سەرڕاستان و شەهیدان و پیاوچاکان کە لە گوفتار و کرداریان ڕازی بوویت، چونکە ڕێبازە ڕاستەکەتیان گرتە بەر و لە سەری مانەوە، تا مردن."

هەر کەسێک خوای گەورە ئەم ڕێبازەی نیشان بدات و یارمەتیی بدات، تا پێوەی پابەند بێت، ئەوە سەرفرازە، چونکە پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بە ڕاستگۆ زانیون و پەیامی خوای گەورەی وەرگرتووە و فەرمانەکانی جێبەجێ کردووە و توخنی ئەوانە نەکەوتووە کە بەرهەڵستیی لێ کردوون؛ ژیانی لەسەر مەنهەجی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و چوار خولەفای ڕاشیدین (خوا لێیان ڕازی بێت) دارشتووە، هەروەها چاوی لە پیاوچاکان کردووە و وەکوو ئەوان ڕەفتاری کردووە.

هەموو ئەمانە: ﴿ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ﴾ بەکەن.

﴿ٱهْدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلْمُسْتَقِيمَ﴾. گرنگترین و گشتگیرترین دوعایە، بۆیە خوای

گەورە داوای لە موسوڵمانان کردووە کە لە هەموو نوێژێکی فەرز و سوننەتدا بیخوێنن. ئەوەی خوای گەورە هیدایەتی بدات، زانستەکانی وەحی فێر دەبێت و کاریان پێ دەکات و خەڵکیان لێ فێر دەکات و پەیامی بانگەوازی خوای گەورە هەڵدەگرێت و کۆمەڵکارانە لە پێناویدا دەبزوێت و دەسەڵات و کۆمەڵگەی لە ریشەوە بۆ دەگۆڕێت، حەتمەن لەسەر ڕێی سەرکەوتووان و سەرفرازانە و خوای گەورە لە پاداشتیدا دەیخاتە ڕیزی ئەو تەقواکارانەوە کە فەرموویەتی: ڕێبازە ڕاستەکە ڕێبازی ئەو خواناسە سەرڕاستانەیە.

## • ئیمامی ئیبنولقەییم و ڕاستەڕێگە (ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ)[1]:

ئیمامی ئیبنولقەییم دەفەرموێت: ﴿ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ﴾ کە بە شێوازی تاک (مفرد) هاتووە، بە دوو حاڵەت بووە بە (معرفة): ئەلفولامی پێوەیە ﴿الصِراط﴾ و ئیزافەش کراوە، ئەوەش بۆ دیاریکردن و تایبەتکردنێتی، تا بزانرێت کە یەک ڕێگای تایبەتییە و بەس. کاتێکیش کە باسی غەزەبلێگیراو و گومڕاکان دەکات، بە هەر دوو حاڵەتی: «تاک» و «کۆ» باسیان دەکات.

هەر وەک چۆن دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ﴾ (الأنعام: ١٥٣).

واتە: "ئا ئەوە ڕێبازە ڕاستەکەی منە، بیگرنە بەر (شوێنی بکەون)، مەکەونە سەر ڕێچکە و تووڵە ڕێگاکان، چونکە تەفرەقەتان دەخەنە ناو و پەرتەوازەتان دەکەن و لەسەر ڕێبازەکەی خوای گەورە نامێنن." دەبینیت لەفزی ﴿ٱلصِّرَٰطَ﴾ تاکە، هەروەها ﴿سبیل﴾، بەڵام تووڵەڕێ و ڕێچکەکانی بە «کۆ» هێناوە، چونکە زۆرن.

- ئیبنو مەسعوود (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (**خطَّ لَنا رسولُ اللهِ**

[1] مدارج السالكين، ب١، ل ١٣٨.

**صلَّى اللَّهُ علَيهِ وسلَّمَ وقالَ هذا سبيلُ اللَّهِ، ثمَّ خطَّ خطوطًا عن يمينه و عن يَسارِه وقالَ هذِهِ سُبلٌ، علَى كلِّ سبيلٍ منها شيطانٌ يدعو إليهِ ثُمَّ قرأَ قوله تعالى:** ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٥٣﴾ (الأنعام: ١٥٣).[1]

واتە: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) [لەسەر ئەرزەکە] هێڵێکی کێشا و فەرمووی: ئەمە ڕێبازەکەی خوای گەورەیە، پاشان چەند هێڵێکی تری لە ڕاست و چەپی هێڵی یەکەمەوە کێشا و فەرمووی: ئەمانەش ڕێچکەکانن، لەسەر هەر ڕێچکەیەکیان شەیتانێک هەیە، خەڵکی بۆ ڕێچکەکەی خۆی بانگهێشت دەکات.

پاشان فەرمایشتەکەی خوای گەورەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: ئا ئەوە ڕێبازە ڕاستەکەی منە بیگرنە بەر، مەکەونە سەر ڕێچکەکان، چونکە تەفرەقەتان تێ دەخەن، پەرتەوازە دەبن و لەسەر ڕێبازە ڕاستەکەی خوای گەورە نامێننەوە. ئا ئەمەیە ڕاسپاردەی خوای گەورە کە بۆی کردوون، تا بەحەزەر بن و لەسەر ڕێبازەکەی بمێننەوە، تا دەگەنە ئاستی تەقواکاری."

■ ئەوەی بە «تاک» باسی ڕێبازەکەی خۆی کردووە لەبەر ئەوەیە تاکە ڕێگای ڕاستە کە دەگەیەنێت بە خوای گەورە کە ڕێگای پێغەمبەرانە (سەلامی

---

[1] دوو توێژەرەوەی کتێبی (مدارج السالكين) کە «ئەحمەد فەخری ئەلڕەفاعی» و «عیسام فارس حەرستانی»ن لە پەراوێزی لاپەڕەیەکدا دەربارەی ڕیوایەتەکە، دەفەرموون: "سەحیحە، ئیمامی ئەحمەد (١/ ٤٣٥، ٤٦٥) ڕیوایەتی کردووە، هەروەها ئیبنو حیبان بە سەحیحی داناوە (٦، ٧) و حاکم (٢/ ٣١٨) بە سەحیحی داناوە و ئیمامی زەهەبی لایەنی گرتووە.

دەڵێم: (توێژەرەوەکان دەڵێن): لە سەنەدەکەیدا، عاصمی کوڕی بەهدەلە «العاصم بن بهدلة» هەیە کە ڕیوایەتەکانی ناگەنە ئاستی «سەحیح»، بەڵام فەرموودەکە ڕیوایاتی تری هەیە، وەکوو ئەوەی لای ئیمامی ئەحمەد ژمارە (٣/ ٣٩٧)ـە کە لە جابرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕدراوەتەوە؛ هەروەها ئیبنو ماجە (١١) دەفەرموێت: (اسناده جيد في الشواهد والمتابعات).

خوایان لەسەر بێت) و خوای گەورە پەیامی خۆی پێدا ناردوون. هیچ کەس بە غەیری ئەم ڕێگایە، بە ڕووسووری ناگاتە خوای گەورە.

هەرچـــی ڕێچـــکە هەیە کە خەڵکـــی غەیـــرە موســـوڵمان دەیگـــرنە بەر، سەرئەنجامیان گەیشتنە بنبەست و زیان لێ کەوتنیانە، لە هەر دەرگایەک بدەن، لێیان ناکرێتەوە.

تاقە ڕێگایەک کە شارێیە و دەیانگەیەنێتە سەرفرازیی دنیا و قیامەت، ئەم شارێییەیە، هەر ئەم تاکە ڕێگایەیە کە بە خوای گەورەوە پەیوەستە، بۆیە خوای گەورە لە وەسفیدا دەفەرموێت: ﴿قَالَ هَٰذَا صِرَٰطٌ عَلَيَّ مُسۡتَقِيمٌ ۝٤١﴾ (الحجر: ٤١). حەسەنی بەسری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: "واتە ڕێبازێکی ڕاستە و بەرەو من دێت." ئەمەش دوو ئەگەر لە خۆ دەگرێت:

١. دەشێت لەو لایەنەوە بێت کە هەندێک ئامراز و پیت لە جێی یەکتری بەکار دێن، لێرەشدا (عليَّ) بە مانای (إليَّ)یە.

٢. دەشێت مەبەستی حەسەنی بەسری لێکدانەوەی ئایەتەکە بووبێت بە مانا گشتییەکەی، ئەمەش لە دید و ڕێی سەلەفەوە نزیکە، ئاوا ماناکە دەبێتە: (صراطٌ مُوصِلٌ اليَّ)، واتە: "ڕێگایەکە دەگەیەنێت بە من."

■ موجاهیـد دەفەرموێـت: "واتە حەق لای خـوای گەورەیە و هەر بـۆ لای ئەویش دەگەڕێتەوە."

نیشـاندانی ڕێگـا حەقەکە لەسـەر خـوای گەورەیە، تـا بزانرێـت کە لاری و چەوتـی و لـۆفەی تێـدا نیـیە، ئەوە وەکـوو قەولەکەی حەسـەنی بەسـرییە و ڕوونتریشە، ئەمە پەسەندترین لێکدانەوەی ئایەتەکەیە.

■ وتراویشە: کە (عَليَّ) بۆ دیاریکردنی ئەرکی ڕوونکردنەوەی ڕێبازەکەیە، واتە: بەیانکردن و نیشاندانی ڕێگاکە لەسەر منە.

هەر دوو لێکدانەوەکە، هەر وەکوو ئایەتەکەی سورەتی (النحل)ـە کە دەفەرموێت: ﴿وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ﴾ (النحل: ٩).

واتە: "ئەو ڕێگایەی کە ڕاست و ڕێکە و بەرەو من دێتەوە، ڕێگایەکی ڕاستە و دەیگەیەنێتە خوای گەورە."

«توفەیلی غەنەوی»ی شاعیر دەڵێت:

مَضَوا سَلَفاً، قصدُ السَّبي عليهمُ      وَصَرْفُ المنايا بالرّجالِ تَقَلَّبُ

واتە: "ئەوان پێشمان کەوتن، ڕێگاکەی ئێمەش بەرەو ئەوانە و هەردووکیان، هەر دەیانگەنێ، ئەگەرچی گورزی مەرگ تل بە پیاوان دەدات."

شاعیرێکی تریش دەڵێت:

فَهُنَّ المنايا أيَّ وادٍ سَلَكْتَهُ      عَلَيها الريقي، أو عليَّ طريقُها

واتە: "ئیتر ئەوە مەرگە و لەسەر ڕێمە، هەر دۆڵێک بگرمە بەر، ڕێم هەر بەرەو ئەوە، یان ئەو ڕێی بەرەو منە."

■ هەروەها دەڵێن: لە پیتی (عَليَّ)دا نهێنییەکی جوان هەیە، ئەویش ئەوەیە کە: ئەوەی ڕێبازە ڕاستەکەی خوای گەورەی گرتووەتە بەر، بەوە شادمان دەبێت کە ڕێنمایی خوای گەورەی وەرگرتووە و لەسەر ڕێگاکەیە. ئەمەش حەقە، هەر وەکوو خوای گەورە دەربارەی موسوڵمانان دەفەرموێت: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن رَّبِّهِمۡ﴾ (البقرة: ٥).

واتە: "ئەوانە ڕێنمایی خوای گەورەیان وەرگرتووە و لەسەر ڕێبازەکەی ئەون." بە پێغەمبەرە نازدارەکەشی (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: ﴿فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۖ إِنَّكَ عَلَى ٱلۡحَقِّ ٱلۡمُبِينِ ٧٩﴾ (النمل: ٧٩).

واتە: "پشت بە خوای گەورە ببەستە، جەنابت لەسەر ڕێبازە حەقە ئاشکراکەیت."

حەق خـوای گەورەیە، ڕێبازەکەشـی حەقە، دیـنەکەی حەقە، هەر کەسـێک دیــنەکەی وەربگرێــت و لەســەر ڕێبــازەکەی ئەو بێــت؛ ئەوە لەســەر حەقە و هیدایەتی خوایی وەرگرتووە.

ئـاوا بـۆت دەردەکەوێـت کە ئەو مانایـانەی (علـيَّ) دەیـدات، (اليَّ) نایـدات، ئەگەر وردتـر سـەرنج بـدەیت ئەو نهێنییـە جـوانەت بـۆ دەردەکەوێـت کە بـۆچی فەرموویەتی (عليَّ)؟!

■ ئەگەر بڵێیـت: جـا چۆن ئەوە دەگونجێـت کە موسـوڵمان بەسـەر حەقەوە بێت؟

واتە: لە سـەرووی حەقەوە و لە سـەرووی هیدایەتی خواییەوە دەبێت و حەق و هیدایەتەکە دەکەونە ژێر موسوڵمانەکەوە؟!

لە وەڵامدا دەڵێم: [ئیبنولقەییم دەفەرموێت: دەڵێم]: لەسـەر ڕێبـازبوون سـێ سیفەتی جوداکاریی تێدایە:

١. باڵایی و پلە بەرزی کە بە هیدایەت و وەرگرتنی حەق بەرز بووەتەوە بۆ ئاستیان و دەستی لێیان گیر بووە.

٢. مـانەوە و خـۆڕاگری لەسـەر دینـدارێتی پێیـان (بە هیـداتە خـواییەکە و حەقخوازی).

٣. بەردەوامیی پابەندبوون لەسەر هەردووکیان.

هێنانی پیتی (عليَّ) ئەم بەرزی و خۆڕاگری و پابەندبوون بە بەردەوامییەی تێدایە، چونکە گرتنە بەری ڕێبازی حەقە، ئەمە پێچەوانەی دید و ڕێـی گومڕایی و گومانبردن و ڕاڕاییە.

بـۆیە بـۆ ئەوان پیتـی (في)ی بەکـار هێنـاوە کە مانـای تێـدا بـوون و نوقمبـووم دەگەیەنێـت تێیـدا. ئەوە ڕوون دەکـاتەوە وەک ئەوەی نەکەوتـووەتە سـەر دیـد و

ڕێی حەق، گومڕا و سەگەردانە و نوقمی گومان و دوودڵییە و جەستە و دڵ و دەروونی غەرقی گوناه و تاوانە!

بڕوانە خوای گەورە لە باسی دیدی لێڵ و گومڕایی و دوودڵی و تاوانکاریدا چۆن دەفەرموێت: ﴿فَهُمْ فِي رَيْبِهِمْ يَتَرَدَّدُونَ ۝٤٥﴾ (التوبة: ٤٥).

واتە: "لەناو گوناه و ڕاڕاییاندا نوقم بوون، هەر دێن و دەچن." هەروەها: ﴿وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا صُمٌّ وَبُكْمٌ فِي الظُّلُمَاتِ﴾ (الأنعام: ٣٩).

واتە: "ئەو کەسانەی نیشانە و بەڵگەکانی ئێمەیان بە درۆ خستەوە، لە تاریکیدا بە کەڕولاڵی کەوتوون!"

[سوبحانە الله! بڕوانە ئەم ڕستە کورتە چۆن وەسفی سەختیی حاڵەتەکە دەکات و دەیچوێنێت بە حاڵی کەسێک کە لە تاریک و نوتەکییەکی چڕدایە، نە خۆی ڕێگای قوتاربوون دەدۆزێتەوە، نە گوێی لە هاوار لێ کردنی خەڵکێکە، ئەگەر بە هانایەوە بێن؛ خۆیشی لاڵە و ڕستەیەکی مانای هانا و هاواری پێ دروست ناکرێت، تا هاوار لە خەڵکی بکات بێنە یارمەتیی!]

هەروەها ئایەتی: ﴿فَذَرْهُمْ فِي غَمْرَتِهِمْ حَتَّىٰ حِينٍ ۝٥٤﴾ (المؤمنون: ٥٤).

واتە: "لێیان گەڕێ، با هەر لە نەزانین و گومڕایی خۆیاندا نوقم بن و تا ماوەیەک وابن." هەروەها غەرقبوونیان لە گومان و ڕاڕاییدا، دەفەرموێت: ﴿وَإِنَّهُمْ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مُرِيبٍ ۝٤٥﴾ (فصلت: ٤٥).

واتە: "ئەوانە وان لەناو گومان و ڕاڕایی و پشێویدا."

ئاوا دەبینیت بۆ دید و ڕێی هیدایەت و موسوڵمانان (عليَّ)ی بەکار هێناوە، بۆ گومڕایی و وێڵی و کافرێتی پیتی نوقمبوون و تێدابوونی (في) بەکار هێناوە. سەرنج بدەرە ئەم ئایەتە: ﴿وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَىٰ هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ ۝٢٤﴾ (سبأ: ٢٤).

واتە: "یەکێک لە دەستەی ئێمە، یان لە دەستەی ئێوە لەسەر حەقە، چونکە هیدایەتی خوایی گرتووەتە بەر، دەستەکەی تر لە گومڕایی و گوماندا نوقم بووە." ئاشکرایە کە دید و ڕێی حەق و حەقخوازیی ئەو کەسانەی گرتوویانە، ئاست بە ئاست دەباتە ئاستی باڵاتر، ئاوا بەرەو تەقواکاری و لە خوا نزیکیی بەرز دەکاتەوە، دید و ڕێی گومڕاییش ئاست بە ئاست بەرەو خوارتری دەبات؛ تا ئەو کەسەی گرتوویەتییە بەر دەگەیەنێتە (أسفل السافلین) کە بنی خواری خوارەوەی دۆزەخە!

.ڕایەکی تری سێیەم هەیە، هەر دەربارەی لێکدانەوەی ئایەتی: ﴿قَالَ هَـٰذَا صِرَٰطٌ عَلَيَّ مُسۡتَقِيمٌ ۝٤١﴾ (الحجر: ٤١).

کە ڕاوبۆچوونی «کیسائی»ی زمانەوانە کە دەفەرموێت: "ئایەتەکە هەڕەشەیە، بەڵێنی تەمبێکردن و سزادانە، وەکوو ئایەتی: ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ ۝١٤﴾ (الفجر: ١٤).

واتە: خوای پەروەردگارت لە چاودێری (موراقەبەکردن)یاندایە، خستوونییەتە ژێر موراقەبەی خۆیەوە." ئەوە بە ڕای کیسائی وەکوو ئەوەیە کە بە هەڕەشەکردن بە کەسێک دەڵێیت: ئێ باش! خۆ ڕێگات هەر بەسەر منەوەیە.

واتە: هەر دێیتەوە بەردەستم. دەتەوێت پێی بڵێیت کە لە سزاکەم قوتار نابیت، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە دوورە، مانای گشتیی ئەم ئایەتە و ئایەتەکانی پێش و دوای ئەو، ئەم بۆچوونە ناسەلمێنن.

■ ئەمەش کە کیسائی دەفەرموێت: "وەکوو ئایەتی: ﴿إِنَّ رَبَّكَ لَبِٱلۡمِرۡصَادِ﴾ (الفجر: ١٤) وایە"، وەکوو ئەو نییە، جیاوازییان ئاشکرایە لە هەڕەشەکردندا چۆن و بۆچی لە مەدحی ڕێبازەکەیدا بوترێت: «ڕاست و ڕێکە؟» ڕاست و ڕێکیی ڕێبازەکە نابێتە هیچ هەڕەشە و ترساندنێک لە دڵی ئەو کەسەدا کە دید و ڕێ ڕاستەکەی نەگرتووەتە بەر و لەسەر دید و ڕێی ترە.

پاشان چۆن دەشێت هەرەشە لە کەسێک بکرێت بەوەی ڕێبازەکەی خوای گەورە ڕاست و حەقە؟! وا پێ ناچێت ڕاوبۆچوونێکی ڕاست و دروست بێت.

■ بەڵام ئەو کەسەی کە بە مانای (ئەرک: واجب) لێکی داوەتەوە کە دەڵێت: ماناکەی ئاوایە: «نیشاندانی ڕێبازە ڕاستەکە و هیدایەتدان بۆی» ئەرکی منە. ئەم ماناکردنە ڕاستە، بەڵام کە بوترێت: مەبەستی ئایەتەکە هەر ئەمەیە، ئەوە سەرنجدانێک دەخوازێت.

■ گوێم لێ بوو شێخولئیسلام، ئیبنو تەیمییە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەیفەرموو: "ئەو دوو ئایەتە وەکوو ئایەتەکانی سورەتی (اللیل)ن کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَىٰ ﴿١٢﴾ وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَىٰ ﴿١٣﴾﴾ (اللیل: ١٢ – ١٣).

واتە: هیدایەتدانەکە لەسەر ئێمەیە و تەگبیر و حساباتی دنیا و قیامەتیش کاری ئێمەیە."

■ دەڵێم: [ئیبنولقەییم وا دەفەرموێت]: زۆرینەی ئەهلی تەفسیر لە لێکدانەوەی سورەتی: (واللیل إذا يَغْشى)دا غەیری مانای «ئەرک و واجبێتی»یان باس نەکردووە.

واتە: نیشاندانی ڕێگاکە (ڕێگای هیدایەت) و ڕێگاکانی گومڕایی، ئەریکی ئێمەیە و ئێمە دەیکەین. هەیانە وەکوو «بەغەوی» لە سورەتی: (النحل)دا غەیری ئەم مانایانەی نەهێناوەتەوە.[١]

بەڵام لە سورەتی: (الحِجر)دا هەر سێ ماناکانی هێناونەتەوە.[٢] «واحیدی»یش لە تەفسیری (البسیط)دا دوو ماناکەی سورەتی: (النحل)ی هێناوە، شێخی خۆشمان [مەبەست ئیمامی ئیبنو تەیمییەیە] لە هەر سێ سورەتەکەدا ڕاوبۆچوونی (حەسەنی بەسری و موجاهید)ی هێناوەتەوە.

(١) بڕوانە تەفسیری بەغەوی (٣/ ٤٢٠).
(٢) هەمان سەرچاوە (٣/ ٤٠٣).

* **ئایەتی حەوتەم:** ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾ **(الفاتحة: ٧).**

واتە: "ڕێبازی ئەو کەسانەی کە نیعمەتی خۆتت بەسەردا ڕشتوون، نەک دید و ڕێی ئەوانەی غەزەبیان لێ گیراوە و بوغزێنراون، یان ئەوانەی ڕێبازە ڕاستەکەیان لێ بزر بووە و گومڕابوون.

- (**صِرَٰطَ**): مەنصوبە: دەشێت (بەدەل)ی (**صِرَٰطَ**)ـە کەی پێشتر بێت کە هەم جەختکردنەوە لەو دەگەیەنێت، هەم بیرخستنەوەیەکی تری، تا زیاتر جێی بایەخی موسوڵمان بێت؛ هەروەها دەشێت (عطف بیان) بێت، چونکە ڕێ باوەکە ڕوون دەکاتەوە و شەرحی دەکات کە ئەوەیە ڕێبازە داواکراوەکە کە خوای گەورە لە سورەتی (النساء)دا دەربارەی فەرموویەتی: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ٦٩﴾ (النساء: ٦٩).

واتە: "هەر کەسێک ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورە و پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) بێت، ئەوە خوای گەورە دەیخاتە/ دەیانخاتە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕژاندوون لە: پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، بەڕاستی هاوڕێیەتی و هاودەنگیی ئەوانە خۆشە، ئەوە فەزڵ و چاکەی خوای گەورە خۆیەتی. ئەوە بەسە کە خوای گەورە هەموو شتێک دەزانێت و ئاگای لێیەتی."

- فەرمووی: ڕێبازی ئەو کەسانەی کە نیعمەتی خۆتت بەسەردا ڕشتوون، نەیفەرموو ئەوانەی کە هیدایەتت داون، لە کاتێکدا دوعاکە دوعای

هیدایەتخوازییە، چونکە نیعمەتەکانی خوای گەورە ئێجگار زۆرن بەسەر هەر یەکێک لە مەخلووقاتەکانی؛ بە تایبەتی مرۆڤ و بەتایبەتیتریش موسوڵمان کە جگە لەوەی لە ناز و نیعمەتە گشتییە هاوبەشەکاندایە، وەکوو هەر مەخلووقێکی تر لە گیانلەبەران، وەکوو نعیمەتەکانی خەلقبوون و ڕۆزیدان، ڕێنیشاندانی بۆ کات و شوێنی ڕۆزییەکەی و سازاندن و گونجاندنی لەگەڵ دەوروبەریدا.

هەروەها چاکبوونەوەی لە نەخۆشی و پاراستن و ئاگالێبوونی و... هتد کە لە ژمارە نایەن، بەڵام مرۆڤ ناز و نیعمەتی زیاتر لەوان و تایبەت بە خۆی زۆر پێ بەخشراوە، نیعمەتی هزر و ژیریی پێداوە، تا بیر بکاتەوە و زانیارییەکانی گەنجینە (خەزن) بکات و لە یادیدا بمێنەوە، یان نەمێنەوە مێشکی هەڵیاندەگرێت بۆی؛ تا ئەو ساتەی دەیەوێنەوە، خێرا بۆی دەهێنێتەوە بەر چاو و گوێ و هەستەوەرەکانی!

مرۆڤی موسوڵمانیش لە ناز و نیعمەتی زۆر تایبەتیتردایە، چونکە لەو ناز و نیعمەتانەی کە مرۆڤی تر و گیانلەبەر و مەخلووقاتی تر هەیانە و ئەمیش هاوبەشە تێیاندا، بەدەر لەوانەی ئەوان، موسوڵمان نیعمەتی زانینی وەحی و پەیپێبردن و هیدایەتدان و ڕێ دۆزینەوە و گرتنە بەری و پێوە پابەندبوون و مانەوەی لەسەری و دینداری و سەرکەوتن بە پلە و ئاستەکانی تەقواکارییشی هەیە، تا دەگاتە ئاستی زۆر تایبەتی پیاوچاکان.

— ﴿ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ ﴾ کە تۆ نیعمەتی خۆتت پێ بەخشیون، ئەسڵی (أنعمْتَ) لە (النِعمة)ەوەیە:

. (النِّعمة): لە (النَّعيم)ەوە وەرگیراوە کە بریتییە لە: ژیانی خۆش و کامەرانی و ڕابواردنی گونجاو بۆ مرۆڤ.

لەبەر ئەوەی لەسەر وەزنی (فِعلـة)یە کە وا بوو: ناوی (هيئـة)یە، واتە:

چۆنێتیی شتەکە، وەکوو (قِعدة: چۆنێتیی دانیشتنەکە). نیعمەت: هەموو چێژێکی خۆشە کە بێ خەم لێ خواردن و لێ تێکدان دەست دەکەوێت، یان دەمێنێتەوە، جا چێژی ماددیی بێت، وەکوو چێژەکانی جەستە: تامکردن، بۆنکردن، بیستن، بەرکەوتن، بینین.

هەروەها چێژی جنسی، یان چێژی دەروونی، وەکوو: خۆشحاڵبوون بە خاوەنێتی و بە دیدار و بە سەرکەوتن و نابووتبوونی دوژمن و هاوشێوەیان، یان چێژی ڕۆحی، وەکوو: لێخۆشبوونی خوایی و بینینی کە دەبنە گەشەی ڕۆح. (والله أعلم).

ئیمانداری و تەقواکاری، بەرهەمی نیعمەتی هیدایەتی خوای گەورەن، بۆیە گەورەترین نیعمەتی دنیا، هیدایەتدانی خوای گەورەیە بۆ عەبدەکەی؛ لە ناسینی خوای گەورە و پەرستنی و پابەندبوونی شەریعەتەکەی و چوونە ڕیزی ئیمانداران و پیاوچاکانەوە.

ئەوانەی خوای گەورە نیعمەتی هیدایەت و پابەندبوون و سەرفرازیی قیامەتی پێ بەخشیون لە: پێغەمبەران و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، وەکوو دەفەرموێت: ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَـٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّـٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَـٰٓئِكَ رَفِيقٗا ٦٩ ذَٰلِكَ ٱلۡفَضۡلُ مِنَ ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ عَلِيمٗا ٧٠﴾ (النساء: ٦٩ - ٧٠).

واتە: "ئەو کەسانەی کە ملکەچی فەرمانەکانی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەین (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەوانە خوای گەورە دەیانخاتە ڕیزی ئەو کەسانەوە کە نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕژاندوون لە: پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان. بەڕاستی هاوڕێیەتی و هاودەنگیی ئەوانە خۆشە، ئەوەش فەزڵی خوای گەورە خۆیەتی. ئەوەش بەسە کە خوای گەورە هەموو شتێک دەزانێت و ئاگای لێیەتی."

ئەم نـیعمەتە تـایبەتییەی خـوای گەورە کە هیدایەتـدانە بـۆ دینـداری، سـێ سیفەتی سەرەکی و کاریگەری تێدایە:

یەکەمیـان: ئەوەیە کە هـیچ شـتێک نـایەتە ڕێـی چێژوەرگـرتن لێـی، کـابرای ئیمانــدار لە نــاوجەرگەی کێشەکانیشــیدا، هەر وا خۆشــحاڵە بە خواناســی و خواپەرستییەکەی.

دووەم: نیعمەتێکی بەردەوامە، وەکوو نیعمەتە دنیاییەکان نییە کە دەشێت تێک بچن.

سێیەمیان: ئەنجامی ئەم چێژوەرگرتنە زۆرانە لە نیعمەتی هیدایەت، پاداشتی خوای گەورەیە!

بـڕوانە غەیـری ئەم نـیعمەتە کە لە جیـاتیی ئەم سـێ سـیفەتە کـاریگەرە ئاسوودەکارە، سێ سـیفەتی ناڕەحەتکاری بەردەوام هەیە: ناسۆریی کـافربوون، ژانی بەردەوامبوونی ناسۆرەکە، سزای دواییین!

بێگومـان نیعمەتـی خـوایی، غەیـری هیدایەتـدانەکەش دەگـرێتەوە کە لە هەژمـار نـایەن، وەکـوو خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآ﴾ )إبراهيم: ٣٤).

واتە: "ئەگەر نیعمەتەکـانی خـوای گەورە بژمێـرن، بۆتـان لە ژمـارە نـایەن." بێگومان ئەمانە نیعمەتەکانی دنیان، نیعمەتەکانی ڕۆژی دوایی زۆرتر و خۆشتر و مەزنتر و بەنرخترن، یەکەمیان دیتنی خوای پەروەردگارە.

- ئینجـا بـڕوانە ئەم پەیوەنـدییە لازم و مەلـزومییەی نێـوان نـیعمەت و هیـدایەتی تـایبەتی، خـوای گەورە خـۆی هیـدایەتەکەی داون، بەڵام ئەوانـیش بەهــیممەت بــوون لە وەرگــرتن و پێــوە پابەنــدبوون و ڕاپەڕانــدنی هەمــوو ئەرکەکانیدا.

بۆیە: شایانی نیعمەتەکانی تریش بوون، لەوانە چوونە ڕیزی کاروانی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و ڕاستگۆیانی وەکوو: سەییدنا ئەبوبەکر (خوا لێی ڕازی بێت) و شەهیدانی وەکوو: (سەییدنا عومەر و سەییدنا عوسمان و سەییدنا عەلی)، هەروەها پیاوچاکانی وەکوو: (موعازی کوڕی جەبەل و ئەبودەرداء و خاتوو عائیشە)، (خوا لێیان ڕازی بێت).

ئەم پیاوچاکانە کە هیدایەت دراون بۆ گرتنە بەری ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورە، شایانی ئەم نیعمەتە بێوێنەیە بوون. ئەمانە ملیۆنانن! وا نەزانیت کەمن! ئەمانە پیاوچاکانی ئیمانداران، هەر لە زەمانی سەییدنا ئادەمەوە (سەلامی خوای لەسەر بێت)، تا ڕۆژی قیامەت.

ئەمانە لەسەر عەقیدەی تەوحید و خواپەرستیی حەق و پابەندیی بەڵگەی شەرع بوون.. بە ئیسلامەوە ديندار بوون کە دینی هەموو پێغەمبەرانە (سەلامی خوایان لەسەر بێت) کە عەقیدەیان یەکە و هەندێک ئەحکامی شەریعەتیان جیاوازە.. پاڵفتەی دەروون و پارسەنگی ڕەوشت لە هەموویاندا هاوبەشە.. هەڵگرتنی بەرپرسێتیی بانگەواز و کۆمەڵکاریی ئوممەتی و حاکمێتیی شەرع کە ئیسلامەکەیە، ئەرکی هەموویان بووە.

نەوە، نەوەیەکی تریان فێر کردووە و ڕایان هێناوە لەسەر هەستی بەرپرسیارێتییەکەی. نابینیت سەییدنا یەعقوب (سەلامی خوای لەسەر بێت) چۆن لە ڕاسپاردەکەیدا بۆ ئەولاد و نەوەکانی دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٣٢﴾ (البقرة: ١٣٢).

واتە: "بە موسوڵمانێتی نەبێت، نەمرن."

واتە: سووربن لەسەر دیندارێتیتان بە ئیسلامەکە، تا ئەو ساتەوەختەی مردنتان دەگاتێ.

- بڕوانە ئەم شێوازە بێوێنەی قورئان لە فێرکردنی شوێنکەوتووەکانیدا کە چۆن دەبێت دوعا بکەن: سەرەتا ستاییشکردنی خوای گەورەیە بە ئیعتیراف کردن

و شـــاهێدیدان لەســـەر یەکبـــوونی خـــوای پەروەردگـــاری جیهانییـــان، لە پەروەردگـــارێتی و خوایەتییـــدا، وەســـفکردنی بە ســـیفەتی ڕەهـــا و بێســـنووری ڕەحمەت و بەزەیی..

پاشان بە دەسەڵاتداری خاوەن هێزی ڕەها و بێسنووری دنیا و قیامەت، ئینجا پەرستنی پاک و سەرڕاستانەی و داوای یارمەتی لێ کردنی، ئەمانە کە مافی خوای گەورەن و عەبدە دوعاکارەکە ئیعترافی پێ کردوون و حەقی خۆیانی داونەتێ؛ ئینجا داوای هیدایەتدان دەکات بۆ ڕێگا ڕاستەکەی کە سەربەرزانە دەیگەیەنێتە خوای گەورە.

بەڵام لەوەودوا دەفەرموێـــت: ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ﴾ (الفاتحـــة: ٧)، وەکوو ئەوەی زیاتر داوای سۆز و بەزەیی خوای گەورە بکەن و بڵێن: دە خوایە هیدایەتی ئێمەش بدە.. ئەها هیدایەتی ئەوانەشت دا کە نیعمەتی خۆتت بەسەردا ڕژانـدبوون.. دە خـوای میهرەبـان و بەخشـندە و بە بەزەیـی! خـوای خـاوەن و دەوڵەمەند و بێباک! دە ئێمەش هیدایەت بدە، با ئەرکی عەبدێتیت ئەنجام بدەین و ڕووسووری قیامەتمان بکەیت.

لە دنیاشدا کە لە بەڕێز و سەخییەک داوا دەکەیت، بۆ سۆز جووڵاندنی بەرانبەرت دەڵێیت: دە یارمەتییەکی منیش بدە هەر وەک چۆن یارمەتیی فلان کەس و فیسار کەست دا.. با وەکوو هیی ئەوانیش نەبێت و کەمتریش بێت، بەڵام دە مەحروومم مەکە و بەشم بدە!

دەی خـوای تـاک و پـاک و بێبـاک! هیـدایەتی ئـێمەش بـدە کە لەم غەریبایەتیی دین و دنیایەماندا، بە دینەکەتەوە پابەندین و حەز بە سەرخستنی شـەریعەتەکەت دەکەیـن.. خـوای گەورە لەو نـیعمەتەت بێبەشـمان مەکە، خۆ بەزەیی تۆ، هەر هەموو شتێکی گرتووەتەوە. (اللهم آمین).

ـ خاڵێکی تری جوان هەیە لە هاتنی باسی (أنعمتَ علیهم)ـە کەدا ئەویش ئەوەیە کە لە هەموو سەردەمێکدا کەسانی بێ هیممەت و خۆویست و سست

هەن کە باسی ئیسلامەکەیان بەو بەرفراوانییە بۆ دەکرێت و باسی قورسیی دینداری و مەترسیی بەرپرسێتیی بانگەوازی خواییان بۆ دەکرێت، بۆ خۆدزینەوە بۆ بەر سێبەرەکەی شەیتان، دەڵێت: جا ئەوە بە کێ دەکرێت؟

ئەوە هەر پێغەمبەرانن (سەلامی خوایان لەسەر بێت) کە دەتوانن ئەم ئاستە دینداریيە بخەنە ئەستۆی خۆیان، ئەویش لەبەر ئەوەی خوای گەورە هەڵیبژاردوون و بێگوناهـ و پاکن. خوای گەورە بەردەوام وەلیاندایە، بەڵام ئەوە نەزانین و خۆ ڕاپسکانی ژێر بارە! خوای گەورە:

١. نەیفەرمووە ئێوەش وەکوو پێغەمبەرانن (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، چونکە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ئەو نموونە بەرزەن کە نوێنەری چەسپێنراوی وەحییەکەن و بۆ شوێنکەوتووانیان نموونەی ئیقتیدا پێ کردنن.. دە سا هیممەتتان هەبێت و هەوڵ بدەن لەو ئاستەی ئەوان نزیک ببنەوە، هەر کەسەتان بە هێندەی هێزی ئیرادە و پاڵنەری ئیمانەکەی ناخی.

٢. خوای گەورە وەسفی پلە و ئاستی چوار پۆل ئیمانداری سەرڕاستی کرد کە یەک لە دوای یەکن، لە بالاترینەوە کە پێغەمبەرانن بۆ بالاترەکان کە ڕاستگۆیانن، بۆ شەهیدان و بالاکانی تر کە پیاوچاکانن، تا هەنجەتی بێ هیممەت و تەمبەڵ و تەوەزەلەکان ببڕێت؛ بۆ ئەوەی بە ئارەزوومەندانی پاڵدانەوەی بەر سێبەر و «ئیرادە نێرەمووک» ـەکان[1] بفەرموێت: دەی خۆ ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان، پێغەمبەرانی مەعسووم نین و دوای یارمەتیی خوای گەورە، بە ڕەنجی نەپساوی خۆیان و هەوڵی بەردەوامیان، گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی شایان بن بخرێنە ڕیزی ئەو کاروانە پیرۆزەی پیاوچاکانەوە.. ئیدی چی ڕێ لە ئێوە دەگرێت کە وا نەبن؟!

غەیری هەوا و هەوەسی خۆتان و حەزی دنیاویستی و حەوانەوە!

[1] ئەوە دەستەواژەی ئیمامی ئیبنولقەییمە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە بە دانیشتووەکانی جیهاد دەفەرموێت: "هەی ئیرادە نێرەمووک! تۆ لە کوێ و جیهاد لە کوێ؟!)

- ﴿غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾:

(غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ) دەشێت «بەدەل»ی (أنعمتَ عليهم) بێت، بەو ئیعتیبارەی کە (أنعمتَ عليهم)ـەکان لە غەزەبی خوای گەورە کە نێردراون و ئەمانیان دراوەتێ، پارێزراویش بوون لە گومڕابوون، چونکە خوای گەورە هیدایەتی داون؛ هەروەها دەشێت (صفة)ت بێت، هەرچەندە دەبێتە صیفەتی (معرفة)یەک، (غير) بە ئیزافەکردن نابێت بە (معرفة)، وەکوو وشەی تر نییە.

بۆ نموونە: (سيارة) نەزانراو (نكرة)ـە، بەڵام کە ئیزافەت کرد دەناسرێت، بۆ نموونە: (سيارة ابي سيارة الإسعاف)، بەڵام لێرەدا بووەتە زانراو، چونکە باسی لە دوو ڕێبازی زۆر لەیەک جودا و دوورن، بۆیە خەمی تێکەڵبوون و سەرلێتێکچوونی تێدا نییە.

- (ٱلۡمَغۡضُوبِ): ئەوانەی غەزەبیان لێ گیراوە و تووڕە بوون لێیان: غەزەبی خوای گەورە، تووڕەبوونی فریشتە لێیان، بوغزاندنیان و کەنارخستنیان لە لایەن موسوڵمانانەوە، کەوتوونەتە بەر ڕقی هەموو لایەک.

- غەزەبی خوای گەورە کە تووڕەبوونێتی، سیفەتی کردەوەیی خوای گەورەیە، بەڵام ئێمە نازانین چۆن تووڕە دەبێت، چۆن دەبوغزێنێت و چۆن غەزەب لە کەس و قەومێک دەگرێت. ئێمە ئاسەواری ئەم سیفەتە دەبینین، یان هەستی پێ دەکەین، خوای گەورە شادومان دەبێت، خۆشحاڵ دەبێت؛ دێت، دەڕوات، دێتە خوارێ بۆ ئاسمانی یەکەم وەکوو لە قورئان و فەرموودەدا هاتووە.

چۆنێتیی هیچیان نازانین، چونکە ناتوانین بە هزری سنووردارمان سیفەتی بێسنووری خوای گەورە «ئیستیعاب» بکەین، نایگەینێ، بۆیە باوەڕمان بە سیفەتەکانی خوای گەورە (زاتی بن، یان کردەوەیی) هەیە بەبێ دیاریکردنی چۆنێتییان.

ئەهلی تەئویل: (ئەشعەری و ماتوریدی و موعتەزیلە و... هتد)، دەفەرموون: "غەزەبی خوای گەورە سزادان و تۆڵە سەندنەوەیەتی لە تاوانباران و یاخیبووان، هەر وەک چۆن دەسەڵاتدارانی دنیا لە سەرپێچیکارانی بڕیاریان تووڕە دەبن و سزایان دەدەن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازیی جەوهەریی سیفەتی خوای گەورە و سیفەتی دەسەڵاتدارانی دنیا."

قورتوبی دەفەرمویێت: "ئەسڵی (غضب) بریتییە لە: (الشدَّة)، واتە: توندوتیژی و سەخت ڕەفتارکردن. بە ئەژدیها و ماری سەخت و دژوار و گەورە دەوترێت: (الغضوب)، (لغضب) کە دەبێتە سیفەتی خوای گەورە بە مانای ویستنی سزایە، دەشێت سیفەتی زاتی بێت و دەشێت خودی سزاکە بێت."

* لە فەرموودەدا هاتووە: **(وصدقه السر تُطْفِيءُ غَضَبَ الرَّبِّ). رواه أبوداود، وصححه الالباني.**

واتە: "خێر و خێرات کردن بە نهێنی، تووڕەبوونی خوای گەورە دەکوژێنێتەوە (هێور دەکاتەوە)."

﴿وَلَا ٱلضَّآلِّينَ﴾ نەک ڕێچکەی گومڕایان و وێڵ و ڕێ بزر کردووان.

■ قورتووبی دەفەرمویێت: "(الضلال: گومڕایی) لادانە لە ڕێبازی حەق و گرتنە بەری ڕێچکەی لاڕێ. گومڕا لە سەرەتادا کەوتووەتە سەر ڕێگای مەبەست، وەکوو ئەوەی کەسێک ڕێگای گوندێک دەگرێتە بەر، یان کەسێک بە سەیارە ڕێی شارێک دەگرێت، بەڵام دواتر لەڕێی فەرعی و لقی تر کە لە ڕێگا و جادەکە دەبنەوە؛ لێی تێک دەچێت نازانێت ڕاستە ڕێگاکە کامە بوو؟!

بۆیە بە ئیجتیهادی هزر و زانینی خۆی، ڕێگایەکیان دەگرێتە بەر کە دەشێت بزربوون و گومڕایی بە دوادا بێت."

■ سوفیانی کوڕی عویەینە لە «تەفسیر»ەکەیدا، هەروەها سەعیدی کوڕی

مەنسوور لە ئیسماعیلی کوڕی ئەبو خالید «اسماعیل بن ابي خالد»ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (صَلَّى اللّٰه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (المغضوبُ عليهم: اليهودُ، والضالون: النصارى).

واتە: "غەزەبلێگیراو و بوغزێنراوانان جوولەکەکانن، گومڕاکانیش دیانەکان (مەسیحییەکان)ن."

■ (ئیمامی ئەحمەد و عەبدی کوڕی حومەیر و ترمزی) کە بە «حەسەن»یان داناوە و (ئیبنو جەریر ئیبنولمونزیر و ئیبنو ئەبو حاتەم و ئیبنو حیبان) لە صەحیحەکەیاندا، هەموویان لە عەدی کوڕی حاتەمەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە کە فەرموویەتی: **(قال رسولُ اللّٰه (صَلَّى اللّٰه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): إنَّ المغضوب عليهم اليهودُ، وأن الضالين النصارى).**

واتە: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: غەزەبلێگیراوان جوولەکەکانن و گومڕاکانیش دیانەکانن."

■ ئیبنو کەسیر دوای گێڕانەوەی ئەم فەرموودەیە، دەفەرموێت: "ئەم ڕیوایەتەی عەدیی لە زۆر ڕێگای تریشەوە هاتووە، بەڵام بە لەفزی جیاواز."

■ ئیمامی شەوکانی لە (فتح القدير)دا دەفەرموێت: "لە هەر لایەکەوە بۆ تەفسیری ئەم ئایەتە بچیت، هەر دێیتەوە سەر لێکدانەوەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّٰه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)."

بۆیە دەبینیت هەموو پێشەوایانی تەفسیر لە زانایانی سەلەف لەسەر ئەو ماناکردنە یەکدەنگن، ئیبنو ئەبو حاتەم خۆیشی دەیفەرموو: "هیچ ڕاجیاییەکم لەناو ئەهلی تەفسیردا نەدیوە لە ماناکردنی: (المغضوب عليهم) کە جوولەکەکانن و (الضالين) کە دیانەکانن، هەموو لە سەر ئەوە یەکدەنگن."

لە قورئانیشدا ئایەتی زۆر هەن کە ئەم ماناکردنە بەهێز دەکەن، خوای گەورە

دەفەرموێت: ﴿ بِئْسَمَا ٱشْتَرَوْا۟ بِهِۦٓ أَنفُسَهُمْ أَن يَكْفُرُوا۟ بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بَغْيًا أَن يُنَزِّلَ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ عَلَىٰ مَن يَشَآءُ مِنْ عِبَادِهِۦ ۖ فَبَآءُو بِغَضَبٍ عَلَىٰ غَضَبٍ ۚ وَلِلْكَٰفِرِينَ عَذَابٌ مُّهِينٌ ﴿٩٠﴾ ﴾ (البقرة: ٩٠).

واتە: "خراپترین کارێک کە کردیان ئەوەیە دینەکەیان فرۆشت و کوفریان کرد! لە حەسوودییاندا سنووری خوای گەورەیان بەزاند، چونکە پێیان ناخۆش بوو کە خوای گەورە لە فەزڵی خۆیەوە وەحی بنێرێت بۆ ئەو عەبدەی خۆی هەڵیدەبژێرێت[١]، بۆیە کەوتنە بەر غەزەبی یەک لە دوای یەکی خوای میهرەبان. سزای بە ژان و زەلیلکار بۆ کافران دانراوە."

غەزەبی یەکەم لەسەر باوەڕ نەهێنان و کافربوونیان بوو بە سەییدنا عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت)، غەزەبی دواتر بە هۆی پەرستنی گوێرەکەکەی «سامری»یەوە بوو، غەزەبی دواتر بە هۆی کافربوونیان و باوەڕ نەهێنانیان بوو، بە پێغەمبەرێتیی موحەممەد (صَلَّى اللّٰه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و قورئان.

هەروەها لە سورەتی (المائدة)دا دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَٰلِكَ مَثُوبَةً عِندَ ٱللَّهِ ۚ مَن لَّعَنَهُ ٱللَّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ ٱلْقِرَدَةَ وَٱلْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ ٱلطَّٰغُوتَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ﴿٦٠﴾ ﴾ (المائدة: ٦٠).

واتە: "بفەرموو: هەواڵتان بدەمێ کە ئەو خراپەکارییانە چین کە بوونە مایەی تووڕەبوونی خوای گەورە و غەزەب گرتنی لێیان، هەروەها ئەو سزا سەختەی کە بۆی داناون؟

[١] کە پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللّٰه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). جوولەکەکان دەیانزانی کە کۆتا پێغەمبەر دێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوان زۆر پێغەمبەریان (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بۆ چووبوو، چاوەڕوان بوون کۆتا پێغەمبەرەکەش هەر لە خۆیان بێت، کاتێک بینییان کە وا نەبوو باوەڕیان پێ نەهێنا و لە حەسوودییاندا کافربوون پێی!

سزای بۆ داناون، لەعنەتی لێ کردوون، واتە: لە ڕەحمەتی خۆی دووری خستوونەتەوە و کردوونی بە مەیموون و بەراز، پەرستیارانی تاغووت (کە شەیتان و بت و پیاوی دینی و ئەو حاکمانەن کە ئەمان کەوتبوونە بەردەستیان کە بە غەیری وەحی ئاراستەیان دەکردن).

ئەوانە خراپترین جێ و ڕێیان دەبێت و لە دنیاشدا هەر وا وێڵ و گومڕا و سەرگەردان دەمێننەوە."

. ئەم حوکمەی کە بەسەر ئەم دوو خەڵکە مونحەریفەدا دراوە، جوولەکە بە غەزەب لێ گرتنی خوای گەورە لێیان و دیان بە گومڕابوونیان، مانای وا نییە، هەر ئەمانە بەر غەزەبی خوای گەورە کەوتوون و هەر دیانەکان گومڕان؛ نەخێر، مەبەست لە غەزەبلێگیراوان و گومڕایان، هەموو ئەهلی کوفرە، بەڵام ئەم دوو خەڵکە ئەم حوکمەیان تایبەتتر کەوتووەتە سەر.

(المغضوب عليهم) کە نموونەی زەقیان جوولەکەکانن، لەبەر ئەوەیە کە ئەمانە «بە ئەنقەست» خۆیان خستە بەر غەزەبی خوای گەورە، ئەمانە بەو بەڵگانەی لەبەردەستیاندا بوو لە کتێبە دینییەکانی خۆیان و شەرحەکانیانەوە، دەیانزانی کە سەییدنا موحەممەد (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کۆتا پێغەمبەرە، بەڵام نەیانویست تەسلیم بەو حەقیقەتە ببن، چونکە لەگەڵ هەواو هەوەس و پلە و پایەی کۆمەڵایەتیی خۆیان و دینفرۆشییان و بەرژەوەندییەکانی دەوڵەمەندی و دنیاویستی و حەسادەتی سروشتییاندا یەکی نەدەگرتەوە.

هەروەها، چونکە فێر بوون لە وەحیی خوایی و پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) یاخیی ببن. ئەم قەومە سروشت پشێو و سەرخوارە، نێردراوی خوای گەورەیان زۆر زۆر بۆ چوو! زۆر کەم بوون و پێغەمبەریان زۆر بۆ چوو! هیچ فەرمانێکی خوای گەورەیان - کە بە وەحییش دەچووە بەردەستیان - بەبێ منجە منج و دەمەوەری و ملەجەڕێ، جێبەجێ نەکردووە!

دەیانزانی ئەوە پێغەمبەرێکی خوایە و تایبەت بۆ ئەوان چووە، کەچی دژی دەوەستانەوە، هیچ فەرمانێکیان لێ وەرنەدەگرت، خۆیشیان هەر بە موسوڵمان و دیندار و نزیک لە خوای گەورە دەزانی!

هیچ قەومێک وەکوو ئەوان سەرخوار و موستەهتیر نەبووە، هیچ قەومێکی تر ئەوەندە نێردراوانی خوایان شەهید نەکردووە. (سەییدنا زەکەرییا و سەییدنا یەحیا و سەییدنا صەمۆئیل) و چەندینی تر (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، بە دەستی ئەمانە شەهید بوون، بۆیە بەشانازییەوە دەیانوت: ﴿وَقَوۡلِهِمۡ إِنَّا قَتَلۡنَا ٱلۡمَسِيحَ عِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ...﴾ (النساء: ١٥٧).

واتە: "ئێمە «عیسای کوڕی مەریەم»مان کوشت کە نێردراوی خوا بوو!!" بڕوانە ئەو ڕەوشت و ئەدەبە! نەشیانکوشتووە، کەچی بە سەربەرزییەوە دەڵێن: ئێمە کوشتمان، ئەگەرچی نێردراوی خواش بوو!

ئەم قەومە کەم و سەرسەخت و چەقبەستووە، لە پێغەمبەرەکانیان (سەلامی خوایان لەسەر بێت) یاخی دەبوون، فەتوای زانا شەرعناسە خواویستەکانیان وا دەگۆڕی، تا لەگەڵ بەرژەوەندیی خۆیاندا یەک بگرێتەوە. زۆرێک لە زاناکانیشیان لەگەڵ حەز و هەوا و هەوەسی قەومەکەدا دەڕۆیشتن.

کە باوەڕیشیان بە پێغەمبەری خوا، موحەممەد موستەفا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەهێنا، هەر لەم ڕوانگەیەوە بوو، جگە لەوەی کە لە خۆیان نەبوو![1]

ـ ئیمامی ئیبنولقەییم دەفەرموێت: "خەڵکی لە ناسینی حەق و کارپێکردنیدا دوو پۆلن:

---

[1] خۆم گوێم لە چاوپێکەوتنی «حاخام»ێکی جوولەکە بوو لەگەڵ کەناڵی تەلەفزیۆنی جەزیرەدا دەیوت: "ئێمە باوەڕمان بە مووسا و پێغەمبەرگەلێکی خۆمان نەهێنا، ئیتر چۆن باوەڕ بە موحەممەد دەهێنین؟!" پیاوی دینەکەشیان بوو! ئەمانە خۆیان بە «گەلی خوا» دەزانن، بەڵام «ڕۆحی قەومێتی» و نەژادپەرستی لایان بەرزترە لە دین!

١. حەقناس. ٢. حەقنەناس.

حەقناسیش دوو بەشە:

أ. ئەوەی کار بە حەقناسییەکەی دەکات.

ب. ئەوەی کار بە حەقناسییەکەی ناکات.

ئاوا دەبنە ئەو سێ پۆلەی لەم ئایەتەدا [ئایەتی حەوتەمی «فاتیحە»] باس کراون:

پۆلی یەکەم: ئەو حەقناسانەن کە کاریان بە حەقناسییەکە کردووە، ئەمانە ئەهلی ﴿أنعمت علیهم﴾ن.

پۆلی دووەم: ئەو حەقناسانەن کە کاریان بە حەقناسییەکە نەکردووە، ئەمانە ئەهلی ﴿المغضوب علیهم﴾ن.

پۆلی سێیەم: ئەوانەن کە حەقیان نەناسیوە و دینداریێتییان بە نەزانی گرتووە، ئەمانە ئەهلی ﴿الضالین﴾ن.

خەڵکیش لە هەموو کات و شوێن و نەوەیەکدا، هەر ئەم سێ پۆلەن و نابن بە چوار.

- ئەوانەی بەر غەزەب کەوتوون، گومڕاشن، چونکە کاریان بە حەق نەکردووە، بۆیە ڕێ بزر و سەرگەردانیشن.

- ئەوانەی گومڕا و سەرگەردان کەوتوون، بەر غەزەبیش کەوتوون، چونکە هەوڵیان نەداوە دینە حەقەکە بزانن و فێری ببن و لەڕێیەوە دینداری بکەن، لە جیاتیی ئەوە بە نەزانیی خۆیان؛ یان بە حەزی خۆیان، یان لە بەرژەوەندیی گەورەکانیان کەوتوونەتە سەر «دین»ێکی باتڵ.

لەبەر ئەوەیە کە هەریەک لەم دوو کۆمەڵە «دیندار»ـە، هەم بەر غەزەبی خوا کەوتوون، هەم وێڵ و گومڕا بوون."[1]

---

[1] مدارج السالکین، ١/ ٣٣.

دیانەکان کە پۆلی سێیەمن، گومڕا بوون لە ئەنجامی نەزانیندا، چونکە دینداریتی و خواپەرستییەکانیان بەپێی زانستی وەحی نەبوو، نەزانین هۆکاری سەرەکیی گومڕابوونە.

کەسێک کە دەیەوێت سەفەر بکات بۆ گوندێک، ئەگەر بە نەزانی بکەوێتە ڕێ، حەتمەن گومڕا دەبێت، بزر دەبێت؛ چونکە دەشێت لە ڕێ لابدات، بێ ئەوەی بزانێت کە لایداوە، ئەمە جگە لە هەڵدێر و هەڵدڕ و چیا و دۆڵ، جگە لە دەیان لەمپەر و بەربەستی تر.

بۆیە دەبوو عەقڵی پێ بشکایە و لە کەسانێکی شارەزای ڕێ و ئەهلی ناوچەکەی بپرسیایە، دەبوایە «دەلیل»ێکی بەڵەدی لەگەڵ بوایە.

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە لەگەڵ سەییدنا ئەبوبەکری صددیقدا (خوا لێی ڕازی بێت) هیجرەتیان کرد لە مەککەوە بۆ مەدینە کەسێکی شارەزای ڕێگاکەیان بە کرێ گرت، هەرچەندە موشریکیش بوو کە عەبدوڵڵای کوڕی ئورەیقتی لەیسی «عبدالله بن اريقط الليثي» بوو، عامری کوڕی فوهەیرە «عامر بن فهيرة»ش هەر لە خزمەتیاندا بوو.[1]

ـ دیانەکان دوای کۆچی دواییکردنی نەوەی حەوارییەکان (یاوەرانی سەییدنا عیسا - سەلامی خوای لەسەر بێت -) زۆرینەیان کەوتنە گومڕاییەوە لە مەسەلەی پێغەمبەرێتیی سەییدنا عیسا و «کوڕێتی»ی خوای گەورە، تا ساڵی (٣٢٥ز) کە یەکەمین کۆنگرەی جیهانییان بەست (کە خۆیان پێی دەڵێن: «مەسکوونی» لە شاری «نیقیە» کە ئێستا لە تورکیایە.. ئەم کۆنگرەیە کە بە سەرپەرشتی ئیمپراتۆر «قوستەنتین» بوو کە دوای چەوسانەوە و پەرتەوازەبوونی دیانەکان، داڵدەی دان و ڕێی بۆ کردنەوە، تا ئەو کۆنگرەیە ببەستن و ناکۆکییە عەقائیدییەکانیان یەکلابکەنەوە، بەو مەرجەی هەموویان

[1] صفي الدين المباركفوري: روضة الأنوار في سيرة النبي المختار، بلاوكار: وزارة الشؤون الإسلامية والأوقاف/ الرياض. چاپی یەکەم ١٤٢٤ک - ٢٠٠٤ ز، (ل١٤٨).

دان بەوەدا بنێن کە دەسەڵاتی سیاسی بۆ ئیمپراتۆر قوستەنتین بێت و دەسەڵاتی دینی بۆ ئەو کەسەی ئەوان هەڵیدەبژێرن و دەبێت بە «پاپا». لەو ڕۆژەوە دین لە دەوڵەت و دەستوور و سیاسەت جودا کرایەوە و هەموو پێی ڕازی بوون.

خاڵێکی تری جەوهەریی ئەم کۆنگرەیە پێناسەی «ماهییەت»ی سەییدنا عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بوو کە مەسیحییەکانی ئەو سەردەمە تێیدا بووبوون بە سێ پۆلەوە، دوو پۆلیان گەیشتنە ئەوەی کە سەییدنا عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) کوڕی خوایە و بۆ سڕینەوەی گوناهی خەڵکی هاتووەتە سەر زەوی، تا کەفارەتی گوناهەکەی سەییدنا ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) بدات!

پۆلی سێیەمیان کە ئەهلی تەوحید بوون و ڕێبەرەکەیان «عەبدوڵڵای کوڕی ئاریۆس» بوو کە «ئەسقووف»ی ئەسکەندەرییەی میسر بوو، ئەو دەیفەرموو: "سەییدنا عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) عەبدی خوا و نێردراوی ئەوە."

کۆنگرە بڕیاری دا: کە: (دەبێت هەموو مەسیحییەک باوەڕی وا بێت کە عیسا کوڕی خوایە!) ئیتر پۆلی «ئاریۆس» (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە کۆنگرەکە کرانە دەرەوە و کەوتنە بەر شاڵاوی کوشتن و ڕاوەدوونان و ئەشکەنجە، ئاریۆس خۆیشی شەهید کرا.

ئیدی لەو ڕۆژەوە دیانەکان لەسەر ئەم گومڕایی و توندوتیژی و سەختگیرییە سوورن، ئەگەرچی دوای هاتنی ئیسلام زۆرینەی دیانەکانی باکوری (ئەفریقا و شام) موسوڵمان بوون، چونکە زۆرینەیان شوێنکەوتەی ئاریۆس بوون.

خوای گەورە بە (ئەهلی کیتاب) بەگشتی و بە (دیان)ـەکان بە تایبەتی دەفەرموێت: ﴿قُلۡ يَٰٓأَهۡلَ ٱلۡكِتَٰبِ لَا تَغۡلُواْ فِي دِينِكُمۡ غَيۡرَ ٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعُوٓاْ أَهۡوَآءَ قَوۡمٖ قَدۡ ضَلُّواْ مِن قَبۡلُ وَأَضَلُّواْ كَثِيرٗا وَضَلُّواْ عَن سَوَآءِ ٱلسَّبِيلِ ٧٧﴾ (المائدة: ٧٧).

واتە: "هۆ ئەهلی کیتاب! (جوولەکە و دیان) توندڕەوی و پەڕگیری لە

دینەکەتانــدا مەکەن، نە ئێــوەی دیــان بڵــێن: عیســا کــوڕی خــوایە و نە جوولەکەکانیش دەرحەقی بێ ئەدەبی بنوێنن کە دەڵێن: کوڕی زینایە! (نعوذ باللە). سەختگیر مەبن لەسەر ئەم گومڕاییەتان، سەختگیری لە وەرگرتن و پابەندبوون و چەسپاندنی حەقدا دەبێت، شوێن هەوا و هەوەستان مەکەون، دید و ڕێی ئەوانەی پێش خۆتان؛ لە مونحەریفەکان مەگرنە بەر.

ئەوانە بە دڵنیاییەوە گومڕا بووبوون و خەڵکێکی زۆریشیان گومڕا کردبوو، ئەوانەشتان کە باوەڕیان بە پەیامەکەی موحەممەد (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەهێناوە، هەر وا گومڕا و سەرگەردانن.. ئەوانە پێشینانتان دید و ڕێی شیرک و کوفریان گرتبووە بەر، ئێوەش وا لەسەر هەمان دید و ڕێ دەڕۆن، ئەمە گومڕاییە."

## * سوننەتە لە کۆتایی خوێندنی «فاتیحە»دا بوترێت: (آمین):

بەڵگە لەسەر وتنی «ئامین» لە دوای خوێندنی سورەتی «فاتیحە»، چ لە نوێژدا، چ لە غەیری نوێژدا زۆرە، لەوانە:

- بوخاری و موسلیم و خاوەن سونەنەکان (ترمزی و ئەبوداود و نەسائی و ئیبنو ماجە)، هەروەها (ئیمامی ئەحمەد و ئیبنو ئەبو شەیبە) و... هتد، لە ئەبو هورەیرەوە (خوا لێی ڕازی بێت) گێڕاویانەتەوە کە فەرموویەتی: (أنَّ رسول الله - صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - قال: إذا أمَّنَ الإمامُ فأمِّنوا، فإنه مَنْ وافَقَ تأمينُه تأمينَ الملائكةِ غُفِرَ لهُ ماتَقَدَّمَ مِنْ ذنبه).

واتە: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: کاتێک ئیمام دەڵێت ئامین، ئێوەش بڵێن ئامین، چونکە وتنی ئامینی هەر کەسێکتان ببێتە هاوکاتی وتنی ئامینی فریشتەکان، ئەوە خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشینی خۆش دەبێت."

ـ (موسلیم و ئەبوداود و نەسائی و ئیبنو ماجە) لە ئەبو مووساوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: (قال رسول الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): **(إذا قرأ (يعني الإمام) ﴿غير المغضوب عليهم ولا الضالين﴾ فقولوا آمين يُحببكم الله).**

واتە: "پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: کاتێک ئیمام خوێندنی ئایەتی (غير المغضوب عليهم)ی تەواو کرد، ئێوە بڵێن «ئامین»، خوای گەورە خۆشی دەوێن."

ـ (ئیمامی ئەحمەد و ئەبوداود و ترمزی) لە وائیلی کوڕی حوجر «وائل بن حجر»ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرموویەتی: **(سَمِعْتُ رسولَ الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قرأ: ﴿غير المغضوب عليهم ولا الضالين﴾ فقال: آمين. وَمَدَّ بِها صَوْتَهُ).**

واتە: "گوێم لێ بوو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کاتێک ﴿غير المغضوب عليهم ولا الضالين﴾ی خوێندەوە، فەرمووی: ئامین. دەنگی وتنەکەشی درێژ کردەوە."

. ڕیوایەتەکەی ئەبوداود دەفەرموێت: (رَفَعَ بها صَوْتَهُ).

واتە: "لە وتنی «ئامین»دا دەنگی بەرز کردەوە."

## * مانای ئامین:

ـ ئیمامـی قورتـووبی لە تەفسـیرەکەیدا دەفەرموێـت: "ڕای زۆریـنەی زانستەوانان (ئەهلی عیلم) ئەوەیە کە «ئامین» بە مانای: (اللَّهُمَّ اَسْتَجِبْ لنا)یە، واتە: خوایە وەڵامان بدەرەوە و دوعاکەمان گیرا بکە."

ـ خوێنـدنەوەی «ئـامین» وەکـوو خوێنـدنەوەی وشـەی «یاسـین»ـە، خوێندەوەیەکی تری «ئەمین»ە وەکوو «یەمین».

«جەوهەری»ی زمـانەوان دەفەرموێـت: "دووپیتکـردن (تشـدید)ی مـیمەکەی ئامین (واتە: ئاممین/ بە دوو میم) هەڵەیە."

. تەفسیلاتی وتنی ئامین لە نوێژدا، وا لە کتێبە فیقهییەکاندایە.

## * هەندێک لەوەی کە لە سورەتی «فاتیحە»وە فێر دەبین:

### یەکەم: جۆرەکانی تەوحیدی لە خۆ گرتووە:

دەزانـین کە بـازنەی ئەهلـی سـوننەت و جەمـاعەت کە بەرانـبەر بـازنەی: (شـیعە و قەدەریـیە و جەبـرییە و جەهمیـیە و... هتـد)ـە، پێـنج مەدرەسـەیە: (ئەشعەری، ماتوریـدی، مـوعتەزیلە، خەواریـج، ئەهلـی حەدیـس)، ئێـرە شـوێنی باسی تەفسیلاتیان نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی من لەسەر دید و ڕێی سەلەفم؛ واتە: «مەدرەسەی ئەهلی حەدیس»، لە ڕوانـگەی ئەم مەدەرەسـەیەوە دەڵـێین: سورەتی «فاتیحە» هەموو جۆرەکانی «تەوحید»ی لە خۆ گرتووە.

ئیمامی تەبەری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە ساڵی (٣٣١ک) کۆچی دوایی کردووە، ئیمامێکی پایەبەرزی ئەهلی سوننەت و جەماعەتە، جگە لەوەی بەو و

بە ئیمامی قورتووبی دەوترێت: «ئیمامانی تەفسیر»، تەبەری لە فەرموودە و فیقهـ و ئوسووڵیشدا ئیمامە؛ سەرمەزهەب بوو، وەکوو چوار ئیمامە بەڕێزەکە ناسراوە کە بریتین لە: (ئەبو حەنیفە و مالیک و شافیعی و ئەحمەد).

ئیمامی تەبەری لە سەرئەنجامی ئیستیقرائدا (واتە: سەرنجدان و لێکۆڵینەوە و تێفکرین لە ئایەتەکانی قورئان) گەیشتە ئەوەی کە «تەوحید» سێ جۆرە:

**یەکەم: (توحید الربوبیة)**، واتە: پەروەردگارێتی کە بریتییە لە: باوەڕ بوون بە تاک و تەنیایی خوای گەورە لە کار و فەرمانەکانیدا، لە خەلقکردن و ڕۆزیدان و هیدایەتدان، لە ژیاندن و مراندن، لە سوودگەیاندن و زیان لێ دوور خستنەوە؛ لە مشوورخواردن و ئاگالێبوون و سەرپەرشتیکردن، لە چاودێری و تەگبیرکردن و پەروەردەکاری و هەموو ڕەفتارێکی تری شیاو. ئایەتەکانی زیاتر لە (سەد و پەنجا) ئایەتن.

**دووەم: (توحید الألوهیة)**، واتە: پەرستن کە بریتییە لە: باوەڕ بوون بە شایانێتیی خوای تاک و تەنیا، بە پەرستن و مومارەسەکردنی پەرستنەکان لەبەر خاتری ئەو (بە نییەتپاکی) و ئەو شێوازانەی کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردوونی، ئەمە جگە لە مەراسیمەکانی خواپەرستی کە لە خودی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەرگیراون، وەک: (نوێژ و ڕۆژوو و حەج و زەکات و قوربانیدان و پاڕانەوە و تکاکردن و گوێڕایەڵی و ملکەچی و سوجدە بۆ بردن) و... هتد؛ (کە لە قورئانیشدا زیاتر لە سی ئایەتیان لەسەرە)، هەموو ڕەفتارێکی تری شیاوی دنیاییش دەبێتە خواپەرستی بە دوو مەرج:

١. بە نیازپاکییەوە لەبەر خاتری خوای گەورە کرابێت.

٢. بەڵگەیەکی لە شەرعدا هەبێت (ئایەت، یان فەرموودە، یان کۆڕا ئیجماع و بەراورد/ قیاسی ڕاست).

بە هەبوونی ئەم دوو مەرجە، خوێندن و کاسبیکردن و سەردانی یەکتری،

پزیشـکی و مامۆسـتایەتی و کارمەنـدی، جووتیـاری و سـەپانی و کرێکـاری و سەدان جۆرە ڕەفتاری تر؛ هەموویان دەبنە خواپەرستی و پاداشتی خواپەرستییان لەسەرە (واللە أعلم).

**سێیەم: (توحید الأسماء والصفات)،** واتە: تاک و تەنیایی خوای گەورە لە نـاو و سـیفاتیدا کە بـریتییە لە: بـاوەڕ بـوون بەوەی کە خـوای گەورە هەمـوو سیفەتەکانی تەواون و دوورە لە هەموو کەموکورتی و نوقسانییەک، هەر خوای گەورە لە وجووددا وایە، غەیری خوای گەورە مەخلووقاتی فەرمانی قەدەرییانەی ئەوە.

ئەمەش بەوە دەبێت کە سیفەتەکانی خوای گەورە وەکوو خۆیان وەربگرین، بێ ئەوەی بیانچوێنین بە هیچ (تشبیە) شتێک، چونکە شتی تر مەخلووقە، بێ ئەوەی چۆنێتی و شـێوازیان بـۆ دابنێـین (تکییـف)؛ هەروەهـا بـێ پەکخسـتن و وەلکردن (التعطیـل) و بێگۆڕینی ماناکـانی بـۆ شتگەلێک کە لە هزری مرۆڤدا هەن و ماددین.

واتە: بـێ (التأویـل). دوورکەوتـنەوە لەم چـوار ڕەفتـارە: (التشـبیە، التکیـف، التعطیل، والتأویل) ئیقتیدا کردنە بە سەلەف، بە یاوەران و پێشەوایانی تابیعین و تابیعی تابیعین کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مەدحی کردوون.

ئەوەی سـەرەوە، پـوختەی دیـد و بۆچـوونی ئیمامـی تەبەریـیە کە بـوو بە ڕەنگرێژیی مەدرەسەی ئەهلی حەدیس لە عەقیدەدا.

ئیمامی ئیبنو تەیمییە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە (ساڵی ٧٢٨ک) کۆچی دوایـی کـردووە، ئەم سێ جۆرە تەوحیـدەی بە تەفسـیرێکی زانسـتییانەی قـووڵ شـەرح کرد و ڕەتی ڕاوبۆچوونی هەموو مەدرەسـەکانی تری سوونني و شیعە و ئەوانی تری دایەوە.

شـەرحەکەی بەرگـی گەورەی یەکەمە لە کتێبـی (مجمـوع الفتـاوی)کەی کە

(٣٧) بەرگە، هەر ئەوەشـە کە زانایـانی سـەلەفی سـەردەم لەسـەرین، نە لێـی لادەدەن، نە بۆی زیاد دەکەن.

## * جۆرەکانی تەوحید لای ئیمامی ئیبنولقەییم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت):

ئیمامی ئیبنولقەییم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە (ساڵی ٧٥١ک) وەفاتی کردووە، یەکێکە لە چوار قوتابییە سەرەکییەکەی ئیمامی ئیبنو تەیمییە، بەڵکوو یەکەمین سەرخەری ئیمامەکەیەتی.

ئیمامی ئیبنولقەییم، پێشەوایەکی گەورەی عەقیدە و ئوسووڵ و تەفسیر و فەرموودە و شەرع و زمانی عەرەبییە، جگە لەوەی کە پێشەوایەکی کاریگەری پاڵفتەی دەروون (تەزکیەی نەفس)ـە کە بەڕاستی «ئیمامی عیرفانییەتی سەلەفییەکانە».

- ئەم ئیمامە بەڕێزە، هەر لە سەردەمی مامۆستاکەشیدا، تەوحیدی دەکرد بە دوو جۆر:

١. توحيد المعرفة والإثبات: واتە: تەوحیدی ناسین و سەلماندنی سیفەتەکانی خوای گەورە.

٢. توحيد الإرادة والقصد: واتە: تەوحیدی ویست و مەبەست.

یەکەمیان: ناسینی خوای گەورەیە وەکوو خۆی کە هەیە.

دووەمیان: ڕوو کردنە خوای گەورەیە بە نیازێکی پاکی پەرستن، بە باوەڕێکی پتەو، بە بێوێنەیی ئەو لە شایانێتیی پەرستندا.

یەکەمیان، ناسینی خوای گەورەیە، دووەمیان، پەرستنی خوای گەورەیە.

ئیمامی ئیبنولقەییم ئەمەی بە تەفسیل لە بەرگی یەکەم و سێیەمی (مدارج السالكين) و هەندێک کتێبی تردا شەرح کردووە.

## * کێشەی تەوحیدی حاکمێتی:

دوای هاتنی ئیستیعماری ئەوروپایی بۆ وڵاتی موسوڵمانان و ڕماندنی دەسەڵاتی سیاسیی وڵات و لادانی شەرعییەتی ئیسلام لە حوکمڕانی و لاوازکردنی دین و دینداری و زیادکردنی نەزانینی دینەکە و بایەخدان بە دید و ڕێی فەلسەفییانەی ڕۆژئاوایی بۆ ژیان و گەردوون و مرۆڤ، بۆ (خالق و مەخلووق)، بۆ دین و دنیا، هەموو بە دیدی عەلمانییەت (سکۆلاریزم) کە دینی لە هەموو چالاکییەکی ژیان و ئاراستەکردن دوورخستەوە؛ لە: حوکمڕانی و سیاسەت، لە دەستوور و یاسا، تەنانەت لە هونەر، تا لای خۆیان «مەسیحێتی»یان کەنار خست، زۆریان هەوڵدا ئیسلامیش وا لێ بکەن، بەڵام ئەوەتا دوای دوو سەد و پەنجا ساڵ، لە هەوڵی عەلمانییەتیان بە زۆری سەربازی و ئەمنی، بە دەستوور و یاسا و حوکمڕانی، بە فێرکاری و ڕاگەیاندن و حزبایەتیی فشە؛ بە پارە و پلە و پایە و بە چەواشەکاری و درۆ و فریودان، بەڵام (الحمدلله) ئێستای ئیسلام و موسوڵمانان، لە هەموو ئەو سەردەمانەی ئەو دوو سەد و پەنجا ساڵە بە هێزترن، هەرچەندە دەسەڵات و دەستووریشیان لەدەسەتدا نەماوە.

یەکێک لەو کێشە فیکرییانەی ئیستیعمار کردی بە فیتنە لەناو موسوڵمانان‌دا، کێشەی حاکمێتی و مافی یاسا و ڕێسا دارشتن و داوەری بوو.

ئەوان دەیانوت: ئەمانە کاری سیاسەتمەدارانی هەڵکەوتەی گەلەکانن و هیچ پەیوەندیی بە خوا و بە پێغەمبەر و بە دین و کولتوورەوە نییە.

ئەمە وای کرد موسوڵمانان کە باوەڕیان بە حاکمێتیی شەرع هەبوو کە

سیستەمی خیلافەت بە درێژایی مێژووی حوکمی ئیسلامی (١٢٩١ ساڵ) مومارەسەی دەکرد و داوەریی خەڵکی دەکرا و کێشەکانیان لای شەرع یەکلا دەکرایەوە، لە سەرەتای سەدەی ڕابردوودا (سەدەی بیستەم) زاناگەلێکی وەکوو عەبدولڕەحمان کەواکیبی و فەرموودەوان: ئەحمەد شاکر و عەللامە ئەبو ئەعلای مەودوودی و عەبدلقادر عۆدە (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم پیلانە چوونە مەیدانی موناقەشەی عەلمانییەکان و بەرپەرچیان لەم بۆچوونە نامۆیەدا دانەوە.

ئەم دەبەریەکڕاچوون و ململانێتییە «کێشەی حاکمێتی»ی کرد بە خاڵێکی جەوهەریی «دین»ـەکە، بەڵام کە (سەیید قوتب و محەمەد قوتب و عەلی جەریشە و عەبدولمەجید شازل) و پاشان دەیانی تری وەکوو: (ئەبو بەصیر و عەبدولئاخر حەماد و ئەبو قەتادەی فەلەستینی) و... هتد، «کێشەی حاکمێتی»یان کرد بە جۆرێکی تەوحید، یان ڕوکنێکی سەرەکیی تەوحید.

ئەمجارە لەناو موسوڵمانادا بوو بە مایەی «موناقەشە» کە ئایا حاکمێتی جۆرێکی سەربەخۆی تەوحیدە، یان بەشێکە لە جۆرێک لەو سێ جۆرەی مەدرەسەی حەدیس باسی دەکەن؟

ـ زاناگەلێکی وەکوو: (بن باز و ئەلبانی) فەرموویان: بەشێکە لە (توحید الألوهية).

ـ زاناگەلێکی وەکوو: (بن عثیمین و مەودوودی) فەرموویان: بەشێکە لە (توحید الربوبیة).

ـ زاناگەلێکی وەکوو: محەممەد جەمیل زینۆ فەرموویان: بە شێکە لە (توحید الاسماء والصفات).[١]

---

[١] لەم کاتەشدا موخابەراتی عەرەبستانی سعودی (فیتنە)یەکی داهێنا و ئەوەی بڵاوکردەوە کە (العقيدة أولاً أم الحاكمية؟) واتە: کامیان جێی بایەخی یەکەمە؟

ئینجا لە بەرانبەردا «ابو ایثار محمد المقري» کتێبێکی بەناوی: (توحيد الحاكمية) نووسی کە تێیدا باس لە سەرەتای دابەشکاریی جۆرەکانی تەوحید دەکات کە ئیجتیهادێکی پێشەوایانی دینەکەیە و هیچ بەڵگەیەکی قورئان و سوننەتی لەسەر نییە.

بۆیە دابەشکارییەکە کاری «غەیرە مەعسوومە» و بەبێ بەڵگە فەرز ناکرێت، پاشان لەم سەردەمەدا کە «حاکمێتی» وا زەق بکرێتەوە و بناسرێت کە مافی خوای گەورەیە و جۆرێکە لە تەوحید، چاکتر و ئاسانترە بۆ تێگەیاندنەوەی موسوڵمانان لەم کێشە گەورەیەی دنیا و قیامەتی پێوە بەندە.

منیش لە ئیستقرائی (واتە: سەرنجدان و کۆڵینەوە و تێفکرین) ئایەتەکانی یاسا و ڕێسا دانان (تشريع) و حوکمڕانی (الحكم) و داوەریکردن (القضاء)دا، پاشان لە بەدواداچوونی موناقەشەی حاکمێتی و خوێندنەوەی دەیان کتێب و زانینی ڕاوبۆچوونی زۆرینەی پێشەوا و زانایان و بیرمەندانی سەردەم، گەیشتمە ئەوەی کە تەوحیدەکە دەکرێت ئەوەی ئیمامی ئیبنولقەییم وەربگیرێت و «تەوحیدی حاکمێتی»ی بۆ زیاد بکرێت، چونکە (توحيد الأسماء والصفات) بەپێی دید و پێناسەی ئیبنولقەییم هەر لە (توحيد الربوبية)کەدایە.

کە وا بوو: جۆرەکانی تەوحید لە دید و تێڕوانین و پێناسەی منی خزمەتکاری زانایاندا، ئەم سێ جۆرەیە:

یەکەم: خواناسی.

دووەم: خواپەرستی.

سێیەم: حاکمێتی.[١]

---

عەقیدە، یان حاکمێتی؟ تا بڵێ عەقیدە (بێ حاکمێتی) دید و ڕێی وەهابیێتییەکەی خۆمانە و سیاسەتی تێدا نییە.

(حاکمێتی) ئەوە فیکری سیاسیی ئیخوانە کە دەسەڵاتی سیاسییان دەوێ بۆ خۆیان، وەکوو ئەوەی حاکمێتی عەقیدە نەبێت.

[١] الحمد لله کتێبێکی سەربەخۆم لەسەر «تەوحیدی حاکمێتی» نووسیوە.

یەکەمیان: هەر ئەوەی ئیمامی ئیبنولقەییمە کە ناوی ناوە: (توحید المعرفة والإثبات).

دووەمیشیان: هەر ئەوەی ئەوە کە ناوی ناوە: (توحید الإرادة والقصد).

سێیەمیشیان: ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا دوای موناقەشەیەکی زۆر، خەریکە جێی خۆی لەم باسەدا دەکاتەوە و دەچەسپێت، بە تایبەت کە جیهادییەکان تەبەنناى دەکەن.[١]

## * تەوحیدی حاکمێتی:

ـ لەوەتەی هێز و دەسەڵاتی باڵا و ئیدارەی حوکمڕانی لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا پەیدا بووە، ئەوە بووەتە شتێکی بەڵگەنەویست کە ئەو خاوەن دەسەڵاتە سەروەری و باڵایەیە کە هەموو مافەکانی یاسا دانان (التشریع) و حوکمڕانی (الحکم) و داوەریکردن (القضاء)ی هەبووە.

لە سەردەمی هەموو پاشا و ئیمپراتۆر و کیسرا و قەیسەرەکاندا، هەر وا هاتووە، بۆیە هەر کەسێک قسەیەکی لە قسەی خاوەن سەروەرییەکەدا کردبێت لێی قەبووڵ نەکراوە و بە بێبایەخ لە قەڵەم دراوە.

لە سەرەتای هاتنی ئیسلامەوە، تا ساڵی (١٨٣٩ز) کە یەکەمین یاسای ئەورووپایی فەرز کرا لەسەر سوڵتانی عوسمانی، هیچ خەلیفە و دەسەڵاتدارێکی باڵای ناو ئوممەت، یاسا و فەرمانێکی دەرنەکردووە کە پێچەوانەی شەرع بووبێت، چونکە لەوە دڵنیا بووە کە (یاسا دارِشتن) مافی خوای گەورەیە و بەس.

پێشەوایانی شەرع و زانایانیش کە پاسەوانی دینەکە بوون، لە کەسیان قەبووڵ نەکردووە یاسا دابڕێژن، بەڵکوو دژی کردارە ناشەرعییەکانیش بوون کە ئەوانیش هەر وەکوو مرۆڤی تر کردوویانن.

---

[١] هەندێک لە «ئیسلامییە حیزبییەکان» بۆ لاوازکردنی جیهادییەکان، ئەم بیدعەیەیان داهێنا کە «حاکمێتی لە سیاسەی شەرعیدایە، نەک لە عەقیدەدا».

ـ ئەمە مێـژووی دەسـەڵاتە مەرکەزییەکـانی مێـژووە، تـا سـەرکەوتن و جێگیربـوونی شۆڕشی فەرەنسا (ساڵی ١٧٨٩ز) کە ئیتر ئەو سێ ماف و ئەرکە بەسەر سێ دەزگادا دابەش کرا:

■ یاسا داڕشتن، بوو بە ماف و ئەرک و دەسەڵاتی ئەنجوومەنی نیشتمانی (پەرلەمان).

■ حوکمڕانی، بـوو بە مـاف و ئەرک و دەسـەڵاتی حکـومەت (سـەرۆک و سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان).

■ داوەریکردن، بوو بە ماف و ئەرک و دەسەڵاتی دادگا.

ئەم سـێ دەزگـایە، تـا ئێسـتا لە وڵاتە دیموکراسـییەکاندا هەن و کـاری ڕۆژانەی خۆیان دەکەن.

ئیمامی مەودوودی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە ساڵی (١٩٧٩ز) کۆچی دوایی کردووە و خۆی یاساناس بوو و زانایەکی شەرع و بیرمەندێکی فیکری سیاسییش بوو، دەیزانی کە «مرۆڤ» هیچ کام لەم سێ مافەیان نییە، ئەمانە مافی خوای تاک و پاکن.

بـۆیە ئەو، وشـەی (حاکمیـت)ی[١] زمـانی ئـۆردوی بـۆ بەکـار هێنـا کە لە بەرانبەریـدا وشـە ئینگلیزییەکەشـی (Sovereignty) دەنووسـی[٢] کە بە مانـای سەروەرێتی (السیادة)یە.[٣]

---

[١] (حاکمیَّت) لە زمان ئۆردودا، (الحکم)ی عەرەبی نییە و (الحاکمیة)یش نییە، ئەو کەسانەی ئەمەیـان لە( ئیمامـی مەودوودی) وەرگـرت هەر بە مانـای «دەسـەڵات بـاڵای حـوکمڕانی» وەریانگرت، نەک بە مانای سەروەرێتی کە هەر سێ دەسەڵاتە ئاماژە پێ کراوەکە دەگرێتەوە. دەبێت بزانین کە (حاکمیَّت) ئۆردوییە، نەک عەرەبی.

[٢] بۆ نموونە: لە (المصطلحات الأربعة: چوار زاراوەکەی قورئان)، وەرگێڕانی ئەحمەد قەرەنی، بڵاوکار نووسینگەی تەفسیر، چاپی سێیەم ١٤٤١ک/ ٢٠٢٠ ز، ل ١٥٥.

[٣] فەرهەنگی ئینگلیزی/ عەرەبیی ئۆکسفۆرد (oxford Arabic Dictionary)/ سەرنووسەر تریسی ئارنس (Tressy Arts)، چاپی یەکەم ٢٠١٤، بڵاوکار (oxford univeritypress) ل ١٧٥٨.

واتە: ئەو دەسەڵاتە باڵایەی کە هیچ دەسەڵاتێکی لە سەرووەوە نییە.

## * پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و حاکمێتی:

ئەوەی پاشا و ئیمپراتۆر و خاوەن دەسەڵاتە باڵاکان بە مافی خۆیان دەزانی لە: یاسادانان و حوکمڕانی و داوەریکردنی نێوان خەڵکیدا، مافی خوای گەورەن کە پێغەمبەرە بەڕێزەکانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ڕادەسپارد جێبەجێکاری بن لەسەر زەمین، چونکە حاکمێتی بە هەر سێ مافەکەیەوە ئەرکێکە لە ئەرکەکانی بریکاری خوای گەورە (ئیستیخلاف) لەسەر زەمین کە خوای گەورە مرۆڤی بۆ خەلق کرد و ناردییە سەر زەمین.

سەییدنا ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) یەکەمین بریکار و جێبەجێکاری حاکمێتیی خوای گەورە بوو لەسەر زەمین، هەموو پێشەوا و زانا و بیرمەندانی ئیسلام لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە سەییدنا ئادەم (سەلامی خوای لەسەر بێت) یەکەمین بریکار بووە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗ﴾ (البقرة: ٣٠).

واتە: "کاتێک کە خوای پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو: من خوازیارم بریکارێک لەسەر زەمیندا دابنێم"، دوای جەنابی (سەلامی خوای لەسەر بێت)، هەموو پێغەمبەر و نێردراوێکی خوای گەورە دەبوونە بریکار و جێبەجێکاری حاکمێتیی خوای گەورە کە یەکێکە لە ئەرکەکانی بریکاری (ئیستیخلاف).

هەر وەک چۆن بە سەییدنا داودی (سەلامی خوای لەسەر بێت) فەرموو کە پێغەمبەر و پاشا بوو: ﴿يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلۡنَٰكَ خَلِيفَةٗ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱحۡكُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلۡهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ...﴾ (ص: ٢٦).

واتە: "ئەری داود! ئێمە جەنابتمان بە بریکار لەسەر زەمین داناوە، دە سا

جەنابیشت لە حوکمڕانی و داوەریی نێوان خەڵکیدا، بە حەقەوە پابەند بە و نەکەویتە پێش هەوا و هەوەسەوە، چونکە گومڕا دەبیت و ڕێی خواویستی برز دەکەیت."

سەییدنا داود کە ئەو وەحیەی بۆ هاتووە، پاشا بوو، هەر سێ مافەکانی: سەروەریتی (السیادة)ی لەدەستدا بوو، لەبەر ڕۆشنایی وەحییە حەقەکەدا، یاسا و ڕێسای دادەڕشت، فەرمان و بڕیاری دەردەکرد کە بێ چەند و چوون جێبەجێ دەکرا، داوەریی نێوان خەڵکی دەکرد و کێشەکانیانی یەکلا دەکردەوە.

کەس نەبوو شوێنکەوتووی بووبێت و دید و ڕێی پێچەوانەی «حاکمێتی»یەکەی جەنابی (سەلامی خوای لەسەر بێت) ڕەفتاری کردبێت، چونکە ئەگەر کەسێک خۆی، یان کەسێکی تری بە خاوەن یەکێک لەو سێ مافەی «حاکمێتی»یەکە بزانیایە، ئەوا کافر دەبوو؛ لە ڕیزی موشریکان ئەژمار دەکرا، نەک لە ڕیزی سەییدنا داود (سەلامی خوای لەسەر بێت) و موسوڵمانانی شوێنکەوتووی.

پێغەمبەرانی تریش (سەلامی خوایان لەسەر بێت) هەر وا بوون، بەڵام هەیانە گەیشتووەتە دەسەڵات و حاکمێتیی گرتووەتە دەست، هەیانە پێش ئەوە کۆچی دوایی کردووە وەکوو سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت)، یان شەهید بووە وەکوو سەییدنا زەکەرییا و یەحیا (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و... هتد.

پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەوانە بوو کە دەسەڵاتی باڵای «حاکمێتی»یان کەوتە دەست و بوو بە بریکار و جێبەجێکاری ئەرکەکانی ئیستیخلاف، هەر وەک چۆن خوای گەورە بە جەنابیشی فەرموو: ﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ وَلَا تَكُن لِّلۡخَآئِنِينَ خَصِيمٗا ١٠٥ ﴾ (النساء: ١٠٥).

واتە: "ئێمە حەقخوازانە ئەم پەیامەمان بۆ ناردوویەتە خوارەوە، تا حوکمی

نێـوان خەڵکیـی بەو شـێوەیە پـێ بکەیـت کە خـوای گەورە نیشـانی داویـت و ئاراسـتەی کردوویـت. نەکەی ببیـتە بەرگریـوانی (خائین)ـان، ئەوانەی دەبـوو هەڵگری پەیامەکەت بن، کەچی وەریان نەگرت و پشتیان تێ کرد."

ئـاوا دەبینیـت خـوای گەورە کە خـۆی خـاوەنی مافەکـانی دەسـەڵاتدارێتیی مەرکەزیـی بـاڵا و سـەروەرێتییە، نێردراوەکـانی خۆی (سـەلامی خوایـان لەسـەر بێـت) ڕاسـپاردووە کە بریکـار و جێبەجێکـاری تەوحیـدی پەروەردگـارێتی و تەوحیدی پەرستن و تەوحیدی حاکمێتیی بن، لە بەرچاوی خەڵکی مومارەسەیان بکەن، تا خۆیان ببنە مەشخەڵی ئیقتیدا پێ کردن لە ژیانی خۆیاندا و سەرچاوەی ئیجتیهاد لە دید و ڕەفتاریان لە دوای وەفاتیان.

کە وا بـوو: «حـاکمێتی» مـافی خـوای گەورەیە و خـوای گەورە خـۆی پێغەمبەرە بەڕێزەکانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بۆ کردوون بە «خەلیفە»، تا بریکـار و جێبەجێکـاری بـن. ئەوە عەقیـدەی نەگـۆڕی موسـوڵمانە و قـابیلی موناقەشە نییە، چونکە فەرزێکی عەقیدە و شەریعەت و بانگەوازەکەیەتی.

بـۆیە دیـدی عەلمـانییەت کە دیـن لە حـوکمڕانی و سیاسـەت جیـا دەکـاتەوە، دیـدێکی کـوفرینە و هەر کەسـێک بـاوەڕی پێـی هەبێـت کـافرە، گەرچـی مومارەسەشی نەکردبێت!

بەڵام ئەوانەی شـەریعەتی خوا کەنـار دەخەن و بە غەیری دینـی خوا، حـوکم دەکەن، ئەوانە سێ حوکمی کافربوون دەیانگرێتەوە:

١. لادانی شەریعەتی ئیسلام لە حوکمڕانی و داوەریی نێوان خەڵکی.

٢. داڕشتنی یاسای پێچەوانە بە شەریعەتی ئیسلام، یان هێنانی لە دەرەوە.

٣. حـوکم کـردن و فەرزکردنـی یاسـا پـێچەوانەکە، بەسـەر دادگـا و داوەر و خەڵکەکەدا.

## * ئەم سێ مافەی سەروەرێتی (السيادة) لە قورئاندا:

وتمان: سەوەرێتی و «حاکمێتی»، سەلماندن و چەسپاندنی هەر سێ مافەکانی: یاسادانان (التشريع) و حوکمڕانی (الحكم) و داوەریکردن (القضاء)ـە بۆ خوای تاک و پاک کە بە دەیان ئایەتی قورئان ئەم مافانەی بۆ خۆی سەلماندووە و وەکوو جۆرەکانی تری تەوحید ڕێگای نەداوە کەس هاوبەشی هیچ مافێکیان ببێت، بە هیچ ڕادە و بڕێک، بە هیچ شێواز و چۆنێتییەک، هەر وەک چۆن ڕێگای نەداوە کەس خۆی؛ یان کەسانی تر بکاتە هاوبەشی خوای گەورە لە پەروەردگارێتیدا، یان لە پەرستندا.

بە هەمان شێوە جەختی لەوە کردووەتەوە کە کەس بۆی نییە بەرنامەی ژیان و دەستوور و یاسا دابڕێژێت کە پێچەوانە بن لەگەڵ دینەکەی ئەودا، کەس بۆی نییە حوکم بەبێ شەریعەتەکەی ئەو بکات، کەس بۆی نییە داوەریی نێوان خەڵکی بە غەیری شەریعەتەکەی ئەو بکات. هەر کەسێک لە هەر بوارێکیاندا، پێچەوانە کاری کرد، حەتمەن (کافر و فاسق و زاڵم)ـە

## ئەمەش سێ مافەکەی حاکمێتی کە بریتین لە: (ڕوکنەکانی تەوحیدی حاکمێتی):

### یەکەم: تەوحیدی یاسادانان (التشريع):

خوای گەورە لە باسی ئەوەدا کە یاسا دارشتن و بەرنامە دانان، تەنیا مافی خۆیەتی و مومارەسەی کردووە، دەفەرمویێت: ﴿۞ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ

ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ كَبُرَ عَلَى ٱلْمُشْرِكِينَ مَا تَدْعُوهُمْ إِلَيْهِۚ ٱللَّهُ يَجْتَبِيٓ إِلَيْهِ مَن يَشَآءُ وَيَهْدِيٓ إِلَيْهِ مَن يُنِيبُ ﴿١٣﴾﴾ (الشورى: ١٣).

واتە: "خوای گەورە «یاسا و ڕێسای دینی»ی بۆ داڕشتوون و بۆی ناردوون، لە هەموو ئەو ئەحکامە دینییانەی کە پێشتر بۆ نووحی (سەلامی خوای لەسەر بێت) ناردبوو، هەروەها ئەوەی تایبەت بە جەنابی و ئەوانەش کە وەکوو ڕاسپاردەی خۆمان دابوومان بە (ئیبراهیم و مووسا و عیسا) (سەلامی خوایان لەسەر بێت) کە دینەکە پیادە بکەن و نەکەونە ناکۆکییەوە و تەفرەقەیان تێ نەکەوێت (لە تێگەیشتن و ممارەسەکردنیدا).

ئەم بانگەوازەی جەنابت موشریکانی بۆ بانگهێشت دەکەیت، زۆر لە سەر دڵیان قورسە، بە کێشەیەکی ئێجگار گەورەی دەزانن، خوای گەورە لەنێوان نێردراوانی خۆیشیدا، هەندێکیان بۆ فەرمانی تایبەتی خۆی هەڵدەبژێرێت، خوای گەورە ڕێنمایی ئەو کەسە دەکات کە بەرەو ئەو دێتەوە."

- لە سورەتی (الجاثية)شدا ڕۆشن و ئاشکرا و ڕاشکاو دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾﴾ الجاثية: ١٨).

واتە: "پاشان جەنابتمان خستە سەر دید و ڕێباز و ئەحکامی شەریعەتێک[1]، دە سا جەنابیشت شوێنی بکەوە، شوێن هەوا و هەوەسی ئەو کەسانە نەکەویت کە نازانن."

کە وا بوو: ئەو کەسانەی یاسا و دەستوور و ڕێسا و بەرنامەی کۆمەڵکاری

[1] شەریعەت لە سەردەمی یاوەراندا، هەر وەکوو مانای قورئانی، مانای هەموو دینەکە بوو، لە سەدەکانی دواییدا گۆڕا بۆ مانای «فیقه»، واتە: ئەحکامەکانی خواپەرستی و سەودا و مامەڵە و... هتد.

و ئیدارەی دەوڵەت و ئاراستەی کۆمەڵگە، دوور لە دینی خوا دادەڕێژن، نەزان و نەفامن، کافر و موشریکیشن؛ ئیتر چۆن دەشێت خەڵکی بە خۆیان بڵێن موسوڵمان و شەریعەتەکەی خوای زانا و دانا و بە دەسەڵات بخەنە لاوە و یاسا و ڕێسا و بەرنامەی نەزانان بهێننە جێ و بیکەنە دەستوور و ڕێبازی ژیانیان؟!

- **شیرکی یاسادانان:**

خوای گەورە لە قورئاندا کە باسی «تەوحیدی پەروەردگاریێتی» دەکات، باسی کوفر و شیرکی بەرانبەر ئەو جۆرە تەوحیدەش دەکات، هەروەها کە باسی «تەوحیدی پەرستن» دەکات، باسی کوفر و شیرکی ئەو جۆرە تەوحیدەش دەکات؛ بۆ «تەوحیدی حاکمێتی»یش هەر وایە.

ئەو دوو ئایەتەی بە نموونە لەسەر «تەوحیدی یاسا دارشتن» هێنامانەوە کە لقێکە لە «تەوحیدی حاکمێتی»، لەبەرانبەریشیاندا دەیان ئایەت هەن کە باسی «کوفر و شیرکی یاسا دارشتن» دەکەن، وەکوو:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُاْ شَرَعُواْ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُۚ وَلَوْلَا كَلِمَةُ ٱلْفَصْلِ لَقُضِىَ بَيْنَهُمْۗ﴾ (الشورى: ٢١).

واتە: "یان هەڵبەتە هاوبەشیان لەوەشدا بۆ خوای گەورە داناوە، تا یاسا و ڕێسا و بەرنامەی ژیانیان بۆ دابڕێژن، پێچەوانەی ڕەزامەندیی خوای گەورە! ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە کە خوای گەورە بڕیاری داوە موحاسەبە و سزادانیان دەخاتە ڕۆژی دوایی[1]، داوەریی دەکردن و لە ژیانی دنیایاندا دەیخستنە بەر سزای سەختی خۆیەوە."

لەم ڕوانگەیەوەیە کە خوای گەورە هەموو یاسا و ڕێساکانی قوڕەیشی

[1] کە دەفەرموێت: ﴿بَلِ ٱلسَّاعَةُ مَوْعِدُهُمْ﴾ (القمر: ٤٦)، واتە: "کاتی موحاسەبەکردنیان ڕۆژی قیامەتە."

دەربارەی جەنگ و ئاشتی و ماڵات و خاوەنێتی و... هتد، بە یاسای کوفر دەناساند و هەر هەمووی ڕەفز کردەوە، هەر وەک چۆن لە باسی حەرامکردنی کاتی جەنگ و ئاشتییاندا دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلنَّسِيٓءُ زِيَادَةٞ فِي ٱلۡكُفۡرِۖ يُضَلُّ بِهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُحِلُّونَهُۥ عَامٗا وَيُحَرِّمُونَهُۥ عَامٗا لِّيُوَاطِـُٔواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُۚ زُيِّنَ لَهُمۡ سُوٓءُ أَعۡمَٰلِهِمۡۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٣٧﴾ (التوبة: ٣٧).

ئەهلی جاهیلییەتی پێش ئیسلام لە سەرانی قوڕەیش و... هتد، ئەوەیان کردبوو بە ڕێسای کۆمەڵایەتیی ناو خۆیان کە نابێت لە چوار مانگەکانی: (ذي القِعدة، ذي الحجة، مُحرَّم، رَجَب)دا جەنگ بکەن، دەبێت هەموو هۆز و تیرەیەکی عەرەب لەو چوار مانگەدا لە ئەماندا بن، تا کاروباری ساڵەکەیان ڕێک بخەن؛ بەڵام کە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارێکیان دەکەوتە مەترسییەوە، یان هەلی تۆڵە سەندنەوە بۆ هۆزێک دەڕەخسا، هەندێکیان بڕیاریان دەدا کە لە یەکێک لەو چوار مانگەدا شەڕ بەرپا بکەن، پاشان مانگێکی تریان لە هەشت مانگە باقییەکەی ساڵ دەخستە جێی!

بۆ نموونە: کە شەڕیان بخستایەتە مانگی ڕەجەبی ئەو ساڵەوە، دواتر مانگی «سەفەر»یان دەکرد بە «مانگی حەرام» لە جیاتیی «ڕەجەب»، ئیتر ئەو ساڵە شەڕ لە مانگەکانی: (ذي القعدة، ذي الحجة، محرَّم + صَفَر)دا ڕووی نەدەدا!

خوای گەورە لەم ئایەتەدا باسی ئەم ڕەفتارەیانی کردووە و یاساکەیانی بە کوفر ناساندووە، چونکە لە دید و تێڕوانینی کوفرین و بەرژەوەندیی تاغووتەکانیانەوە هاتووە، فەرمووی: "دواخستنی مانگی ئەمان (الأشهر الحرم) و گۆڕینی بۆ مانگی تری داهاتوو، کوفرێکی زێدەیە (کوفری دوو بەرابەرە)."

ئەمە دەبێتە مایەی گومڕایی کافران خۆیان کە ساڵێک شەڕکردنی تێدا بە حەرام دەزانن و ساڵێکی تر بە حەڵاڵ! لافی ئەوەشیان لێ دەدا کە بۆیە وا

مانگێکی تر لە شوێنی مانگە ئەمانە شکێنراوەکە دادەنێنەوە، تا لەگەڵ ئەحکامی دینی خوادا یەک بگرێتەوە کە گوایە چوار مانگە حەرامەکەی دیاری کردووە. واش نەبوو!

دەبینیت خوای گەورە خودی یاساکە کە یەکەم جار دوور لە وەحیی خوایی دایانڕشتووە و دواییش ئاڵوگۆڕیان بە ناوی خوای گەورەوە بەسەردا هێناوە، بە «دوو جار کوفر» ناساندوویەتی، چونکە جاری یەکەمیش کە دایانڕشتووە کوفر بووە، جاری دواتریش کە گۆڕیویانە، هەر کوفر بووە.

ئایەتی تریش لەم بارەوە زۆرن، بۆ نموونە وەکوو: (سورەتی الانعام: ١٣٦ - ١٤٠).

* یـــان ئـــایەتی: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ...﴾ (التوبة: ٣١).

واتە: "زانـا و ڕاهیبەکـانی خۆیـان لە جیـاتیی خـوای گەورە کردبـوو بە خـوای خۆیان!"

ئیمامی شەوکانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە تەفسیرەکەیدا (فتح القدير)، لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت:

"مانـای ئـایەتەکە ئەمەیە، چـونکە گوێڕایەڵییـان دەکـردن و ملکەچییـان بـۆ فەرمانەکانیـــان دەردەبـــڕی (چ بە ئەنجامـــدان، یـــان بە بەرهەڵســـتی ئەوان و ئەنجامنەدانی ئەمان)، ئەمە دانانیان بوو لە مەنزیلەی خوایەتیدا، چونکە فەرمان و بەرهەڵســـتییەکانیان وا ڕادەپەڕانـــد؛ هەر وەکـــوو ڕاپەڕانـــدنی فەرمـــان و بەرهەڵستیی خوای گەورە."

لە شوێنی تردا تەفسیلاتی زیاترم لەسەر ئەم ئایەتە و هۆی هاتنە خوارەوە و ڕای زانایان نووسیوە کە ئێرە شوێنی ئەو تەفسیلاتە نییە.

## دووەم: تەوحیدی حوکمڕانی (حاکمێتی):

حوکمڕانی دوو لقە: ئیدارەی دەوڵەت و ئاراستەی کۆمەڵگە.

ئیدارەی دەوڵەت: دروستکردن و ڕێکخستنی پەیکەری ئیداری و دەزگا (ئۆرگان)ـەکانی دەوڵەتە، مەرجیش نییە قەوارە سیاسییەکە دەوڵەتێک بێت بە پێناسەی سەردەم، بەڵکوو دەشێت هەر دەسەڵاتێکی سیاسیی بێت کە هێزی مەرکەزیی لەدەستدا بێت و خاک و خەڵکێک لەبەردەستیدا بن کە دەزگاکانی جێبەجێکردن بڕیارەکانی لەناویاندا دروست کردبێت؛ دەزگاکان زەروورییە، هەر یەکەیان «ماف» و «ئەرک» و «دەسەڵات: صەلاحیات»ی خۆیان بۆ دیاری کرابێت، تا کار و بەرپرسیارێتییان نەبێتە گەڕەلاوژێ و فەوزا، بۆ ئەوەی لە کاتی دەرکەوتنی تاوان و هەڵەدا بزانرێت کەمتەرخەمە سنوور بەزێنەکە کێیە؛ یان کوێیە؟!

ئاراستەی کۆمەڵگەش ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی بە هەموو دەزگاکانی دەوڵەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زانایان و کەسایەتییە هەڵکەوتەکانی کۆمەڵگە، ئاراستەی وا بدرێتە توێژەکانی دانیشتووان کە لەگەڵ دید و تێڕوانینی تیۆری و فەلسەفەی حوکمڕاندا یەک بگرێتەوە، تا دەوڵەت و کۆمەڵگەکە ببنە نموونەی دید و بیروباوەڕەکە. بە نیسبەت ئێمەی موسوڵمانەوە هەر وایە.

حاکم و حکومەتی موسوڵمان ئەو دوو ئەرکەیان لەسەرە و پێویستە ئیسلامەکە لە هەموو دەزگا و ئاراستە و بڕیارەکاندا نیشان بدەنەوە کە نموونەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی ئیسلامین.

ئەم دوو ئەرکەی حوکمڕانی لە ئەسڵیاندا مافی خوای گەورەن، بۆیە خوای

گەورە پایەکانی سیاسەت و حوکمی دیاری کردووە، دەستوور و ئوسووڵی یاسایی دیاری کردووە، بنەماکانی ڕێکخستنی ئابووریی دیاری کردووە؛ چۆنێتیی ئاراستەی کۆمەڵگەی دیاری کردووە، قیەم و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و ڕێسا ئەخلاقییەکانی دیاری کردووە، هیچ شتێک نییە فەرامۆش کرابێت.

لە لووتکەی خیلافەتەوە، تا چۆنێتیی ڕۆیشتن و ئاخاوتن و دەست بە ئاو گەیاندن! هەمووی بە ئایەتی قورئان و سیرە و سوننەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ڕەفتاری یاوەران، بە تایبەتی چوار خولەفاکەی ڕاشیدین (خوا لێیان ڕازی بێت)، ڕێک خراون و شەرح کراون و ئامادە خراونەتە بەردەست.

خوای گەورە هەر وەک چۆن بە ئامرازەکانی (حَصر) وەکوو: (إنما)، یان (ما... الا)، یان (لا.. ألا) جەختی لە یەکبوونی خۆی لە پەروەردگاریّتی (الربوبیة) و خوایەتی (پەرستن: الألوهیة)دا کردووەتەوە، بە هەمان شێوازی حەصر و تەئکیدکردنیش باسی حوکمی خۆی کردووە؛ باسی کردووە کە بە هیچ کلۆجێک لەم مافەشدا هاوبەشی بە هیچ ڕادە و بڕ و شێواز و چۆنێتییەک نییە.

بۆیە دەفەرموێت: ﴿وَٱللَّهُ يَحۡكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكۡمِهِۦ﴾ (الرعد: ٤١)

واتە: "خوای گەورە حوکم دەکات، بە هیچ کلۆجێک و بە هیچ ڕادە و بڕێک و بە هیچ شێواز و چۆنێتییەک کەس بۆی نییە دەستکاریی حوکمەکانی بکات، نە بە لادانی، نە بە گۆڕینی؛ نە بە زیادکردنی و نە بە لێ کەمکردنەوەی، تەنانەت ناشێت قسە و پێشنیاز بکرێت، چ جای ڕەخنە و گلەیی و گازەندە کە دەچنە خانەی کوفرەوە."

کە سەرنج دەدەیتە ئەم ئایەتە، دەبینیت نەفیکردنەکەی بە نای توخم (لا النافیة للجنس)ـە، چونکە دەبینیت دوای (لا)کە، (اسم نکرة مبني علی الفتح) هاتووە کە سێ نیشانەن بۆ جیاکردنەوەی جۆری: (لا النافیة للجنس)؛ هەر وەکوو

(لا إلـه إلا الله) کە نەفیکردنـی خـوایەتی غەیـری خـوای گەورەیە، نەفیکردنـی تـوخمی خـوایەتییە، تـوخمی سـیفەتەکانی پەروەردگـارێتی و پەرسـتراوێتی و حاکمێتی.

لەم ئایەتەشدا نەفیـی تـوخمی «تەعقیب»ی حوکمی خوای گەورەیە، نەفـی هەموو جۆرە توخمێکی گۆڕین و لادان.

لە ئـایەتی تـردا بە پێغەمبەری خـوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: "کە حوکمڕانی خۆت بەو ئەحکامانەی دینەکە بکە کە بە وەحی بۆمان ناردوویەتە خوارەوە." بە هەڕەشەوە پێی دەفەرموێت: "لێی لانەدەیت!" دەفەرموێت:

- ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ وَلَا تَكُن لِّلۡخَآئِنِينَ خَصِيمٗا ١٠٥﴾ (النساء: ١٠٥).

واتە: "ئێمە حەقخوازانە ئەم پەیامەمان بۆ ناردوویەتە خوارەوە، تا حوکمی نێـوان خەڵکیـی بەو شـێوەیە پـێ بکەیـت کە خـوای گەورە نیشـانی داویـت و ئاراسـتەی کردوویـت. نەکەیـت ببیـتە بەرگریـوانی (خائین)ـان، ئەوانەی دەبـوو هەڵگری پەیامەکەت بن، کەچی وەریشیان نەگرت و پشتیان تێ کرد."

- هەر بە هەمـان شـێوە پێـی دەفەرموێـت: ﴿وَأَنِ ٱحۡكُم بَيۡنَهُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَلَا تَتَّبِعۡ أَهۡوَآءَهُمۡ وَٱحۡذَرۡهُمۡ أَن يَفۡتِنُوكَ عَنۢ بَعۡضِ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ إِلَيۡكَۖ﴾ (المائدة: ٤٩).

واتە: "بەوە حـوکمی خەڵـکەکە بـکە کە خـوای گەورە بـۆی نـاردوویەتە خوارەوە، هۆشدار بە! هەندێک ئەحکامی وەحییەکەت پێ نەگۆڕن!"

- پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە دەیان کێشە و گرفتی خەڵکیدا بێدەنگ دەبـوو، پێـی دەفەرمـوون: "هیچ وەحییەکم لەو بـارەوە بۆ نەهاتووە." بە ڕاوبۆچـوونی خۆیشـی نەدەکرد، سـەبری دەگـرت، تـا بزانێـت داخـۆ خـوای گەورە حوکمی خۆی بۆ دەنێرێت؟ ئەگینا بە ئیجتیهادی خۆی - لەبەر ڕۆشنایی وەحیدا -

بڕیارێکی بۆ دەردەکردن، چ بڕیاری تایبەت، چ گشتی. تۆ تەصەور بکە ئەم پێغەمبەرە مەعسوومە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەم پێشەوا تەقواکارە واقیعناسە، ئەم زانا شارەزایە، چۆن لەو سنوورەدا دەوەستا و هیچ ڕەئییەکی نەدەدا!!

لەمەوە بڕوانە جورئەتی بێدینی و بێ ئەدەبیی هەندێک کەس کە ئەحکامی وەحیی سەلمێنراو و چەسپێنراوی خوایی دەخاتە کەنارەوە و یاسا و دەستووری دژ بە ئیسلام پیادە دەکات! یان هەوا و هەوەسی خۆی دەکاتە یاسا و بڕیار و بە زۆری زۆردارانیش دەیچەسپێنێت!

* ئیمامی ئیبو تەیمییە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: "ئیسلام بریتییە لە خۆبەدەستەوەدان، خۆتەسلیمکردن بە خوای پەروەردگاری تاک و تەنیا، هەر کەس خۆی تەسلیم بە غەیری خوای گەورە کرد، موشریکە.

هەر کەسێکیش خۆی تەسلیم بە خوای گەورە نەکرد، لووتبەرز و هەڕاڵە، ئەو کەسەی بەرانبەر خوای گەورە لووتبەرزی بنوێنێت و خۆی بە گەورە بزانێت، موشریکە، کافرە.

خۆتەسلیمکردن بە خوای گەورە یەعنی: پەرستن و مل بۆ ئەو کەچکردن. یەعنی گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی ئەو، ئەوەیشە ئیسلام. ئەمە ئەو ئیسلامەیە کە خوای گەورە غەیری ئەو لە کەس وەرناگرێت کە گوێڕایەڵیی خوای تاک و پاکە و هەر خۆی چۆنێتییەکەی دیاری کردووە."[1]

## * شیرک و کوفری حوکمڕانی:

شێوازی قورئان لە ڕوونکردنەوەدا وایە کە باس لە شتێک دەکات باسی پێچەوانەکەشی دەکات، تا گوێگران و خوێنەران زیاتر تێ بگەیەنێت. کە باسی تەوحیدی پەروەردگاریێتی (توحيد الربوبية) دەکات، باسی شیرکی پەروەردگاریێتی و کردگاریێتی و ئومێدی ڕزق و ڕۆزی و چاکبوونەوە و ئەمان و

(1) مجموع الفتاوى، ب ٣، ل ٩١.

سەلامەتیش دەكات.. كە باسی تەوحیدی خوایەتی/ پەرستن (توحید الألوهیة) دەكات، باسی شیركی پەرستنیش دەكات لە دڵدا بێت وەكوو ڕیا، یان لە ڕەفتاردا بێت (گوفتار و كردار). لە باسی «تەوحیدی حاكمێتی»یش هەر وایە.

هەندێك ئایەتمان لە سەرەوە دەربارەی تەوحیدی حوكمڕانی هێنایەوە، ئەمەی خوارەوەش ئاماژەیە بە هەندێك ئایەتی كوفر و شیركی حوكمڕانی:

. ﴿وَلَا يُشۡرِكُ فِي حُكۡمِهِۦٓ أَحَدٗا ٢٦﴾ (الكهف: ٢٦).

واتە: "خوای گەورە هیچ یەكێك ناكاتە هاوبەش لە حوكمڕانی و دەركردنی بڕیاریدا، نە لە ڕاوێژ پێ كردنی و نە لە ڕازیكردن و نەكردنیدا، نە لە كات و شوێن و نە لە حاڵەتیدا؛ نە لە چۆنێتی و چەندێتیدا، چونكە خۆی زانا و دانا و شارەزا و بەئاگا و خاوەن دەسەڵاتی ڕەهایە و میهرەبانییشی سنووری نییە."

ـ دەبینیت هەر لەم سورەتەشدایە كە دەفەرموێت: ﴿فَمَن كَانَ يَرۡجُواْ لِقَآءَ رَبِّهِۦ فَلۡيَعۡمَلۡ عَمَلٗا صَٰلِحٗا وَلَا يُشۡرِكۡ بِعِبَادَةِ رَبِّهِۦٓ أَحَدَۢا ١١٠﴾ (الكهف: ١١٠).

واتە: "ئەو كەسەی بە ئومێدی دیداری خوای پەروەردگاریتی بە ڕووسووری، با كار و كردەوەی چاك بكات و لە پەرستنی خوای پەروەردگاریدا هیچ یەكێك نەكاتە هاوبەشی."

ئاوا دەزانین و دڵنیا دەبین كە خوای گەورە هەر وەكوو چۆن لە پەرستنیدا بە هیچ شێوەیەك قەبووڵ ناكات «هیچ یەكێك»ی بۆ بكرێتە هاوبەش، هەر ئاواش قەبووڵ ناكات لە حوكمڕانێتیدا هیچ یەكێكی بۆ بكرێتە هاوبەش.

ـ خوای گەورە كە باسی سیستمی حوكمڕانی دەكات باسی دوو سیستم دەكات و بەس، حوكمی وەحیی خوایی و حوكمی جاهیلییەت. هەموو سیستمێكی حوكم كە سەرچاوەكەی وەحیی خوای گەورە نەبێت، جاهیلییە. دەفەرموێت: ﴿أَفَحُكۡمَ ٱلۡجَٰهِلِيَّةِ يَبۡغُونَ﴾ (المائدة: ٥٠).

واتە: "ئایا حوکمی جاهیلییەتیان دەوێت؟!"

ـ ڕازینەبوونیش بە حوکم و داوەری و بڕیار و ئاراستەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بێباوەڕییە، لە ئیسلام دەرچوونە، کافر بوونە؛ هەر وەکوو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾﴾ (النساء: ٦٥).

واتە: "سوێند بێت بە خوای پەروەردگارت، ئەوانە باوەڕیان نابێت، تا جەنابت نەکەن بە «حاکم و حەکەم»ی نێوانیان لەو کێشانەدا کە لەناویاندا ڕوو دەدەن، پاشان کە حوکمت دان؛ نابێت هیچ گرێ و گۆڵێک لە دڵ دەروونیاندا بمێنێت، دەبێت بەتەواوی تەسلیم بە بڕیارەکەت ببن، وەری بگرن و پێوەی پابەند بن."

## * سێیەم: تەوحیدی داوەری و داوەری بردنە لا (توحيد التحكيم والتحاكم):

سەلماندن و چەسپاندنی دادپەروەری (العدل) هەموو ڕوکنەکانی داوەریکردنی حەق دەخوازێت لە سەربەخۆیی داوەر و هەبوونی زانیاریی تەواو و کاتی پێویست و دەسەڵاتی بڕیاردان و جێبەجێکردن و هەبوونی مەرجەعییەتی یاسا و ئامادەبوونی لایەنەکانی کێشەکە و شاهیدان و بەڵگەکانیان، پاشان گوێگرتن لێیان و بەدواداچوونەوەی بەڵگەکانیان و کۆڵینەوە لە هەنجەتی هەموو لایەنەکان و بە یەکسان تەماشاکردنیان.

ئەمە لە لایەکەوە داوەریکردنە کە ماف و ئەرکی قازی و داوەرە، لە لایەکی ترەوە ماف و ئەرکی خاوەن کێشەکانە کە داوەرییان دێتە لا، دوای ڕازیبوونیان بە داوەرێتی و بڕیاریان.

- داوەریکردنەکە کە ماف و ئەرکی قازی و داوەرەکانە، (تحكيم)ـەکە لە بازنەی (القضاء)دایە.

- داوەری هێنانە لای (قضاء) پێی دەوترێت (التحاكم).

ئەم دوانە هەردووکیان مافی خوای گەورەن و ئەرکی سەرشانی عەبدەکانین. قازی و داوەرەکان دەبێت بەپێی ئەحکامی شەرع داوەری بکەن و کێشەکان یەکلا بکەنەوە، خەڵکەکەش لەسەریانە کە تەنیا لای شەرعەوان کێشەکانیان یەکلا بکەنەوە، نەک لە دادگای عەلمانییەت و یاسایان، ئەویان خواپەرستییە و ئەمیان کافربوونە!

خوای گەورە بە هیچ کلۆجێک قەبووڵی نەبووە و نییە کەسێک، یان کەسانێک، یان دەزگا و دائیرەیەک خۆی بکاتە داوەر و کێشەی ناوکۆیی و ناکۆکیی خەڵکی بە غەیری شەرع یەکلا بکاتەوە و بڕیاری ناشەرعیی لەسەر

دەربکـات؛ ئەو حـوکمە بـاتڵە، چـونکە ناشـەرعییە. ناشـەرعییە، چـونکە لە مەرجەعییەتـی ئەحکـامی دینـەکەوە نەهـاتووە کە قورئـان و سـوننەت و کـۆڕا (ئیجماع) و بەراورد (قیـاس)ی ڕاست و دروستە. ناشەرعییە، چونکە نـاڕەوایە، حەتمەن دادپەروەریـی تەواوی تێدا ڕەچاو نەکراوە، ئەمە جگە لەوەی حەتمەن بەرژەوەندیی لایەنـی دەسەڵاتدار و خاوەن هێز و واسیتە و پارە و خاوەن پلە و پایە و ناوداریی تێدا دەبێت.

لە هەمان کاتدا خوای گەورە بە هیچ کلۆجێک قەبووڵی نەبووە و نییە کە خەڵکە موسـوڵمانەکە بـۆ یەکلاکـردنەوەی کێشـەکانی ناوخۆیـان، بچنە دادگـای جـاهیلییەت و داوەری کـافر بە یاسـا و ڕێسـای کـوفرین ناوبژییـان بکـات و ناوکۆیی و ناکۆکییان چارەسەر بکات.

ئەمەش چەند ئایەتێک کە بەڵگەی بۆچوونەکانی سەرەوەمانن:

. ﴿إِنَّ رَبَّكَ يَقْضِي بَيْنَهُم بِحُكْمِهِ﴾ (النمل: ٧٨).

واتە: "خوای پەروەردگارت بە حوکمی خۆی داوەریی نێوانیان دەکات." ئەم ئایەتە کورتە هەردوو ڕوکنەکەی دادپەروەری (القضاء والتحكيم)ەکەی تێدایە کە دەفەرموێت: خوای گەورە داوەرییەکە دەکات، هەمووان دڵنیا دەکاتەوە کە داوەرەکەتان زانا و دانایە، بێلایەنە و بەئاگایە، بڕیارەکەی سەربەخۆیە و کەس تەدەخول ناکات لە بڕیاریدا.

حوکمەکەشـی حەتمەن جێبەجـێ دەکرێـت کە دەفەرموێـت: (بحكمـه)، ئەوە ڕوون دەکاتەوە مەرجەعییەتی یاسایی بڕیارەکانی ئەحکامی پێشترینی دینەکەیە کە هەنـدێکی بـۆ ئێـوەش ڕوون کـردووەتەوە و ئێـوەش لەوە دڵنیـا بـوون کە شەریعەتەکەی خوای گەورە حەق و ڕەوایە و بەس.

. ﴿وَمَا اخْتَلَفْتُمْ فِيهِ مِن شَيْءٍ فَحُكْمُهُ إِلَى اللَّهِ ...﴾ (الشورى: ١٠).

واتە: "بۆ یەکلاییکردنەوەی هەر کێشەیەک کە ڕاجیا و ناکۆک دەبن تێیدا، حەتمەن دەبێت بگەڕێنەوە سەر حوکمی خوای گەورە، خوای گەورە بە بڕیاری حەقی خۆی ناکۆکییەکە چارەسەر دەکات و کێشەکە بنبڕ دەکات."

کە وا بوو: بە هیچ شێوەیەک موسوڵمانان بۆیان نییە پەنا ببەنە بەر یاسای کافران، بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە و ناکۆکیی ناوخۆیان، مادام کەسانێکیان دەست دەکەوێت لە شەرعزانانی ئەهلی ئیسلام، تا بیکەنە داوەر و ئەویش بەپێی شەریعەتی ئیسلام دەبێت حوکمیان بکات.

ئەگەر موسوڵمانێک لە «دارولکوفردا» مافی پێشێل کرا و ناچار بوو سکاڵای خۆی بباتە لای پۆلیس و داوەریی خۆی بباتە لای یاسا و داوەری ئەوێ کە بەپێی یاسایەکی ڕێژە دادپەروەرانە سۆراغی کێشەکەی دەکەن و دواتر حوکمی لەسەر دەردەکەن، حەقیان بەسەر دین و ئینتیمای موسوڵمانەکەوە نییە.

لەم حاڵەتەدا کە موسوڵمانەکە ئیمامی مزگەوتێک، یان داعییەکی ئیسلامی، یان کەسێکی وای دەست نەکەوت کێشەکەی بباتە لا، بۆی هەیە بچێتە لای پۆلیس و داوەری کافرانی ئەوێ؛ هەر وەکوو حاڵی ئێستای موسوڵمانان لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا. (واللە أعلم).

## * کوفر و شیرکی داوەریکردن و داوەری بردنە لا:

لەم بوارەشدا، «بواری داوەریکردن» و «بواری داوەری بردنە لا» چەندین ئایەتی قورئان دەبینیت کە دەفەرموون: هەر کەسێک مافی داوەرێتیی ڕەها بداتە خۆی، یان بە کەسانێکی تر، تا مافی ئەوەیان بداتێ بۆیان هەبێت بە غەیری شەریعەتی خوای گەورە داوەریی نێوان خەڵکی بکەن و بڕیاری پێچەوانەی دینی خوا دەربکەن، کافر دەبێت؛ چونکە داوەر هەر خوای گەورەیە، لە دنیاشدا پێغەمبەرە بەڕێزەکانی ئەون (سەلامی خوایان لەسەر بێت) کە خوای گەورە

خۆی مۆڵەتی پێداون و لە دوای بەڕێزیشیان یاوەران و زانایانن کە دەبنە داوەر و بە شەریعەتی خوای گەورە کێشەی ڕاجیایی و ناکۆکیی نێوان خەڵکی یەکلا دەکەنەوە.

خوای گەورە بە هیچ کلۆجێک لە کەس قەبووڵ ناکات غەیری خۆی، یان پێغەمبەرەکانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) کە وەحی و سوننەتەکانیان، بکەن بە داوەر، زانا و شەرعزانان و قازی و کاربەدەستانی دەسەڵاتی ئیسلامی بۆیان هەیە ببنە قازی و داوەر؛ بەو مەرجەی بە شەریعەتی خوای گەورە حوکم بکەن و بەس.

سەرنج بدەرە ئەو ئایەتە کە چ حوکمێکی قورسی لە خۆ گرتووە! بڕوانە چەند خەتەر و ترسناکە کە دەفەرموێت:

. ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾﴾ (النساء: ٦٥).

واتە: "سوێند بێت بە خوای پەروەردگارت، باوەڕیان نابێت (بە موسوڵمان حسێب نابن)، تا جەنابتان نەکەنە داوەر بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشە و ناکۆکییانەی لەنێوانیاندا ڕوو دەدات، پاشان نابێت دوای ئەوەی کە حوکمت کردن هیچ گرێ و گۆڵێک (هیچ گلەیی و ناڕازی و ڕەخنەیەک) لە دڵ و دەروونیاندا هەبێت؛ حەتمەن دەبێت بەتەواوی تەسلیم بە بڕیارەکەی جەنابت ببن."

. ئینجا وەرە لە سام و هەیبەتی هۆی هاتنە خوارەوەی بڕوانە:

. ئیمامی بوخاری و موسلیم و خاوەن (السُّنَن)ەکان و... هتد، لە عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر «عبدالله بن الزبير»ـەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە فەرمووی: **(إن الزبير خَاصَمَ رَجُلًا مِنَ الأَنْصَارِ قدْ شَهِدَ بَدْرًا مع النَّبي (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إلى رسولِ الله (صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ) في شِرَاجٍ مِنَ الحَرَّةِ، كَانَا**

**يَسْقِيَان به كلاَهُمَا النخل، فَقَالَ الأنصاري سَرِّحْ الماءَ يَمُرَّ، فأبى عليه، فقال رَسولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ): اسْقِ يا زُبَيْرُ، ثُمَّ أَرْسِلْ إلى جَارِكَ، فَغَضِبَ الأنْصَارِيُّ، فَقَالَ: يا رَسولَ اللَّهِ، آنْ كانَ ابْنَ عَمَّتِكَ؟! فَتَلَوَّنَ وجْهُ رَسولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ)، ثُمَّ قَالَ: اسْقِ يا زبير، ثُمَّ احْبِسْ الماء حتَّى يَرجع إلى الجَدْرَ ثمَّ أرسل الماء إلى جارك).**

واتە: "سەییدنا زوبێری کوڕی عەوام (خوا لێی ڕازی بێت)، [کە کوڕی پووری پێغەمبەری خوایە (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)] لەگەڵ کابرایەکی ئەنصارییدا کەوتە ناکۆکییەوە، کابرا لەوانەبوو کە بەشداریی غەزای «بەدر»ی کردبوو (واتە: خاوەن ڕێز و پلەی تایبەت بوو)، ناکۆکییەکەیان لەسەر مەجرای ئاوی جۆگەیەک بوو کە لە ئەستێڵک (گۆم)ێکەوە دەهات بۆ باخی دارخورمای هەردووکیان.

سکاڵایان بردە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کابرای ئەنصاری بە (سەییدنا زوبێر)ی فەرموو: ڕێی ئاوەکە بەردە، با بێت بۆ باخەکەی من.

(سەییدنا زوبێر) ڕازی نەبوو (دەیویست خۆی یەکەم جار باخەکەی خۆی ئاو بدات، پاشان بیکاتە سەر ڕێڕەوی باخی کابرای ئەنصاری)، پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: زوبێر! جەنابت باخەکەت ئاو بدە و پاشان ڕێ بە ئاوەکە بدە بچێتە سەر باخەکەی ئەو.

کابرای ئەنصاری تووڕە بوو، بە پێغەمبەری خوای (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموو: هەر لەبەر ئەوەی ئەو کوڕی پوورتە؟!

ڕەنگی ڕووی پاکی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) گۆڕا، پاشان بە زوبێری فەرموو: باخی خۆت ئاو بدە، پاشان ئاوەکە بگرەوە، تا بگەڕێتەوە ناو ئەستێڵکەکەوە، پاشان ڕێ خۆش بکە بۆی تا بچێت بۆ باخەکەی ئەو."

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیزانی کە مافی سەییدنا زوبێرە (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێشدا ئاودێریی باخەکەی بکات، ئینجا ڕێ بدات بڕوات بۆ باخی کابرای ئەنصاری.

ئاوا هەردووکیان لە یەک کاتدا یەک ڕەنج دەدەن لە ئاراستەکردنی مەجرای ئاوەکەدا، ئەمە لە قازانجی کابراش بوو، چونکە پێویستی نەدەکرد سەرلەنوێ بچێتە سەر ئەستێڵکەکە و ئاوەکە بەربداتەوە و ڕێڕەوی جۆگەکەی بۆ باخی خۆی بگۆڕێت.

بەڵام لە حوکمی دووەم جاردا، ئەمە کەوتەوە سەرخۆی و سەییدنا زوبێریش شایانتر بوو پێشتر ئاودێریی بکات (لەوانەیە لەبەر نزیکی باخەکەی بوو بێت، یان لەبەر دووری، یان وشکی، یان سەرەولێژی، یان هۆی تر).

سەییدنا زوبێر (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: "وا دەزانم ئەم ئایەتە: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا ۝٦٥﴾ (النساء: ٦٥)، لەسەر ئەم ڕووداوە هاتە خوارێ."

دەبینیت مەسەلەکە چەند خەتەرە؟!

کابرا سەرەتا ڕازی نەبوو و کاتێک کە گلەیی کرد حوکمەکە نەگۆڕا، هەر وا مایەوە و ئەوەی هاوکاریکردنی بوو لە گرتنەوەی دەمی گونجەکە لە ئەستێڵکەکەدا، هەر وا پاککردنەوەی ئاراستەکردنی ئاوەکە بۆ لای خۆی، بەڵام ناچار بوو ڕازی بێت؛ بە ڕازینەبوونی ماڵوێران دەبوو، چونکە کافر دەبوو!

ببینە وەرنەگرتنی حوکمێکی داوەریکردنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کە زاهیرەن پێشخستنی ئاودێریی کابراش شتێکی گەورە نەبوو، بەڵام ڕازینەبوون بە داوەرییەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ڕەخنە لێ گرتنی ڕەفتارێکی دژوار و مەترسیدار بوو.

سەیری خۆت و «موسوڵمانان»انی دەوروبەری خۆت بکە کە چۆن ڕۆژانە بەجورئەتەوە حوکمی خوای گەورە و حوکمی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەخەنە کەنارەوە و بەپێی ئاراستەی «عەقڵ»ی خۆیان ڕەفتار دەکەن!

شێخ عەبدولڕەحمان سەعدی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، مامۆستای شێخ ئیبن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، لە تەفسیرکردنی ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: "خوای گەورە سوێند بە نەفسی بەڕێزی خۆی دەخوات کە ئەو کەسانە بە موسوڵمان حسێب نابن، ئەگەر جەنابت نەکەنە داوەری یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی لەناویاندا ڕوو دەدەن لە هەموو شتێکدا کە ڕاجیایی و ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیانەوە تێیدا.

هەروەها لە پێچەوانەکاریی کۆڕا (ئیجماع)دا، چونکە کۆڕا پشت بە قورئان و سوننەت دەبەستێت و بەڵگەی گشتیی هەیە، پاشان هەر داوەری هێنانەکە و ڕازیبوونی ڕواڵەتییانە بە حوکمەکە بەس نییە، بەڵکوو دەبێت دڵ و دەروون ئاسوودە و سینە بەرفراوان بێت و ویست تەسلیمی حوکمەکە بووبێت و لە ناخدا پێی ڕازی بووبێت.

تەسلیمبوونی لە ڕووداوان بەس نییە و ناشێت. حەتمەن دەبێت لە ناخی کەسەکاندا ڕازیبوون هەبێت بەوەی کە ویژدانیان هێور دەبێتەوە و لە ڕواڵەت و ناخدا ئاسوودە دەبن و ڕازیبوون نیشان دەدەن.

داوەریکردن و داوەری بردنە لا، لە ئیسلامدا شتێکی گەورەیە، چونکە بەڵگەی موسوڵمانێتییە.

ڕازیبوونەکە بەڵگەی ئیمانداریێتییە، تەسلیمبوونەکەش بە بڕیارەکە پلەی چاکسازی و تەقواکارییە. هەر کەسێک ئەم سێیەی سەرڕاستانە ئەنجام دا، ئەوە دیارە کە ئاستەکانی باوەڕهێنانی بڕیوە، هەر کەسێکیش داوەری هێنانەکەی ڕەفز کرد، کافر دەبێت. ئەگەر لە ڕواڵەتدا ڕازی بوو، بڕیارەکەشی ڕاپەڕاند، بەڵام

لە دڵدا پێی خۆش نەبوو ئەوە حوکمی گوناهکاری موسوڵمانی هەیە."[١]

دەبینیت شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەوەی بیر دەخاتەوە کە:

١. داوەری هێنانە لا (التحاكم)، نیشانەی موسوڵمانێتییە کە ویستی کەسەکە نیشان دەدات، بۆیە هەر کەسێک داوەریی نەهێنایە لای شەرع، ئەوە بەڵگەی ئەوەیە کە موسوڵمان نییە و بە حوکمی شەریعەتی ئیسلام ڕازی نییە.

٢. ڕازیبوونی لە دڵ و دەروونـدا بەڵگەی ئیماندارێتییە کە دیارە لە ناخیدا تەسلیم بە ئیسلام بووە، بۆیە بەم حوکمەش ڕازییە کە دەشێت پێچەوانەی حەز و بەرژەوەندیی خۆیشی بووبێت.

٣. تەسلیمبوونی بە بڕیارەکە و وەرگرتن و جێبەجێکردنی، نیشانەی سەرڕاستیی دینداری و تەقواکاری و ئاستی باڵای خواویستییە.

ئەم سێ خاڵە بەڵگەی موسوڵمانێتییەکەیە، چونکە بریتین لە: (الإسلام والإيمان والإحسان).

ئاوا دەبینیت خوای گەورە بۆ هەنجەت بڕینی دووڕوو و دەغەڵان، بەردەوام نێردراوی خۆی بۆ دەناردن، تا ڕێنمایی خەڵکی بکەن و حوکمیان بکەن، ئاراستەیان بکەن بۆ ئەداکردنی ئەرکەکانی بریکاری (ئیستیخلاف) و کاتێکیش کە ناکۆکییان تێ دەکەوت؛ ئەم پێشەوا ڕێنیشاندەرانە (سەلامی خوایان لەسەر بێت) داوەرییان دەکردن و حەقیان بۆ ڕوون دەکردنەوە و کێشەکانیان بۆ یەکلایی دەکردنەوە.

پاش ئەوانیش (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، خوای گەورە نەیهێشت

---

[١] تەفسیری (تیسیر الكريم الرحمن)، ل ١٩٩ . ٢٠٠، توێژینەوەی (عبدالرحمن اللويحق)، بڵاوکار: گۆڤاری (البيان) ١٤١٦/ ١٩٩٥. ئەو شیکارەی شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) هێناویەتییەوە، هیی ئیمامی ئیبنولقەییمە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە لە کتێبی (مدارج السالكين ٢/ ٢٠١)دا باسی کردووە.

خواویستان گومڕا ببن و لە گێژاوی ناکۆکیدا بزر ببن.

سەردەمی پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر وا بوو، جەنابی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خاوەن وەحی و ڕابەرێتی و حاکمێتی و داوەری بوو، پاش خۆیشی خەلیفە بەڕێزەکانی ڕاشیدین (خوا لێیان ڕازی بێت) ڕابەر و حاکم و داوەر بوون، والی و داوەریان بۆ هەرێمەکان دادەنا؛ جگە لەوەی کە هەریەک لە یاوەران (خوا لێیان ڕازی بێت) داوەر بوون و پارسەنگی دینداریتیی خەڵکەکەیان ڕادەگرت.

پاش نەوەی ئەوانیش (کە سەد و بیست و چوار یاوەر بوون خوا لێیان ڕازی بێت)، پێشەوایانی «تابیعین و تابیعی تابیعین» هاتن کە لە نیو ملیۆن کەس زیاتر بوون، پاشان ئەوانەی لەسەر دید و ڕێی ئەم سێ نەوە ڕاست و چاکە بوون. هەموویان ڕێبەرانی ئەهلی سوننەت و جەماعەت بوون، تا دنیا دنیا بێت موسوڵمانە سەرڕاستەکان دید و ڕێیان دەپارێزن (إن شاء الله).

هیوادارم بۆت ڕوون بووبێتەوە و گەیشتبیتە دڵنیایی تەواو کە «حاکمێتی» بە هەر سێ مافەکەیەوە: (مافی یاسا دارشتن و مافی حوکمڕانی و مافی داوەریکردن و داوەری بردنە لا)، جۆرێکی سەربەخۆیە لە جۆرەکانی تەوحید و هیچ کەمتر نییە لە تەوحیدی پەروەردگارێتی (الربوبیة) کە خواناسینە، یان تەوحیدی خوایەتیی (الألوهیة) کە پەرستنی خوای تاک و تەنیایە بەبێ هاوبەشدانان بۆی.

- هەموو ئەم مانایانە لە ئایەتی ﴿مالك یوم الدین﴾دان، چونکە مادام خوای گەورە خاوەن و دەسەڵاتدار و حاکم و داوەری ڕۆژی پاداشت و سزایە کە هەر لە دەست خۆیدان،حاکمێتی و داوەرێتیی ژیانی دنیایشی بێگومان هەر لەدەستدایە، بۆیە بە وەحیی خۆی شەریعەتی بۆ مرۆڤایەتی ناردووە؛ تا بەو حوکم بکەن و بەویش ڕاجیایی و ناکۆکییەکانی نێوانیان یەکلایی بکەنەوە.

## ـ دووەم: سەلماندنی پێغەمبەرێتی لە سورەتی «فاتیحە»دا:[1]

١. ناسینی خوای گەورە وەکوو پێویست، بە غەیری ڕێی وەحی، نامومکینە بێتە دی. نە فەلسەفە و نە زانست و نە ژیریاری، مرۆڤ ناگەیەننە ناسینی خوای گەورە بەو ناو و سیفاتانەیەوە کە خوای پەروەردگار لە قورئاندا باسی کردوون.

ـ ئەم سێ ڕێگایە: (فەلسەفە و زانست و ژیریاری)، مرۆڤ دەگەیەننە باوەڕ بوون بە «وجوود» و «تاک و تەنیایی» خوای گەورە و توانا و دەسەڵاتی، بەڵام ناگەنە ئاستی وەحی کە وەسفکردنی خوای گەورەیە، هەر لە لایەن خۆیەوە.

بۆیە ناسینی خوای گەورە، هاتنی پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) دەخواست، خوای گەورەش بە لوتف و ڕەحمەتی خۆی ئەو پێغەمبەرە پێشەوایانەی بۆ وەرگرتن و ڕوونکردنەوە و گەیاندنی وەحییەکەی هەڵبژارد، تا خەڵکی بیناسن و دینەکەی پیادە بکەن.

٢. لە دانایی خوای گەورە ناوەشێتەوە، مرۆڤ خەلق بکات و ئیهمالی بکات! لە کاتێکدا هەر هەموو مەخلووقەکانی تری هیدایەت داوە، ڕێی نیشان داون و فێری کردوون چۆن بژین و چۆن خۆ بپارێزن.

چۆن دەشێت مێروولەیەک فێر بکات ئاوا جیددی و کۆمەڵکارانە بژی و لەم لاوە مرۆڤ وەل بکات؟!

[1] ئەم باسە هیی ئیمامی ئیبنولقەییمە کە لە (مدارج السالكين، ب ١، ل ٣٠ - ٣٣)دا باسی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی من کاتی نووسینی ئەم خاڵانە، ئەو کتێبەیم لا نەبوو، ئەوەی لە بیرم مابوو بە دارشتنەوەی خۆم نووسیومەتەوە.

بە تـایبەتی کە خـوای گەورە ڕێسـای «وجـوود»ی مەخلووقاتەکـانی دیـاری کردووە کە خەڵقکردن و پاشان سازاندن و ئینجا تەقدیرکردنی پێداویستییەکانی لە تەمەن و ڕۆزی و وزە و ڕەنـج و... هتـد، ئینجـا هیدایەتـدانی بـۆ کەوتـنە سـەر ڕێی ئەو جۆرە ژیانەی کە لەگەڵ گەردووندا دەسازێت.

بـۆیە دەفەرموێـت: ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى ۝١ ٱلَّذِي خَلَقَ فَسَوَّىٰ ۝٢ وَٱلَّذِي قَدَّرَ فَهَدَىٰ ۝٣﴾ (الأعلى: ١ - ٣).

واتە: "پاکی و بێخەوشیی خوای پەروەردگارت ڕابگەیەنە و بەردەوام نـاوی بهێـنە و یـادی بـکە.. ئەو خـوا بـاڵایەی کە مەخلووقـاتی ئیجـاد کـردووە و وا سـازاندوویەتی کە لەگەڵ دەوروبەریـدا بگونجێـت و بـژی، هەمـوو شـتێکی پێویستی بۆ مەزەندە کردووە و بۆی دیاری کردووە و پێی داوە."

ئاوا دوای ئیجاد و سازاندن و تەقدیری پێداویستی دوای کامڵکردنی، وەکوو هەموو ئامێرێک پەیامی هیدایەتی خۆی بۆ ناردووە، تا چەشنی «کەتەلۆک»ێک بەپێـی ڕێنیشـاندانی ئەو ڕەفتـار بکـات، خـوا بناسـێت و بیپەرسـتێت و بەپێـی شـەریعەتەکەی ئەو؛ سنووری شیاو و نەشیاو دیاری بکات، پاڵفتەی دەروونـی بکـات و ڕەوشـتی پارسـەنگ ڕابگرێـت. ئـاوا کە بە پەیـامەکەی خـوای گەورە پەروەردە دەبێـت، شایسـتەی هەڵگرتنـی بەرپرسـیارێتیی بـانگەوازی دیـنەکەی دەبێت و دەکەوێـتە کۆمەڵکاریی و فەرمـان بە چاکە و جیهـاد، تـا سـەروەرێتیی شـەرعی خوا پیادە دەکات و دینی خوا دەکاتە مەنهەجی ئیدارەی دەسـەڵات و ئاراستەی کۆمەڵگە.

ئەم هەموو ئەرکە، چۆن بەبێ هاتنی پێغەمبەران و بەبێ ڕێنمایی خوای گەورە دێنە دی؟!

کێ دەتوانێت ڕێکیان بخات؟!

کێ دەیانزانێت، چ بگات بە مومارەسە و گەیاندنە ئەنجام؟!

٣. خــوای گەورە کە ﴿رب العــالمین﴾ــە، وتمــان: ﴿ربَّ﴾ پەروەردەکــار و سەرپەرشــتیار و ئاراســتەوانی هەڵســوکەوتی ئەوانەی بەردەســتێتی، مشورخۆریانە و قۆناغ بە قۆناغی ژیان گۆشیان دەکات، تا پێی بگەن؛ ئێ ئەمە حەتمەن ناردنی پێغەمبەران دەخوازێت، خۆ خوای گەورە نەیویستووە لەگەڵ یەک بە یەکی مرۆڤەکاندا بدوێت و ڕێی هیدایەتی بۆ ڕوون بکاتەوە. نەخێر، حەتمەن پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بۆ بریکاریی خۆی لەنێو مرۆڤدا هەڵبژاردووە، پەروەردەی تایبەتی کردوون و پەیامی بۆ ناردوون کە ئاوا خوا بناسێنن، ئاوا خەڵکی فێری خواپەرستی بکەن؛ ئاوا سنووری حەڵاڵ و حەرامیان بۆ ڕوون بکەنەوە، با ئاوا کۆمەڵکارانە بژین. پەروەردەکارێتی بریتییە لە: مشوورخواردن و بەخەمەوە بوون.

خـوای گەورە کە ئەوەنـدە زانـا و دانـا و بەتوانـایە، ئەوەنـدە میهرەبـان و بەبەزەیی و دڵسۆزە، ئەوەندە بەئاگا و چاودێر و ئاودێرە، چۆن ئەم مرۆڤە - بەو هەموو ژیری و هەست و توانایەیەوە - خەلق دەکات و ئیهمالی دەکات؟!

خۆ ڕاست پەروەردەکردن و دروست ئاراستەکردن، گرنگتر و کاریگەرترن لە بەخێــوکردن و بژێویــدان، حەتمەن خــوای پەروەردگــار و پەروەردەکــار و سەرپەرشتیار، خوای بە ئاگا و چاودێر و ئاراستەوان؛ دەبێت نێردراوگەلێکی خۆی بۆ ئەم خەڵکە بنێرێت، تا بەتەواوی بیناسن و بیپەرستن.

٤. خــوای گەورە کە ﴿الــرحمن الــرحیم﴾ــە و بەزەیــیەکەی هەر هەمــوو مەخلووقاتی گرتووەتەوە، چۆن دەشێت مرۆڤ ئیهمال بکات و پەیامی خۆی نەنێرێت بۆیان؟!

چۆن ئەوە لە بەزەیی خوای گەورە دەوەشێتەوە، ئەم مرۆڤایەتییە وەل بکات و کەس بە کەس نەبێــت و هەر یەکە لە پێنــاوی بەرژەوەنــدیی خۆیــدا هەمــوو ئەوانەی لەو بێهێزترن بچەوسێنێتەوە؟

چۆن دەشێت مرۆڤەکان ئیهمال بکات، کێ دز دەردەچێت، با دەرچێت؛ کێ پیاو کوژ و خوێنڕێژ دەبێت، با وا دەربچێت و کێ دەکەوێتە ژێر پێ، با بکەوێت؟!! ئەوە لەگەڵ سۆز و بەزەیی و دڵسۆزیی خوای میهرەباندا یەک ناگرێتەوە.

بۆیە حەتمەن خوای دانا و زانا، هەر دەبوو پێغەمبەرانی بە پەیامی خۆیەوە بۆ مرۆڤایەتی بنێرێت، تا بە خواناسین پەروەردە ببن، بە خواپەرستن گۆش ببن؛ بە شەریعەتەکەی پارسەنگ ببن، بە زانینی سیفاتی خوایی و ڕەوشتی بەرزی پێغەمبەرەکانی پەروەردە ببن. بەڕەحم و دڵسۆز و یارمەتیدەر بن، هاوکار و هاریکاری یەکتری بن، کۆمەڵکارانە ڕەنج بدەن، تا شەریعەتی خوا دەکەنە حاکم لە کۆمەڵگەکەیاندا؛ ئینجا وزەکانیان بخەنە گەڕ بۆ سوودوەرگرتن لە خێروبێری وڵاتیان، تا بیکەنە مایەی خۆشیی گوزەرانی ژیانیان.

ئەمە بەبێ کۆمەڵگەی هۆشیار و هاوکار و بەبێ دەستوور و یاسا و ڕێسا، بەبێ دەسەڵاتداری دڵسۆز و دادپەروەر و خەمخۆر نایەتە دی. ئەگەر لە هەندێک کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ئەمانە بە ڕێژەیەک هاتبنە دی، بە دڵنیاییەوە لەژێر سایەی قورئان و سێبەری شەریعەتەکەیدا، چاکتر و زۆرتر و گشتگیرتر دێنە دی، هەر وەک چۆن لە سەردەمانی خولەفای ڕاشیدین (خوا لێیان ڕازی بێت)؛ یان لە زەمانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا ڕووی دا، نە دەستدرێژیی کاربەدەستان هەبوو، نە سنووربەزاندنی خەڵکی.

لووتکەی شارستانییەتی هیچ وڵاتێکی ئەمڕۆی جیهان، ناگاتەساڵێکی حوکمڕانیی سەییدنا عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێت) کە حوکمی ئەو وڵاتە بەرفراوانەی دەکرد، بێ ئەوەی زوڵم و دەستدرێژی بکرێتە سەر هیچ کەس!

٥. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مالك يوم الدين﴾.

واتە: "خاوەن و دەسەڵاتداری بێسنووری ڕۆژی پاداشت و سزا کە ڕۆژی دواییە."

لەم ڕۆژەدا هەموو مرۆڤەکان دەخرێنە ژێر حیساب و لێپرسینەوەوە. ئێستا کە خوای گەورە نێرەر و پەیامی خۆی بۆ کۆمەڵگەکانی مرۆڤ بە درێژایی مێژوویان ناردووە، کەس ناتوانێت لە ڕۆژی پاداشت و سزادا بڵێت: خوایە! من نەمدەزانی کە ڕۆژی قیامەت هەیە و لە ڕەفتارەکانی دنیام دەپرسنەوە.. خوایە! ئەوەم نەدەزانی.. نەمدەزانی ئەوە شیرکە و ئەوە کوفرە، نەمدەزانی ئەوە حەرامە، نەمدەزانی ئەم ڕەفتارە جائیز نییە.. نەمدەزانی تۆ شەریعەتت ناردووە!

ئێستا ئەم قسانە جێ ناگرن، چونکە پێغەمبەرانی بەڕێز (سەلامی خوایان لەسەر بێت) هاتوون و پەیامی خوایان هێناوە، ئێستا کەس هەنجەتی نەزانینی نییە، لەبەر ئەوەی هەر هەموو مرۆڤایەتی لە هەموو سەردەمێکدا ڕاست و ناڕاست؛ باسی پێغەمبەرانیان بیستووە و دینیان بە شێوەی تەواو، یان نیوەچڵ پێ گەیشتووە.

لەم سەردەمەشدا کەس خاوەن هەنجەت نییە، چونکە لەسەر لووتکە شاخێک، یان لە بیابانێکی دوور و چۆڵدا دەتوانێت بە مۆبایلەکەی تەفسیلاتی باسی دین بدۆزێتەوە و بە زمانی خۆی تەرجەمەی بکات، لە: (عەقیدە و عیبادەت و شەریعەت)، لە: (ڕەفتار و ڕەوشت و پاڵفتەی دەروون)، لە: (بانگەواز و کۆمەڵکاری و جیهاد)، لە: (دەستوور و حاکمێتی و سەروەرێتیی شەرع)، چونکە خوای گەورە، پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ناردووە؛ کۆتا پێغەمبەر (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە کۆتا دینی خواوە هات و دینەکەی گەیاند و سەلماندی و چەسپاندی.

هەزاران، یان سەروو ملیۆنان پێشەوا و زانا، ئەم دینەیان شەرح کردووە و هەموو شتێکیان ڕوون کردووەتەوە. دەیان تەفسیر بە دەیان زمان لەسەر «ئینتەرنێت»ـە، هەزاران پێگەی ئیسلامی و سەدان هەزار کتێب و گۆڤاری

ئیسلامی و ملیۆنان دەرس و وتاری ئیسلامی هەن کە هەموو کەسێک بەئاسانی دەستی پێیان دەگات.

بۆیە کەس لە ڕۆژی پاداشت و سزادا هەنجەتی نەزانینی نابێت و ناتوانێت بڵێت: دینم پێ نەگەیشتووە. مزگەوت و کۆمەڵە و ڕێکخراوی ئیسلامی لەم سەردەمەدا، لە هەر هەموو وڵاتانی دنیادا هەن کە دەشێت خەڵکی بچنە لایان و پرسیاریان دەربارەی ئیسلام لێ بکەن و وەڵام وەربگرنەوە. هەموو مرۆڤێکیش لە قیامەتدا بەرپرسە لە پرسیارنەکردنی لە دینەکە.

٦. خوای گەورە داوای لە مرۆڤ کردووە کە بیپەرستێت، حەتمەن دەبێت خوای گەورە چۆنێتیی پەرستنی بۆ مرۆڤەکان ڕوون بکاتەوە، هەروەها ڕوکن و مەرجەکانی، کات و شوێنی.

بۆیە حەتمەن هەر دەبوو پێغەمبەرگەلێک لەناو خەڵکیدا و لە هاوزمانانی خۆیان هەڵبژێرێت و پەیامی خۆی بنێرێت بۆیان، تا جەنابیشیان (سەلامی خوایان لەسەر بێت) بۆ خەڵکەکەی ڕوون بکەنەوە و تێیان بگەیەنن کە چۆن خوای گەورە دەپەرستن، چۆن و کەی و لە کوێ؟!

ئەگەر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چۆنێتیی نوێژکردنی ڕوون نەکردایەتەوە، تەصەور بکە نوێژکردنی موسوڵمانان چۆن دەبوو؟!

زۆر زەحمەت بوو لەم ملیار و نیو موسوڵمانەی سەردەم، سەد هەزاریان ببینیت بە یەک شێواز نوێژیان بکردایە! بە سەدان هەزار جۆر و شێواز و چۆنێتی دەیانکرد.[1]

---

[1] گومڕایەکم لەوانە کە ناسی پێیان دەڵێن «قورئانی» و هیچ شتێکی لە سوننەتەوە وەرنەدەگرت، دەیوت: "سوننەت وەرگرتن شیرکە، چونکە هاوبەش دانانە بۆ خوای گەورە!" نوێژی دەکرد، هەر جارە و ڕووی لە شوێنێک دەکرد، جارێک بە پێوە و جارێک بە دانیشتنانەوە، جارێک قورئانی تێدا دەخوێند و جارێک دوعای بە کوردی دەخوێند؛ باوەڕی بە زۆرێک لە چیرۆکە قورئانییەکانیش نەبوو!

بەڵام ئێستا هەموو نوێژخوێنەکان تەقریبەن وەکوو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوێژ دەکەن کە دەیفەرموو: (صَلّوا كَمَا رأيتموني أصلِّي).[1]

واتە: "وا نوێژ بکەن کە من دەبینن نوێژ دەکەم."

هەروەها باقیی خواپەرستییەکانی تر کە هەموویان «تەوقیفی»ن، واتە: چۆن لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتوون، هەر دەبێت وا ئەنجام بدرێن، بواری گۆڕانکارییان تێدا نییە؛ وەکوو ئەوەی نوێژی مەغریب سێ ڕکاتە و کەس بۆی نییە بیکات بە چوار، یان بە دوو.

نوێژی سوننەتی سپێدەی بەیانییش دوو ڕکاتە کەس بۆی نییە بیکات بە سێ، یان بە یەک. پارەی هەشتا و پێنج گرام زێڕی خاڵیست هەیە، دەبێت ٢,٥ %ی بدەیتە زەکات. چوویتە حەج دەبێت ئیحرام بپۆشیت، هەروەها خواپەرستییەکانی تر.

پاشان پێناسە و جۆری «عیبادەت»ـەکانیش نازانین، هەر دەبێت خوای گەورە لەڕێی نێردراوەکانییەوە (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ڕوونیان بکاتەوە. دەفەرموێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾ (الذاريات: ٥٦).

واتە: "پەری و مرۆڤم بۆ ئەوە خەلق کردووە کە بمپەرستن." حەتمەن دەبێت پێغەمبەرە بەڕێزەکان کە نێردراوی خوای پەرستراون، ئەوان بفەرموون کە: چی خواپەرستییە و چۆن ئەدا دەکرێت؟

ئاشکرایە مەبەستی خوای گەورە ئەوە نییە کە تەنیا نوێژ و ڕۆژوو و زەکات

---

قورئانیشی دەخوێندەوە و مانگانە زەکاتی دەدا! خۆی بڕە مانگانەکەی دیاری دەکرد. هەموو ڕۆژێک لە ژنەکەی خۆی دەدا، چونکە پێنج فەرزەکەی وەکوو موسوڵمانان دەکرد! سەیر ئەوە بوو کە ئەفسەری یەکێتییش بوو!

[1] فەرموودەیەکی زۆر بەناوبانگە، ئەلبانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە (صفة صلاة النبي ﷺ)دا دەفەرموێت: حەسەنە.

و حەج و پاڕانەوە و زیکر و قورئانخوێندن، یان ڕکووع و سوجدە و ڕەفتارەکانی تر، خواپەرستین و من ئێوەم بۆ ئەنجامدانی ئەمانە خەلق کردووە. ئەو کاتەی ئەمانە دەیخوازن، کەمن لە چاو زۆریی کاتی شەو و ڕۆژ و ساڵانی تەمەندا، بۆیە حەتمەن دەبێت لەوە دڵنیا بین کە ژیان و ڕەنجدانی هەموویان دەبنە خواپەرستی، مادام بکەرەکانیان موسوڵمان بن و مەبەستیان لە ئەنجامدانەکە، ڕازیکردنی خوای گەورە بێت و جۆر و چۆنێتیی ڕەفتارەکەش شەرع بیگرێتەوە. ناشێت و ناکرێت کابرای موسوڵمان پارەی بانق بدزێت و بینێرێت بۆ جیهاد! با مەبەستیشی ڕەزامەندیی خوای گەورە بێت، چونکە کارەکەی دزییە و ناشەرعییە!

٧. خوای گەورە مەدحی ئەوانە دەکات کە نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون، چونکە ڕێبازی ڕاستیان گرتووەتە بەر. ئێ خەڵک بەبێ ڕێنمایی و ڕێنیشاندان و ئاراستەکردنی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، چوزانن کامەیە ڕێگای ڕاست؟!

لە هەموو زەمانەکانی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، لەناو خەڵکیدا دەیان دید و ڕێ و مەدرەسەی بۆچوون و پێناسە و تێڕوانین دروست دەبوو، وەک ئەم سەردەمەی ئێمە کە مەزهەبەکان چوارن، سەلەفییەکان سێ ئاراستەن؛ جیهادییەکان سێن، ئیخوانییەکان دوون، سۆفییەکان پەنجان، مەلاکان سەدانن؛ ئەوەی سەر بە حکومەتە و ئەوەی عەلمانییە و ئەوەی فەرمانبەری ئەوقافە و حەقی بەسەر هیچەوە نییە، ئەوەی بە بێدەنگی کاسبیی خۆی دەکات و ئیتر ئاوا...

گەنجێک لەم سەردەمەدا لە وڵاتێکی ئاوەهادا چاو دەکاتەوە و حەز دەکات دینەکە فێر بێت، چونکە حکومت نەیهێشتووە لە قوتابخانە بخوێنرێت، یان بە شێوایی خستوویەتییە بەردەست، ئەم گەنجە دەبێت ڕوو لە کوێ بکات؟

هەر یەک لەو ناوبراوانە و هاوشێوەیان دەڵێت: من حەقم و ئەوانی تر باتڵن.

لە دوای پێغەمبەرە خاوەن پەیامەکان (سەلامی خوایان لەسەر بێت)، لادان ڕووی دەدا و زۆرینەی خەڵک بە گومڕایی شەیتان و حەزی نەفس و بەرژەوەندییەکانیان دەکەوتنەوە شیرک و کوفر و تاوان، ئینجا نێردراوی تر دەهات و داوای لێ دەکردن کە بگەڕێنەوە سەر پەیامەکەی خۆیان.

ئەمە دیاردەیەکی هەموو مێژووی بانگەوازە خواییەکەیە. دوای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، خەڵکی غەیری یاوەران کەوتنە سەر جۆرەها دید و بۆچوونی لادەر و لەڕێ دەرچوو، جۆرەها مەدرەسەی شیاو و نەشیاو دروست بوون، وەکوو: (شیعە و خەواریج و قەدەرییە و جەهمییە)، دواتریش (ئەشعەری و موعتەزیلە و ماتوریدی و... هتد).

بەڵام ڕێبازە ڕاستەکە بزر نەبوو، چونکە ڕێبازی سەد و بیست و چوار هەزار یاوەر بوو، هیچ یاوەرێک ڕێگا ڕاستەکەی بەر نەدا و نەکەوتە لای یەکێک لەو کۆمەڵانە؛ بۆیە ئەوانەی سەر بە «مەدرەسەی ئەهلی حەدیس» بوون، لەسەر ڕێبازی یاوەران مانەوە و دید و ڕێ و مەنهەجەکەی پێغەمبەری خوایان پاراست، نەوە بە نەوە، تا ئەم زەمانە بەرگرییان لەو ڕێسایانە کرد کە «سەلەف» بۆ پاراستنی دینەکە دایانڕشتبوون.

خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿اهدنا الصراط المستقیم﴾.

واتە ئێمە بەردەوام ئەم دوعایە بکەین کە: "خوایە! ڕێنماییمان بکە بۆ ڕێگا ڕاستەکە. ڕێگا ڕاستەکەمان نیشان بدە." ئێ حەتمەن دەبێت ڕێگا ڕاستەکەمان لەبەردەستدا بێت، تا بزانین چۆن «ڕێگا درۆیینەکان» لە ڕێگا ڕاستە ڕاستییەکە جیا بکەینەوە.

خوای گەورە هەر بە وەحییەکەی خۆی، بە سەدان ئایەت ڕێگا ڕاستەکەی خۆی و ڕێگا و ڕێچکە لار و چەوتەکانیشی ڕوون کردووەتەوە.. لە باسی هیدایەتدانی مرۆڤدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّا هَدَيْنَٰهُ ٱلسَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كَفُورًا ۝٣﴾ (الإنسان: ٣).

واتە: "ئێمە هەر دوو ڕێگاکەمان نیشانی مرۆڤ داوە، ڕێی سوپاسگوزاری و ڕێی کوفرانەبژێری. ڕێی پێغەمبەران و پیاوچاکان بەرانبەر ڕێی تاغووتان و دنیاپەرستان. ئیتر خۆی سەرپشکە کە کامیان دەگرێتە بەر." خوای گەورە لەوە دڵنیای کردووەتەوە کە بە تەئکید دوایی زیندووی دەکاتەوە و لە ڕۆژی قیامەتدا موحاسەبە دەکرێت.

ئەگەر ڕێگای پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) سەرڕاستانە گرتبووە بەر، ئەوە پاداشتی تایبەت و هەمە جۆرەی مسۆگەرە لە لێخۆشبوونی خوای گەورە و بینینی لە بەهەشت و ناز و نیعمەتەکانی، ئەگەر ڕێگای تاغووتانی گرتبووەبەر؛ ئەوە سزای تایبەت و هەمە جۆرە دەدرێت، لە غەزەب لێ گرتنی و سزاکانی دۆزەخ و داماوی و ڕەنجەڕۆیی هەتاهەتایی لە دۆزەخدا، خوا پەنامان بدات.

٨. ئەگەر خوای گەورە نێردراوانی خۆی و پەیامی خۆی نەناردایە، خەڵکی وەکوو ئێستای «هیندستان»، دەبوونە خاوەنی زیاتر لە (٣٥٠) دین، جگە لە بیروباوەڕ و فیکری فەلسەفی و سیاسی و بێدینی، ئەو کات هەموویان دەبوونە خاوەن هەنجەت و لە قیامەتدا دەیانوت: "خوایە! کە تۆ نێردراوت بۆ نەناردووین، تا بتناسین و بتپەرستین و دینی تۆ وەربگرین و پیادەی بکەین، ئیتر چۆن موحاسەبەمان دەکەیت؟! ئێمە بە ئیجتیهادی خۆمان ئاوا تۆمان ناسیوە، ئاواش تۆمان پەرستووە و باب و باپیرانمان دینێکیان بۆ بەجێ هێشتووین کە ساڵانە، یان نەوە بە نەوەمان بۆمان زیاد کردووە، یان لێیان کەم کردووەتەوە."

ئەگەر خوای گەورە نێردراوە بەڕێزەکانی خۆی (سەلامی خوای لەسەر بێت) نەناردایە، ئەو ڕاستگۆ و شەهید و پیاوچاکانە (الصدیقین والشهداء والصالحین)ـە لەناو خەڵکیدا نەدەبوون، (وەکوو ئێستای ڕۆژئاوا)، ئەمانە کە خوای گەورە وەسفی کردوون و دەفەرموێت: ﴿صراط الذين أنعمت عليهم﴾، ڕێبازەکە بووەتە دید و ڕێی ئەم پیاوچاکانەی جێی پێشەوایەتیی مرۆڤایەتین.

ئەگەر خوای گەورە پەیامی خۆی بە پێغەمبەرانیدا (سەلامی خوایان لەسەر بێت) نەناردایە، نە ئەم پیاوچاکانە پەیدا دەبوون، نە دەزانرا ئەمانە چۆن گەیشتوونەتە ئەو ئاستە باڵایەی ساڵحبوون.

٩. کە سەرنج دەدەیتە ئایەتی: ﴿غير المغضوب عليهم ولا الضالين﴾، دڵنیا دەبیت کە ناردنی نێردراوانی خوای گەورە زەروورەتێکی بەشەریی ئێجگار پێویست بوو. پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ئەوەیان ڕوون کردووەتەوە کە خەڵکانێک بەر غەزەبی خوا کەوتوون، چونکە دید و ڕێی پێغەمبەرانیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان گۆڕیوە، وەکوو: «جولەکاکان». هەندێک خەڵکی تریش (گومڕا) بوون، چونکە خوای گەورەیان بەتەواوی نەناسیوە و بە نەزانی پەرستوویانە.

بۆیە کەوتوونەتە شیرکەوە، وەکوو «دیان» مەسیحییەکان کە سەییدنا عیسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) دەپەرستن، چونکە باوەڕیان وا یە کە ئەو پێغەمبەرە (سەلامی خوای لەسەر بێت) کوڕی خوایە!

ئەم باوەڕ و پەرستنە شیرکییە، بوونەتە مایەی گومڕایی ملیۆنان مرۆڤ کە هەر واش دەزانن تەنیا خۆیان لەسەر دینی حەقن و دینداری سەرڕاستن و شایانی چوونە بەهەشتن [ئەمە لە ڕیزی ئەهلی ئیسلامدا لە ڕیزی سۆفییەکاندا زۆرە، چونکە بە نەزانی و بێ بەڵگەی شەرعی دەکەونە شیرک و بیدعەتەوە].

ئەوانەی خوای گەورە غەزەبی لێ گرتوون و بەر ڕقی خوای بەزەبر کەوتوون، دوای زانینی پەیامی خوا و تێگەیشتنی و پابەندبوون پێیەوە ئینحرافیان کردووە.

بۆیە لە لایەکی ترەوە گومڕاش بوون. [لەم جۆر و پۆلە لە ڕیزی ئەهلی ئیسلامدا لە ڕیزی مەلا و داعییەکاندا زۆرە، چونکە شەرعیان خوێندووە و دەزانن ئەرکە عەقائیدییەکانیان چین، بەڵام بە هەوا و هەوەس، یان لەبەر

بەرژەوەندی دەکەونە ئیجتیهاد و لە دەقدا و لە ڕێ لادەدەن! (والله أعلم)].

ئەوانەش گـومڕا بـوون، چـونکە کەوتـوونەتە شـیرک و کـوفرەوە و بە هەڵە و کەللـەڕەقی هەر سـوور بـوون لەسـەر نەناسـینی حەق، بـۆیە کەوتـوونەتە بەر غەزەبی خوای گەورەوە.

کە وا بوو: ئایەتەکە دەفەرموێت: هەندێک کەس کەوتوونەتە بەر غەزەبی خـوای میهرەبـان [کەواتە گـومڕا و وێڵـن]، هەنـدێکیش گـومڕا و وێڵـن، بـۆیە کەوتوونەتە بەر غەزەبی خوای گەورە.

ئاوا هەر دوو لایان گومڕا و سەرلێشێواو و ڕێ بزرن و هەردووکیشیان بەر غەزەبی خوای گەورە کەوتوون، ئێ ئەمە حەتمەن هاتنی پێغەمبەران دەخوازێت (سـەلامی خوایـان لەسـەر بێـت)، تـا خەڵکـی نەکەونە نـاو ئەو دوو کـۆمەڵە غەزەبلێگیراو و گومڕایەوە.

ئەوانەی کە بە قسەی سەییدنا عیسایان (سەلامی خوای لەسەر بێت) کرد لە خەڵکی «بەنو ئیسرائیل»، خوای گەورە گرتنییە خۆ و سەری خستن، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ أَنصَارَ ٱللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ لِلۡحَوَارِيِّـۧنَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِۖ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ ١٤ ﴾ (الصف: ١٤).

واتە: "ئەی ئەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە! ئێـوەش ببـنە پشـتیوانی خـوای گەورە، هەر وەک (عیسـای کـوڕی مەریەم) بە بەنـی ئیسـرائیلی فەرمـوو: کـێ دەبێتە پشتیوان و لایەنگرم لەسەرخستنی دین و دینداریدا؟

یاوەرە دڵسـۆزە نزیکەکانی (الحواریون) فەرموویان: ئێمە، ئێمە پشـتیوانانی خوای گەورەین، ئێمە هەڵگرانی پەیامی ئەوین. ئاوا کۆمەڵێک لە بەنو ئیسرائیل باوەڕیان پێ هێنا و باقییەکەی تریان لەسەر دید و ڕێی کوفر مانەوە و باوەڕیان بە پێغەمبەرێتیی عیسا نەهێنا و کافر بوون."

خـوای گەورە دەفەرموێـت: ئیـدی ئەوانەی باوەڕیـان هێنـابوو، زاڵـمان کـردن بەسەر دوژمنەکانیاندا، ئاوا بوون بە دەسەڵاتدار و سەرکەوتن و دەرکەوتن.

ئەگەر ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە (سەلامی خـوای لەسـەر بێـت) نەهاتـایە، ئەو کۆمەڵە پشـتیوانە سەرڕاسـتەش نەدەکەوتـنە سـەر هیـدایەتی خـوایی و هەر لە ڕیزی گومڕا و نەزان و موشریکاندا دەمانەوە.

ـ ئـێمەش بە هـاتنی پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)، دیـد و ڕێـی ڕاستمان دۆزییەوە و گرتمانە بەر (والحمد لله).

خوای گەورە لە دید و ڕێ و هەڵوێستی جوولەکە و دیان و مەجووسی و... هتد، ڕزگاری کردووین (والحمد لله).

## سێیەم: شێوازی موناجات لە سورەتی «فاتیحە»دا:

١. بە ﴿مالك يومِ الدين﴾، خوای پەروەردگار بە دوور دەگریت لە لەکارخستن (تعطیل)ی ناو و سیفاتی و لادان لە ماناو واتای حەقیقیی خۆیان.

وەسفکردن و ئیعترافکردن بە دەسەڵاتدارێتی و حاکمێتیی خوای تاک و تەنیا لە دنیا و قیامەتدا، لە لایەنەکانی: (یاسادانان/ التشريع) و (حوکمڕانی/ الحكم) و (داوەری و داوەری بـردنە لا/ التحکـیم والتحـاکم) کە شـاهیدیت لەسـەر (پەروەردگـارێتی/ الـربّ) و حـاکمێتیی (مَلَـك يـوم الـدين) دا، ئینجـا دێیـتە سـەر سەلماندن و چەسپاندن و ئیعترافکردن بە (خوایەتی/ الألوهية)ی خوای گەورە.

٢. بە ﴿إياك نعبُدُ وإياكَ نَسْتعين﴾ خوای گەورە بە دوور دەگریت لە هاوبەش دانان بۆی، چ لە پەروەردگارێتی و حاکمێتیدا، چ لە پەرستنی و خوایەتییدا.

٣. بە ﴿اهدنا الصراط المستقيم صراط الذين أنعمت عليهم﴾ خۆت بە کەم و کەمزان و موحتـاج دەناسـێنیت و گیـانی دەعیـیە و لـووتبەرزی لە خۆتـدا مەفـح

دەکەیتەوە، چونکە ئیعتراف دەکەیت و بە گوفتار و کردار و بڕیار دەیسەلمێنیت و دەیچەسپێنیت کە موحتاجی زانست و زانینیت، زانستەکانی وەحی و زانینی ڕێگا ڕاستەکەی پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت)؛ تا زیاتر پابەند بیت، بۆ ئەوەی شایانی هیدایەتە خواییەکە بیت کە ئیعتراف دەکەیت ڕێگای خواویستی ڕاست و دروست و ڕەوایە و چاو بە خۆتدا دەگێڕیت و دەزانیت کە زۆرت ماوە لە ڕێچکەکانی جاهیلییەت دوور بکەویتەوە و وەلائت بۆ خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی و پاشان بۆ موسوڵمانان پاک بکەیتەوە.

هەروەها موحتاجی دید و ڕێی قورئان، «دین» و «دینداری»یت، تا لەگەڵ خواناسی و خواپەرستییەکەتدا، «دیندارە» تەزویر و چەواشەکارەکانت بۆ دەربکەوێت کە ڕووکەشیان موسوڵمانێتییە و ناخ و جەوهەریان زبڵدانی کوفر و شیرک و جاهیلییەتە.

٤. بە ﴿غیر المغضوب علیهم ولا الضالین﴾ و قاڵ و قووڵبوونەوە لێی و چاک تێگەیشتن لێی، دەگەیتە ئەو ئاستە تەقواکارییەی کە جەوهەر و سیما و ناوەڕۆک و ڕواڵەتی حەق بزانیت و لە بریسکە و بریقە و شەوقی تەزویری باتڵیان جیا بکەیتەوە. هەر وەک چۆن خوای گەورە مژدە دەدات و دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَتَّقُوا اللَّهَ يَجْعَل لَّكُمْ فُرْقَانًا..﴾ (الأنفال: ٢٩).

واتە: "ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! ئەگەر سەرڕاستانە خوای گەورە بپەرستن و تەقواکارانە دینداری بکەن، خوای گەورە توانای هەڵاوێردنی حەق و باتڵتان پێ دەبەخشێت."

ئەمەش بە وەرگرتن و چەسپاندنی زانستەکانی وەحی دەبێت لە خۆتدا. تۆ دەزانیت لە «زانست»یشدا دەیان جۆر و سەدان سەرچاوە هەن، بەڵام هەر قورئان و سوننەت و زانستەکانیان دەتگەیەننە خواناسی و خواپەرستن و ئاستەکانی تەقواکاری.

«زانست»ەکانی تر زۆرینەیان بێسوودن، هەڵە و چەوت و باتڵن، زۆرینەیان بۆ فریودان و چەواشەکاری و زیان گەیاندنن.

لە مێژووی ئیسلامدا و لەم سەردەمەشدا، دەیان «مەدرەسە»ی دید و ڕێی عەقائیدی و فیکری و سیاسی هاتوونەتە کایەوە و هەر هەمووشیان کۆن و نوێ، هەر یەک بە جیا دەڵێن: هەر ئێمە حەقین و حەق هەر لای ئێمەیە و بەس!

هەندێک لەوانە وەکوو: «شیعە» و شەست لقەکەی و «خەواریج» و سی لقەکەی و «جەهمییە و قەدەرییە و کوللابییە» و... هتد، لە سەردەمانی یاوەراندا پەیدا بوون و لاف و گەزافی تاکە ڕێیان لێدا، بەڵام یەک یاوەر نەچووە ناو هیچ یەکێکیانەوە.

یاوەران سەدو بیست و چوار هەزار بوون، لە سەردەمی ئەم مەدرەسانەدا لای کەم نیوەیان، یان کەمتریان مابوون، بەڵام یەک دانەشیان نەبووە پشتیوانی یەکێک لەم کۆمەڵانە؛ چونکە یاوەران (خوا لێیان ڕازی بێت) دەیانزانی تاکە ڕێگای ڕاست، ئەو دید و ڕێ و بەرنامە و ڕێباز و بزاوت و هەڵوێستەیە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و یاوەرانی لەسەر بوو.

ئێستا زیاتر بۆت ڕوون بووەوە کە بۆچی سورەتی «فاتیحە»، (أُمُّ القرآن)ە؟!

کە ئەم خاڵانەت لا ڕوون دەبێتەوە و تێیاندا قاڵ و قووڵ دەبیتەوە، مەحکەم لە لات دەچەسپێت و دەبنە ڕێسای حەقیقی و نەگۆڕی دین و دیندارییەکەت.

دەگەیتە ئەو ئاستەی «یەقین» کە غەیری خوای گەورە توانای نییە و نازانێت و بۆی نییە بەرنامەی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەتی دادپەروەری دابڕێژێت، هەر وەک چۆن مافی خوای گەورەیە کە دەبێت هەموو مانا و واتا و ئاماژەیەکی پەروەرگارێتی و هەموو دروشمێکی پەرستن و هەموو ڕەنجێکی ڕێکخستنی ژیان، هەر تایبەت بکرێن بە خوای تاک و پاکەوە و بەس.

## چوارەم: چەند خاڵێک لە ڕەوانبێژیی سورەتی «فاتیحە»:

١. لە زمانی عەرەبیدا، هەر وەکوو زمانێکی تر، «ناو» ڕووداوێکە کە کاتی تێدا نییە و بەڵگەشە لەسەر بەردەوامێتیی نەگۆڕێتی.

بۆ نموونە: (ساحةٌ واسعة: گۆڕەپانێکی بەرفراوان)، بەرفراوانێتیی گۆڕەپانەکە، بەردەوامێتیی تێدایە و ناگۆڕێت.

هەروەها: (شجرةٌ عاليةٌ: درەختەکە بەرزە)، بەرزێتییەکە ڕووداوێکە، بەڵام کاتی پێوە نییە. وەلێ کردار ڕووداوە و کاتی ڕوودانی پێوەیە، وەکوو: (قام/ هەستا)، هەستان ڕووداوە و دووبارە دەبێتەوە. هەروەها (كتبْتُ: نووسیم).

■ لە سورەتی (البقرة)دا خوای گەورە کە باسی دووڕووەکان دەکات، باسی هەڵوێستی لەرزۆکی دووپاتبوویان دەکات، بە شێوازی کردار ﴿آمنا﴾ و دواتر بە شێوازی «ناو» دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا لَقُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ قَالُوٓا۟ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوْا۟ إِلَىٰ شَيَـٰطِينِهِمْ قَالُوٓا۟ إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ ١٤﴾ (البقرة: ١٤).

واتە: "کاتێک بەو کەسانە دەگەیشتن کە باوەڕیان هێنابوو، دەیانوت: ئێمەش باوەڕمان هێناوە، کەچی کە دەچوونەوە لای دۆستە شەیتانەکانیان کە ئاراستەیان دەکردن و فاک و فیک و فێڵیان فێر دەکردن، دەیانوت: بە دڵنیاییەوە ئێمە هەر لەگەڵ ئێوەداین، ئێمە موسوڵمانەکانمان کردووە بە (قەشمەر) و گاڵتەیان پێ دەکەین!"

دەبینیت کاتی گەیشتنیان بە موسوڵمانان، دەڵێن: (آمنا)، چونکە زوو زوو بە موسوڵمانان دەگەن، لەگەڵ هەر موسوڵمانێکدا وا دەڵێن، کردارەکە دووپات دەکەنەوە، بەڵام لەگەڵ دۆستەکانیاندا ئاسایی سیفەتە سروشتییەکەی خۆیان

باس دەکەن کە موسوڵمان نین و هەر لەگەڵ دۆستەکانیاندان، بە شێوازی «ناو» کە نەگۆڕێتی و بەردەوامێتیی سیفەتەکەیانە (إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا نَحْنُ مُسْتَهْزِءُونَ).

■ کوڕەکەی سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە دەستپێکی لافاو و تۆفان و زریانەکەدا کە باوکی بەڕێزی هاواری لێ کرد وەرە لەگەڵ ئێمەدا بە «بە موسوڵمانێتی»، وتی: ﴿قَالَ سَـَٔاوِىٓ إِلَىٰ جَبَلٖ يَعۡصِمُنِي مِنَ ٱلۡمَآءِ﴾ (هود: ٤٣).

واتە: "پەنا دەبەمە بەر چیایەک، خۆ دەگەیەنمە سەر لووتکەکەی کە لە تۆفانەکە دەمپارێزێت!"

بە شێوازی کردار (آوي) و (يعصمني) کە کردارن و دووبارە دەبنەوە، بە تەصەوری مرۆڤانەی خۆی وایدانا کە لووتکە چیاکە بەرزە و ئاو نایگاتێ، چونکە چ خۆی و چ خەڵکانی تری دیوە، یان بینویەتی کە لە لافاودا دەچنە شوێنی بەرزتر لە ئاستی ئاوەکە و پارزراو دەبن.

بەڵام سەییدنا نووح (سەلامی خوای لەسەر بێت) لەڕێی وەحییەوە زانیی و دڵنیا بوو کە ئەم لافاوەیان ئاسایی نابێت و هیچ کافرێکی لەدەست قوتار نابێت، چونکە لافاوەکە بۆ ڕیشەکێشکردنی کافران هەستاوە و حەتمەن کوڕە کافرەکەی ئەمیش غەرق دەبێت.

بۆیە بە هەموو شێوازێکی نەفیکردن، فەرمووی: ﴿لَا عَاصِمَ ٱلۡيَوۡمَ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِ إِلَّا مَن رَّحِمَ﴾ (هود: ٤٣).

واتە: "ئەمڕۆ بە هیچ کلۆجێک، هیچ پەنادراوێک نابێت لە سەر زەمیندا، مەگەر کەسێک کە هەر خوای گەورە ڕەحمی پێ کردبێت."

بە (لا النافية للجنس) کە نەفیی توخمی (عاصِم) دەکات، واتە: (معصوم: پارێزراو و پەنادراو)، ئەو بە شێوازی کردار وتی: (سآوي)، (يعصمني)، جەنابیشی

(سەلامی خوای لەسەر بێت) بە شێوەی ناو فەرموی: ﴿لا عاصِمَ اليوم﴾.

■ دوای ئەوەی سەییدنا مووسا (سەلامی خوای لەسەر بێت) کابرای قیبتیی سەر بە فیرعەونی کوشت، زۆر ترسا! ترسەکەی لێ بوو بە سیفەت، بۆیە خوای گەورە لە وەسفیدا دەفەرموێت: ﴿فَأَصۡبَحَ فِي ٱلۡمَدِينَةِ خَآئِفٗا يَتَرَقَّبُ﴾ (القصص: ).

واتە: "وای لێ هات لە هەموو شارەکەدا بە ترساوی مایەوە و هەر سەیری ئەو لا و لای دەکرد." (خائفاً) ناوە و (يترقَّبُ) کردارە کە سەدان جار دووپات دەبێتەوە.

■ لە ڕۆژی قیامەتدا، لەو ڕۆژە سامناک و تۆقێنەرەدا کە کەس بە هانای نزیکترین کەسی خۆیەوە ناچێت و هەموو خەڵکەکە ترس و بیم دایگرتوون و خەمی ئەو ساتە و داهاتوویانە، بەڵام ئیمانداران کە فەرمانی خوای گەورەیان جێبەجێ کردووە، ترسیان لەسەر نییە و خەم ناخۆن! دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَٱلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلنَّصَٰرَىٰ وَٱلصَّٰبِـِٔينَ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَلَهُمۡ أَجۡرُهُمۡ عِندَ رَبِّهِمۡ وَلَا خَوۡفٌ عَلَيۡهِمۡ وَلَا هُمۡ يَحۡزَنُونَ ٦٢﴾ (البقرة: ٦٢).

واتە: "ئەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە، هەروەها ئەوانەی لەسەر دینی (جوولەکە و دیانان و صابیئە) (صابیئە: دینی سەییدنا زەکریا - سەلامی خوای لەسەر بێت -) بوون کە باوەڕیان بە خوای گەورە و ڕۆژی دوایی هەبوو و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە.

ئەوانە پاداشتی لای خوای گەورەیان مسۆگەرە، نە ترسیان لەسەر دەبێت و نە خەفەت دەخۆن." فەرمووی: (لا خوف عليهم)، بە شێوازی «ناو»، نەیفەرموو: (لایخافون) هەر وەک چۆن فەرمووی: (ولا یحزنون) بە کردار، چونکە ترس و تۆقان لە قیامەتدا ئێجگار زۆرە و لە هەموو کەسێکدا دەبێتە سیفەتی بەردەوام،

چـونکە ترسـی قیـامەت، هەر لە ژیـانی دنیـاوە لە دڵـی ئیمانـداردا دەچەسـپێت و هەمیشە لە بیری دەبێت، وەکوو خوای گەورە دەفەرموێت:

ـ ﴿يَخَافُونَ يَوۡمٗا تَتَقَلَّبُ فِيهِ ٱلۡقُلُوبُ وَٱلۡأَبۡصَٰرُ ٣٧﴾ (النـور: ٣٧)، یـان: ﴿إِنَّا نَخَافُ مِن رَّبِّنَا يَوۡمًا عَبُوسٗا قَمۡطَرِيرٗا ١٠﴾ الإنسـان: ١٠، هەروەهـا: ﴿يُوفُونَ بِٱلنَّذۡرِ وَيَخَافُونَ يَوۡمٗا كَانَ شَرُّهُۥ مُسۡتَطِيرٗا ٧﴾ (الإنسان: ٧).

بەڵام تـرس و بیمـی قیـامەت لە قیامەتـدا، دەگـاتە حـاڵەتێکی تـۆقین کە خەڵکی وەکوو سەرخۆش و مەست، بێهۆش دەبن: ﴿وَتَرَى ٱلنَّاسَ سُكَٰرَىٰ وَمَا هُم بِسُكَٰرَىٰ وَلَٰكِنَّ عَذَابَ ٱللَّهِ شَدِيدٞ ٢﴾ (الحـج: ٢)، واتە: "لەو ڕۆژەدا کە حەتمەن دەیبینن. خەڵکی دەبینیت سەرخۆش و بێهۆشن! لە ڕاستیدا سەرخۆش نەبـوون بە خـواردنەوەی شـەراب، بەڵام ژان و ئـازار و سـزای خـوای گەورە سەختە."

ئـا لەم ڕۆژەدا ئەمـان بە سـیفەتی «نـاو» بـۆ ئیمانـداران بە سـەریانەوە دەبێـت، ئەمـانێکی واقیعـی و بەردەوام (لاخوفٌ علیهم). نەیفەرمـوو: (لایخافون)، چـونکە حەتمەن دەترسن، بەڵام فەرمووی: ترسیان لەسەر نابێت. خوای گەورە ترسیان لەسـەر هەڵدەگرێت، بەڵام بـۆ خەفەتخواردنیـان بە شێوازی کردەوە، دەفەرموێت: (ولایحزنون)، خەفەت ناخۆن.. خەفەتیشیان بۆ ناخورێت.

ڕاناو (هُم)ەکەشی پێش خستووە، تا تەئیکید لەوە بکاتەوە کە ئەوان خەفەت ناخۆن، بەڵام خەڵکی تر لە خەم و خەفەت و پەژارەدا بێهۆش کەوتوون.

وەکوو ئەوەیە کە دەڵێیت: (ما أنا فعلتُ)، واتە: "ئەوە من نیم کە کردوومە.. غەیری منە کە کردوویەتی."[1]

---

[1] الدكتور فاضل صالح السامرائي: من أسرار البيان القرآني، دار ابن كثير/ لبنان .چاپی یەکەم ١٤٣٨هـ/ ٢٠١٧ز، (ل / ٢١٣ - ٢١٤).

ـ سەدان جێگای وا لە قورئاندا دەبینیت کە «ناو»ی بۆ سیفەتی بەردەوام و جێگیر و نەگۆڕ بەکار هێناوە و «کردار»یش بۆ ڕووداوی گۆڕاو و دووپاتبووەوە.

. لە سورەتی «فاتیحە»شدا وایە، خوای تاک و پاک و بێوێنە و بێ هاوبەش کە وەسفی خۆی دەکات، هەموو وەسفەکانی بە «ناو» دەگەن، چونکە سیفاتی نەگۆڕ و جێگیر و بەردەوامن، بۆیە دەفەرموێت: (الحمد، لله، رب، العالمین، الرحمن، الرحیم، مالك، یوم، الدین).

ئەوەش کە پەیوندیی بە عەبدەکانییەوە هەیە، کردارە و بەردەوام دووپات دەبێتەوە، بۆیە فەرمووی: (نعبدُ، نستعینُ، اهدنا).

٢. پێشتر وتمان: خوای گەورە کە باسی ڕێبازەکەی خۆی دەکات، بە «تاک» باسی دەکات، دەفەرموێت: (الصراط) و بە (المستقیم) وەسفی کردووە کە سیفەتی جێگیر و نەگۆڕە، ڕێبازی ڕاستیی بەرەو خوا چوون هەر یەکێکە و بەس. هەموو ئەوانی تر ڕێچکە و تووولەڕێن و دەتگەیەننە بن بەست، یان گومڕایی و سەرگەردانی و سزای خوای گەورە.

بۆیە فەرمووی: ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ۚ﴾ (الأنعام: ١٥٣).

واتە: "ئا ئەمە ڕێبازەکەی منە کە ڕاستە، شوێنی بکەون، شوێن ڕێچکان و توولەڕێیان مەکەون، چونکە لە ڕاستە ڕێگە لات دەدەن و پەرتەوازە دەبن و لە ڕێگەی ڕاستی خوای گەورە دوور دەکەونەوە." (صراط)ـەکە لە خوای زانا و داناوە هاتووە و (سُبُل) لە هەزاران دید و بۆچوون و تێڕوانین و پێناسە و بەرژەوەندییەوە هاتوون.

■ دەفەرموێت: (المستقیم). ئیمامی ئیبنولقەییم کە پێش حەوت سەد ساڵ

کۆچی دوایی کردووە (لە ٧٥١ مردووە) لە (مدارج السالكين)دا دەفەرموێت[١]: "ڕێگا بە «ڕاست» وەسف ناکرێت، تا پێنج سیفەتی تێدا نەبێت: ڕێکی، گەیاندنە مەبەست، نزیکی، پانوپۆڕی و بەرفراوانی، ناساندنی (بەوەی کە ئەم ڕێگایە ڕاستە). (الصراط المستقيم)ەکەش ئەم سیفاتانەی هەموو تێدایە:

* وەسفکردنی بەوەی ڕێکە (الإستقامة) مانای «نزیکی»یشی لە خۆ گرتووە، چونکە هێڵی ڕاستی نێوان دوو خاڵ نزیکترین ڕێیە[٢]، تا پێچاوپێچی زۆر بێت، یان بەرزی و نشێوی؛ ئەوە دوورتر دەبێت، هەروەها ڕێکییەکەی (الإستقامة) ئەوەشی لە خۆ گرتووە کە «دەتگەیەنێتە مەبەست» کە بواریش هەبێت ئەو هەموو مرۆڤەی بەسەردا بڕوات و لە بیانگرێتە خۆی، مانای وایە: «پان و پۆڕ»یشە.

بەمەش ئیزافەی کردووە بۆ ئەو کەسانەی کە خوای گەورە نیعمەتی خۆی بەسەردا ڕشتوون کە پێچەوانەی ڕێچکەی ئەهلی غەزەبلێگیراوان و گومڕایانە، ئەو وەسفەی دێتە دی کە ناسێنراوە بەوەی کە ڕێگایەکی ڕاست و دروست و ڕەوایە.

ئەمە جگە لەوەی کە ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورە، لەگەڵبوون (مەعییەت)ی ئەویشی پێوەیە، کە وا بوو: ئیمان و ئەمان و بێخەمبوونە لە ئاراستە و تەگبیری ڕێ، خوای گەورە لەگەڵ ڕێچکان و توولە ڕێگاندا نییە، بۆیە دەبینیت شوێنکەوتووانیان تێک بەربوون و بەردەوام دژایەتیی یەکتری دەکەن (والحمد لله).

. لەبەر ئەوەیە کە خوای پەروەردگار بەردەوام بیری پێغەمبەرە نازدارەکەی خۆی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەخستەوە کە بێخەم بە، جەنابت لەسەر ڕێگا

---

[١] مدارج السالكين (ب ١، ل ٣٣).

[٢] ئیمامی ئیبنولقەییم لەو زەمانەدا وای فەرمووە، کەچی ڕۆژئاوا ئەم حەقیقەتەی کردووە بە پیرۆزیی خۆی!

ڕاستەکەیت و حەقیت و حەقیش دەگەیەنیت و ڕێی قیامەتت سەرڕاستانە گرتووەتە بەر. دەفەرموێت:

ـ ﴿قُلۡ إِنِّي عَلَىٰ بَيِّنَةٖ مِّن رَّبِّي وَكَذَّبۡتُم بِهِۦۚ مَا عِندِي مَا تَسۡتَعۡجِلُونَ بِهِۦٓۚ إِنِ ٱلۡحُكۡمُ إِلَّا لِلَّهِۖ يَقُصُّ ٱلۡحَقَّۖ وَهُوَ خَيۡرُ ٱلۡفَٰصِلِينَ ٥٧﴾ (الأنعام: ٥٧).

واتە: "بفەرموو: من لەسەر بەڵگەی حەق و ڕۆشنی خوای پەروەردگاری خۆمم، نەک حەز و ئارەزوو، یان هەوا و هەوەس، لە کاتێکدا کە ئێوە یەکبوونی خوای گەورە «تەوحید» و وەحی قورئانەکەی بە درۆ دەخەنەوە!

سزا و بەڵا و موسیبەت لەدەست مندا نییە کە ئێوە داوای دەکەن و پەلەتانە لێی! کە ئێوە خۆتان دەڵێن: بمانخەرە بەر سزا و ناسۆر و ژان، ئەگەر ڕاست دەکەیت و پێغەمبەری خوایت! هەموو بڕیاری حوکمێک لەدەست خوای گەورەدایە، خۆی حەقیانەت داوەری دەکات و هەر خۆیشی باشترین جیاکاری حەق و باتڵە."

. ﴿وَقُلِ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّكُمۡۖ فَمَن شَآءَ فَلۡيُؤۡمِن وَمَن شَآءَ فَلۡيَكۡفُرۡ﴾ (الكهف: ٢٩).

واتە: "ئەم پەیامە ئەو حەقەیە کە لە لایەن خوای خاوەنی و پەروەردگار و سەرپەرشتیارتانەوە هاتووە، جا کێ دەخوازێت وەری بگرێت، با باوەڕی پێ بهێنێت و بیگرێتە بەر، کێیش دەیەوێت لە سەر دید و ڕێی کوفر بمێنێتەوە؛ با بمێنێتەوە، خۆی زەرەمەند دەبێت، چونکە بە دڵنیاییەوە چارەنووسی کافران هەر ئاگری دۆزەخ دەبێت."

ـــ ﴿وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَءَامَنُواْ بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٖ وَهُوَ ٱلۡحَقُّ مِن رَّبِّهِمۡ كَفَّرَ عَنۡهُمۡ سَيِّـَٔاتِهِمۡ وَأَصۡلَحَ بَالَهُمۡ ٢﴾ (محمد: ٢).

واتە: "ئەو کەسانەی کە باوەڕیان هێنا و کردەوە چاکەکانیان ئەنجام داوە، باوەڕیان بەو پەیامە هێناوە کە بۆ موحەممەد (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتووەتە

خـواریّ کە حەقە و لە لایەن خـوای گەورەوەیە، خـوای خـاوەن و پەروەردگـار و سەرپەرشـتیار، ئەوانە خوای گەورە گوناهـەکانیان دەسڕێتەوە و بـاری ئیمانـی و دەروونی و جەستەیی و حاڵیان پارسەنگ دەکات."

. ﴿فَٱسۡتَمۡسِكۡ بِٱلَّذِيٓ أُوحِيَ إِلَيۡكَۖ إِنَّكَ عَلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٤٣﴾ (الزخرف: ٤٣).

واتە: "بەوە پابەند بە کە بە وەحی بۆت هاتووە و دڵنیابە کە جەنابت لەسەر ڕاستە ڕێگەکەیت."

٣. شـێوازی ڕەوانبێژیـی قورئـان وایە کە هـیچ سـیفەتێکی کەموکـورتی و عەیب و نوقسانی ناگەڕێنێتەوە بۆ هیچ سیفەتێکی زاتی، یان کرداریی خوای گەورە. بۆ نموونە:

- سـەییدنا خضر (سـەلامی خوای لەسـەر بێت) لە سورەتی (الکهف)دا کە باسـی کـونکردنی بەلەمەکە بـۆ سـەییدنا مووسـا (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) دەکات، دەفەرموێت: ﴿فَأَرَدتُّ أَنۡ أَعِيبَهَا﴾ (الکهف: ٧٩).

واتە: "ویسـتم بەلەمەکە نوقسـان بـکەم (عەیبـداری بـکەم)، تـا ئەو پاشـا زۆردارەی دێـتە سـەریان، وا بزانێت بەلەمێکـی بێکەڵـک و نوقسـانە، تـا لێیـان نەستێنێت و نەیبات." خۆ دیارە ئەم پیاوچاکە، ئەم کارە و کارەکانی تری هەر بە فەرمانی خوای گەورە کـرد، بـۆیە لە شـەرحی دواتـردا دەفەرموێت: ﴿وَمَا فَعَلۡتُهُۥ عَنۡ أَمۡرِيۚ﴾ (الکهف: ٨٢).

واتە: "خـۆ مـن هەر لە خـۆمەوە ئەم کـارەم نەکـرد، بە فەرمـانی خـوای گەورە بوو." بەڵام نافەرموێت: خوای گەورە ویستی بەلەمەکە عەیبدار بکات.

. جنۆکەکان لە سورەتی (الجن)دا کە باسی هاتنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) دەکەن، دەڵـێن: "ئـێمە جـاران دەچـووینە ئاسـمان و زۆر هەواڵـمان دەبیست و زانیاریمان دەست دەکەوت، کەچی ئێستا کە دەچینە ئەوێ، دەبینین پڕ بووە لە پاسەوان و دەدرێینە بەر بەردی ئاگرین و تۆپەڵە گڕ!"

ئینجا دەڵێن: ﴿وَأَنَّا لَا نَدْرِيٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ١٠﴾ "الجن: ١٠".

واتە: "ئێمە نازانین، ئایا خراپە بۆ خەڵکی سەرزەمین دەویسترێت، یان خوای پەروەردگاریان، خێر دەهێنێتە ڕێیان؟!"

دەبینیت لە باسی (شرّ)دا دەفەرموێت: (أُرِيدَ: دەویسترێت: دەخوازێت)، واتە: بە (مبني للمجهول) کە بکەر (فاعل)ـەکەی باس ناکەن کە خوای گەورەیە، چونکە باسەکە باسی (شرّ)ـە، ناڵێن: نازانین خوای پەروەردگاریان دەیەوێت شەڕ بهێنێتە ڕێیان، یان چاکە؟!

بەڵام لە باسی (خێر)ـەکەدا بە (مبني للمعلوم)ـە و (فاعل)ـەکەشی باس دەکرێت کە خوای گەورەیە: (أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا).

. خوای گەورە لە باسی سەییدنا ئیبراهیمدا (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە سورەتی (الشعراء)دا دەفەرموێت کە ئیبراهیم بە قەومە کافرەکەی فەرموو: ﴿فَإِنَّهُمْ عَدُوٌّ لِّيٓ إِلَّا رَبَّ ٱلْعَٰلَمِينَ ٧٧ ٱلَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهْدِينِ ٧٨ وَٱلَّذِي هُوَ يُطْعِمُنِي وَيَسْقِينِ ٧٩ وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ ٨٠ وَٱلَّذِي يُمِيتُنِي ثُمَّ يُحْيِينِ ٨١﴾ (الشعراء: ٧٧ – ٨١).

واتە: "هەموو ئەو بتانەی لە جیاتیی خوای گەورە دەیانپەرستن، دووژمنمن، هەر خوای گەورەیە کە پەرستراومە. ئەو خەلقی کردووم و هەر ئەویش هیدایەتی داوم، ئەوە کە خۆراک و خواردنەوەم پێ دەگەیەنێت کە نەخۆشیش دەکەوم، هەر ئەو چاکم دەکاتەوە و شیفام دەدات، هەر ئەویشە دەممرێنێت و زیندووم دەکاتەوە."

بڕوانە چۆن بکەر (فاعل)ی هەموو کردارەکان، جگە لە نەخۆش کەوتنەکە بۆ خوای گەورە دەگێڕێتەوە: (خلقني، يهديني، يطعمني، يسقيني، يشفيني)، بەڵام

بـــکەری نەخـــۆش خســـتنەکە، ئەگەرچـــی هەر لە خـــوای گەورەوەیە، بەڵام دەفەرموێـت: کە نەخۆشـیش دەکەوم: (وإذا مَرِضـتُ)، نافەرموێـت: کە نەخۆشـی خستم.

سەییدنا ئیبراهیم (سەلامی خوای لەسەر بێت) لە لووتکەی باڵای ئەدەبدایە کە باسـی کردارەکـانی خـوای پەروەردگـاری دەکـات، لە نەخۆشـییەکەدا خـۆی دەکاتە هۆکار کە خۆم سەبەب بووم بۆ نەخۆش کەوتنم.

شـتێکی سروشـتییە کە کەس خۆی نەخۆش ناخات، نەخۆشـکەوتن بەدەر لە ویســتی خەڵکیــیە و هەر بە قەدەری خــوای زانــا و دانــایە، چــونکە دەشــێت نەخۆشییەکە ویراسی بێت[١]، یان سەرئەنجامی لاسەنگبوونی ململانێکانی نـاو جەستەمانە: میکرۆب و بەرگریهان، بەکتریای چاک و خراپ، کۆلسترۆڵی چاک و خراپە، چەوری و گلاندی پەنکریـاس بۆ تواندنەوەی شەکر و ئەنسۆلین؛ زۆر خواردن و نەبزوتن (وەرزش نەکردن).

هەروەهـا سـەدان جـۆری نوقسـانی ڤیتامینەکـان و کانزاکـان و کەمبـوون و زۆربوونیـان کە هەر یەکێکیـان دەبێـتە نوقسـانییەکی لەش، یـان نەخۆشـییەک. ئەمە جگە لە برین و بڕین و... هتد.

لێرەشدا لە سورەتی «فاتیحە»دا هەر وایە، دەبینیت لە باسی بەخشینی ناز و نیعمەتـی خـۆی بەسـەر پیاوچاکانـدا، (فاعل)ـەکە هـاتووە کە ڕانـاوی لکـاوی دواوەی (تاء)ە (أنعمتَ).

واتە: کە تۆ نیعمەتی خۆتت پێ بەخشیون، چونکە لووتکەی خۆشحاڵییە کە خوای کردگار و پەروەردگار و زانا و دانا ئەم عەبدانەی خەڵات کردووە.

بەڵام لە باسی غەزەب لێ گرتن (المغضوب علیهم) و گومڕابوون (الضالین)دا بە شـێوازی (مفعـول) هـاتووە، چـونکە جـگە لەوەی مانـاکە ڕۆشـنە، واتە: نەک

---

[١] میکرۆبی سێ هەزار نەخۆشی لە دایک و باوکەوە دەچێتە هەر یەک لە ئەولادەکانیانەوە!

ڕێچکەی ئەوانەی غەزەبت لێ گرتوون و گومڕات کردوون! بەڵکوو ئەوانە کە بەر (غەزەبی خوای گەورە و تووڕەیی فریشتە و بوغزاندنی موسوڵمانان بۆیان) کەوتوون..

گومڕاکانیش تازە وا گومڕا بوون کە نە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) دەتوانن هیدایەتیان بدەن، نە زانا و پیاوچاکانیش، تەنانەت کەسیان نەماوە تکایەکیان بۆ بکات.

## جەختکردنەوە لە گشتگیریی «عیبادەت» لە ئیسلامدا

د. عومەر سولەیمان ئەلئەشقەر (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت[1]:

ئەم گەردوونەی تێیدا دەژیین، پەرستگایەکی ئێجگار بەرفراوانە، لە هەموو لایەکییەوە مەخلووقەکان بە زیکر و وێرد و شوکرانەبژێری خوای کردگاریان دەپەرستن.

هەر هەموو ئاسمانەکان و زەمین و هەرچییەکی تێیاندان، هەموویان تەسلیمی خوای تاک و پاکن، ملکەچی ئەون، ئیعتراف بە کردگارێتیی خوای داهێنەر دەکەن.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿بَل لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ كُلّٞ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ١١٦﴾ البقرة: ١١٦.

واتە: "هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندان، موڵکی خوای گەورەن و ملکەچی ئەون."

هەروەها دەفەرموێت: ﴿أَفَغَيۡرَ دِينِ ٱللَّهِ يَبۡغُونَ وَلَهُۥٓ أَسۡلَمَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ طَوۡعٗا وَكَرۡهٗا وَإِلَيۡهِ يُرۡجَعُونَ ٨٣﴾ (آل عمران: ٨٣).

واتە: "چما غەیری دینەکەی خوای گەورەیان دەوێت؟! ئەو کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەمیندا هەیە ملکەچانە، یان بەزۆر ملکەچی ئەون و هەموویان بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوە."

[1] د. عمر سليمان الأشقر: النيات في العبادات (بەشێکە لە دکتۆرانامەکەی): (مقاصد المكلفين)، دار النفائس/ الاردن، چاپی سێیەم ١٤١٥ک / ١٩٩٥ز، ل ٤٤ - ٤٩.

ئەم هەمــوو مەخلووقــاتەی کە تەســلیمی خــوای پەروەردگاریــانن، هەر هەموویـان سـوجدە بـۆ خـوای تـاک و پـاک دەبەن: ﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ طَوْعًا وَكَرْهًا﴾ (الرعد: ١٥).

واتە: "هەرچــی لە ئاســمانەکان و زەویــدان لە: (فریشــتە و مــرۆڤ و جــین) ملکەچانە، یان بەزۆر، تەسلیم بە ویستی خوای گەورەن و ڕێساکانی وجوودیان بەسەردا دەسەپێت."

هەروەهـــا دەفەرموێـــت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يَسْجُدُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَمَن فِي الْأَرْضِ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ وَالنُّجُومُ وَالْجِبَالُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ وَكَثِيرٌ مِّنَ النَّاسِ ۖ وَكَثِيرٌ حَقَّ عَلَيْهِ الْعَذَابُ﴾ (الحج: ١٨).

واتە: "مەگەر نابینیــت (نازانیــت) کە هەرچــی لە ئاســمانەکان و زەمینــدان سـوجدە بـۆ خـوای گەورە دەبەن؟ (واتە: بەتەواوی تەسلیمی فەرمانەکـانی ئەو و ملکەچی ویست و ئیرادەی ئەون)."

هەروەها: خۆر و مانگ و ئەستێرە، چیا و درەخت و هەرچی دێت و دەڕوات، بەڵام لە حوکمی ڕۆژی دواییدا جودان، هەیانە بەر لێخۆشبوونی خوای گەورە دەکەوێت و زۆرینەشیان دەکەوێتە بەر سزا و ژان و ناسۆرەوە.

لەگەڵ تەسلیمبوون و سوجدەبردنیاندا، یادی خوای گەورە دەکەن و بە تاک و پاکی دادەنێن: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ يُسَبِّحُ لَهُ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَالطَّيْرُ صَافَّاتٍ ۖ كُلٌّ قَدْ عَلِمَ صَلَاتَهُ وَتَسْبِيحَهُ﴾ (النور: ٤١).

واتە: "مەگەر نابینیــت (بینیــن بە مانــای زانــین)، هەرچــی لە ئاسمانەکان و زەمیندان چۆن تەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن، ئیعتراف بە پاک و بێخەوشیی ئەو دەکەن، هەروەها باڵندەی باڵ واڵا بەو ئاسمانەوە، هەر لە زیکری خوادان کە بەو ئاسمانەوە ڕایاندەگرێت! "

هەر یەکەشیان نوێژی خۆیان و زیکر و تەسبیحاتی خۆیان دەزانن و دەیکەن، بەڵام ئێمە نازانین، نازانین نوێژ و زیکر و تەسبیحاتکردنیان چۆنە و چی دەڵێن: ﴿ تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ ﴾ (الإسراء: ٤٤).

واتە: "هەرچی لە حەوت ئاسمانەکان و زەویدان و هەرچییەک کە تێیاندا دەژی، هەر هەموو شتێک لە زیکر و تەسبیحاتی خوای گەورەدان، سوپاس و ستاییشی دەکەن، بەڵام ئێوە لە زیکر و وێردەکانیان ناگەن."

مرۆڤ لەم گەردوونە بەرفراوانەدا، جیهانێکە لەو جیهانانەی خوای کردگار هێناونیەتییە بوون، خوای گەورە هەمووانی بۆیە خەلق کردووە، تا بیناسن و بیپەرستن و دینەکەی وەربگرن و لە هەموو کار و کردەوەیەکیاندا ڕوویان لەو بێت و فەرمانی ئەو ڕابپەڕێنن: ﴿ وَمَا خَلَقۡتُ ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ٥٦ مَآ أُرِيدُ مِنۡهُم مِّن رِّزۡقٖ وَمَآ أُرِيدُ أَن يُطۡعِمُونِ ٥٧ إِنَّ ٱللَّهَ هُوَ ٱلرَّزَّاقُ ذُو ٱلۡقُوَّةِ ٱلۡمَتِينُ ٥٨ ﴾ (الذاريات: ٥٦ – ٥٨).

واتە: "جین و مرۆڤم، هەر بۆ پەرستنی خۆم خەلق کردووە، خۆ نامەوێت ڕزقم بۆ پەیدا بکەن و خۆراکم بدەنێ! خوای گەورە خۆی ڕۆزیدەرە و خاوەن هێزی ڕەهایە."

کە وا بوو: خواپەرستی ئەو مەبەستە گرنگ و مەزنەیە کە مرۆڤی بۆ خەلق بووە[1]، هەر هەموو گەردوون بۆ ئەو خواپەرستییە خەلق کراوە.

کە وا بوو: ئەرکێکی مەزن و گرنگمانە کە وردەکارانە سەرنج بدەین و

---

[1] جیاوازی هەیە لەنێوان خواپەرستیی مرۆڤ و خواپەرستیی بوونەوەرەکانی تری «وجوود»، گەردوون ملکەچی سروشتییە و خوای پەروەردگاری بەبێ زەحمەت دەپەرستێت، خواپەرستییەکەی مرۆڤ سەرپشکانەیە، بە سەربەستی خۆی دەیکات و سەبر لەسەر ماندووبوونی دەگرێت.

بکۆڵینەوە، تا شارەزای چەمک (مفهوم)ی خواپەرستی دەبین و لە هەموو مانا و لایەن و ڕەهەندەکانی دەگەین، چونکە زانین و شارەزابوونمان لە خواپەرستیدا بەرپرسیارێتییەکی گەورەی دنیا و قیامەتمانە، چارەنووسی لەسەرە.

ئێمە لە هەوڵدانماندا بۆ توێژینەوە و شارەزابوونمان لە ڕەهەند و لایەنەکانی «عیبادەت»، هەر دەبێت ڕوو بکەینە پەیامەکەی خوای پەروەردگارمان و سوننەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، تا لەوێوە پێناسەی «عیبادەت» وەربگرین، چونکە خوای گەورە بۆیە پەیامی خۆی ناردووەتە خوارێ و پێغەمبەرانی (سەلامی خوایان لەسەر بێت) ناردووە؛ تا خەڵکی مەبەست لە خەلقکردن و وجوودیان لەسەر زەمین بزانن و بەرپرسیارێتیی ئەو ئامانجە سەرەکییە هەڵبگرن کە بۆی خەلق بوون، هەروەها ئەو ڕێباز و بەرنامەی دەبێت بۆ گەیشتنە ئامانجەکەیان بیگرنە بەر.

ئەو کەسەی سەرنج دەداتە دەقەکانی قورئان و سوننەت، دەبینێت چەمک و واتای «عیبادەت» زۆر گشتگیرە، تەنیا فەرزەکان: (نوێژ و ڕۆژو و زەکات و حەج و جیهاد و دوعا و هانا و هاوار بۆ بردن و ئەوانی تر) ناگرێتەوە، دەبینێت ژیان بەپێی دید و ڕێ و بەرنامەی ئیسلام، هەموو لایەنەکانی «عیبادەت»ن.

ژیان لە دید و ڕێی دینەکەی خوادایە کە یەکی دابڕ نەبووە، هەرچیی تێدایە و تێیدا ئەنجام دەدرێت هیی خوای گەورەیە و بۆ ئەوە. ئیسلام، ژیان و قیامەت بە دوو دید و ڕێ دانانێت، فاسڵ ناخاتە نێوانیانەوە. لە ئیسلامدا جیاوازی لەنێوان ئەنجامدانی فەرزێکی دروشمی پەرستن و پارسەنگبوونی ڕەفتار و ڕەوشتێکدا ناکرێت، چونکە هەموو بزاوت و سەوتێکی ژیانی موسوڵمان بە عەقیدەکەیەوە پەیوەست دەکات، تا هەموو ئەو بزاوتانەی پێ ڕوو بکاتە خوای پەروەردگاری، چونکە ڕەفتار و ڕەوشت و بزاوتی موسوڵمان کە نییەتی بۆ خوای گەورە دەبێت و کارەکەی شەرعی دەبێت؛ دەبێتە ڕاپەڕاندنی فەرمانی خوای گەورە و هۆکارێک بۆ پیادەکردنی دینەکەی لەناو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

خـــوای گەورە دەفەرمویـــت: ﴿قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦٢ لَا شَرِيكَ لَهُۥۖ وَبِذَٰلِكَ أُمِرۡتُ وَأَنَا۠ أَوَّلُ ٱلۡمُسۡلِمِينَ ١٦٣﴾ (الأنعام: ١٦٢ – ١٦٣).

واتە: "بفەرمـوو: نوێژەکـانم، خواپەرستییەکانی ژیـانم و مـردنم، هەمـووی بـۆ خوای پەروەردگاری جیهانیيانە کە هاوبەشی نییە، ئەوەشم بە فەرمان پێ دراوە، منیش یەکەمینی موسوڵمانانم."

ئیمامـی ئیبنـو تەیمیـیە، دوای تـوێژینەوەی چەمکـی گشـتگیریی عیبـادەت، دەفەرموێت:

(إنَّ العبادة اسم جامع لكل ما يحبه الله ويرضاهُ من الأقوال والأعمال الباطنة والظاهرة).[١]

واتە: عیبـادەت: "نـاوێکی کۆکـارە (زاراوەیەکـی گشـتگیرە)، هەمـوو ئەوانە دەگرێتەوە کە خوای گەورە پێی خۆشە و ڕازییە پێیان لە: گوفتار و ڕەفتاری ناخ و دیار."

دوای پێناسەکەی بە تەفسیل زیاتر ڕوونی دەکاتەوە و دەفەرموێت: "نوێژ و زەکـات و ڕۆژوو و حەج و ڕاسـتگۆیی و پاراسـتنی ڕاسـپاردە و گەیانـدنەوەی، هەروەها نواندنی دڵسۆزی و ڕەفتاری جوان لەگەڵ دایک و باوک و پەیوەندیی خزمـایەتی و پەیـمان پاراسـتن و بەڵـێن بـردنە سـەر و فەرمـانکردن بە چـاکە و بەرهەڵســتی لە خـــراپە و جیهـــادکردن دژی کـــافران و دووڕووان؛ هەروەهـــا چـاکەکردن لەگەڵ دراوسـێ و هەتیـو و هەژار و ڕێبـواری ناچـار و لێقەومـاو و ڕەفتاری جوان لەگەڵ کۆیلە و نەرمونیانی بەرانبەر ئاژەڵ، هەروەها دوعاکردن و پاڕانەوە و زیکر و تەسبیحات و قورئانخوێندن، ئەمانە و هاوشێوەیان هەموویان عیبادەتن."[٢]

---

[١] العبودية، ل ٣٨، بڵاوکار: المكتب الإسلامي، دمشق/ سوريا.

[٢] هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

هەروەها دەفەرموێت: "بازنەی عیبادەت ئەمانەش دەگرێتەوە: (خۆشەویستی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، لەخواترسان، سڵاوکردنەوە، گەڕانەوە لای خوای گەورە، خواویستی و دڵسۆزی بەرانبەر دینەکەی؛ سەبرگرتن لەسەر دانایی فەرمانی، سوپاسگوزاری لەسەر ناز و نیعمەتەکانی، ڕازیبوون بە قەزا و قەدەری، پشتپێبەستنی؛ ئومێد و هیوا بوون بە ڕەحمەت و بەزەیی و لێبوردنی و ترسان لە هەڕەشە و سزای هاوشێوەیان هەموویان عیبادەتن."[١]

دواتر بە تەفسیلاتێکی زۆر، شتی تر بە «عیبادەت» دەناسێنێت، دەفەرموێت: "هەرچی شتێک خوای گەورە فەرمانی کردبێت کە هۆکارە و دەگیرێتە بەر، بە عیبادەت حسێبە."[٢] بەڵگەش بەو ئایەتە دەهێنێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿فَٱعۡبُدۡهُ وَتَوَكَّلۡ عَلَيۡهِۚ﴾ (هود: ١٢٣).

واتە: "دە سا خوای گەورە بپەرستە و پشت بەو ببەستە."

هەروەها: ﴿قُلۡ هُوَ رَبِّي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ عَلَيۡهِ تَوَكَّلۡتُ وَإِلَيۡهِ مَتَابِ ٣٠﴾ (الرعد: ٣٠).

واتە: "بفەرموو: خوای گەورە پەروەردگاری منە و هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتی بێت، جگە لەو، پشتم بەو بەستووە و تەوبەکردن و گەڕانەوەم هەر بۆ لای ئەوە و بەس."

لەم ڕوانگەیەی ئیمامی ئیبنو تەیمییەوە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، هەموو داخوازییەکی دین و دینداری (لەوانەش ئاوەدانکردنەوەی زەمین) و هەموویان عیبادەتن.

---

(١) هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.
(٢) هەمان سەرچاوە/ ل ٧٣.

دین مەنهەجی خوای گەورەیە، بۆ ڕێکخستنی هەموو لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆی مرۆڤ هاتووە، بۆیە حەتمەن هەموو ڕەفتارێکی مرۆڤانە دەگرێتەوە، هەموو لایەنەکانی ژیانی تاک و کۆی کۆمەڵگە و دەوڵەت ڕێک دەخات؛ لە: ئادابی خواردن و خواردنەوە و چوونە سەر ئاو (دەست بە ئاو گەیاندن)ـەوە، تا دەگاتە دامەزراندنی دەوڵەت و سیاسەتی حوکمڕانی و ئاراستەی کۆمەڵگە و ئیدارەی دەسەڵات و ئابووری و دارایی و کاروباری کۆمەڵایەتی و سەودا و مامەڵە و سزا و تاوانەکان و بنەماکانی پەیوەندیی نێودەوڵەتی و ئاراستەی ئاشتی و جەنگ.

بۆیە دەبینین قورئانی پیرۆز «فەرمانی تەکلیف» دەدات بەسەر موسوڵماناندا (ئەحکامی شەرعی)یان دەداتێ کە چۆنێتی و شێوازی ڕەفتارکردنیانە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا.

لە سورەتێکی قورئاندا (سورەتی بەقەرە) کۆمەڵێک فەرمانی خوایی دەبینین کە هەموویان بە یەک شێوازی دارشتن هاتوون کە (كُتِبَ عليكم)ـە، وەکوو: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِصَاصُ فِي ٱلۡقَتۡلَى﴾ (البقرة: ١٧٨).

واتە: "ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە! حەقسەندنەوەتان لە کوشتندا لەسەر فەرز کراوە. فەرزە لەسەرتان خوێنی کوژراو وەربگرنەوە. "

هەروەها: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمۡ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ إِن تَرَكَ خَيۡرًا ٱلۡوَصِيَّةُ لِلۡوَٰلِدَيۡنِ وَٱلۡأَقۡرَبِينَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ﴾ (البقرة: ١٨٠).

واتە: "خوای گەورە وەسییەتکردنی فەرز کردووە لەسەرتان، هەر کەسێکتان نیشانەی مردنی لێ دەرکەوت و پارە و سامانی لە دوا بەجێها، دەبێت وەسییەت بکات و بڵێت: (یان بنووسێت، یان دەنگی تۆمار بکات) کە قەرزاری کێیە و چەندە؟ یان ڕاسپاردە (ئەمانەت)ی کێ و کێی لە لایە و چۆن پێیان بدرێتەوە.

ئەمە فەرزە و دەبێـت بکرێـت و دوای مردنـی خـاوەن وەسـییەتەکە جێبەجـێ دەکرێـت." بەڵام چـۆنێتیی دابەشـکردنی پـارە و سـامانی، ئەوە شـەرع خشـتە (جدول)ی بۆ داناوە کە کێ بۆی هەیە پشک وەربگرێت و چەند؟

هەروەهـا خـوای گەورە هەر بە شـێوازی: (کُتِـبَ علـیکم)، دەفەرموێـت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ ﴾ (البقرة: ١٨٣).

واتە: "ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتـان هێناوە! ڕۆژووتـان لەسەر فەرز کراوە." هەروەهـا بـۆ فەرزێتیـی جیهـاد دەفەرموێـت: ﴿ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلۡقِتَالُ وَهُوَ كُرۡهٞ لَّكُمۡ ﴾ (البقرة: ٢١٦).

واتە: "کوشتار (کوشتنی دوژمنان: جیهاد)تان لەسەر فەرز کراوە، هەرچەندە پێشتان ناخۆشە و ناتانەوێت!"

ئەم فەرمانـانە: (حەقسـەندنەوە و وەسییەتکردن و ڕۆژووگـرتن و جەنـگ)، هەر هەموویـان خـوای گەورە فەرزی کردوون، موسوڵمانان دەبێت بە ئەداکردنـی ئەم فەرزانە خـوای گەورە بپەرسـتن، دەبێـت ملکەچـانە تەسلیم بە فەرمانەکـانی بن و سەرڕاستانە جێبەجێیان بکەن.

ئەم ڕوونکردنەوەیەی سـەرەوە، ڕاستییەکی گرنـگ و کاریگەرمـان دەخاتە پێشـچاو کە زۆریـنەی هەرە زۆری موسـوڵمانان نـایزانن! بـۆیە پابەنـدیش نـابن پێیەوە.

زۆرینەی خەڵکی، هەر ئەوەندە لە وشەی «عیبادەت» گەیشتوون کە بریتییە لە: (نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و حەج و عومرە) و هەندێک پەرستنی تری وەکوو: (زیکر و تەسبیحات و دوعا)، نازانن کە بازنەی گشتگیری «عیبادەت»، ڕەفتار و ڕەوشت و ئاداب و سیستەمەکانی ڕێکخستنی ژیانی تاک و کۆ و دەستوور و یاسا و ڕێسا و داب و نەریت و قییەمی کۆمەڵایەتییش دەگرێتە خۆ.

پەرستنی خوای گەورە هەر بە دروشمەکانی پەرستن نییە، وەکوو هەندێک کەس لێی حاڵی بوون، ئەوانەی تەنیا دروشمەکانی پەرستن بە «عیبادەت» دەزانن و هەر ئەوانەیش ئەنجام دەدەن، لایەنەکانی تری عیبادەت ئیهمال دەکەن، لە ڕاستیدا نە مافی تەواوی «عیبادەت»ـەکە دەدەن؛ نە ئەرکی سەرشانیان بەتەواوی جێبەجێ دەکەن.[١]

دروشمەکانی پەرستن: نوێژ و ڕۆژوو و زەکات و ئەوانی تر، هەریەکەیان گرنگی و مەنزیلە و کاریگەریی خۆی هەیە، بەڵام ئەمانە هەموو «عیبادەت»ـەکان نین، بەڵکوو بەشێکن لەو «عیبادەت»ـەی خوای گەورە داوای کردووە کە ئەنجام بدرێت.

داخوازیی «عیبادەت» لە موسوڵمانان ئەوەیە کە: هەموو گوفتار و ڕەفتار و کار و کردەوە و ڕەوشت و بزاوت و سرەوت و پەیوەندییەکیان بە خەڵکییەوە، بەپێی بەرنامە و ئەحکامەکانی شەرع بێت، دەبێت شەریعەتی خوای گەورە ئاراستەی هەموو هەڵسوکەوتێکی تاک و کۆیان بکات.

موسوڵمان بەو نییەتەش ئەمانە دەکات کە خواپەرستین و لەبەر خاتری خوای گەورە و بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەو دەیانکات. دروشمی موسوڵمان لە ژیانیدا ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێت:

﴿ إِنَّمَا كَانَ قَوْلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذَا دُعُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ لِيَحْكُمَ بَيْنَهُمْ أَن يَقُولُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَاۚ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ٥١ ﴾ (النور: ٥١).

واتە: "حەتمەن وەڵامی موسوڵمانان بۆ بانگەوازی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بۆ داوەریکردنی نێوانیان ئەوەیە کە دەڵێن: بەسەرچاو، وا هاتین. وەڵامیان هەر ئەوەیە کە بەڵێ گوێڕایەڵ و ملکەچین.. بەڕاستی ئا ئەوانە سەرفرازن!"

---

[١] شێخ یوسف قەرەزاوی: (العبادة في الإسلام، ص ٥٢).

چـونکە کـۆیلە (بەنـدە) سەرپشـک نیـیە لە وەڵامـدانەوەی بـانگکردنی گەورەکەیـدا و لە ڕاپەڕانـدنی فەرمانیـدا. یەکەمـین سـیفەتی سـەرەتایی و سەرەکیی «عەبد»: جێبەجێکردنی بێ چەند و چوونی فەرمانی گەورەکەیەتی کە خاوەنێتی. بۆی نییە جێبەجێی نەکات، یان بیگۆڕێت و بە «ئیجتیهاد»ی خۆی بکات!

خـوای گەورە دەفەرموێـت: ﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥٓ أَمْرًا أَن يَكُونَ لَهُمُ ٱلْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾ (الأحزاب: ٣٦).

واتە: "هەر کە خـوای گەورە و پێغەمـبەرەکەی (صَـلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)، فەرمانێکیان بۆ موسوڵمانان دەرکرد، هیچ موسوڵمانێکی نێرینە، یان مێیینە بۆی نییە یەکسەر جێبەجێی نەکات و وا بزانێت سەربەستە لە ڕاپەڕاندنیدا.

نا، فەرزە لەسەری، ئەرکی سەرشانێتی، بەرپرسیارێتییە و لە ئەستۆیدایە کە فەرمانەکە سەرڕاستانە وەربگرێت و سەرڕاستانەش ڕایپەڕێنێت.

داوەری بردنە لای شەرع و ملکەچبوون بۆ بڕیاری شەرع، خواپەرستین، قورئانی پیرۆز لە باسی «ئەهلی کیتاب»دا (جوولەکە و دیانان) دەفەرموێت: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَٰنَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلْمَسِيحَ ٱبْنَ مَرْيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعْبُدُوٓاْ إِلَٰهًا وَٰحِدًا لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ سُبْحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشْرِكُونَ ﴿٣١﴾﴾ (التوبة: ٣١).

واتە: "عـالم و قەشـەکان (پیـاوانی دیـنەکە)ی خۆیانیـان کردبـوو بە پەروەردگاری خۆیان، هەروەها عیسای کوڕی مەریەم، هەموویانیان لە جیاتیی خوای گەورە دانابوو بە خوا! لە کاتێکدا فەرمانی ئەوەیان پێ درابوو، تەنیا یەک خـوا بپەرسـتن کە خـوای گەورە و کردگـارە و هـیچ خـوایەکی تـر نـییە شـایانی

خـوایەتی بێـت جـگە لەو. پـاک و بێخەوشـی بـۆ خـوای گەورە لەو شـیرک و موشریکانەی کە دەیانکەن بە هاوبەشی خوای تاک و پاک."

پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) ئەم گـوێڕایەڵی و شـوێنکەوتن و ملکەچییەیـانی لە حەرام و حەڵاڵ دانانـدا، بە پەرسـتنیان لێـک داوەتەوە. واتە: ئەو شـوێنکەوتووانەی «ئەهلی کیتـاب» پیـاوانی دینی خۆیانیـان بەوە کردبـوو بە «خوا» کە هەرچـی ئەوان بە حەڵاڵیـان بزانیـایە، ئەمـانیش بە حەڵاڵیـان دەزانـی و هەرچی ئەوان بە حەرامیان بزانیایە، ئەمانیش بە حەرامیان دەزانی و ملکەچییان بۆ فەتوا و بڕیاری ئەوان دەردەبڕی کە پێچەوانەی وەحی بوو!

* ئیمامی ئەحمەد و ترمزی و ئیبنو جەریری تەبەری (ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) لە زۆر ڕێگاوە لە عەدیی کوڕی حاتەمەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە کاتێک بانگەوازیی پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێ گەیشت (و زانیـی زۆر بڵاوبـووەتەوە)، بـۆ «شـام» هەڵات، چـونکە لە جاهیلییەتـدا بووبـوو بە دیـان (نصـراني/ مەسـیحی). کاتێـک کە خوشـکەکەی و کۆمەڵێـک لە پیـاوانی هـۆزەکەی بە دیـل گیـران، پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) ڕێـزی لە خوشکەکەی نـا و ئـازادی کـرد و پشـکێک سامانیشـی پێدا. هەواڵـی بـۆ بـراکەی نـارد و هـانی دا کە بێـتەوە و موسـوڵمان ببێـت، بێـتەوە و خـۆی بچێـتە خزمەتـی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەویش وای کرد.

کاتێـک هـاتەوە، لەبەر ئەوەی کـوڕی حـاتەمی تەی بـوو کە بەناوبـانگترین پیـاوی سـەخیی سـەردەمی جـاهیلییەت بـوو، «عەدی»ی کوڕیشـی لە دوای ئەو، بووبـوو بە سـەرۆکی هۆزەکەیـان؛ هەواڵـی گەڕانەوەکەی بـوو بە باسـی نێـو خەڵکـی. چـووە خـزمەت پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) و خـاچ (صلیب)ێکی زیوینی لە ملدا بوو.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قورئانی دەخوێندەوە کە گەیشتە ئەم

ئـــــــــــــــایەتە: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾، «عەدی» دەفەرمویـت: "عەرزم کـرد (پـێم وت): خـۆ ئەو خەڵـکە ئەو عـالم و قەشـانەیان نەدەپەرست.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (بلی، أنَّهم حَرَّموا عليهم الحلالَ وأحلّوا لهم الحرام، فاتَّبَعُهم، فتلك عبادتُهم إياهم).[1]

واتە: بەڵـێ، ئەو عـالم و قەشـانە حەڵاڵیـان لـێ حەرام کـردن و حەرامیـان بـۆ حەڵاڵ کردن، ئەو خەڵکەش شوێنیان کەوتن، ئا ئەوە پەرستنەکەیانە."

[1] لە تەفسیری ئیبنو کەسیر (ب ٣، ل ٣٨٥ ) وەرگیراوە.

## بنەما سەرەکییەکانی دید و تێڕوانینی ئیسلامی لە سورەتی «فاتیحە»دا

سەیید قوتب (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)، لە باسی سورەتی «فاتیحە»دا دەفەرموێت: [1]

موسوڵمانان بەردەوام ئەم سورەتە حەوت ئایەتییە کورتە دەڵێتەوە، لانی کەم (١٧) جار لە شەو و ڕۆژێکدا دەیخوێنێت، لە دوو ئەوەندەش زیاتر دەیخوێنێت. ئەگەر نوێژە سوننەتەکان بکات، بێسنووریش دەتوانێت بیخوێنێت، هەر کاتێک ویستی لەبەر دەستی خوای پەروەردگاریدا نوێژی تر بکات، جگە لە نوێژە فەرزەکان و سوننەتەکان.

نوێژ بەبێ خوێندنی ئەم سورەتە نابێت، چونکە هەر وەک چۆن لە هەر دوو (سەحیحی بوخاری و موسلیم)دا هاتووە کە عوبادەی کوڕی صامیت (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: **(لا صَلاةَ لِمَنْ لَمْ يَقرأ بِفاتِحة الكتاب).**[2]

واتە: "نوێژی هیچ کەسێک قەبووڵ نابێت، ئەگەر سورەتی «فاتیحە»ی تێدا نەخوێنرێت."

لەو حیکمەتانەی لە فەرزێتیی خوێندنی ئەم سورەتە لە نوێژدا هەیە، ئەوەیە کە هەمووی ئاماژەیە بۆ بنەماکانی عەقیدەی ئیسلامی و ڕێساکانی دید و تێڕوانینی ئیسلامی و بازنەکانی هەست و هۆش و ئاراستەوانی، بۆیە دەبێت لە

[1] في ظلال القرآن، دار الشروق، بەرگی یەکەم، جزمی یەکەم، ل ٢١.
[2] متفق على صحته. (ت).

هەموو ڕکاتێکی هەموو نوێژەکاندا بخوێنرێت، هەر بۆیە نوێژی کەس قەبووڵ نابێت؛ ئەگەر ئەم سورەتەی تێدا نەخوێنرێت.

* * *

سورەتەکە بە (بسم الله الرحمن الرحيم) دەست پێ دەکات کە ڕاجیاییەکی لەسەرە ئایا ئایەتێکە لە هەر سورەتێک، یان هەر ئایەتێکە لە سورەتی «فاتیحە»؟

پەسەندتر ئەوەیە کە: هەر ئایەتێکە لە سورەتی «فاتیحە»، بەڵام لە دەستپێکی هەموو سورەتەکاندا دەخوێنرێت.

دەوترێت: مەبەست لە ئایەتی: ﴿وَلَقَدْ ءَاتَيْنَٰكَ سَبْعًا مِّنَ ٱلْمَثَانِى وَٱلْقُرْءَانَ ٱلْعَظِيمَ ﴿٨٧﴾﴾ (الحجر: ٨٧).

واتە: "حەوت ئایەتەکەمان دایتێ کە جار لە دوای جار لەگەڵ قورئانی مەزندا دەخوێنرێت." مەبەست لەم حەوت ئایەتە ئاماژە پێ کراوە: سورەتی «فاتیحە»یە کە بە (بسم الله الرحمن الرحيم)ـەکەوە حەوت ئایەتە و بەردەوامیش لە نوێژدا دەخوێنرێت.

دەستپێک بە ناوی خوای گەورەوە، ئەو ئەدەبەیە خوای گەورە لە یەکەمین ئایەتەوە کە سەرەتا ناردییە خوارێ، پێغەمبەرەکەی (صَلَّى الله عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فێر دەکات بەردەوام بیفەرموێت.

زانایان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە یەکەمین ئایەت هاتە خوارەوە: (إقرأ بإسم ربكَ...) بوو، ئەمە لەگەڵ ئەو ڕێسا گەورەیەی دید و تێڕوانینی ئیسلامیدایە کە خوای گەورە ﴿هُوَ ٱلْأَوَّلُ وَٱلْءَاخِرُ وَٱلظَّٰهِرُ وَٱلْبَاطِنُ﴾ الحديد: ٣)، یەکەمینە و هیچی لە پێشدا نەبووە [چونکە هەر بووە].

خوای گەورە وجوودە حەقەکەیە کە هەموو بوونەوەرێک وجوودی خۆی

لەوەوە وەرگرتووە، دەستپێکی هەموو دەستپێککارێک لای ئەوەوە دەست پێ دەکات.

بۆیە هەموو دەستپێکێک، هەر دەبێت بە ناوی ئەوەوە بێت، هەموو بزاوت و ئاراستەیەک، هەر بە ناوی ئەوە وە دەست پێ دەکات.

وەسفکردنی هەر لە سەرەتاوە بە (الرحمن الرحیم)، لەبەر ئەوەیە کە هەموو مانا و حاڵەتێکی بەزەیی لەو دوو ناوەیدان، ئەو دوو سیفەتە، تەنیا بۆ خوای گەورە کۆبوونەتەوە.

سیفەتی (الرحمن)یش تایبەتە بەو، شیاویشە عەبدێک ناوبنرێت «ڕەحیم»، بەڵام لە لایەنی عەقیدەییەوە شیاو نییە کەس ناوبنرێت «ڕەحمان»، بێگومان کەسیش بە هەر دوو سیفەتەکە ناوبنرێت.

هەرچەندە زمانەوانان و زانایان لە ماناکانیاندا ڕاجیا بن کە کامیان بەرفراوانترە و گشتگیرترە و ڕەحمەتەکەی هەموو مەخلووقی گرتووەتەوە؟

بەدواداچوونی ئەو ڕاجیاییە، کاری ئێمە نییە لەم (ظلال)ـەدا تا بیکەین، ئەوەی هەمووان پێی گەیشتوون ئەوەیە کە: ڕەحمەتی خوای میهرەبان بە هەر دوو سیفەتەکە، هەر هەموو مانا و حاڵەت و بوارەکانی بەزەیی گرتووەتەوە.

ئەگەر دەستپێک بە ناوی خوای گەورەوە کە تەوحید و ئەدەبە لەگەڵ خوای گەورەدا، یەکەمین ڕێسای دید و تێڕوانینی ئیسلامی بێت، گشتگیری و بەرفراوانیی مانا و حاڵەت و بوارەکانی بەزەیی خوای گەورە کە لە دوو سیفەتی: (الرحمن الرحیم)دان، دووەمین ڕێسای دید و تێڕوانینی ئیسلامییە کە چۆنێتی و حەقیقەتی پەیوەندیی نێوان خوای گەورە و عەبدەکانیی پێ دەسەلمێت.

* * *

دوای دەستپێک بە (بسم الله الرحمن الرحیم)، ڕووکردنە خوای گەورە دێت، بە ستاییشکردن و وەسفکردنی بەوەی کە پەروەردگاری ڕەهای هەموو جیهانەکانە. (الحمدُ لله رب العالمین).

(الحمد لله)، هەستی ناسکی ئیماندارە کە هەر بە زیکری خوای گەورە دڵی بە میهرەبانیی خوای گەورە سوکنا دەبێت، چونکە هەست دەکات خودی وجوودەکەی خۆی لە: لوتف و میهرەبانیی خوای خاوەنییەوەیەتی کە نیعمەتێکی خوای گەورەیە.

ئەم هەستەش لە ناخیدا حەزی سوپاس و ستاییشکردنی خوای گەورە دەخرۆشێنێت، ئەم ئیماندارە هەست دەکات کە لە هەر چاوترووکانێکدا، لە هەر ساتێکدا، لە هەر حاڵەتێکدا نیعمەتی خوای بەسەردا دەڕژێت؛ هەست دەکات، ئا ئەم هەموو ناز و نیعمەتە و میهرەی خوای پەروەردگار، هەموو مەخلووقاتی نوقمی بەزەیی ئەو زاتە کردووە، ئەمیش لە ناخەوە هەست دەکات کە ئەمی مەخلووقیش غەرقی ئەم هەموو ناز و نیعمەت و بەهرانەی خوای تاک و پاکە.

بۆیە هەر لە سەرەتاوە دەستپێک بە (الحمد لله)یە، هەر وەک چۆن کۆتاییش هەر بە (الحمد لله)یە! ئەمەش ڕێسایەکی ترە لە ڕێساکانی دید و تێڕوانینی ئیسلامی کە ڕاستەوخۆ دڵی ئیماندار هەستی پێ دەکات و لە گەڵییدا دەشنێت. ﴿وَهُوَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ لَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلۡأُولَىٰ وَٱلۡأٓخِرَةِ﴾ (القصص: ٧٠).

واتە: "ئا ئەوە خوای گەورەیە کە هیچ خوایەک نییە شایانی خوایەتی بێت، جگە لە ئەو. سوپاس و ستاییش لە دنیا و قیامەتدا هەر بۆ ئەوە، چونکە هەر لایەقی ئەوە."

فەزڵی خوای گەورە لەسەر عەبدە موسوڵمانەکەی، دەگاتە ئەو ئاستەی هەر کە دەڵێت: (الحمد لله)، خوای گەورە بە چاکەیەکی ئەوەندە قورس و سەنگین بۆی دەنووسێت کە تای هەموو تەرازوویەک قورس دەکات!

لە سونەنی ئیبنو ماجەدا هاتووە کە ئیبنو عومەر (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕاویەتییەوە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى الله عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) بۆی باس کردوون عەبدێک لە عەبدەکانی خوای گەورە وتوویەتی: **(يا رَبِّ لَكَ الحَمْدُ كمَا يَنْبَغي لِجَلالِ وَجْهِكَ وعظيم سلطانِك)**.

واتە: "خوایە! سوپاس و ستاییش هەر بۆ تۆ بێت، بەو شێوە و چۆنێتییەی کە شیاوی پیرۆزیی ڕووخسار و مەزنیی دەسەڵاتتە."

ئەم حەمد و مەدحە، ئەوەندە گەورە و شایستە بووە کە دوو فریشتەکە (ی سەرشان)، سەریان سوڕماوە و نەیانزانیوە چۆن و لە چ خانەیەکدا بینووسن!

بۆیە بەرز بوونەتەوە بۆ لای خوای تاک و پاک و فەرموویانە: **(يا ربنا إنَّ عبدَاً قالَ مقالةً لا نَدري كيفَ نَكتبُها قالَ اللهُ عزَّ وجلَّ وَهوَ أعلمُ بما قالَ عبدُهُ وما الذي قالَ عَبدي؟ قالا: يا ربِّ إنَّهُ قالَ: يا ربِّ لَكَ الحَمدُ كما ينبَغي لجلالِ وجهِكَ وعظيمِ سُلطانِكَ، فقالَ اللهُ عزَّ وجلَّ لَهما: اكتُباها كما قالَ عَبدي حتَّى يلقاني فأجزِيَهُ بِها)**.

واتە: "ئەی خوای پەروەردگارمان! عەبدێکت قسەیەکی کرد، نەمانزانی چۆن بینووسین. خوای گەورە کە زاناترە بەوەی عەبدەکەی وتوویەتی، فەرمووی: ئەو عەبدەم چیی وتووە؟!

فەرموویان: وتی: خوایە! سوپاس و ستاییش هەر بۆ تۆ دەبێت، بەو شێوە و چۆنێتییەی کە شیاوی پیرۆزیی ڕووخسارت و مەزنیی دەسەڵاتتە.

خوای گەورە بە دوو فریشتەکەی فەرموو: چۆنی وتووە، هەر وا بینووسن، تا دەگاتەوە بە خۆم، خۆم پاداشتی ئەوەی دەدەمەوە."

هەر وەکوو وتمان: ڕووکردنە خوای گەورە و سوپاس و ستاییشکردنی، هەستی بەرزی ئیماندار دەردەخات کە چۆن هەر بە زیکری خوای گەورە دەخرۆشێت.

بەڵام بەشی دواییی ئایەتەکە: (رب العالمین)، ئەمیش ئاماژە دەکات بۆ ڕێسایەکی تری دید و تێڕوانینی ئیسلامی کە پەروەردگارێتیی ڕەها [کردگارێتی و خاوەنێتی و تەگبیری بەردەوامی مەخلووقات بەو زانایی و داناییەوە، بەو بەئاگایی و چاودێرییەوە]، باوەڕ بوون بەوە بنەمایەکی سەرەکی و سەرەتایی عەقیدەی ئیسلامییە.

(الرّبّ) خاوەن و خاوەن ماف و توانینی ڕەفتاری سەربەخۆی خۆیەتی. لە زمانەوانیدا بەو کەسە دەڵێن: (ربِّ) کە خاوەن و سەرپەرشتیاری چاکسازی و پەروەردەکارییە و دەسەڵاتدار و سەربەستە لە ڕەفتارکردنیدا. ڕەفتارکردنی خوای گەورە لە چاکسازی و پەروەردەکاریدا هەموو جیهانەکانی گرتووەتەوە.

واتە: هەموو مەخلووقات، خوای گەورە ئەم بوونەوەرەی هەر وا خەلق نەکردووە و دوایی لێی گەڕابێت و ئیهمالی کردبێت، بەڵکوو چاودێری و ئاودێریی کردووە و ئاراستەی چاکسازی و پەروەردەکارێتیی کردووە.

هەر هەموو جیهانێک و جیهانگەلێکی سەرجەمی مەخلووقات کە پارێزراو و پارسەنگە لە بزاوتی ڕێکوپێکیی خۆیدا، هەمووی بە تەگبیری خوای گەورە و ئیدارەدانێتی، پەیوەندیی نێوان خوای کردگار و مەخلووق لە هەموو کات و حاڵەتێکدا بەردەوامە.

پەروەردگارێتیی گشتگیر و بێسنووری خوای گەورە (الربوبیة)، دووڕێیانێکە ڕێی تەوحیدی کامل و گشتگیر بەو ئاشکرا و ڕاشکاو و ڕۆشنییەیەوە، ڕێی وێڵ و دیدی لێڵە، لەبەر ئەوەی ئەم تەوحیدەی بە شێوە ڕۆشنەکەی خۆی تێدا نییە. ئەو ڕێچکانەی ئەم حەقیقەتەی تەوحیدیان بە شێوەیەکی بنبڕ (قاطع) لە خۆ نەگرتووە، ئاوا دید لێڵ و ڕێ وێڵ کەوتوون.

زۆر جار و لە زۆر کات و شوێندا، خەڵکی ئیعترافیان بە بوونی خوای گەورە دەکرد کە کردگار و داهێنەری بوون و ژیانە، بەڵام باوڕیشیان وا بوو کە خوای

پەروەردگاری تریش هەن و هەندێک لایەنی ژیانی خەڵکیان بە دەستە!

ئەمە بە بیروباوەڕێکی سەیر دێتە بەرچاو، پێکەنین هێنەر و هەزەلییە، بەڵام وا بووە و تا ئێستاش هەر وایە!

قورئانی پیرۆز باسی کۆمەڵانێکی موشریک دەکات کە دەیانوت: ﴿مَا نَعۡبُدُهُمۡ إِلَّا لِيُقَرِّبُونَآ إِلَى ٱللَّهِ زُلۡفَىٰٓ﴾ (الزمر: ٣).

واتە: "بۆیە دەیانپەرستین، تا پلەیەک لە خوای گەورەمان نزیک بکەنەوە."

کۆمەڵێک لە ئەهلی کیتابیش، پیاوە دینییەکانی خۆیان کردبوو بە خوا! وەکوو شەریکی شەرع دارشتن بۆ خوای گەورە، یان لە جیاتیی خوای گەورەیان دانابوون.

دەفەرموێت: ﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ﴾ (التوبة: ٣١).

واتە: "زانا و ڕاهیبەکانی خۆیان لە جیاتیی خوای گەورە کردبوو بە پەروەردگاری خۆیان."

ئەو ڕۆژەی ئیسلام هات، عەقائیدەکانی جاهیلییەت هەموو سەر زەمینیان پڕ کردبوو لە (أرباب)ی جیاواز بەو سیفەتەی کە ئەوانە خوای بچووکن لەگەڵ خوای گەورەدان!

ناساندنی پەروەردگارێتی (الربوبیة) لەم سورەتەدا بەو سیفەتەی کە پەروەردگاری هەر هەموو جیهانییانە، ئەوە دووڕییانە، دووڕییانی نێوان ڕێکوپێکی و گەڕەلاوژێیی لە خواناسیندا، نێوان ڕۆشنی و ئاشکرایی عەقیدە (لە ئیسلامدا) و لێڵ و پەنهانی لە دیدە جاهیلییەکاندا.

لە ئیسلامدا پەروەردگارێتییەکە ڕۆشنە، دەسەڵاتی بێسنووری خوای کردگار هەیە کە دەبێت هەر هەموو جیهانییان ڕوویان لەو خوا کردگارە، تاک و

تەنیایە بێت و بەس، دەبێت خەڵکی ئەو کۆڵە قورسەی (أرباب)ەکان دابنێن و لە کۆڵ خۆیانی بکەنەوە.

دەبێت لەو دید لێڵی و ڕێ وێڵییەیان قوتار بن و لەو پشێویی و گومڕاییە عەقائیدییانەیان دەرباز بن، تا دواتر ویژدانیان ئاسوودە بکەن بە باوەڕ هێنانیان بە پەروەردگارێتی و دەسەڵاتی ڕەهای خوای گەورە و لە کەناری سەرپەرشتیارێتیی بەردەوامی خوای میهرەباندا بحەوێنەوە.

ئەم سەرپەرشتیارێتییە نەدەپسێت و نە سست دەبێت و نە بزر دەبێت. «ڕاقیترین» هزری فەلسەفی کە «ئەرستۆ»یە دەڵێت: "خوا ئەم گەردوونەی خەلق کرد، ئیتر وازی لێ هێنا و بایەخی پێ نەدا، چونکە خوا زۆر لەوە گەورەترە بایەخ بە کەمتر لە خۆی بدات. خوا بیر لە خۆی نەبێت لە هیچی تر ناکاتەوە."

ئەرستۆ کە ئا ئەمە دید و تێڕوانینێتی، بە حساب گەورەترین فەیلەسووفە و عەقڵیشی گەورەترین عەقڵە!

کە ئیسلام هات، جیهان تۆز و خۆڵی لێ نیشتبوو! حەق و باتڵ بە تێکەڵاوی تێک پرژابوون، ڕاست و چەوت ئاڵۆزانە تێک ئاڵابوون، دین و ئەفسانە، فەلسەفە و خەیاڵاتی ساویلکە؛ هەموویان ئاراستەی تاک و کۆی مرۆڤایەتییان دەکرد.

کە ئیسلام هات، بینیی سروشتی مرۆڤ زۆر چڵک و چەپەڵیی پێوە لکاوە، بۆیە مرۆڤە «بیرمەند»ەکانیش لە گومان و ڕاڕایی و دوودڵیدا بوون، ئەوانیش نەدەگەیشتنە «یەقین» لە ڕاستییەکی عەقیدەدا.

گومڕایی و بزربوون بوو، وێڵی و سەرگەردانیی بوو، نە نوورێک، نە یەقینێک؛ نە هەڵوێستێکی خواناسانەی سەرڕاست دەبیسترا. ئەم مرۆڤایەتییە لەو تاریکستانە چڕەدا، دەبوو دید و تێڕوانین و پێناسەیەک بۆ خوا دابڕێژن و بیناسێنن. دەبوو لە گۆنکەڵی فیکری جاهیلییەت و پشێوی و ئاڵۆزی و سەرگەردانییەوە ڕێی خواناسین بدۆزنەوە!

پێویستیان بەوە بوو بگەنە سیفەتی ڕاستیی خوای کردگار و پەیوەندیی بە مەخلووقاتەکانییەوە و جۆری ئەو پەیوەندییە و چۆنێتیی بەردەوامبوونی. تامەزرۆی زانینی پەیوەستی تایبەتی خوای کردگار و مرۆڤ بوون. هەموو عەودالّی دوای حەقیقەت بوون، تامەزرۆی زانین و ناسینەوەی پەیامی خوای گەورە بوون، بەڵام ڕێیان نەدەبردە بەر.

مرۆڤایەتی لە هیچ لایەکەوە نەدەگەیشتە حەقیقەتەکانی عەقیدە، چونکە پەی بە ڕێساکانی گەردوون و ژیان و مرۆڤ نەدەبرد. ویژدانی مرۆڤایەتی لە توانایدا نەبوو پێناسەیەکی ڕاستی گەردوون و ژیان بخاتە بەردەست، یان پێناسەیەکی ڕاستی مرۆڤ و ڕۆڵی لە ژیانیدا، یان ئەو بەرنامەیەی کە دەبێت ژیان تاک و کۆی لەسەر دابڕێژێت. بەبێ عەقیدەیەکی خواویستیی ڕاست و دروست نەدەتوانرا تەصەورێکی ڕاست و دروست دەربارەی خوای کردگار و سیفاتەکانی بزانرێت.

بۆیە سەرەتا دەبوو بگاتە «یەقین»ێکی ڕاست و ڕۆشن و ڕاشکاو، ئەمەش پێش هاتنی ئیسلام مەحاڵ بوو. ئەستەم بوو خەڵکی، یان کەسانێک بەبێ وەحی بگەنە ئەو یەقینە. چۆن دەلوا کەسێک لەو هەموو دەبەریەکڕاچوون و تێکپڕژان و گومڕاییەی ئەو کاتەدا، سەر دەربهێنێت و ڕێی خواناسین بدۆزێتەوە؟ نامومکین بوو.

مرۆڤ کە زەروورەتی گەیشتنە ئەو «یەقین»ـە پەی پێ نابات، لەسەر عەقیدەی خواناسی ڕێی خواناسین بدۆزێتەوە؟ نامومکین بوو.

مرۆڤ زەروورەتی گەیشتنە ئەو «یەقین»ـە پەی پێ نابات و لەسەر عەقیدەی خواناسی جێگیر نابێت، ئەگەر شارەزای ئەو بارە سەختەی دید و تێڕوانین و سیما و جەوهەرەی جاهیلیەت نەبێت.

لەم ڕوانگەوە بوو کە بایەخی یەکەمینی ئیسلام بە عەقیدەکە بوو. دەبوو

وەرگرتنی عەقیدەکە لە زەمینەیەکی سەربەستی و ئازادییەوە بێت، تا مرۆڤەکە سەرەتا لەو هەموو ئەفسانە و دید و تێڕوانینە جاهیلییانە پاک ببێتەوە، هزر و هۆشی خاڵی بکاتەوە لێیان، تا بتوانێت بنەماکانی عەقیدەی ئیسلامیان تێدا جێگیر بکات.

ئیسلام لە دەستپێکی خۆناسینیدا بایەخی بە عەقیدەکە دا، ئەو ڕێسایانەی دید و تێڕوانینی دیاری کرد و ناساند کە دەبێت لە ویژدانی مرۆڤدا بچەسپێن دەربارەی خوای گەورە و سیفات و فەرمان و بەرنامەکەی و پەیوەندیی بە مەخلووقاتەوە بەگشتی و بە مرۆڤەوە بە تایبەتی کە دەبوو زۆر بنبڕانە لە ناخی مرۆڤدا جێگیر ببن و ببنە بەڵگەنەویستەکانی وجوود و ڕێسای نەگۆڕی خواناسین.

بۆیە تەوحیدی تەواو و کامڵ و پاک و ڕاست و گشتگیر و خواویستانە کە نە لە دوور و نە لە نزیک، خڵتە و پڵتەی جاهیلیەتی تێدا نەمابێت، وەربگیرێت، تا عەقیدەی ئیسلامی ببێتە ئەو زەمینەیەی ئیسلامەکەی لەسەر بینا دەکرێت. ئیسلام عەقیدەکەی ئاوا داڕشت، سەرەتای موسوڵمانێتی ئەوە بوو.

ئینجا بەردەوام بە وەحی، دڵ و هزر و هۆشی موسوڵمانەکە ئاراستە دەکرا، تا «ئینتیما» دینییەکەی پاڵفتەتر بکات، دڵی لە جاهیلییەت پاک بکاتەوە؛ نەهێڵێت هیچ دید و تێڕوانین و پێناسە و بەرنامە و قییەمێکی جاهیلی لە هزر و هۆشیدا بمێنێت. کاتێک کە ئاوا پاڵفتە بوو، ئاوا بۆ خوا صوڵحا، حەتمەن بۆ دینەکەی لێدەبڕیت. ئاوا دەگەیشتە «یەقین»ێک کە هیچ شتێکی جاهیلییەت کاریگەرییەکی، هەرچەند بچووکیش بوایە، لەسەر نەدەما.

ئیسلام لە داواکارییەکانیدا ڕاشکاو و ئاشکرا و ڕۆشن بوو، لە ناسینی خوای گەورە و پەرستنی و وەرگرتنی شەریعەتەکەیدا جیددی بوو، مەرجەکانی دینداریتیی بە ئیسلام بنبڕانە دەویست، دەبوو سیفەتەکانی خوای گەورە زۆر ڕۆشن بێت لای موسوڵمانان و زۆر مەحکەم بچەسپێت؛ دەبوو پەروەردگاریتی

(الربوبية)ـەکەی خـوای گەورە، ببێـتە بەڵگەنەویسـتی وجوودیـان، چـونکە ئەو هەمـوو سـەرگەردانی و ڕێ بزربـوونی ئەهلـی جاهیلییەت کە ئەو هەمـوو دیـد و تێڕوانینە پشـێو و ئاڵۆزە و ئەو فەلسـەفە و ئەفسـانە و عەقیدە سـواو و خەیاڵاتە پووچانە دروسـتیان کردبـوو، پەیوەنـدیی ڕاسـتەوخۆیان بە پەروەردگـارێتییەکەی خوای گەورەوە هەبوو.. کە وەرگرتنی ڕاست (یان چەوت)، کاریگەریی دژواری لەسـەر ڕەفتـاری مرۆڤـایەتی بـووە و دەبێـت، ئیسـلام هـیچ جـۆرە مسـاوەمەیەکی لەسەر عەقیدەکەی نەکرد.

ئەو کەسـەی وردەکـارانە بە دووداچـوون بـۆ ئەو هەمـوو ڕەنـجەی ئیسـلام دەکات کە دەیدا لە سەلماندن و چەسپاندنی تەوحیدەکەیدا، دەربارەی زاتی خوای گەورە و سیفەت و پەیوەندیی بە مەخلووقاتەکانییەوە.. ئەو کەسەی وردەکارانە سـەرنج دەداتە ئەو هەمـوو دەقە قورئانییـانەی لەسـەر عەقیـدەکەن.. کە پێـداچوونەوەیەک بـۆ ئەو هەمـوو جـۆرە ئاراسـتە و ڕێنیشـاندان و ڕێنماییـانەی وەحی دەکات، بەبێ زانینی ئەو هەموو دید و تێڕوانین و پێناسە و خەیاڵات و فەلسەفانەی جاهیلییەت ناگاتە ئەو ئەنجامەی کە بزانرێت بۆچی ئیسلام ئەوەندە بایەخی بە عەقیدەی تەوحیدەکەی داوە؟!

تەوحیدەکە بەتەواوی نازانرێت و مەحکەمانە ناچەسپێت، هەتا ئەو هەموو گومڕاییەی شیرک و کوفر نەزانرێت [ئەمە زۆر زەرووریـیە، دەنا موسوڵمانەکە خۆی پێـی سەیرە کە بۆچی ئەم هەمـوو ئایەتـانە کە زیـاتر لە دوو هەزار ئـایەتن، لەسـەر عەقیـدەکەن، ڕەنـگە بڵێـت: چ زەرووری بـوو؟!] زانینـی دیـد و تێڕوانینەکـانی جـاهلییەت، بە «خواناسـی» و «خواپەرسـتی» و «وەحـی و پێغەمبەرێتـی» و «فریشـتە و جنـۆکە و شـەیتان» و پاشـان جـاهیلییەتی ئینتیـما و دەستوور و نەریت و یاساکانییەوە، زەروورەتێکی کاریگەرە بۆ شارەزابوون لە عەقیدەکە و سەلماندن و چەسپاندنی.

ئـاوا کە جاهیلییەتـت بە هەمـوو ئینتیماکـانییەوە و ئیسـلامت بە هەمـوو

ئاراستەکانی عەقیدەکەیەوە زانی، هەست بەو ڕۆڵە گرنگ و کاریگەرە و بەو ڕەنج و هەوڵە نەپساوەی ئیسلام دەکەیت لە ناساندنی عەقیدەکە و سەلماندن و چەسپاندنییدا، لە قوتارکردنی هزر و هۆش و دڵ و دەروون و هەست و ئینتیمای ئەهلی جاهیلییەتدا، لە ڕزگارکردن و ئازادکردنی لە عەبدێتیی مرۆڤ و ئەفسانە و گەڕەلاوژێی فیکری و لە پەرستنی جۆراوجۆری (أرباب)ەکان.

دیتنی جوانیی عەقیدەی ئیسلامی و زانینی تەواوێتیی هەستکردن بە کامڵێتی و پەیبردن بە سازگاری و گونجاویی ئاراستەکانی و واقیعەکەی و ئاسانیی عەقیدەکە و سادەیی نیشاندانی و ئاسانیی وەرگرتن و پێوە پابەندبوونی، کاتێک دەسەلمێت و دەزانرێت کە ئەو جاهیلییەتەی ئیسلام گۆڕیی، بە هەموو شتێکییەوە بناسرێت: دید و تێڕوانینی شیرک و کوفری، فەلسەفە و ئەفسانەی، نەریت و قییەمی و هەموو سیما و سیفەتێکی ئینتیمای و پەیوەندیی «خالق» و «مەخلووق» و حەقیقەتی سیفەتەکانی خوای گەورە. دوای زانینی ئەمانە، هەست دەکرێت کە عەقیدەی ئیسلامی ڕەحمەتە، ڕەحمەتێکی ڕاستەقینەیە بۆ دڵ و هزر و هەست و هۆش، ڕەحمەتە بەو جوانی و گرنگی و ئاسانییەیەوە کە تێیدایە؛ بەو ڕۆشنی و ڕاشکاوی و ئاشکراییە سازگارەیەوە، بەو نزیکی و هاودەنگی و سوکنایییەوە کە وەڵامی سروشتییانەی سروشتی مرۆڤە.

* * *

ـ ﴿الرحمن الرحيم﴾: ئا ئەم سیفەتەی کە هەر هەموو مانا و حاڵەت و بوارەکانی ڕەحمەت و بەزەیی دەگرێتەوە، تەوەرێکی سەرەکیی سورەتەکەیە و دووبارە بووەتەوە [دوای ﴿بسم الله الرحمن الرحيم﴾ـەکە]، لێرەدا ئایەتێکی سەربەخۆیە بۆ ئەوەی دیارترین سیفەتی پەروەردگارێتیی گشتی بێت، بۆ ئەوەی بناغەی پەیوەندییە هەمیشەییەکەی نێوان خوای پەروەردگار و پەروەردەکراوەکانی دابڕێژێت؛ تا هەر لە دەستپێکەوە بزانرێت کە پەیوەندیی

نێوان «خالق» و «مەخلووق» پەیوەندیی ڕەحمەت و بەزەیی و سەرپەرشتیارێتی و چاودێری و ئاگالێبوونە کە سوپاس و ستاییشکردنە ناخی موسوڵمانی بۆ دەهەژێنێت.

ئەم پەیوەندییە، سۆز و بەزەیی و سوکنایی دڵ دادەمەزرێنێت و خۆشەویستی عەکس دەکاتەوە، ستاییشکردنی خوای گەورە وەڵامدانەوەی سروشتییانەی ڕەحمەتە گشتگیرەکەی خوای میهرەبانە.

خوای پەروەردگار لە ئیسلامدا عەبدەکانی خۆی ڕاونانێت و دوژمنکارییان ناکات، وەکوو «خواکانی ئۆلۆمپیا» کە ڕقن و تووڕە و شەڕفرۆشن، وەکوو ئەفسانەکانی یۆنان دەڵێت!

خوای پەروەردگار لە ئیسلامدا وەکوو ئەو خوایانەی «ئۆلۆمپیا» پلانی تۆڵەسەندنەوە دانارێژێت، وەکوو چیرۆکە ئەفسانەکانی «تەورات»ی مزەوەر دەڵێت، هەر وەک چۆن لە باسی (بورجی بابل/ ئیصحاحی دە/ سفر التكوين)دا[1] هاتووە.

---

[1] «تەورات» دەڵێت: (هەموو نیشتەجێیانی سەر زەمین بە یەک زمان یەک وتەیان دەوتەوە. کە لە ڕۆژهەڵاتەوە سەفەریان کرد، پارچە زەوییەکی لەباریان دۆزییەوە، لەوێ نیشتەجێ بوون، هەندێکیان وتیان: وەرن، با خشتی قوڕ دروست بکەین و بە ئاگر سووری بکەینەوە، ئەو کاتە خشت هەبوو، نەک بەرد.

وتیان: وەرن، با شارێک و بورجێک بینا بکەین کە سەرەوەی بگاتە ئاسمان، تا نیشانەی کۆبوونەوەمان بێت، نەبادا پەرتەوازە ببین و بەسەر زەمیندا بڵاوببینەوە.

خوا دابەزی، تا سەیری شار و بورجەکە بکات کە «بەنوئادەم» دروستیان کردبوو.

خوا فەرمووی: ئەوەتا هەموویان، یەک گەلن و یەک زمانیان هەیە.

خوا فەرمووی: ئەمانە هەر خەریک دەبن، تا ئەو بورجە دەگەیەننە ئاسمان، وەرن با نەهێڵین، با بۆیان بێینە خوارێ و زمانەکەیان دابڕ بکەین، تا لە یەکتر تێ نەگەن. ئینجا خوا پەرتەوازەی کردن و بەسەر زەمیندا بڵاوی کردنەوە.

ئاوا نەیانتوانی شارەکە و بورجەکە بینا بکەن، لەبەر ئەمەیە کە ئەو شارە ناوی «بابل»ی لێ نراوە، چونکە خوا زمانی خەڵکی ئەو شارەی دابڕ دابڕ کرد، هەر لەوێشەوە خوا ئەم خەڵکەی بڵاوە پێ کرد و هەموویانی سەرلێشێواو کرد).

ـ (مالـك يـوم الـدين): ئەوەش بنەمـايەكی ئێجگـار كـاريگەری عەقيـدە ئيسـلامييەكەيە، كـاريگەريی لە ژيـانی مرۆڤايەتيـدا زۆر زۆر بەهێـزە، بنەمـای باوەڕ بوون بە ڕۆژی دوايی، ڕۆژی زيندووبوونەوە.

(المُلك) كۆتا ئاستی دەسەڵات و زاڵبوون و كۆنترۆڵكردنە.

ڕۆژی قيامەت: ڕۆژی پاداشت و سزايە، لە هەموو سەردەمانێكدا زۆرينە باوەڕييان بە هەبوونی خوای گەورە هەبوو، باوەڕيان وا بوو: كە ئەم گەردوونە، لە سـەرەتادا ئەو خەلقـی كـردووە، لەگەڵ ئەوەشـدا باوەڕيـان بە هەبـوونی ڕۆژی دوايی نەبوو.

قورئـان دەربـارەی هەنـدێك لەوانە دەفەرموێـت:﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ﴾ (لقمان: ٢٥).

واتە: "ئەگەر لێيان بپرسيت: كێ ئاسمانەكان و زەويی خەلق كردووە؟

هەر دەڵێن: خوای گەورە." لە شوێنێكی تردا دەفەرموێت: ﴿ بَلْ عَجِبُوٓا۟ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ فَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا شَىْءٌ عَجِيبٌ ۝٢ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ۖ ذَٰلِكَ رَجْعٌۢ بَعِيدٌ ۝٣ ﴾ (ق: ٢ ـ ٣).

واتە: "كافرەكـان لەوە سـەريان سـوڕما كە پێغەمبەرێكـی هۆشـدەر و هوشيـاركار، هەر لە ڕيـزی خۆيـانەوە هـات! دەيـانوت: ئەمە شـتێكی سـەيرە كە، ئەگەر مـردين و بـووين بە خـاك و خـۆڵ، زينـدوو ببيـنەوە! ئەمە شـتێكی زۆر دوورە و مەحاڵە!"

باوەڕ بوون بە ڕۆژی پاداشت و سزا، بنەمايەكی تری عەقيدەی ئيسلامييە كە گرنـگ و كـاريگەرە لە ئاراسـتەكردنی مـرۆڤ و چاوتێبڕينيـان لە ڕۆژێكـی داهاتوو كە تێيدا لێيان دەپرسرێتەوە، گرنگ و كاريگەرە لە پەيوەستكردنی دڵ و هزر و هۆشيانەوە بە جيهانێكی تر كە لە دوای ئەم جيهانەی بەردەست، دەبرێنە

ئەوێ؛ ئاوا لە ژیانیاندا ئەوەندە هەستی بەرپرسیارێتیان لەبەرچاو دەبێت و لە موحاسەبەی ڕۆژی پاداشت و سزا دەترسن کە ئەوەندە تەنازول ناکەن بۆ ماڵی دنیا و چۆنێتیی دەستخستنی.

بە پێچەوانەوە، لەوە گەورەتر دەردەچن کە چاو ببڕنە ماڵی دنیا و شەپاڵیان بێت لەسەری، ناکەونە ژێر باری خەم و خەفەتەوە کە نەیانتوانی لەو ماوە کەمەی تەمەنی دنیایاندا، هەموو داواکارییەکانی حەز و ئارەزوویان بهێننە دی.

تەنانەت چاوەڕوانی ئەوەش نین بەرهەمی ڕەنج و هەوڵیان لە دنیادا کۆبکەنەوە، بۆیە خواناسانە چاو لە پاداشتی خوای گەورە دەبڕن و نیاز و مەبەستیان ڕاست دەکەنەوە بەوەی کە هەموو بزاوت و سرەوتێکیان لەبەر خاتری خوای گەورە بێت و بەس.

چاوەڕوانیی چۆنێتی و چەندێتیی پاداشتەکە و لە کوێوە و چۆن دەستیان دەکەوێت، هەر لە خوای گەورە دەکەن. جا لە دنیادا پاداشتیان بداتەوە، یان بۆیان هەڵبگرێت بۆ ڕۆژی دوایی.

لەمەشدا لەوپەڕی سینە گوشاد و سوکنایی دڵدا دەبن، چونکە متمانەیان بە خوای گەورە هەیە کە چاوی لێیانە و ئاگای لێیانە و دەزانێت چەند خواویستن.

ئەم باوەڕ بوونە، ئەم یەقینە، ئەم متمانە پێ کردنە ڕەهایە بە دادپەروەرێتی و زانایی و بەئاگایی خوای تاک و پاک وایان لێ دەکات سوورتر بن لەسەر حەق، لە هەمان کاتدا سینە فراوان و لێبوردە و پیاوچاکتر دەردەچن.

ئەم بنەما عەقائیدییەش، هەر دووڕێیانێکە لەنێوان کۆیلەبوون بۆ هەوا و هەوەس و ئارەزووەکان و ئینفیعالەکان و ڕێ و بزاوتی شیاو و شایستەی مرۆڤ، دووڕێیانێکە: یا تەسلیمبوون بە دید و تێڕوانینە بەشەرییە کەموکورتەکان، دیدە لێڵ و ڕێ وێڵەکانی سەر زەمین بە قییەم و نرخ و کێشیانەوە، یان پابەندبوون بە دید و ڕێی وەحیی خواییەوە و خۆ دابڕین و جیابوونەوە و دوورەپەرێزبوون، لە سیما و کرۆکی جاهیلییەت..

ئەمە دوورِێیانێکی حەقیقییە لەنێوان دید و ڕێ و مەنهەجی مرۆڤایەتی بەو شێوە ڕەسەن و پارسەنگ و ڕاقییەی خوای پەروەردگاری مرۆڤ دەیەوێت و دید و ڕێ و بەرنـامەی پشـێو و ئـاڵۆزی مـرۆڤ کە قەت نەگەیشـتووەتە ئاسـتی کامڵبوون.

مەحاڵە ژیانی تاک و کۆی مرۆڤایەتی، پارسەنگانە لەسەر مەنهەجی وەحیی خواییش بمێنێـتەوە، چ جـای گەشـە و نەشـونمای، ئەگەر ئەم بنەمـا عەقائیـدییە بەتەواوی و مەحکەمـانە لە دڵ و هـزر و هۆشـی تـاک بە تـاکی کـۆمەڵگەکەدا نەچەسـپیبێت؛ ئەگەر وا لە دڵ و هـزر و هۆشـیان نەچەسـپیبێت کە پاداشتدانەوەیان لە ژیانی دنیایاندا، کۆتایی پاداشتدانەوە نییە.

ئەگەر تاکەکـان ئەوەیـان لا نەبوویێـت بە بەڵگەنەویسـت و یەقـین کە وجوودیـان، هەر ئەم مـاوە کەمەی تەمەنـی ژیانیـان نیـیە، بەڵکـوو ئەوەی ئێـرە قۆنـاغێکی کـورتە و بە ژیـانی ڕۆژی دوایـی بەراورد ناکرێـت؛ ژیـان، ژیـانی قیـامەتە، ئەو شـایانی ئەوەیە ڕەنجی بـۆ بـدرێت، ژیـان و پاداشـتی ئەویش شـایانی ئەوەیە لێرە لە پێناوی حەقدا خۆ بکات بە قوربانی؛ تا پەیامی خوایی بسەلمێت و بچەسپێت.

ئەوانەی یەقینیـان بە ڕۆژی دوایـی هەیە و ئەوانەی باوەڕیـان پێـی نیـیە لە هیچ شتێکدا یەکسان نین، نە لە هەست و هۆش و نە لە ڕەفتار و ڕەوشت و نە لە ئەنجامدانی کـار و کردەوەشـدا، هەردوو لایـان دوو پـۆلی جیـاوازی مـرۆڤن، دوو جۆر سروشتی لێک جودا و دوور کە نە لە دنیادا لە شێوە و چۆنێتیی کارکردندا پێک دەگەن و لێک دەچن؛ نە لە پاداشتی ڕۆژی دواییشدا وەکوو یەک دەبن. ئا ئەمە دووڕێیانەکەیە.

* * *

﴿**إياك نعبدُ وإياك نستعين**﴾: ئەمەش بنەمایەکی تری عەقیدەی ئیسلامییە و

لە بنەمـــای یەکەمەوە دێـــت کە خـــوای گەورە خـــاوەن و پەروەردگـــار و سەرپەرشتیاری هەموو مەخلوقاتەکانێتی کە پەرستن ناشێت بۆ غەیری خوای گەورە ئەنجام بدرێت و داوای یارمەتیش لە غەیری خوای گەورە ناکرێت.

ئێرەش هەر دووڕێیانێکە، ڕێگای ئازادبوون لە هەموو «عبودییەت»ێک کە بۆ غەیری خوای تاک و پاک ئەنجام دەدرێت، ڕێگای کۆیلەبوون بۆ مرۆڤی تر.

ئەم بنەما عەقائیدییە ڕاگەیاندنی ئازادبوونی مرۆڤە لە عەبدایەتی نواندن بۆ ئەفسانە و پیرۆزێتیی خەیاڵات و وەهم. ئازادییەکی گشتگیر و کامڵ، ئازادبوون لە پەرستنی سیستم و ڕژێم، ئازادبوون لە پەرستن و ملکەچبوون بۆ بارودۆخ، بۆ قیبەم و داب و نەریتی جاهیلییەت؛ مادام خوای گەورە دەبێت بپەرسترێت، مادام تەنیا خوای گەورەیە کە داوای یارمەتیی لێ دەکرێت.

کە وا بـوو: ویژدانـی مـرۆڤ لە زەلیلبـوون و ملکەچکـردن و گـوێڕایەڵیکردنی سیســتم و ڕژێــم و بــارودۆخ و خەڵکــی ڕزگــار دەبێــت، هەر وەک چــۆن بە تەوحیدەکە دید و هزر و هۆشی، لە پەرستنی ئەفسانە و خەیاڵاتی بەتاڵ قوتار بوو.

لێـرەوە موسـوڵمان هەڵوێسـت لە هێـزە ئینسـانییەکان و هێـزە سروشـتییەکان وەردەگرێت.

هێــزە ئینســانییەکان بە بەراورد لەگەڵ موســوڵماندا، دوو جــۆرن: هێزێکــی هیدایەتـدراو کە بـاوەڕی بە خـوای پەروەردگـاری هەیە و لەسـەر دیـد و ڕێـی وەحیی ئەو دەڕوات.

ئەم هێزە دەبێت پشتیوانیی لێ بکرێت و سەربخرێت، دەبێت موسوڵمانان بۆ هێنـانە دیـی خێـر و چـاکە و چاکسـازی هاوکـار بـن، یارمەتیـدەر بـن. هێزێکـی تـر گـومڕا و ڕێ بـزرە، پەیوەنـدیی بە خـوای گەورەوە نەمـاوە و لەسـەر دیـد و ڕێـی وەحیی ئەو نـاڕوات. دەبێـت موسـوڵمان دژایەتیـی ئەو هێزەیـان بکـات و بەردەوام هەڵمەتی بباتە سەر و ڕیشەکێشی بکات.

موسوڵمان نابێت چاوی لەوە بترسێت کە هێزە گومڕا و ڕێ بزرەکە، بەهێز و شەڕفرۆش و دڕندەیە، هەرچەند بەهێز بێت، مادام هێزی خوای کردگاری وەلدا نییە، کەواتە هێزی ڕاستەقینەی خۆی لەدەستداوە. ئەو خۆراکەی لەدەستدا نەماوە کە وزەی بەردەوامێتیی بەهێزییەکەی دەداتێ، ئەو هەر وەکوو کوتلە گڕێکی بەردینە کە لە خۆرێکی بە کڵپە جیا بووەتەوە، زۆر نابات دەکوژێتەوە، نە گەرمیی دەمێنێت و نە ڕووناکی و سارد و سڕ دەکەوێت.

هەرچەند کوتلەکەی گەورە بێت، کەچی گەردیلەیەکی زۆر گچکە کە بەردەوام پەیوەستە بە خۆرە کڵپەدارەکەوە، هێزی بەهێزی تێدایە و گەرمی و ڕووناکیی خۆی بەردەوامە: ﴿كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللَّهِ﴾ (البقرة: ٢٤٩).

واتە: "چەند جار ڕووی داوە کە کۆمەڵێکی کەم زاڵ بووە بەسەر کۆمەڵێکی زۆردا، چونکە ویستی خوای لەسەر بووە."

کۆمەڵە کەمەکە زاڵ بووە، چونکە پەیوەست بووە بە سەرچاوەی هەموو هێزێکەوە، بە ویستی ئەو جووڵاوە و هێز و دەسەڵاتی لەو سەرچاوە تاکەی هێز و دەسەڵاتەوە وەرگرتووە [کە خوای دەسەڵاتداری ڕەها و خاوەن هێزی بێسنوورە].

بەڵام پەیوەندیی بە هێزە سروشتییەکانەوە ئەمەیە کە هەڵوێستی ناسین و هاودەنگی و دۆستایەتییەتی، نەک هەڵوێستی لێ ترسان و دوژمنایەتیکردنی، چونکە هێزی مرۆڤ و هێزەکانی سروشت و گەردوون، هەردووکیان بە ویستی خوای گەورە پەیدا بوون؛ هەردووکیان لەژێر ویست و ئیرادە و حەزی خوای گەورەدان، بۆیە هاوکاری یەکن و لە بزاوت و ئاراستەیاندا هەماهەنگن.

عەقیدەی ئیسلامی، موسوڵمان ئاراستە دەکات بەوەی کە خوای گەورە پەروەردگارێتی و ئەم هەموو پێکهاتانەی گەردوون و ئەم هەموو هێزانەی سروشتی دروست کردووە، بۆ ئەوەی بووە کە ببنە یارمەتیدەر و هاوڕێ و هاریکاری یەکتری.

هۆکـــاری دۆزیـــنەوەی ئەم هـــاوڕێیەتییەی، ســـەرنجدان و تێفکـــرین و توێژینەوەیەتی، تا بیناسێت و پێکەوە هاوکار و یارمەتیدەری یەکتری بن، تا پـێکەوە بەرەو خـوای پەروەردگـاری هەردووکیـان بـکەونە ڕێ کە ئەم هێـزە سروشتییانە جاری وا هەیە ئازار بە موسوڵمانەکە دەگەیەنن؛ لەبەر ئەوەیە کە موسوڵمانەکە باشتر ئەو هێزانەی نەناسیوە و نەیزانیوە چۆن دەبێت ڕەفتاریان لەگەڵـدا بکـات، نەگەیشـتووەتە زانـین و بەکارهێنـانی یاسـا و ڕێسـا گەردوونییەکانی خۆیان کە بزاوتیان بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانەیە.

ڕۆژئاواییەکـان کە میراتگـری جـاهیلییەتەکەی ڕۆمـانن، لە جیـاتیی بەکارهێنانی وشەی هێزە سروشتییەکان، دەڵێن: (قهر الطبیعة).

واتە: ژێردەستەکردنی سروشت [چونکە دیدیان وایە کە: مرۆڤ و سروشت دوژمنی یەکن و هەریەکەیان دەخوازێت ئەوی تریان ژێردەستەی خۆی بکات].

«ژێردەستکردنی سروشت» دیارە کە پێناسە و ئاماژەیەکی جاهیلییە و هیچ پەیوەندییەکی بە خوای پەروەردگار و کردگارەوە نییە. لە دیدی موسوڵماندا: گەردوون مەخلوقێکە کە وەڵامی خوای کردگاری دەداتەوە و بە فەرمانی ئەو کەوتووەتە کار و بەردەوامە.

موسوڵمانی پەیوەست بە خوای پەروەردگاری کە دڵ و هزر هۆشی لەگەڵ (الرحمن الرحیم)دایە و ڕۆحی بە ڕۆحی ئەم گەردوونەوەیە و تەسبیحات بۆ خوای پەروەردگـاری جیهانییـان دەکـات، دەزانێـت مـرۆڤ پەیوەنـدییەکی تـری بەم سروشـــت و گەردوونەوە هەیە کە غەیـــری پەیوەنـــدیی ژێردەســـتەکردن و دوژمنایەتییە.

موسوڵمان لەوەدا گەیشتووەتە ئاستی دڵنیایی کە ئەوە خوای گەورەیە هەموو ئەم هێزانەی بەدیهێناوە، هەموویانی بەپێی سیستم و نیزامێکی تایبەت خەلق کردووە (ومن ناموس واحد)، بۆ ئەوەی هاریکاریی یەکتری بکەن، تا بەپێی ئەم سیستم و نیزامە تایبەتییە دەگەنە ئامانجە تەقدیرکراوەکان.

خـوای گەورە، هەر لە سـەرەتاوە یاسـا و ڕێسـاکانی وجـوود و بزاوتـی ئەم گەردوون و سروشـت و ژیـانەی بـۆ مـرۆڤ دەسـتەبەر کـردووە و نهێنـی و یاسـا پەنهانەکانی پێ ناساندووە.

بۆیە مرۆڤ هەر کات یەکێک لە یاسا و ڕێساکانی گەردوونی کەشف کرد، ئەرکی سوپاس و ستاییشکردن و پەرستنی خوای گەورەیە، چونکە دەزانێت ئەوە خوای گەورە بوو زانینی ئەو یاسا و ڕێسایەی بۆ ئاسان کرد، ئەوە خوای گەورە بوو بۆی دەبر کرد؛ نەک خۆی بە زەبری هێز و توانای زانینی خۆی توانیبێتی بەو یاسا و ڕێسایە، شتێکی گەردوونی ژێربار و زەلیلی بەردەستی خۆی بکات.

﴿أَنَّ ٱللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ (الحج: ٦٥).

واتە: "هەرچی لە زەمیندایە، خوای گەورە بۆ ئێوەی دەستەبەر کردووە."

موسـوڵمان دڵ و هزر و هۆشـی بە ئەفسـانە پڕ نـابێتەوە بەرانـبەر هێزەکـانی سروشت، ترسی لێیان نییە، بە دوژمنیشیان دانانێت، چونکە موسوڵمان باوەڕی بە خوای تاک و پاک هەیە؛ خوای تاک و پاکیش دەپەرستێت، داوای یارمەتییش، هەر لەو دەکات و بەس.

دەزانێـت کە ئەم هێـزانەی سروشـت، بەدیهێـنراوی خـوای پەروەردگـارن، بـۆیە هەرسەرنجیان لێ دەدات و بیریان لێ دەکاتەوە و هاودەنگییان لەگەڵدا دەگرێت، ئەم ڕێزیان دەگرێت و ئەوان نهێنیی یاسا و ڕێسـای کارکردنی خۆیانیان فێری ئەم دەکەن و هاوکـاری دەبـن. ئـاوا ئەم گەردوونە، ئەم سروشـتە دەکـاتە هاودەنـگ و دۆست و خۆشەویستی خوی!

فەرمـوودەکەی پێغەمـبەری خـوا (صَـلَّى اللهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) چەنـد شـیرین و نـازدار و بەنـرخە کە ڕوانیـیە چیـای «ئوحـود» و فەرمـووی: **(هـذا جَبَـلٌ يُحِبُّنـا ونُحِبُّهُ).**[١]

(١) رواه البخاری وأخرجه مسلم عن انس بن مالك. (ت)

واتە: "ئەمە چیایەکە، ئێمەی خۆش دەوێت، ئێمەش ئەومان خۆش دەوێت."

ئا ئەم وشانە، دڵی یەکەمین موسوڵمانە کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەسفی دەکات کە پڕە لە خۆشەویستی و ڕاهاتن و بەدەنگەوە چوون و پەیوەندیی نێوان جەنابی (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و سروشت لە گەورەترین بوار و حاڵەتیدا.

* * *

دوای ڕوونکردنەوەی ئەو بنەمایانەی عەقیدەی ئیسلامی کە دین و دینداری بەبێ یەکێکیشیان نابێت، دوای ڕوونکردنەوە و فەرزکردنی خواپەرستی کە هەر دەبێت بۆ خوای تاک و پاک بێت و بەس، داوای یارمەتییش هەر لەو دەکرێت و بەس؛ دێتە سەر چەسپاندنی کردەوەیی ئەم بنەمایانە، بە ڕووکردنە خوای گەورە و لێ پاڕانەوەی بە شێوەیەکی ڕێساییتر کە لەگەڵ کەشی گشتیی سورەتەکەدا دەگونجێت:

**- (إهدنا الصراط المستقيم ۝ صراط الذين أنعمت عليهم غير المغضوب عليهم ولا الضالين).**

**- (إهدنا الصراط المستقيم):** خوایە! سەرکەوتوومان بکە بۆ دۆزینەوە و شارەزابوونی ئەو ڕاستە ڕێگەی دەمانگەیەنێتە لای تۆ.. خوایە! دوای دۆزینەوە و گرتنە بەریشی، سەرکەوتوومان بکە لە بەردەوامبوون لەسەری و دینداری پێی.

شارەزابوونی ڕێگای خواویستی و پابەندبوون و مانەوە لەسەری، هەردووکیان بەرهەمی هیدایەتی خوایین، بەرهەمی ڕەحمەت و سەرپەرشتیاریکردنەکەی ئەون.

لێرەدا ڕووکردنە خوای گەورە، بەرهەمی ئەو باوەڕە دامەزراوەیە کە تەنیا خوای گەورە یارمەتیدەرە، ئەم مەسەلەیان لە مەسەلەکەی پێشتر گەورەترە.

بۆیە یەکەمین شت موسوڵمان داوای یارمەتیدان دەکات، لەسەر پابەندبوونی ڕاست و بەردەوامیی دینداری و چوست و چالاکیی تەقواکاری، هیدایەتدان بۆ ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورە، دابینکاریی بەختیاریی دنیا و قیامەتە؛ بە تەئکید وایە.

لە ڕاستیدا هیدایەتدانی سروشتی مرۆڤە بۆ زانینی ڕێساکانی گەردوون و ژیان و دۆزینەوە و پابەندبوون بە بەرنامەی وەحیی خواییەوە، تا بزاوتی مرۆڤیش وەکوو بزاوتی گەردوون و ژیان بەپێی سیستم و ڕێسای خوایی، هەماهەنگانە پێکەوە بڕۆن و لەگەڵ یەکتردا گونجاو و سازگار بن.

ئەمە بزاوتی داواکراوە لە هەردووکیاندا، ئا بەم جۆرە پێکەوە بەرەو خواناسی و خواپەرستی و دیداری خوای میهرەبان بڕۆن.

قورئان زۆر زوو سروشتی ئەم ڕێگا ڕاستە ڕوون دەکاتەوە: ﴿صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧﴾

کە وا بوو: ئەم ڕێگا ڕاستەی خوای گەورە، ڕێگای ئەو کەسانەیە کە هەر خوای گەورە خۆی نیعمەتی خۆی پێ بەخشیون، نەک ڕێگای لار و لەوێری ئەو کەسانەی غەزەبیان لێ گیراوە، ئەوانەی کە ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورەیان دۆزییەوە و ناسییان؛ بەڵام پێوەی پابەند نەبوون و وەلیان کرد، لێیان لادا، هەروەها ڕێگای ئەوانەش کە هەر لە سەرەتاوە حەقیان نەدۆزییەوە و گومڕا و سەرگەردان کەوتن.

* * *

پاشان ئەم سورەتەی هەڵبژاردووە لە هەموو نوێژێکدا بخوێنرێت کە هیچ نوێژێک بە بێ ئەو، گیرا نابێت. ئەم سورەتە لەگەڵ کەمیی ئایەتەکانیشیدا، ئەو

هەموو بنەما عەقائیدییە سەرەتاییانەی تێدایە، ئەو ڕێسا نەگۆڕانەی دید و ڕێی ئیسلامی و ئەو ئاراستانەی هەست و هۆش کە لەو ڕێسایانەوە هاتوون.

لە سەحیحی موسلیمدا ڕیوایەتەکەی عەلائی کوڕی عەبدولڕەحمان «العلاء بن عبدالرحمن»ی خزمەتکاری «صورەقە» هاتووە کە لە باوکییەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) گێڕاویەتییەوە کە ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموویەتی: **(يقولُ الله تعالى: قسَّمتُ الصَّلاةَ بيني وبين عبدي نِصْفَين، فَنصْفُها لي ونِصْفُها لعبدي، ولعبدي ما سألَ.. إذا قال عبدي... هذا لعبدي ولعبدي ما سأل).**[1]

(الحمد لله ئەمڕۆ (٢٥)ی ڕەبیعی یەکەمی (١٤٤٣ک) بەرانبەر بە (٢)ی نۆڤەمبەری (٢٠٢١ز) سەعات (١٢)ی نیوەڕۆ لەم کتێبەم بوومەوە کە بە (٣) مانگ نووسیم.

والحمد لله رب العالمين.

زیندانی ئەلیساندریا/ ئیتاڵیا

[1] پێشتر لە لێکدانەوەی: (إياك نعبدُ وإياك نستعين)دا لە پێشەوە هێنامانەوە، دەشێت نەقڵ بکرێت بۆ ئێرەش. ناوەکەش الموعەللا (المعلا/ المُعلى)یە، نەک (العلاء).

## سەرچاوەکان

### یەکەم: عەقیدە:

١. پوختەی پایەکانی ئیمان ، ئامادەکردنی: کاروان ئەحمەد کوردی، بڵاوکار نووسینگەی تەفسیر لە هەولێر، چاپی دووەم،١٤٤١ ک/ ٢٠٢٠ز.

٢ . شُعَبُ الإيمان، ابوبكر احمد بن الحسين بن علي بن موسى البيهقي (٤٥٨ك)، توێژینەوەی: محمد بسيوني زغلول، دار الكتب العلميه، بيروت، چاپی یەکەم/ ١٤١٠ک/ ١٩٩٠ز.

### دووەم: تەفسیر:

١ . تفسير التحرير والتنوير ناسراو بە (تەفسیری ئیبنو عاشوور) . سماحة الاستاذ الإمام الشيخ محمد الطاهر بن عاشور . مؤسسة التأريخ/ بيروت . چاپی یەکەم/ ١٤٢٠ک/ ٢٠٠٠ ز.

٢ . تفسير القرآن العظيم (ناسراو بە تەفسیری ئیبنو کەسیر) . للإمام الفداء الحافظ ابن كثير الدمشقي . دار الكتب العلمية/ بيروت . چاپی دووەم / ١٤٢٧ک / ٢٠٠٦ز.

٣ . تيسير الكريم الرحمن في تفسير كلام المنان . العلامة الشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي . توێژینەوەی عبدالرحمن مُعلّا اللُّوَيحق . بڵاوکار: گۆڤاری البيان (لە بەریتانیا دەردەچێت) . ١٤١٦ ک/ ١٩٩٥ ز.

٤ . الجامع لأحكام القرآن (ناسراو بە تەفسیری قورتووبی) . ابو عبدالله محمد بن احمد بن ابي بكر بن فرج القرطبي (٦٧١ مردووە) . توێژینەوەی: احمد عبدالعليم البردوني . دار الشعب/ قاهيره . چاپی دووەم . ١٣٧٢ک/ ١٩٥٢ز.

٥ . فتح القدير (الجامع بين فَنَّي الرواية والدراية من علم التفسير (ناسراو بە تەفسیری شەوکانی) . للإمام العلامة محمد بن علي بن محمد الشوكاني . دار الكتاب العربي/ بيروت . چاپی یەکەم ١٤٢٧ ک/ ٢٠٠٧ ز.

٦ . في ظلال القرآن . سَيِّد قُطب . دار الشروق / چاپی نۆیەم . ١٤٠٠ک/ ١٩٨٠ز.

٧ . الكشاف عن حقائق غوامض التنزيل وعيون الأقاويل في وجوه التأويل (ناسراو بە تەفسیری کەششاف) للإمام محمود بن عمر الزمخشري (٥٢٨ ک مردووە) توێژینەوە و ڕیزبەندی: مصطفى حسين أحمد.

دار الكتاب العربى/ بيروت . چاپی سێیەم ١٤٠٧ک/ ١٩٨٧ز.

٨ . المحرر الوجيز في تفسير الكتاب العزيز . ابن عطية الاندلسي.

بڵاوکار: المجلس العلمي بـ(فاس)/ المغرب ١٤١١ک/ ١٩٩١ز

**سێیەم: قورئانەوانی:**

١ . چوار زاراوەکەی قورئان (الرّبّ، الإله، العبادة، الدين) . ئیمامی ئەبولئەعلای مەودوودی.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: أحمد محمد قەرەنی . بڵاوکار: نووسنگەی تەفسیر لە هەولێر . چاپی سێیەم ١٤٤١ک/ ٢٠٢٠ز.

٢ . المعجم المفهرس للألفاظ القرآن الكرين (وفق نزول الكلمة) . محمد فوئاد عبدالباقي . ڕیزبەندی: محمد سعيد اللحام . دار المعرفة / بيروت / چاپی یەکەم . ١٤٢٣ک/ ٢٠٠٢ز.

٣ . مفردات ألفاظ القرآن . العلامة راغب الأصفهاني (٤٢٥ ك مردووە)، توێژینەوەی: صفوان عدنان الداودي . دارالقلم/ دمشق والدار الشامية/ بيروت . چاپی سێیەم ١٤٢٣ک/ ٢٠٠٢ ز.

٤ . مقالات في علوم القرآن وأصول التفسير . د. مساعد بن سليمان الطيار (عەرەبستان) مركز التفسير للدراسات القرآنية . بەرگی دووەم . چاپی یەکەم ١٤٣٦ک/ ٢٠١٥ ز.

٥ . مِن أسراو البيان القرآني . الدكتور فاضل صالح السامرائي.

دار ابن كثير/ بيروت ١٤٣٨ک/ ٢٠١٧ز.

**چوارم: فەرموودەوانی:**

١ . الجامع الصحيح (ناسراو بە سونەنی ترمزی) أبوعيسى محمد بن عيسى الترمذي السَّلَمي (٢٧٩ ک مردووە)، توێژینەوەی: أحمد محمد شاكر.

دار الفكر/ بيروت . چاپی دووەم . ١٤٠٣ک/ ١٩٨٣ ز.

٢ . سُنَنُ ابن ماجَه محمد بن يزيد القزويني . توێژینەوەی محمد فؤاد عبدالباقي . دار الفكر/ بيروت (نۆرەی چاپ و ساڵی پێوە نییە).

٣ . سُنَنُ أبي داود . أبوداود الطياليسي . دار المعرفة/ بيروت (نۆرەی چاپ و ساڵ: نییە).

٤ . السُّنن/ احمد بن شعيب النسائي . دار المعرفة/ بيروت . چاپی پێنجەم ١٤٢٠ک/ ٢٠٠٠ز.

٥ . شرح الاربعين النووية . الإمام يحيى بن شرف الدين النووي . شرح: ابن دقيق العيد.

وعبدالرحمن بن ناصر السعدي وعبدالعزيز فيصل آل مبارك، ومحمد بن صالح العثيمين.

مؤسسة الزاد/ قاهيره چاپی یەکەم ١٤٣٣ک/ ٢٠١٢ز.

٦ . صەحیحی بوخاری (الجامع الصحيح)، محمد بن اسماعيل أبي عبدالله

البخاري (٢٥٦ ك مردووە) .توێژینەوەی: د. مصطفى ديب البغا .دار ابن كثير/ بيروت. چاپی سێیەم ١٤٠٧ ك/ ١٩٨٧ز.

٧ .صەحیحی موسلیم (صحيح مسلم)، أبو الحسين مسلم بن الحجاج القُشيري النَيسابوري (٢٦١ ك مردووە). توێژینەوەی: محمد فؤاد عبدالباقي . دار احياء التراث/ بيروت.

٨ .المُستدرِك على الصّحيحين .الحاكم محمد بن عبدالله النَّيسابوري . توێژینەوەی: مصفى عبدالقادر عطا. دار الكتب العلمية. چاپی یەکەم ١٤١١ك/ ١٩٩٠ز.

٩. المُعجم الأوسط: االطبراني، أبوالقاسم سليمان بن احمد بن ايوب/ الطبراني (٣٦٠ ك مردووە) .توێژینەوەی طارق بن عَوَض الله بن محمد و عبدالمحسن ابراهيم الحسيني. دار الحَرَمين/ قاهيرة ١٤١٥ ك/ ١٩٩٤ز.

**پێنجەم: زمانەوانی:**

١ .**القاموس** المحيط .الفيروز آبادي مَجْدُ الدين محمد بن يعقوب، توێژینەوەی: مكتب حقيق التراث في مؤسسة الرسالة/ بڵاوکار مؤسسة الرسالة/ بيروت. چاپی دووەم.

٢ .لسان العرب .ابن منظور .دار احياء التراث العربي/ بيروت ١٤١٩ك/ ١٩٩٩ز.

٣ .معجم مقاييس اللغة .ابن فاري، شهاب الدين ابو عمرو .دار الفكر/ بيروت، چاپی یەکەم ١٤١٥ ك/ ١٩٩٤ز.

**شەشەم: ڕێزمانی عەرەبی:**

١. معاني النَّحو: الاستاذ الدكتور فاضل صالح السامرائي.

شركة العاتك/ قاهيره. چاپی دووەم. ١٤٢٣ك/ ٢٠٠٣ ز (چوار بەرگە).

**حەوتەم: سەرچاوەی تر:**

* پاڵفتەی دەروون (التزكية):

١ . مدارج السالكين بين منازل (إياك نعبدُ وإياك نستعين) للإمام أبي عبدالله محمد بن أبي بكر بن أيوب بن القيِّم الجوزية . توێژینەوە و تەخریجی فەرموودەکانی: أحمد فخري الرفاعي وعصام فارس الحرستاني.

دار الجيل/ بيروت. چاپی یەکەم. ١٤١٢ ک/ ١٩٩١ ز (بەرگی یەکەمی).

* دوعاکردن:

١. الدعاء المُستجاب من الحديث والكتاب. احمد عبدالجواد.

دار الفكر / بيروت. چاپی یەکەم ١٤٢٤ک / ٢٠٠٣ ز.

* سیرە (مێژووی ژیانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ))

١. روضَة الأنوار في سيرة النبيِّ المُختار. صفي الدين المباركفوريي.

بڵاوکار: وزارة الشؤون الإسلامية والأوقاف/ الرياض (عەرەبستان)، چاپی یەکەم ١٤٢٤ ک/ ٢٠٠٤ز.

* **هەروەها** دەیان سەرچاوەی تر کە لاوەکییانە لە سەرچاوەی ترەوە نەقڵم کردوون، وەکوو:

. تەفسیری ثعالبی و ڕازی و ئەبو حەییان و سیووتی و... هتد.

- یان سەرچاوەی تری فەرموودەوانی وەکوو: (الموطأ)ی ئیمامی مالیک و

(المُسْنَد)ی ئیمامی شافیعی و (المُسنَد)ي ئیمامی ئەحمەد و کتێبەکانی ئیمامی ئیبنو حەزم و ئیمامی دارەقوطنی و ئیمامی نەوەوەیی..

لە سەرچاوەی تری زمانەوانیش وەکوو (المخصص)ی ئیبنو سیدە و... هتد.

والحمد لله رب العالمين

# ناوەڕۆک

**ناوی سورەتەکە:........................................................................................ ٧**
**ژمارەی ئایەتەکانی سورەتی «فاتیحە»:............................................................ ١٦**
**سورەتی «فاتیحە» مەککییە، یان مەدەنی؟.......................................................... ١٦**
**هەندێک فەرمووده لەسەر فەزڵی سورەتی «فاتیحە»:............................................ ٢١**
**لێکدانەوەی ئایەتەکان:.................................................................................. ٢٦**
**خوێندنی بەسمەلە:....................................................................................... ٤١**
**خوێندنی بەسمەلە لەنێوان خوێندنی دوو سورەتدا:................................................ ٤٢**
شیکردنەوەی بەسمەلە:................................................................................. ٤٤
. (بسم الله) بە ناوی خوای گەورە:.................................................................. ٤٤
(بسم الله) بۆ یارمەتی و بەرەکەت و سەرفرازی و ڕەفتاری تر:................................. ٤٧
**لَفْظَ الجَلالة: «الله»................................................................................... ٥٠**
. وشەکە لە لایەنی زمانەوانییەوە:.................................................................. ٥٠
* شیکاریی ئیهامی مەودوودی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) بۆ وشەی (الإله):....................... ٥٣
* بیروبۆچوونی ئەهلی جاهیلییەت دەربارەی (ألە):................................................ ٥٥
* بەرنامە دانان و یاسا داڕشتن مافی خوای گەورەن و بەس:.................................... ٦٠
* ئەنجامی ئەم توێژینەوە و شیکارییە:............................................................ ٧١
* ناوی «الله» کۆی هەموو سیفەتەکانی خوای گەورەیە:........................................... ٧٤
**(الرحمن الرحیم):....................................................................................... ٧٧**
* هۆشدارییەک:.......................................................................................... ٨١
بەزەیی بێسنوور و دەسەڵاتی ڕەها:.................................................................. ٨٢
لە دەستپێکی هەموو ڕەفتارێک (گوفتار، یان کردارت)دا بفەرموو: (بسم الله):................. ٨٥
*** ئایەتی دووەم: (الحمدُ لِلّهِ رَبِّ العالمین) سوپاس و ستاییش بۆ خوای پەروەردگاری**

**جیهانییان)**. ......................................................................... ٨٦
* چوار ڕێسای پێشەکیی دەستپێک: ............................................ ٩٠
با زیاتر بەکارهێنانی وشەی (الرب) لە زمانی عەرەبیدا ڕوون بکەینەوە:............ ١٠٣
شیکاریی ئیهامی مەودوودی بۆ وشەی (الربّ): ............................... ١٠٥
* گشتگیرانەتر بڕوانینە وشەی: (الرب): ........................................ ١٤٤
گەورەیی ﴿الحمد لله﴾: ......................................................... ١٦٨
پەیوەندیی سێ ناوە پیرۆزەکە: (الله، الرّب، الرّحیم) بە یەکترەوە: .................. ١٧١
**- ئایەتی سێیەم: ﴿الرحمن الرحیم﴾**: ............................................ ١٧٤
ئایەتی چوارەم: ﴿مالِكِ یومِ الدِّن: خاوەن و دەسەڵاتداری ڕەهای ڕۆژی پاداشت و سزا). ......... ١٧٦
* توێژینەوە و شیکاریی ئیهامی مەودوودی بۆ وشەی (الدِّین): ........................ ١٧٨
٢ . بەکارهێنانی وشەی «دین» لە قورئاندا: ......................................... ١٨٢
أ . بەکارهێنانی وشەی «دین» بە مانای یەکەم و دووەم: ............................. ١٨٤
ب . بەکارهێنانی وشەی «دین» بە مانای سێیەم: ...................................... ١٨٦
ج . وشەی «دین» بە مانای چوارەم: .................................................. ١٨٨
د . بەکارهێنانی وشەی «دین» وەکوو زاراوەیەکی گشتگیر: ............................. ١٨٩
تۆخکردنەوەی چەند خاڵێکی بنەڕەتیی عەقائیدی: ....................................... ١٩٦
* ئایەتی پێنجەم: ﴿ إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ﴾. واتە: هەر تۆ دەپەرستین و داوای یارمەتییش هەر لە تۆ دەکەین. ......... ٢٠٠
کورتە باسێکی (العبادة) و (الإستعانة) .................................................. ٢١٢
* بۆچی «عیبادەت»ی پێش «ئیستیعانە» هێناوە؟ .......................................... ٢١٧
* خەڵکی لە زانین و پابەندبوونیان بە (العبادة) و (الإستعانة)ەوە چوار پۆلن: .................. ٢٢٠
* ڕێساکانی خواپەرستی (قواعد العبودیة): ............................................. ٢٣٣
* خواپەرستییەکانی دڵ (عبودیة القلب): ................................................ ٢٣٣
خواپەرستییەکانی زمان (عبودیة اللسان): ............................................. ٢٣٨
خواپەرستییەکانی بەدەن: ............................................................... ٢٤١
.چێژتنی ڕێپێدراو: ..................................................................... ٢٤٧

خواپەرستییەکانی بەرکەوتن/ دەستلێدان (اللّمس)[1]:....................................... ٢٤٨
خواپەرستییەکانی دەست بەکارهێنان (البَطْشُ باليد):....................................... ٢٤٩
خواپەرستییەکانی ڕۆیشتن:....................................................................... ٢٥١
.خواپەرستییەکانی سواربوون: واتە: بە سواری ڕۆیشتن بۆ ئەنجامدانی کارێک............ ٢٥٢
* سەلماندن و چەسپاندنی ﴿إياك نعبدُ وإياك نستعين﴾:.................................... ٢٥٣
* پۆلی سێیەم: خواویستانی ڕێ بزر:.............................................................. ٢٥٨
* پۆلی چوارەم: پابەندانی خوانەویست:........................................................ ٢٥٩
ئیمامی مەودوودی و شیکاریی وشەی (العبادة):.............................................. ٢٦١
* بەکارهێنانی وشەی (العبادة) لە قورئاندا:..................................................... ٢٦٤
* مانای دووەمی «عیبادەت»، بە گوێ کردن و گوێڕایەڵیکردنە (الطاعة):.......................... ٢٦٩
* مانای سێیەمی «عیبادەت»، بە خودا دانان (التَّألُّهْ):....................................... ٢٧٢
پەرستن بە هەر سێ مانای: بەندایەتی و گوێڕایەڵیکردن و بە خودا دانان:..................... ٢٧٧
*** ئایەتی شەشەم: (﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ﴾: واتە: ڕێگا ڕاستەکەمان نیشان بدە و پابەندمان بکە پێوەی)...................................................... ٢٨٨**
* جۆرەکانی هیدایەت:............................................................................. ٢٩٢
* ئاستەکانی هیدایەت:............................................................................. ٢٩٥
.ئاستی یەکەم: گفتوگۆی خوای گەورە لەگەڵ عەبدەکەیدا:.................................... ٢٩٥
.ئاستی دووەم: وەحیی تایبەت بە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت):.................. ٣٠٠
.ئاستی چوارەم: خستنە دڵەوە (التَّحْديث):....................................................... ٣٠١
.ئاستی پێنجەم: ئاستی تێگەیاندن (الإفهام):..................................................... ٣٠٤
.ئاستی شەشەم: زانینی حەق و هەڵاوێردنی:..................................................... ٣٠٧
.ئاستی حەوتەم: ڕوونکردنەوەی تایبەتی حەق:................................................. ٣١١
.ئاستی هەشتەم: بە دڵ بیستن:..................................................................... ٣١٢
.ئاستی نۆیەم: ئاستی ئیلهام:...................................................................... ٣١٥
.ئاستی دەیەم: خەونی ڕاست:...................................................................... ٣١٨

* ئایەتی حەوتەم:﴿ صِرَٰطَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمۡتَ عَلَيۡهِمۡ غَيۡرِ ٱلۡمَغۡضُوبِ عَلَيۡهِمۡ وَلَا ٱلضَّآلِّينَ ٧ ﴾.....٣٣٥
* سوننەتە لە کۆتایی خوێندنی «فاتیحە»دا بوترێت: (آمین):.......................٣٥١
* مانای ئامین:.......................٣٥٣
* هەندێک لەوەی کە لە سورەتی «فاتیحە»وە فێر دەبین:.......................٣٥٣
* جۆرەکانی تەوحید لای ئیمامی ئیبنولقەییم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت):.......................٣٥٦
* کێشەی تەوحیدی حاکمێتی:.......................٣٥٧
* تەوحیدی حاکمێتی:.......................٣٦٠
* پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر بێت) و حاکمێتی:.......................٣٦٢
* ئەم سێ مافەی سەروەرێتی (السیادة) لە قورئاندا:.......................٣٦٥
ئەمەش سێ مافەکەی حاکمێتی کە بریتین لە: (ڕوکنەکانی تەوحیدی حاکمێتی):.......................٣٦٥
یەکەم: تەوحیدی یاسادانان (التشریع):.......................٣٦٥
دووەم: تەوحیدی حوکمڕانی (حاکمێتی):.......................٣٧٠
* سێیەم: تەوحیدی داوەری و داوەری بردنە لا (توحید التحکیم والتحاکم):.......................٣٧٦
* کوفر و شیرکی داوەریکردن و داوەری بردنە لا:.......................٣٧٨
**ـ دووەم: سەلماندنی پێغەمبەرێتی لە سورەتی «فاتیحە»دا:.......................٣٨٥**
سێیەم: شێوازی موناجات لە سورەتی «فاتیحە»دا:.......................٣٩٧
چوارەم: چەند خاڵێک لە ڕەوانبێژیی سورەتی «فاتیحە»:.......................٤٠٠
جەختکردنەوە لە گشتگیریی «عیبادەت» لە ئیسلامدا.......................٤١١
بنەما سەرەکییەکانی دید و تێڕوانینی ئیسلامی لە سورەتی «فاتیحە»دا.......................٤٢٣
سەرچاوەکان.......................٤٤٧
**ناوەڕۆک.......................٤٥٣**